دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## چەند بەڵگەنامەیەکی سیاسی تیۆری مێژووییە

**کتێبی یەکەم**

ئامادەکردن و ساخکردنەوەی
یوسف محەمەد بەرزنجی

2016

- ناوی کتێب: لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- بابەت: بەڵگەنامەی مێژووی سیاسی
- نووسەر: یوسف محەمەد بەرزنجی
- تایپی کۆمپیوتەری: نووسەر
- پاکژکردنەوەی کۆمپیوتەری نووسەر
- خەتی بەرگ: ئەحمەد سعید
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- نۆبەی چاپ: یەکەم ساڵی 2016
- تیراژ: 500 دانە
- چاپ: چاپخانەی حەمدی
- نرخ: 5000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1360) ساڵی (2016) پێدراوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا     لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف     ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر     بابان ئەنوەر

# نێوەرۆك

تێوەردان بۆ ئەم بابەتانە.............................................. 5
تەوەری یەکەم
1 ـ پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان .......... 32
2 ـ ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵە ............................................ 45
3 ـ بەرنامـــەی چارەســـەرکردنی کێـــشەی نەتەوایـــەتی
نەتەوەی کورد ........................................................... 51
4 ـ بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی ................................ 62
5 ــ تایبـەت بـۆ هـەموو ڕیزەکـانی ڕێکخـستن، ئاگاداریـەك دەربـارەی
بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە.......................................75
6 ـ ئەرکەکانی ڕێکخستن و هەندێ بابەتی ڕێکخراوەیی ...........81
تەوەری دووەم:
1 ــ بلأوکـراوەی نـاوخۆ.. ژمـارە2 ڕاپـۆرتی یەکـەمین کۆنفرەنـسی
کۆمەڵە.. ساڵی بلأوکردنەوە 1981 ................................168
2 ـــ بلأوکــراوەی نــاوخۆی کۆمەڵــەی ڕەنجــدەرانی کوردســتان -
ڕێکخـــــــراوی دەرەوە ئـــــــەوروپا ســــــــاڵی 1983
222.........................................................................

**تەوەری سێیەم:**

1ـ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە 10دەیەمین ساڵەی دامەزراندنی دا.........................................................235

2 ــ یادی 14 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.........................................................246

3 ــ لە بیرەوەری پانزە 15 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دا.................................................257

3 ــ لە یادی 17 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دا.........................................................267

پاشکۆ و دۆکیۆمێنتەکان.............................................275

# تێوەردان

1 ــ ئەرشیف کردن بۆ هەموو نەتەوەیەك، تەنانەت بۆتاکەکانیش گرنگ و پێویستە، ئەرشیف کردن و بەدکۆمێنتکردن باشترین کەرەسەی خاو و کاڵ و پڕ بەهاو پێویستن لە هەموو بوارەکاندا، دەتوانرێت باشترین و پڕبایەخ ترین بابەت و شایەدحاڵی ڕاستەقینە و دروستی سەردەمەکەبن.دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت و باشترین چاوگ و ڕووناك کەرەوەی بەردەم نووسەران و توێژەرەوان و لێکۆڵەران بێ لە زۆر مەسەلەی مێژوویی، کۆمەلأیەتی، ئابووری و ڕووناکبیری و... تا، باشترین کەرەسەش بن وەك کەرەسیەکی کاڵ و خاو بۆ توێژەوان کە بتوانن توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی یان لە بارەوە ئەنجام بدەن بۆ بواری خوێندن لە زانکۆکانی وولأتدا، ئەگەر بڕوانینە مەڵبەندەکانی خوێندن سەنتەرو زانکۆکان و....تاد ، لە وولأتانی دنیا دەبینین ئەم کەرەسانە بە بایەخەوە سوودیان لێوەردەگیرێت و لە مێژووی گشت وولأتان جێگەو شوێنی پێویست و گرنگ و پڕ بایەخی بۆدانراوەو دەپارێزرێن و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان و دابین دەکرێت، ئەوان لە مێژووی خۆیاندا بە شانازیەوە باس لە ئەرشیف کردن و بەدۆکۆمێنتکردنەکانی خۆیان دەکەن و سەرچاوەو کەرەسەکانی خۆیان بە شانازییەوە دەپارێزن و بە سەرچاوەی پڕبەهاو نیشتیمانی و دەوڵەتداری هەر تاکێکی خۆیانی دەزانن، لەو بارەشەوە مۆزەخانەی فراوان و نیشتیمانی زۆر گەورەو پڕ بایەخیان لە هەموو نێوەند و

بوارەکانـدا هەیـە و گرنگـی زۆر بـە دۆکۆمێنـت و بەڵگەنامـەکانیان دەدەن و دەی پـارێزن، تەنانــەت ئەگــەر بێــت و ســەیری دەوڵــەت و وولآتانی دراوسێمان بکەین زۆر گرنگی یان بـە کەلـەپوورو دکۆمێنـت و بەڵگەنامەو کەرەسە فۆلکلۆری و مێژوویی وبوارەکانی خانووبەرە و بینـا سازی و بـواری نـەخش ونیگارو هونـەر و ئـەدەب و... تـا داوەو هـەموو ئەمانـەو دەیـان بـوارو نێوەنـدیان پاراسـتووە و دەی پـارێزن، ئـەوان گـەورەترین ئەرشـیف و دەوڵەمـەنترین مۆزەخانـە و ئەرشـیف خانەیان دامەزراندووە و لـەو نێوەنـدەدا دەیـان سـاڵە تاقیکردنـەوە و ئـەزمونیان کەڵەکـە کـردووە و هەیـە، گرنگـی و بایـەخ بـە کەرەسـەو شتە نەتەوایەتیەکانی خۆیان دەدەن.. تەنانەت ڕەچەڵەکی میللـەت و خانەوادەی پاشاو میرو کەرەسەو کەلووپەل و نووسین و هـەموو شـتە پڕبـەهاکانیان کـۆ کردۆتـەوەو پاراسـتوویانە تـا دەگاتـە دامەزرانـدنی دەوڵەت و شۆڕش و دامەزرانـدن وچۆنێتی دروسـت بـوونی حیزبـاتی و...تــا، هــەمووی ئەرشــیف کــراوەو وەك پــرۆژەی نیــشتیمانی و ستراتیژی لەمێژووی خۆیاندا سەیری دەکەن.

2 ـ هـەموو ئـەو ڕژێمانـەی کوردسـتانیان بـە سـەردا پـەرت و دابەش کراوە، لە هەوڵی سڕینەوەی مێژووەکەیدان بەگشتی بۆئەوەی ئــەم گــەل و نەتەوەیــە ڕابــردووی نــەبێت نــرخ و بــەهای نــەوەکانی پێشترو ئێستا وون کەن هـەوڵی بـێ یـاد کردنـی کـوردو نـەوەکانی بـە هەمیشەیی دەدەن، مێژوو کەرەسەو ئاسەوارو کەلـەپوور و ڕابـردووی دەشــێوێنن و لــە نــاوی دەبــەن خانــەوادەو ســەرکردەکانی بــە

پڕوپاگەنـدەی ژەهـراوی سـوك و سـڕگوم دەكـەن و هـەوڵی شـێواندنی مێژووەكـەی دەدەن... ئەمــەش شــەڕ و ململانێیــەكی نــوێ یــە كــە دوژمنانی كورد بە هێواشی و لە سەرخۆ بەرپایان كردووە و ئەنجامی دەدەن و دەبێتە هۆكاری مەترسییەكی گەورە لـە سـەر پاشـە ڕۆژی، ئــەوەی بــە شــەڕو وێرانكردنــی كوردســتان بەگــشتی نــەیان توانیــوە بیكـەن لـەم سـەردەمەدا بـەوێران كردنـی مێـژوو خـاك و سـڕینەوەی كەلـەپوورو ئاسـەوارو كەرەسـەكانی ئـەنجامی دەدەن و لـە پـڕۆژەی ستراتیژی دوژمنایەتی دا جێگای تایبەتیان بۆداناوە، ئەم شەڕەش لـە نـاوخۆدا بەنـەوەی بـێ یـاد و بـیرەوەری و كـەم ئـەزمون بـێ ئـەوەی هوشــیاری مێــژوویان هــەبێت ئــەنجامی دەدەن، ئەوانــەی كاڵفــام و خوێنەوەیان بۆ ئایندەو پاشەڕۆژو بیر لە ئایندەی نەوەكان ناكەنەوە، ئەگەر بیر بكەنەوە كە ئێستا لە سەرچی بنییات نـراوە ئـەی ئاینـدە لەســەر چــی بنیــات دەنرێــت..؟ مێــژوو زانــستەكەی چــی..یــە؟! كەلـەپوورو بەڵگەنامـە وئەرشـیف بـۆ ئـەم گەلـە چـی دەگەیـەنێت و بایەخی چی یە.؟ پێویستە كورد بـۆ پاراسـتنیان چ ڕێگایـەك بگرێتـە بــەروو چــۆن مێــژوو كــەلتوورو ڕابــردووی  بپاریزێــت گــرنگ و پێویـستە.. وەك كـورد خـۆی دەڵێـت: زەرەر لـە نیـوەی بگەڕێتـەوە باشترە، ئەوەی چوو.. چوو با هوشییاری لە نێو زانكۆ و قوتابخانـە و فەرمانگــە حكــومی و ناحكومییەكانــدا گرنگــی پــێ بــدرێ و بڵاوبكرێنــەوە.. وانــەی لــە بــارەوە بخرێتــە نێــو پرۆگرامەكانــەوە نــەوەكان بـۆ بایـەخ و گرنگـی پێـدان بـەم نێوەنـدە ئامـادە بكرێـت

تەنانەت با لە باخچەی ساوایانەوە گۆڕانکاری بکرێت و بەهەستی نیشتیمانی و هاووڵاتی بوون و پەیوەست بوون بە مێژوو و ئاسەواری سەرجەم کەرەسە ئەرشیفیەکان بکرێتە ئەرکی حکومەت و هەموو تاکێك..؟! بۆ ئەبێت هەموو تاك و لێپرسراوێك ڕقی لە مێژوو و کەلتوورو ئاسەوارو بەڵگەنامە و...تاد، بێت بۆ بیر لەووڵاتانی جیهان بەگشتی و دراوسێکانمان نەکەینەوە بزانن ئەوان چیان کردووە... ووڵات و گەلەکانیان چۆن بنیات ناوە مێژوویان چۆن بۆخۆیان دروست کردووە.. یان وەك ئێمەی کورد وێرانیان کردووە و بیریان لێنەکردۆتەوەو فەرامۆشیان کردووە.؟

3 ــ کوان؟ مێژووی گەڕەکە کۆنەکانمان، لە هەولێر، دهۆك، سلێمانی، زاخۆ، هەڵەبجە، خانەقین، کەرکوك...، هەموویان ئەگەر نەڵێین: زۆربەیان بەرەو وێران بوون و لە بیرچوونەوە چوون هەمووی لە سەردەستی چاوچنۆکی و کۆیلە بونی ئەو کەسانەی بۆپارەو بەرژەوەندی پەرستی و نرخ نەزانین بەرەو تاڵانکردن چوون، تەنانەت ئەم دەستی تیرۆرە بەوێنەی هەڕەشەی دوژمنان ناخی هەموو تاکێکی وێران کردووە و کەم کەس ئینتیماو پەیوەستەکی بە مێژوو و کەلەپووری و ئاسەوارو بەڵگەنامەکانەوە ماوە ئەوەی دوژمنان پێشتر نەیان کردووە ئێستا لە سەر دەستی کۆمەڵێك خەڵکدا لەجیاتی دوژمنان ئەنجام دەدەرێن، ووڵات خەریکە بێ مێژوو بێ دابوونەریت و کەرەسەی دێرین دەکەن و لەناویان دەبەن، دەستێکی دوژمنکارانانەش پاڵپشتیان دەکەن و هەوڵی جێ

بەجێ کردنی ئەم مەرامانەیان دەدەن و ئەوان وابیردەکەنەوە و پاساوی بێبنەماو دور لە زانستی مێژوویی دەدەن و پێیان وایە کەدەبێت ئەم شوێن و گەڕەك و قەبرستانانە...تا، نەمێنن و نوێ کاری تێدا بکرێت و شتی مۆدرێن دابمەزرێت.. بەلاَم ئەگەر تەنانەت سەیری ولاَتانی دەوروبەرمان بکەین سەر لە نوێ شوێنە دێرین و مێژووییەکانیان دەپارێزن و بە شێوە سەرەتایەکەی نوێی دەکەنەوە و ئەوە بە ئەرکی دەوڵەت و هاوولاَتی دەزانن، نەك وێران بکرێن و موڵکی گشتی لە پێناوی چاوچنۆکی و دوور لە بەها مرۆڤاییەکان داگیربکرێن و حکومەت و خەڵکانی ڕووناکبیرو هۆشیار لێێ بێدەنگ بن.؟ ئەرکی هەموو کەسێکی نیشتیمان پەروەرە هەموو گەڕەك و کەرەسە و شوێنەوارەدێرینەکان بپارێزن و دۆکۆمێنێت و تۆمارو نووسراوەکان دۆسیەو وێنە و کەرەسەکان بپارێزرێن، ئەرکی هەرتاکێکە لە ناو حکومەت و دەسەلاَت و خەڵکەوە تا هەموو داموودەزگاکان.. ئەوەش ئەم بوارو نێوەندانە بەگشتی فەرامۆش بکات لە نەفرەتی مێژوو نەوەکانی ئایندە قوتاری نابێت.

4 ـ مامۆستا و نووسەری گەورەو ماندوونەناس"عبدوالرقیب یوسف" بۆی گێڕامەوە لە سەردانێکیدا بۆ ولاَتی تورکیا سەردان و سەیری شوێنەوارێکی دێرینی کردووە و ویستویەتی دەست لەو ئاسەوارە بدات تابزانێ لەچی دروست کراوە و چی یە؟ پۆلیس پێیدا هەڵشاخاون خەریك بووە تووشی کێشەی بکەن: تەنانەت پۆلیس پێیان گوتووە: بۆت نییە دەستی لێبدەیت ئەوە ئاسەواری پاشماوەی

ڕەچەڵەکی باوباپیرانمانەو پاراستوومانە وشانازی پێوە دەکەین، ئێمە خاوەنی مێژووییەکی دێرینین و ئەو ئاسەوارە تەنیا بۆبینینەو بەس؟! هەرمامۆستای ناوبراو ووتی: لە سەردانەکەمدا سەرم لە مۆزەخانەو مەڵبەندی بەلگەنامەی نەتەوەیی تورکیا داوە کە مرۆڤ بە بیبینێ دەساکێت و سەرسام دەبێت،دەربارەی گرنگی دانیان بەبەلگەنامەو پاراستنی ئەرشیف، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوهەستە نیشتیمانی یە بەرز و گرنگی دانە بێوێنەیە یان دەگەڕێتەوە کە گەلان نرخی بەرهەم و بەلگەنامە چەند بەلایانەوە بە بەهاو بەنرخەو پارێزگارییان لێکردووە، وتی: لەو شوێنەدا زیاتر لە 250,000000ملیۆن بەلگەنامە لە سەر کورد پارێزراوە و بێکەس کەوتووە و لە ڕەفەکاندا پارێزراوە و ئەرشیف کراوە.؟؟ ئەمەش بۆ خەم ساردی و قەدر نەزانینی گەلی ئێمە دەگەڕێتەوە کە نرخمان بۆ بەلگەناو ئەرشیف کردنی گشت نێوەندەکان دانەناوە و نەمان پاراستووە جگە لە چەند هەوڵێکی کەم نەبێت کە لێرەو لەوێ ئەنجام دراوە، کە خوازیارین هەوڵی هەمەلایەنە بدرێت بۆکۆکردنەوەی گشت جۆرە بەلگەنامەو دەسنووس و کەرەسە هەمە چەشنەکان و کردنەوەی مەڵبەندوو سەنتەری نیشتیمانی ستراتیژی و هەوڵبدرێت ئەو بەلگەنامە هەمە جۆرانەی کە پەرش و بلاو و پەرتەوازەن لە وولاتانی دنیادا هیمەت بکرێت بۆکۆکردنەوە و ئەرشیف کردنیان و ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانە کە پرۆژەو یاسای ستراتیژی گرنگ بۆئێستاو

ئاینده دابڕێژن و ڕێگری بکەن لە وێران کردنی مێژوو ئاسەوارو گەڕەك و قەبرسان و شوێنە کەلەپوورییەکان و لە ناو بردنی بەڵگەنامەکان لەکوردستانداو سزای قورس بۆ ئەو کەسانەش دابنێن کە گومان و بەنیازی بەتالآن بردن وێران کردنی گەڕەکە کۆن ئاسەوارە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردیان هەیە.

5 ـ لەم کات و هەلومەرجە دژوارە کە کورد کەوتۆتە بەردەم بەرداشی دوژمنکارانەی دوژمنەکانیەوە و بە ناوی پرۆژەی ستراتیژوو ئاوەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (ئێران) بە ناوی بەنداو دروستکردن و ئاوەدانیەوە چەندین بەنداو لە بەرنامەدایە بۆدروست کردن لە ناوچەکانی مەریوان و سنەو کرماشان و...تا کە دەیان گوندوو شوێن و شوێنەواری مێژووی دێرینی کورد لەناو دەبات و لە ڕەگ وڕیشەوە دەیان سڕێتەوە و مێژووی کورد و کوردستان و گەلەکەی وێران و خاپوور دەکات، ئەمەش وەك هەڕەشەو مەترسی لە سەر نەوەکانی ئاینده دروستی دەکات، بە هەمان شێوە دەوڵەتی تورکیا هەمان پلان و ستراتیژ لە باکوری کوردستان جێ بەجێ دەکات و بەنداوی مەزنی حەسەن کێف لە سەر ڕووباری دیجلە بنیات دەنێت و سەرجەم گوندەکانی باکوری کوردستانی کە زیاتر لە 4000 گوندە دەکەونە ژێر ئاوە و دانیشتوانەکەی لە سەر زەوی باو باپیرانیان هەڵدەکەنێ و ئاسەواری حەسەن کێف کە مێژووەکەی بۆدەیان ساڵی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە جێگەی شانازی کوردان وێران دەکات، تورکیا بەم بەنداوەش دەیەوێت فشار لە سەر بزوتنەوەی چەکداری کوردو

**خەباتە نەپساوەکەی کە تروسکەیەکە بۆ ئازادی کوردان ڕێگری بکات و بەم پلانانەیان کورد و بزوتنەوە و مێژووەکەی سەرکوت بکەن و دابڕن لە یەکتری. بۆیە ئەرکی هەمووانە بەتاك و پارت و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەیی و هەموو ئازادی خوازانەوە کە دژی ئەم پلانانەی دوژمنان بوەستنەوە و بەرگری لە خاك و نەتەوەی خۆیان بکەن و هەڵوێستی جۆراو جۆر پیشان بدەن.**

# بەڵگەنامەی پارت و حیزبەکان

وەك دەردەکەوێت پارت و حیزبە سیاسیەکانی کوردی خوارووی کوردستان (عێراق) بە درێژایی خەبات و ڕەوتی سیاسی و مێژوویی خۆیان هیچ گرنگیان  بە ئەرشیفکردنی و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و نووسراوەکانی خۆیان وەك بابەتگەلێکی گرنگ و هاوچەرخ نەداوە، ئەمەش بۆ ئەو هەل ومەرج و عەقڵیەتە حیزبایەتی و پارتایەتیەی کورد دەگەڕێتەوە کە لە ڕوانگەیەکی چەقبەستوو دواکەوتووەوە کە تێیکەوتون دەگەڕێتەوە کە گرنگی و بایەخیان بە مێژووی بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتە گرنگەکان نەداوەو نەیان پاراستون، زۆربەیان بە هۆی هەلومەرج و سەختی بارو زروفی کوردستانەوە یە، کە کورد ومێژووەکەی پێیدا تێپەڕیوە و بیر لەم بابەتە گرنگ و پێویستەش نەکراوەتەوە.؟ ئەو عەقڵیەتەش  نەبووە تا کار لە سەر کۆکردنەوەو پاراستنی سەرچەم بەڵگەنامەکان بکات و بەگرنگی بزانن بۆ پاشە ڕۆژو لێکۆڵینەوەی نەوەکان.. **یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان** یەکێکە لەو پارت و ڕێکخراوانەی کە زیاتر توێژی ڕوناکبیران و نووسەران کاریان تیا کردووەو لەنێویدا کۆبوونەتەوە، لە سەرەتای دروست بوونیەوە بە توانایەکی کەمەوە لە ڕووی ماددییەوە گەشەی کردووەو لە سەر قاچەکانی خۆی بە پتەوی وەستاوە، گرنگییەکی زۆری بە چاپەمەنی و بڵاوکراوە، لە ڕۆژنامەو گۆڤار و...تا  سیاسی و ئەدەبی و هونەری و.. داوە، هەرچەندە بە بەراورد بە ئێستا چاپەمەنیەکانی پێشکەوتوو نەبوون و توانایان

دیاری کراو بووە، بەڵام لە مێژووی خۆیدا بە یەکێك لە بەهێزترین پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە دێتە ئەژمار کە زۆر گرنگی بە نێوەندی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی داوە.؟ هەرچەند یەکێتیی وەك گوترا گرنگی و بایەخی چاپەمەنی و بڵاوکراوەی زانیوە، بەڵام لە ڕووی عەقڵیەتەوە نەی توانیوە جێگە و بایەخی ئەرشیفکردن و کۆکردنەوی بەڵگەنامەکان بەشێوەییەکی گرنگ و پڕبایەخ بزانێ و لە فەوتان و پاراستن بیان پارێزێ، هەرچەندە ئەو هەلوومەرج و باروو زروفەی یەکێتیی و کوردستان پێیدا گوزەری کردووە سەردەمێکی نالەبارو نەخوازراو بووە، یەکێتییش خەم سارد بووە بۆ ئەرشیفکردن و پاراستنیان، بۆیە زۆربەی بەرهەم و نووسراوەکان پەرش و بڵاو بوونەتەوە و فەوتاون و هەندێ گرنگی دان بۆ پاراستن و ئەرشیفکردن بەکەمی لێرەو لەوێ لە سەر ئاستی کەسی هەیە، بەڵام لە ئاستی گرنگی و باخ و پێویستدا نین، بۆیە پێویستە ئێستاش گرنگی بە کۆکردنەوەو ئەرشیف کردنی سەرجەم بەڵگە نامەو نووسراو چاپکراوە ئاشکراو نهێنییەکانی یەکێتیی بدرێ و ئەرشیف بکرێت، تەنانەت گرنگی بەو بیرەوەرییانەش نە دراوە کەسەرکردەو کادرەکانیان مێژوو تەمەنێکیان تێپەڕاندووە تا تۆماریان بکەن و بیان نووسنەوە و لە چاپیان بدەن و بڵاویان بکەنەوە، کە ئەم بابەتانە وەك مێژوو ئەرشیف کردن جێگەی بایەخ پێدان و گرنگن و دەبنە کەرەسەی دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گرنگ و دەبنە کەرەسەی بە شێك

له مێژووی گەلەکەمان بۆ پاشه ڕۆژ.. ئەم بابەتانەی لێرەدا دەکەونــه بەرچـاو بەشـێکی کـەمن لـەو نووسـراوانەی مێژوویـەکی چـەندین ساڵەیان بـه سـەر تەمـەنی چاپکردنیاندا تێپەڕانـدوە، بـەڵام لـه ڕوی چـاپکردن و بەڵگەنامــەو ئەرشـیفەوە گــرنگن وجێگـەی بایــەخی تایبەتی خۆیان هەیـه، بۆیـه بـه ئـەرکی سەرشـانی خـۆمی دەزانم کـه کۆیان بکەمەوە و ئەرشـیفیان بکـەم و لـه فـەوتان بیـان پـارێزم، وەك گوترا ئەم چاپکراوانه به بەراورد بەچاپی ئێـستا لـه ڕووی تـەکنیکی چـاپەمەنیەوە جـوان و بـاش چـاپ نــەکراون و زۆر کـۆن بــوون و بەشێکیان بەهۆی باش نەپاراستن و هەڵگرتنەوە پواون، وام پـێ بـاش بوو بەتەکنیکی ئێستا وەك خۆی چۆنه بێ دەسـکاری و دەسـتێوەردان چاپی کۆمپیوتەری به شێکیان بکەمەوە، ئـەویش لـه بـەر ئـەوەی بـۆ خوێندنەوە ئاسان و باش بێت و خوێنەر بێزار نەکات، پـاش ئـەوەش بابـەت و بەڵگەنامـەکان وەك خـۆی سـکان و پـاك بکەمـەوەو بڵاویـان بکەمـەوە... بـەهیوام ئەرشـیفکردن و سـەر لـه نـوێ چـاپکردنەوەی ئەم بەرهەمانـه جێگـەی شـیاوی خـۆی بگرێـت و هـەوڵ بـدرێت ئـەو بابەتانـەی کەلـەم لاو ئـەولا مـاون وە چـنگ بخرێـت و بپـارێزرێن و هـەوڵی سـاخ کردنــەوەیان بـدرێت، بۆئـەوەی لـه فـەوتان و نـەمان و لەبیرچوونەوە ڕزگار بکرێن و به دەردی ئەوانی تر نەچن.

★★★

# تێوەردان بۆ ئەم بەڵگەنامانە

## 1- پەیڕەو و بەرنامەی کۆمەڵە :

1 ــ 1 هەموو پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی و ڕێکخراوێکی سەندیکایی جۆراوجۆر پێویستە بەرنامە و پەیڕەوی تایبەت بە خۆی هەبێت و ستراتیژ و ئامانجەکانی تێدا ڕوون بکاتەوە و کۆمەلانی خەڵك لە ئامانج و خواست و ستراتیژی تێبگەن و ڕوانگەیەکیش بێت بۆڕاکێشان و پەیوەست بوونی ئەندام و لایەنگری نوێ پێیانەوە، **کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(کۆڕەك)** یش وەك هەموو پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی لە کوردستان دا، بە هەمان شێوەی پات و ڕێکخراوەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی لە ناوچەکەو کوردستان دا، کە بە پارتێکی سیاسی هەلگری بیرۆکەو هزری چەپ (ماوی) پاشان هزری (م. ل)، ناو زەد کراوە، بە تێڕوانین و خوێندنەوەی نوێی چەپ لە خواروی کوردستاندا دەرکەوت و ناسرا، کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندن و گەشەکردنیدا لە ڕووی ئەدەبیات و نووسین و بلاّو کراوەوە کەم هێزوو لاواز بە پێی مێژوو هەلوومەرجی سیاسی ئەو کات و سەردەمە دەردەکەوێت و لە ئەدەبیاتی مێژووی سەرتای دامەزراندنیدا، تا کۆنفرەنسی یەکەم کە ئەنجامی دا لە گوندی" مالیمۆس" ساڵی 1981 هیچ بەرنامەو پەیڕەوێکی سیاسی ڕێکخراوەیی نەبینراوە و بە چاپکراوی بلاّونەکراوەتەوە..؟ ئەم دۆخەش، واتە نە بوونی پەیڕەو بەرنامەی ناوخۆی کۆمەڵە، لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرو هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە ڕوون

نەکراوەتەوەو ئاماژەی پێنەدراوە و هیچ پشت ڕاست کردنەوەیەك بۆ هۆکاری ئەم بابەتە قسەو باسی لە بارەوە لێنەکراوە، نووسراو بەڵگەنامەیەکی نووسراو تا ئێستا تایبەت بێت بەو بابەتە نەکەوتۆتە بەردەست، لەوەوە بەو ڕاستی یە دەگەین کە لە ڕاپۆرتی یەکەمین کۆنفرەنسی گوندی"مالیمۆس"[1] کە لە لایەن سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان "**نەوشیروان مستەفا ئەمین**" وە خوێنراوەتەوە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە لە مەودوا کۆمەڵە پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی هەبێت.؟ کەواتە بە پێی ئەم ڕاستی یە کۆمەڵە پێشتر لە سەرەتای دروست بونیەوە تا کۆنفرەنسی یەکەم ساڵی 1981 پەیڕەو پرۆگرام یان بەرنامەی تایبەت بەخۆی نەبووە؟

**2- مێژوویی دامەزراندنی کۆمەڵە :**

2 ـ 2 بە پێی دروست بوون و دامەزراندنی هەرپارت و ڕێکخراوێك کە پێك دێت و دروست دەکرێت لە گۆڕەپانی سیاسی بێت یان لە هەر مەیدانێکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە و بە دیار دەکەوێت و خاوەنی هەر ئامانج و ستراتیژو تاکتیکێك بێت، دەبێت مێژوویەکی هەبێت، هەرواشە هەموو گروپ و دەستەو تاقم و گروپ و ڕێکخراوێك لە یەکەم هەنگاو پلەی دەسپێکی دەکاتە مێژووی لەدایك بوون و دامەزراندنی، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش بە

---

[1] گوندێکە کەوتۆتەدەڤەری شارۆچکەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هـەمان شـێوەی پـارت و ڕێكخـراوە سیاسـیەكانی جیهـان و كوردسـتان مێـژووی 10/6/ 1970 یـان بـۆ دەسـپێك و دامەزرانـدنی كۆمەڵـە دەست نیشان كـردووە و كردویانـە بەمێـژووی دامەزرانـدنی كۆمەڵـە، كۆمەڵـە خـۆی بـە ڕێكخـستنی كرێكـاران و ڕەنجـدەران و جوتیـاران و ڕۆشنبیران.. ناوزەدو ئەژماركردووە و خۆی ناساندووە، بەلاٚم لـە ژێـر چەترو بیرو بۆچون وهەلگری بیرو هزری (م. ل) دا كاری كردووە، لە ئەدەبیات و پەیڕەوی ناوخۆی كۆمەڵەدا، دامەزرانـدنی كۆمەڵـە وەكـو وەرچـەرخانێكی پێویـست و بابـەتی لـە ئـەنجامی یـەكگرتنی چـەند ئەڵقە و كەسایەتیەكی ماركسی لینینی و لە سەروبەندی تێكشان و لە گرێژەنە چونی باڵی مەكتەبی سیاسی، پارتی دیموكراتی كوردستان و بـیروو بۆچـون و ڕەوتـە سیاسـیە لێـك نزیكـەكان دروسـت بـووە و دامـەزراوە و گەشـەی كـردووە، وەك دەگوترێـت لـە سـەرەتادا كۆمەڵـە هەلگری بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیای" ماوتسی تۆنگ" لە سەرەتای نێوی كۆمەڵـەدا دەردەكـەوێت و لـە ئـەدەبیاتیا ڕەنگدانـەوەی هـەبووە و نووسراوە، "كۆمەڵەی ماركسی ـ لینینی ـ بیروباوەڕی ماوسی تـۆنگ، لـە مێـژووی كۆمەڵـەدا دەردەكـەوێت، كـە كۆمەڵـە لـە سـەرەتادا زۆر بـەنهێنی و خۆپارێزییـەوە كـاری كـردووەو خـۆی بەتـەواوەتی ڕانەگەیانـدووە و بەیاننامـەی دامەزرانـدنی دیارنیـە و نـازانرێ بەیاننامەیان دەركردووە یان نا..؟ هیچ یەكێك لە دامەزرێنەرەكانی" [2] كۆمەڵـە لـەو مێـژووەدا ئەمـەیان پـشتڕاست نەكردۆتـەوە، ئـەم

[2] ئینسكلۆپیدیای یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان، چاپی یەكەم 2013 ، ل240

هۆکارەش تا ئێستا نـەزانراوە.؟ وە ئایا کۆمەڵە دامەزراندنەکەی لـە کۆنگرەیەدا بووە، چەند کەس بوون لە کوێ بووە و لەچ شوێنێك بووە ڕوون و ئاشکرا نییە.؟! زۆرێك بە پێی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە دەڵێن: کۆمەڵە کۆنگرەی دامەزراندنی ڕێك نەخستووە و تەنیا لەلایەن چەند کەسێکەوە کە لە چەند ناوێك زیاتر تێپەڕ ناکات کۆمەڵەیان بە نهێنی دامەزراندو بە تەواوی هەموو ناوی کەسایەتی و دامەزرێنەرانی تا ئێستا شارەوەیەو دیارنییە هەموان لە سەر گشت ناوی دامەزرێنەرانی کۆك و تەبانین، ئەوانەشی کەلە ئەدەبیات و نوسینی کۆمەڵەدا نووسینیان بلاو کردۆتەوە تا ئێستا نەگەیشتونەتە بەرئەنجامێکی دروست و ڕاستەقینە لە بارەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەوە، ڕەنگە تەنیا ئەم بابەتەش بە بەلگەنامەی نووسراو پشت ڕاست بکرێتەوە، بەلام تا ئێستا بە هۆی نەبوونی بەلگەنامەی دلنیایی و ئەرشیفەوە ئەمە پشت ڕاست نەکراوەتەوە.؟!

(هەروەها بڕیاردرا ئۆرگانێکی ناوەندی وەك کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی دابمەزرێ کە لە ئەدەبیاتدا زۆرتر بە شێوەی "ناوەند" ئاماژەی بۆ دەکرێ، تاڵەبانی بە ڕابەری دیفاکتۆی ڕێکخراوەکە دیاریکرا، ئەگەرچی نوسینەکانی دواتر زۆرتر دەستەواژەی " سکرتێر" بۆ ڕابەری کۆمەڵە بە کار دێنن، بەلام لەڕاستیدا ئەم دەستەواژەیە پاش هەشت ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە دەست بە بەکارهێنانی کرا) کەواتە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا،

سکرتێر یان ڕابەر وەك دەسەڵاتی یەکەمی پارتایەتی و ڕێکخراوەیی سیاسی لە ناو کۆمەڵەدا نە بووە و وەك ڕێکخراوێکی هەڵگری ئایدیۆلۆژیای چەپ، ناوەندێتی دیموکراتی بەکار هاتووە، کە بڕیارو دەسەڵاتەکان بە کۆمەڵ بووە ( لە ساڵی 1972 بە دواوە پاش ئەوەی تاڵەبانی کوردستانی بەجێهێشت و لە دەرەوەی وڵات گیرسایەوە، شەهاب[3] شێخ نوری، ئەرکی سکرتێری کۆمەڵەی گرتە ئەستۆ و توانی گەشەیەکی زۆر بە ڕێکخستنەکانی بدات).[4]

## 2 - 3 مێژووی کۆنفرنسەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان :

هەموو پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی لە مێژووی خۆیدا، پێویستی بە کۆبوونەوەی تایبەت و فراوان و پلنیۆم و کۆنگرەی سەرتاسەری ڕێکخراوەکە هەیە، تا هەلوومەرجی سیاسی و کێشەو ستراتیژ و تاکتیك و بەرنامەو هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکەی و... تا یەکلایی بکاتەوە و بەرنامەو ستراتیژی نوێ بۆ ڕێکخراوەکەی دابڕێژێت و لە ئاست قەیران و کێشە سیاسی و...تا چارەسەری گونجاویان بۆبدۆزێتەوە، تەنگەژەکان تێپەڕێنێت و گەشە بە هەیکەلی ڕێکخستنی جەماوەری خۆی بدات.. کۆمەڵەش لە پێناوی دارشتنەوەی بەرنامەو ستراتیژێکی دوور مەوداو گەشەکردنی خۆیدا، لە مێژووی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیدا، جگە لە کۆبونەوەی گشتی

---

[3] تەنانەت نازانرێت شەهابە، یان شیهاب

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل240

و تایبەتی و پلنیۆم، لە مێژووی خۆی دا تا ئاوا بوونی خۆری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە ساڵی 1992 ئاوێتە بوونی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، سێ3 کۆنفرەنسی، ئەنجام داوە بەم شێوەیە:

1/ لە ئایاری ساڵی 1981 یەکەمین کۆنفرەنسی لە "مالیمۆس" بە بەشداری " 185" ئەندامی بەشداربوو، ئەنجام داوە، کە نوێنەری 8000 هەزار ئەندام ولایەنگر بوون.

2/ لە کۆتای مانگی تەموزی ساڵی 1982دووەمین کۆنفرەنسی لە" ناوزەنگ بە بەشداری" 232" ئەندامی بەشدار بوو، ئەنجام داوە

3/ لە ساڵی 1984 سێیەمین کۆنفرەنسی لە بناری پیرەمەگرون و گوندی "کانی سێوی" نزیك "مێرگە پان" بە بەشداری " 287"ئەندامی نێر و مێیی، بەشداربوو ئەنجام داوە.

لەم سێ کۆنفرەنسەدا، کە کۆمەڵە بەستوونی و ئەنجامی داوە لە مێژووی سیاسی خۆیدا، لە هەرسێ کۆنفرەنسەکەدا، "نەوشیروان مستەفا ئەمین"وەك سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە بەکۆی دەنگ هەڵبژێراوەتەوە بۆ سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

## 4- 4 ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵە:

ئەم باتە لە شێوەی دەفتەری بەر باخەڵ یان گیرفان چاپ کراوە، لە شێوەی پاکەتی جگەرەدا، وەك دەردەکەوێت بابەتەکە بە زمانێکی سادەو ساکارو بێ گرێوگوڵ نووسراوە، ئەگەر بەشێوەی ئێستا چاپ بکرێت دوو فۆلسکاب دەبێت بەلاّم وەك گوترا بە شێوەی بەرباخەڵ و پاکەتە جگەرەیەکە، (14) لاپەڕەیە، هەروەها لەگەڵ بلاّوکراوەی

ناوخۆی ژمارە ـ 2 ـ ی کۆمەڵەش، کە ڕاپۆرتی یەکەمین کۆنفرەنسی ساڵی 1981 جارێکی دیکە وەك پاشکۆیەك بڵاوکراوەتەوە، ئەم بابەتە لە لایەن کەرتی ڕێکخستی دوکانی کۆمەڵەوە دووبارە چاپ کراوەتەوە، کە ئێمە پاش بەراورد کردن، لە نێوان سێ چاپدا وەك ئەوەی پێشتر ئاماژمان پێداوە، نووسەری بابەتەکە، کە سکرتێری کۆمەڵە" **نەوشیروان مستەفا ئەمین**" نوسیوێتی و خۆشی ناوبراو لە کتێبی "پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979 ـ 1983، چاپی ساڵی 1997 لە لاپەڕەی 195 ـ 196 دا بڵاوی کردۆتەوە، ئەم بابەتەی نوسەر، وەك بابەت بۆ ئامۆژگاری کردنی پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵە نوسیویێتی، لە هەمان کاتدا وەك یاسایەك و لە قاڵبدانێك بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵە، بە ئەندام و پێشمەرگەکانیەوە نووسراوە، ئەوانەی پەیوەست نەبوون بەم یاساو نووسراوەوە، سزایان بۆ دیاری کراوە و سزاکەش لە خوارەوە بۆسەرەوە گران و قورسترە، کە لێپرسراو هەبووە، پێچەوانەی ئەم بابەتە خوڕەوشتی یە جوڵاوەتەوە و کاری نابەجێی ئەنجام داوە، مەحکوم کراوە بەسزای قورس و گولەباران کراوە، ئەمەش لە کتێبی نوسەری ناوبراو خاوەنی ئەم نووسراوەدا ئاماژە بەسزای قورسی لێپرسراوی پێشمەرگەیەك دەکات و پاشان گوللەباران کردنی بە هۆی تێوە گلانی لە ڕووداوێکی کۆمەلایەتی نابەجێ دا، لە لایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە فەرمانەکە جێ بەجێ کراوە.

**5 -5 بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی.. نەتەوەی کورد:**

ئـەم نامیلکەیـە لـە 10 لاپـەڕەی نیـو A4 بـچوکترە بـە تـایپی دەستی و بەڕاکێشانی ڕۆنیۆ، لـە لایـەن کۆمەڵـەوە وەك بەرنامەیـەکی سـەرەتای چـاپ و بڵاوکراوەتــەوە، ئــەم بابەتــەش لــە کۆنفرەنــسی دووەمی کۆمەڵەدا ئابی 1982 پەسەند کراوە، نوسەری بابەتەکـەش، سـکرتێری کۆمەڵـە، "نەوشـیروان مـستەفا ئـەمین" نوسـیوێتی وەك چارەســەرێکی ســەرتایی ســادە و ســاکار بۆکێــشەی کــورد و بــە ئایدیۆلۆژیەتی چەپی باوی ئـەو کـات و سـاتە دەسـتی خـستۆتە سـەر کێشەی کورد و جوڵانەوەکـەی کـە خـۆی لـە شـۆڕشـی ڕزگـاری خـوازی گەلی کوردا دەبینێتەوە، بەڵام بۆمان ڕوون نەبۆتـەوە کـە ئـەم بابەتـە چۆن لـە کۆنفرەنـسەکەدا پێـشکەش کـراوە ئایـا هـەروەك خـۆی چـاپ وبڵاوکراوەتــەوە یــاخود پــاش پێــدا چــونەوە و تەتــەڵکردن چــاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**6-6 بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی:**

بەرنامــەی پێــشکەوتنی کۆمەڵایــەتی، 12 لاپــەڕەی نیــوA4 بچوکترە، بە چاپی دەسـتی چـاپ کـراوە و بـە ڕۆنیـۆ ڕاکێـشراوە، ئـەم بابەتەش، سکرتێری کۆمەڵە" نەوشیروان مستەفا ئەمین" نوسیوێتی و لـە کۆنفرەنـسی دووەمـی کۆمەڵـە لـە ئـابی سـاڵی 1982 پەسـەند کراوە، بەڵام بۆمان ڕون نەبۆتەوە ئەم بابەتە پاش دەسکاری کـردن و تەتەڵەکردن و پێدا چونەوە بڵاوکراوەتەوە یاخود هەرهەمان بابەتی ناو کۆنفرەنسەکەیەو بێ دەسکاری کردن چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بابەتە بۆ سەردەم و كاتی خۆی لە گوندەكانی كوردستاندا بەشێكی جێ بە جێ كراو بابەتێكی گرنگ و پێویست بوو، وەك دامەزراندنی ئەنجومەنی گوندەكان و چارەسەری كێشەی كۆمەلآیەتی و مولكداری و..تاد، هەر لەم بابەتەدا زۆر گرنگی بە مەسەلەی دیموكراتی و ئازادی بیرورا و گوندی هاو چەرخ و كشتوكاڵ و پیشەسازی و...تاد دراوە، بابەتەكە بەتێڕوانینی چەپ نووسراوە بە لاسایی كردنەوەی دەوڵەتانی سۆسیالیستی سۆڤیەت و چین و ڤێتنام و كۆریا ... تا چونكە ئەم جۆرە بەرنامەو تێڕوانینانە ئەو سەردەم و هەلومەرجە لە زۆرێك لە دەوڵەتانی سۆسیالیستی وهەلگری بیری (م. ل) باوی هەبوو، كە شنەباكەی لای خۆمان و ناوچەكەشی گرتبووە.

## 7 -7 ئەركەكانی ڕێكخستن و هەندێ باتی ڕێكخراوەیی:

ئەم نامیلكەیە 84 لاپەڕەی نیو A4 بە تایپی دەستی تایپ كراوەو بە ڕۆنیۆ ڕاكێشراوە، ئەم چوار بابەتە هەموویان لە گۆڤاری كۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، ژمارەكانی 4، 5، 6، 12 خولی سێیەمی ساڵی 1985 بلآوكراونەتە، لەم نامیلكەدا كە كۆكراونەتەوە و ناوی نوسەری وتارەكانی لە سەر نەنوسراوە، بەلآم لە گۆڤارەكەدا بە ناوی خوازراوەوە نوسراون، كە یەكەم وتاری،"ئەركەكانی ڕێكخستن" بەناوی ناوەندی كۆمەڵە وە نوسراوە، ڕەنگە ئەم وتارە، فەرەیدون عبدولقادر نوسیبێتی، "دووەم وتار، بان چەپەكان چین و؟ چی ئەڵێن، نوسینی"شوان"(فەرەیدون

عبدوالقادر)، وتاری سێیەم، چۆن ململانێیی ناوخۆی کۆمەڵە ئاڕاستە ئەکـەین، نوسـینی شـوان (فەرەیـدون عبـدوالقادر)، وتـاری چـوارەم، ڕێگـەی ڕاسـتی بەرزکردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری لــە ڕیزەکــانی ڕێکخستن دا، نوسینی ڕەوا (ڕێکەوت عوسمان بەگ )، لە ژمارە 12 ی خولی سێی گۆڤاری کۆمەڵە، لـە مـارتی 1986دا بڵاوکراوەتـەوە. ئـەم بابەتانە زیاتر بۆ هوشیارکردنەوەی ئەندامانی ڕیزەکانی ڕێکخـستن و ئاڕاستە کردنیان بـە هوشـیاری یـەکی سـەردەمیانە نوسـراوە، هـەموو ئـەم بابەتانـە زیـاتر لـە سـەر و بەنـدی چـەکەرەکردن و ڕێکخـستنی ئـاڵای شۆڕشـی چـەپڕەو لـە نێـو هـەناوی نـاو کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردستان دا نوسراوە، کە لەململانێیەکی تونـد و سـەختی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی و پێـشمەرگانەدا کۆمەڵـە پێـوەی گرفتـار و ڕێکخـستن و پێـشمەرگەکانی لـە قـەیرانی قوڵـدا پێـوەی سـەرقاڵ و گرفتـار بـوون، هــەروەها یــەکێتی و کۆمەڵــە و شۆڕشــی بــەرەو لــێکترازان و ســارد بوونــەوە و پەرتــەوازەی پــەلکێش دەکـرد. ئـەم بابەتانــەی نێـو ئـەم نامیلکەیە بۆ کات و سەردەمی خـۆی نـرخ و بـەهای تایبـەتی لـە نێـو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو جەماوەردا بەگشتی هەبوو، بـەڵام بـە هـۆی لە نێوچونی بەرگی دواوەی نامیلکە کـە نـەمان زانـی لـەچ چاپخانەو ساڵێکدا چاپ کراوە، بەڵام بە بۆچونی ئێمـە ڕەنگـە چـاپکردنی سـاڵی 1989 بێـت و دەزگـای ڕۆشـنبیری کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان چاپ و بڵاوی کردبێتەوە.

**8- 8 ڕاپۆرتی یەكەمین كۆنفرەنسی كۆمەڵە ساڵی 1981 لە مالیمۆس:**

1/ ئەوەنـدەی زانیـاریم چـنگ كـەوتبێت، هەنـدێ لـە ئەنـدامانی بەشدار بووی كۆنفرەنسی یەكـەمی كۆمەڵـە، زانیـاری ئـەوەیان دامـێ، كە" نەوشیروان مستەفا ئەمین"[5] سـكرتێریی كۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی كوردســـتان ئـــەم ڕاپۆرتـــەی نووســـیوەو لـــە كۆنفرەنـــسەكەدا خوێندوییەتیـەوە، ئـەوان هەنـدێكیان دەڵـێن: ئـەم ڕاپۆرتـەمان بـە چاپكراوی نەبینیوە، بـەڵام لـە كۆتـایی ڕاپۆرتەكـەدا و لـە پـەراوێزدا، تێبینـی: ئەوەنووسـراوە "كـە ئەمـە ئـەو ڕاپۆرتەیـە كـە پێـشكەشی یەكەمین كۆنفرەنسی كۆمەڵـە كـراوە، پـاش لێـدوان ودەسـكاری بڕیـار درا بــڵاو بكرێتــەوە، كـۆرەك ــ ن"[6] كەواتــە، دەبێــت لیژنەیــەك پێداچـونەوەو بـژاركردنی بـۆ ئـەم ڕاپۆرتـە كردبێـت و پاشـان بڕیـار درابێت كە بڵاو بكرێتەوە، بەڵام زانیاری وردمان دەربارەی كەسایەتی و لیژنەی ناو براو نەكەوتە بەردەست، بـەڵام پـێ دەچێت لـە لایـەن ناوەندی كۆمەڵەوە چاپ كرابێت، یان لە لایـەن، ڕێكخـراوی سـلێمانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە وەك دووەمین بڵاوكراوەی ناوخۆ بەســەر ئەندامانــدا، بڵاوكرابێتــەوە، لــە كۆتــایی ئــەم ڕاپۆرتەشـدا، ڕەوشـتی هـاوڕێی كۆمەڵـە بـڵاو كراوەتـەوە. ئـەم ڕاپۆرتـە بـە نیـو A4وەك نامیلكەیەكی 28 لاپەڕەیی بەچاپی دەستی چاپكراوە و بـە ڕۆنیۆ ڕاكێشراوە.

---

[5] ناوبراو، لە كتێبی پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن، چاپی 1997، لەلاپەڕەی 198 دا دەڵێت: من ڕاپۆرتێكی دورو درێژم خوێندەوە.

[6] ن. مەبەست ناوەندی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانە.

2/ وەك دەردەكــەوێت، ئــەم ڕاپۆرتـــە بـــاس لـــە مێـــژووی دامەزرانـــدنی كۆمەڵــەو قۆناغــەكانی پێــشكەوتن و گەشــەكردنی و گۆڕنكاریـەكانی تەمـەنی كۆمەڵە و هەنـدێ لـە سـەركردە شـەهید و زیندووەكانی دەكات بەگشتی و باس لەكێشەو قەیرانـە دەرەكیـی نـاو خـۆیی یـەكانی نـاو پێـشمەرگەو و بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی كـوردو ڕێكخـستنەكانی كۆمەڵـەو كێـشەكانی نـاو شـۆڕش و ئـەو هەلومەرجـەی كـە هاتۆتـە پێـشەوە لـەنێوان "ی. ن. ك" و پـارت و ڕێكخراوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە بە گشتی لەو سەردەمدا بە ووردی شیكراوەتەوە و تێڕوانین و بۆچونی كۆمەڵەی بۆ سەرجەم پرسەكان تێدا دەربڕاوە و هەوڵی چارەسەر ئامێز بۆ كێشەكان دەست نیشان كراوە.؟ تەنانەت باس لە نەبوونی پەیڕەو بەرنامە و ئۆرگان و چاپكراو بۆ كۆمەڵە خراوەتە بەر باس و لێكۆڵینـەوە و سـەر لـە نـوێ بیناكردنــەوەی ڕێكخــستنەكان و هێــزی پێــشمەرگە لــە نــاوەرۆكی ڕاپۆرتەكەیـە بەتایبـەتی. هـەروەها بـە ووردی بـاس لـە سـەربەخۆ بوونی سیاسی و ڕێكخـراوەی كۆمەڵە لـە نـاو "ی. ن. ك" دا ئامـاژەی پێدراوە و جەخت لە سەری كراوەتەوە، هەروەها ئیشكردنی ئایندەش دەسـت نیـشان كـراوە و ڕاپۆرتـە كـە بـە ووردی و چـڕی زۆر لایـەنی بەگــشتی تێــدا دەبینرێــت كەپێویــست بــە دوو بــارە كردنــەوەی پەڕەگرافــەكانی ناكــات، بــەكورتی و پــوختی دەتــوانین بەڕاشــكاوی بڵێین: ئەم ڕاپۆرتە وەك بـە شـێكی مێـژووی كۆمەڵـە خوێنـەوەی بـۆ دەكرێت و دەكەوێتە بەرچاو ئەوانـەی قسەو قسە لۆكی بێبنـەمایان

له مەڕ كۆمەڵەو خەباتەكەی بەگشتی و مێژووەكەی بە چەواشە بلاّو كردۆتەوە ئەم ڕاپۆرتە بەتایبەتی و ئەم بەرهەمانەی كۆمەڵەكە وەك بەلگەی ئەدەبیاتی كومەڵە دەبینرێت، ئەو هەڵبەستراو تەشەرانە پوچەڵ دەكاتەوە، ئەتوانین بەكورتی بڵێین: ناكۆكی وململانێی فیكری و دەسەلاّت لە هەناوی كۆمەڵەدا لە دوای كۆنفرەنسی یەكەوە چەكەرەو سەریان هەڵداوە، كە ئەم باتە بۆ كەسانی تر بەجێ دەهێڵین: بۆ ڕونكردنەوە و گفتوگۆ..؟؟

## 9 -9 ڕاپۆتی ناوخۆی كۆمەڵە، دەرەوە (ئەوروپا)، ساڵی 1983 :

ئەم بابەتە بۆ ڕێكخستنەكانی ناوخۆو دەرەوە - ئەوروپا — كومەڵە نووسراوە و بە ڕیزەكانی نێو ڕێكخستنی كۆمەڵەدا بلاّو كراوەتەوە بابەتەكە، بە چاپی دەستی چاپكراوەو بە ڕۆنیۆ ڕاكێشراوە، 8 لاپەڕەی درێژ كۆلەی نیوA4 لە سەر دیوێكی لاپەڕەكە چاپ كراوە و دیوێكی واتە پشتەوەی لاپەڕەكە سپیی یە، وەك دەردەكەوێت باس لە دابەشكردنی ئیشوكاری ڕێكخراوەی سیاسی **كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان**، لە ناو یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دا دەكات لە ئەوروپادا، باس لە پتەوی و سەقامگیری سیاسی و سەربە خۆیی ڕێكخراوەیی كۆمەڵە دەكات، لە كۆتایی نوسراوەكەشدا هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی شەڕی ناوخۆیی لە كوردستاندا لە نیوان **پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستانی** بلاّو كردۆتەوە، ئەم ڕاپۆرت و

نووسـراوە وەك ئەرشـیف و بلاْوكـراوەی نـاوخۆی كۆمەڵـە لـە كـاتی خۆیـدا پـڕ بایەخــە و بــەهای گرنگـی تایبــەتی خــۆی هەیــە، وەك ئەرشیفی بەڵگەنامەیی ساڵی 1983 ی ئەو ڕێكخراوە.

**10-10 نووسراوەكان.. بۆ یادی دامەزراندنی كۆمەڵە :**

زۆر جار، كەسایەتی یان پارتێ، یان ڕێكخراوەكان، ڕۆژی لـە دایـك بوون و دامەزراندن یان دەكەنـە بـەردی بناغـەی مێـژوویان و سـالاْنە یادی دەكەنەوە، چ بە نووسـین یـان بـە ئاهـەنگ گێـڕان بێـت بـۆ ئـەو میــژوو مەبەســتە، كۆمەڵــەی ڕەنجــدەرانی كوردســتانیش بــۆ ڕۆژی دامەزراندنی 10/6/ 1970 ی داناوە و كردوویە بە بەردی بناغـەی مێژووی دامەزراندنی خۆی، زۆر سـاڵ ئاهـەنگی بـۆ ئـەو ڕۆژە و یـادە گێڕاوە، یان نوسراو نامیلكە و بەیان نامەی نوسیوە و چاپی كـردووە و بلاْوی كردۆتەوە، بۆیە چاپ كراوەكان خۆیان لە نامیلكـەی ووردی گیرفـانی و بــەیان نامــەدا دەبینــەوە، ئــەو نووســراوانەش بــە نــاوی ناوەندی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە نوسراون و بەجیا بێـت، یــاخود لــەناو ئۆرگــانی كۆمەڵــە، گۆڤــاری"كۆمەڵــە" دا بوبێــت نووسراوەكان بلاْو كراونەتەوە، هەرچـەند بابەتـەكان سـادەو سـاكارن، بـەلاْم، وەك ئەرشـیف و بەڵگەنامـە گـرنگن و بـۆ ئـەوەی لـە فـەوتان ڕزگــار بكــرێن و زۆر بەكــەمی ماونەتــەوە و مێژووییــەكی دوورو درێژیان تێپەڕاندوە، بە پێویست و گرنگم زانی ئەوانەی بۆیادی ئـەم مێژووەی كۆمەڵە لەلام پارێزراون لەم كتێبەدا وەك ئەرشیف و بەڵگە نامـە وەك خۆیـان چـاپیان بكەمــەوە و بلاْویـان بكەمـەوە. بـەهیوام جێگەی شیاوی خۆی بگرێت.

## ڕونکردنەوە

ڕەنگـە ئـەم بابەتانــە بۆکـات و سـەردەم و هەلوومـەرجی خـۆی بابــەتی گــرنگ و پێویــست و بــاش بــوبێتن، بــەڵام ڕەنگــە بۆئێــستا پێویست و بەناوەرك و پڕ مەغزا نەبن و ئەو هزرو ئایدیۆلۆجاییـەی ئەوسا ئێستا کاڵ بوبنەوە و وەك سەردەم باوی نەمابێت، بەڵام ڕەنگە لە ڕووی ئەرشیف کردن و دکۆمێنتەوە ببنـە سەرچاوە و کردنـەوەی زۆر گرێ و لێکۆڵینەوە بۆ مێژووی ڕابووردوومان، ڕەنگە ببنـە هـۆی شـارەزایی و تێگیـشتنی نـەوەکانی ئێـستا و ئایـندەمان لـە مێـژووی ڕابوردوومان.. بۆیـە بەپێویـستم زانـی کـە ئـەم بابەتانـە کۆبکەمـەوە وساخیان بکەمەوە، وەك دۆکۆمێنتی مێژووی سیاسی چاپیان بکەم.

2015/4/29

#### فەرهەنگۆك

تێوەردان: قسە تیاکردن، خۆتێهەڵقورتانـدن المداخلـە، فەرهـەنگی خاڵ.

ی.ن. ك ــ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

کۆرەك ــ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

یشك ــ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

قیادە موقتە ــ سەرکرداتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، 1975 ـ 1979، لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا سامی عبدوالرحمان سکرتێری بوو.

# تـــەوەری یـــەکـــەم

- پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵە
- بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد
- بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی
- تایبەت بۆ هەموو ڕیزەکانی ڕێکخستن، ئاگاداریەك دەربارەی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە
- ئەرکەکانی ڕێکخستن و هەندێ بابەتی ڕێکخراوەیی

## پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (کۆرەك)

1 ـ 1

کۆمەڵە ساڵی 1970وەکو وەرچەرخانێکی پێویست و بابەتی بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و موتوربەکردنی جولاَنەوەی ڕزگاری نیشتیمانیی بە بیروباوەڕی مارکسیزم ـ لینینیزم لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ئەڵقەو کەسانێکی مارکسیی لینینی دا دامەزراوە.

کۆمەڵە لە هەلومەرجێکی دژوارو لە سنورێکی بەرتەسك و دیاریکراودا کەوتە کار بۆ بیناکردنی ئایدیۆلۆجی ورێکخراوەیی خۆی. چونکە ئەوکاتە باڵی فاشی حیزبی بەعس دەسەلاَتدار بوو، بیروباوەڕی بۆرجوازی ڕاستڕەو و کۆنەپەرستانە بە سەرکردایەتی جولاَنەوەی کورد دا زاڵ بوو. سەرەڕای ئەمانەش مارکسیزم ـــ لینینیزم لە لایەن تەحریفی یەکان و ئیسلاحی یەکانەوە شێوێنرا بوو.

کۆمەڵە لە سەرەتای کارکردنی دا. گرنگیی تەواوی دا بە دۆزینەوە و ڕێکخستنی هەڵبژاردەی تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و پەروەردە کردنی سیاسی و ئایدیۆلۆجی یان. بە بێ ئەوەی لە ناو خەڵکدا یاخود لەلای حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەوسای کوردستان و عێراق ئاشکرا بکات.

کۆمەڵە بە سەرکەوتوویی قۆناغی خۆبینا کردنی بڕی. ڕێکەوتنەکەی جەزائیر کە کارەساتی 1975 ی بە دوودا هات.

هەرەسی ئایدیۆلۆجی و شکانی ڕێبازی سیاسی و ڕێکخرایی و چینی بۆرجوازی کورد بوو. وە لە هەمان کاتدا مەینەتیەکی گەورەشی بە سەر گەلەکەماندا هێنا. کۆمەڵە لە ناو ئەو هەرەسەدا هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی خۆیی بگێڕێ و پێ بنێتە قۆناغێکی نوێی خەباتەوە.

کۆمەڵە بەشداری یەکی کاریگەری کرد لە دامەزراندنی داو و دەزگا سیاسی و ڕێکخراوەیی وپێشمەرگەییەکانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان دا. کە دوابەدوایی کارەساتی 1975 وەکو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بۆ کۆکردنەوە و سازدان و ڕێکخستنی چین و تاقمە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان پێك هات. وە ڕۆڵێکی گرنگی گیڕا لە دەست پێکردنی خەباتی سیاسی چەکدار و هەڵگیرساندنی جەنگی پارتیزانی دا، وە لە هەمان کاتدا سەر بەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی خۆیشی پاراست و چاکتر چەسپاندی.

ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی کۆمەڵە کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی هەلوومەرجی کوردستان دا لەبەر تیشکی بیروباوەڕی (م. ل) دا دیاری کراوە جێگەی پەسەند کردن و پشتیوانی کۆمەلانی خەڵك بووە و هۆیەکی گرنگی گەشەکردنی چۆنایەتی و چەندایەتی کۆمەڵە و بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی گەلەکەمان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بووە.

کۆمەڵە ئەگەرچی زەرەری گیانی لێ کەوتووە، چەندین ئەندامی سەرکردایەتی ودەیان کادری پێشکەوتووی و سەدان ئەندام و

لایـەنگری لـە كـۆڕی خـەباتی شۆڕشـگێڕانەدا شـەهید بـوون، بـەڵام خۆڕاگری و ئازایەتی بێوێنەی هاوڕێ كانی كۆمەڵە لـە زیندانـەكانی دوژمـن دا، لـە ژێـر ئەشـكەنجە و لـە بـەر دەمـی پـەتی قـەنارەدا، وە قارەمـانێتی و جەربـەزە ییـان لـە مەیدانـەكانی شـەڕوپێكادان دا، وە ڕەفتار و هەڵسو كەوتیان لە ناو خەڵك دا بۆتە سەر مەشقی سەدان و بگرە هەزاران تێكۆشەری نوێی كۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە لـە شـار و گوندەكانی كوردستان دا.

كۆمەڵــە بــۆ لێــدوان و هەڵــسەنگاندنی مەســەلەی سیاســی وئایدیۆلۆجی و ڕێكخراوەییـەكانی، وە بـۆ دانـانی ڕێ و شـوێنی نـوێی تێكۆشان تا ئێستا چـەند كۆبونەوەیـەكی گرنگـی سازكردووە، لەوانـە كۆبونــەوەی فراوانــی كادرەكــانی لــە نــەورۆزی ســاڵی 1978، وە لــە تــشرینی دووەمــی ســاڵی 1978دا، بـەڵام لـە هـەموو ئەوانـە گـرنگتر بەستنی سەركەوتوانەی یەكەمین كۆنفرەنسی كۆمەڵە بوو لـە ئایـاری سـاڵی 1981دا بــە ئامــادە بــوونی 185 ئەنــدام بــە نوێنەرایــەتی سەرانــسەری ڕێكخــستنەكەی، كــە گــەورەترین ڕووداوی ڕێكخراوەیــی ژیانی كۆمەڵە بوو، وە هەر لەوێشدا پێـڕەوی نـاوخۆ بـۆ كـارپێكردنی لـە مـەولا دانـرا و بڕیـاری لـە سـەر درا، و لـە دووەمـین كۆنفرەنـسی كۆمەڵەشــدا كــە لــە كۆتــایی مــانگی تــەموزی ســاڵی 1982دا، بــە ئامــادەبوونی 232ئەنــدام لــە نوێنــەرانی سەرانــسەری ڕێكخــستن، دەسكاری كراو بەم شێوەیەی لە بەردەستدایە بڕیاری لە سەر درا.

## 1/ کۆمەڵە:

1/1 ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە .

1/2 کۆمەڵە، ڕێکخراوی چینی کرێکاری کوردستانە، ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕیش لە ژێر ئالأی خۆیدا کۆئەکاتەوە.

2/1 کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی مارکسی ـ لینینی یە، بە پێی جیهان بینی مارکسیزم ـ لینینیزم دامەزراوە و کارئەکات.

## 2- ئەندامەتی کۆمەڵە:

هەموو هاولأتییەکی کوردستان ـ ئافرەت و پیاو ـ ئەتوانێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵە، پاش بە سەر بردنی ماوەی پالأوتنی دیاری کراو، بە مەرجێك:

1/2 بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسەند بکات.

2/2 لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەدا بە چالاکی خەبات بکات.

3/2 لایەنی کەمی هوشیاری چینایەتی و نیشتیمانی هەبێت.

4/2 بڕوای تەواوی بە کوردستانیەتی کۆمەڵە هەبێت و خەبات بۆ بەدی هێنانی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان بکات.

5/2 ناو ناوبانگی باش و دەس ودەم و داوێن پاك بێت.

6/2 بە پێی دەرامەتی خۆی (بە مەرجێك لە مانگێك دا لە دەسکەوتی 2دوو ڕۆژی کەمتر نەبێت.) ئابوونە بدات.

7/2 تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت.

## 3- ئەرکەکانی ئەندامەتی کۆمەڵە :

1/3 بەو پەڕی لە خۆ بوردن و دڵسۆزیەوە سیاسەت و بڕیارەکانی کۆمەڵە جێ بە جێ بکات.

2/3 بەرژەوەندی گەل بخاتە سەروو بەرژەوەندی کۆمەڵە و بەرژەوەندی کۆمەڵە بخاتە سەروو بەرژەوەندی خۆیەوە.

3/3 هەوڵی بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی و تیۆری خۆی بدات.

4/3 پێوەندی لەگەڵ جەماوەر بە هێز بکات، لە جەماوەرەوە فێربێت وجەماوەر فێر بکات، بەشداری چارە سەر کردنی گیروگرفتەکانیان بێت و هەوڵ بدات کاری جەماوەر بە هۆی جەماوەرەوە ئەنجام بدات.

5/3 یەکێتی ڕیزەکانی کۆمەڵە بپارێزێت.

6/3 نهێنی کۆمەڵە بپارێزێت.

7/3 ڕاستی لە کۆمەڵە نەشارێتەوە، نەترس و مەوزوعی بێت لە ڕەخنەکانیدا، دژی خۆپەرستی سەڵتایەتی خۆبەزل زانین بێت.

8/3 بە بێ ڕەزامەندی کۆمەڵە هیچ جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ هیچ لایەنێکی تردا نەبەستێت.

## 4- مافەکانی ئەندامی کۆمەڵە :

1/4 هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن بۆ هەموو ڕێکخراو و دەزگایەکی کۆمەڵە بە گوێرەی مەرجە پێویستەکانی ئەندامەتی ئەو دەزگایە.

2/4 پێشنیار و پرسیار و ڕەخنە گرتن لە هەموو مەسەلەیەکی سیاسی، پێشمەرگەیی، ڕێکخراوەیی، بە پێی سەرەتاکانی ناوەندێتی دیموکراتی.

3/4 لە کاتی لێپرسینەوەدا مافی ڕوو بەڕوو بوونەوە و بەرگری لە خۆ کردنی هەیە.

4/4 لە پێویستی و تەنگانەدا یارمەتی خۆی یا خێزانەکەی بدرێت.

## 5 - وەرگرتن و پالأوتن لە کۆمەڵەدا:

1/5 نەو کەسانەی ئەیانەوێ بێنە ناو کۆمەڵەوە بە پێی ئاستی هوشیارییان لە ئەڵقەی ڕۆشنبیریدا ڕێك ئەخرێن.

2/5 پاش بە سەر بردنی سەر کەوتوانەی ماوەی ئەڵقەی ڕۆشنبیری، ماوەی پالأوتن دەس پێ ئەکات بە مەرجێك لە 6 شەش مانگ کەمتر نەبێت بە پێی پایەی چینایەتی ئەو کەسە.

3/5 پاش بە سەر بردنی ماوەی پالأوتن و بە دەسهێنانی مەرجەکانی ئەندامەتی. ئەندامی کۆمەڵە ئەبێ پشتیوانی لە داواکەی بکەن بۆ ئەوەی کۆمیتەی ڕێکخراو شەرەفی ئەندامەتی بداتێ.

4/5 هەر کەسێك ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی تر بووبێ و وازی هێنابێ، تەنیا بە ڕەزامەندی

ناوەندی کۆمەڵە شەرەفی ئەندامەتی پێ ئەدرێ.

## 6- سزا دان لە کۆمەڵەدا:

1/6 هەر ئەنـدامێك ئەرکـەکانی ئەندامـەتی بـە جێ هێنـا. یـان مـەرجی ئەندامـەتی لـە دەس دا، یـان زیـانی بـە کۆمەڵـە گەیانـد لـە کۆمەڵە دەردەکرێت.

2/6 هـەر ئەنـدامێك تەسـلیم بـووە وە بـە دوژمـن، شـەرەفی ئەندامەتی کۆمەڵە لە دەست ئـەدا، ئەگـەر ویـستی بگەڕێتـەوە ڕیـزی کۆمەڵـە، ئـەبێ سـەر لـە نـوێ لـە ئەڵقـەی ڕۆشـنبیری یـەوە دەس پـێ بکاتـەوە، پـاش تێپـەڕ بـوونی 2 دوو سـاڵ بـە ڕەزامەنـدی ناوەنـد وەرئەگیرێتەوە بە مەرجێ زیانی بە ڕیزەکانی کۆمەڵە نەگەیاندبێ.

3/6 هـەر ئەنـدامێك تەسـلیم بـە لایـەنێکی سیاسـی تـر ببـێ، شەرەفی ئەندامەتی کۆمەڵە لە دەس ئەدا. ئەگەر ویـستی بگەڕێتـەوە ڕیزی کۆمەڵە، ئەبێ سەر لە نوێ لـە ئەڵقـەی ڕۆشـنبیریەوە دەس پـێ بکاتەوە، پاش تێپـەڕبوونی 18 هـەژدە مـانگ بـە ڕەزامەنـدی ناوەنـد وەرئەگیرێتەوە بە مەرجێ زیانی بە ڕیزەکانی کۆمەڵە نەگەیاندبێ.

4/6 ئەو کەسانەی لە ژێر ئەشکەنجەی گرتندا"اعتراف" لە سـەر ڕێکخستن و هاوڕێ کانی تریان بکەن و زیان بـە ڕیزەکـانی ڕێکخـستن بگەیەنن لە کۆمەڵە دەرئەکرێن.

5/6 سەرنج ڕاکێشان، دوور خستنەوە، لێخـران، جۆرەکـانی تـری سـزادانن بـۆ ئـەو ئەندامانـەی لـە بـەجێهێنانی ئەرکەکانـدا کەمتەرخەمی ئەکـەن، یـا سەرپێـچی ئەکـەن، لـە جـێ بـەجێ کردنـی فەرمانەکاندا.

## 7- پرنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە :

1/7 ناوەنـــدێتی دیمـــوکراتی پرنـــسیپی بنـــچینەیی داڕشـــتنی ڕێکخستن و کارکردنی ناوەوەی کۆمەڵە یە.

2/7 دەزگـــا ســـەرکردەییەکانی کۆمەڵـــە بـــە ڕێگـــەی ڕاوێـــژی دیموکراتی و هەڵبژاردنی سەربەست و نهێنی پێك ئەهێنرێن.

3/7 دوان لـە بڕیـار و هەڵوێـست و فەرمانـەکانی کۆمەڵـە، بـۆ دەربڕینـی بیروڕاو پرسـیار و پێـشنیار و ڕەخنـە لـە چوارچـێوەی ڕێکخستن دائازادە.

4/7 بڕیارەکـانی کۆمەڵـە بـە بـێ مـەرج و دوو دڵـی ئـەبێ جـێ بەجێ بکرێن، ئینجا ڕەخنە یان لێ بگیرێ.

7 /5 دەزگاکانی خواروو مل کەچی دەزگاکانی سەروو تروو سەرا نسەری ڕێکخستنن مل کەچی سەرکردایەتی و کەمایـەتی مـل کەچـی زۆرایەتی یە.

6/7 بڕیارەکان بە کۆمەڵ ئەدرێن و لێپرسراوێتی و جێ بـەجێ کردنیان بە تاك ئەسپێردرێ.

7/7 ڕیزەکـانی کۆمەڵـە لـە سـەر بنـچینەی یـەکێتی بیروکـار و ئامانج ئەپارێزرێ.

## 8- بینـای ڕێکخراوەیی کۆمەڵە :

شـێوەی سـەرەکی بینـای ڕێکخراوەیـی کۆمەڵـە هـەرەمی یـە لـە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەم جۆرە:

**1/8 شانە:**

1/1/8 یەکەیەکی بنچینەییە، بنکەی جەماوەری و ڕەگی کۆمەڵەیە لە ناو کۆمەلانی خەڵکی دا.

2/1/8 شانە لە 3 - 5 ئەندام پێك دێت.

**2/8 شانەی سەرەکی:**

1/2/8 شانەی سەرەکی، ئەرکی پێکەوە بەستنی چەند شانە یەك و ئاراستە کردنیانی لە ئەستۆدایە.

2/2/8 شانەی سەرەکی لە 3- 5 لێپرسراوی شانەی ئەندامان پێك دێت.

**3/8 پۆل:**

1/3/8 پۆل ئەرکی بە یەکەوە بەستنی چەند شانەیەکی سەرەکی و ئاراستە کردنیانی لە ئەستۆدایە.

2/3/8 پۆل لە 3- 5 لێپرسراوی شانە سەرەکییەکان پێك دێت.

**4/8 کەرت:**

1/ 4/8 کەرت لە لێپرسراوەکانی پۆلەکانی ناوچەیەکی دیایکراوپێك دێت.

2/4/8 کەرت ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتی ڕێکخستنی لە ئەستۆدایە لەو سنورەدا کە ڕێکخراو بۆی دیاری کردووە.

3/4/8 کەرت دەسەڵاتی وەرگرتنی پاڵێوراوی ئەندامەتی هەیە.

## 5/8 ڕێکخراو:

1/5/8 ڕێکخراو پێک دێت لە سەرجەم ڕێکخستنی کۆمەڵەو کەرت و پۆلەکان لە شارێك یان لە ناوچەیەکی دیاری کراو.

2/5/8 ڕێکخراو بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و هاندان و ئاراستە کردنی ڕێکخستنی کۆمەڵە و کەرتەکانی و لە سەرکردایەتی کردنی جەماوەری ئەو شارەو ناوچەکەی.

3/5/8 ڕێکخراو دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامە دەربارەی ڕووداوە ناوچەییەکانی سنووری چالاکی خۆی و پۆستەری هاندانی هەیە.

## 6/8 کۆمیتەی سەرکردایەتی:

1/6/8 (ك. س ) بەرزترین دەسەڵاتە لە کۆمەڵەدا لە ماوەی نێوان دوو کۆنفرەنس دا. وە بەرپرسیارە لە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرەنس و لە هەموو چالاکییە سیاسی، ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەییەکانی کۆمەڵە و گەشەپێدانیان.

2/6/8 ( ك. س) لە کۆنفرەنس دا هەڵئەبژێردرێت، لە 7 حەوت ئەندامی ئەسڵی پێك دێت و 2دوو ئەندامی جێگری ئەبێت.

3/6/8 (ك. س) بەلای كەمەوە ساڵی 4 چوارجاركۆبوونەوەی ئاسایی ئەكات بۆی هەیە ئەندامانی جێگر بەشدار بكات بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

4/6/8 ( ك. س) بۆی هەیە 1/ 2 ی ئەندامەكانی خۆی هەڵپەسێرێ ئەگەر ئەركەكانی ئەستۆیان جێ بەجێ نەكرد یان لە بیرو پرۆگرامی كۆمەڵە لایان دا بەمەرجێك 2/2 ی ئەندامانی ( ك. س) بڕیار لە سەر ئەو هەڵ پەساردنە بدەن.

## 7/8 (ناوەند)ی كۆمەڵە:

هەموو دەسەڵاتەكانی كۆمیتەی سەركردایەتی هەیە لە ماوەی نێوان دوو كۆبوونەوەدا، وە بەرپرسیارە لە جێ بەجێ كردنی بڕیارەكانی (ك. س) و ڕاپەڕاندنی هەموو كاروبارەكانی كۆمەڵەو ڕابەرایەتی خەباتی كۆمەڵە بەگشتی.

## 8/8 سكرتێر:

1/8/8 سكرتێر لێپرسراوی یەكەمی كۆمیتەی سەركردایەتیە و بە هاوكاری (ك. س) بەر پرسیارە لە بەڕێوەبردنی كاروباری كۆمەڵە.

2/8/8 سكرتێر ئەبێ ئاگاداری هەموو كاروبارێكی سیاسی وتیۆری و ڕێكخراوەیی و پێشمەرگەیی و چالاكیەكانی تری كۆمەڵە بێت.

3/8/8 نامە نوسین و ئامۆژگارییەکانی ناوەنـد بـە ئیمـزای ئـەو یان هی یەکێك لە ئەندامانی ناوەند ئەبێت.

4/8/8 سـکرتێر ئـەبێ ڕاپـۆرتی گـشتی دەربـارەی بـاری گـشتی کۆمەڵە پێشکەش بە کۆنفرەنس بکات.

5/8/8 بۆی هەیە سـەرنجی ئەنـدامانی ( ك. س) ڕابکێـشێت بـۆ هەڵەو کەم و کورپییەکانیان.

## 9 پلینۆمی کۆمەڵە :

1/9 پلینیـــۆم کۆبونەوەییـــەکی فراوانـــە ئـــەگیرێت بـــۆ هەڵسەنگاندنی ئیش وکاری کۆمیتەی سەرکردایەتی.

یـا دارشـتنی تـەکتیکی نـوێ، و پڕکردنـەوەی سـێ یـەکی 3/1 ئەنـدامانی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی، یـا دیـاریکردنی کـاتی بەسـتی کۆنفرەنس.

2/9 پلینیۆم پێك دێت لە ئەندامانی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی و جێگرەکانی ونوێنەرانی ڕێکخراوەکان و کادرە پێشکەوتووەکانی دەزگا سەرکردەییەکان.

3/9 پلینیۆم ساڵی جارێك یان لەکاتی پێویست دا لـە سـەر داوای زۆربـــەی ئەنـــدامانی کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی یـــا داوای زۆربـــەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە ئەبەسترێت.

## 10 کۆنفرەنسی کۆمەڵە :

1/10 کۆنفرەنس بەرزترین دەسـەڵاتە لـە کۆمەڵـەدا، بەرنامـەی کۆمەڵە و پێڕەوی نـاوخۆ دەسکاری ئـەکات و ئـەیگۆڕێ. چارەنووسـی

کۆمەڵە دیاری ئەکات، لە ئیش وکاری کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی تری کۆمەڵە ئەپێچێتەوە و بڕیاریان لە سەر ئەدات، کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵئەبژێرێتەوە، شکات وسکالاّ وداوا و ڕەخنە و پێشنیاری ئەندامان ئەپرسێ.

2/10 کۆنفرەنس پێك دێت لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و جێگرەکانی و کادرە پێشکەوتووەکانی و نوێنەرانی هەموو ئەندامان، کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵئەبژێردرێن.

3/10 کۆنفرەنس لە هەلومەرجی گونجاودا بە 2دوو ساڵ جارێك و لە کاتی پێویست دا لە سەر بڕیاری پلینیۆم، یان لە سەر داوای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە ئەبەسترێت.

## 11 دارایی کۆمەڵە:

پێك دێت لە ئابوونەی ئەندامان و یارمەتی دۆستان و پیتاك و داهاتی چاپەمەنیەکان و ئەو دەسکەوتانەی لە دوژمن بە دەست ئەهێنرێن.

20/2/ 2 - 1982/9 لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## سەرنج

ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لەلایەن دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەوە لە ئابی 1982 پەسەندکراوە.

# ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵە

**هاوڕێی تێکۆشەر..**

هاوڕێی کۆمەڵە .. بەچی لە خەڵکی جیا ئەکرێتەوە ! بەچی دا ئەناسرێتەوە ! ئەبێ جیاوازی چی بێ لە گەڵ یەکێکی تر..! ئاخۆ ڕەنگووڕووی جیاوازە؟ جل و بەرگێکی تر لە بەر ئەکا ؟ شاخ و باڵی هەیە؟ بالآی بەرزترە ؟ یا چی..؟

هاوڕێی کۆمەڵە مرۆڤێکی نا ئاسایی نیە. هاوڕێی کۆمەڵە ئادەمیزادێکی ئاساییە وەکوو هەموو خەڵکی تر ، بەڵام ئەبێ کردارو ڕەفتار و ووتاری دا لە خەڵکی کە جوێ بکرێتەوە.

هاوڕێی کۆمەڵە.. پێویستە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی دا نموونەی ئیلتیزام و گوێ ڕایەڵی بێ بەرامبەر بە لێپرسراو یا فەرماندەکەی، وە لە جێ بە جێ کردنی بێ قەیدو شەرتی فەرمان و بڕیارو ئامۆژگاری دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سەروو خۆی دا.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی دا نموونەی مرۆڤێکی نموونەیی بێ لە قسەو گفتووگۆی دا، لە هەڵسووکەوت و کردەوەکانی دا بە گوێرەی هەلوومەرج و ئەوکات و شوێنە نموونەی بیروباوەڕی بەرزی کۆمەڵەو ڕێباز و سیاسەتەکەی بێ.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ لە شەڕدا نموونەی ئازایەتی و لە خۆبوردن و لە خۆ بوران بێ، لە حەسانەوە و پشودان دا هاوڕێکانی

لـە بـیر بـێ و بـە پێـشیان بخـا، لـە خۆشـی دا بـە تەنگیانـەوە بـێ و مشووریان بخوا، لە ڕاپەڕانـدنی ئیـشوکاردا ڕۆح سـوك و لـەش سـووك بێ، لە گفتووگۆدا هێمن و لە سەرخۆ و بە ئەدەب بێ.

هاوڕێی کۆمەڵە.. لە کاتی دەستگیربوون دا، ئەبێ نمونەی خۆگری و نەترسی و لـە ژێـر بـاری ئەشـکەنجەو ئـازاردا نمونـەی دان بـەخۆدا گرتن بێ و زیان بە هاورێ کانی نە گەیەنێ.

هاوڕێی کۆمەڵـە.. ئـەبێ فێـری ژیـانی بـە کۆمـەڵ و گونجـان بـێ، ئەبێ بزانێ چۆن لەگـەڵ خـەڵکی تـرا ئـەژی، لـە مەفرەزەیـەك یـا لـە کەرتێکا لە ماڵێکا یـان لـە بارەگایـەك  دا لەگـەڵ پێـشمەرگەو خـەڵکی تــرا ئــیش ئــەکاو هــەڵ ئــەکاو ئــەگونجێ و بناغــەی دۆســتایەتی و هاوخەباتی و هاوسەنگەرییان لەگەڵ دائەمەزرێنێ.

هـاوڕێی کۆمەڵـە.. ئـەبێ لـە شـکان و تێکـەوتن و تەنگانـەدا ورە بەرنەدات لە ماندوو بـوون و برسـێتی و تینـوێتی و بـێ دەرامـەتی و بێ پارەیی دا خۆگربێ، لە بێ هێزی و بێ دەسـەڵاتی دا بـە زات بـێ.. لە سەرکەوتنا بایی نەبێت و لە کاتی دەسەڵاتداری لە خۆی نەگۆڕێت و لە زاڵ بوون دا زوڵم نەکات.

هاوڕێی کۆمەڵە.. لـە هەرناوچـەیەك دا بـوو حورمـەتی عـورف و عـادەتی دانیـشتوانی ناوچـەکە، حورمـەتی خـوو ڕەوشـت و نـەریتی دێرینەیان بگـرێ، حورمـەتی ڕیـش سـپی و پیـاو مـاقوڵانی ناوچـەکە بگرێ، حورمەتی دین و کەسانی دیندار بگرێ، حورمەتی مزگـەوت و گۆڕستان و شوێنە پیرۆزەکانیان بگرێ.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ لەگەڵ خەڵکا ڕەفتاری باش بێ، بە چاوی سووك تەماشا یان نەکا، گوێ لە ڕەخنەکانیان بگرێ چەندە بێ کەڵك و سادەش بن، گوێ شل بکا بۆ داواو پێشنیازەکانیان، بە سنگێکی فراوانەوە ئامۆژگارییان لێ قبوڵ بکات بە دەنگ داواو گیروو گرفتەکانیانەوە بچێ، بە وپەڕی ژیری و هێمنی و پشوودرێژی یەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدا.هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ لە بەرامبەر دوژمنانی گەلەکەماندا ئازاو نەترس بێ، دڵڕەق و بێ بەزەیی بێ، چاو پۆشیان لێ نەکات، کۆمەڵانی خەڵکی خۆش بوێ و لە گەڵ مەینەتی و ئێش و ئازارەدا ژی.

هاوڕێی کۆمەڵە..ئەبێ دەس پاك بێ، هیچ بە زۆر لە کەس نەسێنێ، چاو نەبڕێتە ماڵی خەڵك، ماڵی گەل و شۆڕش بە فیڕۆ نەدات.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ دا وێن پاك بێ، چاو نەبڕێتە ناموسی کەس و شەرەفی خەڵك بە هی خۆی بزانێ، وەکو شەرەفی خۆی بیپارێزێ.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ دەم پاك بێ، جنێو بە کەس نەدات، بوختان و قسەی نا ڕاست نە داتە پاڵ کەس، لە پاش ملە بە خۆڕایی زەمی کەس نەکات.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ فەرق و جیاوازی لە بەینی هاوڕێکانیا بە هۆی خزمایەتی و ناسیاوی و برادەرێتیەوە نەکات، مەگەر سەبارەت بە ئازایەتی زیاترو گوێ ڕایەڵی و دڵسۆزی و لە خۆبڕانی زیاترەوە.

هاوڕێی کۆمەڵە.. ئەبێ ڕاستگۆو سەر ڕاست بێ، هێمن و ژیر بێ، ڕەوشـت بـەرزو بـەوەفا بـێ، سـادەو ڕۆح سـوك بـێ، ئـەبێ دژی خـۆ پەرستی و خۆهەڵکێشان بێ، دژی خۆبادان و کەش وفش و خۆبـەزل زانین بێ، دژی لە خۆ بایی بوون و لووت بـەرزی و بـە خـۆوە نـازین بێ، دژی درۆ و فشەو فیشاڵ بـێ، دژی لـە خـۆڕازی بـوون و کـەس بـە هیچ نەزانین بێ.

هاوڕێی کۆمەڵـە.. ئـەبێ هەمیـشە ئـەوەی لـە بیربـێ کـە خـەباتی کۆمەڵە لـە نـاوەرۆك دا خـەباتێکی سیاسـی چـینایەتی و نیـشتیمانیی یە، ئەبێ وەڕس بـوون و مانـدوو بـوون کـاری سیاسـی لـە هـیچ بـوارو کاتێـك دا پـشتگوێ نـەخا، بـە کـردارو ڕەفتـار و ووتـاری چـاك نـەك بەزۆر و بە ترساندن جێی خۆیی لە ناو دەوروپشتەکەی دا بکاتـەوەو حورمـەتی خۆیـان بـە سـەرا بـسەپێنێ و هـەوڵی دۆزینـەوەی ناسـیاو دۆست و هاوڕێی نوێ بدات.

هـاوڕێی کۆمەڵـە.. ئـەبێ ئـەخلاقی بـەو جـۆرە بـێ پێـڕەوی ئـەم سەرەتایانە بکات. بەم گیانە خۆی و هاوڕێکانی پەروەردە بکـات، بـەم شێوەیە بژی و کاربکات.

ئەوانەی وەها نین هاوڕێی ڕاستەقینەی کۆمەڵەنین.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

"ناوەند"

1981/7/21

لە بڵاوکراوەکانی .. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

کەرتی ڕێکخستنی دوکان

## ئەی کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی دنیا یەکگرن !
## کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
## بەرنامەی
# چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی.. نەتەوەی کورد

**تێبینی:**

دارِشتنی بەرنامەیەك، بۆرِزگاری و گۆڕان و گەشـەکردنی کۆمـەڵ بەرەو سۆشیالیزم، بە گوێرەی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان لەسەر بنـچینەی قـانون و سـەرەتا گـشتیەکانی مارکـسیزم ــ لینینیـزم، لـە هەلومەرجی کوردستان وعێراق و ناوچەکەو دنیـادا.... مەسـەلەیەکی گــرنگ، کــارێکی ســەختە، چــونکە نــە دەرفــەتی کۆکردنــەوەو ئامادەکردنی ئامـاری ئـابووری و سیاسـی و کۆمەلأیـەتی ڕێکوپێـك لـە کۆمەڵــە کەمانــدا هــەبووە، نــە لێکۆڵینــەوەو نوســینی تێــرو دەوڵەمەنــدیش لەوبارەیــەوە هەیــە.. وا بەرنامــەی کۆمەڵــەی ڕەنجـدەرانی کوردســتان بــۆ چارەســەرکردنی کێـشەی نەتەوایــەتی نەتەوەی کـورد کـە لەلایـەن دوومـین کۆنفرەنـسەوە پەسـەندکراوە...

وەکو یەکەمین تاقیکردنەوە لەم مەیدانەدا پێشکەش بە کرێکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ئەکەین.

بەر ئەوە داوا لە هەموو هاوڕێ یانی کۆمەڵەو دڵسۆزانی جولاّنەوی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان ئەکەین کە تێبینی و ڕەخنەو پێشنیاری خۆیانمان دەربارەی کەموکوڕیەکانی ئەم بەرنامەیە بۆبنێرن، تا بتوانین کە لێنەکانی پڕ بکرێتەوە.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

"ناوەند"

## بەرنامەی
## چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی .. نەتەوەی کورد
### بەشی یەکەم:

کرێکارانی دنیا، ئەگەرچی یەك ئامانجی کۆتایی و یەك دوژمنی سەرەکی هاوبەش، لە سەر ڕاستی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان یەکیان ئەخا، بەلاّم هەموویان لە یەك قۆناغی لە یەکچو و وەك یەك دا ڕوو بە ڕووی هەمان ئەرکی ڕاستەوخۆ نابنەوە... لە گەڵ جیاوازی ئەو قۆناغە جیا جیا وئەرك و فەرمانە ڕاستەوخۆ و جۆرا و جۆرانەش دا، دوا ئامانجی هەموویان و جولاّنەوەکەشیان ڕاماڵینی ڕژێمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

مارکسیە ـ لینینیەکان لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایەدا بن هەڵگری بیروو بۆچوون و پارێزەری بەرژەوەندی وخواستی چینی کرێکارن وهەڵگری ئالاّی گۆڕان و گەشەپێدانی کۆمەڵەکانیانن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە گەورەیە کە دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

مارکسیە ـ لینینیەکانی کوردستانیش هەمان دەورو هەمان ئامانجی گەورەی کرێکارانیان هەیە، کە بۆپێشەوە بردنی کۆمەڵە تا دامەزراندنی سۆسیالیزم.

چینی کرێکار لە کوردستان دا لە چوار پارچەی وولاّتێکی داگیرکراو و دابەشکراودا ئەژی کە: بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی کوردستان، ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی چینایەتیان، لەم قۆناغەدا، خۆی لە ڕزگاری نیشتیمانیی و ئازادی یەکگرتنەوەی

نەتەوایەتی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا ئەنوێنێ. لە هەرپارچەیەکی کوردستان دا، یەك ڕژێمی سیاسی خۆی بە سەربەشێکی نەتەوەی کورد لەگەڵ بەشێکی نەتەوەیەکی تر، یان لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تر و چەند کەمە نەتەوەیەکی تر داسەپاندووە، و لە چوارچێوەی یەك سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی شێواو و ناموتجانیسدا بە زۆری حوکمی دیکتاتۆری لە قاڵبی داون، بۆیە چینی کرێکار لە هەربەشێکی کوردستان دا، ئەرکی هاوخەباتی ویەکێتی تێکۆشانی لەگەڵ کرێکاران و چینە شۆڕشگێڕەکانی ئەو گەلانەی لە گەڵیان دا ئەژی ئەکەوێتە ئەستۆی، ئەبێ لە هەموو سەردەمێکدا هاوکاری و پشتیوانی خۆی لە خەباتی پرۆلیتاریای ئەو گەلانەو جولاًنەوەی شۆڕشگێڕانەیان، لە پێناوی ڕزگاری و دیموکراتی و سۆشیالیزم دا جێ بە جێ بکا.

یەکخستنی هەموو کرێکارانی سەنسەری کوردستان لە چوار چێوەیەکی ستراتیجی هاوبەش دا، وە گرێدانەوەی خەباتی هاوبەش و یەکێتیی تێکۆشانی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ کرێکاران و کۆمەلاًنی شۆڕشگێڕی گەلانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ئەبێتە هۆیەکی کاریگەر لە پێکهێنانی جولاًنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی مەزن و کوردستانیش ئەکاتە قەلاًیەکی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەکەدا.

هەلوومەرجە بابەتی و خۆییەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا ئیتجاهی ڕووداوەکان و ڕەوتی گۆڕان و گەشە کردنیان هەموو

کرێکارانی کوردستان لە بەرانبەر یەك ئەرکی مێژوویی و ڕاستەو خۆدا یەك ئەخا، ئەویش چارەسەر کردنی تەواوی کێشەی نەتەوایەتی کوردە لە پێناوی تەواوکردنی ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتیمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و درێژە پێدان وبە ستنەوەشی بە شۆڕشی سۆشیالیستییەوە.

لە کوردستانی عێراق دا، کە لە ژێر دەستی ڕژێمێکدایە سروشتەکەی سەرمایەداری دەوڵەتە، بۆرجوازی بیرۆکراتی تیا دەسەڵاتدارە، لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دا ڕگەزپەرست و لە مەسەلەی ئازادییە دیموکراتیەکان دا ڕفتار فاشیە.

بۆیە ڕامالینی دەسەڵاتی ڕژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی بۆرجوازی بیرۆکراتی لە کوردستانی عێراق دا، و دامەزراندنی دەسەلاتی دیموکراتی خەڵك ئەرکێکی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانیی کوردستانە، دەربازبوونی کوردستانی عێراق لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی، زەمینەیەکی لە بار بۆسەرکەوتنی تەواوەتی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانیی خۆش ئەکا.

بە درێژایی ماوەی داگیرکردن و پارچە پارچەکردنی کوردستان و دیل کردن و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان خەباتێکی بێ وچان و پڕ لەگیانبازیان دژی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بۆ مافی ڕەوای خۆیان کردووە، بەلاّم هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان بە ئاگرو ئاسن ڕوو بەڕووی داواکارییان بونەتەوە، بە زەبری جەنگ و پەلاماردانی سەربازی سەرکوتیان کردوون و پەلاماری کوردستانیان داوە، کاولکردن و لە ناو

بردنیـان خزاندۆتــه هـەموو گونــد و شـار وشاۆچـكەیەكەوە، سـامان وخێروبێـری وولأتەكـەیان تـالأن كـردوون، وەك هـەموو داگیركـەرێك دڵیـان بـه ئـاوەدانی و سـامان و مرۆڤـەكانی كوردسـتان نـه سـەتاوە، كۆمــــەلأنی خـــەڵكی كوردســـتان، لـــەڕووی ئـــەو شـــێوەڕەفتارەی داگیركەرانــدا، لـەبری هێـرش و پـەلاماردانی سـەربازی و لـه ڕووی سیاســەتی توانــەوەی نەتــەوەی كــورد و ســڕینەوەی شــوێنەواری نەتـەوەیی كوردسـتاندا هـیچ دەرفـەتێكی خـەباتی دیموكراتیـان بـۆ نەماوەتــەوە، ئەوسـا ناچـار بـوون كـه پـەنا ببەنـه بـەر خـەباتی چەكدارانە، بۆیه خەباتی چەكدارانه بۆته شێوەی سـەرەكی خـەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی كوردستان.

سەرەڕای ئەوەی كه له هەلوومـەرجی ئێستادا خـەباتی چـەكدار شـێوەی سـەرەكی تێكۆشـانه، بــەلأم گـۆڕانی هەلومــەرجی سیاسـی، ئـابووری، كۆمەلأیـەتی، تـەرازووی هێزەكـان لـه هەرپلەیـەكی دیـاری كـراودا شێوەی سـەرەكی و شێوەكانی تـری خـەبات بڕیـار ئـەدەن و ئەگۆڕن، وه له هەموو حاڵەتێكدا ئەبێ خزمـەتی بـه جیهـانی ئـەركی سەرەكی و ستراتیجی قۆناغەكەدا بێ.

كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان به پێی جیهانبینی ماركسیزم ـ لینینیزم له سەر بنچینەی شیكردنەوەی بزوتنەوەی بابـەتی واقیعی ملمـوس گـەلی كوردسـتان و بەرژەوەنـدی جولأنــەوەی شۆڕشـگێڕانەی گەلانی ناوچەكه دژی ئیمپریالیزم بەرنامەی خۆی بۆ ئەم قۆناغـه دا ئەڕێـژێ، بـه بـێ ئـەوەی ڕێگـه بـدا سیاسـەتی كلكایـەتی ئیتیجاهـە

جۆراوجۆرەکانی نـاو بزوتنـەوەی کۆمۆنیـستی جیهـان ڕاسـتیەکانی لێ ئاوەژوو بکاتەوە و سەربەخۆی سیاسـی و ئایـدیۆلۆجی پـێ لـە دەسـت بدا.

بۆیە خۆبەستنەوە بە سەرەتاو ڕاسـتیە گـشتیەکانی مارکـسیزم ـ لینینیزم وجێ بەجێ کردنی خولقێنەرانـەی لـە هەلومـەرجی دیـاری کـراوی کوردسـتان دا بـەردی بناغـەی سیاسـەتی دروسـت و دژایـەتی کردنی هـەموو لادانێکـی ڕڤیژنـستی و دۆگماتیـستی وتەجروبەگـەری ئەبێ.

## بەشی دووەم:

1/1 کوردستان وولأتێکی داگیرکراو دا بەشکراوە و کورد نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو ژێر دەستەیە... لە ئەنجامی دابەشکردنەوەی دنیا لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دا، پاش یەکەمین جەنگی جیهانی بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا( تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) دابەشکراوە، هەر پارچەیەکیشی بە زۆر لکێنراوە بە یەکێك بەو دەوڵەتانەوە.

2/1 داگیر کردن و دابەشکردنی کوردستان و زەوتکردنی هەموو مافە ڕەواو دیموکراتیەکانی گەلەکەیی و سەپاندنی سەخت ترین شێوەی چەوسانەوە و ئازاردانی چینایەتی و نەتەوایەتی بەسەریدا گەورەترین هۆی پاشکەوتنی ئابووری، کۆمەلأیەتی فەرهەنگی گەلی کوردستانە و ڕێگەی گەشەکردنی لە هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەهەمهێنان گرتووە، بۆتە مایەیی شێواندنی ئەو گەشە کردنە نا ئاساییە لاوازەش کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە ڕووی داوە.

3/1 داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و، پاشکەوتنی کۆمەڵی کورددستان نەخشەیەکی ئیمپریالیزمە، پێچەوانەی ویستی نەتەوەی کوردو بەرژەوەندی ئەو، گەلانەشە لە چوار چێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە بەزۆر پێوەیان لکێنراوە، هەروەك هۆیەکی گرنگی شێواندنی زەمینەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەلأیەتیشیانە و هۆیەکی نا ئارامیی ناوچەکە و دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم لە کاروباری ئەوگەلانە و لە جولأنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانیش دا.

1/2 داگیرکــردن و دابەشــکردنی کوردســتان و کــەرت و پــەرت کردنی نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بە تەواوەتی بەشـەکانی کوردسـتان و کۆمەڵەکەی لەیەك دابڕێ، واقیعـی سیاسـی، ئـابووری، کۆمەڵایـەتی تــەواو جیـاواز و لەیــەکتر دابــڕاو پێـك بهێنــێ، بەڵکـە ئـەو سیاسـەتە هاوبەش و لە یەکچوەی داگیرکەران لـە دژی نەتـەوەی کـورد پێـڕەوی دەکەن، چەوسانەوە و پاشکەوتنی بە سەردا ئەسـەپێنن، نـەك توانـای لـە یــەکتر ترازانــی پاچــەکانی نــەبووە، بەڵکـە توانــای تێکـەڵکردن و یەکخستنی ئەو بەشانەی کوردستانیشیان نـە بـووە لـە گـەڵ دەوڵەتـە مەرکەزیەکان دا.

2/2 داگیرکــردن و دابەشــکردنی کوردســتان و چەوســانەوەی چــینایەتی و نەتەوایــەتی کــورد و لــە بەربــەرەکانی و بەرهەڵــستی خـــەڵکی کوردســـتان دژی ئـــەو چەوســـاندنەوەیە، ئـــەنجامی پێداویستیەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایـەتیش جوڵانەوەیـەکی ڕزگاریخوازانە لە هەناوی کۆمەڵی کوردستان دا پەیدا بووە، چـەندەها سەردەمی هەڵچوون و نیشتنەوەی بە خۆیەوە دیوە بە پێی ئەوەی لە بــزوتن بکــەوێ تــا بۆبــە بەجوڵانــەوەی ڕزگــاری نیــشتیمانیی و دیموکراتی مێژوو کرد.

3/2 جوڵانەوەی مێژوویی هەناوی کۆمەڵی کوردسـتان، ڕووی لـە چارەسەرکردنی تەواو و بنەڕەتی کێشەی نەتەوایەتی کوردسـتانە کـە پارچـە پارچـە نـاکرێ، و چارەسـەرکردنی لـە تـەنها پارچـەیەکی دا

مانـای چارەسـەرکردنی بنـەڕەتی تـەواو ناگەیـەنێ و ئامانجەکانیـشی جێ بەجێ ناکات.

4/2 چارەسـەری بنـەڕەتی کێـشەی نەتەوایـەتی کوردسـتان، بـە سەربەستی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا ئەکرێ کـە ئـەویش خـۆی لـە ڕزگـاری نیـشتیمانی کوردسـتان دا ئـەنوێنێ و ئەبێتە هۆی ئەوەی:

1/4/2 زەمینەیەکی لە باربۆ گەشـەکردنی سیاسی و ئـابووری و پێـشکەوتنی کۆمەڵایـەتی بـەرەو سۆسـیالیزم لـە کوردسـتان دا کـورد بگا.

2/4/2 کارکردنی چینایەتی بە شێوەیەکی لە بارتر بڕەخسێ بۆ خـەملێنی خـەباتی چـینایەتی و بـە ئاشـکرا کەوتنـە سـەر شـاڕێی بەرەوپێشەوە چونی خۆیی و سەرکەوتنی چینی کرێکار و بەدیهاتنی دوا ئامانجی کرێکارانی کوردستان.

3/4/2 دەسەڵات وقەڵەمڕەوی لە بۆرجوازی لـەو وولاّتانـەدا کـە نەتەوەی کوردیان بە سەردا دابەشـکراوە لاوازتـر ببـێ، هـەروەها ئـەو پایەگاو دەسەلاّتانەش بلەقێنێ، ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان کە لە ناوچەکەدا بە سەر کوردستانیاندا چەسپاندویانە.

4/4/2 هـۆ و بیانویـەکی زل بـۆ دەسـتێوەردانی ئیمپریـالیزم و لوت ژەنینیانە لە کاروباری ئەو گەلانەدا نەهێڵێ.

5/4/2 گەلانی ناوچەکە لە کێشەیەکی قوڵ لە گەڵ کرێکارانیـان لـە هاوبەشـی کـردن لـە ئـازاردان وچەوسـانەوەی نەتـەوەی کـورد

دەربازبکا، هەلومەرجێکی لە بارتریش بۆ سەرکەوتنی جولانەوەی دیموکراتی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەو گەلانە بەرەو سۆسیالیزم خۆش بکا.

6/4/2 چارەسەر کردنی گیروگرفتی نەتەوایەتی کورد کلیلی گۆڕانێکی گەورەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا، باری ناوچەکە بە قازانجی گەلان و شۆڕشی سۆشیالیستی جیهان ئەگۆڕێ.

5/2 ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان و سەربەستی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیدا، کەمافێکی ڕەواو ئاسلیی هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستە، نەك هەر پێچەوانەی بەرژەوەندی و پاشە ڕۆژی گەلانی ناوچەکەیە بەگشتی و کرێکاران بە تایبەتی نییە، تا ببێتە هۆی ناکۆکی و ناتەباییان، بەڵکو هۆیەکی کاریگەر ئەبێ لە بەتین کردنی یەکێتی تێکۆشان و هاو خەباتی و پشتیوانیکردنی یەکترِی لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و لە پێناوی ڕزگاری و دیموکراتی و سۆسالیزم دا.

6/2 جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان لە پێناوی و ڕزگاری و دیموکراتی و پێشکەوتنی نەتەوایەتی دابەرەو سۆسالیزم ئەڵقەیەکی لە پساندن نەهاتووی شۆڕشی ڕزگاری گەلانی ڕزگاریخوازی دنیایە، کە بەشێکی گرنگی شۆڕشی سۆسالیستی جیهان پێك ئەهێنێ، بەشداری کردنی کاریگەر و ڕابەرایەتی کردنی ئەو جولانەوەیە لە لایەن کرێکارانەوە نوێنەرەوەی گیانی ڕاستەقینەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایە لە سەر زەمینی کوردستانەوە.

1/3 قۆنـاغی خـەباتی ئێـستای کوردسـتان، قۆنـاغی ڕزگـاری نیـشتیمانیی دیموکراتیـە، چـونکە کـورد وەکونەتەوەیـەکی ژێردەست وپارچـە پارچـەکراوە، کوردسـتانیش وەکـو نیـشتیمانێکی داگیرکـراو دابەشـکراو، جوڵانــە مێژووییەکـەی، بەرەوپێـشەوەچوون و گـۆڕان و گەشەکردنی لە ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان و ئازادی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی دا بەرەوسۆسیالیزم، خۆی ئەنوێنێ.

2/3 ئامانجی قۆناغەکە، ڕزگاری نیشتیمانیی کوردسـتان و دابـین کردنـی دیمـوکراتی و گەشـەپێدانی کۆمەڵایـەتی و بردنێتـی بـەرەو سۆسیالیزم.

3/3 چـینی کرێکـار هێـزی سـەرکردەو جـەماوەری ڕەنجـدەرانی کوردستان هێزی بنچینەیی جوڵانەوەکەن.

4/3 هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیـاران بناغـەی هاوپـەیمانێتی یەکی فراوانتری بەینی ئەوان وبۆرجوازی بچوکی شارو کرێکار توێژی پێشکەوتوخوازی بۆرجوازی نیشتمانییە.

5/3 گــورزی ســەرەکی خــەبات ئاڕاســتەی داگیرکــەران و ئیمپریـالیزم و نۆکـەرانیان ئـەکرێ، لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامـانجی گەورەی ڕزگاری نیشتیمانیی کوردستان و یەکگرتنـەوەو گەشـەکردنی کۆمەڵایەتی بەرەو سۆسیالیزم.

1/4 بـە هێزکردنـی پەیوەنـدی هاوخـەباتی و هاوکـاری لەگـەڵ هێـزە کوردسـتانیەکان دا بەگـشتی و لەگـەڵ ڕێکخـراوە(م. ل)، کانـا بەتایبەتی لە چوارچێوەی ستراتیجێکی هاوبەشدا، و هـەوڵ دان بـۆ

گەشـەپێدانی ئـەو هاوخەباتیـەی نێـوان مارکـسیە ــ لینینیـەکانی سەرانـسەری کوردسـتان بـەرەو چەسـپاندنی دەوری مێـژوویی چـینی کرێکار لە سەرکردایەتی کردنی خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی کۆمەڵایـەتی خـەڵکی کوردسـتان دا لـە پێنـاوی ڕزگـاری نیـشتمانیی کوردسـتان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و بردن و گەیاندنی بە سۆسیالیزم.

2/4 بــە هێزکردنــی هاوکــاری و یــەکێتی تێکۆشــان لەگــەڵ جوڵانـەوەی چـینی کرێکـارو هێـزە پێـشکەوتنخواز و دیموکراتـەکانی عەرەب وگەلانی تورکیاو ئێران بەگشتی و عێراق بەتایبەتی.

برایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانە و کەسە نەتەوایەتیـەکان، هـەروەها بـەهێزکردنی پەیوەندییـەکان لـە گـەڵ هێزەکـانی شۆڕشـی سۆسیالیستی جیهان دا، لەپێناوی ڕزگاری و دیمـوکراتی و سۆسـیالیزم دا.

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
ساڵی 1982

**سەرنج:**

**لەلایەن دووەمین کۆنفرەنسەوە پەسەند کراوە ... ئابی 1982**

## ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن !
## کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

# بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی

ئازادیە دیموکراتیەکان

گەشەپێدانی کۆمەلایەتی

ئاواکردنەوەی کوردستان

## تێبینی:

دارشتنی بەرنامەیەك، بۆ ڕزگاری و گۆڕان و گەشە کردنی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم، بە گوێرەی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان لە سەر بنچینەی قانوون و سەرەتا گشتیەکانی مارکسیزم ـ لینینیزم، لە هەلومەرجی ئالۆزی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیادا... مەسەلەیەکی گرنگ و کارێکی سەختە، چونکە نەدەرفەتی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئاماری ئابووری و سیاسی و کۆمەلأیەت ڕێکوپێك لە کۆمەڵەکەماندا هەبووە، نە لێکۆڵینەوەو نوسینی تێرو دەوڵەمەندیش لەو بارەیەوە هەیە... وا بەرنامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی لە کوردستان دا لە لایەن دووەمین کۆنفرەنسیەوە پەسەند کراوە، وەکو یەکەمین

تاقیکردنەوە لەم مەیدانەدا پێشکەش بە کرێکاران و ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ئەکەین.

لە بەر ئەوە داوا لە هەموو هاوڕێ یانی کۆمەڵەو دڵسۆزانی جولآنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان ئەکەین کە تێبینی و ڕەخنەو پێشنیاری خۆیانمان دەربارەی کەموو گوڕیەکانی ئەم بەرنامەیە بۆ بنێرن تا بتوانرێ کەلێنەکانی پڕ بکرێتەوە

کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستان

"ناوەند"

## ئازادییە دیموکراتیەکان

1/1 هێنانەدی ستراتیجی ئەم قۆناغە و ئەرکەکانی، بەبێ خستنەکاری وزەو توانای هەموو جەماوەری گەلەکەمان و، بەبێ دابین کردنی ئازادی بۆ کۆمەلآنی خەڵك وە بەبێ بوونی هێزی پێشمەرگە کە پارێزەری قازانج و دەسکەوت و ئازادیەکانی گەل بێ، کارێکی مەحاڵە.

2/1 خۆشکردنی زەمینەی ژیانی دیموکراتی و ئازادی فیکر، ئازادی ویژدان و دەربڕینی بیروباوەڕ، ئازادی ڕۆژنامە نووسین، ئازادی خۆڕێکخستنی سیاسی، نەقابی، کۆمەڵەی جوتیاران، ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکانی خوێندکاران، ئافرەتان، مامۆستایان، لاوان وە ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەو یانەی هونەرمەندان و ئەدیب و نووسەران و وەرزشکاران...

3/1 ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ كرێكاران و جوتیاران و كۆمەلآنی خەڵك.

1/2 دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوایی لە هەموو لادێ و گوندێكا، وە ئەنجومەنی شار لە هەموو شارو شارۆچكەیەكدا، بەرێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەربەست و نهێنی، بە بەشداری هەموو ئافرەت و پیاوێكی بەرەوژووری 18 ساڵ، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و زمان و دین، دوور لە دەستێوەردانی دەسەلآتی مەركەزی.

2/2 ئەنجومەنەكانی ئاوایی و شارەكان، كاروباری كۆمەلآیەتی، ئابووری، كارگێڕی...، ئاوایی و شارەكانی خۆیان ئەگرتە ئەستۆ و سەرپەرشتی بەرێوەبردن وگەشەپێدانی ناوچەكانی خۆیان ئەكەن لە چوارچێوەی پلانی گشتی وولآت دا.

سەرۆكی شارەوانی و كرێكارو بەڕێوەبەرەكانی شارەكان بەرێگەی هەڵبژاردن دائەنرێن، وە لەكاتی سەرپێچی و دووركەوتنەوەیان لە بەرژەوەندی كۆمەلآنی خەڵك و لە ڕێبازی گەشەكردنی كۆمەلآیەتی كوردستان بەرەو سۆسیالیزم جەماوەری گەل بۆیان هەیە لێ یان بخەن.

1/4 ئەنجومەنی گەلی كوردستان بەرزترین دەسەلآت ئەبێ لە كوردستان دا، بەرێگەی هەڵبژاردنی ڕاسەوخۆ و سەربەست و نهێنی، بە بەشدار بوونی هەموو ئافرەت و پیاوێكی بەرەوژووری 18 ساڵ بەبێ جیاوازی ڕەگەز و زمان و دین پێك ئەهێنرێ، ئەنجومەنی جێ بەجێ كردن لە لایەن ئەنجومەنی گەلی كوردستانەوە هەڵئەبژێردرێ و هەڵ ئەوەشێنرێتەوە.

1/5 داوەری(قــضاء) ســـەربەخۆ و دوور لـــە دەســـتێوەردانی دەسەلاٌتە کانی تر ئەبیٚ.

1/6 دابــین کردنــی مافــە دیمــوکراتی و ڕۆشــنبیریەکانی کەمــە نەتەوایەتیەکانی کوردستان وخۆشکردنی زەمینەی پاراستنی ماف و زمان و نەریتە نەتەوایەتیەکانیان.

## گەشە پیٚدانی کۆمەلاٌیەتی :

1/1 دابین کردنی خانووبەرە، بۆ هەموو خیٚزانیٚك، بە کـەمترین ڕادەی کریٚ خانوو بە گـویٚرەی دەسکەوتی مانگانـەی هـەر خیٚزانیـٚك، بـەبیٚ ئـەوەی ڕیٚگـە بـدریٚ خـاوەنیٚتی خانووبـەرە بـۆ چەوسـانەوەی کریٚکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بەکاربهیٚنریٚ.

2/1 دابین کردنی ئـاو کارەبـا و تەلـەفۆن و تەلـەگراف، زێـراب و ڕیٚگاوبان وهۆکانی هاتووچۆ بۆ هەموو شارو شارۆچکەو ئاواییـەك بـە ڕادەی پیٚویست.

3/1 دابین کردنی تیمارگە و نەخۆشخانە و دەرمانی پیٚویست بە نـرخیٚکی هەرزان بۆ هەموو ئاوایی و شاریٚکی کوردستان و بـۆ هـەموو هاولاٌتیەکی، پەیدا کردنی پزیشك و پسپۆڕی شـارەزای تەنـدروسـتی و پەروەردە کردنی پسپۆڕو شارەزای کوردەواری بۆ خزمـەتی هاولاٌتیـان و گەشەپیٚدانی باری تەنـدروستی.

1/2 دابین کردنی کار بۆبیٚکاران، زامـن کردنـی کۆمەلاٌیـەتی بـۆ کریٚکـاران، و دابـین کردنـی ژیـان و گـوزەران بـۆ پیٚـشمەرگە و پـەك کەوتــەکانیان ومــشوور خـواردنی سـەقەت و پەکەوتـەکانیان، دابـین کردن و ژیان و گوزەران بۆ خیٚزانی شەهیدان.

1/3 دابــین کردنــی خوێنــدن بــە خــۆڕایی لــە هــەموو پلەیــەکی خوێنــدنا بــۆ هــەموو خوێنــدکارێکی کوردســتان و دابــین کردنــی خوێندنی ئیلزامی بۆ هەموو کوڕو کچێکی کوردستان تا، کۆتای پلـەی سـەرەتایی، وە دابـین کردنـی مەڵبەنـدی خوێنـدەواری فێرکـردن لـە هەموو ناوچەیەکدا.

2/3 گرنگــی دان بــە بەرنامــەکانی خوێنــدن و پــەروەردە، بــە جۆرێکی وەها کە لەگەڵ جێ بەجێ کردندا گونجاو و جووت بێ و لـە واقیع و لە مومارەسـەی عملی دانـەبڕێ... هـەروەها لایـەنی زانـستی، قوڵ کردنەوەی شێوازی زانستی نەکرێتـە قوربـانی لایەنـەکانی تـری، سـەرجەم بەرنامـە و پراکتیکی لـە خزمـەتی ڕزگـاری نیـشتیمانیی و دیموکراتی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا بێ بەرەو سۆسیالیزم.

4 ــ ئــافرەت کــەنیوەی کۆمەڵــە وە دەورێکــی بنــچینەیی لــە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی کوردسـتان دا ئـەگێڕێ، تـا ئێـستا لـە بـوارە جـۆراو جـۆرە ئـابووری، سیاسـی، کۆمەڵایەتیەکانـدا جێگـەی ئاسـایی خۆی نەگرتووە، کۆمەڵە لەو ڕوانگەیـەوە کـە ئـافرەت و پیـاو، دەور و کار و خەباتیان بە یەکسان تەماشا ئەکا:

1/4 دابین کردنـی ئـازادی ئـیش کـردن لـە هـەموو کارێکی سـود بــەخش و کونجــاودا، لــە هــەموو بــوارێکی ژیــانی کۆمــەڵ دا بــەبێ جیاوازی، بە مەرجێ ئافرەت دووچاری کـاری سـەخت و گرانـی وەهـا نەکرێ کە توانای جەستەیی زۆری بوێ.

2/4 یەکسانی ژن و پیاو لـە بەرامبـەر هـەموو مـافێکی قـانوونی دا.

3/4 ئــازادی پێوەنــانی خێــزان و هەڵبــژاردنی هاوســەر پــاش تەمەنی 18 ساڵە.

4/4 هەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن لە فرە هاوسەری.

5/4 یەكسانی ئـافرەت و پیـاو لـە مەسـەلەی تـەڵاق و خـەرجی منداڵ دا.

6/4 چاودێری و یارمەتی دانی ئافرەتی دوگیـان و دورخـستنەوە یان لە كاری قورس و دابین كردنـی 16 هەفتـە پـشودان بـە موچـەی تەواو و بۆیان بەلای كەمەوە.

7/4 مشوور خواردنی دایكی منداڵەبەر، هەم پشوو پێدان و هەم لەكەم كردنەوەی یەك سەعات ڕۆژی كاردا.

1/5 مشوورخواردنی ساوایانی كوردستان و قەدەغە كردنی ئیش كردن بەو هەرزەكارانەی كە تەمەنیان لە 16 ساڵ كەمترە.

2/5 دابـین كردنـی مەڵبەنـدی ئاگـاداری كـردن و بـەخێوكردنی ساوایان بەڕادەی پێویست.

3/5 ئاگـاداری كـردن و مـشوورخواردنی منـداڵانی كوردسـتان و پەرەپێـدانی ئاسـتی زانـستی و هوشـیاریان و دابـین كردنـی باخـچەی سـاوایان بـۆ خوێنـدن و خۆشـی هـەموو سـاوایانی كوردسـتان بـە بـێ جیاوازی.

1/6 دابــین كردنــی یانــەی زانــستی و كۆمەڵایــەتی بــۆ لاوانــی كوردستان.

1/7 گەشەپێدانی فەرهـەنگی كۆمـەڵی كوردسـتان بـە شـێوەیەك كـە هـەم تاودانەوەیـەكی تـەواوی ڕێبـازی ڕزگـاری و دیمـوكراتی و سۆسیالیزم بێ لە كوردستان دا، هەم زەمینە خۆشـكەری هێنانـەدی و دامەزراندنی بێ.

2/7 گرنگـــی دان بـــە ئیـــستگەو تەلـــەفیزیۆن و شـــانۆ و هونەرەجوانەكان و سینەماو ڕۆژنامەگەری، و پەرەپێدانیان.

3/7 پاراسـتنی سـامان و فەرهـەنگی نەتەوایـەتی و شـوێنەوارە كۆنینـەكان و پاشمـاوە كۆنـەكان، و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی بـاقی پاشمـاوە و شـوێنەوارە مێژووییـەكان و هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی مۆزەخانەی كوردستان.

4/7 كۆكردنەوەو بڵاوكردنەوەی فۆلكلۆری كوردی جۆراو جۆرو پاراستنیان لە فەوتان و لە ناو چوون.

### ئاوا كردنەوەی كوردستان:

1

بـۆ ئـەوەی ژیـانی دانیـشتوانی دێهـات بـە جـۆرێكی ڕیـشەیی لـە هەموو ڕوویەكەوە بگۆڕێ و بـەوەی نـچینەكانی چەوسانەوەی مـرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە هەڵتەكێ و كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و پیـشەسازی بـۆ پێـشەوە بـبرێ و ژیـانێكی نـوێ لـە دێهـات دا دابمـەزرێنرێ پێویـستە پلانێكی نوێ دا  بنرێ بۆ ئاواكردنەوەو گەشـەپێدانی سـەر لـە نـوێی گوندەكانی كوردسـتان بـە جـۆرێكی ئـەوتۆ كـە ئـەو گۆڕانـە ڕیـشەییە دابین بكا بەوەی:

1 ـ لە ناوچە دێهاتیەكاندا پلان دابنرێ بۆ دروسـتكردنی ئـاوایی نوێی گەورە لەو گوندە بچوكانەی لە نزیك یەكن.

2 ـ ئاواییەكان لە شوێنی لە بارو گونجاودا بە ڕەچاوكردنی بـاری جوگرافی ناوچەكە دروست بكرێن.

3 ـ هەر ئاواییەك پێك بێ لە 300 ـ500 ماڵ.

4 ـ لە هەر ئاواییەكیان دا ئەنجومەنێك بە هەڵبژاردنی ئازادی و نهێنی ئافرەت و پیاوی بەرەوو ژووری 18 ساڵ پێك بهێنرێ.

5 ـ ئەنجومەنی ئاوایی ئەركی بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆی ئاواییەكە ئەگرێتە ئەستۆ.

6 ـ هەر ئاواییەك قوتابخانە، جێگەی عیبادەت، تیمارگە مەڵبەندی بەیتەری، هۆڵی كۆبوونەوە، وەحدەیەكی میكانیكی (تراكتۆر،دەڕاسە، بلدۆزەر، شۆفڵ....)، پۆستە، پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو ئاودێران، پرۆژەی كارەبا، بازاڕو هەندێ شاڕێی بۆ دابین بكرێ.

7 ـ هەموو ئاواییەك مەڵبەندێكی دیفاعی زاتی لە خەڵكی چەكدار كراوی ئاواییەكە تیا دبمەزرێ.

8 ـ ئەنجومەنی ئاوایی سەر لە نوێ زەوی و زارو پوش و پاوان و جۆگا و كانیاوەكانی ئاوایی دابەش ئەكاتەوە بە سەر جوتیارانی ئاواییەكەدا.

9 ـ ئەو كەسانەی لە بریتی زەوی وزار و ڕەز و باخی خۆیان پارەیان لە دەوڵەت وەرگرتووە، ملكەكەیان ئەبێتە ملكی گشتی ئاواییەكە.

10 ـ زەوی وزار و كانی و پوش و پاوانی ئەو جوتیارو موڵكدارانەی ئاواییەكان بە جێ ئەهێڵن و ئەچن لە شارەكان نشتەجێ ئەبن، ئەبێتە ملكی گشتی ئاواییەكە.

11 ـ گرنگی دان بە بلاْوكردنەوەو پێڕەو كردنی ڕێگەی زانستی كشتوكاڵ لە تۆو وەشاندن و پەروەردەكردن و هەلگرتن و گواستنەوەی بەروبووم دا، وە بەكارهێنانی كۆدی كیمیاوی و چارەسەركردنی نەخۆشیەكانی كشتوكاڵ و هاندانی جوتیاران بۆ هێنانی ڕێوشوێنی نویێ.

12 ـ هەوڵدان بۆ ماكینەكردنی كاروبارە جیاجیاكانی كشتوكاڵ و دابین كردنی ماكینەی پێویست بە ڕادەی تەواو بۆ ئەو مەبەستە.

13 ــ لە هەر ئاواییەك دا بەگوێرەی ئەو كەرەسە خاوانەی تێیدایەتی هەوڵ بدریێ بۆ دامەزراندنی پیشەسازی و كشتوكاڵی ( دۆشاو، كەلوپەلی لۆكە، ڕۆن، معلبات (كردنە قوتو)، كاغەز، عصیر."شربەت"..) و پیشەسازی حەیوانی (كیمیایی، كەلوپەلی چەرمین، كەلوپەلی خوری، كود، ئالیك، معلبات...).

14 ـ خۆشكردنی زەمینەی پێكهێنانی كۆمەڵە هەرەوەزییەكانی جوتیاران و هاندانی جوتیاران بۆ پێكهێنانی كێڵگەی بە كۆمەڵ لەو ئاواییانە دا.

2

حكومەتی عێراق لە ڕوانگەیەكی ڕەگەز پەرستانەوە بە شێكی زۆری گوندەكانی كوردستانی ڕاگوێزاوە بە نیازی ئەوەی كوردستانی عێراق لە پارچەكانی تری كوردستان دابڕێ و یەكێتی نەتەوەیی كورد كەرت و پەرت بكا وە لە هەلومەرجێكی دژوار بۆ جولاْنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی و هێزی پێشمەرگە ساز بكا، وە سەدان هەزار

جوتیـاری زەوی لـە زەوی وزاری خۆیـان و لـە کـارو بەرهـەم هێنـان دوورخــستۆتەوە و لــە ئۆردووگــای زۆرەملــێ و ســەربازی دا کــۆی کردونەتەوە. بۆیە ئەبێ خەبات بکەین:

1 ـــ بــۆ گێڕانــەوەی دانیــشتوانی دێهاتــە چــۆڵکراوەکان بــۆ شوێنەکانی خۆیان.

2 ـ لە سەرانسەری ناوچە ڕاگوێزراوەکان دا ئـاوایی نـوێی گـەورە دابمەزرێ کە پێك بێ لە 300 ـ500 ماڵ بە پێی ئەو ڕێوشـوێنانەی بۆ ئاواییەکانی تر دانراون.

3 ـ بۆ پەرەپێـدان و فراوانکردنـی سەرچـاوەکانی ئـاو و جۆگـا و سوود وەرگرتنی زانستی و نوێ لەو سەرچاوانە.

1/3 دروســتکردنی بەربەســتی ئـاو لـە سـەر ڕووبـارە بـچوك و گەورەکان کـە هـەم بـۆ ئاوداشـتنی کـشتوکاڵ سـوودی لێ وەربگـیرێ وە هەم بۆ دامەزراندنی ئیستگەی کارە ئاوی، بۆ دابین کردنی کارەبـا بـۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

2/3 دروسـتکردنی ئەسـتێڵی گـەورە بـۆ کۆکردنـەوەو هـەڵگرتنی ئاوی زستانە لەو شوێنانەدا کە ئاوی زۆری تیا کۆئەبێتەوە.

3/3 گرنگی دان بە هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی.

1/4 گرنگیــدان بــە دامەزرانــدنی پیــشەسازی کــشتوکاڵی و کردنــەوەی کارگــەی بـچوك بــۆ هانــدان و گەشــەپێدانی بەرهــەمی کـشتوکاڵی پیـشەسازی حـەیوانی بـۆ هانـدان و گەشـەپێدانی سـامانی ئاژەڵی و هاندانی خەڵکی دێهات بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ.

2/4 دامه‌زراندنی مه‌لبه‌ندی جۆراوجۆری هوشیاركردنه‌وه‌و رێپیشاندانی جوتیاران له به‌كارهێنانی رێوشوێنی كه‌ره‌سه‌ی نوێ و زانستی كشتوكاڵ دا.

3/4 گرنگی دان به زیادكردن و په‌ره‌سه‌ندنی ره‌زوباخ و بێستان وه به‌رێوشوێنی زانستی په‌روه‌رده‌كردن و پارێزگاریان.

4/4 گرنگی دان به به‌خێوكردنی باڵنده‌و پرۆژه‌ی (دواجن).

5/4 هه‌وڵدان بۆ به كارهێنانی رێوشوێنی زانستی له به‌خێوكردنی هه‌نگ و په‌ره‌پێدانی دا.

6/4 پاراستن و سوود وه‌رگرتنی زانستی  له جه‌نگه‌ڵ.

3

گه‌شه‌پێدانی پیشه‌سازی له كوردستان دا، له توانای مرۆیی و سامانی سروشتی و كشتوكاڵ و ئاژه‌ڵداری و راده‌ی كه‌ڵه‌كه بوونی سه‌رمایه‌وه ده‌ست پێ ئه‌كا... له پیشه‌سازی سوك و تایبه‌ت به دابین كردنی پێویستیه‌كانی ژیان و گوزه‌ریانی خه‌ڵك به‌ره‌و پیشه‌سازی ناوه‌نجی و ئه‌نجا قورس.

1/1 گرنگی دان به پیشه‌سازی كشتوكاڵ و پیشه‌سازی ئاژه‌ڵ به شێوه‌یه‌كی فراوان.

2/1 گه‌شه‌پێدانی پیشه‌سازی كه‌ره‌سه‌ی خانووبه‌ره(المواد الانشائیه) كه هه‌م كه‌ره‌سه سه‌ره‌تاییه‌كانی له كوردستان دا زۆرن، هه‌م ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ی ووڵات و گه‌شه‌كردنی شارستانی پێویستی به‌و جۆره كه‌ره‌سه‌یه زۆره، دابین كردنیشی باری خه‌رجی ووڵات سوكتر ئه‌كا.

3/1 دامەزرانـــدنی کارگـــەو پـــرۆژەی پیـــشەسازی کـــشتوکاڵی و حەیوانی و مەعدەنی لە نزیك مەڵبەندەکانی خۆیانەوە.

1/2 کوردستان وولاّتێکە سامانێکی ژێرزەمینی زۆری لە پترۆڵ و گـازی سروشـتی، خـەڵووزی بـەردین، ئاسـن، مـس، فۆسـفات، گـۆگرد، یورانیـۆم،.... و هەیـە، بۆیـە ئـەبێ گرنگیـەکی تایبـەتی بـدرێ بـە پیـشەسازی دەرهێنـانی ئـەو کەرەسـە ژێـر زەمینیـە، بـە مـەرجێ بـە ڕادەی پێویست و دەرهێنانی لە سنووری پێویستیەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵ تێپەڕ نەکا.

2/2 دابین کردنی تۆڕێکی ڕێگاوبـانی هاتووچۆ، بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی هێنـان و بردنـی پێویـستیەکانی گەشـەکردنی کـشتوکاڵ و پیشەسازی و بازاڕ و بازرگانی.

3/2 گرنگـی دان بـە پیـشەسازی ئاسـن و مـس و گـۆگرد، و پیـشەسازی پترۆکیمیـاوی و دابـین کردنـی پێویـستیەکانی پـرۆژەی گـەورە و قورسـی پیـشەسازی لـەو بوارانـەدا، و کـەڵك وەرگـرتن بـۆ مەبەسـتی سـەرکەوتنی ئـەو پـرۆژە گەورانـە لـە باشـترین جـۆری تەکنەلۆجیا و شارەزایی بێگانە.

1/3 دانـانی نەخـشەیەکی ڕێکوپێکی مەرکـەزی بـۆ هاوتـاکردنی پیـشەسازی سـوك و نـاوەنجی و قـورس، بـە بـێ فـەرامۆش کردنـی بناغەیەکی پیشەسازی ئەوتۆ کە دامەزراندنی سۆسیالیزم ئاسان بکا.

2/3 هانـــدان و بەگەڕخـــستنی هـــەموو ووزەو ســـەرمایەیەکی نیشتیمانی لە پێناوی گەشەپێدانی ئابووری دا.

3/3 پەروەردە كردنی كادری هونەریی شارەزا لە هەموو ئاستێكدا وە سوود وەرگرتنیش لە شارەزایی و تەكنەلۆجیاو توانای باش و پێشكەوتووی بێگانەش.

1/4 هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بانكێكی مەركەزی لە كوردستان دا، بەستنەوەی بانكەكانی كەرتە ناوچەییە جۆراوجۆرەكان پێوەی، و جێ بەجێ كردنی ئەرك و فەرمانە مەسرەفی و داراییەكان لە ڕێگایانەوە، هەروەها ڕێكخستنی ئەركی (تسلیف)ی پیشەسازی و كشتوكاڵی و بازرگانی بەو هۆیەوە.

1/5 پێڕەوكردنی نەخشەیەكی دارایی ئەوتۆ كە وولآت لە گیرووگرفتی مالی و شكست و نە توانایی دارایی بە دوور بگرێ، و سیاسەتێكی تایبەتی باجی ئەو تۆ كە بە شداری دووبارە كۆكردنەوەی دەست كەوت بكات.

1/6 پێڕەوكردنی نەخشەیەكی بازرگانی ناوخۆ كە گونجاون و هاوئاهەنگی ئابووری نێوان هەرێمە جۆراوجۆرەكان زامن بكات.

لە بڵاوكراوەكانی

كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

1982

**سەرنج:**

لە لایەن دوەمین كۆنفرەنسەوە پەسەند كراوە

ئابی 1982

## تایبەت بۆ هەموو ڕیزەکانی ڕێکخستن

**ئاگاداریەك..**

**دەربارەی لێدوانی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە.**

**یەکەم:** دەربارەی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی:

1 ـ مەسەلەی بەرنامەی هەر ڕێکخراوێك یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە ژیانی ڕێکخراوەکەو ڕەوتی بەرەو پێشەوە چونی خۆی و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەکەی پێوە بەندەو نیشانەیەکی گرنگی پێناسی چینایەتی و جۆری جیهان بینی و بیرو بۆچونی ڕێکخراوەکەی بۆ سەرجەم مەسەلەکانی ژیانی مرۆڤ لەو کۆمەڵەدا، بۆیە بەرنامە هەمیشە گرنگی یەکی ژیانی بڕیاردەری هەیە لە مەسەلەی پێویستی مان و نەمانی هەر ڕێکخراو یا حیزبێك دا.

2 ــ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان دا و لە ئەنجامی کەڵەکە بوون و گەلأڵە کردنی تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی خەباتی بێ وچان و پڕ لە قوربانی دانی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان دا، لە پێناوی ڕزگاری نیشتیمانی و پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی دا، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دووەمین کۆنفرەنسی خۆی دا لە بەر ڕۆشنایی یاسا گشتی یەکانی ( م . ل ) و هەلومەرجی تایبەتی کوردستان دا بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد و بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی کوردستانی پێشکەش کرد.

3 ــ بیرو ڕاو هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کۆمەڵە، هەر لە یەکەمین کۆنفرەنسەوە خرایە بەردەمی ئەندامانی کۆمەڵە بۆ لێدوان و تاوو تووێ کردن و دەوڵەمەند کردنی لێکدانەوەو بۆ چونەکان. کە لە سەر دەستی لیژنەییەکی تایبەتی دا خرایە قاڵبێکی ڕێکوپێکەوە، گەلاڵەی بەرنامەکە، پاش لێکۆڵینەوە و لێدوانێکی زۆر، لە لایەن ئەندامانی دووەمین کۆنفرەنسەوە پەسەند کرا، ئەوسا بلاۆکرایەوە و خرایە بەردەمی ئەندامان و تێکۆشەرانی کۆمەڵەو گەلەکەمان بۆ تاقیکردنەوەی لە جێ بەجێ کردن دا، وە داوا لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەو ڕوناکبیرانی گەلەکەمان کرا کەبیروڕا و باری سەرنجی خۆیانی لە سەر دەربڕن تا بتوانرێ لە دەرفەتێکی تردا کەلێنەکانی پڕ بکرێتەوە، چونکە جگە لەوەی هەندێ کەس لایان وابوو بە پەلە داڕێژراوە، دەرفەتی تەواوی بەشداری کردنیان نە بووە لە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆیان دا لە سەری، هەمیشە گۆڕانی هەلومەرجی وولاَت و گەشەکردنی کۆمەڵ و لێدوان و گفتوگۆ کردن و ئاڵوگۆڕی بەند و بڕگەو بۆ چونەکانیشی بە پێی گۆڕانە نوێ یەکان هەمیشە دەوڵەمەند تری ئەکات و چاکتر ئەیگونجێنێ لەگەڵ پێویستییە بابەتییەکانی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵ دا.

4 ــ تا ئێستا هەندێ تێبینی و ڕەخنەو پێشنیاری باش لە ریزەکانی ڕێکخستنەوە هەم لە سەر بەرنامەو هەم لە سەر پێڕەوی ناو خۆی کۆمەڵە بە ناوەندی کۆمەڵە گەیشتوون، بەلاَم لە چاو ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەو کەرت و ڕێکخراوەکانی دا کەم و ناتەواوە.

5 ـ بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵە بتوانن بە شداری بکەن لـە پڕکردنــەوەی کـە لـێن و کـەموکورتی بەرنامەکـەی کۆمەڵـە دا، داوامان وایە ئەم چەند مانگەی داهاتوو تـەرخان بکەن بـۆ دیراسـە کردن و لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلی بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد و بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی کوردستان.

وە لە بەر ڕۆشنایی یاسا گشتییەکانی تیـۆری شۆڕشـگێڕانەی ( م. ل) و واقیعی تایبەتی کوردستان و تەجروبەی گەلانی دنیا دا هەرچی بیرو بۆچون، ڕەخنەو پێـشنیار و زیـاد کـردن و لابردنیـان لـە سـەری هەیە بە تاك تاك یان وەکو شانە و پۆل و کـەرت بـە ڕاپـۆرت و نامـە تا

31/ 12/ 1983 ڕەوانەی ناوەندی بکەن.

**دووەم: دەربارەی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە:**

1 ـ پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵـە، کـە ژیـانی نـاوخۆی کۆمەڵـە ڕێـك ئــەخا، پەیوەنــدی نێــوان ئۆرگانــەکانی، پەیوەنــدی ئەنــدامان و ئۆرگانـەکانی ڕێـك ئـەخا و ئـەرك و مافـەکانی ئەنـدامانی و شـێوەی بوون بە ئەندامی کۆمەڵە دیاری ئەکا، دەسـتوری ژیـانی ڕێکخراوەیـی کۆمەڵەیـە، لـە یەکـەمین کۆنفرەنـسی کۆمەڵـەدا پەسـەند کـراوە، وە لەلایەن دووەمین کۆنفرەنـسی کۆمەڵـەوە دەسکاری کـراوەو خراوەتـە بەر کاری جێ بەجێ کردن.

2 ـ بێگومـان تاقیکردنـەوەی ڕێکخراوەیـی خـەباتی ژێرزەمینـی شـارەکان و تاقیکردنـــەوەی ڕێکخراوەیـــی کـەرت و ڕێکخراوەکـان لـە ناوچە ڕزگارکراوەکان دا توانیویانە لە ماوەی ساڵی ڕابوردودا گەلێ لـە کـەم و کورتییـــەکانی پێــڕەوی نــاوخۆ و گونجـاوی یــا نـــەگونجاوی بەندەکانی لەگەڵ هەلومەرجی جیا جیای خەباتی شار و شـاخ نیـشان بدەن، بۆیە داوامان وایە لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵە، تـاك تـاك یـان وەکـو شـانەو پـۆل و کـەرت بـاری سـەرنج و تاقیکردنـەوەو ڕەخنـە و پێشنیارە کانیان لەو بارەیەوە تا 1983/12/31 ڕەوانەی ناوەنـد[7] ـ ی بکەن.

**سێیەم: کۆکردنەوەو ڕێکخستنی، لێکۆڵینەوە و نامەکان:**

ناوەند ـ ی کۆمەڵە لیژنەییەکی تایبەتی پێك ئەهێنێ بۆ دیراسە کردن و لێکۆڵینەوە و پۆل پۆل کردنی هەموو ئەو بـیروڕا و ڕەخنـەو پێشنیارانەی کە دەربارەی بەرنامـە یا دەربـارەی پێـڕەوی نـاوخۆ بـە ناوەند ئەگات تا لە بەر ڕۆشـنایی ئـەو بـیرو بۆچـونانەدا گەلاڵەیـەکی تـازە تـرو ڕێـك و پێـك تـر لـە تـەك نامـەکانی ئەندامانـدا پێـشکەش کۆنفرەنسی داهاتوی کۆمەڵە بکا.

هیـــوا داریـــن هـــەموو ئەنـــدامان و شـــانەو پـــۆل و کـــەرت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە ئاستی گرنگی ئەو مەسەلە گەورەیەدا بن و بە زانـایی و ژیـری، بـە هوشـیاری و تێگەیـشتنەوە، بـە پـەرۆش و بـە تەنگەوە هـاتنێکی قـوڵ و لێپرسـراوانەوە بکەونـە گفتوگـۆی بـەردارو

[7] مەبەست ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە.

لێدوانی بە سود و تاو توێ کردنی زانستی هەموو بەند و بڕگەو بۆچونەکانی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ بە ڕێکوپێکی لە نامەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی تایبەتی دا بیخەنە سەر کاغەز و تا کاتی دیاریکراو بیگەیەنن بە ناوەند.

کۆتایی تەموزی 1983

کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## تێوەردانێك بۆ ئەم بابەتە

وەك پێشتر ڕونمان کردۆتە، کۆمەڵە تا دەسپێك و ئەنجامدانی یەکەمین کۆنفرەنسی لە ساڵی 1981 دا، لە ماوەی تەمەن و تێپەڕاندنی ژیانی ڕێکخراوەی خۆیدا هیچ بەرنامەو پێڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بە خۆی نەبووە، تا وەك ستراتیژی سیاسی مەودا دوور کاری لە سەر بکات.؟ ئەمەش بۆ ئەو هەلومەرج و بارە سیاسییەی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە کە ژیانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە و قەیران و گیروگرفت و کێشەکان لە ناخی ڕێکخستنەکەیدا قوت بۆتەوەو کاریگەری لەسەر تەمەنی کۆمەڵە داناوە؟

1 ـ ئەم بابەتە بابەتێکە بۆکەرت و پۆل و شانەکانی ڕێکخستنی ڕێکخراوەی کۆمەڵە نوسراوەو دابەشکراوە، بۆیە ئەم بابەتەم لەگەڵ ڕاپۆتی یەکەمین کۆنفرەنسی ساڵی 1981 ی کۆمەڵە دانە ناوە، چونکە ناوەرۆکی ئەم نوسراوە پەیوەندی دارە، بە بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد و بەرنامەی

چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی، کە دوو بەرنامەی نوێی پەسەندکراوی دووەمین کۆنفرەنسی ساڵی 1982 و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەن، بۆیە بەباشم زانی لە گەڵ ئەم تەوەرەدا ڕیزبەندی بکەم.

2 ـ وەك دەردەکەوێت لەم نوسراوەدا کۆمەڵە داوا لە ئەندامانی ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی دەکات، بە پێشنیار و ڕەخنەو نوسراوەکانیان بابەتەکان دەوڵەمەند بکەن و تا پێش کونفرەنسی3 سێی کۆمەڵە کە ساڵی 1984 ئەنجام دراوە بیگەینە ئەو لیژنەیەی لەلایەن ناوەندی کۆمەڵەوە دەستنیشان کراوە، ئەمەش بۆزیاتر بەهێزکردن و پوختەکردنی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکە دەگەڕێتەوە.

3 ـ ئێمە زانیاری ئەوەمان دەست نەکەوت تا بزانین لە یەکەمین کۆنفرەنسدا کە ساڵی 1981 بەستراوە پەیڕەوی ناوخۆ پەسەند وچاپ کراوە یان نا چونکە، بەستنی کۆنفرەنسی دوووم ساڵی 1982 و ئەوەندە ماوەی کاتیان دوورو درێژ نەبوو تا پەیڕەوێك پاش سازدانی یەکەمین کۆنفرەس چاپ بکەن، بۆیە بەپێی ئەم نوسراوە، تەنیا ئەم پەیڕەوی ناوخۆو ئەم دوو بەرنامەیە چاپ کراوە و لەمە زیاتر ئێمە شتێکی ئەوتۆمان چنگ نەکەوتووە.

لەبڵاوکراوەکانی
کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

# ئەرکەکانی ریکخستن و
# هەندێ بابەتی رێکخراوەیی

پیرست

١. ئەرکەکانی ریکخستن
کومەلە ژمارە (٤) خولی ٣ .......... ١
٢. بان چەپەکان چین و ؟ چی ئەلین
کومەلە ژمارە (٥) خولی ٣ .......... ١٩
٣. چون ململانی ی ناوخوی کومەلە ئاراستەئەکەین
کومەلە ژمارە (٦) خولی ٣ .......... ٤٦
٤. ریگەی راستی بەرزکردنەوەی ئاستی روشنبیری و
هوشیاری لەریزەکانی ریکخستن دا
کومەلە ژمارە (١٢) خولی ٣ .......... ٦٩

# ئەرکەکانی ڕێکخستن

## کۆمەڵە ژمارە (٤) خولی ٣
## نیسانی ١٩٨٥

١- ڕێکخستن لەژیانی هەموو گەلانی ڕزگاریخوازدا، لەژیانی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیە چەوساوەکاندا، لەژیانی چینی کرێکاردا، لە ململانێ و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیاندا... لەپێناوی ڕزگاری نەتەوایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوەو زوڵم و پاشکەوتن دا، بۆ ڕامالینی دەسەڵاتی داسەپاوی داگیرکەران یاخود بۆ سەرنگونکردنی دەسەڵاتی چینە چەوسێنەرەکان... لەدڕێگەی بەدیهێنانی سەربەستی و سەرفرازی و دەرباز بوون لەزوڵم و چەوساندنەوەدا لەسەر ڕێبازی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دیموکراتی و سۆسیالیزم بایەخێکی گرنگی هەیە.

تەنانەت بۆ گەلانی ئازادو سەرفرازیش لەدا ڕشتنی ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵەکانیان دا گرنگیەکی تایبەتی هەیە.

٢- ئەگەر ڕێکخستنی سیاسی لەژیانی گەلانی پێشکەوتوو و لەوڵاتانی سنعەتی و ڕۆژئاوایی دا ئەهمیەتیکی گەورەی لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ، یا لە ململانێ و خەباتی چینایەتی بزووتنەوەی کرێکاراندا، و لەخەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئەمریکای لاتیندا بێ.. بێگومان لەژیان و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلانی ڕۆژهەڵات و دنیای سێیەمدا ئەهمیەتیکی گەورەتری هەیە.. نەک ئەرک و فرمانی زۆرترو گرانتر ئەکەوێتە ئەستۆی

٣- لەوڵاتانی سنعەتی و ڕۆژئاواییدا، ڕێکخراوی سیاسی بە تەنیا لە گۆڕەپانی ململانێ و خەباتی چینایەتی بزووتنەوەی کرێکاران دا نیە، بە تەنها لەخەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستەدا لە

گوری تیکوشان دا خوی نابینی... لەو شوینانە لەپال ریکخراوی سیاسی‌دا چەندین جور نەقابات و کومەلی هەرەوەزی لە ململانی دا بەشدارن و خەباتی ئابوری دژی چەوسینەرەکان ئەکەن‌و دەیان هەزار کەس بو داخوازی ئابوری‌و چاکردنی ژیان و گوزەران ئەرژینە سەر شەقامەکان چەندین ریکخراوی پیشەیی‌و دیموکراتی لەبواری جورا و جوردا لەو خەبات و ململانی‌یەدا بەشدارن .

چەندین روژنامەو گوفار لەسەر رووداوەکان و داخوازیەکانی چین و تویژە چەوساوەکان ... لەسەر جولانەوەو داخوازی گەلانی رزگاریخواز ئەنووسن ، زور و کەم، بەچاک و بەخراپ مەسەلەکانیان ئەخەنە روو و ئەیگەیەنن بەرای گشتی دنیا و بەهی کومەلەکانیان... سەرەرای بوونی پەرلەمان و دەرفەتی خەباتی پەرلەمانی‌و هەلبژاردن.. و بەشداری کردن لەکورو کومەلی هەلبژاردن و لەقسەکردن و لیدوان‌و باس‌کردنی مەسەلەکەیان داوا رەواکانیان . لەو ولاتانەدا بوونی ئەندازەیەک لەئازادی‌و ژیانی دیموکراتی‌و بوونی ئەو ریکخراوە جوراوجورانە خوی لەخوی دا زەمینەیەکی سازتر بو خەبات‌و دەوری ریکخراوی سیاسی ئەرەخسینی، ئەرکەکانی ئاسانتر ئەکات ، جەماوەرەکەی هوشیارتر ئەکاتەوە . رای گشتی بەمەسەلەکەی ئەزانن لەژیر پەردەو لەتاریکی دا ناشاردریتەوە، ئەمانە هەموو لە تەک خویندەواری و کەمی نەخویندەواری دا کومەکی گەورە بە ریکخراوی سیاسی ئەکەن لەجی‌بەجی‌کردنی ئەرکەکانی خەباتی دا .

لەولاتانی سنعەتی‌و پیشکەوتوودا کەچینی کریکار لە رووی چەندایەتی‌و چونایەتی‌دا لەقالبیکی دیارو ئاشکرادا رەنگیان گرتوە، و لەئاستیکی بالادایە... بەهەزاران و دەیان هەزار کەسیان پیکەوە لەکارگەی گەورەو لەگەل تدکنیکی بالاو پیشکەوتوودا کار ئەکەن، لەگەل تازەترین بەرهەم‌و دەسکەوتی هونەرو زانست دا ئەژین‌و رەفتار ئەکەن ، لەئاستیکی هوشیاری بەرزدا روژانە لەگەل چەوسانەوەو زولمی سەرمایەدارەکان دا رووبەروو ئەبنەوەو بیرو هەلویستیان یەک ئەگری .. کەچی لەولاتانی ئیمەدا کەئەو زەمینەیە نیە ئەبی ریکخراوی سیاسی خوی ئەرکی یەکخستنی چینی کریکار جی بەجی بکا .

ئەو واقیعە لەو ولاتانەدا هەلومەرجیکی بایەتی لەبار بە یەکگرتنی چینی کریکار پیک ئەهینی، ئەرکی ریکخراوی سیاسی لە

بەکخستنی چینی کریکاردا ئاسان ئەکا .

٤ – ریکخراوی سیاسی لەململانێی و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیدا هوی خوی گەشەپیدان و گوران و پیشکەوتنی کومەلە ، هــــوی خوبی شورشە ئەو واقیعەش کە ریکخراوی سیاسی تیا ئـــــەزی و خەبات و ململانێی تیا ئەکا هوی بابەتی گوران و گەشەکردنی کومەلــە ، هوی بابەتی شورشە .

لەولاتانی روژئاوایی و لەولاتانی سنعەتیدا ، هــو بابەتیەکان ئەرکەکانی ریکخراوی سیاسی ئاسان ئەکەن ، هەندیکی بـــو جیبەجی ئەکەن ، بەلام لەولاتانی ئەم ناوچەیەدا ریکخراوی سیاسی، هوی خوی، ئەبی بەشیکی گرنگ لەو ئەرکانەش جیبەجی بکا کە هــو بابەتیەکان لەولاتانی روژئاوایی و سنعەتیدا ئاسان و جیبەجیان ئەکەن .

لە کەلانی ولاتانی ئەم ناوچەیە لەلایەک لەرووی ئابوری و سیاسی و کومەلایەتی و ئەرهەنگیەوە پاشکەوتون ، لەلایەکی ترەوە لەژیر باری گرانی (استبدادی شرقی)و حوکمی دیکتاتوری دا ژیانی تــال و تاریک لەژیر زەبری چەوسانەوەدا بەسەر ئەبەن .

لەم ولاتانەدا پەرلەمان و هەلبژاردن و کوروکومەل بەستن نیە، ئەقابەو کومەلی هەرەوەزی نیە ، ریکخراوی پیشەیی و دیموکراتی نیە، روژنامەو گوفار نیە . ئەوی بەنار هەیە کارتونی و دەستکــردی داو و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژیمەکانیتی. بەشیکە لەدەزگـــا جاسوسی و داپلوسینەرەکانیان .. هیچ دەرفەتی دەربرینی بیزاری و نارەزاییان ئیا نیە ، بواری هیچ کەس و تاقمو تویژیکی کومەلایەتی تیــا نادری کە ژیانی ناخوش و داخوازیەکانی خوی تیا بخاتە روو ....

لەم ولاتانەدا کەهەموو جورە مافیکی مرویی و دیموکراتـــی تیا زەوتکراوەو هیچ جورە ئازادیەکی تیا نەماوە ، کە نەخویندەواری تیا زورە نە ئەرهەنگ ، و هـــوشیاریشی نزمە ، ئەرکـــی ریکخراوی سیاسی تیا زورترو گرانترە وە لەئەرکی ریکخراوی سیاســـی ولاتانی روژئاوایی و ولاتانی سنعەتی گرانترە ، لەم ولاتانەدا هــوی بابەتی

دەوری کەمو کزە ، و ئەرکی هوی خوی گەورەترو قورس ترە .

## گرنگی ریکخستن لەژیانی خەلکی کوردستان دا

٦- کوردستان کە ولاتیکی داگیرو دابەشکراوە، کوردیش نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراوو ژیردەستەیە، لەلایەک دواخراوو پاشکەوتوە، لەلایەکی ترەوە سەختترین شیوەی چەوسانەوەی چینایەتیو نەتەوایەتی بەسەردا سەپینراوە. هەموو مافە مرویی دیموکراتیەکانی لی زەوتکراوە، هەمیشە تەقەللای سرینەوەی وخساری نەتەوایەتیولاتەکەیو تواندنەوەی نەتەوەی کورد ئەدری، بەو شویەوە دوچاری ململانییەکی سەختبووە، لەهەناوی کومەلی کوردستان دا جولانەوەیەکی بابەتی میژووکرد پەیدا بووە، دژی داگیرکردن دابەشکردنی کوردستانە، دژی پاشکەوتنی ئابوری، سیاسی، کومەلایەتی، فەرهەنگە ... ئەم جولانەوەیە لەبیناوی رزگاری و سەربەستی نەتەوایەتی و پیشکەوتنی کومەلی کوردستانە. گەشەکردن و بو پیشەوە چوونی، خوی لەرزگاریو یەکگرتنەوەی نەتەوایەتیدا ئەنوینی.. روو لەپیشکەوتنی کومەلایەتیە بەرەو سوسیالیزم .

کوردستان کەوتوتە شوینیکی گرنگو پر لەکیشەو ناکوکی دنیاوە، شوینی ململانیی هیزە گەورەکانی دنیاو، شوینی کوبونەوەی بەرژەوەندی جیا جیاو دژ بەیەکی ئەم دەولەتو ئەو دەولەتە، شوینی دەست تیوەردانە لەلایەن دەولەتانی بەهیزی دنیاوە، پر لە پیلانگیرانو نەخشەی دژ بەیەکی ئەو دەولەتانەیە، یا نشاوەتەوەو سەربەستیو پاشەروژیان هەمیشە لەژیر زەبری بەرژەوەندی ئەو دەولەتانەدا لە مەترسیدایە .

ریکخراوی سیاسی لەکوردستان دا، لەشوینی وەها دا، ئەرکەکانی گەورەو گرنگن، ئەبی ریکخراوو دەزگاکانی لەئاستی ئەو ئەرکانەدا بن .

٧- لەکوردستانی عیراق دا، گەلی کورد دوچاری داگیرکەریکی شوفینی هاتوە، کە دزیوترین حوکمی دیکتاتوری حوکمرانیتی، ئەیەوی کوردستان هەل لوشی، روخساری نەتەوایەتی بسریتەوە، نەتەوەی

کوردیش بتوێنێتەوە. سامان و خێروبێری بەتالان بەری .

گەلی کورد لەژێر سایەی ئەم رژێمەدا بوون و پاشەڕۆژی مەترسی دایە، ماف و ئازادی هەموو لێ زەوتکراوە، نە لە ولاتەک پەرلەمانی ئاسایی هەیە نە کورد مافی بەشداری کردنی ئازا هەیە لەپەرلەمان دا، مشتومڕی دەستەی پەرلەمانی و کوڕو کۆبونەو هەڵبژاردن نیە. نەقابەو کۆمەڵی هەرەوەزی نیە ،ڕێکخراوی پیشەی دیموکراتی نیە، مانگرتن و خۆپیشاندان قەدەغەیە، ڕۆژنامەو گۆ نیە، هەرچی بەسەر دیکتاتۆریەت و داسەپاندنی چەوساندنەوەو زوڵ زۆری دەستی سەدامدا هەڵنەدا، دەمی دائەخری.. هەموو بزوت دەنگێکی ئازاد بەئاگرو ئاسن کپ ئەکری .

بێ وجان رژێم خەریکی (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر کوردستانە.

خەریکی ڕاگوێزانی سەدان گوندو شێواندنی واقیعی نەتەوە کۆمەڵایەتی کوردستانە. تا دی زەمینی کوردستان تەسک ئەکاتە لێی دائەبڕی و تەعریبی ئەکا، تا کار گەیشتە بەکارهێنانی چ کیمیابی و شالاوی کورد نەهێشتن .

دەسەڵاتی بەعس بەشێوەیەکی ترسناک دەستی خستوتە ناو خا کوردستانەوە، کاری خراپی کردوتە سەر کۆمەڵی کوردستان‌وخووڕەو خەڵکی .

بە ئەندازەیەکی زۆر دەرەبەگایەتی عەشایرگەری ژیاندوت کۆمەڵی کوردەواری لەسەر ئەساسی عەشرەت عەشرەت دابەش ئ دوژمنایەتی و ناحەزی لەناویان دا قوڵ ئەکاتەوە، هەوڵ ئ پەیوەندیەکانی کۆمەڵ و یەکێتی و کۆمەڵ لێک بترازێنی وکەرتو پە بکاو هەریەکەیان بکا بەگژ ئەوی تریاندا .

حیزبی بەعس هەوڵ ئەدا کاری خراپ بکاتە سەر ڕەوشتی خەڵ کورد، بەهۆی سەپاندنی ترس و سامەوە، بەهۆی هەڵخەڵەتاندن و خشتە بردنەوە بەهۆی لاس دانی ئەم و ئەو هۆزەوە... خەڵکی فێ درۆکردن و دوو ڕوویی و مەرایی کردن و ترسنۆکی ئەکا، ئەیە ڕەوشت و ئاکاری کوردەواری بشێوێنی و دەست وەرداتە ناخی کۆمە کوردەواریەوە. بەتایبەتی دوای وێرانکردنی کوردستان و نەهێشت گوندەکانی و لاواز بوونی هێزی پێشمەرگە .

ئەمانە هەموو، سەردرای، ئەو شوینەوارە سیاسیە دەرون
مەینەتی ئاتی بەتال بو گەلی کوردی پیک هیناوە.

٨- ئەگەر ئەهمیەتی ریکخستن و ریکخراوی سیاسی لەولاتانی
گرنگ بی، ئەهمیەتی ریکخراوی سیاسی، ئەرکەکانی ریکخستن، د
بایەخی گەلی گرنگترو گەورەترن. هەلومەرجی بابەتی خەبات، زەمی
کاری ریکخستن لەکوردستان دا گەلی سەخترە، باری گران ئە
ئەستوی هوی خویی، ریکخستن ئەخاتە بەردەمی فرمانی زورهەمەلایەن

ئەمرو لەجاران، لەهەموو کات زیاتر پیویستی بەریکخس
هەیەو دەورو ئەرکی گرنگترە.

٩- لەکوردستان دا شورش هەیە.. رژیمی عیراق بو جیبەجی کر
نەخشەی تواندنەوەی کوردو تەعریبی کوردستان، بو هەل لوش
کوردستان، بەهەموو توانا هەول ئەدا جولانەوەی رزگاریخوازا
گەلی کورد دامرکینیتەوەدو لەناوی بەری، بو ئەو مەبەستەش بە
بردوتە بەر ریگەی عەسکەری، بەهیرش و پەلاماردانی عەسک
پەجەکی کیمیایی ئەیەوی خەلکی کوردستان چاوترسین بکا، جولانەوە
نەهیلیو لەئەنجامدا دەستەمویان بکاو بیلانەکانی خوی جی ب
بکاو.. کومەلانی خەلکی کوردستانیش دژی
ئەو هیرش و پەلاماردانە دەستیان داوەتە چەک و خەباتی چەکدا
لەپیناوی مافە رەواکانی خویان دا، ئەمرو بەرگریەکی سیا
تا ئەندازەیەکیش چەکدارانە لەکوردستان دا دژی سیاسەتی شوف
انەی رژیم بەردەوامە، کومەلەش دەوریکی گرنگ و کاریگەر
بەرگریەدا لەچوارچیوەی یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا وازی ئ

ریکخستن لەکوردستاندا. جگە لەو ئەرکانەی جولانەوەی شورشگیرا
کوردو واقیعی کوردستان خستویەتیە ئەستوی شیوەی سیاسی سەر
خەبات و بوونی بەرگریش ئەرکەکەی فراوانتر کردووەو رەنگ
تایبەتی تری داوەتی... واتە ریکخستن لەکوردستاندا ئەبیت بەرگ
هەمەرجور ریکخات، ئەبی بەشداری تیا بکا. ئەلی لەهەموو رووی
سیاسی، عەسکەری، راگەیاندن، سازدانی خەلکی، ئەو بەرگ
بەرگدوتواند ریک بخات. ئەمرو ریکخستن بەرلەهەموو ئەرکی ئە
ئەبەدزی و کولنەدان وە بەردەوامی خەبات و سەنگەرە جیا جیاکا
ریکخات.

ڕێکخستن ئەبێ خەباتی سیاسی و چەکدارانە ڕێک بخا،بەرگری دژ
بن بڕکردنی کورد، و سەنگەرە جیا جیاکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمان
کوردستان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەرم بکاتەوە.

ڕێکخراوی سیاسی، تێکۆشەری، کوردستان، ڕیبازی خەبات،
کۆمەڵە بەتایبەت و چە بەگشتی نیشتمانی کوردستان ئەبێ:

ئەرکی سازدانی سیاسی گەل بۆ خەبات لەبیناوی بەدەستهێنان
ئامانجەکانی دا جێبەجێ بکا. وە خۆراگری و نەبەزین لەناو کۆمەڵ
خەڵکدا بەگشتی و لای تێکۆشەرەکان بەتایبەتی قوڵ بکاتەوە. لەڕوو
دەستەمۆ کردنی گەلدا گیانی یاخی بوون جۆش بدا. هەمیشە بێزاری
نارەزایی خەڵک لەڕژێم فراوانترو کاریگەرتر بکا.

گیانبازی و نەسرەوتن بۆ ئامانجەکانی گەل بەئەندازەیەک
ئەوتۆ، لای ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل شیرین بکا کە زەبروزەنگ یا
خستە بردن لەخەبات تەوەلایان نەکا.

ئەبێ ڕێکخستن بتوانێ:

ـ تێکۆشەرەکان بکاتە سەرمەشقی خەبات بۆ دەیان هەزار ڕۆڵە
تری گەلەکەمان.

ـ فراوانترین بەشی گەل و زۆرترین ژمارەو چاکترین ڕۆڵە
گەلەکەمان لەمەیدانە جیاجیاکانی خەبات دا کۆبکاتەوە. ھانیا
بدا، سازیان بکاو بەباشی و گونجاوی ڕێکخستنیان تیا بچەسپێنێ.

ـ بەهەردو سوانا هەڵکەوتووەکانی گەلەکەمان بیزوینێو پەروەردە
بکاو دەرفەتی گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێنێ.

ـ کۆمەڵانی خەڵکی هۆشیار بکاتەوە، سیاسەتەکانی ڕۆژو مەسەل
ستراتیجیەکانی خەباتی گەلی کوردیان بۆ ڕوون بکاتەوەو ت
گەیشتنی ئاسان بکا.

ـ کرێکاران ڕێک بخاو بیانکا بەگژ داو و دەزگاو نەقابە ساخ
حکومەتیەکانی کرێکاراندا بیانکا بەگژ ئیدارەی کارگەکانیا داو ل
هەموو لایەک هەوڵ بدەن کێشە بۆ ڕژێمو کاربەدەستانی ساز بکەن.

ـ نوێنەیان لەبەرنامەی خوێندن و لێپرسراوە نوکەرەکانی ھا
بدا، نسری ووروژاندن و ئاژاوە سازکردنیان بکا، گیانی یاخ
بوونیان تێدا جۆش بدا تا ڕام هێنانیان بۆ دوژمن ئاسان نەبێ.

لەوەش زیاتر فیری بزوتن و مانگرتن و كۆبوونەوەیان بكا تا بتوانن لەكاتی لەباریشدا خۆپیشاندان ساز بكەن بەو جۆرە بزوتنەوەیەكی خویندكاری ئەوتویان لی پەیدا بكا و ریكیان بخا تا ببنە بالیكی بەهیزو كاریگەری جولانەوەی نیشتمانی كوردستان .

ـ ئافرەتان لەسەر سەربلندی و ئازادی بەخوكردن رابهینی، لەروی بەدرەفتاری و بە كەم تەماشاكردن رایان پەرینی ، هانیان بدا ب چەوسانەوە ، لەژیانی كومەلایەتی و خویندن و ئیش و كاردا رازی نەبن ، بەفەرق و جیاوازی كردن قایل نەبن . خو بەمروفی بەنرخ بەنیوەی كومەل بزانن ، بەگژ ئەو باری سەرنجەدا بچنەوە كە رژیم بلاوی ئەكاتەوەو ئافرەت وەكو هوی رابواردن تەماشا ئەكا .

ئافرەت هیچی لەپیاو كەمتر نیە ، و كچیش لەهیچ بواریكدا لە كور كەمتر نیە ، نە لەمافەكانیدا نە لەئەركەكانی ئەستوی د بەتایبەتی ئەركی خەبات و تیكوشان ئەبی ئەركی ریكخستن بتوانی جولانەوەیەكی دیموكراتی پیشەیی ئافرەتانی كوردستان پیك بهینی و لەكوری ئەو جولانەوەیەدا هەزاران تیكوشەری هەلكەوتویان بهاویژیت بوارەكانی خەباتی گەلەكەمانەوە .

ـ فەرمانبەرو موچەخوران و كاسبكار هەموو لەسەر یاخی بوون رابهینی تا مل بو بریارەكانی رژیم كەچ نەكەن ... هانیان بدا بو دزینی معلومات و دەنگوباسی داو و دەزگاكانی رژیم و كاربەدەستانی بو شورش . فیریان بكا خزمەتی شەهیدان و گیراوەكانی جولانەوەی كورد بكەن ، بەگویرەی توانا یارمەتی شورش بدەن و بەشیوەیەك لە شیوەكان بەجولانەوەو خەباتی گەلەكەیانەوە گری یان بدەنەوە ... و تیكوشەرەكانیشیان لەسەنگەرەكانی خەباتی سیاسی و بەرگری چەكداری گونجاودا بخاتە گەر .

ـ ماموستایان هان بدا بو رەتكردنەوەی بەرنامەی خویندنی شوفینیانەی رژیم، و لەباتی ئەوە دەرسی نیشتمانپەروەری بە قوتابیان بلین و گیانی بەرگری بگەشیننەوەو خەبات و قوربانی دان بو مەسەلەی كورد شیرین بكەن .

ـ دكتورەكان و لیپرسراوی دەرمانخانەكان و برین پیچەكان ، هەر یەكەیان بەجوری راكیشن ، بو خزمەتی شورش ، هانیان بدەن دەرمان كوبكەنەوە بو شورش ، بریندارو نەخوشی پیشمەرگە تیمار بكەن

کاسبکارو دوکانداره‌کان فیر بکەن خواردەمەنی‌وجلوبەرگ‌بو پیشمەرگە کوبکەنەوە، یارمەتی مالە شەهیدان بدەن ، کومەکی مالی بە شورش بکەن ،... تا هەموو بەشەکانی کومەل، لەهەموو پیشەکان بکرینەوە بەگژ دوژمندا ، کیشەو سەرئیشە بو دوژمن ساز بکەن، بەشداری لە بەرگری دا بکەن و شورش بەهیز بکەن و سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتو پەیدا بکەن کە هەمیشە خوینی تازە بکاتە گیانی ریکخستن و هیزی پیشمەرگەوە .

ئەبی ریکخستن کاریکی وا بکا بەرگری بخزینیتە ناخی‌کومەلەوە، لەهەموو شوینی، لەهەموو ئاست و لەناو هەموو چین‌و توێژو دەستەو تاقمیک دا بتەقیتەوە بەرووی دوژمن دا ...

ئەبی روناکبیرانی کوردو ئەدیب و نووسەرو هونەرمەندەکان لە راستی‌و رەوایی مەسەلەو ریبازی شورش ئاگادارو هوشیار بکاتەوە، گیانی بەرگریان لا ببزوینی‌و هانیان بدا ئەدەب و هونەری بەرگری شورشگیرانە پەرە پی بدەن و سەنگەری بەرگری قەلەم بەهیزو قایمتر بکەن .

ئەرکی ریکخستنی بەرگری لەئەستوی ریکخستن‌دایە نابی‌کەمتەرخەمی تیا بکا .. ئەگینا بەرگری لاواز ئەبی‌و لەبەهرەو توانـــاو وزەی جەماوەری گەل بی بەش ئەبی .

ئەبی ریکخستن هەم ریکخەرو هەم راگەیەنەریکی سەرکەوتوو بی. لەپال سازدانی کومەلانی خەلکی‌دا بتوانی راستی‌و رەوایی مەسەلەی گەلی کورد هەم لای کومەلانی خەلکی خوی بەروشنی بچەسپینـــی ، هەم لای گەلانی دوست و دراوسی‌و لای رای گشتی جیهان. دوژمن بەهەمـــوو توانا هەول ئەدا راستی‌و رەوایی کیشەی کورد بشیوینـــی . ئەبینی ریکخستن هەم بتوانی داخوازی و رەوایی مافەکانی لـــەو شیواندنە بپاریزی هەم بەچاکی راستی‌و دەنگی جولانەوەی گەلەکەمان بـــەرای گشتی جیهان و کورەکانی نیودەولەتی بگەیەنی‌و کاریان تـــی بکاو دوست و پشتیوان بو مەسەلەکەی پەیدا بکەن .

ریکخستن لەدەرەوەی وولات لەم بوارەدا ئەرکیکـــــی گرنگی راگەیاندن و دیپلوماسی ئەکەویتە ئەستوی ئەبی زیرانە ئەنجامی بدا.

١٠- ریکخراوی سیاسی لەکوردستان دا ئەبی ئەنجومەنـــی ئەرکانی خەباتی زەحمەتکیشانی کوردستان بی، تا بتوانی نەخشـــەو پیلانی

سەرکەوتو بو هیرش و پەلاماردان ، یاخود کشانەوەی ریک و پیکی زەحمەتکیشانی کوردستان دابنی و جی بەجی بکا . پیویستە ریکستن ، ئەو دەورە وازی بکا . پیویستە ریکخستن،ئەو دەورە وازی بکا.

زەحمەتکیشانی کوردستان لەخەباتی شورشگیرانەی رووبەرووی دەولەتیکی داگیرکەر ئەبنەوە، کە هیزو توانایەکی گەورەی هەیە ، بەئەندازەیەکی چاک خوی ریکخستوە، حیزبیکی پان و بەرینی هەیە ، داو و دەزگای حکومەتیو سەرکوتاندنەوەی زورە، سپایەکی شوفینی گەورەو مەشق دراوی بەهیزی هەیە، خاوەنی تەکنیک و شاەزاییەکی بالایە درندانە چەکی کیمیایی دژی گەلەکەمان بەکارئەهینی ، دەرامەت و پارەو پولی زورە، لەسەر ئاستی دەولەتان خوی جیگیر کردووەو پشتیوانی لی ئەکری... کەچی شورشی کوردستان هیزو توانای کەم بوتەوە، دەرامەت و پارەو پولی کەمە، نەخوشخانەدو دکتورو پسپورو دەرمانی کەمە، لەرووی ژمارەوە زور لەهیزی دوژمن کەمتر پیشمەرگەی هەیە بەتایبەتی پاش ئەوەی دوجاری شکستیکی عەسکەری کاتی هاتووە .

بەکورتی نابەرابەریەکی زل و ئاشکرا لەنیوان شورش و رژیم دا هەیە، زەحمەتکیشانی کوردستان لەخەباتیاندا دژی ئەو رژیمە ، لەسیبەری ئەو نابەرابەریەدا بەبی ئەنجومەنی ئەرکانی لیهاتوو و بەتوانا ، وەکو سپایەک وایە بەبی ئەنجومەنی ئەرکان، لەبەرانبەر سوپایەکی گەورە کە ئەنجومەنی ئەرکانی ببی . ناتوانی ئەو نابەرابەریە پر بکاتەوەو لەرووی ئەو هیزە زلەدا سەرکەوتن بە دەست بهینی .

ریکختنی ئیمە ، ئەو ئەنجومەنی ئەرکانەی خەباتی زەحمەتکیشانە، کە ئەبی بزانی، چون ئیش ئەکا بو پرکردنەوەی ئەو نابەرابەریە ، چون ئیش ئەکا تا تەرازوی هیز بەلای شورشەکەدا سەنگین بکاو سەرکەوتن مسوگەر بکا .

ئەنجومەنی ئەرکانی لیهاتو ئەوەیە بتوانی،هەمووهیزو توانای سەرەکیو ئیحتیاط بەچاکترین شیوە لەزەمان و زەمینی خویدا بە توانایەکی بەهیزو کاریگەر، و بەگویرەی نەخشەی ریکو پیک بخاتە گەر بو ئەوەی لەکاتی هەلمەت و پەلاماردان دا پەکی هیزو توانای دوژمن بخاو لەشوینی کاریگەرەوە گورزی خوی لی بوەشینی، وە لە

کاتی ناڵەبارو کشانەوەدا زەحمەتکێشان لەزەبری دوژمن لە شکست بپارێزی .

ئەنجومەنی ئەرکانی ئێمە ئەبێ بزانی کە ئەو بەرگرییە بەتەنها بەهێزەکانی ڕێکخستن، بە ڕێکخراوەکانی و بەپێشمەرگە ناکری، بەڵکە ئەبێ هەموو ئەو زەحمەتکێشانەش کە لەڕێکخستن دا نین، هی هەموو چین و توێژە شۆڕشگێرەکانی گەلەکەمان کۆبکاتەوەو بە شێوەیەکی ساغ و کاریگەر بیانخاتە گەڕو بەهەموو هێزو توانای گەل بەرگری بکا ...

ئەنجومەنی ئەرکانی ئێمە ئەبێ بزانی کە خاڵە لاوازەکانی دوژمن زۆرن ، دەست نیشانیان بکا ، دوژمنیان پێ لاواز بکا ، وەریانگێری بەخاڵی بەهێزکردنی شۆڕشی کوردستان ... دوژمن لەباری سەرنج و بۆچوونی دا ، لەهەڵوێست و ڕەفتاری دا ،لەشێوەی حوکمرانی و بەڕێوەبردنی کاروباردا ، لەئوسلوبی ڕووبەڕووبوونەوەی دا بەرامبەر جەماوەرو داخوازیەکانی، لەڕێ وشوێنی پێک هێنانی سپاکەی لە ڕەفتارکردن لەگەڵی دا ، لەئوسلوبی کۆکردنەوەی جاش و بەگیراوەکان دا ، لەسەرجەم داو و دەزگاو دامەزراوەکانی دا ، خاڵی لاوازی زۆر هەن، کە هەندێکیان کوشندەن. ئەوانە هەموو سەرەرای ئەوەی دوژمن، بوون و بۆچوون و ڕەفتاری ناڕەوایە ،میللەتەکەشمان لەسەر هەقەو مەسەلەکەشی ڕەوایە ... پاشەڕۆژو سەرکەوتن بۆ میللەتان و مەسەلە ڕەواکانیانەو شکست و تیاچوون بۆ داگیرکەران هێزی ناڕەوایە .

دوژمن، ناحەزی زۆرە ، نارازی و بێزاری لەڕیزی حیزب و سپاو دەزگاکانی دا زۆرن و خۆیان حەشارداوە وە تا ئێستا چەندین جار بە تەقەللای کودەتای سەربازی کەوتوتە ڕوو . نارەزایی و بێزاری جەماوەر زۆرەو بەدەنگی خواردوتەوە ، دوچاری ململانێیەکی سەخت و چارەنووس سازی ئەوتۆ لەگەڵ ئێران هاتووە کە دەرباز بوونی بە سەلامەتی چاوەڕوان ناکری .

لەگەڵ گەلی وولاتی عەرەبی (سوریا و لیبیا و تەنانەت کوێتو عەرەبستانی سعودی) تووشی ناکۆکی ئالۆز هاتووە . لەسەر بەکار هێنانی چەکی کیمیایی و بن بڕ کردنی کوردو پێ شێل کردنی مافی مرۆڤ و دیموکراتی، قین و بێزاری ڕای گشتی و گەلی دەوڵەتی جیهان ڕووی تێکردووە ، جگە کورد معارزەی شیعەو دیموکراتی و ناسیونالیستی

عەرەبی لەڕوویدا خوسار ئەدەن .

هەموو ئەوانە خالی لاوازی دوژمنن، ئەتوانی وەرگەڕێتەوە بە خێر بۆ شۆڕش و خالی بەهێز بووی ... بۆیە پێویستە ڕێکخستن ڕێ و شوێنی سوود وەرگرتن لەو خالانە بدۆزێتەوە تا كەلەبەر بكاتە شوڕەی دوژمن و كنەی تیا بكا .

١١- وزەی لەبن نەهاتووی جەماوەر گەورەترین سەرچاوەی هێز و بەردەوامبوون و گەشەكردنی شۆڕشە ، ئەبی ڕێكخستن بزانی و كاربكا تا بەوپەڕی تواناوە سوودی لی وەربگیری و شۆڕشی پی بەتەو و بەهێز بكا .

ڕێكخستن تەنیا ئەركی سازدان و ڕاپەڕاندن و هوشیاركردنەوەی جەماوەر نیە ، هەر ئەوەندە بەس نیە لەڕووی فیكریەوە جەماوەر ساز بدا و هوشیاری بكاتەوە ، بەڵكە ئەبی بتوانی لەو جەستە مەزنەوە هەمیشە خوێنی تازە بكاتەوە گیانی ڕێكخستن و هێزی پێشمەرگەوە .

ڕێكخستن ئەبی پەیوەندیەكی توندوتوڵ لەگەڵ جەماوەر دروست بكا ، ئەوان بەخۆیەوەو خۆی بەوانەوە گری بداتەوە ، بتوانی جێگەی بڕوا و متمانەی جەماوەر بی .. لەڕیزی جەماوەردا .. هەرە شۆڕشگێڕو هوشیارەكانیان ڕابكێشی بۆ ڕێكخستن و بۆ هێزی پێشمەرگە ، لە ڕێكخستن دا بەتیوری و بیری شۆڕشگێڕانە پەروەردەیان بكا و ، فێری گیانبازی و لەخۆبوردنیان بكا ... دەستە دەستە لەو تێكۆشەرانەش ئامادە بكا بۆ ئەوەی بەردەوام هێزی پێشمەرگەیان پی بەهێز بكا .

هێزی پێشمەرگەی كوردستان بەشی هەرە زۆریان ڕۆڵەی زەحمەتكێشانی گەلەكەمانن، بەشێكی زۆریان لە زەبروزەنگی چەوسانەوەی دوژمن یاخی بوون، هاتوونەتە ریزی پێشمەرگەوە ،بنەماڵەی نیشتمانپەروەرەكانیان ڕەوانەیان كردوون یاخود ڕەفتاری فاشیانەی دوژمن هانی داون كە چەكی پێشمەرگایەتی و پاراستنی شەرەف و گەل و نیشتمانەكەیان هەڵگرن ... جێگەی داخە كەزۆربەی ئەوانە ڕێكخستن ڕەوانەی نەكردوون، لەڕێكخستن دا پەروەردە نەبوون و لەوی ڕێگەی پێشمەرگایەتیان هەڵنەبژاردووە ... بەڵكو كە هاتوونەتە ڕیزی پێشمەرگایەتیەوە ئەنجا ڕێكخراون و پەروەردە كراون .

ئیتر كاتی ئەوە هاتووە كەڕێكخستن بەتەواوی ئەو ئەركە بەجێ بهێنی و هەموو توانای خۆی بخاتە كەر بۆ ئەوە كەبەردەوام وزەی تازە لەجەماوەر بۆ ڕێكخستن و هێزی پێشمەرگە وەربگری .

١٢- دابین كردنی پێویستیەكانی شۆڕش ، بەشێكی زۆری خەرجیان

ئەوی و بەبێ پارە جێبەجێ ناکرێن، ژیان و گوزەرانی پێشمەر
ژیاندنی خێزانی شەهیدان، خەرجی تێکۆشەرە گیراوەکان و خێزانەکانی
ژیاندنی پەککەوتەکانیان، خەرجی چەک و تەقەمەنی و تفاقی ئ
پێشمەرگایەتی، خەرجی هاتوچۆی هێزەکانی پێشمەرگە، خە
پێویستیەکانی چاپخانەو چاپەمەنی، رادیۆ و راگەیاندن، خە
بارەگاو دەزگاکان، کاروباری دەرەوە، هەمووبان پێویستیان بە
هەیەو ئەبوایە رێکخستن بەشی زۆری ئەو خەرج و پێویستیانەی دا
بکردایە. ئەوە ئەرکێکی تری رێکخستنە کە ئەبێ بەدەمە
توانایەکی زۆر جێبەجێ بکا.

پشتیوانی هەرە گەورەی شۆڕشی کوردستان، گەلی کورد خۆیە
چونکە لەم دنیایەو لەسێبەری دۆخی جیهانی و ناوچەیی ئەمرۆدا ک
مسللەتێکی کەم پشتیوانە، کەم یارمەتی ئەدری و کەم و کۆمەکی
ئەکری ... بۆیە ئەبێ رێکخستن روو بکاتە جەماوەرو ئەو کەلێنە
بکاتەوە.

پێشمەرگە ژیانی خۆی و خێزانی، وەک هەر تێکۆشەرێکی تر خەر
ئەوی، بێ دابین کردنی لانی کەمی ژیان و گوزەرانی ئەبێ یا
برسانەدا یەکێ بکەوێ یان گیرودەی دابین کردنی ژیانی خۆی و خێزا
بێ کە ئەویش لەهێزو توانای کەم ئەکاتەوە. خۆ ئەگەر ژیا
خۆشی دابین بکا ئەی ئەو هەموو خەرج و پێویستیەی تر چۆن دا
بکا.. بۆیە هەر ئەبێ رێکخستن ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، هە
بەدا بەوبەری توناوە، ئەم رێ و شوێنانەی خوارەوە بگرێتە بەر
کۆکردنەوەی داهاتی باش، بۆ دابین کردنی بەشێکی پێویستیەکا
شۆڕش:

١- کۆکردنەوەی ئابوونەو یارمەتی: ئابوونەدان مەرجێکی ئەندامە
تێکۆشەرەکانە لەرێزی کۆمەڵەدا. سادەترین شێوەی بەشداری کرد
لە بەڕێوەچوونی رێکخراو و شۆڕشدا. ماڵ بەخشین بەمەسەلە رەواکە
گەل، سەرەتایی ترین بەخشندەیی و فیداکاری تێکۆشەرەکانە، ئەو
نەتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکا ئەی چۆن گیانی بەمەسەلەکە ئەبەخش
ئەگەر ئابوونەی هاوڕێیان و یارمەتی دۆستان بەڕێکوپێک
کۆبکرێتەوە، لەهەر تێکۆشەرێکی کۆمەڵە دەسکەوتێکی رۆژێکی ا
مانگێک دا وەربگیری بۆ شۆڕش و لەهەموو دۆستانی کۆمەڵەو شۆڕ

یارمەتی مانگانەی ریکوپیک کوبکریتەوە، بیگومان خەرجی خیزان
ئەهیدان و کەرت و ریکخراوەکانی کومەلە بەئاسانی دابین ئەکری
ئەو مەسرەفە لەکول شورش ئەبیتەوەو بارسوکیەک بوشورش پیک ئەهینی
٢ـ پەیداکردنی دوستی هەمیشەیی و وەرگرتنی یارمەتی مانگانە لییان
هەموو هاورییەکی کومەلە لەناو خزم و کەس وکاری دا ،لەناو برادەر
دوستەکانیدا ، لەکارگەکەی، قوتابخانەکەی، دائیرەکەی،گوزەرەکەی
هتد ئەتوانی ٣ ـ ٤ دوست بو کومەلەو شورش پەیدا بکا و مانگان
بەریکوپیکی یارمەتیان لی وەربگیری .

خەلکیکی زور هەن ئامادەیی گیانبازی فیداکاریان نیە، تاقەت
کوبوونەوەو ماندوو بوونی خەباتیان نیە، توانای پیشمەرگایەتی
نوشینی ئازارو مەینەتی سەختی ژیانی شاخ و کیویان نیە ، بەلا
ئامادەن و ئەتوانن یارمەتی شورش بەپارە بدەن ...ئەوانە سەرچاوە
پەیداکردنی دوست و پارە پەیداکردنن بو شورش ...
پیویستە لەمەودوا هەموو هاوری یەک چەند دوستیکی لەم بابە
بو شورش پەیدا بکا .. و ئەبی کەرت و ریکخراوەکان لەو رووە
لیپرسینەوەیان لەگەل دا بکەن .
٣ـ دوزینەوەی سەرچاوەی پارە لای دەولەت و خونانەوە بو پەلاما
دان و دزینی ...

## ئەرکەکانی ڕیکخستن

١- بلاوکردنەوەی بیروباوەری کومەلە،هەلویست و بوچوون و چالاکیەک
شورش لەناو جەماوەری گەل دا ، بیرخستنەوەو زەق نیشاندانـــی ب
هەلویستی دوژمن و نەیارەکان لای جەماوەر .

پیویستە ریکخستنەکانی کومەلە ، بیروباوەری ریکخراوەکەیـ
باری سەرنجی دەربارەی باری ئیستای ژیانی خەلکـــــی کوردستا
پاشەروژی لەناو خەلک دا بلاوبکەنەوە ، بە ریبـــــازو لیکدانە
هەلویستی ریکخراوەکدیان کار لەجەماوەربکەن، پەیوەندی توندوتو
لەگەل دروست بکەن، کاریکی وا بکەن کە بروا و متمانـــەی جەما
بو ریکخراوەکەیان رابکیشن و لەدەوری شورشیان کوبکەنەوە ... ه
شورشگیرو هوشیارەکانیان رابکیشن بو ریزی ریکخستـــــن و بەتیو
شورشگیرانە پەروەردەیان بکەن تیکوشەری هەلکەوتوویان لـــی پە
بکەن، ئەوانی تریش بکەنە دوست و شورەیەکی قایم بـــو پاراست
ریکخراوەکەیان و پشتیوانیکی گەورەو فراوانیان لی پیـــک بهی
بو شورش ، ئەوانەی تریش کە راران و ئەمیننەوە بی لایەنیان بک
تا دوژمن بەلای خوی دا رایان نەکیشیو دژی شورش سودیان لی وەرنەگ

ریکخستن ئەبی بەرنامەو بلاوکراوەکانی کومەلەو یەکیتی بەر
ناو جەماوەر ، لەهەر شوینەش ئوسلوبی لەبارو گونجاو هەلبژیری
ئەو مەبەستە .

شانەی هوشیاری و روشنبیری بو خویندەوارو ژیرەکانیـــان پ
بهینن و ریکیان بخەن. هانیان بدەن گوی لەرادیو بگرن و بەرنامەک
ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان گوی لی بگرن ... لەناوچەکانی ژ
دەستی میری دا : پوستەر بلاوبکەنەوەو بەرستەی کـــــــورت دروش
تیگەیشتنە بنچینەییەکانی شورش بنوسن ، بەیانەکان لەسەر دیوا
شەقام و کولان و قوتابخانەکان هەلواسن .

بلاوکراوەکانی شورش دەستاودەست لەناو جەماوەردا بگیرن...
بکاتە هەموو مال و هەموو کەسیکی کومەلەکەمان .

٢- پوچ کردنەوەی پروپاگاندەی چەواشەی بیرو ئاژاوەی ...

دوژمن و نەیارەکان، رژیمی داگیرکەر داو و دەزگای جاسوسی زور هەیە، پسپورو شارەزای تیدایە، ئەزانن چون راستی چەواشە بکەن توانای زوریان لەبەر دەستایە بو بلاوکردنەوەی بیـــروباوەر زەهراوی و پروپاگاندەی چەواشە دزی شورش ... نەیارەکانی تر شورش، زوربەیان بی ئیش و دەست بەتالن، خەریکی بلاوکردنەوەی پروپاگاندەی چەواشەو درو و ساختەن... جیگەی داخە هەندیجار هەندی لەهاوریانمان بەر لەجەماوەری ریک نەخراو ئەکەونە ژیـــر کار ئەو پروپاگاندە خراپانەوە... وە لەهەندی جاردا بەشی لەریکخستنەکانیا ئەکەونەوە بەگژ خومان داو سەرقالمان ئەکەن و جیبەجی کردنی ئیش ئەساسیەکانی شورش پەک ئەخەن...بەوەی ئەبی دەزگا سەرکردایەتیکا ئەو پروپاگاندە چەواشانە بەدرو بخەنەوەو هاوریکانی خومان تی گەیەنن کە نەکەونە ژیر کاری ئەو پروپاگاندە خراپانەوە. ریکخستن پیویستە بەتوانایەکی کاریگەر پروپاگاندەی چەواشە پووچەل بکاتەو چونکە ئەزانی ئەوی لەمەرکەزی خویەوە نەهاتبی پروپاگاندەی ساختەی قسەی دوژمن و نەیارانە، ئەزانی چی لەگەل بیروبوچوون و هەلویستی ریکخراوەکەی ئەگونجیو بەگویرەی بریارەکانە وە کامیـــان ساختە چەواشەن .

ریکخستن ئەبی بیرو بوچوون و ئایدیولوجیەتی دوژمـــن و هیز نەیارەکان پووچەل بکاو بەدرویان بخاتەوە.. ریکخستنـــی کومەل چەکدارە بەتیوری شورشگیرانەو بەشیوەیەکی زانستیو قول تەماشا دنیاو دیاردەکانیو گوران و گەشەکردنی ئەکا، چەکیکی کاریگەری ب دەستەوەیە بو بەدرو خستنەوەو ریسوا کردنی بیـــرو ئایدیولوجیەتی داگیرکەران و هیزە نەیارەکان ،ئەبی بەچاکی ئەو کارە جیبەجی بکا

٣ـ تیکشکاندنی ورەو نەفسیەتی دوژمنی داگیرکەرو هیزە نەیارەکان

ریکخستن ئەبی بەجوریک کار بکا کەهەمیشە گومان لەدلی دوژمن دروست بکا، دوو دلی بکا، وای لی بکا لەخوی و لەنەخشـــەو بریار پیلاندکانی بکەویتە پرسیار ،گومان لەجی بەجی کردن و سەرکەوتنیان بکا

بو نمونە: رژیم جاش ئەگری و سەدان هەزار دینار یان نیا خەرج ئەکا، ئەگەر ریکخستن بکەویتە ناویانەوە، ئەوی ئەکـــری ریکخری رای کیشی بو ریکخستن و لەناویاندا ریکخستن دروست بکـری، ئەوی ناکری هەول بدا بیکا بەدوست، ئەوی کەلکی ئەوانەشی نیـــە وای

لی بکا. ئەری یەکیتی نیشتمانی کوردستان ئەکاو دوژمنایەتی شورش ئەکا ... لەئەنجامدا ئەو هیزە ئەبیتە هیزێکی بی کاروبەکردەو بەلا بەسەر دوژمنەوە.. ئەبیتە سەرچاوەیەکی بەداکردنی چەک و تەقەمەنی بو شورش ... ئەبیتە کەلینیک کەمعلوماتی دوژمنی لیوە دەربچی بو هیزی پیشمەرگە، جموجول و کاتی هاتوچــــــــو و هیرش و کشانەوەی دوژمن ئاشکرا بکا .

لەئەنجامدا رژیم لەو بریارەی ئەکەویتە کوشان و یەخسەکەی هەلئەوەشینیتەوە .

٤ ـ کلورکردنی ریزەکانی دوژمن و خوخزاندنە ناو ریزەکانیەوە بە تایبەتی لەریزی هیزە چەکدارەکانی دا کە لەلایەک کەسانی بروابیکراوی خومان لەناویان دا بچینن بو ئاگاداری لەوەزعی ناوخویان، وە بو کوکردنەوەی معلوماتی ورد .

بـ ـ ئەگەر ریکخراو ئەنجومەنی ئەرکانی خەباتی زەحمەتکیشان بی لەکوردستان دا ، ئەبی نەخشەو پلانی سەرکەوتو بو گەشەکـــــردن و بو پیشەوەچوونی شورشەکەی دابنی، دانانی نەخشەو پلانی سەرکەوتووش بەبی معلوماتی وردو ریکو پیک لەسەر سیاسەتی دوژمن، تاکتیکەکانی، بریارەکانی، داو و دەزگا جیبەجی کەرەکانی، کات و شوینی جیبەجی کردنی، هەلسوکەوتی، لەتوانادا نیە

ئەنجا بو ئەوەی نەخشەو پلانەکانمان سەرکەوتووبین و بتوانین سەرکەوتوانەش سیاسەت و نەخشەو تاکتیکەکانی دوژمن تیکبشکینـــــن ، پیویستە ریکخستن هەموو توانای خوی و جەماوەر بخاتە گـــــەر بو کوکردنەوەی معلوماتی ورد لەسەر :

١ـ بریارەکانی سەرکردایەتی بەعس و دەولەتی داگیرکـــــەرو سپا وە بریارەکانی هیزە نەیارەکان .

٢ـ سیاسەتی حکومەتی داگیرکەرو هیزە نەیارەکان .

٣ـ بریارەکانی دەزگا جاسوسیەکانی رژیم لەکوردستان دا .

٤ ـ مەلبەندەکانی دەزگا جاسوسیەکان و پیاوەکانیان .

٥ـ جاسوسە کوردەکانی ئەو دەزگایانە

٦ ـ کات و شوینی سەردان و هاتوچوی لیپرسراوانی بەعســـی و دەزگا جاسوسیەکانی دەولەت .

٧ـ نوسراو و بروسکەکانی بەعس وسپاو دەزگا جاسوسیەکانی دەولەت .

٨- کۆبوونەوەکانی لێپرسراوانی بەعس و کاربەدەستانی دەوڵەتو دەزگا جاسوسیەکان، قسەکانی کۆبوونەوەکان و بڕیارەکان .

٩- کۆبوونەوەکانی سەرانی بەعس لەشارەکاندا لەگەڵ دەستەو توێژە جیاجیاکانی کوردستان، قسەکانی کۆبوونەوەکەو، ڕووداوەکانی کۆبوونەوەکە، بڕیارەکانی .

١٠- دامەزراندن و گوێزانەوەی کاربەدەستانی حیزبی ، کارگێڕی و سوپایی و دەزگا جاسوسیەکانی دەوڵەت .

١١- هاتوچۆکردن و ، کات و شوێنی هاتوچۆکردنی سپا .

١٢- هێرش و پەلاماردانی دەستەکانی پێشمەرگە لەلایەن سپا یان جاشەوە .

١٣- حزب و هێزە نەیارەکان و پەیوەندیەکانیان ، جوڵانەوەیان ، و هاتوچۆکردنی هێزەکانیان .

١٤- ڕێگاوبان، ڕەبیەکان، و ئوردوگا سەربازیەکان و دامەزراوە دەوڵەتیەکان .

١٥- کۆمپانیا و کارگەو دامەزراوە ئابووریەکان، پرۆتۆکۆڵە ئابووریەکان، بازاڕو بازرگانی .

بەکورتی ئەرکی ڕێکخستنە کە بەچاکی هەرچی معلوماتی درشتو ورد هەیە لەڕووی سیاسیو ئابووری و عەسکەری و ڕاگەیاندنەوە ...هتد

هەرچی پەیوەندی بەژیانی ئەو دەوڵەتەوە هەیە، هەرچی پەیوەندی بەهێزە نەیارەکانەوە هەیە کەخەبات دژیان ئەکەین کۆبکاتەوە .

بەمجۆرە ڕێکخستن ئەتوانی کەلێنەکانی هەلومەرجی بابەتی پڕبکاتەوەو هێزێکی خۆی بەتوانا بێ لەسەرکەوتنی شۆڕش دا .

## بان چەپەکان چین و ؟ چی ئەڵێن

### کومەڵە ژمارە (٥) خولی ٣
### ئایاری ١٩٨٥

١) لەم دواییەدا ، لەسیبەری هەلومەرجی تایبەتی شورشی کوردستان
پاش فراوان بونی ناوچەئازادکراوەکانو پەرەسەندنی دەسەلاتی شور
دیاردەی بیروراو دەستەو تاقمی بان چەپ لەجاران زیاتر سـەرپ
هەڵداوەو کەوتونەتەروو. قسەئەکەن، پروپاگەندەی چەواشـە پ
ئەکەنەوە، هەندی جار بەیان و بلاوکراوە دەرئەکەن، جـارجار
دروشمی کرچ و کال لەسەر دیواری کولان و لاجادەی شارەکان ئەنوسن
سەرجەم قسەوباس و بەیان و بلاوکراوەو دروشمەکانیان، توندرە
و هەرزەکاری بیروبوچونی (بان - چەپ) دەرئەبری ... و ئـارەز
هەلویستی سیاسی و فیکری خویان ئەخاتە جیگەی واقیعی بابەتی .
٢) ئەو دەستەو تاقمەجوراوجورانە، هەمویان وەکو یەک نین ولەیەک
ناچن، هەریەکەیان لەئاوازیک ئەخوینی و جیاجیان . بـەلام هەموی
لەوەدا لەیەک ئەچن کەبەسەر واقیعدا بازئەدەن، بـی مەسئولیەتر
ئەرکی گرانی جولانەوەی شورشگیرانەی کریکاران یـاخود جولانـەو
شورشگیرانەی گەلی کورد نەکەوتوتەئەستویان و بەئـارەزوی خوی
نامەسئولانە قسەئەکەن و ئەنوسن، دژی کومەلەی رەنجدەرانی کوردست
و یەکیتی نیشتمانی و شورش ئەدوین . ئەوەندەی دژی کـومەلەو شور
قسەئەکەن ئەوەندە خویان لەدژایەتی کردنی هیزو لایەنەکونەپەرستەکا
کوردستان ئەبویرن، سیاسەت و رەفتاری فاشیانەی رژیم ریسواناکە
هەمویان ئەیانەوی لەسەر حیسابی کومەلەو ی.ن.ک گەشەبکە
پەرەبسینن، جەماوەریکی زورو دەیان هەزار کریکاری کوردسـتانیا
فەراموش کردوەو ناتوانن لەناویاندا کاربکەن و باشەکانیان بوریز
تیکوشان رابکیشن . هەندی لەوانە سود لەبیزاربون و مـاندوبون
تیکوشەرو پیشمەرگەکانی شورش وەرئەگرن و هەول ئـەدەن لەخەبا
دلساردیان بکەن و لەشورش و تیکوشان دوریان بخـەنەوە، ریگە
تەسلیمبونەوە بەرژیم و گەرانەوە بوژیانی ئاسایی شـارەکان یاخو
هەلاتن بو هەندەرانیان نیشان ئەدەن . بەوجورە هەول ئەدەن ریزەکان
شورش کلوربکەن و هەولی لاوازکردنی بدەن .

ئەو بیروراو تاقمە بان ـ چەپانە چین و بیروراو تیزەکانیا چونن ؟ هوکانی پەیدا بونیان کامانەن ؟ سودیان لەچ هەلومەرجێ وەرگرتوە؟ چون بەرامبەریان رەفتار ئەکەین ؟

٣) ئەو بیروراو تاقمانە، دیاردەیەکی ئاسایی خەباتیشورشگیرانەی شان بەشانی ریکخراوی(م.ل) و ریبازی دروستی(م.ل) پەیدا ئەبن وەکو دیاردەی راسترەو کەفو زیادەی خەباتی شورشگیرانەی ریکخراو (م.ل) ن، ئەم تاقمانە زادەی بیری شیواوی بورجوازی بچوکن سەرهەلئەدەن و لەناوئەچن، جاریکی تر بەناوی ترو شیوەی ترەو سەرهەلئەدەن و پەیدا ئەبن .

ئەوانە دەستەی جیا جیان، تیگەیشتنیکی هاوبەشی فەلسەفی سیاسی تایبەتو تەواویان نیە، فیکرو تیگەیشتنیان تیکەلو پیکەل بلاوکراوەکانیشیان لەوەنادوی . بەلکە بیرو لیکدانەوەی بنچینەیی

سەرەکیان خوی لەپیچەوانەگرتنی هەلویستو لیکدانەوەو سیاسەتەکان کومەلەو ی.ن.ک و شورشدا کوئەکاتەوە .

تائیستا مەسەلە بنچینەییەکانی فیکرو هەلویستیان جیا جیا لە بابەتە سەرەکیانەدا، دەرئەکەوی :

١ـ هەلویست لەجولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان .
٢ـ هەلویست لەخەباتی چەکدارانە لەکوردستان دا .
٣ـ هەلویست لەهاوپەیمانیتی .
٤ـ هەلویست لەمفاوزەو سازش .
٥ـ تیگەیشتن لەریکخراوی شورشگیر .

### هەلویست لەجولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان

٤) ئەو دەستە بان ـ چەپانە، هەریەکەیان بەجوری تەماشای جولانەوەی کوردستان ئەکا، تەماشای رادەی گەشەکردنی کومەلەکەی، ریزبەستنی چینایەتی، واقیعی دابەش بونی کوردستان، مەسەلەی رزگاری نیشتمانی کوردستان یاخود چارەسەرکردنی کیشەی گەلی کورد ئەکا. بەلام هەمویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە کەبەتەنها تەماشای کوردستانی عیراق بکەنو کیشەکەی وەکو بەشیک لەمەسەلەی دیموکراتی و گورانکاریەکانی ناو عیراق لیک بدەنەوە .

هەندی لەو دەستانە، جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان بە

جولانەوەیەکی بابەتی میژوکردی هەناوی کومەلی کوردستان نازانن،
ئەو جولانەوەیە بوپیشەوەچونی گەشەکردنی خوی لەرزگاری نیشتما
کوردستان یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی دا ئەبینی . بەلکـــە لایان وا
کەئەو جولانەوەیە لەکوردستانی عیراق دا بەشیکە لـــــەجولانەو
نیشتمانی عیراق بو ئازادی و دیموکراتی . کەئەبی :

- چینی کریکار لەعیراق دا هوشیاربکریتەوە، هاندری ، ســـازدر
ریکخری .
- چینی سەرانسەری کریکاری عیراق ببزوی، بزوتنەوەی چینی کریکا
سەرانسەری عیراق رەوتی گەشەکردن و بەهیزبون بگریتەبـــەرو ب
بەجولانەوەیەکی کاریگەرو بەهیز .
- بزوتنەوەی کریکاری بەهوی ریکخراوی شورشگیرو پیشـــــرەوی چی
کریکارەوە سەرکردایەتی خەباتی "گەلی عیراق" بکابەرەو روخاند
دەسەلاتی بورجوازی فەرمانرەوا .
- چینی کریکار لەجیگەی دەسەلاتی بورجوازی فەرمانـــرەوا دەســەلا
دیموکراتی شورشگیر دابمەزرینی بەسەرکردایەتی چینی کـــریکار
مسوگەرکردنی دامەزراندن و بوپیشەوەچونی سوسیالیزم لەعیراق د
- لەژیر سایەی دەسەلاتی دیموکراتی شورشگیری عیراق دا ، ئەوســا
چوارچیوەی مەسەلە دیموکراتیەکانی عیراق دا ، مەسەلەی گەلی ک
لەعیراق دا ، چارەسەربکری .
- لەرەوتی ئەم خەباتە سەخت و دورودریژەدا ، جولانەوەی شورشگیران
کوردستان ببیتە بەشیک لەجولانەوەی نیشتمانی دیموکراتی عیراق
بەهوی بلندکردنەوەی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکـــراتی لـــەبا
عیراق دا .

د) ئەو بوچونەی بان - چەپ ، جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان،
نیشتمانەدا بەشکراوەکەی پارچەپارچە ئەکا ، لەکوردستانی عیراق دا
بەشیکی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراق و لەتورکیا بەبەش
جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی تورکیا و لەئیران بـــە بەشـــ
جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی ئیران و لەسوریا هەمان چەشـــ
دائەنی . بەوجورە وەکو یەک جولانەوەی کوردستانی تەماشـــا ناک
ئەبیتەهوی :

× نەهیشتنی پەیوەندی و پەیوەستی بابەتی جولانەوەی شـورشگیران

كوردستان لەهەمو پارچەكانی دا . وەرادەی كارتیكردنی هەڵومەرج شورشگیرانەی پارچەیەك لەپارچەیەكی تر كەم ئەكاتەوە ، هاوكاری هاریكاری نیوان خەباتی شورشگیرانەی پارچە جیا جیاكان كەمئەكاتەو چونكە ئەو پەیوەندی و هاوكاریە كەستراتیجیكی هاوبەش بومەسەلە كوردستان پیكی ئەهینی جیا وازو كەمترە لەوەی كەچوار ستراتیج جیا جیا بویان ئەرەخسینی .

بەوجورە هاوكاری و پەیوەستی و یەكیتی جولانەوەی پارچە جیا كانی كوردستان، وەكو پەیوەندی و هاوكاری نیوان چەند نەتەو یان چەند جولانەوەیەكی گەلانی جیا جیای بەسەردی .

مەسەلەی كورد یەك مەسەلەیەو تەنها لەچوارچیوەی ستراتیجیك هاوبەش دا لەشكست ئەپاریزری و سەركەوتن بەدەست ئەهینی و ئەگا ئامانجەكانی ، نەك بەدابەشكردنی بەسەر چوار ستراتیجی جیا جیا دا

× دواخستنی رەوتی جولانەوەی شورشگیرانەی كوردستان و مەحتەل كردن تیكوشان لەكوردستان دا بەئومیدی هوشیاربونەوەو ریكخستن هەڵسانەوەی كریكاران و بزوتنەوەكەی لەباقی عیراق دا . بەنیاز هیوای پەیدابونی پارتی پیشرەوی كریكارانی عیراق و گەرم كردن خەبات و هەڵچونی خەباتی جەماوەری عیراق .

دیارە دابرینی بەشیكی جولانەوەی شورشگیرانەی كوردستان بەستنەوەی ئەو بەشە لەكوردستانی عیراق دا بەجولانەوەی نیشتمان و دیموكراتی عیراقەوە ، جولانەوەیەك كەئیستا نەك هەر كزو لاواز بەڵكە هەستی پی ناكری، چاوەروانی كردنی پەیدابونی پارتی پیشرەو كریكارانی عیراق بوئەمروی جولانەوەی كوردستان وەكو چاوەروانكردن "امام الزمان"ی لی دی .

ئیستا ئەم ناوچەیە پرە لەكیشەو ململانیی سەخت و گەورە، ناوچەك ئاوسە بەروداوی گەورەو كاریگەر ، كەبیگومان كاری گەورە ئەكاتەسە جولانەوەی شورشگیرانەی كوردستان و پاشەروژی مەسەلەكەی . كارئەكات سەر بزوتنەوەشورشگیریەكانی هەمو ناوچەكە ، كارئەكاتە سەر روخسار چونیتی پیكهاتنی ئەم ناوچەیە بەگشتی .

لەبەردەمی روداوی لەوجورەو لەناوچەیەكی وائالوزو پر لەكیشە ململانی دا ، ناكری جولانەوەیەكی شورشگیرانە ، جولانەوەیەك كە لەسە ئەرزی واقیع ئەژی و بوپیشەوەئەچی و كاری خوی ئەكاتە سەر روداوەكان بەتەمای پەیدابونی بزوتنەوەیەكی نەبو ، نەدیار لەحوكمی روداو

22

پاشەروژدایە هەلگیری و دوا بخری .

× چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوایەتی ئەخاتە بەردەم ئەگەرو نە
واتە بەبەستنەوەی جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستانی عیراق و
بەشیکی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراق .هەلگرتنی چارە
کردنی کیشەی نەتەوایەتی کورد پاش دامەزراندنی دەسەلاتی دیموک
شورشگیرو لەسەر دەستی ئەو رژیم و دەسەلاتەدا ، دورنیە بە ئەن
نەگات .. رەنگە مافی بریاردانی چارەنوس بوگەلی کورد بسەلمین
یارمەتی جی بەجی کردنیشی بدا ، رەنگە نکولیشی لی بکا و ئەو رژ
دەسەلاتە بەئارەزوی خوی چارەنوس بوگەلی کورد دیاری بکا . چو
هینانەدی حیزبیکی پرولیتاری و مانەوەی ئەوحیزبە بەپاکی و
رەسەنی، هەروەها دامەزراندنی دەسەلاتی دیموکراتی شورشگیر
پیوانە تایبەتیانەو بەویستی ئەمروی چەند تیکوشەریکی نیازخاو
خاوەن ئومیدی چاکە ، شەرت نیە بەتەواوی بیتەدی، چونکە هەمو
مەسەلانە لەچوارچیوەی هەلومەرجە خویی و بابەتبەکاندا دروست ئە
و رەوتی روداوەکان حوکمی تیا ئەکا . دورنیە ئەوکاتە ریبەرانی ئ
دەسەلاتە لەناوخویاندا لەسەر مافی کورد ناکوک نەبن، نەبیتەکی
گیروگرفت و رەنجی کوردی تیا بەبابچی . ئەوساش ئەبی لەنوک
دەست پی بکاتەوە. کی ئەتوانی دەستەبەری ئەوەبکات کەلەدیموکر
شورشگیری عیراقدا مافی کورد مسوگەر ئەکری و ململانی ی لەس
پەیدا نابی ، کی ئەتوانی دەستەبەری ئەوەبی کەتا سەر ریبەرا
ئەو پارتەپیشرەوە تەباو گونجاو ئەبن و هەروەکویەک تەماش
مەسەلەی کورد ئەکەن، یان ئەو دەسەلاتەی کەئەبیتە دەسەلاتی چ
حیزب و چینیکی کومەلایەتی بەرابەری چینی کریکار ، سەرپیچی
ویستی حیزبی چینی کریکار ناکەن و مافی گەلی کورد پیشیل ناکەن
ستراتیجی دروست و رەوان ئەوەیە کەپاشەروژی مەسەلەکەی ت
روون و دیارە ، مەسەلەکە ناخاتە ئەگەرو نەگەرەوە ، بویە کیش
نەتەوایەتی تەنها لەچوارچیوەی ستراتیجیکی هاوبەشدا ، لەنیو
هەمو پارچەکانی کوردستاندا چارەسەرئەکری، و هەربەو ستراتی
ئەگاتە ئامانجەکانی ... هەرلەوەشدا جوری هاوپەیمانی بەهی
یەکیتی تیکوشانی بزوتنەوەی کریکارانی کوردستان و جولانە
شورشگیریەکەی کوردستان لەگەل بزوتنەوەی کریکاری و نیشتمانی
دیموکراتی عیراق دیاری بکری و لەگەل بەرژەوەندی جولانەوەی کریکا

لەسەرانسەری ناوچەکەدا جوت بکری . دەرفەتیکی میژویی لەدەست
کوردستان و جولانەوەی شورشگیرانەی ناوچەکە ئەدا ، ئەمرو لە
کوردستان دا ، تائەندازەیەک ، هەلومەرجیکی شورشگیرانە هەیە ، هەم
لەکوردستانی عیراق دا شورش هەیە ، لەکوردستانی ئیران دا شورش و
خەباتی چەکدارانە هەیە ، هەم لەکوردستانی عیراق ریکخراوی (م.ل)ی
وەکو کومەلە هەیە ، لەکوردستانی ئیران و تورکیا ریکخراوی (م.ل
هەن و لەخەبات و تیکوشان دان .

بەگەشەکردن و قول بونەوەی ئەو خەباتەی هەیە ، بە گەشەکردنی
بزوتنەوەی کریکاران و ریکخراوەکەیان هەلومەرجیک سازئەبی کە
کوردستان ببیتە قەلایەکی شورشگیرانە .

بەیەکیتی خەباتی شورشگیرانەی ریکخراوی (م.ل) لەکوردستانی
عیراق لەگەل بزوتنەوەی کریکاری و دیموکراتی عیراق .

بەیەکیتی تیکوشانی شورشگیرانەی ریکخراوی(م.ل) لەکوردستانی
ئیران لەگەل بزوتنەوەی کریکاری و دیموکراتی ئیران .
بەیەکیتی تیکوشانی شورشگیرانەی ریکخراوی(م.ل) لەکوردستانی
تورکیا لەگەل بزوتنەوەی کریکاری و دیموکراتی تورکیا .
ئەنجا بەیەکخستنی خەباتی ئەو ریکخراوەکوردستانیانەو شورش
لەهەمو بەشەکانی کوردستان دا لەجوارچیوەی ستراتیجیکی هاوبەش د
بزوتنەوەی کریکاری و شورشگیرانەی ناوچەکە بەهیزترو پتەوت
هاوکاری و یەکیتی خەباتیان یەک ئەخەن و کوردستان ئەبیتە کوبەند
جولانەوەی شورشگیرانەی ناوچەکەو جولانەوەیەکی بەهیز لەناوچەکەد
ریگەی گەشەکردنی خوی ئەگریتەبەر .

× تیزو بوچونەکونەکانی حیزبە ریفیژنیست و بورجوازیەکان ، دوبار
ئەکاتەوە . ئەگەرچی ئەوجورە تەماشاکردنەی جولانەوەی شورشگیرانە
کوردستان لەدیدو بوچونی(بان - چەپ) ەوەیە بەلام لەمناوەروک د
هەمان بیرو بوچونی "حیزبی شیوعی عیراق "و حیزبە بورجوازیەکان
کوردستان حیزبە بورجوازیە عەرەبیەکانە . هەمان بوچون ولیکدانەوە
کونە ، کەنزیکەی نیوچەرخە ئیتیجاهە راستڕەوەکان دوپاتی ئەکەنەوە
لەمحەکی تاقیکردنەوەی ئەدەن و لەشکستبەولاوە بەری بونەگرتون .
راستە کەوتویانە ئوپورتونیستە چەپدکان لەمناوەروک د
ئوپورتونیستی راست رەون

24

## هەلویست لەخەباتی چەکدارانە 

٦) دەستەکانی بان چەپ ، لەهەمو وردەکاریەکانی هەلویست ل
خەباتی چەکدارانەدا وەکویەک قسەناکەن، بەلام بەگشتی هەمویا
هەلویستیکی سلبی یان لەخەباتی چەکدارانەی خەلکی کوردستان هەب
ببروای زالیش لەناویان دا وادەرئەبری کە :

× ئستە وەختی خەباتی چەکدارانە نیە ، مەرجە بابەتی و خوییەکا
سەرەسەندن و بوپیشەوەچونی خەباتی چەکدارانە لەکوردستاندا پدی
نەبوە ، مەرجەکانی سەرکەوتنیشی ئەمرو لەئارادانیە . هەرچی ئەکرێ
سەرەرای فیداکاری زورو سەرەرای پالەوانیتی رومانتیکی دەیا
شکوئەر ، وەکو ئاسنی ساردکوتانەو بەئەنجامی خوی ناکا .

بەمجورە خەباتی چەکدارانە بەلایانەوە ئەبیتە هوی لەناوبردن
دەیان و سەدان تیکوشەری هەلکەوتو ، کەئەوانە ئەگەر لەو شی
خەباتەدا لەناونەچن ئەتوانن دەوری گەورە بگیرن لەبلاوکردنەوە
تیوری شورشگیرانەو گەشەپیدانی کاری ریکخراوەیی و سیاسی لەن
کارگەران و لەریزی چینی کریکاردا ...

ئەبیتە هوی بەفیرودانی رەنج و ماندوبونیکی زوری زەحمەتکیشان
کوردستان وەئەبیتەهوی زیاتر هارکردنی دوژمن‌ودەزگا سەرکوتکەرەکان
و لەئەنجام دا درندانەو لەناوەخت دا بەرئەدرینە گیانی جەماوە
وەتادی داپلوسین و ئازاردانی خەلکی زیادئەکاو جەویکی ترس
توقاندن بەجوری سازئەبی کەراکیشانی هەزاران کریکار بو ریز
تیکوشان و خەباتی چینایەتی کاریکی سەخت‌ترو گرانتر ئەبی، بەوەش
خەباتی چینایەتی زیانی بەرئەکەوی .

× خەباتی چەکدارانە بەلای ئەوانەوە، ئەمرو و بەر لەپەیدابونی
ریکخراوی شورشگیر یاخود پارتی پیشرەوی پرولیتاریا ، و بەر ل
پتەوبونی ئەو ریکخراوەو قول کردنەوەی هەستی چینایەتی‌وتیگەیشتنی
سیاسی ئەبیتە هوی زال بونی گیانی عەسکەرتاری لەشورش دا .
ئەوەش زیانیکی گەورە بەمەسەلەی "پارتی پیشرەو" ئەگەیەنی، چونکە
لەسایەی گیانی عەسکەری دا تیگەیشتنی سیاسی و هوشیاری چینایەتی
کەم ئەبیتەوەو هەلومەرجی پیکهاتنی پارتی پیشرەو ئەشیوی .

٧) لەراستی دا ئەم قسەوباسانە گەر هی تیکوشەریکی(م.ل)ی‌ئەوروپایی
بن گدلی لایەنی راستی تیدابە کەئەبو بەچاوی ریزەوە تەماشا بکرایە
چونکە لەواقیعی ترەوە دور لەهەلومەرجی کوردستان و عیراق‌و دور لە

روداوەکانیەوە ئەژی . بەلام کەئەم قسانە هی هەندی کەس بی کە ا
واقیعی کوردستان دا پەروەردەبون و ئەژین لەخوخەلەتاندن بەولا
مانایەکی تر ناگەیەنی . چونکە :
× هەمو کەسیکی هوشیار ئەزانی کەشورشی نویی گەلەکەمان کەی
بوچی دەستەی چەکداری بوخەباتی چەکدارانە پیک هینا ... لـ
هەلومەرجەی پاش ئاشبەتالی سالی ١٩٧٥ کەمیللەتەکەمانی خستەب
گەورەترین شالاوی درندانەی بەعس ، ئەو شالاو و پەلاماردانەی روو ا
تواندنەوەو لەناوبردنی بونی نەتەوایەتی گەلی کورد بوە ب
سرینەوەی روخساری نەتەوەیی کوردستان بو ... لەو دەمەدا بەع
دەستی کرد بەدەربەدەرکردنی هەزاران کریکارو فەرمانبەروموچەخور
کورد بوخواروی عیراق هەرچی ئەفسەری کورد هەیە لەریزی سپا د
دەرکران و ئەوی تاک و تەرا کەمابو بەزور کران بە بەعسی و ئیش
لاوەکیان پی دان ، و هەمویانی لەکوردستانەوە گویزایەوە بوخوارو
عیراق، هیرشی بەزورەملی بەبەعسی کردن دەستی پی کردو قاپی نا
پەیداکردن و خویندن و ئیش کردن لەروی ئەوانەدا داخرا کەملیا
کەچ نەئەکرد ، بەشیکی زوری ناوچەکانی کوردستان و شاری کەرکوک
تەعریب ئەکرا ، نەخشەی راگویزانی نزیکەی ٤٠٠٠ گوند دانرا
دەستکرا بەجی بەجی کردنی ناوی قوتابخانەو شەقام و دوکان
بازار پی بەپی لەکوردیەوە ئەکران بەعەرەبی تەنگ هەلچنرا بـ
زمانی کوردی و ئەدەب و هونەری کوردی ... بەکورتی گەلی کورد ل
کوردستانی عیراق دا کەوتە بەر مەترسیەکی راستەوخوی لەناوچون .
لەوکاتەدا تاکە وەرامی شورشگیرانە ئەوەبو کەمەترسی راستەوخ
لەروی رژیمی عیراق دا راست بکەینەوە ، کەخەباتی چەکدارانـ
دەست پی بکەین و لەسنوریک دا ئەو شالاوە درندانەیە رابگیری ...
سەرەرای ئەوە کەئاشبەتال نائومیدی و داروخانیکی گەورەی لـ
کومەلی کوردستان دا پیک هینا بو ، کەتەنها کاری شورشگیرانە ، ئە
کاتە ، دەستکردنەوە بو بەخەباتی چەکدارانە بو زیندوکردنەوە
گەشانەوەی ئومیدو زاتی خەبات و هیمەتی تیکوشان لەناوخەلکی
کوردستان دا .
دیارە خەباتی چەکدارانە کاریکی شورشگیرانەی راست بو ، تەنه
شیوەی خەباتی ئەوکاتەبو کەکردن و پەرەسەندنی لەتوانادا بو ... ئە
خەباتە شورشگیرانەیە لەگەل لوجیکی میژودا جوت بو .... بویە ب

پیچەوانەی جاوەروانی هەندی لایەنەوە نەک هەر لەناوسەچو ... بە
پەرەی سەندو ئیستا ئەوهیزە گەورەیەیە کە هەیە ... ئەو شیوەکار
کەباری گلاوی خەلکی کوردستانی هەلسانەوەو دوژمنیشی راکیشـــا
دان پیانان و گفتوگوکردن لەگەل سەرکردایەتیەکەی .

× راستیەکی سەلمینراو هەیە کەلەولاتانی ئەم ناوچەیەدا روشـــ
بوتەوە ، کەئوسلوبی چینەحوکمرانەکان لەچارەسەرکردنی کیشـــەکا
ولاتدا ، لەروبەروبونەوەی دا بەرامبەر داخوازیەکـــــانی چـ
ژیردەستەکان و گەلی ژیردەستەدا ، رەفتارو شیوەی پەلاماردانی ئـ
چینەدەسەلاتدارە ، شیوەی سەرەکی خەباتی چین و گەلە ژیردەســـتە
دیاری ئەکاو هەلومەرجی لەباریش یارمەتی پەرەســـەندن و گەشەکرد
ســـەرکەوتنی ئەدا .

حوکمی دیکتاتوری عیراق، بەئاگرو ئاسن وەرامی داخوازیەکـــا
جەماوەر ئەداتەوە ، بەهیرش و پەلاماردانی سەربازی وەرامی داخوازیەکا
گەلی کورد ئەداتەوە ، بەهیرش و پەلاماردانی ســـەربازی گوندەکا
کوردستان رائەکویزی هیچ جورە دەرفەتیک بوکومەلانی خەلکی کوردست
و ریکخراوی شورشگیر ناهیلیتەوە کەبەریگەی هیمنانە دریژە بەخەب
بدەن، تەنانەت دەرفەتیکی ئەوتوی بو خەباتی ژیرزەمینی ناهیلیت
کەبتوانی کاریگەربی و کاربکاتە روداوەکان . ئەوکاتە ناکوکیەکا
نەگەنە رادەیەک لەتوندوتیژی ململانی کەبەریوشوینە ئاســـاییەکا
چارەسەر ناکرین و ئەبی شیوەخەباتی چەکدارانە ریگەی چارەسەرکرد
دابین بکا . شەر بالاترین شیوەخەباتی ئەو کاتەیە کـــە بە ناچا
ئەبی بکـــری .

ریکخراوی شورشگیری رەسەن لەو شیوەخەباتەدا ، هەلومەرجی خەبا
سیاسی ژیرزەمینیش ئەرەخسینی و پشت و پەناو جیگەی حەســـوانەوە
تیکوشەرەکانی خەباتی ژیرزەمینی سازئەکا ریکخراوی شـــورشگیر لـ
هەلومەرجەدا ، لەخەباتی چەکداردا ، چەند سەخت و دژوار بـــی یاسـ
ئەســـتور ئەبی و هوشیاری چینایەتی و نەتەوایەتی قـــولتر ئەبیتەو
مەیدانەکانی خەباتی شارو شاخیش ئەکاتە مەلبەندی پـــەروەردەبون
هەلکەوتنی بەردەوامی سەدان تیکوشەری لیهاتو بو بەهـــــیزکردن
خەباتی شورشگیرانەو ریکخراوە شورشگیرەکەی .

راستە لەخەباتی چەکدارانەدا سەدان تیکوشەری هەلکەتولەناوئەچ

بەلام ئەوانە ئەبن بە سەرمەشقى خەبات بوسەدان و هەزارانى تر، لەوانە سەدان تيكوشەرى هەلكەوتوى تر پەيدائەبن ... جگە لەوە؛ سەدان تيكوشەرو دەيان كادرى هەلكەوتو كەلە خەباتى ژيرزەمينى د بو دوژمن ئاشكرا ئەبن، لەبريتى ئەوەى دوژمن لەسيدارەيان بدا، ل ريزەكانى هيزى پيشمەرگەدا جيگەى خويان ئەگرنەوە .

ديارە نابى ئەو راستيەش لەبيربكەين كەوتراوە: "ريگەى خەباتى شورشگيرانە وەك شوستەى شەقامى نسيفا تەختو راستنيە" .

× شورشى كوردستان راستيەكى تر ئەخاتەروو كەريكخستن، كارى ريكخراوەيى و سياسى لە سايەى خەباتى چەكدارانەدا چاكتر گەش ئەكاو پەرەئەسينى، پاريزراوتريش ئەبى . هەزاران زەحمەتكيشى لادى لەخەباتى چەكدارانەوە ئەئالين و فيرى خەباتو تيكوشان ئەبن ،

هوشيارى سياسيان بەرزئەبيتەوە ، ئەكرى بنكەى چاپەمەنيى باش پاريزراوى لەسايەدا دابمەزرى، دەورەى پەروەردەكردن و هوشيارى سياسى تيا بكريتەوەو تيكوشەرى تيا پەروەردەبكرى . هەر لەسايەى خەباتى چەكدارانەدا بەوبەرى ئازاديەوە قسە لەگەل هەزاران زەحمەتكيشى لادى كاندا ئەكرى، كوبونەوەيان بى ئەكرى، سازئەدرين هوشيار ئەكرينەوەو ريك ئەخرين . دەيان پولى ريكخستنى ناوچەماوە كەئيستا لەگوندەكانى كوردستاندا زەحمەتكيشانى گوندى ريك ئەخا بەلگەى ئەو راستيەن .

ديارە ئەگەر شورشو خەباتى چەكدارانە لەكوردستاندا نەبوايە چەندين دەستەو تاقمى (بان ـ چەپ) يش نەيان ئەتوانى، بەو جور سەرهەلدەن وبەيانو بلاوكراوەكانيان بخەنە روو... ئەوانەش هەرلە سايەى خەباتى چەكدارانەدا ئەتوانن قسەبكەنو بنوسنو بلاوبكەنەوە .. ئەگينا فەرمو با بچن تەنها يەك بەيان لەبەغدا يا شاريكى ترى عيراق دا بلاوبكەنەوە، ياخود بچن بنكەى چاپەمەنى لەوى دا بمەزرينن .

× راستيەكى تر لەكوردستاندا سەلمينراوە، نابى لەبيربچيتەوە، كەبونى نەتەوايەتى كورد لەسايەو لەروى ئەو حوكمەديكتاتوريانەى بورجوازى عەرەبى شوفينى دا خوى لەبونى خەباتى چەكدارانەدا ئەنوينى ... لەبەرئەوە خەباتى چەكدارانە لەژيرسايەى ئەو رژيمانەدا بوتە شيوەيەكى خەباتى گەلى كورد كەناتوانى دەست بەردارى بى .. هەميشە چەوسانەوەى چينايەتى و نەتەوايەتى لەسەر گەلى كوردو چينە

ورشگیرەکانی ئەوەندە توندوتیژە، ئەوەندە ماف و ئازادی لی زەتک
درەنە لەبون و پاشەروژی ئەکری، فەرق و جیاوازی لەگەل ئەک
دجاوی هاوولاتی پلەی دوەم تەماشای ئەکری، باری ژیانی و گوزە
وقاندن و زەبروزەنگی لەسەرە، .. کەهەمیشە هەست بەم
ەنکوچەلەمەیەکی گەورەبکا .. بەئەندازەیەکی ئەوتو ریگەی ک
ردنی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و کومەلایەتی لی گیراوە، کەهە
ە تەنکوچەلەمەدا بژی ..

ئەو هەلومەرجەی ژیانی گەلی کورد زەمینەیەکی وای سازکردو
ابەرین و دەست دانە چەک زەمینەیەکی هەمیشەیی ببی و، هەلومە
ابەتی بوخەباتی چەکدارانە سازبی .

بیگومان مەرجەکانی دەستکردن بەخەباتی چەکدارانە لەک
ەرجەکانی سەرکەوتنی شورش دا لەیەکتر جیاوازن . لە هەلومە
وردستان دا :

- هەستکردن بە تەنکوچەلەمەیەکی گشتی .
- هەلومەرجی شورشگیرانەی بەرگری کردن و راپەرین .
- بونی ریکخراویکی سیاسی شورشگیر .

ەو مەرجانەی کەزەمینەیەکی لەبار بودەستکردن بەخەباتی چەکدار
ەرجی دەست پی کردن ئەرەخسینی ...

ئەگینا مەرجەکانی سەرکەوتنی شورش بەتەنها پەیوەندی بە
وخی عیراقەوە نیە، بەلکە مەرجەراستەقینەکانی سەرکەوتن وە
ەبدا ئەبن کە :

- شورش لەکوردستانی عیراق دا بەردەوام بی و دریژەبکیش
لایەک کاربکاتە سەردوخی شورشگیرانە لەکوردستانی تورکیاو ئیرا
ولایی ستراتیجی بوخەباتی شورشگیرانەیان پیک بهینی و تین و
بی بداو لەچوارچیوەی ستراتیجیکی هاوبەشدا لەگەلیان خەبات
ەلایەکی تریشەوە کاربکاتەسەر جولانەوەی نیشتمانی و دیموکرات
یراق دا ، هاوکاری بکاو بەوپەری توانا وە پشتیوانی لی بک
اربکاتە سەر توندوتیژبونی ناکوکیەکانی هەناوی کومەلەک
ەلسانەوەی جولانەوەی .

- دوخیکی شورشگیرانەی ئەوتو لەپارچەکانی تری کوردستان دا
بی ،وە ریگەی گەشەکردن و بەهیزبون بگریتەبەر، کە شورش

کوردستانی عیراق دا پشتی پی ببەستی ، قولاییەکی ستراتیجی با
بو دروست ببی، و کاربکاتەوە سەر بەهیزبونی شورشەکەی . هەروە
دوخیکی شورشگیرانەی ئەوتو لەعیراق دا پیک بی کەکار بکاتەوە
کەشەکردن و بەهیزبونی شورش لەکوردستانی عیراق دا ، تا وای لی
وەزعی ناوچەکە هەموی بەگشتی هوکانی بەهیزبون و سەرکەوت
جولانەوەی شورشگیری دابین ئەکەن .
هەر لەکوری ئەو پروسەو پەیوەندیە دایلەکتیکی یەدا مەرجەکا
سەرکەوتن پەیدا ئەبن و تەنگوچەلەمەکانی هەناوی رژیمی عیراقی
تول ئەبیتەوە .

## هەلویست لەهاوپەیمانی

٨) دەستەکانی بان چەپ ، چ بەراستیان بی یان بو پروپاگەندەکرد
بی دژی کومەلەو ی.ن.ک و شورش ، وانیشان ئەدەن کە پەروش
هاوکاری و هاوپەیمانی هیزو لایەنەکانی سەرگورەپانی کوردستان
رە تانوتی ئەوە لەیەکیتی نیشتمانی کوردستان ئەدەن کە گوا
یەکیتی (احتکار )ی مەیدانی خەبات ئەکاو ئەیەوی تاکە ریکخرا و
سیاسی بی و دەست بەسەر گورەپانی خەباتی کوردستان دا بگری و بوار
هیچ لایەنیکی تر نەدا .

٩) بیگومان پەروش بون بو هاوکاری و پیکهاتنی هیزو لایەن
سیاسیەکانی کوردستان هەلویستیکی چاکە ، جوتە لەگەل باری سەرت
کومەلەو یەکیتی دا ، پیویستە کاری دلسوزانەی بوبکری و پیکهاتن
هاوکاری نیوان ئەوهیزانە لەسەر بنچینەی قایم و دروست و بەگویر
هەندی پرنسیپی پیویست دابمەزری . ئەو دەستە بان - چەپانە خوشی
لەزانن کە :
- لەکاتیکدا ئەوان هەندی لەو لایەنەیان بەناکوکی سەرەکی شور
گەلی کوردستان دائەناو قسەکردنیان لەگەلیان دا یاخود جور
پیکهاتنیان لەگەلیان دا بەگەورەترین خەتا ئەزانی سەرکردایەت
یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەولی ئەوەی ئەدا خوی بەشەری لاودکی
هەریک نەکاو کاریکی وابکا لولەی هەمو تفەنگەکان بکەریتە رژیم
داگیرکەر .
- سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بو چەندجار
ریکەوتننامەی لەگەل یەکەیەکەی ئەو لایەنانە ئیمزاکرد ، و هەند

لەو لایەنانە باسی هاوکاری ستراتیجیان لەگەل یەکیتی ئەکردو کە
لەچەند تولیکەوە پەلاماریان ئەداو بریاریان دابو لە مەیدا
خەبات دەری پەرینن و هیرشیکی سەربازی گەورە بکەنەسەری .
– یەکیتی هەلگری دروشمی ئاشت بونەوەی گشتیەو چەندین هەنگا
جدی بوئەو مەبەستە ناوەو نایەوی (احتکار)ی مەیدانی خەبات بکا .
۱۰) ئەوی سەیرە لەباسی ئەو هاوپەیمانیتی بەستنەدا ، ئەو تاقم
شیکردنەوەی چینایەتی و ریزبەستنی چینایەتی لەبیرئەکەن . ئەوا
نایانەوی لەهو راستەتینەکانی پەک کەوتنی پیکهاتنی هیزو لایەنەکا
کوردستان بدوین ، کەخویان ئەزانن بەرژەوەندی چینایەتی جیاج
پەیوەندی ئەملاولای ئەوچینانە چەند حوکم لەو هاوپەیمانیتی بە ئە
کەچی بەنارەوا تومەتی ئەوە ئەخەنە پال یەکیتی نیشتمانی کوردست
کەگوایا دەست بەسەر مەیدانی خەباتدا ئەگری و ئەیەوی "شورەسوا
تاقانەی مەیدانەکە بی" .

هەلویست لەمفاوزە و لەسازش

۱۱) ئەو تاقمانە بەشیوەیەکی سەیر کەوتنە قسەکردن دژی گفتوگ
شورش لەگەل میری دا ، بەقسەو بەوتارو بەیان و بلاوکراوە ئەیانوی
راستی چەواشە بکەنەوەو ئەوەندەی بویان ئەکری لەخەلکی بگەیەن
کە :
– مفاوزەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەگەل حکومەتی عیراقدا سا
(مساومەیە) خوبەدەستەوەدانە .
– دەست هەلگرتنە لەخەباتی شورشگیرانەو لەمافەرەواکانی گە
کورد .
– پشتکردنە جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراقە .
– دەربازکردنی رژیمی عیراقە لەکەوتن و داروخان .
– گوی نەدانە بەویستی کومەلانی خەلک و تیکوشەرە شورشگیرەکان .
۱۲) یەکەمین جار نیە لەجولانەوەی شورشگیرانەدا کەئەوانەی بەنا
(م.ل) و کریکارانەوە هەتی قسەکردن بەخویان ئەدەن و بەوج
باسی مفاوزەبکەن و بەوجورە هەلویست لەمساومە وەربگرن .
بزوتنەوەی کریکاری لەسەرانسەری دنیاو بەدریژایی میژ
بزوتنەوەی کریکاران پرە لەمجورە تیزو بوچونەی بان چەپ ، مسا
ئەو هەلویست و بوچونە نەخوشی چەپرەوی مندالانەیە لەبزوتنەو

کریکاران دا .

هەر زوو ئەنسز لەوەرامی ئەمجورە ئیتجا هەدا لەوەرامی سی و سی کومونارە بلانکیستەکان دا لەوەرامی ئەوانەدا کەئەیانوت هەرگیز سازش قبول ناکەین، وتویە کەبە "راستی ساویلکەیی مندالانەیە . کە بیاو بەشوکاوی و هەلەشەیی خوی بکاتە بەلگەیەکی تیوریک " .

ئەوی تەماشای بزوتنەوەی کریکاری دنیا بکا ، تی ئەگا کەچینی کریکار لەدەیان مانگرتن و خوپیشاندا ناچاربون سازش بکەن رەنگە

(م.ل ) د هوشیارەکان بەچاکی لەوە گەیشتبن کەبوچی میژوی چەندەها جولانەوەی شورشگیراندو حیزبی کومونیستی وەکو حیزبی بەلشەفی پرە لەسازش و مانور .

۱۳) راستە کەمفاوزەی بەینی شورش و حکومەتی عیراق لەمناوەروکدا جوریکە لەسازش ، چونکە هەمومفاوەزدیەک لەدنیادا ، لەسەر هەر مەسەلەیەک بی سازش و سازانە ، ململانی یە لەبەینی دولایەن دا کەهەر یەکەیان داخوازی و مەرجی خوی لەوی تر ئەخوازی، هەریەکەیان ئەیەوی زورترین دەسکەوت ـ لەو هەلومەرجەدا ـ لەوی تر بەدەست بهینی و کەمترین شت بدا بەبەرامبەرەکەی .

مفاوزە لەراستی دا ململانی یە لەنیوان دووجورە خواست و دەسکەوتی پیچەوانەی یەکتر ... لەئەنجامیش دا سازش و سازانی هەردوو لایەنەکەیە لەسەر ئەو دەسکەوتانەی ـ لەسەبەری ئەو هەلومەرجەدا ـ هەریەکەیان بوئەوی تر ئەسەلمینی .

مفاوزەی ئەمجارەی شورشی کوردستانیش لەگەل حکومەتی عیراق دا ، ئەبی لەو جوارچیوەیەدا تەماشا بکری ... شیوەیەکە لەشیوەکانی خەبات و ململانی، تیکوشانەو ململانی یە لەسەر ئەو داخوازیانە کە بەشیوەی خەباتی چەکدارانە هەولی هینانەدیان دراوە ... مفاوزەکەش بەشیکە لەو خەباتە بی وچانە ، لەپیناوی داخوازیەکانی خەلکی کوردستان دا ئەکری، بو بەدەست هینانی دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی و فەرهەنگی ئەوتو بوە کەهەم شورش و گەلەکەمان لەو بەترسیانە دەرباز بکا کەلەو هەلومەرجەدا لەرویدا پەیدابون ، ئەم بو سازکردنی زەمینەیەکی لەبارتر بو دریژەدان بەخەبات بەرەو ئامانجە ستراتیجیەکان .

ئەو سازشە بەستنی هاوپەیمانی نەبو لەگەل بورجوازی دژی

بزوتنەوەی شورشگیرانە، بەلکە شیوەیەک بو بوتیپەرکردنی تە
چەلەمەو مەترسیەکی راستەوخو.

١٤) مفاوزەی ئەمجا رەش هەرقونا غیک بو، ئیستگەیەک بو لەریبا
خەباتی دریژخا بانی گەلەکەمان دا کەردوتی گەشەکردنی میژویی لـ
کومەلەکەمان دا سازی ئەکا.

لەو مفاوزەیەدا شورش نەچەکی لەشانی هیزی پیشمەرگەدا مال
نەشاخە سەرکەشدکانی کوردستانی چول کرد نەبنکەکانی لەشاخ
گویزایەوە باوەشی رژیم نەتەسلیمی سیاسەت و بیروبوچونی دوژمن
لەکاتیکدا لەسەرمیزی گفتوگو ململانی لەسەر دەسکەوتەکانی گە
کورد ئەکرا. رەفتاری دزیو و سیاسەتە شوفینیستەکانی رژ
ئەدرایەوە بەروی کاربەدەستانی حکومەتی عیراق دا ئیستگەو بە
و بلاوکراوەکانی شورش سیاسەتی شوفینیانەی رژیمی ریسوائەکرد د
(تدعریب و تەبعیث و تەرحیل و تهجیر)دەیان وتارو نوسـ
بلاوئەکردەوە، لەسەر رەفتاری فاشیانەیان دەیان کوری ئەبەست
دەبان وتارو لیکولینەوەی بلاوئەکردەوە چەندین جارو لەچـ
تولیکەوە شەری لەدژی هیزەکانی دوژمن ئەکردو بەرگری لەکومەلا
خەلک ئەکرد.

بەمجورە ئەو مفاوزەیە، بەواتایەکی تر ئەوسازشە، خوبەدەستەوەد
نەبو، دەست هەلگرتن نەبو لەمافەکانی گەل، پشت کردنە جولانەو
نیشتمانی عیراق نەبو، نەئەبو بەهوی دەرباز کردنی رژیم لەکەوت
داروخان.. بەلکە خوراگرتن و پاراستنی جولانەوەی شورشگیرات
گەلەکەمان بو، ریسواکردنی دوژمن و سیاسەتی بورجوازی عەرە
شوفینی بو، ریگەگرتن بو لەپەرەسەندنی فیکرو دەسەلاتی دوژمن
کوردستان دا، شیوەیەکی تر بو لەململانی و خەبات دژی سیاسەت
عەقل و تیگەیشتن و تی روانین و ممارسەی رژیمی عیراق.

١٥) ئەنجا مفاوزەیەک، سازشی، کەری کردن و بەردەوام بون
لەسەر ریبازی رزگاری نیشتمانی کوردستان، ئیستگەیەک بی لـ
ریبازەدا، مفاوزەو سازشیکی رەوایە، ئەوی بەنارەوا لیکی ئەداو
سەرەتا تاتیکراوەکانی (م.ل) لەبیرخوی ئەباتەوەو مزایەدەیەک
مندالانە بەسەر شورش دا ئەکاو بەسەر واقیعدا بازئەدا.

راستە ئەگەر بزوتنەوەی کریکاران لەعیراق دا لە هەلچونیک
تەواودا بوایە، ئەگەر کارگەکان و شەقامەکانی پایتەخت و شارەکا

ئه‌پولی مانگرتن و خوپیشاندان بیگرتایه‌وه، ئه‌گه‌ر جه‌ماوه‌ری خه
ـه‌پایته‌خت و شاره‌كانی عیراق دا برزانایه‌ سه‌رجاده‌كـــان و چا
پولیسیان ده‌ربهینایه‌و ریكخراوی وه‌ك ئه‌وه‌ی تاقمه‌كـــانی بان چ
كه‌ره‌كیانه‌ پیشه‌نگیان بوایه‌، ئه‌گه‌ر ناوبه‌نا و هه‌ســت به‌باخی بر
ئه‌م ده‌سته‌و ئه‌و به‌شه‌ی سپا بكرایه‌. واته‌ ئه‌گه‌ر شــورش له‌عیرا
ـه‌به‌رده‌م سه‌ركه‌وتن دا بوایه‌.. ئه‌وا هه‌موجوره‌ مفاوزه‌یه‌، ســا
ـه‌گه‌ل حكومه‌تی عیراق دا به‌خیانه‌ت ئه‌ژمیررا به‌ده‌ســت هه‌لگرتن
ریبازو بیروباوه‌ر له‌قه‌له‌م ئه‌درا و مانای ئه‌وه‌ی ئه‌گـــه‌یاند
شورشی كوردستان پشتی كردوته‌ جولانه‌وه‌ی نیشتمانیی و دیموكراتی عیرا

تیگه‌یشتن له‌ریكخراوی شــورشگیر

١٦) ئه‌و تاقمانه‌ی بان چه‌پ، به‌تایبه‌تی ئیتجاهی زال له‌ناویان
ـه‌سه‌ر بنچینه‌ی تینه‌گه‌یشتنی خویان له‌جولانه‌وه‌ی شورشگیرانه‌ی كوردس
ـه‌كومه‌لی كوردستان، له‌عیراقیش وه‌كو ولات و كومه‌لی عــیراق، وه‌
ـ جیان له‌شیوه‌كانی خه‌بات و خه‌باتی سه‌ره‌كی بیر لـــه‌پیویست
دا مه‌زراندنی پارتی كومونیستی عیراق ئه‌كه‌نه‌وه‌ .
واته‌ بیر له‌دا مه‌زراندنی ریكخراویكی سیاسی پرولـــیتاری
ـــه‌رانسه‌ری عیراق ئه‌كه‌نه‌وه‌ .
هه‌ندیكی تریشیان كه‌هیشتا تیگه‌یشتن و بیركردنه‌وه‌یان لـــه‌دوا
قالب دا ره‌نگی نه‌گرتوه‌. بیر له‌پیویستی دامه‌زراندنی ریكـــخراوی
كومونیستی كوردستان - عیراق ئه‌كه‌نه‌وه‌ كه‌هه‌م جوری لـــه‌ سه‌ربه‌خو
ببی هه‌م په‌یوه‌ندیه‌كی ئورگانیكی له‌گه‌ل پارتی كومونیســتی عیرا
ببی له‌سه‌ر شیوه‌ی حیزبی كومونیستی ئیران و كـــومه‌له‌ی زه‌حمه‌تكی
ـه‌ناوی دا .
١٧) بوچونی ده‌سته‌ی دوه‌م هیشتا له‌ژیر كارتیكـــردنی ملمـلانیی
.ه‌رونی دایه‌، كه‌ئاوردانه‌وه‌ له‌باروودوخی تایبه‌تی كوردســـــتا
جولانه‌وه‌كه‌ی بوی پیك هیناون. ئه‌گینا له‌ناوه‌روك دا و لـــه‌ئه‌نجا

هه‌مان بوچون و لیك دانه‌وه‌ی ئه‌وانی تر ئه‌بی، بویه‌ لـــیكدانه
ـــه‌كردنمان هه‌ر له‌سه‌ر بوچونی لایه‌نه‌زاله‌كه‌ی بانچه‌په‌كان دائه‌ری
١٨) حیزبی سوعی عیراق نمونه‌یه‌كی ئه‌و بیرو ئاواته‌ی ئـــه‌و تا
بان جدیانه‌یه‌، كه‌جاوخشاندنه‌وه‌یه‌كی به‌ په‌له‌ به‌ژیانی ســـیا

یکخرا ودیی ئەوحیزبەدا ، وە دوبا رەکردنەوەی هــــــەما ن ریچک
قیکردنەوەی ریکخرا وەی کەموکورتی و ئەنجا می "پا رتی کومونیە
یرا ق "ی با ن چەپەکا نما ن ئەخا تە بەرچا و .

سەرددمیکی ژیا ن و خەبا تی حیزبی شیوعی عیرا ق، لەســەر بنچی
ینا یەتی و ریکخستنی هەمو کریکا را نی عیرا ق بــــەکوردستا نیش
تە یەک حیزبی شیوعی دا مەزرا ند ، وا قیعی کوردستا ن و مەســـ
یندوەکەی ئەرا موش کردبو .

لەو سەردەمەدا حیزبی شیوعی نەیتوا نی سود لەوا قــــیعی با ب
وردستا ن و جولانەوە میژوکردەکەی وەرگری،لەهەلومەرجی لاوازی رژ
یرا ق و را پەرینی با رزا ن دا دەرفەتی بەهـــــــیزکردنی جولانە
ورشکیرا نەی جەما وەری عیرا ق و لاوا زکردنی رژیمی عیرا قی لــەدە
و ، ئەندا مەکا نی لەکوردستا ن دا بیروبوچونی کوســـموپولــیتی
ویا ن دا بلاوبوەوە ، لەریزی ئەندا مە عەرەبەکا نیشی‌دا شــوفینیـ
کولی کردن لەوەش کەکورد نەتەوەیە .

سەردەمیکی تر هەستی بەکرنکی با رودوخی کوردســــتا ن و جولانە
ەنا وی کومەلی کوردستا ن کرد ، بەلام چونکە لەسەر بنچینەیەکـــ
ورمی ریکخرا وەیی دا نەریژرا بو کەبتوا نی کا ربکــــا تە جولانەوەک
ەرکردا یەتی بکا ، پا رتی دیموکرا تی کوردستا ن توا نــــــــی جلــ
ەرکردا یەتیەکەی بگریتەدەست ، ئەوسا حیزبی شــیوعی دوچاری حال
یزوفرنیا ی ســیا سی ها ت :

ـ لەلایەک وەک حیزبیکی عیرا قی (دەرەوەی کوردستا ن ) تەما شـــــ
ولانەوەی کوردستا نی ئەکرد ، لەهەنا وی دا ئیتجا هیک هـــــــەبو
یزگرتنی جولانەوەکەو دا خوا زیەکا نی ئەویســت .

ـ لەلایەکی تریشەوە وەکو حیزبیکی شیوعی عیرا ق (لــــەکوردستا
ەچا وی هەوی، تەما شا ی پا رتی ئەکردو هەر لەویشـــــــەوە تەما ش
ولانەوەکەی ئەکردو جولانەوەکەشی بەهەوی و نا حەزی خوی نەماشا ئ
ـ لەئەنجا مدا بەهوی ململانی‌ی‌و تیکەل بونی هەردو حا لـــــــەتەک
دلویستیکی را ست رەوی خرا پی لەجولانەوەکە وەرگرت .. تـــــا دو
یتی حیزبی شیوعی پەرەی سەندو بەهیزبو ، نەیتوا نی هــیچ رول
کی تیدا وا زی بکا و کا ری ئیجا بی تی بکا . رەوتی جـــــــولانەوە
را نی خرا پی بەسەردا ها ت ، سەرکردا یەتیەکەی کەوتە دەســــتی

عەشایری بورجوازی، کەچی کەحیزبی شیوعی جیگەی پی لەق بو لە ژیر سیبەری ئەو سەرکردایەتیەدا و لەباوەشی جولانەوەی کوردستاندا خوی گرتەوە... تا وای لیهات هەمیشە وەکومیوان لای جولانەوەی کورد تەماشابکری نەک وەکو بەشدار یاخود "پیشرەو".

x تاقیکردنەوەی (قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عیراق)یش، حالی لەو باشتر نەبو. نەیتوانی دەورو کارتیکردنیکی وای ببی کەتەنانەت

خوشی لە لەناوچون و بلاوەلیکردن دەرباز بکا.

١٩) ئایا ئەوشکست و بی کارەیەی حیزبی شیوعی عیراق و قیادەی مەرکەزی لە مەسەلەی کوردا هەموی لەوەوە هاتوە کە مەسەلە بنەرەتیەکان دا لە (م.ل) لای داوە، یان نەیانتوانیوە پیرەوی بکەن؟ یان لەوەشەوە هاتوە کەیەک بەرنامەو یەک شیوازی ریکخستنی بو عیراق و کوردستان داناوە، هەولی داوە جولانەوەی کوردستان لە چوارچیوەی ریکخراوەیی حیزبی شیوعی عیراق دا لەقالب بدا؟.

بیگومان تیگەیشتن لەجولانەوەی هەناوی هەرکومەلیک، وەگونجاوی شیوەی ریکخراوەیی لەگەل ئامانجەسیاسیەکانی ئەو ریکخراوەشورشگیرە مەسەلەیەکی بنچینەییە لەتوانا و بەکاری ئەو ریکخراوەدا بو ئەوەی کاربکاتەسەر رەوتی روداوەکان، بوئەوەی بتوانی جلەوی گوران و گەشەکردنیان بەدەستەوەبگری.

ناسین و دەستنیشان کردنی ئامانجی جولانەوەیەکی شورشگیرانە، لەدوخیکی ئالوزو سەختی کوردستان و عیراق دا، بەبی تیگەیشتنی تەواو لەماهیەتی ئەو جولانەوەمیژوکردەی لەهەناوی کومەلیکوردستاندا ئەجوشی و دانامرکیتەوە، بەقالبی فیکری ئامادەو بەتیگەیشتنی میکانیکی لەخەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی ناکری و ناپیکری چونکە هەمو بزوتن و جولانەوەیەک ئیتجاهی خوی و ئامانجی خوی هەیە. کەناشی بەزورو بەپیی قالبەحازرەکان دیاری بکری و بخریتە چوارچیوەیەکی دەسکردەوە... ئەوجولانەوەیە میژوکردەو لەرەوتی خوی فورمی خوی دائەریژی و شیوەی ریکخراوەیی خوی دائەریژی، چونکە ریکخستن هوی گەیاندنی تیوریە بەجی بەجی کردن.

جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستانیش، بزوتنەوەیەکە ئیتجاە و ئامانجی خوی هەیە، بابەتیە، رەوتی گەشەکردنی میژو ئەیسەپینی... بەئارەزوی ئەمو‌ئەو ئامانجەکەی ناگوری، ئیتجاهی جولانەوەکەی ناگوری.

36

ئەم جولانەوەیە ئامانجی کوتایی خوی هەیە، جولانەوەیەکە لەژیر زەبری بارستایی چەندین جور چەوسانەوەدا بوپیشەوە ئەچی، کە سەخت ترین و زەق ترین شیوە یان چەوسانەوەی نەتەوایەتیە (لەناوەروکدا چەوسانەوەیەکی چینایەتیە)، ئیتجاهی جولانەوەکە روو لەرزگاری نیشتمانی کوردستانە، واتە روولەدەربازبونی کومەلی کوردستانە لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی، تا بکەویتە سەر شاریی گەشەکردنی کومەلایەتی و هینانەدی کومەلیکی بی چین و چەوسانەوە، ئامانجی جولانەوەکە رزگاری نیشتمان و هینانەدی کومەلیکی بی چین و چەوسانەوەیە ..

بەوپییە ئەو ریکخستنەی ئەبی بەپرد بوئەوەی ئەو جولانەوەیە بگاتە ئەوئامانجە دیاریکراوە، ئەبی ریکخراویک بی لەگەلیا بگونجی، رەنگی ئامانجەکە بگریتەخوی و روبکاتە ئیتجاهی جولانەوەکە .

بەومانایە ئەو ریکخراوەشورشگیرەی ئەتوانی ئەو جولانەوەیەی کوردستان بگەیەنیتە دوا ئامانجەکانی خوی ئەبی :

- رەنگ و ناوەروکی جولانەوەی کوردستان بگریتەخوی و رەنگی ئەوان بگری .

- ریکخراویکی کریکاری بی، بەعەقل و ئایدیولوجیەتی پرولیتاریا سەرکردایەتی جولانەوەکەبکا . واتە چەکداربی بەتیوری شورشگیرانە .
- بتوانی فراوانترین بەشی کریکاران و زەحمەتکیشان لەژیر ئالایەکدا کوبکاتەوەو بەگەریان بخا .
- لەناخی جولانەوەی کوردستان دا، بزوتنەوەی کریکاران بکەشیتەوە، بەو بزوتنەوەیەش جولانەوەکە بەهیزتربکاو هەستی چینایەتی تیا تول بکاتەوە .
- ریکخراویکی چەکداربی و سازبی بوخەباتی چەکدارانە .
- زەحمەتکیشانی کوردستان ئەو ریکخراوە بەریکخراوی خویان دابنین و لەپیناوی ریبازەکەی دا خزمەت بکەن و فیداکاری بکەن .

٢٠) ریکخراویکی شورشگیر کەهەولی تیابدری لەلایەک روخساروناوەروکی جولانەوەی هەناوی کومەلی کوردستان بگریتەخوی لەلایەک هی عیراق کە هەریەکەیان ئیتجاهی خویان هەیە ئەوا نەهی کوردستان و نەهی عیراق ناگریتەخو، یان هی یەکیکیان لەسەر حسابی ئەوی تریان ئەگریتەخو، یەکیکیان کیش ئەکاو بەدوای ئیتجاهی ئەوی کەیانی ئەباو

لەئەنجامدا بەدەردی تاقیکردنەوەکانی "حیزبی شیوعی عیراق" و تیا دەمەرکەزی ئەچی و هەردوو جولانەوەکە نائومید ئەکا و تووشی گەرداوبان ئەکا .

هۆکانی پەیدابونی تاقمەکانی بان چەپ کامانەن ؟

(٢١) میژوی جولانەوەشورشگیرەکانی دنیا ـ ڕاستیەک ئەسەلمینی کە ڕەوتی جولانەوەی شورشگیرانە دوو دیاردەی ئوپورتونیمتی لەگەلیدا پەیدا ئەبن، ئوپورتونیزمی چەپرەو، وەئوپورتونیزمی ڕاستڕەو، ئەم دووجورە هەردوکیان بەدریژایی جولانەوەکە لەتەکی دا پەیدا ئەبن، ماوەیەک ئەژین و کویرئەبنەوە، جاریکی تر لەدەرفەت و وەرچەرخانی تردا سەرلەنوی سەرهەلئەدەنەوەو ئەپوکینەوە .

حیزبی بولشەفی، وەکو لینین ئەلی : لەخەباتدا دژی ئوپورتونیستەکانی هەناوی بزوتنەوەی کریکاران پەروەردە بو وە گەشەی کرد، ئەم حیزبە لەگەل ئەوەی کەلەسالی ١٩٠٣ وەبەگژ لادانی (چەپرەو)ەکاندا چوە، دووجار بەتوندی کەوتوتە ململانی و خەبات دژی لادانی "چەپرەوەکان" :

ـ جاری لەسالی ١٩٠٨ دەربارەی بەشداریکردن لە "پەرلەمان" هەرەکونەپەرست و ریکخراوەئاشکراکانی کریکاران . کەلینین لەو هەلومەرجەدا بەشداریکردنی ئەوپەرلەمان . نەقابانەی لاپەسەند بو، لادەرە "چەپرەوەکان" یش دژی ئەو سیاسەتە ئەوەستان .

ـ جاریکی تریش لەسالی ١٩١٨، دەربارەی پیکهاتنی (بریست) کە لینین ئەو سازشەی لاپەسەندبو، پاکانەی بوپیویستی و قازانجەکانی ئەکرد، لادەرە "چەپرەوەکان" یش بەخەتایەکی گەورەیان لەقەلەمئەدا .

(٢٢) لەکوردستانیش دا هەرلەیەکەمین سالی تەمەنی کومەلەدا دەستەیەکی بان چەپسەری هەلدا، و پشیوی خستەریزەکانی کومەلەوە، لەو سەردەمەدا کومەلە لەخەباتی ژیرزەمینی دابو، ئەرکی ڕاستەوخوی لەدوو مەسەلەی سەرەکی دا خوی ئەنواند :

١ـ هەلویست لەجولانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان .

٢ـ ریکخراوی شورشگیری کریکاری گونجاو لەگەل ناوەروکی جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان وەیەکیتی ریکخستن لەگەل کریکارانی عیراق یاخود یەکیتی تیکوشان لەگەل بزوتنەوەی کریکاری و شورشگیری عیراق .

بان چەپەکانی ئەو سەردەمە، وەکو بان چەپەکانی ئەمرو بەسەر واقیعی خەبات و تیکوشان دا بازیان ئەدا، گرنگی و بایەخیان بەو جولانەوە مەزنە نەئەدا کەلەهەناوی کومەلی کوردستان دا لەهەلچون بوپیشەوەچون دابو. قسەیان لەنا رەوایی پارتی پیشرەوی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان ئەکرد، لەبریتی یەکیتی تیکوشان و خەباتی هاوبەش لەگەل بزوتنەوەی کریکارانی عیراق بیریان لە یەکیتی ریکخستن و بەرنامە ئەکردەوە، بەرنامەیان بویەکخستنی ریکخراوەیی ئەختەکایە، کەلەو سەردەمەدا مەبەستیان تواندنەوەی کومەلە بو لەنا و قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عیراق دا.

ئەو دەستەیە تەمەنی دریژنەبو، سەرهەلدانیکی کاتی بو، بوکایەوەو لەناوچو.

جاریکی تر، پاش چەند سالی لەخەباتی چەکدارانەو هەلگیرسانەوەی شورشی نویی گەلەکەمان تاک و تەرا و ناوبەناو ئەو جورە بوچونە سەری هەلدایەوە، بی ئەوەی زەمینەی پەرەسەندنی لەباربی.

٢٣) لەسیبەری جەنگی عیراق – ئیران دا، پاش ئەوەی شورش باسکی ئەستوربو، توانی لەروی ئیتجاهە راسترەوەکانی جولانەوەی کوردا، خوبگری و گەشەبکاو ناوچەئازادکراوەکانی فراوان ببی. هەلومەرجیکی نوی هاتەپیشەوە کەزەمینەیەکی لەباری سازکرد بوسەرهەلدانەوەی ئەو جورە بیرورا "چەپرەوانە"و پەیدابونی چەندین دەستەو تاقمی بان چەپ.

آ . هیزو لایەنەکانی سەرگورەپانی کوردستان، چ بورجوازی کوردستان و کونەپەرستان چ حیزبی شیوعی تقلیدی عیراق، لەگەشەکردن و خورت بونی کومەلەو یەکیتی نیشتمانی کەوتنە مەترسیەوە، دەستیان کرد بە داوکاری و هماهەنگی بوگدمارودانی سیاسی یەکیتی نیشتمانی و کومەلە، تاگەیشتە گەمارودانی چەکدار – سیاسی ئەو لایەنانە دژی کومەلەو یەکیتی. دوابەدوای ئەوەش پەلاماردانی مەلبەندو بنکەکانی و نەخشەکیشان بو پەلاماردانی سەرکردایەتی ی.ن.ک .

یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەدەوری کاریگەری کومەلە، نەخشەی بو بەرگری کردنی ئەو مەترسیانەدانا، دەستی کرد بەجی بەجی کردنی. لەسەرەتادا هەولیکی زوری دا کەبەربگەی سیاسی و گفتوگو، بەسازش و سازانی پیویست ئەو مەترسیە دوربخاتەوە. ئەو نەخشەیەی لایەنە

نەیارەکان هەڵوەشێنیتەوە، بەلام کەریگەی سیاسی و تەنانەت سازش و سازانیش سودیان نەبو، بەهەمان ئوسلوبی هێزو لایەنەنەیارەکانمان، بەربگەی عەسکەری دەستی کرد بەوردوخاش کردنی نەخشەی ئەولایەنانەو یەکێتی لەپیلانەکەیان پاراست و لەجاران بەهێزترو دەسەلاتدارتر لەمەیدانی تێکوشان دا مایەوە، ریگەی پەرەسەندن و گەشەکردنی پیوا.

لەو هەوڵ و تەقەلاو بەرگری خوپاراستنەدا، هەم لەریزەکانمان داو هەم لەدەرەوەی ریزەکانمان چەندین ئاوازی چەپرەوی منداڵانە ئەکەوتەبەر گوی، چ بەئاشکراو چ لەپەناوپاسارداتومەتیان ئەخستەپال سەرکردایەتی ی.ن.ک و کومەڵە.

× لەکاتی هەوڵ و تەقەلای سیاسی لەگەڵ ئەولایەنانەدا، دژایەتی ئەو سیاسەتەیان ئەکردو ئەیانوت "قیادەموقتە" ناکوکی سەرەکی شورشەو لەرووی چینایەتیەوە لەسەنگەری دوژمنی سەرەکی دان، سازش و سازان لەگەڵیان، خەتایەکی گەورەیە، خو حیزبی شیوعی عیراقیش تەحریفین و سازش لەگەڵیان دا هەمان خەتایە.

× لەکاتی وەرامدانەوەی چەکدارانەو پاککردنەوەی گورەپانی خەبات لەهێزی ئەو لایەنانە، ئەیانوت یەکێتی و سەرکردایەتی کومەڵە کەسیان بەدوست نەهیشتوتەوەو (احتکار)ی ساحەی خەبات دەکەن.

× لەکاتی خوپاراستن و پاراستنی شورشی میللەتەکەمان لەهێرشی قیادەموقتە، بەپشتیوانی لەشکری ئیران لەناوچەکانی نزیک سەرکردایەتی لەئالوەتان و کونەمشکی، هەمان ئاواز دلی پیشمەرگەی سارد ئەکردەوەو سەرکردایەتی یەکێتی و کومەڵەی وەکوسەرچل و سەرەرو لە قەڵەم ئەدا.

لەسەردەمی ئەو روداوە جیاجیانەدا قسەوباسی باڵ چەپەکان تا ئەهات زیادی ئەکرد، وەئەبونە دەستەی جیاجیاو خویان پیچەوانە و دژی کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ریک ئەخست. وەسودیان لەسەرقاڵی و مشغول بونی سەرکردایەتی یەکێتی و کومەڵەو هێزەکانی وەرئەگرت بوکوکردنەوەی نارازی (هەندی جار بەزیوەکانی) ئەو شەرو ململانی سەختانە.

ب. لەگەڵ توندوتیژبونی جەنگی عیراق ـ ئیران دا، لەسیبەری گەشەکردنی ناوچە رزگارکراوەکانی شورش و فراوانبونی دا، پاش کەمبونەوەی مەترسی هێرش و پەلاماردانی هێزەکانی رژیم بوسەر گوندەکانی کوردستان:

× لادێکانی کوردستان بون بەجێگەی حەوانەوەی دەیان هەزار سەربازی هەڵاتو، زوربەی ئەو سەربازانەو بەتایبەتی خوێندەوارەکانیان لەو گوندانەدا بێ ئیش و بێ کاربون، دەست بەتاڵ خەریکی مشت و مڕ و ڕەخنەگرتن بون لەهەمو بیروڕا و هەڵویست و ڕەفتارێکی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکان و سەرکردایەتی کومەڵەو شۆڕش.

لەناو ئەوانەدا چەندین سەربازی هەڵاتو هەبون، کەبیروڕای سیاسی خویان هەبوە بەڵام لەشارەکان دا و لەژێر زەبروزەنگی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا، بواری دەربڕینیان کەمبوەوە دەرفەتی دوزینەوەی هاوچەشنەکانی خویان و خو ڕێکخستنیان کەم بو. لەسایەی شورش لەناوچە ئازادکراوەکان دا ئەو دەرفەتەیان بو پەیدابو وە هەم دەستیان کرد بەدەربڕینی بیروراکانیان، و ڕەخنەگرتن لە هەمو سیاسەت و هەڵویستەکانی شورش و هێرش بردنە سەر کومەڵە، هەم کوبونەوەو چاوپێکەوتنی یەکتری و خڕبونەوەو بیرکردنەوە لە خورێکخستن.

× لەناو ریزەکانی کومەڵەش دا چەندین کەس هەبون، کەلەریبازی کومەڵە ترازابون، لەسیاسەت و هەڵویست و بیروراکانی ڕازی نەبون، لەگەڵ ئەو سەربازە هەڵاتوانەدا یەکیان گرتەوە، کوروکوبونەوەیان ئەکردو بیروڕای خویان یەک ئەخست و پەیوەندی و هاتوچویان لەگەڵیان پەیداکرد.

× لەریزەکانی شورش دا، لەناو ئەندام و کادرەکانی کومەڵەش دا، چەندین کەسی تر پەیدابوبون کەبێزارو ناڕازی بون لەوانە:

ـ هەندی کەسیان هەستیان بەمغدوری ئەکردو بەئیش و کارەکانیان ناڕازی بون، جا لەوانەدا هەبو بەڕاستی مغدور بو هەقی خوی پێ نەدرابو، جێگەی شایستەی پێ نەدرابو، هەش بو تەنها خوی بە مغدور ئەزانی و لەڕاستی دا مغدور نەبو.

ـ هەندی کەس ڕاو پێشنیارو بیروڕای خوی هەبوەو لای دەزگا سەرکردایەتیەکان باسی کردوە، ئەنجا ڕاستیان جەوت بوبی، بەدڵی خوی گوێی لێ نەگیراوە، بایەخ بەقسەکانی نەدراوەو زویر بوەو کەوتوتە ناو ناڕازیەکانەوە.

ـ هەندی کەس ماوەیەک لەپێشمەرگایەتی دا ماوەتەوە، نائومێدبوە، تاقەتی پێشمەرگایەتی نەماوە، بەشوێن بەڵگەولێکدانەوەیەکدا ئەگەری کەلەو حاڵە دەربازی بکا، ئەو تیزانەش کەخەباتی چەکدار بە باش

نازانی لەگەل قازانجی ئەودا یەک ئەگریتەوەو پەسندی ئەکا .

ـ هەندی کەس تاقەتی پیشمەرگایەتیان نەماوە، بەزیون بیروبیانو بەشورش ئەگرن و لەوودەستەو تاقمە رەخنەگرانەدا خویان ئەگرنەوە .

ـ هەندی توانای پیشمەرگایەتیان نەماوە، ئەچن تەسلیم ئەبنەوە، ئەگەرینەوە شارەکان، بیانو بوتەسلیم بونی خویان ئەدوزنەوە، قسە بەشورش و ریبازو سەرکردایەتیەکەی ئەلین، ریکخستنی کومەلە لە شارەکان دا وەریان ناگریتەوە، ئیتر خویان لەگەل ئەودەستە بان ـ چەپانەدا ئەگرنەوە کەئیتر توشی پیشمەرگایەتیان ناکەنەوە .

ئەو نارازیانەی شورش ، کەلەناوچە جیاجیاکانی، ژیردەسەلاتی شورش دا یان لەشارەکان دا بیزارو نارازی ،و هەندی جار بی ئیش و کار دانیشتون، ئەبنە نیجیری ئەو کەس و دەستە بان چەپانە، ئەیانگرنەوەو لەدەوری خویان کویان ئەکەنەوە .

ج . شیوەی پەروەردەکردنی فیکری لەریزەکانی کومەلەدا لە هەمو ئاستەکان دا دروست و ریک و پیک نیە ، لەهەندی ئاست و پول و کەرتدا باشەو لەهەندیکی تردا خراپە . ئەویش ئەبیتەهوی ئەوە کە لەلایەک سەر لەتیکوشەرەکان تیک داو تووی چەپرەوی مندالانە لایان بچینی ، لەلایەکی تریشەوە تیکوشەرەکان تیرناکا ، ئەو باس و بابەتانەی بە شوینی دا ئەگەرین، بویان باس ناکری، ئەوپرسیارانەی لایان قوت ئەبیتەوە وەرامی نادریتەوە... ئیتر هەم لەریکخستن بیزارو نائومید ئەبن هەم بەئاسانی لەلایەن خویندەوارە بانچەپەکانەوە لاس ئەدرین .

هەندی لەبابەتەکانی پەروەردەکردنی فیکری لەریزەکانی کومەلەدا ئەوەندە دورە لەواقیعی کوردستانەوە، ئەوەندە واقیعی کوردستان و میژو و جولانەوەکەی، باری ئابوری و کومەلایەتی فەراموش ئەکا ، بە شینەیی ئەو تیکوشەرانە لەواقیعی خەبات و تیکوشان هەلئەکەنی و ویل و سەرگەردانیان ئەکا . هەندیکی تر تیوری شورشگیرانەی (م.ل )ی

فیرناکا ، چاوی بەدەرس و بەندی بەشرخەکانی جولانەوەی شورشگیرانەی دنیا ناکاتەوە .

ئەو جورە پەروەردەکردنە والەدەیان تیکوشەر ئەکا کەببن بە نیجیری دەستەکانی بان چەپ و هەول بدەن وەرامی ئەو پرسیارانەی خویان لای ئەوان بدوزنەوە .

د . هەندی جار کیشەی شەخسی و ململانی شەخسیەکان ، بەشیوەی

هاوڕێیانەو لەچوارچێوەی ڕێکخستن، و لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی گشتی شۆڕش، و بەهۆی پرنسیپەکانی ڕێکخستنەوە چارەسەر ناکرێن.. نەشەتە ئەکەن و توندوتیژئەبن، تا ئەبێتە ناحەزی و توندوتیژبوونی ململانێی شەخسی .. کەهەندێ جار ئەوە ئەبێتەهۆی :

- دروست بوونی بێزاری و نارەزایی و تۆستنەوەی لەلایەن ئەم و ئەوەوە، بەتایبەتی ئەوتاقمە بانچەپانەو بەزەرەری کۆمەڵەوشۆڕش .

- وەرگەڕانی ئەو ململانێی شەخسیانە بۆململانێی فیکری و داڕشتنی لەسەر بنچینەو لەقالبی ململانێی سیاسی و فیکری دا .

د . هەلومەرجی مفاوزە، کەتائەندازەیەک زەبروزەنگ لەکوردستاندا خاوبووەوە، ئەو کەسانە توانیان لەسێبەری مفاوزەدا باشتر بجولێن و خۆیان ڕێکخەن .

## چۆن بەرامبەر ئەو دیاردە بان چەپانە ڕەفتارئەکەین ؟

هەندێ لەو بیرورا بانچەپانە لەریزەکانی کۆمەڵەدا سەرهەڵئەدەن، هەندێکی تریشی بەشێوەی دەستەو تاقمی جیا لەکۆمەڵە پەیداشەبن یاخود ئێستا هەن و کارئەکەن .

دیارە ئەوجۆرە بیرورایە زادەی بیرو هەڵوێست و لێکدانەوەی بورجوازی بچوکە، بۆیە بەرلەهەمو شتێ ئەبێ هەڵوێست و چارەسەرکردن ڕوبکاتە ریشەکێش کردنی بیروبۆچون و هەڵوێست و مارسەی بورجوازی بچوک لەریزەکانی کۆمەڵەدا .

نەخۆشی "چەپرەوی" منداڵانە لەبزوتنەوەی کرێکاران دا، لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی‌کوردستان دا، دیاردەیەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو نیە . ئەم دیاردەیەش تەنها لەکوردستان دا پەیدا نابێ و تایبەت نیە بەکۆمەڵە . دیاردەیەکە، لەهەر شوێنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەیی سەرهەڵئەداو لەو هەلومەرجانەدا کەزەبروزەنگی تیا کەم ئەبێتەوە، تائەندازەیەک پەرەئەسێنێ و خۆی ڕێک ئەخا پاشان ئەوەندە ناژی نائومێدئەبێ و ئەچێتەوەیەک و بزرئەبێ .

بورجوازی بچوکی کوردستان بەژمارە زۆرن و بەشێکی بەرینی کۆمەڵ پێک ئەهێنن، لەهەمو جولانەوەیەکی سیاسی دا بەشداری ئەکەن و زۆرو کەم دەوری خۆیان ئەبینن، لەڕێکخراوی (م.ل) دا بەشداری ئەکەن و بەبزوتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی لادێوە ئەلکێن . ئەتوانن هەم ڕۆڵێکی باش لەبلاوکردنەوەی بیری سوسیالیستی دا بگێرن. هەم

تەنگ بینی و پەلەبەل کردن و خوپەرستی خویان بهیننە ناو بزوتنەوەی شورشگیرانەو ریزەکانی کومەلەوە. یەکیک لەخاسیەتە ئەساسیەکانی بورجوازی بچوک ئەوەیە کەخەو بە (سوبرمانەوە) ئەبینی لە هەمو مەسەلەیەکی ژیان دا بەوجورە تەماشای دیاردەکان و گوران و گەشەکردن ئەکا، واتە ئەوپەری ئەگری، لەهەورازو واقیعدا هەموشت ئەبینی و توشی مزایدەکردن ئەبی، کەچی پشوی کورتە، زو بیزارئەبی لەبەردەمی گیروگرفتەکان دا زوو لەخەبات تەوەلائەبی.

بویەکەمین هەنگاو لەبەگژاچونی بیروراکانی بان چەپ دا، ئەبی روو بکاتە، ریگەگرتن لەبلاوبونەوەی رەفتارو خاسیەت و بیروراکانی بورجوازی بچوک لەریزەکانی کومەلەدا وەبەگشتی ئەم ئیشانەی خوارەوە کاری پیویستن بو رەفتارکردنی دروست بەرامبەر ئەو دیاردە و تاقمانە.

١ - هەولدان بو کەمکردنەوەو نەهیشتنی بیزاری، بانگ کردنی ئەو هاوری یانەی کەئەو بیزاریە گرتونەتیەوە، قسەکردن لەگەلیان دا، قەناعەت پی کردنیان بەو ئیش و کارانەی بویان دیاری ئەکری.

٢ - قسەکردن لەگەل ئەو هاوریانەی بیروراپان هەیەو بە دلی خویان گویبان لی نەگیراوە تابتوانن لەسەر هەمو مەسەلەکانی خویان بدوین. و ئەنجا ریگەیان بدری لەچوارچیوەی ریکخستن و لەجوگەکانی ریکخستن دا بەپیی سەرەتاو پرنسیبەکانی ریکخستن بیروورای خویان دەربرن و بیروبوچونەکانیان بەکەم نەگیری و بەسوک تەماشانەکری.

٣ - پرنسیبەکانی ژیانی ناوخوی کومەلە، سەرەتا، ریکخراوەییەکان بەوردی و بەتوندی جی بەجی بکرین و ریگەی بەرەلایی و پشیوی سازکردن بگیری.

٤ - بەرنامەکانی پەروەردەکردنی فیکری، دەورەی کادران و روشنبیری، بەرنامەی پەروەردەکردنی روشنبیری شانەو پول و کەرت و ریکخراوەکان، بەرنامەیەکی ناوەندی بی و لەواقیعی خەبات ومعارسە دورنەکەوینەوە. لەو ئاستەدابی کەوەرامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کەتیکوشەر لە شورشی کوردستان دا، لەخەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی ئەوواقیعەدا لای پەیدا ئەبن.

٥ - نوسین و بلاوکراوەکانی کومەلە، لەلایەک هەمو سیاسەت و هەلویستەکان بەباشی و لەکاتی خوی دا بەچاکی رون بکاتەوە، ئاستەکانی ریکخستنیش هەول بدەن بەچاکی بەو دەورەهەلسن، لەلایەکی

ترەوە هەول بات بروبیا نوەتیوریەکانی ئەو تاقمە بانچەپانـــــــە هەلتەکینی و بەریشەفیکریەکانیان بەململانێی فیکری و سیاسی لەبن هەلـــکەنی .

بەلام لەهەمو ئەوانە ئەوەیە کورد گوتەنی : "مالی خـــوت تابەم بکـــرەو کەس بەدز مەگرە ".

مەسەلەیەکی زورگرنگ هەیە کەنابی فەراموش بکـــــــری ، ئەویش تاقیکردنەوەی شورشگیرانەی دنیا سەلماندویتی و ساخی کردوتەوە :

لەو هەلومەرجانەدا کەتیزو بیرورای "چەپرەو "ی منـــــدالانە و بیروبوچونی تیکەل و پیکەلی بان چەپ پەیدا ئەبی، بەتایبـــەتی لەو کاتانەدا ریکخراوی شورشگیر بەناچاری ئەچیتەوە بەگـــژ تیزو بیرو بوچونەکانی ئەو "چەپرەوانە " دا ، وەک مەسەلەی کارو کاردانەوەی فیزیک ، ئیتجاهی راستڕەو سەرهەلدەدا ، بیروراکانیان ئەکەونە روو مەترسی پەیدا بونی ئیتجاهی راستڕەو دیتەکایەوە ، کەئەبی کومەلەو تیکوشەرەکانی زور هوشیاربن، بەژیرانە بچن بەگژ بیروراکـــــانی بان چەپدا و ریشەکیشیان بکەن، پشت ئەستور بەبیروباوەری راســـتی

کومەلە هەلویست و لیکدانەوە چەوتەکانیان بەدروبخەنەوە ، تا وەکـو تاودانەوەی ئەو "چەپرەوی "یە نەبیتەهوی پەیدابونی راســـترەوی و پەرەسەندنی چارەسەرکردنی دیاردەیەک نەبیتە هـــــوی پەیدابونی دیاردەیەکی ترســـناکتر .

## چون ململانیی ناوخوی کومەڵە ئاراستەئەکەین

کومەڵە ژمارە (٦) خولی ٣

حوزەیرانی ١٩٨٥

**چون ململانیی ناوخوی کومەڵە ئاراستەئەکەین ؟**

**١) جیهان پرە لەململانی ، چونکە پرە لەناکوکی ...**

بزوتن و گەشەکردن و بوپیشەوەچونی کومەڵی مروفسایەتی بە چارەسەرکدنی ناکوکیەکان ، بەبی ململانی بەچارەسەرکردنی ئەو ناکوکیانە، کاریکی ستەمە .

لەهەمو کومەڵیکدا ، ناکوکی جوراوجوری تیدایە، کە ململانی پەیدائەکەن ... هەریەکە لەوناکوکیانەش بەجوری لەجورەکانی ململانی چارەسەر ئەکرین .

لەهەناوی هەمو حیزب و ریکخراویکی سیاسیشدا ناکوکی هەیە، ئەو ناکوکیانە ململانی پەیدائەکەن ،وە بەبی ململانی ئەوناکوکیانە چارەسەر ناکرین .. بەبی چارەسەرکردنی ئەوناکوکیانەش ئەو حیزب و ریکخراوانە ناتوانن ئەرکەکانی ئەستوی خویان جی بەجی بکەن .

بەو مانایە بەبی ململانی کردن، بەبی ئاراستەکردن وبەریوەبردنی ململانی بەری و شوینی راست و دروستدا ، گەشەکردن و بو پیشەوەچونی کومەڵ کاریکی مەحالە... پتەوبون و بەهیزبونی ریکخراوی سیاسی هەرخەونە

**٢) هەندی هاوری لایان وایە کەبونی ناکوکی ، ململانی کردن بو لابەلاکردن و چازەسەرکردنیان لەریزەکانی کومەڵەوشورشدا ،دیاردەیەکی خراپەو ناخوشە، پێی نیگەرانن و دلتەنگ ئەبن .**

ئەو هاوری یانە، بەچاکی لەناوەروکی گوران و گەشەکردن نەگەیشتون، چونکە بونی ناکوکی لەریزەکانی کومەڵەو شورشدا ، لە کومەڵیکی فرەچینی وەکو کومەڵی کوردستاندا مەسەلەیەکی ئاساییە بەلکە کاریکی زور پیویستە .

بەلام ئەوی نائاساییە، ئەو دیاردانەی مایەی نیگەرانین، ئەو جورە ململانی یانەن کەنارەوان وری و شوینی دروست بەخویانەوەناگرن

**٣) کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ریکخراویکی سیاسی چینی کریکارە، لەکومەڵی کوردستاندا ، پەیدابوەو ریگەی گەشەکردن**

46

ئەگریتەبەر، لەوکومەلەدا گەلی کوردستان، پارچەپارچەوماف زەوتکراوە. ئازادی و سەربەستی نیەو ریگەی گەشەکردن و پیشکەوتنی لی گیراوە کومەلیکی پاشکەوتوە، نیشتمانەکەشی پارچەپارچەو داگیرکراوە. چەندین جور ناکوکی لەنیوان گەلی کوردستان و داگیرکەران و زەوتکەرانی ماف و ئازادیەکانی دا، وەلەهەناوی کومەلی کوردستان خوی داهەیە ناکوکی چینایەتی و نەتەوایەتین. چارەسەرکردنی ئەو ناکوکیانە ئەرکەکانی جولانەوەکەی دیاری ئەکەن، ریبازی سیاسی (ستراتیج تاکتیکەکانی) ئەنەخشینن. دیارە کومەلە لەکومەلیکی سرەوتو – جولانەوەدا نەهاتوتەکایەوە، بەلکە لەکومەلیک دا لەدایک بو بەروەردەبوەو ئەرکەکانی رەنگیان رشتوە، کەجولانەوەیەکی بابەتی میژوکردی تیدا بوە، ریگەی خوی گرتوە، گەشەکردن و بوپیشەوەچونی خوی لەرزگاری نیشتمانی کوردستان و یەککرتنەوەی نەتەوایەتی ئەنویتی.

٤) ئەرکی کومەلە، لەکومەلی کوردستان دا، لەو قوناغەمیژوییە دیاریکراوەدا ئەوەیە، کەچون جولانەوەکە بەرەو ئامانجەکانی ئاراستە بکا، چون ناوەروکی چینایەتی تیدا قول بکاتەوە، لەو ریبازەی جولانەوەکەدا، گەشەکردن و بوپیشەوەچونی کومەلی کوردستان بە سوسیالیزم بگەیەنی.

کومەلە لەوخەباتەدا، لەلایەک دژی چینەدەسەلاتدارەکانی داگیرکەرو چینەکونەپەرستە نوکەرەکانی ناوخو ئەجەنگی، و لەلایەکی ترەوە لەگەل چەند چین و تویژی شورشگیری تردا هاوکاری ئەکا کەدژ بەو داگیرکەرەو چینەکونەپەرستە نوکەرەکانن ... کومەلە لەو خەباتەدا بەئایدیولوجی و عەقل و بوچونی کریکاران هەم بەرەنگاری دوژمنە چینایەتی و نەتەوایەتیەکان ئەبیتەوە، هەم هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەل چینەشورشگیرەکان ئەکا.

ئەو چینەبورجوازی و بورجوازیەبچوکانە، جوتیاران و تەنانەت خیلەکی و پاشماوەی دەرەبەگایەتیشیان، چ لەوانەی دەسەلاتدارانی داگیرکەرن چ ئەوانەش کەدوست و هاوپەیمانن، کاردەکەنەسەر ریزەکانی کومەلە، بەر ئەندامەراراکان و ئەوانە کەئاستی هوشیاری و تیگەیشتنیان نزمە، تازەمینەی بوژانەوەی هەلپەرستەکان خوش ئەبی.

لەوگەلینەوە، بەردەوام لەروی ئایدیولوحی و رەفتار و

هەڵوێستەوە، لەڕوی تیوری و پراتیکەوە کارئەکەنە هەناوی کومەلە...
خوشەگەر ئەو راستیەش رەچاوبکەین کەهیشتا جەوی دنیا هەموی تیرو
پاراوە بەبیروبوچون و لیکدانەوەی بورجوازی ئەوا ئەندازەی ئەو
کارتیکردنە بەچاکی لامان بەرجەستەئەبی .

٥) کارکردنە سەر ریزەکانی کومەلە لەلایەن ئەو چینەبورجوازی و
بورجوازیە بچوکانە، تەنانەت لەلایەن جوتیاران وخیلەکیشەوە ،کاریکە
هەر رووئەدا چونکە :

* سروشتی خەباتلەم قوناغەی کومەلی کوردستان دا، کومەلە ناچار
ئەکا بەوپەری توانا وە، لەوکومەلە پاشکەوتوەدا . هەول بدات
فراوان‌ترین بەشی کومەلانی خەلک بومەیدانەکانی خەباتی شورشگیرانە
رابکیشی و لەدەوری ئالای خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی، لەدەوری
مەسەلەی رزگاری نیشتمانی کوردستان کویان بکاتەوە. کاریان تی‌بکاو
بوئەرکەکانی ئەم قوناغە بیانخاتەگەر، دیارە ئەوانیش‌لەدریژەی
ئەوخەباتەدا کارئەکەنەوە ریزەکانی کومەلە .

* شیوەی سەرەکی خەباتلەم قوناغەدا ، خەباتی چەکدارانەیە،
ئەو خەباتە لەلادی کانی کوردستان دا ئەنجام ئەدری، بەشی زوری
هیزی پیشمەرگە لەجوتیارانی ئەوناوچانە پیک دی، ریکخستنی دەرەوەی
کومەلە لەناو زەحمەتکیشانی لادی دا پەرەئەسینی، زوربەی کار و
هەلسوکەوتی کومەلە لەو ناوچانەو لەناو خەلکی لادی دایە، کە
ناوچەیەکی پاشکەوتون، تائیستا لەژیرسایەی پاشماوەکانی رژیمی
دەرەبەگایەتی و خیلەکیدا ژیان‌وگوزەران‌بەسەرئەبەن، بەیوەندیەکانی
بەرهەم هینانیش‌هەر لەژیر زەبری ئەوەدا بیروهوشی خەلکی لادی
دیاری ئەکەن ... هەزاران کەس‌لەرولەی جوتیاران و وردەمالکی لادی
دیتەریزەکانی پیشمەرگایەتی و کومەلەوە. ئەوانیش، چون لەلایەن
کومەلەوە کاریان تی ئەکری ، کارئەکەنەوە ریزەکانی کومەلە .

* لەخەباتی چەکدارانەدا ، لەسەرقالی ریکخستنی پیشمەرگەو بنکەو
ژیان و گوزەران و هەلسوراندنی دا، لەسیبەری نابەرابەری هیزی
پیشمەرگە بەرامبەر هیزی دوژمن، لەسەختی ژیان و سروشتی شەری
پارتیزانی دا، مەسەلە عەمەلیەکان بەسەر جەوی روشنبیری و کاری
فیکری و تیوری دا زال ئەبن، هەوال و لیکولینەوەکانی‌شەر، هەلمەت،
و بەلاماردان، کشانەوەو خوپاراستن، پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و

48

هەلگرتن و گویزانەوەیان ... سەرەرای پەیدابونی دەسەلاتوحوکمرانی، و دامەزراندنی داودەزگای پیویست بوئەنجامدانی ئەرکەکانی، هەمو ئەوانە بەئەندازەیەک سەرقالی سازئەکەن کەجەوی روشنبیری و لیکولینەوەی تیوری، پەروەردەکردنی فیکری نەگاتەئاستی پیویست... بەمجورە زەمینە خوش ئەبی بوئەوەی لەروی ئایدیولوجی و سیاسیەوە، لەروی تیوری و پراتیکەوە کاربکریتە سەر ریزەکانی کومەلە، سەر رارا و هەلپەرستەکان، سەرئەوانەی کەئاستی تیگەیشتنیان نزمە...

ئەمانە ئەبن بەسەرچاوەی پەیدابونی دیاردەچەوت و خراپەکان، سەرچاوەی لادان بەلای چەپ یاخود راستدا، وەپەیدابونی نەخوشیەکانی چەپرەوی مندالانەو راسترەوی لەکومەلەو شورشدا .

٦) ململانیی بەردەوام، ململانی بەری و شوینی دروست دژی هەلبازی چەپرەو و هەلبازی راسترەو، دژی ئەو بیروبوچونە چەوتانەی لەریزەکانی کومەلەدا پەیدائەبن، دژی ئەو تیزو مارەسە چەوتانەی کاری خراپ و سەلبی ئەکەنە سەر:

- پاک و خاوینی کومەلەو بیرباوەرەکەی .
- پیکهاتنی چینایەتی کومەلە .
- ریبازی سیاسی و سەرەتاکانی کومەلەو ژیانی ناوخوی ریکخراوەیی .
- رەوتی چالاکیەکانی کومەلە کەرووله هینانەدی و پاراستنی بەرژەوەندی بالای نەتەوایەتی و چینایەتی خەلکی کوردستانن .
- یەکیتی ریزەکانی کومەلەو شورش و تین و تاوی ریکخراوەکانی ورەو زاتی شورشگیرانەی تیکوشەرەکانی .

ئەمجورە ململانی یە، کەلەسەر پیویستی بون و گەشەکردن و پتەوبونی کومەلەیە، لەسەر ئەوەیە کەکومەلەو شورش لەشاری چینایەتی و نەتەوایەتی جولانەوە با بەتیەمیزوکردەکەی هەناوی کومەلی کوردستان لانەداو توندوتول بەسوسیالیزمی گری بداتەوە، ململانییەکی رەوا و پیویستە... بەبی ئەم ململانی یە بەهیزبون، سەرکەوتنی شورش نەک هەرکاریکی مەحالە بەلکە لەخەوی زەردو سور زیاتر هیچی تری لی پەیدانابی .

٧) لەریزەکانی کومەلەدا، لەکونەوە تائیستا، دووشیوەی ململانی جیگەی خویان کردوتەوە.. دیاردەی باش و ئیجابی یان لەتەک خراپ و سەلبی دا خستوتەوە... ئەو دووجور ململانی یە هەندی جاری و شوینی

باش و ئوسولیان گرتوتەبەر، هەندی جاریش ری و شوینی خراپ و نائوسولیان بەخووە گرتوە... لەبەرئەوە هەم بەباشەو هەم بەخراپەکاری خویان کردوتە سەرکومەلە، سەر ریزەکانی، سەر وزەو توانای.

ئەو ململانی یە، جوریکی پیویست و رەوایە، جوریکیشی نارەواو زیان بەخش و خراپە، وەریزەکانمان کلورئەکا :

آ ـ ململانیی سیاسی و فیکری لەسەرناکوکی و جیاوازی بیروبوچون لەمەسەلەی ئایدیولوجی و تیوری دا، لەبارەی پرینسیپەکان و هەلویست و پراتیکەوە. ئەمجورە لەململانی رەوایە، پیویستە، ریشەی چینایەتی هەیە... ململانی یە لەنیوان ئایدیولوجی و تیوری و عەقل ولیکدانەوەی بورجوازی و بورجوازی بچوک دا... ململانیی چینایەتیە لەنیوان هەلویست و ممارەسەی شورشگیرانەو هەلویست و ممارەسەی ئەنارشیست و بان چەپ و لیبرالیستەراسترەوەکاندا .

ب ـ ململانیی شەخسی لەنیوان هەندی لەتیکوشەرەکان دا، چ لەئاستی سەرکردایەتی دا بوبی، چ لەسەر ئاستی کومیتەو ئورگانەکانی خوارتردابی ... لەسەر پلەوپایە یاخود بو جی لیژکردن بەیەکتری، یالەسەر ئەساسی حەزنەکردن لەچارەی یەکتری . ئەمجورە ململانی یە نارەوایەو زیان بەخشە، ریشەی خوپەرستی، خوبەزل زانین، خوبردنە پیشەوە یاخود هەلپەکردن بوپیشکەوتنی خراپی هەیە، ململانیی تیکوشەرەکەیە لەسەر شەخسی خوی، نەک لەسەر مەسەلە سیاسی و فیکریەکان .

## ململانیی سیاسی و فیکری

آ ـ ململانیی کوردستانی بونی کومەلەو عیراقی بونی کومەلە .

١٨) لەئەنجامی پارچەپارچەیی کوردستان و نەتەوەی کوردا، بەهوی ئالوزی ناوچەکەو کەمتیگەیشتنی تیکوشەرەکانی جولانەوەسیاسیەکانی کوردستان و عیراق لەناوەروکی نەخشەکانی کولونیالیزم وئیمپریالیزم لەم ناوچەیەداو پەی نەبردنیان بەئاقاری گوران و گەشەکردنی کومەلەکانی ئەم ناوچەیەو فەراموش کردنی جولانەوە میژوکردەکانی هەناوی کومەلەکانیان و درک نەکردن بەئیتجاهی بابەتی و میژویی ئەو جولانەوەیە، و سەردەرنەکردنیان لەبەرژەوەندیەبالاکانی جولانەوەی شورشگیرانەی گەلانی ناوچەکەو لەپاشەروژو بەرژەوەندی بنچینەیی بزوتنەوەی کریکاری تیدا .. بەمانایەکی تر بەهوی ئەوەوە کەئەو

تیکوشەرانە خاسیەتە تایبەتیەکانی ئەمکومەلانەیان بەچاکی دەست نیشان نەکردوەو بوچونەکشتیەکانیان لەگەل تایبەتیەکاندا تیکەل و پیکەل کردوە... هەرلەکونەوە جولانەوەو ریکخراوەسیاسیە پیشکەوتوەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە دوچاری ئەم ململانییە بــــون، وە بە میراتی بوکومەلەشیان بەجی هیشــتوە .

ئەگەر چی کومەلە لەهەلومەرجیکی تایبەتی دا، لـەسالی ۱۹۷۰ دا لەدایک بو، لەودەمەدا کەبەیانی ۱۱/ئازار دەرچــــو، جولانــــەوەی کریکاری و نەقابەکان روو لەبوژانەوەبون، جـــولانەوەی روشنبیری و ئەدەبی لەهەلچون دابو، یەکیتیەدیموکراتیەکانی قوتابیان،ماموستایان، لاوان، ئافرەتان روو لەگەشانەوەبون، کومەلەکانی جوتیاران سەریان هەلدابو، کورو کوبونەوەی سیاسی و فیکری دەرفەتی لــەباری هەبو، بەلام جولانەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستان لـەگیژەنگیکی ئالوزدا لەسەردەمی هەول و تەقەلای خاوکردنەوەو دەستەموکردن دابو، ... لەو

**هەلومەرجەدا هاتەکایەی خەباتی شورشگیرانەوە بوئــەوەی بەخەباتی نەسرەوت جولانەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردســتان لەومەترسیانە دەرباز بکاو هەولی ئەوەبدا ئەوجولانەوەیە بخاتەوە ســــەرشــاریّی بابەتی خوی، و خەباتی نەتەوایەتی لەهەناوی دا بەخەباتی چینایەتیەوە گری بداتەوە، لەباتی سەرکردایەتی بورجوازی خیلەکــــی بەعەقل و ئایدیولوجی کریکاران ریبەری بکری ببیتەپارسەنگ بــو هەلسانەوەو بوپیشەوەچونی بزوتنەوەی کریکاران لەعیراق و لەناوچەکەدا .**

۹) هەر لەسەر ئەوبنچینەی بوچونە، ئامانجی جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان لەرزگاری کوردستان و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی دا ئەبینی، و بەو پییە ستراتیجی خوی دارشتبو. کەچی هیندەی نەبرد شوینەواری بیروبوچونی کونی حیزبی شیوعی عیراق و حیزبەبورجوازیەکانی تر لە ریزەکانی دا سەریان هەلدا، و کەوتنەباسی پیویستی بەعیراقی بونی کومەلە. وەلەسەر ئەوئەساسە ستراتیجیکی تریان بوکومەلــە دائەنا، کەئەبو بەگویرەی ئەوستراتیجە ئامانجی جولانەوەی کوردســتان لــە چوارچیوەی ئامانجی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراق دا ببینی وەکومەلەش لەبری ئەوەی ببەوی حیزبیکی کوردستانی بــوکریکاران و رەنجدەرانی تری کوردستان بهینیتەدی، هەول بدات حیزبیکی عیراقی بو کریکارانی سەرانسەری عیراق بهینیتەدی کەلەراستی دائەو بوچونە

ئەیویست كومەلە بكاتە بەشیكی قیادە مەركەزی حشع .

سالی ۱۹۷۱ ئەم لایەنەی عیراقی بونی كومەلەی ئەویست كزولاواز بو، لەریزەكانی كومەلەدا لەچەند كەسیك تیپەریان نەكرد .

لەرەوتی خەباتی چەكدارانەی خەلكی كوردستان دا ، بەهوی ئەو هەلومەرجە سەختانەوە كەشورش تیيدا تیپەری ئەكرد، و بەهوی ئەوە كەجاریكی تر حیزبی شیوعی لەتەك رژیمەوە كەوتەوە ریزی ئوپوزیسیون و هاتەوە سیبەری شورشی كوردستان و حیزبەبورجوازیەكانی عەرەبی و كورد كەوتنەوەهەلكرتنی دروشمەكونەكە : (دیموكراتی بو عیراق و ئوتونومی بوكوردستان) وەسەرلەنوی پروپاگەندەكردن بو ئەوتیزانە، كەكوردستانی عیراق بەشیكی هەتاهەتایی‌عیراقە نەك كوردستان،وەماف و سەربەستی خەلكی كوردستان هەرلەچوارچیوەی گورانكاریەكانی عیراق‌دا دیتەدی ... هتد. ئیتر بەرەبەرە تیزو بوچونی بەعیراقی بونی كومەلەو ستراتیجی جولانەوەی شورشكیرانەی كوردستان سەرلەنوی سەریان هەلدایەوە. بەلام ئەمجارە هەم ریكخراوی بچوكی سەربەخوی بوخوی سازكرد وەكو كارو كاركەران .. هەم لەریزەكانی كومەلەدا كەوتە ململانی . و كومەلەش كەوتەململانی لەگەل بوچونەكانی دا .

۱۰) ئەم ململانی‌یە، ناكوكی‌ریبازی كومەلەیە لەگەل‌ئیتجاهی‌چەپرەوی مندالانەو ئیتجاهی راسترەودا ،.. ململانی‌یە لەسەر بەرژەوەندیەبالاو ستراتیجیەكانی جولانەوەی شورشكرانەی خەلكی كوردستان و بزوتنەوەی كریكاری ناوچەكە، دژی تەسك بینی بورجوازی بچوكە، دژی ئەوتیزانەیە كەستراتیجی بزوتنەوەی كریكاران بەقوربانی تاكتیك ئەكا . یاخود دژی ئەو تیزەبورجوازیانەی كەلەسەردەمی داگیركەری سەرتاناوە ئەیەوی كوردستانی عیراق لەچوارچیوەی عیراق دا لەقالب‌بدا ، و لە لەبەشیكی كوردستانەوە، بیكاتەبەشیكی هەتاهەتایی عیراق .

لەم ململانی یەدا ریبازی كومەلە لەگەل بیروبوچون‌و ئایدیولوجی بورجوازی بچوك‌دا روبەرو ئەبیتەوە خەبات‌ئاراستەئەكا :

* دژی هەلەكردن لەبوچون و لیكدانەوەدا ، بەهەلەچون لەروی ئایدیولوجی یەوە، كەهەندی هاوری لەبەر چەواشەبون وسەردەرنەكردن لەئاكارە تایبەتیەكانی پیكهاتنی كومەلەكانی ناوچەكەو رەوتی میژویی جولانەوە تایبەتیەكانیان و بەهوی دەرك‌نەكردنیان بەبایەخی سەركەوتنی ئەوجولانەوە تایبەتیانە بوپاشەروژی بزوتنەوەی كریكاران و

سوسیالیزم، ئەچن روالەتی مەسەلەکان ئەگرن یەکیتی ریکخراوەیی چینی کریکار لەعیراق دا ئەخەنەسەرو بەرژەوەندی بالای بزوتنەوەی کریکارانەوە. بەمجورە تاکتیک و ستراتیج تیکەل ئەکەن وجیگورکەیان پی ئەکەن. واتە تاکتیک ئەکەن بەستراتیج و ستراتیجیش بەتاکتیک. ئەم جورە هاوری یانە کەوتونەتە ژیرکارتیکردنی شالوزی بیر و پەلەپەل کردنی بورجوازی بچوک ئەبی لەراستیەکان هوشیار بکرینەوەو لەداوی فیکری بورجوازی بچوک دەرباز بکرین.

* هەندیکی تر لەژیر زەبری کارتیکردنی بورجوازی بچوک دا خویان وەکو نوینەری بەرژەوەندی و تاودانەوەی بیروبوچونی بورجوازی بچوک بوزاونەتەوەو سەریان هەلداوە.

ئەمانە واقیع نابینن، بار بەسەر دیاردەبابەتیەکان دا ئەدەن، خویان بەلیکولینەوەی واقیعی شورش و خەبات و بەشەن و کەوکردنی تاقیکردنەوەکانی خەباتی شورشگیرانەوە خەریک ناکەن، لەخانەو لەسەر زەمینی بورجوازیبچوک ئەوەستن و خویان بەنوینەری چینی کریکار لەقەلەم ئەدەن ... ئارەزوی خویان ئەخەنە شوینی واقیعو لەناواخنی کتیبەکان دا نوتد ئەنوسین بەرستە بریقەدارەکانەوەو هەول ئەدەن بەوکویرەیەو بەقالبی ئەو رستانە رەنگی واقیع ئەریژن ... قەناعەت و ئارەزوەکانی خویان ئەخەنە جیگەی راستی، ئەمانەلەدەستەوگروپی بچوک بچوکدا خویان ریک ئەخەن و بەگز ریبازی کومەلەوشورش دائەچن، هەول ئەدەن تیکوشەرەکانی شورش لەخەبات ساردبکەنەوە، تەقەلائەدەن کەریزەکانی کلوربکەن بەخەیالی ئەوە کەجیگە بەکومەلە لیژبکەن، تەنانەت جی بە ی.ن.ک لیژبکەن تاخویان بەبی ئارەزو بەریکەی چەوتی خویان ریبەری جولانەوەکە بگرنەدەست.

پیویستە ململانی لەگەل ئەملایەنەدا لەسەر ئەوبنچینەیە بەریوە بچی، کەتیزو بوچونەکانیان ریسوابکری، وەئەندازەی زەرەرو زیانی بەخشینی ئەملایەنە بەجولانەوەی شورشگیرانەی کوردستان ئاشکرابکری، ریشەی چینایەتیان، بیروراکانیان و خویان لەلای هەموتیکوشەریک روون بکریتەوە.

* هەندیکی تر لەوانە، لەتەلاریکی بەرزەوە، دور لەشورش وزەمینی خەباتی شورشگیرانەوە، لەروانگەی کویخایەتی کردنی خەلکی کوردستان و گەلی عیراقەوە، یەکیتی لەپسان نەهاتوی عیراق، یەکیتی هەتاهەتایی و

پیکەوەگری دراوی گەلی کورد بەعیراقەوە وەکو راستیەکی نەگور و پیروز دوپات ئەکەنەوە، کەگوایا هەرگیز ناکری و نابی مەسەلەی کورد بی مەسەلەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراقی چارەسەربکری، لە چوارچیوەی عیراق دا نەبی کورد نەبونی ئەبی و نەبەمافی خوی ئەگا .

ئەوانە نوینەری ئاشکرای بورجوازین، نوینەرانی بورجوازی کوردی ژیردەستەو بورجوازی عەرەبی شکمت خواردەن . بەسەرەتای مافی چارەی خونوسینی گەلی کوردستان سەرشیت ئەبن و لەئوتونومی زیاتر بەرەوای گەلی کورد نابینن ... وەلەراستی دا نەک ئوتونومی بەلکە هیچ جورە مافیکی نەتەوایەتی بەکورد رەوا نابینن و ئەیانەوی بورجوازی عیراق بەگشتی وەک یەک چین ، خاوەنی یەکجورە بەرژەوەندی خویان ریکخەن و دروشمەکانیان بەرتەنا و جەماوەرەوە . تایەک بازاری یەکگرتو لەسەرانسەری عیراق دا لەژیرسایەی حوکمرانی خویان دا ، بگەشینەوەو بەو ئاقارەش دا بروا کەسروشتی چینایەتیان دیاری بکا ... ئەم لایەنە بەروالەت دروشمی "دیموکراتی بوعیراق و ئوتونومی بوکوردستان "بەرزئەکەنەوە .

لەریزەکانی کومەلەو شورش دا یالەدەرەوەی کومەلەدا ، جارجار ئەوجورە بوچونەی عیراقی بون لەمبەرگەدا یان لەبەرگیکی بریقەدار ترو بەناوی پرولیتاریاوە سەرهەلئەداو بەگز ریبازی کومەلەدا ئەچی و کومەلە ناوئەنی ناسیونالیست یا ناسیونالیستی گوشەگیر .

■ هەندیکی تر بونی کومەلەو مانەوەی وەکو ریکخراوی سیاسی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان بەشیکی زیادە باس ئەکەن، و لایان وایە کەئەبی هەول بوئەوە بدری کەلەبری کومەلە حیزبیکی پان و پور دامەزری، ئەوحیزبە کومەلەش بگریتەخوی، و ببی بەحیزبیکی ئەوتو کەهەمو چینە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لەریزەکانیدا کوبکاتەوەو بەرنامەکەشی هەمو ئەوچین و تویژانە رازی بکا .

لەراستی دا حیزبی لەوجورە، کەبەروالەت حیزبی هەمو چینەکان ئەنوینی، تەنها حیزبی بورجوازیە، و چینەکانی تر بە تایبەتی کریکاران و رەنجدەران ئەکا بەهیزی ئیحتیاتی بورجوازی و لەدەوری ریبازو بەرنامەی بورجوازی کویان ئەکاتەوە .

ئەمجورەش دژەکردنە لەقولی راستەوە بو ریزەکانی کومەلە ، رەنگدانەوەی بیرو بەرژەوەندی بورجوازی کوردستانە . بەلام سەبارەت بەکەوتنی بەرنامەو تیزەکانی بورجوازی کوردستان لەئاشبەتالی ۱۹۷٥دا ،

ئەم بیروبوچونە نەیتوانیوە بەئەندازەیەکی ترسناک جیگەی خوی بکاتەوە.

پیویستە ئەوانە وەکو دوژمنی چینایەتی کریکاران و ریبازی دروستی جولانەوەی شورشگیرانە ئاشکرا بکەین و بەنوینەرانی بورجوازی بدخەلکی کوردستان بناسرین .

ب ـ ململانی لەنیوان لاسایی کردنەوەی کویرانەی ماویزم وەپەیرەوکردنی داهینەرانەی م.ل .

١١) کومەلە لەسەرەتای لەدایکبونی دا ، لەودوخەئالوزەدا کە بزوتنەوەی کومونیستی دنیای گرتبوەباوەش ، لەسیبەری ئەوململانی گەورەیەدا کەلەبزوتنەوەی کریکارانەدا هەبو ، لەنیوان راستی و جەوهەری پاک وخاوینی(م.ل) وەلادان و هەلگەرانەوە لە م.ل ،وە لە روی تاقیکردنەوەی پر لەپاشەکشی و شکستی حیزبەشیوعیەعەرەبیەکان و بەتایبەتی هەردوو بالەکەی حیزبی شیوعی عیراقی(لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی)، لەژیر کوشاری ئەو شەپولەفراوانەی ماویزم دا کە تاوجەکەی گرتبوەوە ، بوماوەی چەندسالی توشی لاسایی کردنەوەی ماویزم بوو .

١٢) ئەکەرچی تاقیکردنەوەی چین لەجولانەوەی کومونیستی و لە زنجیرەی خەباتی شورشگیرانەی گەلان دا جیگەی تایبەتی خوی هەیە، وەئەکەرچی سەرکردەی حیزبی کومونیستی چین، ماوتسی تونگ ، لە تاقیکردنەوەی تایبەتی ولاتی خوی داسەنگ و بایەخی خوی هەیە ، وە تەجروبەکەش ترخیکی گەورەی هەیە ، بەلام سەبارەت بەوەی کەتەنها م.ل تیوری شورشگیرانەو سەرچاوەکانی عەقل و ئایدوبولوجیەتی چینی کریکارانە ، تاقیکردنەوەی چین هەرئەبی تەنها وەکو تاقیکردنەی تایبەتی یەک ولات تەماشابکری، سود لەپەندو دەرسەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە وەربگیری . زوربەی تیکوشەرەکانی دوچاری لاسایی کردنەوەی کویرانەی ماویزم ببن، و ئەوراستیە لەبیربکەن کەتەنها بەپەیرەوکردنی داهینەرانەی م.ل تاقیکردنەوەی چین سەرکەوتنی بەدەست هینا ، وەتاقیکردنەوەی شورشگیرانە لەکوردستانیش دا هەر بەوجورە سەرکەوتن بەدەست ئەهینی .

١٣) راستە لەماوەی ئەوچەند سالەدا لەلایەن هاوری کانی کومەلەوە زور رەخنە لەهەلویست و تیزەکانی دواین تەمەنی ماوتسی تونگ و سەرکردایەتی چین گیرا ، بەلام ململانی یەکی دروست لەریزەکانی کومەلەدا لەناوەراستی حەفتاکانەوە کەرم بو دژی لاسایی کردنەوەی

كويرانەی ماويزم بوشەوەی پەيرەوی كردنی داهينەرانەی م.ل جيگەی ناسايی خوی لەناخی كومەلەدا بگـــری .

ئەم ململانی‌يە ناكوكيە لەنيوان ئەو تيكوشەرانەدا كە ئەبن بە دەرويش و دوجاری دوگم ئەبن، لەگەل ئەو تيكوشەرانەدا كەجەوهەری (م.ل) بەشيوەيەكی داهينەرانە لەسەر زەمينی خەبات و شورشی ولاتی خويان پەيرەوئەكـەن .

لەراستی دا ئەو ململانی‌يە ، ململانی‌يە لەنيوان بـــيروبوچون و هەلويستی بورجوازی بچوك لەگەل بيروبوچون و هەلويستی(م.ل) دا، لە نيوان لاسايی كردنەوەی كويرانەی ئاقيكـردنەوەكەيدا ، و زال كردنی لايەنی تايبەتی ئەو تەجروبەيە بەسەر راستيەگشتيەكانی(م.ل) دا .

ديارە پشت ئەستور بەراستی و دروستی پەيرەوكـردنی داهينەرانەی م.ل و راستی و رەوايی خەباتەكەمان، كومەلە توانی بەســەر لاسايی كردنەوەی كويرانەی ماويزمدا سەربكەوی و بوارنەدات كەشوين ئەم لايەن و ئەو لايەن بكەوی لەبزوتنەوەی كومونيستی جيهـــــان دا ، وە سەربەخويی خوی بپاريزی، وەهەميشە هەول بدات بەشيوەيەكی داهينەرانە پەيرەوی م.ل بكـــا .

ح ـ ململانی لەنيوان پەيرەوكردنی روكەشی م.ل ، وەجەوهەری م.ل دا .

١٤) بەدريژايی تەمەنی كومەلە ، لەريزی ريكخستنەكانی كومەلەدا، جوريكی تر ململانی سەری هەلداوە ، هەندی جار فراوان و پەرەسەندو بوە ، هەندی جاريش سنوری هەندی ريكخستنی ناوچەيی كـــرتوتەوە ، لە هەندی جاری تريش‌دا ململانی كە كەوتوتە نيوان كومەلـــەو هەندی روشنبيرو تيكوشەر ، لەريزەكانی كومەلـــە چونەتە دەرەوە . ئەويش ململانی‌يە لەنيوان پەيرەوكردنی روكەشی م.ل و لايەنی روالەتی م.ل لەگەل جەوهەری م.ل دا :

* هەندی لەتيكوشەرەكان بەهوی نزمی ئاستی هوشياريانەوە ، بەهوی تيگەيشتنی كەم و سادە لە(م.ل)، لەسەرچاوەكانی ماركســيزم، وە لە تيوری شورشگيرانەو ميژوی جولانەوەی كريكاران و ســوسياليزم، لايان وايە كەئەوەندەی خويان لەتوی چەند كتيب و ناميلكـــــەيەكـدا بەرچاويان كەوتوە ، هەرئەوە بريتيە لەتيكرای هەمو فەلســـەفە و زانستی ئابوری، سياسی و مەسەلەكانی سوسياليزم و علـــمی خەباتی چينايەتی . لەبەرئەوە ، وەبەتايبەتی لەبەرهەرزەكاری و كەمی ئەزمونی

خەباتی خویان، عەشقی روکەشی کاری شورشگیرانەو روالەتی م.ل
ئایەری دلی سمبون و لایان وایە (م.ل) و خەباتی شورشگیرانەو شورش
تەنها روالەت و روکەشە ئەم تیکوشەرانە لەباتی ئەوەی کەجەوهەری
م.ل تی بگەن، داهینەرانە پەیرەوی بکەن . شوین کار رەفتار و قسەو
رستەو روکەشی(م.ل) ئەکەون هەرلەو روالەتکارەدا خویان بزرئەکەن .

ئەم تیکوشەرانە لەئەنجامی ئەوجورە بوچون و تیگەیشتنەی
خویان دا توشی بوپولیستی یاخود ئەنارشیستی و توندرەوی ئەبن ...
ئەمانە نمونەیەکی رەنگدانەوەی ئایدیولوجی و لیکدانەوەوهەلویستی
بورجوازی بچوکن ... ئەرکی کومەلە ئەوەیە کەزیاتر پەروەردەیان بکا ..
تیگەیشتنیان لە م.ل فراوانتر بکاو جەوهەری م.ل و ئەرکەکانی
خەباتی شورشگیرانەیان تی بگەیەنی و ململانیی رەواو ئوصولی و
دروست لەگەل تیزو هەلویستەکانیاندا بکا .

* هەندی روشنبیرو تیکوشەری تر هەن، کە لەگەل ئەوەدا ئاستی
تیگەیشتن و ئارەزاییان لە م.ل لەوانی پیشوتر بالاترە، بگرەهەندی
لەوانە شارەزایی و لیزانی فراوانیان دەربارەی مەسەلە تیوریەکان
لا کەلەکە بوە، بەلام چونکە خویان بەناسینی واقیعی دیاریکراوی
خەبات و شورشەوە خەریک ناکەن، لەمیژوی کومەلەکەیان و رادەی
گەشەکردن و دیاردەکانی ناکولنەوە، بەچاکی بەزەمان و زەمین و
هەلومەرجەتایبەتیەکانی خەبات و شورشی ولاتانی خویان ئاشنانەبون ..
دەرک بەجولانەوە بابەتی و میژوکردەکان ناکەن، بایەخ و گرنگی ئەو
جولانەوانە باش هەلناسەنگینن . ئەوانەش روکەشی م.ل ئەگرن و
جەوهەرەکەی فەراموش ئەکەن . م.ل وەکو زانستی و ریبەری خەباتی
شورشگیرانە تەماشا ناکەن، بەلکە گیانەزیندوەکەی فری ئەدەن و
روکەشەکەی ئەگرن . راستیەگشتیەکانی بەواقیعی دیاریکراوی خەبات
و شورشەوە گری نادەنەوە .

ئەم جورە روشنبیرو تیکوشەرە تەماشای بانەروز ناکەن، جولانەوە
واقیعیەکان نابینن، ئایندەو ئامانجی جولانەوەکە ناهیننە بەرچاوی
خویان، تابتوانن شیوەو روخساری کاری ئەمرویان لەبەر روشنایی
ستراتیج دا دیاری بکەن بەلکە بەگویرەی روخسارو روکەشی کاری
ئەمرویان، ریکخراوەکەیان دور لەواقیع و جولانەوەی ئایندە دیاری
ئەکەن .

ئەمانە، بیروبۆچون و ممارەسەیان لەدیدو تێگەیشتنی بورجوازی بچوکدوە سەرچاوەئەگری، خوێندەواری بورجوازی بچوکـــن .... ئەبێ ململانێی کۆمەڵە لەگەل ئەمانەدا روو لەدەرخستنی گـــرنگی جولانەوەو واقیع بێ، دەرخستن و پێ سەلماندنی ئەو ڕاستیەبێ‌کە (م.ل) شارەزاییەک نیە بۆقسەی کوروکوبونەوە، بۆدەرخستن و خۆبەشارەزانیشاندان، بەڵکە زانستی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیە، چرای روناکـــــردنـەوەی واقیعی بابەتیە، واتە ڕستەو برگەی بریقەدارو بێ گیان نیە بەڵکە ڕێبەری کاری شۆرشگێرانەیە لەزەمان و زەمینی دیاریکراودا،ڕێ‌نوێنی خەباتی هـەمو زەحمەتکێشـاتە .

د ـ ململانێی ڕێکخستنی تەسک و ڕێکخستنی فراوان .

١٥) کۆمەڵە، لەسەردەمی خەباتی ژێرزەمینی دا، لەهەلومەرجی ئەو ساڵانەدا کەهێشتا ساوابو، وەخەریکی دارشتنی ڕێکخســتنەکانی بو لە دوو تولەوە مەترسی لیدان و زەبرپێکەوتنی لەسەربو. وەئـەبو هـەم خۆی لەدەزگا داپلوسێنەرەکانی رژێمی بەغدا بپارێزی، هـەم خۆی لە چاوی دەزگای پاراستنی پارزانی بشارێتەوە. دیارە ڕێکخراوێکی وەها ساوا، لەهەلومەرجی وەها سەختدا ئەبێ زور بەوردی پێداویستیەکانی خەباتی نهێنی ژێرزەمینی پەیرەوبکا .. بۆیەنەخشەی کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵە لەچوارچێوەی (خۆئاشکرا نەکردن) دا ڕوی کردبوە :

ـ هەڵبژاردن و گوڵبژێرکردنی کەسانی تێکۆشەر نـەک قاپی خستنە سەرپێت، ئەوتێکۆشەرانە کەپاش لێ توێژینــــەوە بـەتەواوی لێیان دڵنیائەبو .

ـ کرنگی دان بەکادر، کەئەتوانین بلێین لەبەنـــــــێکی ئـەو سەردەمەدا ڕێکخراوی کاربو. ئەویش بوپەروەردەکـردنی ژمارەیەک کادری باش‌تالەکاتی فراوان بونی ڕێکخستن دا ئـــەو کادرانە بتوانن بەئەرکی پەروەردەکردنی تێکۆشەرەتازەکان هەڵسن .

١٦) بەمجورە، ڕێکخستنی کۆمەڵە، ڕێکخستنی تەسک بو، ئانەو ئەڵقەی روشنبیری و پەروەردەکردنی تیوری و روشنبیری بو... ســــەردەمی دارشـــتنی بناغەبو .

ئەوکاتەش هەندێ لەهاوڕیان پەلەیان لەئاشکراکــــردنی کۆمەڵـە ئەکرد، پەلەیان لەفراوانکردنی ڕێکخستنەکانی ئەکرد.. وەلەئەنجامی ئەو پەلەپەل کردنەدا دەزگای پاراستنی پارزانی هەســتیان بەبونی

58

کومەڵەو چالاکیەکی نهێنی کردو، چەندین هاورییان خستەژێرچاودێریەوە و چەند جاریک کەوتنە بەرلێپرسینەوەو ئاشکرابون .

لەو سەردەمەدا، ڕێکخستنی تەسک ئەبوە هــوی :

- پاراستنی کومەڵەو ڕێکخستنەکانی .
- دارشتنی بناغەی ڕێکخراوەیی کومەڵە بەشێوەیەکی باش .
- پەروەردەکردنی فکری و سیاسی تێکوشەرەکانی بەشێوەیەکی باش
- پاراستنی مورکی چینایەتی کومەڵەو، ڕێکەگرتن لــە نقوم بونی کومەڵە لەشەپولی بورجوازی بچوک دا .

بەلام ڕێکخستنی فراوان ،بەپێچەوانەوە کاری ئەکردە سەرکومەڵە (۱۷ کەبلیسەی خەباتی چەکدارانەی شورشی نویی کەلەکەمان دەست پێکردەوە، کەئەرکی گرانترو گەورەتر کەوتە ئەستوی کومەڵە، ئەو لەشورش و لەچوارچیوەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دا نەخشەی کاری ڕێکخراوەیی خوی بگوری و ڕێکخستنەکانی خوی فراوان بکا .

کومەڵە، لەناو یەکیتی نیشتمانی کوردستان دا ئەبو :

- هیزیکی کاریگەرو پزوینەربی، کاریکاتە سەر ڕێبازو بیروبوچون و هەلویستەکانی، سەر لیکدانەوەو بریارەکانی ... ئەوەش بە ڕێکخراویکی بچوک جی بەجی نەئەکرا . بویە ئەبو هەم ڕێکخستنی خوی فراوان بکا ، هەم خەلکیکی زوری خەلکی کوردســتان لەخوی کوبکاتەوە، هەول بدا متمانەیان بەخوی پەیدابکــا .
- واقیعی کوردستان و بونی حیزب و لایەنەکانی تر رەچاوبکــا ... ململانیی ئەو حیزب و لایەنانەی تر لەگەل یەکــیتی نیشتمانی کوردستان بەگشتی، و لەگەل کومەڵە بەتایبەتی لەبەدەستەوەگرتنی جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان دا بخاتە بەرچاو .

کومەلە بوئەوەی بتوانی دەوری خوی وازی بکا ، یەکیتی نیشتمانی بەهیزبکا ، ڕێبازە پیشکەوتوخوازەکەی بپاریزی، لــەو ململانی یەی مەیدانی خەباتدا بوار بەهیزو لایەنەکانی تر نەدا کەجلەوی جولانەوەکە بگرنەدەست و بەکویرەری دا بەرەو شکست و گلانی بەری بکەن .. بەرلە هەموشتی ئەبو دوو ڕاستی گرنگ لەبەرچاوی وون نەبن :

۱- جولانەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان، جــولانەوەی هەمو چین و تویژە شورشگیرەکانی کوردستانە ، جولانەوەی فــــراوانترین و گەورەترین بەشی خەلکی کوردستانە ، بو ئەو بەئەزورەیەو بـــــەهوی

ئەوانەوە، بەهوی کوکردنەوەو سازدان و بەگەرخستنی ئەوانەوە بو پیشەوەئەچی و سەرکەوتن بەدەست ئەهینی .

٢ـ خەباتی چەکدارانە لەلادی کانی کوردستانەوە ئەکری، بنکەکانی لەو ناوچانەدایە، بەشی زوری لەشکرەکەی خەلکی گوندەکانن و لەناو ئەوانەدا ئەژی و پەرەئەسینی . و لەومەیدانەدا کومەلەو ی.ن.ک بەتەنها نین و چەندین حیزب و لایەنی تر ململانی یان لەگەلدا ئەکەن . وەلەواقیعی کوردستان و لەو ململانی یەدا، بەئەندازەی چونایەتی مەسەلەی چەندایەتی گرنگەو دەوری خوی هەیە لە . لابەلاکردنی ململانی کەدا ... چونکە ئەو واقیعەی کوردستان و ململانی . هیزەکان تیدا کاریکی وای کردوە کەجەنگی پارتیزانی لەشیوە تەقلیدیەکەی خوی بترازی و یەکیتی نیشتمانی ناچاربی کەهەمو بوشاییەکانی سەرزەیینی کوردستان بربکاتەوە، وەلەو ئەندازەیە پ. م زیاتر کوبکاتەوە کەبو جەنگی پارتیزانی پیویستی پی هەیە. بەشیکی ئەو هیزە بوئەوە پیویستە کەئەو بوشاییانە لەروی هیزەکانی تردا پربکاتەوە، ئەوەندەی لەتوانادایە کەلین بو دزەکردنی هیزە نەیارەکان نەهیلیتەوە، بەو پی یەش کومەلە ناچارە کەریکخستنەکانی خوی فراوان بکاو لەهەمو ئەو ناوچانە رەگ و ریشە داکوتی .

١٨) لەم هەلومەرجەداو لەسیبەری ئەم واقیعەی کوردستان دا،نەخشەی کاری ریکخراوەیی روو لەریکخستنی فراوانە نەک لە ریکخستنی تەسک، روو لەکوکردنەوەی ژمارەیەکی زوری زەحمەتکیشانە تا :

* ئەوانەی تازە رائەکیشرین، یاخود ئاستی تیگەیشتن و هوشیاریان نزمە وەکو لایەنگیری کومەلە لەئەلقەی روشنبیری دا ریکخرین .
* ئەوی لەریزی ئەوانەدا، پەروەردە ئەبی و ماوەی نزیکەی سالیک ئەمینیتەوە بوئەندامەتی ئەپالیورین و ماوەیەکیش بەپالیوراوی ئەمیننەوە ئەوسا ئەکرین بەئەندامی کومەلە .

ریکخستنی فراوان، گەلی جار توشی رەخنەبوە، بەرهەلستی کراوەو بەکاریکی خراپ لەقەلەم دراوە .

ئەو هاوری یانەی ریکخستنی فراوانیان رەتکردوتەوەو بەکاریکی زیانبەخشیان لەقەلەم داوە، ریکخستنی تەسکیان لاپەسەندبوە،وتویانە، کەریکخستنی فراوان کاری سەلبی و خراپ ئەکاتە سەر:

* پیکهاتنی چینایەتی کومەلە .
* ریبازی سیاسی و هەلویستەکانی .

60

× پاراستنی ریکخراوەکانی و پاراستنی نهێنی یەکانی .

١٩) هەندی لەو هاوری یانە کەریکخستنی تەسک پەسەندئەکەن و ریکخستنیفراوان بەخراپ دائەنین، هیشتا لایان وایە کەریکخراوی (م.ل) ئەبی لەو کەسانە نەترازی کەئاستی تیگەیشتن و زانیاریان بالایە، ئەوانەی کەبەچاکی لەهەمو لایەنیکی (م.ل) ئەگەن ... هەندی جاریش قسەی وا لەریکخستنی کومەلە ئەکەن، کەبەو بی یە بەبی بە ریکخستنی ژمارەیەک فەیلەسوف و زانا و شانەی لیکولینەوەو خویندنەوە وەکو هیچ پەیوەندیەکی بەگوران و گەشەکردنی واقیعی کەل و جولانەوەی شورشگیرانەوە نەبی، وەکو ئەرکی بوپیشەوەبردن و کارکردنە سەر رەوتی روداوەکان ئەو ریکخراوە نەبی .

ئەم جورە ریکخستنە لەواقیعی ئیستای کوردستان دا، لەشورش و هەلومەرجی سەخت و دژوارو لەبەردەمی ئەرکی گەورەو گراندا، ناتوانی رولی ئاسایی ریکخراوی شورشگیر وازی بکا و لەئەنجامدا لەپەراویزی روداوەکان دا بەجی ئەمینی .

٢٠) بەلام دیارە ئەگەر ریکخستنی فراوانیش، بەگویرەی نەخشەیەکی هەمەلایەنەو بەباشی ئەنجام نەدری لایەنەسەلبی یەکانی زال ئەبی و ئەنجامی خرابی لی ئەکەویتەوە، کاری خراپ ئەکاتە سەر مورکی چینایەتی کومەلە، سەرباشەروژی لایەنی ئایدیولوجی وسیاسیکومەلە... بویە ئەبی سنورو مەرجەکانی ئەندامەتی بپاریزری، کال نەبیتەوەو تیکەل ئاستەکانی تر نەکری، ئەوانەی تریش کەبەلایەنگیری لە ئەلقەکانی روشنبیری و لەبلەی پالیوراوی دا ئەمیننەوە بەچاکی پەروەردەبکریین و لەبوارە جیاجیاکانی خەباتدا تاقیبکرینەوە. تا لایەنی چونایەتی نەکری بەقوربانی چەندایەتی .

٢١) لەبواری ریکخستن دا، زورجار، لەدوو قولی جیاوازەوە، دوو جور بوچونی جەوت سەرهەلئەدا : لەچەپەوە ئەوانەی ریکخستنی تەسک و داخراو ئەهینەگوری، ئەوانەی ریکخستنی دەستەیەک خویندەوارو زانا پەسەند ئەکەن و لەجەماوەری زەحمەتکیشی دائەبرن .

لەراستەوە، ئەوانەی بەبیانوی ریکخستنی فراوانەوە، سنوری چینەکانی کومەل ئەسرنەوە، بی گویدانە چینەکانی کومەل و پاراستنی ماهیەتی چینایەتی کومەلە، هەلپەی کوکردنەوەی زورترین ژمارەخەلک ئەدەن ... سەرقالی چەندایەتی ئەبن و لا لەچونایەتی ناکەنەوە،

ئەوانە کومەڵە بدرەو باشەروژیکی خراپ ئەبەن و بەریکخراویکی چینیکی تری وەرئەگیرن .

کومەڵە لەهەلومەرجی ئیستای کوردستان دا ریکخستنی فراوان لەسەر بناغەی جونایەتی پەسەند ئەکاو لەگەڵ هەردوو لادان وبوچونی چەپرەو و راسترەودا ململانی ئەکا ، نابی هاوکیشەکردنی چەندایەتی و جونایەتی فەراموش بکا .

## ململانی ی شەخسی

٢٢) لەریزەکانی کومەڵەدا ، لەکونەوە تائیستا ، لەئاستە جیاجیاکان دا ، هەر لەسەرکردایەتیەوە تائەگاتە سەرکومیتەی ریکخراو و کەرت و پولەکان، جاروبار ململانیی شەخسی لەنیوان هەندی لەکادر و لیپرسراوەکان دا سەری هەلداوە، هەندی جار ئەو ململانییە بەکورتخایەن و هەندی جاریش دریژخایەن بوە، هەندی جاری تریش شوربوتەوە بوئاستەکانی خوارەوەو روخساری تاقم گەریتی و کینەی شەخسی بەخووە گرتوە... ئەمجورە لەململانی لەسەر بەرژەوەندی گشتی و قازانجی بنەرەتی کومەڵەو لەسەر مەسەلەسیاسی و فیکریەکان نەبوە بەلکە بریتی بوە لە:

- ململانی لەسەر پلەو پایەو دەسەلات .
- ململانی بو جی لیزکردن بەیەکتری .
- ململانی بەهوی حەزنەکردن لەچارەی یەکتری .
- ململانی بو تەمی کردن یاخود بو تولەسەندنە

٢٣) ئەمجورە ململانییە رەنگە لەهەمو حیزب و ریکخراویکی سیاسی دا پەیدابوبی، دورنیە زورجار یاخود هەمیشە لەمجورە ململانییە لە کومەڵەش دا پەدی بکری ، وەبگاتە ئاستی سەرکردایەتیش .

ململانی لەسەر شتی شەخسی لەریزەکانی کومەڵەدا بەزوری لەم روخسارانەدا خویان نواندوە،

* ململانیی تیکوشەریک دژی تیکوشەریکی تر، بوئەوەی خوی جیگەی بگریتەوە، یاخود بەشیکی یان زوربەی دەسەلات لەو زەوت بکاو بیگریتە دەستی خوی تا بتوانی خوی بسەپینی، و جیگەی خوی قایم بکا، یالەوی تر رزگاری ببی .

* ململانیی چەند تیکوشەریک دژی تیکوشەریکی تر: بوئەوەی هەندی لەدەسەلاتەکانی زەوت بکەن، یاخود لەزەبری دەسەلاتی دەرباز ببی و دەسەلات بەسەریدا پەیدا بکەن . دیارە ئەمجورەململانییەش لەناوەروکدا

ململانێی ئەفرادە لەسەر پلەوپایە، ململانێی کەسێکە کەئەتوانی هەندی تیکوشەری تر بوئەو ململانێ یە لەخوی دژی تیکوشەریکی تر کوبکاتەوە.

* ململانێی دەستەیەک تیکوشەر دژی دەستەیەکی تر، بو ئەوەی لایەکیان بتوانی خوی بەسەر ئەولایەی تردا بسەپینی، دەسەلاتی بەسەردا پەیدا بکا، و لەئەنجامدا بەلاوەی بنی ... کەئەمجورەش لەراستی دا هەرناکوکی بەینی دوو شەخسەو هەریەکەیان چەند تیکوشەریکیان بو ململانێی یەکتر لەدەوری خویان کوکردوتەوە.

٢٤) لەم جورە ململانێ یەدا، کەلەسەر مەسەلەی سیاسی و فیکری نیە. بەلکە لەسەر خوسەپاندن و دەسەلات پەیداکردنە، لەسەر پلەو پایەو دەسکەوتی شەخسە. زورجار ری و شوینی ناشیرین و ناڕەوا و خراپ ئەگریتەبەر: فروفیل و پاشقول گرتن، پیلانگیران دژی یەکتری، سەکتری سوک کردن و شکاندنی یەکتری، بەرپاکردنی بروپاگەندەو قسەی بی سەروبەرو بی جی دژی یەکتری، شکاندنی سەرەتاکان و ئوسولی حیزبایەتی هەربو ئەوەی لایەک بتوانی بەسەر لاکەی تردا زال ببی ..

ئەم ململانێیە ریشەکەی خودپەسەندی و خوپەرستیە، خوبەزل گرتن و لەخوبایی بونە، هەلپەکردنە بو بەرزبونەوەی خیرا لە پلەی مەسئولیەتدا، خوبردنە پیشەوەو تی نەگەیشتن و نکولی کردنە لە پەیوەندی هاوریپانەو لەسەرەتاکانی کومەلە.

بیگومان ئەم ململانێ یانە زال بونی بیرو رەوشتی بورجوازی بچوکە لەو تیکوشەرانەدا کەتوشی ئەمجورە ململانێیە ئەبن. پەلەپەل کردن و خوپەرستی بورجوازی بچوکە.

٢٥) ململانێ بو پلەوپایە، وە بوجی لیژکردن بەتیکوشەری تر، یاخود بو تەمیکردن و تولەسەندن و، یا بەهوی حەزنەکردن لەچارەی یەکتر. هەموی شەرە لەسەرخو، نەک لەسەر کومەلە، شەرە لەسەر خوسەپاندن و دەسەلات نەک لەسەر هەلویست و ریبازی سیاسی و فیکری. داخ رشتنە بەهاوری تیکوشەرەکان نەک بەدوژمنە چینایەتی و نەتەواتیەکان. لە ئەنجامدا زیان گەیاندنە بەکومەلە، بەریکخستن و بەریبازو بەسەنگ و حورمەتی لەناو کومەلانی خەلکی دا و کەمکردنەوەیە لەدەوری کاریگەرانەی کومەلە لەرودا وەکان و لەگوران و گەشەکردنی کومەلدا.

* شەر لەسەر پلەوپایەو دەسەلات بخریتە هەرچوارچیوەیەکەوە، هەرچونی تیوریزەبکری، شەرە، ململانێ یە لەسەر خوسەپاندن و

پێشکەوتنی ناڕەوا لەسەر حیسابی قازانج و پاشەڕۆژی کۆمەڵە و مەسەلە پیرۆزەکەی، وەلەسەر بنچینەی ملشکاندنی ئەمتێکۆشەرە یا ئەو وەبۆ مەرامی شەخسی .

* ناکۆکی و ململانی بەهۆی حەزنەکردن لەچارەی یەکتر، لەدەستدانی ڕەوشتی تێکۆشەری شۆرشگێرو پەیوەندی هاوڕێیانەیە، پێشێل کردنی سەرەتاکانی ژیانی ناوخۆی ڕێکخراوی شۆرشگێرە، تێڕوانین و ڕەفتار کردنە بەگوێرەو ئارەزو ویستی شەخسی،وەنکوڵی کردنەلەپێویستیەکانی هەڵکردن و پێکەوەژیانی تێکۆشەرەکان، کەئارەزومەندانە کۆبونەتەوە لەدەوری یەک مەسەلەی ناوکۆیی .

* جی لیزکردن بەتێکۆشەری ترو ئاوکردنە ژێر ئەم و ئەو، بۆئەوەی خۆی جێگەی بگرێتەوە یان یەکێک لەباوەڕو لەتاقمی خۆی بخاتەجێگەی، شێوەیەکی تری ململانێی ناڕەوایە کە ڕێوشوێنی ناڕەوا ئەگرێتەبەر، لەپێناوی ئارەزوو و دەسکەوتی شەخسی دایە نەک لەبەرقازانجی کۆمەڵە .

* تەمی کردن واتە هەوڵدانی تێکۆشەرێک یان دەستەیەک بۆ تەمی کردنی تێکۆشەرێکی تر یان دەستەیەکی تر لەڕیزەکانی کۆمەڵەدا، شێوەیەکی تری ململانێی ناڕەوایە، کەبۆ تێرکردنی ئارەزوی شەخسی و لەخۆبایی بون یاخود بۆ داپین کردنی گیانی خۆبەزل زانینە، کەهەق ئەدا بەخۆی ئەم و ئەو بەگوێرەی ویستی شەخسی خۆی دەستەمۆ بکا ...

یان هەندی جاری تر ململانێکە شێوەی تۆڵەسەندنەوە لەهاوڕێیەک یان دەستەیەک ئەگری بەخۆیەوە، بۆ داپین کردنی داخ و کینەی شەخسیە دژی هاوڕێکانی سەنگەر نەک دژی دوژمنەچینایەتی و نەتەوایەتیەکان.

هەمو ئەمجورە ململانی ناڕەوانە، لە هەمو ڕێکخراوێک دا، سەرهەڵئەدەن، پێویستە کەبەهۆی :

- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی هاوڕێکانی کۆمەڵەوە.
- قوڵ کردنەوەی هەستی تێکۆشەری و گیانی برایەتی ڕەوشتی تێکۆشەری شۆرشگێرە .
- خۆبەستنەوە بەسەرەتاکان و ئوسوڵەکانی ژیانی حیزبایەتیەوە .
- ڕیسواکردنی ئەم دیاردانەو هۆی ئەمجورە ململانێیەو سەرچاوەکانی پەیدابونیەوە بەر بەپەیدابون و پەرەسەندنی ئەمجورە ململانی زیان بەخشە بگرین .

## ری و شوینی راست و چەوتی ململانی

٢٦) وەکو باسکرا بونی ململانێی ناوخو لەریزی ریکخراوی شورشگیردا دیاردەیەکی نائاسایی نیە، خراپ و زیانبەخش نیە، هوی ساردکردنەوەی تیکوشەرەکان نیە لەخەبات و شورش. بەلکەدیاردەیەکی چاک و ئاسایی و سودبەخشە، چونکە بەبی ململانێی ناوخوی کومەلە، ئەو ناکوکیانە چارەسەر ناکرین کەلە کورو جەنگەی خەباتدا پەیدا ئەبن، بەبی چارەسەرکردنی ئەو ناکوکیانەش، ناکوکی سیاسی و فیکری گەشەکردن و پتەوبون و بوپیشەوەچونی کومەلە کاریکی مەحالە.. بەلام ئەوی نائاسایی و زیان بەخشە ململانێی شەخسی نارەوایە، لەوەش ترسناکتر ری و شوینی چەوت و ریگەی نائوسولی بەریوەبردنی ناکوکیە.

ناکوکی و ململانی لەسەر هەمو ئەو مەسەلانە کەپەیوەندی بەرەنگ رشتنی سیاسەت و نەخشەو تاکتیکەکانی کومەلەوە هەیە. ململانی لەسەر لیکدانەوەو هەلویست روو لەو ستراتیجە یاخود روو لەو ئامانجەی قوناغە میژوییەکە کومەلەی بو دامەزراوە، گرنگە، رەوایە، پیویستە، وەهوی گەشکردنەوەی کومەلەو پتەوبون و بەهیزبونی کومەلەو شورشە. بەلام چون ئەو ناکوکیانە چارەسەر ئەکرین؟ چون ئەو ململانیە ئاراستە ئەکری؟ مەسەلەیەکی پر لەبایەخ و گرنگە.. ئەو ریگەیە چارەنوسی ململانی کە دیاری ئەکا، کومەلە ئەخاتە بەردەمی مەترسی گەورە، یان گەشەکردن و خورت بون، کەئەتوانین دەست دریژبکەین بو:

١- ململانی بەریگەی ئوسولی.
٢- ململانی بەریگەی نائوسولی.

### ململانی بەریگەی ئوسولی

٢٧) کومەلە سروشتی چینایەتی دیارو ئاشکرایە، ریکخراوی سیاسی کریکارانە، م.ل چراو ریبەری خەباتی شورشگیرانەیەتی، ئامانجی خوی لەسەر ئەساسی ئامانجی جولانەوەی میژوکردی هەناوی کومەلی کوردستان دیاری کردوە، لەسەر ئەساسی ئامانجی دورو نزیکی، و گری دانەوەی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی. تیکوشەرەکانی کومەلە ئارەزومەندانە کوبونەتەوە بو جی بەجی کردنی ئەرکەکانی کومەلەو هینانەدی گوران و گەشەکردن، رزگاری و پیشکەوتن و سوسیالیزم لە کوردستاندا. لەبەرئەوە شتیکی ئاساییە کەتیکوشەرەکان لەکاتی شەن و کەوکردنی دیاردەکان و لیکولینەوە لەروداوەکان بەپی ی

باسا گشتیو جەوهەریەکانی (م.ل) لەسەر :
- تاکتیک و نەخشە سیاسیەکان و ڕیگەو ئوسلوبی جی بەجی کردنیان .
- هەلویستو مەسەلەفیکریەکان .

بگەنە ئەنجامی ئەوتو کەلەهەندی ڕووەوە یان لە کوبەندی

مەسەلەکاندا و لەئەنجامگرتن دا لەیەکتر جیاوازبن یان کتومت وەکو یەک نەبن، وەناکوکی بکەویتەروو.. ئەوسا ململانی بو لایەلاکردنی ئەو ناکوکیانە کاریکی پیویستە، تاهەمو کومەلە بکەنە هەلەنگاندن و ئەنجامگیری وەکو یەک .

٢٨) مشتومر، قسەوباسو لیکولینەوە، کورینەوەی بیرورا، ململانیی بوچونی جیاواز لەچوارچیوەی ڕیکخستن و لەجوکەکانی ڕیکخستن دەرنەچی . ئەبی ململانی کەلەسەر بنچینەی ناوەندیتی دیموکراتی بەریوەبچی :

- هەمو تیکوشەریکی کومەلە لەو سنورو چوارچیوەیەدا بەوپەری سەربەستی ڕای خوی لەسەر هەمو مەسەلەیەک دەربری .و هەست بکا بەشدارە لەهەمو سیاسەتو هەلویستو بریاریکدا .

- بیرورادەربرین نەبیتەهوی ئەوە کەئەوتیکوشەرەگومانی بخریتەسەر و لەئەنجام دا لەقالب بدری، و ئیتر گوشار بکەویتەسەر رادەربرین.

- لەکوبونەی _ شانەو پول و کەرتو ڕیکخراو و سەرکردایەتی و کوبونەوەی فراوان و کونفرەنس دا بەتەواوی ئیرادەو سەربەستیەوە بیرورا دەربری .

- بیرورا بلاوکردنەوە، بەپیچەوانەی سیاسەتی گشتی و دیاریکراوی کومەلە بەپیچەوانەی بریاری دەزگا سەرکردایەتیەکانەوە ئەبی لە خوارەوە بوسەرەوەبی . واتە، ناشی سەرشانە بوشانەکەی، لیپرسراوی شانەی سەرەکی بوشانەکەی، لیپرسراوی پول بو پولەکەی و هی ڕیکخراوەکان بو ڕیکخراوەکەی، وەئەندامانی سەرکردایەتی بو ڕیکخراو و کەرتو پول و شانە، بیروبوچونی خویان، هەلویستو لیکدانەوەی تایبەتی خویان بەرەوخوار شوربکەنەوە، بەلکەئەبی، ئەندامانی شانە لەشانەی خویان دا ، وەسەرشانەکان و لیپرسراوی پول و کەرت و ڕیکخراوەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی هەریەکەیان لەو شویندا ڕای جیاوازی خوی دەربری کەتییدا ئەندامە نەک لیپرسراو، بەو جورە بەردەوام هەوراز بچی تا لەشوینی دەسەلاتدار چاربکری .

ـ بیروڕای جیاواز، ئەوی لەگەل بڕیارەکان و ڕیبازی سیاسی کومەلە یەک ناگریتەوە تەنها بواری دەربڕینی ئەو کورو کوبونەوانەیە کەبو ئەو مەسەلەیە تەرخان ئەکری، یان گەیاندنی بە دەزگا سەرکردایەتیەکان، یاخود قسەو باس و مشتومڕ لەگەل دەزگا سەرکردایەتیەکان دا بو چارەسەرکردنی ناکوکی و گیروگرفتەکان . نەوەکو ڕیگەدان بەشورکردنەوەی بو ڕیزەکانی خوارەوە .

ـ هەر سیاسەت و نەخشەو بڕیاریک، پاش مشتومڕو لیکولینەوەی پیویست بەزورینە بڕیاری لەسەردرا، ئەبی کەمایەتی بیروبوچون و ڕای خوی هەلگری بوخوی و بودەرفەتیکی تر، وەبڕیاری زورینە جی بەجی بکاو لەئیرادەی زورینە نەترازی .

ـ هەمو بیروڕایەک، قسەو ڕەخنەیەک لەچوارچیوەی ئوسولی خویدا لەکوبونەوەدا، لەراپورت دا بودەزگای دەسەلاتدار، باس بکری نەشاردریتەوە، چونکە ناشی لەدەرەوەی کوبونەوە، لەدەرەوەی جوگەکانی ڕیکخستن و دور لەشیوەی ئوسولی باس بکریتەوە .

ـ دەزگاکانی خوارو مل کەچی ئاموژگاری و بڕیاری دەزگاکانی سەروترن .

ـ حورمەتی هەمو بیروبا وەڕیک بگیری و بەچاوی سوک تەماشای هیچ راوبوچونی نەکری و خاوەنەکەی بە کەم تەماشا نەکری .

ب ـ ناکوکی لەبیروڕاو بوچون و هەلویستدا ئەبی لەڕیگەی مشتومڕو قسەوباسی هاوری یانەو مەوزوعی یانەو دور لەشتی زاتی و پلارو توانج وەلەسەر ئەساسی سەلماندن و بی سەلماندن چارەسەربکری، نەک بەداسەپاندن . وەبەهوی ڕەخنەو ڕەخنەلەخوگرتن و لیکولینەوەوە بەهوی نامەو راپورت و خوش کردنی دەرفەتی تەواوی بیروڕاکانەوە مەسەلەکان بسەلمینرین .

دیارە ئەبی ڕەخنەگرتن و مشتومڕ بەزمانی نەرم و بەهیمنی بی و شیوەی ناحەزی بەخووە نەگری .

بەمجورە، و بەئاراستەکردنی دروستی ململانی لەسەر شاری ئوسولی، و بەگویرەی سەرەتا ڕیکخراوەییەکان، ناکوکییەکان چارەسەر ئەکرین، هەمو کومەلە پیکەوە بەشداری سیاسەت و نەخشەو هەلویستەکانی ئەکەن و بەتەنا عەت جی بەجی ئەکەن و ململانی کەشوینەواری سەلبی و خراپ بەجی ناهیلی .

ململانی بەریگەی نائوسولی :

٢٩) ململانی بەشیوەی بەرەلاو دور لەسەرەتا ریکخراوەییەکان، لە دەرەوەی جوگەکانی ریکخستن ، وەدور لەگیانی هاوری یان و لیدوانی مەوزوعی و سەلماندن و بی سەلماندن . وە بەریگەی :

١- دەستەگەری ئاشکرا یان نهینی : واتە گەلەکومەکی و بەزاندنی سنوری ئوسولی شانەو پولەکان. کەرت و ریکخراوەکان، ئورگانە جیا جیاکان بو پەکخستنی بیروبوچون، هەلویست و لیکدانەوە، رەخنە و تومەت . وەربکخستنی دەستە لەسەر حیسابی یەکیتی ریزەکان و پەیکەری ریکخراوەیی کومەلە ، یاخود کوبونەوەکردن لەپشت دەزگا و شانەکانی کومەلەوە ، رەفتارکردن و پروپاگەندەکردن بەپیچەوانەی سیاسەت و بریارو هەلویستەکانی کومەلە .

٢- پیلانگیران و دوو روویی و دوو زمانی، وەشاردنەوەی بیرورا و هەلویست لەکات و شوینی ئوسولی دا ، و دەربرینی لەملاو لەولاو لەکات و شوینی نائوسولی دا . وەهەولدان بوبلاوکردنەوەی بیرورای تایبەتی لەریگەی شورکردنەوە بەرەو خوارو سودوەرگرتن لەلیپرسراویتی .

ئەمانە کەهەمویان شکاندنی پرنسیپەکانن، تیکدانی ژیانی ریکخراوەییە، ئەبیتەهوی ئەوە کەململانی ی ناوخو نەک هەرنەتوانی ناکوکیەکان چارەسەربکا . بەلکە ببیتەهوی قول بونەوەو ئالوزبونی ناکوکیەکان، هوی تیکدانی ریزەکان وسازکردنی پشیوی ... هوی لاوازکردنی کومەلە .

بویە ئەبی هەمو هاوری یانی کومەلە لەئاستیکی بەرزی هەستکردن بەمەسئولیەت دا بەشداری کاریگەر بکەن لە :

- نەهیشتنی ناکوکی و ململانی ی شەخسی دا

- نەهیشتنی ململانی ی نارەوا و ریگەی نائوسولی ململانی دا .
- ئاراستەکردنی ململانی ی بەریگەی ئوسولی دا .

ئەوسا هەم کومەلە هەم ئەندامەکانی ئەگەشینەوە، و بو پیشەوە ئەچن .

68

## ریگەی راستی بەرزکردنەوەی ئاستی روشنبیری و هوشیاری لەریزەکانی ریکخستن دا

### کومەلە ژمارە (١٢) خولی ٣ مارتی ١٩٨٦

هەر حیزب و ریکخراویکی سیاسی، پیناسەی چینایەتی هەرچیەک بیت و هەلگری هەرفەلسەفەو ئایدولوجیایەک بیت، خاوەنی بەرنامەو ئامانج و ریبازی سیاسی تایبەتی خویەتی. دوامەبەست و ئامانجیش بەدەستهینانی دەسەلاتی سیاسی و جیبەجی کردنی ناوەروکی بەرنامەو بەیرەوکردنی ریبازەسیاسیەکەیەتی، کەلەبەر روشنایی ئەوفەلسەفەیەو لەچاو و بەرژەوەندی ئەوچینەوە ئەروانیتەکومەل و سروشت و دەوروبەرو روداوەدیاردەکان و هەر لەسنورو چوارچیوەی ئەو بەرژەوەندیەشدا ئامانجو بەرنامەی کاری خوی دائەریژیت کەلەپیرەو و بەرنامەو ئورگان و سەرجەم بلاوکراوەکانیدا رەنگ ئەداتەوە .

فاکتەریکی مەزن کەرولی کاریگەر ئەگیریت لەبەرەوپیشەوەبردن و پەرەسەندنی بزوتنەوەو ریکخستندا، گرتنەبەرو پەیرەوکردنی ریبازی سیاسی راست و دروستە کەلەرەوتی شیکردنەوەو تیگەیشتنی زانستانەو راستی کومەل و دەوروبەردا ئەنجام وەرئەگیریت، بەرەچاوکردنی هیزو چینەکانی ناوەناوی کومەل خویی و بارودوخە تایبەتیەکەی، تەرازوی هیزەکانی ناوچەکەو جیهان، دیاریکردنی قوناغی کەشەکردنی کومەلایەتی و قوناغەکانی خەبات، هەستکردن بەو فاکتەرەناوەکی و دەرەکیانەی کارئەکەنە سەر رەوتی خەبات و بزوتنەوەکە .

دیارە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەو دوزینەوەی ریبازی سیاسی راست و پیادەکردنی، چارەسەرکردنی کیشەکانی کومەل و بزوتنەوەکەو ئەو تەنگوچەلەمانەی روبەروئەبنەوە، هەربەمیشکی کراوە و بەزانیاری زورو بەرفراوان و بەرینی بیری تیژو قولی ئەندامان و هەلسورینەرانی ریکخستن و شورش ئەنجام ئەدریت.

دەولەمەندکردنی میشکی ئەندامان و کادرانی ریکخستن و فراوان کردنی ئاسوی بیرکردنەوەیان بەو فیکرو زانیاریانەی مروڤایەتی بەدەستی هیناوە، بەوکەرەستانەی لەبەردەستان، نەک هەرپیویستیەکی

مەزنی ریکخستن و ئەندامانیتی، بەلکو ئەرکیکی گەورەو گرنگی سەرشانیانە، تابتوانن بەبیری تیژو چاوی کراوەوە پاریزگاری ریبازە راست و دروستە بکەن، بەلکو لەهەر ئالوگوریکیشدا بتوانن هەلویست و تاکتیکی راستی نویی بگرنەبەر بەشیوەیەکی داهینەرانەو پمپورانە کەلەخزمەت ئامانجەکان و ناوەروکی بەرنامەکەیدا بیت .

لایەنی روشنبیری و گەشەپیدانی لەریزەکانی ریکخستندا، واتە پەروەردەکردن و پیکەیاندن و هوشیارکردنەوەی بەردەوامی ئەندامان و کادیرانی ریکخستن، خوراکی بی بژیوی ریکخستن و نوی کەرەوەی خوینی گەشە لەناو دەمارەکانیدا .

کومەلەشمان وەک ریکخراویکی م.ل ی شورشگیر کەلەجیهانبینی چینی پیشرەوەوە ئەروانیتە گشت مەسەلەو دیاردەو رووداوەکان و لەبەرژەوەندی ئەوچینەوە رەوت و ریبازی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان دیاری و رابەرایەتی ئەکات و لەسەربنچینەی مەتریالیزمی میژویی باری کومەلی کوردستان ومیژوی گەلی کورد وسروشتی بزوتنەوەکەی شیئەکاتەوەو ئەروانیتە رووداوەکانی ولات و ناوچەکەو جیهان لەبەردەم ئەرکیکی میژویی گەلیک گەورەو گراندایە، بویە هەروەک ریکخراویکی زانست پەروەری هاوچەرخ لەم روژگارانەی ئیستادا ، پتر پیویستی بەوەهەیە ریزەکانی لەئاستیکی هەلکشاوی پیکەیشتن و روشنبیری و هوشیاریدا بیت .

## ریزەکانی ریکخستن بەچی پەروەردە بکرین ؟

ئەمرو ئەرکەکانی تیکوشەرانی کومەلەو گەلەکەمان، لەبەردەم کیشەئالوزەکەیدا ، هیزو تواناو فروفیلی داگیرکەران و دوژمنەکانیدا بەرژەوەندی تیکچرژاو و تیهەلکیشی دەولەتەئیمپریالیستەکان و دارو دەستەکانیان لەناوچەکەدا ، شوینی ستراتیژی کوردستان، ئەمەندە گری و کول و کوسپی هیناوەتە ریکەی خەبات و چارەسەرکردنی کیشەی گەلەکەمان، کەهەر بەتەنها دلسوزی و پەروشی و ورەی بەرزوبازوی مەردانەو قارەمانیتی، ئامانجەکانی گەلەکەمان ناهینیتەدی، بەلکو ژیری و هوشیاری و میشکی کراوەو بیری بەپیت و زانیاریکانیش پیداویستیەکی گرنگی ئەم سەردەمەی پیشکەوتنی مروفایەتی و ئەم روژگارەی خەباتی گەل و ریکخراوەکەمانە بەرەو گەیشتن بەدوا

تروپکی سەرکەوتن .

روشنبیریی شورشگێرانە ، ئومیدیکی زانستانەی پرهیواو پرشنگدار ئەبەخشی بەتیکوشەران بەرامبەر بەگرانی و سەختی ریگەی خەبات ، هیزو توانایان پی ئەدات بدمەبەستی بلاوکردنەوەو بەرەودان بەبیرو باوەرو ئایدولوژیاو سیاسەتی ریکخراوەکەیان لەناوکومەلانی خەلکدا ، سەرەرای ئەوەی ئەبیتەمایەی بدخشینی بەهرەو داهینان لەدەستنیشان کردنی شیوەی چارەسەرکردنی کیشەکانی ناوریکخستن چ ریکخراوەیی بیت یان ئایدولوژی ، چارەسەرکردنی کیشەکانی کومەلانی خەلک ، هەروەها توانایەکی بالاشیان ئەداتی لەپیشبینی کردن و شیکردنەوەی روداوەکان بەشیوەی راست .

پەرەپیدانی زانیاری لەبابەتەگشتیەکانی روشنبیری و لەهەمو کورەپانەکاندا ، بازنەی زانیاری ومیشکی تیکوشەران فراوان و بەرین و بەهرەدارتر ئەکات لەجیبەجی کردنی خەباتیاندا .

هەلبەتە پیکەباندن و پەروەردەکردن لەریزەکانی ریکخستندا ئەبیت بە بەرنامەو بەپیی نەخشەیەکی دیاریکراوبیت و بابەتەکانی ئەوچەشنەبابەتە بەپیزانەبن ، بەراستی ئاستی هوشیاری ئەندامانی ریکخستن بەرزبکەنەوە ، بەرەچاوکردنی ئەرکەکانی ئیستاو داهاتو و پیداویستیکانی خەباتی شورشگیرانە لەهەمو قوناغیکدا .

تیکوشەرانی کومەلە کەتیو فەلسەفەی(م.ل) یان وەرگرتوە ئەبیت بدومەبەستەبیت لەخەباتی شورشگیرانەی خویاندا بەکاری بهینن و رینوینی یان بکات ، ئەبیت کەرەسە بنەرەتی و سەرەکیکانی تریشیان لەبەردەستا بیت ، تالەبەر روشنایی ئەوتیوری و بەیارمەتی ئەو فەلسەفەیە ، لەسەر زەمینەی واقیع و بەمیشکی کراوەیوخەباتەکەیان ریگای راستی خوی بگریت و بەئەنجام بگات . چونکە بوتیکوشەری (م.ل) هەرئەوەندە بەس نیە شارەزای دەق و رستەی کتیبە کومونیستەکان بیت و لەبەری کردبیت ، بەلکو ئەبیت بەچاکی بەکاری بهینیت لەهەلومەرجی تایبەتی کومەلەکەی خویی وکات و شوینی خویدا . ئەوکەرەسانەش هەرئەبیت بریتی بن لەکومەل و ولاتەکەی ئەوتیکوشەرانە ، لەبەروبوم و بەری فیکرو زانستەجوربەجورەکانی بەدەست هاتوی مروفایەتی ، لەبەری ئەزمون و تاقیکردنەوەکانی گەلان .

تیکوشەری کومەلە پیویستە بەچاکی لەمیژوی گەلەکەی شارەزا بیت ، بنەرەت و رەچەلەکی گەلەکەی ، میژوی شەروشورو جەنگی نیوان

کوردو داگیرکەران و بەرگری گەلەکەمان لەخاکەکەی، شەڕو کوشتاری داگیرکەران و فڕانیان لەسەرخاکی کوردستان، پیلانی دابەش کردنەوەی کوردستان، بەڵێن و پەیمانەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمان، مێژوی ولاتانی داگیرکەرو دروستکردنی دەوڵەتی داتاشراوی عیراق. مێژوی گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕوشنبیریی کوردستان. سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، شۆڕش و راپەرینەکانی، هۆکانی هەڵچون و داچونیان، هۆکانی گەشەکردن و گلانەکانیان، هەڵسەنگاندنی لایەنەبەهێزو گەشەکردوەکان و لایەنەلاوازو هەڵەو چەوتیکانیان. مێژوی دروست بونیحیزب و ڕێکخراوە سیاسیکانی کوردستان و لێکۆڵینەوە لەریبازی سیاسی و ئایدولوژیا و شێوەی پێکهاتنیان و ئەنجام هەڵهێنجان لەم لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنە .

تێکۆشەری کۆمەڵە ئەبێت شارەزای خاک و نیشتمانەکەی بێت، جوگرافیای ولاتەکەی بزانێت، شارو شارۆچکەو گوندو شاخ و پێدەشت و روبارو ناوچەبەپیتەکانی کشتوکاڵ، ناوچەستراتیژیکانی ولات، سامانی سەرزەمینی و ژێرزەمینی . تێکۆشەری کۆمەڵە، بەتایبەتی ڕێکخستندکانی ناوشاخ و پێشمەرگە ئەبێت شارەزایی شوێنەسەخت و ئەشکەوت و لێرەوارەکان بن، شوێنی خوحەشاردان،کاریزوکانی و شوێنی حەوانەی جەنگاوەرەکان .

پێویستە ئاستێکی باشی هەبێت لەزانست و هونەری سیاسەتدا، بەوانەکردنی رابورتەسیاسیەکانی ڕێکخراوەکەی خوی و حیزب و ڕێکخراوەکانی شۆڕش و سەرکورەپانەکەو دەوڵەت وڕابورت ولیکولینەوە سیاسیەکانی نەودەوڵەتان . ئیکردنەوەو بەدوکەوتنی روداوە ساسەکانی گورەپانەکەو جیهان، تێگەیشتن لەمانا و چەمکی ستراتیژ و تاکتیک ، شارەزایی لەجیوپولەتیک و جوگرافیای سیاسی،فیربونی بەکارهێنانی راست و دروستی هاندانی ساسانەو بەگەدرخستن و سازدانی جەماوەر، بەدوزینەوەی روداوە لەشاردکان و وروژاندنی جەماوەرو هاندانیان .

شارەزایی لەهێزو توانای دوژمنی داگیرکەر، لەشێوەی کارکردنی، لەسیاسەتی روژانەو بەردەوامی، ئایدولوژیای، ستراتیژو

تاکتیکەکانی، لایەنە بەهێزو لایەنەچروک و لاوازەکانی زانیاری دەربارەی هێزەچەکدارەکان و دەزگا جاسوسیەکان شێوەی کارکردنیان.
زانیاری دەربارەی باری دارایی، ئابوری، کۆمەلایەتی، سیاسی، رۆشنبیری دەولەت و دەربارەی گشت دامودەزگا جۆربەجۆرەگرنگەکانی.

زانیاری دەربارەی هێزەسیاسیەکانی گورەپانی کوردستان و عیراق و ناوچەکەو ولاتانی تری داگیرکەر، وانەکردن و لێکۆلینەوەی سیاسەت و بیروبۆچونیان، هێزو توانا و سەنگی سیاسیان لەناو کۆمەلانی خەلکدا، رادەی دۆستایەتی و دوژمنایەتیان لەگەل کۆمەلەو شورش دا، راوبۆچونیان دەربارەی کوردو کیشەرەواکەی.

تێکۆشەری کۆمەلە سەبارەت بەوەی کەخەباتی چەکدارانە لە زۆر کات و سەردەمی مێژوی خەباتی گەلەکەماندا وەک شێوەیەکی سەرەکی خەبات خۆی سەپاندوە بەسەر رەوتی بزوتنەوەکەو شێوەکانی تری خەباتدا، ئەبێت بەچاکی لەهونەرو زانستی جەنگ و جەنگی پارتیزانی شارەزابێت. لەشێوە جۆربەجۆرەکانی، لەقوناغە گەشەکردوەکانی بەلێکۆلینەوەی تاقیکردنەوەکانی گەلانی شورشگیر لەمبوارەدا، بە لێکۆلینەوەو وانەکردنی شورشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان و شورشەمەزنەکانی جیهان. پەیداکردنی زانیاری لەسەرجوری چەکەکان، تەکنیکی نوێی جەنگ و زانستی جەنگ.

شارەزایی لەزمان ویژەو هونەرو لق و پوپەکانیان، رێزمان، رێنوس و کایەجیاجیاکانی تری ئەدەب و هونەرو رۆشنبیری کوردی. پێویستە تێکۆشەری کۆمەلە ئاستی زانینی زمانی خۆی بەرزبکاتەوەو هانی گەشەپێدانی ویژەو هونەری گەلەکەی بدات. هەندێک لاوی کەم ئەزمون و نەشارەزا، وائەزانن کەزمان و ویژەو هونەری گەشەکردو کاروپیشەی کرێکاران و رەنجدەران نیە، بەلکو تایبەتەبەبورژواکان و کۆنەپەرستان، بۆیە لای ئەوانە پێویست نیە رێکخراو و تێکۆشەری (م.ل) بایەخ بەزمان و ویژەو هونەربدەن. ئەم راوبۆچونە نازانست و چەوتە سەرەرای ئەوەی سوکایەتی کردنە بەکرێکاران و رەنجدەران و ئایدولوژیەکەیان، لەهەمان کاتیشدا بەچاوی سوک و بی بایەخ ئەروانیتە زمان و هونەرو کەلەپورو کەلچەری گەلەکەی. کە کرێکاران وەک پێشکەوتوترین و شورشگێرترین چینی سەردەم و هاوچەرخو خاوەنی پێشکەوتوترین و بالاترین ئایدولوژیا و دروستکەری مێژو، ئەبێت

وەک بیروباوەر، زانست و پێشکەوتوەکەی خاوەنی گەشەکردوترین و بالاترین کەرەسەکانی خەبات و لیدوان و ئامیری ئاراستەکردن و هاندان و گفتوگو و جوانترین هونەری بلندبن.

لینین وەک تیکوشەرێکی بلیمەت و سەرکردەیەکی ڕوشنبیری مەزن هەمیشە بایەخیکی تایبەتی داوە، بەزمان و ویژەو هونەر و چەشنەکانی و هەمیشەش چاکترین ڕومان و چیروک و بەرزترین شیعری، کەلەکەسی و شاکارەکانی بەرهەمی گەلانی تری خویندوتەوەو ئامادەی چاکترین شانوگەری بوەو گویی بوئاوازی بالاترین شاکارەکانی موسیقاو سەمفونیەکانی جیهان گرتوە. هەروەها لەژیانیا بایەخیکی تایبەتی بە گەلەئەدیب و هونەرمەندەکانی گەلەکەی داوەو هەمیشە هانی داون بەرەوپیشکەوتن.

کروپسکایای هاوری و هاوسەری لیی ئەگیریتەوە، کە لە سەردانیکیاندا بویەکیک لەئوردوگاکانی موسکو ئەم گفتوگو کورتەی لەگەل هەندیک لەو لاوانەدا کرد: "ئەوەچی ئەخویننەوە؟ ئایا پوشکین ئەخویننەوە؟ یەکیکیان هاواری کرد: نەخیر بوشکین بورژوا بو، مایاکوفسکی ئەخوینینەوە، ئلیچ بەزەردەخەنەیەکەوە ووتی، بەرای من بوشکین باشترە"[1]. وەک زانراویشە، مایافسکی شاعیریکی تیکوشەری کومونیست بو، بوشکین شاعیریکی بورژوابو، بەلام زمان و هونەری شیعری بوشکین گەلیک هەلکشاوترو بەرزتربو. لەبواریکی تریشدا لەلیدوان دەربارەی هونەری جوان و ویژەی بالادا، کلارازیتکین ئەم رایەی لینین بەم جورە ئەگیریتەوە:

"پیویستە جوانی بپاریزریت و گەشەی پی بدریت و بکریتەنمونەو لەجوانیەوە بروانریتە شتەکانی تر، باکونیشبیت". بوچی ئەبیت پشت بکەینە جوانی و وازی لی بهینین، تەنانەت وازیش لەوەبهینین کەبیکەینە دەستپیک بەرەو گەشەکردنی داهاتو، لەبەر یەک هو، گوایە "کونە"؟ بوچی ئەبیت کرنوش بو "نوی" ببریت وەک کرنوش بردن بو خوا؟ بوچی ئەبیت ملی بوکەچ بکریت لەبەرئەوەی ئەمە "نوی یە"؟ ئەمە نابەجی و ناشایستە، ئالیرەدا تا ئەندازەیەکی زور دوورویی ریزلی گرتنی ناهوشیارانە بومودەی هونەری باوی روژئاوایی لەئارادایە"[2]

ئەمرو لەسەرانسەری جیهاندا بزوتنەوەیەکی خیرای پیشکەوتنی زانست و تەکنەلوژیا لەئارادایە، مروڤایەتی بەهەنگاوی گەورە گەورە پیشکەوتنیکی لەرادەبەدەری زانست و لق و پوپەکانی و کایە

جیاجیاکانی ئایدیا و ڕوشنبیری بەدەست ئەهێنێت ، شیاو نیە تێکۆشەرانی گەلەکەمان فەرامۆشی بکەن و بێ ئاگا و دوور بن لە دەنگوباسەکانی، لە ئاستە بلندەکەی و هاندەریان نەبێت لە گەشەپێدانی خۆیان و بەهرە وەرگرتن لەم بوارانەدا .

گەلانی تێکۆشەری جیهان، خەرمانێک ئەزموون و تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بۆ بەجێهێشتوین، کە پڕن لە دەرس و پەندی بەکەڵک و بەسود . لێکدانەوەو شیکردنەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهان، سەرکەوتن و نوشوستیەکانی، لایەنە گەش و لایەنە سست و داچوونەکانی، تاقیکردنەوەو ئەزمونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی گەلانی جیهان، لێکۆڵینەوە لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و خەباتیان ئەرکێکی گرنگی تێکۆشەرانی کۆمەڵەمانە . پێویستە بەتایبەتی بایەخ بە بزوتنەوەو ڕێکخراوە سیاسیەکانی گەلانی زۆرلێکراو و جیهانی سێ بدەین وەک تاقیکردنەوەیەکی نزیک و تارادەیەک لەیەکچوی بزوتنەوەو باروودۆخەکەی وڵاتی خۆیان . پێویستە تێکۆشەرانی کۆمەڵەو گەلەکەمان ئەن و کەوی ئەم خەرمانە تاقیکردنەوانە بکەن و لایەنە بەکەڵک و گونجاوەکانی لێ هەڵبێنجن و خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن و بە قازانجی بزوتنەوەی گەلەکەمان و بەپێت کردن و فراوان کردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆیان بەکاری بهێنن .

## ڕوشنبیری
## لەباری سەرنجی (م.ل) ەوە

ژیان لە ئاست سنوری هیچ تیوریکی شۆڕشگێڕانەو زانستیدا ناوەستێت و تەواو نابێت ، زانیاری مرۆڤایەتی بێ سنورەو کۆتایی بونیە ، چونکە خەباتی مرۆڤ و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتیش سنورو کۆتایی بونیە .

م.ل نوێنەرەوەی پوختەی زانست و بەری تاقیکردنەوەو کۆششی مرۆڤەو خۆی لەخۆیدا پشت ئەستورە بەدوا ئەنجامی بەرهەمە زانستەکانی مرۆڤایەتی . بەڵام زانستی زانستەکان و تاکە زانست نیە ، بەڵکو بالاترین و پێشکەوتوترین زانستە ، بەوشێوەیەی توانای هەیە بخزێتە ناو ئالۆزیکانی ژیانی ناوخۆو دەرەوەو ناکۆکیەکانی ناوکۆمەڵ یەکالا

بکاتەوەو لابەلابکات بەقازانجی بەرەوپێشەوەچون، نهێنیە شاراوەکانی ناو دیاردەکانی سروشت شی بکاتەوەو لێکیداتەوە. م.ل جێگەی بەشن و جورەکانی تری زانست ناگریتەوە، بەلکو بەهەمویان فەرهەنگ و روشنبیری پێشکەوتنخوازی مروڤایەتی پێک ئەهێنن. هەربویە بە تەنها م.ل بریتی نیە لەسەرجەم بەرهەمی روشنبیری و دەسکەوتەکانی مروڤایەتی و تاکەریکەو تاکەبابەتی خوبەروەروەردەکردن و هوشیارکردنەوەی تێکوشەران نیە. تێکوشەرە (م.ل) ەکان ئەگەر واز لەهەمو شتێکی تر بهێنن و تەنها هەربەتیوری و فەلسەفەی(م.ل) ەوە بوەستنەوە، ئەگەر هەرخەریکی دەورکردنەوەو خوێندنەوەی روتی دەقە ئامادەکراوەکانی ناو نامیلکەو بەرهەم و دانراوەکومونیستەکان بن، ئەگەر هەرخەریکی لەبەرکردن و خوێندنەوەو وتنەوەی ووشە و رستەکانی کەلەپیاوانی کومونیست بن، بێ ئەوەی ناوەروکی ئەو کتێب و دەق و رستانە ببەستنەوە بەکردەوەی روژانەوەو کاری پێ بکەن، بیگونجێنن لەگەل بارودوخی دیاریکراودا، بێ ئەوەی بیانبەرژێنە سەرهیچ بابەتێکی تری روشنبیریی، بێ ئەوەی تیوری شورشگێرانە ئاوێتەی گشت بەرهەمەروشنبیریی وزانستەکانی مروڤایەتی و بەری چالاکیەکانی تری بکەن، تێکوشەریکی لەم جەشنە کەجگە لە (م.ل) هەمو بابەتەکانی تر فەراموش بکات مروڤێکی کال و کرچ و کەم توانا دەرئەچێت، نەک هەر (م.ل)ێکی تەواو خەملیونیە، نەک هەر تێکوشەریکی روشنبیرنیە، بەلکو لینین ووتەنی فەلسەفەکەش کەم بایەخ ئەکات و زیانی پێ ئەگەیەنێت :

" گومانی تێدانیە، لەسەرەتادا وابەمێشکدادێت کەگوایە فێربونی کومونیزم مانای وەرگرتنی هەر ئەوزانیاریانەیە کە لەکتێب و نامیلکەو دانراوەکومونیستەکاندا کوبونەتەوە، بەلام ئەم پێناسەیە بوفێربونی کومونیزم هەرگیز دروست و بەس نیە. چونکە ئەگەر فێربون و وانەکردنی کومونیزم هەر بەوەوە بوەستێتەوە کەلەکتێب و دانراوەکومونیستیەکاندا هەیە، ئەوا زور بەئاسانی ئەتوانین کەسانی کال و کرچ و خو بەزل زان و خوهەلکێش دروست بکەین، کەئەبێتەمایەی زیان گەیاندن و ئازاردانمان. چونکە ئەوکەسانەی لەکتێب و نامیلکە کومونیستیەکانەوە فێربون، ناتوانن ئەم هەمو زانیاریانە

پێکەوە بەستنەوەو ناتوانن بەپێی پێداویستیەکانی کۆمۆنیزم هیچ کارێک ئەنجام بدەن ".٣

ئەو مرۆڤەی هەمو بابەتەکانی تری رۆشنبیری و زانستەکان، مێژوی کەلەکەی، زانستی سیاسەت، ئەدەب و هونەر.. هتد فەرامۆش ئەکاو پێی وایە رۆشنبیریی هەرتەنیا بریتیە لە لەبەرکردنی دەق و رستەی ناوکتێبە (م.ل) ەکان خۆی بێبەش و بێ بەری ئەکات لەبەرهەمە بەپێزو بەپیزەکانی تری دنیای پێشکەوتوی ئەمرۆ، لە زانیاریەکانی ناوکۆمەڵەکەی و دەوروبەروجیهان، مرۆڤی وا سەرلەخۆی تێک ئەدات و مێشکی خۆی ئەشێوێنێت و هەربەتەنها می و نەزانی خۆی ئەهێڵێتەوە، چونکە گەنجینەی مێشکی بەتاڵە لەزانیاریەکانی تر، دەوڵەمەندی ناکات بەگەرەسە بەنرخەکانی ترو وەک قەوارەیەکی بۆش و قاوغێکی پوچ و بێ ناوەڕۆک ئەمێنێتەوە، کەناتوانێت مێشکی بوبخرێتەکەر و تاوتوێی مەسەلە گرنگەکانی ناوخۆ و دەوروپشتی بێ ناکرێت و هەرگیز نابێت بەکەسێکی رۆشنبیر. لینین ئەم جۆرە مرۆڤانە بەکەسانی پروپوچ دائەنێت:

" چونکە کۆمۆنیزم ئەبێت بەسفروتەنیا وەک دروشم ئەمێنێتەوە، چونکە کۆمۆنیست وەک کەسێکی خۆهەڵکێشی پروپوچی لێ دێت، ئەگەر مێشکی هەمو زانیاری و زانستە بەدەست هاتوەکان نەگرێتە خۆی، ئەو زانیاریانەی پێویستە هەربەوەرگرتنی نەوەستێتەوە، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە وەری بگرن، بۆئەوەی مێشکتان بەهەندێک شتی بێ کەڵک نەشێوێت، بۆئەوەی مێشکتان دەوڵەمەندبکەن بەزانینی گشتی ئەو راستیانەی مرۆڤ ناتوانێت لەم رۆژەدا بێ زانینیان ببێت بەکەسێکی رۆشنبیر، ئەو کۆمۆنستەی خۆی بەکۆمۆنیست ئەزانی و لافی کۆمۆنستێتی لێ ئەدات، لەبەرئەوەی فێری سەرەنجامی ئامادەکراوبوە،بێ ئەوەی بەهیچ کارێکی گەورەو گران هەڵسابێت، بێ ئەوەی بەچاوێکی تیژ سەیری ئەو راستیانەی کردبێت کەپێویستە بیرێکی ورد و قوڵیان لێ بکاتەوە، ئەم جۆرە کۆمۆنیستە شایانی بەزەیی پیاهاتنەوەیە " ٤

لەبەردەم ئەم هەمو ئاڵوگۆرو پێشکەوتنەی ئەمرۆ لەئارادایە لەهەمو بوارەکانی رۆشنبیری و زانستی لەسەرانسەری جیهاندا لەبەردەم شێوەی نوێی خۆگونجاندن و هۆشیارکردن بە بەرهەمەکانی

مروفایەتی، کەشەکردنی خیرای زانست و تەکنەلوجیا و هونەروئەدەب، لەبەردەم ئەم بارە نویەدا پیویستە تیکوشەرانی کومەلەمان بەجی نەمینن و هەربەداب و نەریت و ریکەکونەکەوە نەوەستنەوە، بەلکو ئەبیت خویان دەرباز بکەن لەشیوەو شیوازە بەسەرچوەکە، شیوازی کونی پەروەردەکردن و فیربون، ئەبیت ئەوتیکوشەرانە پی بەپیی ئەم پیشکەوتنە لەپیشکەوتندابن و لەگەلیا هەنگاوبنین و خویان رزگار بکەن لەدەق و رستەو دروشمی لەبەرکراو، لەئاموژگاری و راسپاردەی رەق و تەق و بیکەن بەکاروکردەوەو تیکەل بە بەرهەمە زانستیەکانی تری بکەن و شیوەو شیوازی نوی بگرن.بەر لەبواری خوپەروەردەکردن و فیربوندا . ئەو ئەرکەگەورەو گرانەی ئەمرو لەبەردەم تیکوشەرانی کومەلەماندایە، پیویستی بەمروفی نوی هەیە، مروفیک لەئاستی ئەو ئەرکانەدابیت و خوی بوئامادەکردبیت و چەکدار بیت بەپیداویستیەکانی خەبات لەزانست و روشنبیریی، تا بتوانیت بەئاسانی لەئالوکورو ئالوزیکانی ئەمروی خەبات و تیکوشان و وردەکاریکانی سیاسەتی دەوروبەرو ناوچەکەو جیهان تی بگات و بەوپییە نەخشەی خوی بکیشیت و سیاسەتی خوی دیاری بکات و روبەرویان بیتەوە، ئەگینا لەرەوت و کاروان بەجی ئەمینن و لە ئاستی ئەرکەکانیاندا نابن و هەربەشیوە کونەکەو بەبیرومیشکە کونەکەوە ئەمیننەوەو زیان لەخویان و ریکخستن و بزوتنەوەکە ئەدەن .

" لەئاخنینی شتی کون، لەباتی داب و نەریت و راهاتن بەشتە کونەکە، پیویستە لەسەرمان فیربین چون بەرهەمەزانستەکانی مروفایەتی فیربین و چون ئەم کارە ئەنجام بدەین کەکومونیزم لەگەلیا لاتان نابیت بەشتیکی لەبەرکراو، بەلکو شتیکی وا بیت خوتان بیرتان لی کردبیتەوەو بیری لی بکەنەوە، شتیک بیت کەنوینەرەوەی ئەوپوختەکراوانە بیت کەلەباری سەرنجی پەروەردەو فیربونی نوی وە خوی ئەسەپینیت بەسەرتانا ".

" ئەرکیکتان لەبەردەمدایە، کەئەرکی دروست کردن و بنیاتنانە، ناشتوانن ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن، ئەوکاتە نەبیت کەگشت زانیاری نویتان وەرگرتبیت ،ئەوکاتەنەبیت کەبتوانن کومونیزم لەدەق و ئاموژکاری و راسپاردەو بەرنامەی ئامادەکراو و

لەبەرکراو بگورن بەواقیعێکی زیندو ،کەکارو کردەوەراستەوخۆکان ڕێک و پێک ئەکات , ئەوکا تەنەبێت کەبتوانن کومونیزم بکەنە بەری ئوێنی کار لەهەر چالاکیەکدا " ٥

لینین نەک ئەم جورە فێربون و دراسەکردنە هـــەر بەچەوت و خوارو زیان بەخش دائەنێت بەڵکو بەمەترسیەکی گەورەشی ئەزانێت لەسەر بزوتنەوەی شورشگێرانەو سوسیالیزم و بیروباوەری م.ل .تەنیا خوخەریک کردن بەووتنەوەی توتیانەی دروشمەکان ، دەورکـــردنەوە و لەبەرکردنی ناوەروکی کتێبە (م . ل ) کـــان .

" هەروەها مەترسیەکی زورگەورە دێتەکایەوە ئەگەرتەنیا هەر خەریکی دروشمەکومونیستیەکان بین، ئەگەر بەزوویی هەست بەم مەترسیە نەکەین و هەولێکی بی پەروا نەدەین بودورکەوتنەوە لی ی و بەلاوەنانی . چونکە سونی نیوملیون یا ملـــیونیک لە لاوانی کورو کچ کەناوی خویان ناوە کومونیست ، بـــەم شێوە خوپەروەردەکردنەو فێرکردنە ، لەوەبەولاوە کـەزیانێکی گەورەو کران ئەکەبەین بەکومونیزم هیچی ترنیە ".٦

بەری زانستی بەرین و فراوانەو کوتایی بوتیە ، زانـــستەکان روژ بەروز لەپێشکەوتن و گەشەکردندان، بویە پێویـــستەتێکوشەران کەمەوە نەوەستنەوە ، بەیەک بابەتی زانستی و روشــــنبیریـــەوە نەوەستنەوەو وابزانن هەمو زانستیەکانیان تەواوکـــــردوەو لافی خەملیوی کامل بون لی بدەن بەخوێندنەوەو دەورکردنەوەی چـــەند کتێبێکی(م.ل) . ئاستی روشنبیریی و زانیاری هـەرتێکوشەرێک لـە هەر پلەو پایەیەکدابێت ، هێشتا هەرپێویســــــتی بەفـــێربون و بیاچونەوەو بیکەیاندن و نوی کردنەوەی زانیاریەکـــانی و قـول کردنەوەیان هەیە ، بەداهاتەکانی گەشەکردنی فیکرو ئەزمونی مروڤایەتی و بەرهەمی بیرو مێشکی . ئەوتێکوشەری هەست بکات و پی بزانێت کە کەم ئەزانێت و ئاستی روشنبیریی نزمە ،ئەرکی سەرشانێتی کەلەهەول و کوشێکی بەردەوام دا بێت بوگەیشتن بەئاستی تێکوشەرێکی روشنبیری، شیاوی ئەم سەردەمە ، ئەومروڤەش کەبەخوێندنەوەی چـــەندکتێبێکی دیاریکراو و لەبەرکردنی چەند دروشمو رستەیەکی رەق و تـــەقــی بی گیانەوە ئەوەستێتەوە ، بیەوێت یا نەیەوێت نەروشنبیرەو نە(م.ل)و نەنیمچە (م.ل) .

" ئەگەر بزانم کەم ئەزانم، ئەبێت بەهەمو هێزوتواناپەکمەوە،

هەول ئەدەم بو زورتر فیربون، بەلام ئەگەر یەکیک خوی هەلکیشاو
وتی کومونیستم و ئیتر پیویستم بەفیربونی هیچ شتیکی تر
نیە، ئەوا هەرگیز لەوەنا چیت کومونیست بیت، تەنانەت نیمچە
کومونیستیش نیە ".٧

جا روبار لەچەند کەسانیکی تینەگەیشتو لە م.ل هەندیک بیر و
بوچون بەرزئەبیتەوە گوایە هەرمارکسیزم زانستەوهەربەتەنها (م.ل)
روشنبیریی پرولیتاریا و مروفایەتی پیئەکەوتوە، یان یەکیک
مارکسیزمی زانی ئیتر پیویستی بەهیچ بابەتیکی تری روشنبیری و
زانست نیە، ئیتر هەمو زانیاریەکانی ترو بەرهەمەکانی تر
بەروبومی بورژوا و مولکی ئەوانەو نابیت توخنی بکەوین و ئەبیت
لیی دورکەوینەوە، گوایە زیان بەپرولیتاریا وکیشەکەی ئەگەیەنیت!
بەلام ئەم راوبوچونە نەک هەرفری بەراستیەوەنیە، بیرو بوچونیکی
چەوتی کونەپەرستانەیە بەلکو هیچ بنەمایەکی زانستانەو بابەتیانەی
سەلماندنیشی نیەو خوی لەخویدا سوکایەتی کردنە بەمارکسیزم و
دابرینێتی لەزانست و کردنیتی بەبیروباوەریکی نازانستانە و
توباویانە، کەمارکسیزم خوی لەسەربناغەیەکی زانستدا مەزراوەو
زانستی شیکردنەوەی کومەل و سروشت و گەردونە، کەخوی بەرهەکی
بەپیتی زانستەو لەناوکشت زانستەکاندا لەدایک بوە. مارکسیزم لە
ئەنجامی کەلەکەبونی زانستی بەدەستهاتوی دیرینەی مروفایەتی و
کەشەکردنی بەپیتا پەیتایەوە هاتوتەکایەوە.

" بەلام هەلەیەکی گەورەتر ئەکەن، ئەگەر بتانەویت بەم کارە
بگەنە ئەو ئەنجامەی کەمروف ئەتوانیت ببیت بەکومونیست،
بی ئەوەی زانیاریە کەلەکەبوەکانی مروفایەتی وەرگریت و
تیی بگات، هەروەها هەلەیە وابیربکریتەوەکەتەنها وەرگرتنی
دروشمە کومونیستیەکان و ئەرەنجامەکانی زانستی کومونیستی
بەس و بەروزیادە، بەو مەبەستەی خومان دوربخەینەوە لەگشت
ئەو زانستانەی کەکومونیزم خوی بەری ئەو زانستانەیە،
مارکسیزم بەروتی دەریئەخات کەچون کومونیزم لەگشت ئەو
زانستانە دروست و لەدایک بوە کەمروفایەتی بەدەستی
هیناوە ".٨

پیویستە تیکوشەرانی کومەلە ئاستی روشنبیریان لەپلەیەکی
ئەوتودا بیت کەهەندیک زاراوەی ناراست و کونینەی شرو وری داتاشراو

80

نەک هەرفریویان نەدات ، بەلکو بەتوندترین شیوەش لەروی زانیاری و هوشیاری خویانەوەو بەشیوەیەکی زانتیانە بەرپەرچی بدەنەوە و زاراوەی وەک "روشنبیریی پرولیتاریانە" پوچەل بکەنەوەو بەگژیا بچنەوە. چونکە لەسەرانسەری جیهاندا روشنبیریەک نیە بەم ناوەوە، تەنیا یەک روشنبیریی هەیە، تەنیا یەک فەرهەنگ و یەک زانست ، چونکە روشنبیریی و زانست بەری هەول و کوششی مروفایەتی و مولکی گشت مروفایەتیە بی جیاوازی . ئەرکی سەرشانی ریکخراوە (م.ل)ەکان، کریکاران و رەنجدەران و کەلانی ژیردەستەو زورلیکراو، تیکوشەرە شورشگیرەکان ئەم زانستو روشنبیریی و بەری تاقیکردنەوەبە بەکاربهینن بوگەشەپیدانی خەبات و بزوتنەوەکەیان لە پیناوی بەدەست هینانی ئامانجەکانیان، گورکردنی کونەپەرستیوداگیرکەران و سەرمایەداری و ئیمپریالیزم .

لەدوای سەرکەوتنی شورشی ئوکتوبەر، کاربەدەستانی شورش بایەخیکی زوریان دا بەلایەنی روشنبیریی و گەشەپیدانی زانست و بابەتەکانی . هەندیک لاوی خوین گەرم بەورەو پەروشی دلسوزی خویانەوەو لەئاستی تیکەیشتنیان لەناخ و گەوهەری روشنبیری و زانست ، هاتن دەزگایەکی داتاشراویان دروست کرد بەناوی ریکخراوی "پرولیتوکولت "ەوە واتە- روشنبیریی پرولیتاریا لینین پاش ئەوەی سەرنجی دا کەئەم ریکخراوە داتاشراوە، کریکاران و رەنجدەران و تیکوشەرانی تر داشەبریت لەلایەنیکی بەنرخی زانیاری و قەتیسیان ئەکات لەدووتویی چەند کتیب و نامیلکەیەکدا ، بەتوندی بەگژیانا چووەو بەرپەرچی دانەوەو هەر لەکونگرەی ئەو ریکخراوەدا کەلە هەشتی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۰ دا بەسترا و لەبەردەم کونگرەکەدا هەمو بنەما و پایەکاکانی ئەو ریکخراوەو ریبازو بوچونەکانی هەلتەکاندو درایش کونگرە لەسەر روشنایی بوچونەکانی لینین ئەم بریارەی خوارەوەی دا کەهەرخوی دەستنوسەکەی نوسیوەو ئەمەش چەندخالیکیتی :

"٤- مارکسیزم بایەخی میزوویی جیهانی خوی وەک ئایدولوژیای پرولیتاریای شورشگیر بەدەست هینا ، چونکە مارکسیزم وازی لەبەنرخترین دەسکەوتەکانی سەردەمی بورژوا نەهینا ، بەلکو پیچەوانەوە بەدریژایی زیاتر لەدووهەزارسال خەریکی وەرگرتن و دارشتنەوەی پوختەی فیکری مروفایەتی وروشنبیریی مروفایەتیە..

د- کۆنگرەی "پرۆلێتکولت"ی سەرانسەری ڕووسیا بووەڵە.
ئەم بڕیارەی سەرنجەو بەپێی توانایەوە هەموو کەرەوای و کۆششانە ڕەت ئەکاتەوە کە گەیەکەتی ڕۆشنبیرییەکی داتاشراوی جیاواز بهێننەکایەوەو خۆکێزدان لەڕێکخراوە تایبەتداکراو و کۆشەکیەکاندا.." ٩

هەرلەدەشتەبینی مەکەمی ١٩٢٠دا، واتە پاش یەکە ڕووداوانی کۆنگرەکە و لەسەر ڕۆشنایی بڕیارەکەی خۆی، لێنین بەدەستخەتی خۆیی و بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیەوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

"١- نابێت هیچ بیروباوەڕێکی تایبەتی هەبێت، بەڵکو مارکسیزم."

"٢- نابێت ڕۆشنبیرییەکی پرۆلیتاری نوێ دروست بکرێت و داتاشرێت."

"بەڵکو گەشەپێدانی چاکترین نموونەو نەریت و ئەنجامەکانی ئەو ڕۆشنبیرییەی"

لەباری سەرنجی مارکسیزمەوە لەئارادایە، سەبارەت بە جیهان و بارودۆخی ژیان و خەباتی پرۆلیتاریا، لەسەردەمی دکتاتۆرییەتەکەیدا". ١٠

پێویستە ئاوڕی یان کە لێک لەهەموو سەرباوەیەکی بەکەڵکی ڕۆشنبیریی و زانیاری وەربگرن، لەهەموشەوبەرزە ماددەی لەبەردەستدایە، لەبۆ گۆڤاری ڕۆژنامەو ناسیاکەبەرەلەی دەستنەکەوێت هەرسەرچاوەو بەرهەمێکی کەکەڵکی ئەبێت لەبەرین گەسەردنی مەسەودار ئاسۆی بیرکردنەوەماندا و بەتارانجی خەباتی شۆڕشگێڕانە ئەکەرێتەوە، بێ گوێ دانە ئەو زۆربوپرسە، چەوناسەی کە جارجار دائەکەوێتەوە، بەداواکردنی دورکەوتنەوە لەسەرچاوەی فیکری بۆرژواو کۆنەپارێز و ناسکەو بەرهەمەکانی بەرمایەداری کان. تێکۆشەری هوشیار لەناو خەرمانی ڕۆشنبیری و زانستدا، ئەمەندە بەئەمەک و زانایەو بەچاوی ئەتوانێت نابەت و بەرهەمەکان هەڵبژێرێت و بژار ڕوشتەی لەیان بکات، هەرئەوەش وەرئەگرێت کەلەخزمەتی بیرومێشکی خۆیدا و سوودی بۆخەبات و بزوتنەوەکەی هەیە، بەئاسانی چاک و خراپ، ڕاست و ناڕاست، لەیەک جیا ئەکاتەوە. تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکان لەوە بڵندتروبەهێزترن

کەباسەتی بورژواکان بتوانێت باوەڕیان لەق بکات. بۆیە پێویستە بێ سڵەمینەوە هەموو شتە بەکەڵک و بەبرخدکانی سەرمایەداری وەربگرین و لەخەباتی ڕۆژانەی خۆماندا بەکەریان بخەین و مێشکمانی پێ دەوڵەمەندبکەین.

" ئەو کۆمۆنیستەی ئەڵێت نابێت دەستمان پیس و گڵاوبکەین و ئەبێت دەستی کۆمۆنیستانەی پاک و خاوێن هەبێت و بەدەستە خاوێنەکانی خۆمان کۆمەڵگای کۆمۆنیزم دامەزرێنین، بێ خستنەکەرو بەکارهێنانی هەرەوەزە (التعاونین) بورژوا سوکو سەلیمەکانی دوژمن بەشۆڕش، مرۆڤێکی وابریتیە لەڕیکخەری وشەو رستەی رازاوەو بۆش، چونکە بەپێچەوانەوە ناکرێت بتوانین دەست بەرداریان بین و، بەکاریان نەهێنین "

" بۆئەوەی سەرکەوتنی یەکجاری بەدەست بهێنین، پێویستە هەموو شتە بەنرخ و بایەخدارەکانی سەرمایەداری وەرگرین، پێویستە لەسەرمان هەموو زانست و هەموو ڕۆشنبیریی بۆ خۆمان وەرگرین ". ١١

بەڵکو بەپێچەوانەوە تێکۆشەری هۆشیاری کارامەو ڕێکخستنی لێهاتوو و قاڵبوی خەبات و پێشرەوی بزوتنەوەو گەل، ڕێکخستنێک بەراستی بەڕێوەبەرو سەرکردەی جەماوەر بێت، ڕێکخستنێک تێکۆشەرە ڕاستەقینەهۆشیارەکان لەڕیزەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەبێت بەهەموو توانا و پەروشیەکەوە کەڵک لەهەموو بەرهەم و بەرهەم و زانست و فەرهەنگێکی ئەم جیهانە وەرگرێت و بتوانێت تێکۆشەرانی ناو ڕیزەکانی خۆی و گشت کۆمەڵانی خەڵک رابهێنێت کەبەو چەشنە خۆیان پەروەردەبکەن و پێبگەیەنن و هەموو بەری مێشک و تەقەلای مرۆڤایەتی بەهی خۆیان بزانن و بەقازانجی خۆیان و بزوتنەوەی گەلەکەیان و بزوتنەوەی بەرەوپێشەوەچونی مێژو بەگەڕیخەن. ئەگەر ئەوتێکۆشەرو ڕێکخستنە لەئاستی بەرپرسیاریەکی وادا نەبێت و نەتوانێت ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە، خەباتەکەی بێ بەر ئەبێت و ئومێدی هیچی لێ ناکرێت..

" ئەگەر ڕێکخستنێک نەتوانێت ڕیزەکانی جەماوەری ڕەنجدەر بتەو خوڕت بکات و تیی نەگەیەنێت و بۆی ڕون بکاتەوە بەبڕواوە، بەگرنگی پێویستی وەرگرتنی هەموو ڕۆشنبیریی بورژوا

بوخوی، ئەوا مەسەلەی کومونیزم هیچ هیوا یەکی نـەبەو ناشومید نـــەبیت ". ١٢

ریکخستنی سەرکەوتو هەرئەو ڕیکخستنەیە کەبتوانیت ریـزەکانی لەگەشەکردن و پیشکەوتنی بەردەوا مدا بیت ، بەوەرگرتنی روژا نـــەی بیری گەشەکردوی مروفا یەتی، بەرهەمی کەلەکەبوی زانـیا ری سەردەم ببویستە ئەو راستیە بەچاکی رەچا وبکریت کەتیوری و بـــیروباوەرو فەرهەنک بی کارکردن و خەبات بایەخی نیەو کارکردن و خـــەباتیش بی زانست و روشنبیریی و تیوری بی کەلک و بی ئەنجامە .

کومەلە هەلویست و لیکدانەوە چەوتەکانیان بەدروبخەنەوە ، تا وەکـو تاودانەوەی ئەو "چەپرەوی "بە نەبیتەهوی پەیدا بونی راســـترەوی و بەرەسەندنی چارەسەرکردنی دیاردەیەک نەبیتە هـــــوی پەیدا بونی دیاردەیەکی ترســناکتر .

١- لـینـین ـ في الادب والفن ـ ترجمە یوسف حلاق ـ بەرگی دوەم ـ ل٢٥٠
٢. هەمان سەرچاوەی پیشو ـ بەرگی دوو ـ ل ٢٦٦ .
٣- لـینـین ـ هەلبژاردەکان لەسی بەرگدا ، بەرگی ٣ ، بەشـــی ٢ ـ چاپی عەرەبی / موسـکو، ل ٦٣ .
٤ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٦٧ .
٥ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٦٨ و ٧٠ .
٦ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٦٤ .
٧ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٦٧ .
٨ـ لـینـین ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٦٥ .
٩ـ لـینـین ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٨٣ .
١٠ـلـینـین ـ في الثقافە والثورە الثقافیەـ دارالتقدم ـ ص ١٤٨
١١ـلـینـین ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٤٧ و ٤٨ .
١٢ـلـینـین ـ هەمان سەرچاوەی پیشو ـ ل ٤٩ .

# تەوەری دووەم

- بلاّوکــراوەی نــاوخۆ.. راپــۆرتی یەکــەمین کۆنفرەنــسی کۆمەڵە سالّی 1981
- * بلاّوکراوەی ناوخۆی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردســتان.. رێکخراوی دەرەوە.. ئەوروپا ــ سالّی 1983

## ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن !

## بلاوکراوەی ناوخۆ، تەنیا بۆ ئەندامان

## ژمارە ــ2ــ

## دەربارەی هەندێ لایەنی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی خەباتی کۆمەڵە

### سالی 1970 کۆمەڵە دامەزرا

دامەزراندنی کۆمەڵە لە زروفی ئەوکاتەدا، وەکو گەشەکردن و پەرەسەندنی هەروەها کارێکی ئاسان نەبوو، کۆمەڵە بەگوێرەی ئارەزووی چەند کەسێك و بۆ بەسەر بردنی کات و خۆ مەشغولّ کردن دانەمەزرا بوو، بەڵکو کۆمەڵە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بارو زروفی ئەو کاتە لەبەر تیشکی تیۆری (م. ل)، وە هەڵسەنگاندنی جولآنەوەی کوردو بەراوردکردنی تەجروبەکانی گەلەکەمان و دەرهێنانی دەرس و پەندی شکان و ژێرکەوتنەکانی بە پێی تیۆری (م. ل) ... پێك هاتبوو. لە بەرئەوە کۆمەڵە ئەبوایە ڕێکخراوێك بێ، بینای سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی هاوئاهەنگ و منسجم بێت واتە لەیەك بچێت و بەپێی سەرەتاکانی ڕێکخستنی (م. ل) ڕێك بخرێ. کارکردنی کۆمەڵە هەروا ئاسان نەبوو، چونکە جگە لەوەی ئازادی دیموکراتی نەبوو، کۆمەڵە نەی ئەتوانی بە ئاشکرا ئیش بکات یا بۆچوون و بیرووڕا و هەڵوێستی خۆی لە ڕووداوەکان دەربڕێ، هەروەها سنووری چالاکی و ئیشکردنیشی زۆر

تەسك بوو، چونكە ئاشكرا بوونی ڕێكخراوێكی وەها هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دا ئەبوو بە هۆی ووردو خاش كردنیەوە لەلایەن داودەزگانی شۆڕشەوە، بە تایبەتی پاراستن لەلایەك، وە لەلایەن داودەزگاكانی حكومەتی عێراق وە لەلایەكی ترەوە، ئەمە جگە لەوەی حیزبی شییوعیش ئەهات بە گژیا، لە كوردستان دا پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانی نیە، ئازادی كۆبوونەوەو كۆڕبەستن و خۆپیشاندان نیە، ئازادی بلاّوكردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو چاپەمەنی نیە، .. ڕێگەی قانوونی و نیمچە قانوونی بۆ كەڵك وەرگرتن لە چالاكی سیاسی ئاشكرا نیە... قۆناغی دەسپێكردنی كۆمەڵە زۆر دژوار بوو. كۆمەڵە بە هیچ جۆرێك ماوەی خۆنواندنی نەبوو، ماوەی بلاّوكردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە نەبوو، ماوەی كۆبوونەوەو كۆڕبەستنی نەبوو، نەی ئەتوانی سوود وەربگرێ لە ڕادێۆ و تەلەفیزیۆن ... جا بلاّوكردنەوەی بیروباوەڕو دۆزینەوەی لایەنگر و ڕاكێشان و ڕێكخستن و پەروەردە كردنیان لە هەلوومەرجێكی وەهادا بەبێ گومان كارێكی زۆر زەحمەت و پشوودرێژی ئەوێ. لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا، هەر ساڵی یەكەم كۆمەڵە توانی چەند شانەو كۆمیتە لە شارەكانی كوردستانی عێراق پێك بهێنێ و بەرنامەی هوشیاركردنەوە و پەروەردەكردنی سیاسی یان بۆ دیاری بكات ودەیان ئەڵقەی ڕۆشنبیری لە دۆست و لایەنگر پێك بهێنێ... بێ گومان كۆمەڵە، وەكو ڕێكخراوێكی بچوك كە خۆی ئامادە ئەكرد بۆ خەباتێكی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێكخراوەیی درێژخایەن نە

ئەبوو سنووری ڕێکخستنەکەی فراوان بکات، بەڵکوو ئەبوایە زۆر بە ژیری و وورییایی و هوشیاریەوە هەنگاو بنێت و دۆست هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی لە وەدا بە هەڵە نەچێت و " لە دەس دەرچوونی" یەکێك لە وانە ببێتە هۆی کارەساتێك بۆ کۆمەڵەکە هێشتا خۆی نەگرتووە، بۆیە گەشەکردنی ڕێکخراوی کۆمەڵە بە ژمارە کەم بوو، وە بگرە زۆر کەمیش بوو لە چاو ئەو دەیان هەزار کەسانەی کە لە دەورەی حزبەکانی وەکو پارتی و شیوعی کۆبوو بوونەوە.

هاوڕێ کانی کۆمەڵە هەم بۆ ئەوەی خۆیان لە چاووڕاو بپارێزن، وە هەم بۆ ئەوەی کە تێکۆشەری شۆڕشگێڕی نوێ بۆ کۆمەڵە بدۆزنەوە، وە هەم بۆ ئەوەی تەئسیری ئیجابی و پێشکەوتنخوازانەیان هەبێ چەندین کەسیان تێکەڵاو بوون بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی لاوان، قوتابیان، مامۆستایان، ئافرەتان، کرێکاران وە تەنانەت هەندێك یان لە ناو پارتی دا مانەوە.

بینای تەنزیمی کۆمەڵە هەر لە ساڵی یەکەمەوە بەپێی سەرەتا تەنزیمییەکانی ڕێکخستنی(م. ل) واتە سەرەتای ناوەندێتی دیموکراتی، ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن، زۆرایەتی و کەمایەتی، تدرجی تنزیمی دامەزرا بۆ ئەوەی یەکێتی ڕێکخستن، یەکێتیی بیروڕا، یەکێتی ویست و ئیرادە، وە یەکێتی کردەوە بەدی بهێنێ. بێگومان لە هەلومەرجێکی وەکو ئەوساکەی کوردستان دا، شتێکی ئاسایی بوو کە چەندین گیرووگرفت بێتە پێشەوە، وە لەوانە فکری و ئایدیۆلۆجی، هێشتا کۆمەڵە لە ساڵی یەکەمی تەمەنیا بووکە لە ناو سەرکردایەتییەکەیدا ناکۆکییەکی توندوتیژ دروست بوو لە سەر

مەسەلەی تەبیعەتی کۆمەڵەو سنووری کارکردنی سیاسی، کە ئاخۆ کۆمەڵە ئەبێ ڕێکخراوی چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی کوردستان بێ، یاخود ئەبێ ڕێکخراوی چینی کرێکاری عێراق بێت، وە لە مەدا قیادەی مەرکەزیش لە پەناوە هەندێ لەوانەی هان ئەداو دەستی ئەدا بە پشتیاندا بۆ ئەوەی کە یان هەموو ڕێبازی کۆمەڵە بگۆڕن و لە ئەنجام دا یەکی بخەن لەگەڵ قیادەی مەرکەزی، یاخود هیچ نەبێ بەشێکی لێ دابڕێ.. لە پاش گفتووگۆیەکی درێژ لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، هەر ئەو زەمانە بەپرس و ڕایەکی گشتی ئەو چەند کەسە لە سەرکردایەتی کۆمەڵە دورخرانەوەو ئەوانیش هەندێکیان پەردەیان لە ڕووی خۆیان هەڵماڵی و ڕاستەو خۆ چوونە قیادە مەرکەزیەوە، وە هەندێکی تریشیان کەوتنە هەوڵدانی ڕێکخستنێکی عێراقی و تا ئێستاش هەر تەپەیان دێ بێ ئەوەی هیچیان کردبێ بە هیچ.

دەرچوونی ئەم دەستەیە لە کۆمەڵە، نەك هەر زیانی لە کۆمەڵەنەدا و لاوازی نەکرد، بەڵکو بە هێزتری کرد، چونکە پاك بووەوە لە ئاژاوەیەکی فیکری قوڵ کە ئەمانە هەموو کۆمەڵەیان پێوە مەشغوڵ کرد بوو.. کۆمەڵە لەو قۆغەدا ئۆرگانی نەبوو، ئەوەش لە بەرئەوە نەبووکە نەی ئەتوانی بەڵکو لە بەر پاراستنی نهێنی ڕێکخراوەکە بوو، چونکە کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری دابوو کەوەکو ڕێکخراوێکی نهێنی کار بکات و تا ئەوکاتەی خۆی بە گەیشتووی ئەزانی خۆی نە لەلای کۆمەلانی خەڵك وە نە لەلای حزب و تاقمەکانی تر ئاشکرا نەکات، بەڵکو هەروەکو تیارێکی فیکری پیشان بدرێ.

له ماوەی ئـەو چـەند سـاڵەدا چـەند بڵاوكراوەیـەكی كـەم كـە بـۆ ڕێكخستن پێویست بوون، بـڵاو كرانـەوە لەوانـە دەسـتووری كۆمەڵەو چەند نامیلكەیەكی وەرگێڕراو و چەند نەشرەیەكی تر كە ئەمانـەش بەتەنیا بۆ ئەندامەكان و ئەڵقەكان بوون، لە ڕاستی دا لـەم قۆناغـەدا بۆ پەروەردەكردنی ئەندامانی كۆمەڵە زوتر لەوەی كە بایەخ بە سـەر چاوە ئەصلییەكانی(م.ل) واتە كتێبـەكانی مـاركس و ئـەنگلز و لیـنین بدرێ، زۆرتر تـەركیز ئەكرایـە سـەر نووسـینەكانی ماوتـسی تـۆنگ و تەجروبـەكانی چـین، وە تانانــەت بەڵگـە نووسـراو و چـاپكراوەكانی ئەوكاتـە ئێـستا كـەڵكی بڵاوكردنـەوەیان پێـوە نـەماوە، سـاڵی 1973 سێ3 ژمارە لە بڵاو كراوەی ئاڵای سوور[8] دەرچـوو، ئـاڵای سـوور هـەر زوو ڕاوەستێنرا، چونكە ئەبوو بەهۆی ئاشكرا بوونی پێش وەختی لە بارو لێدانی لە لایەن دوژمنەوە.

له بڵاوكراوەی ئاڵای سووریشدا، چەپڕەوییەكی زۆر تونـد و تیـژ، وە طابیعیَكی ماویستی تۆخ هەست پـێ ئـەكرێ كـە ئەمانـە خـۆی لـە خۆیا بەڵگەی ئەوەن هێشتا كۆمەڵە وەكو پێویست گەشەی نەكرد بوو لە مەیدانی ئایدیۆلۆجی دا، وە تەجروبەی زۆری پەیدا نەكرد بوو لە مەیدانی كاركردنی عەمەلی دا.

كۆمەڵـە ئەبوایـە هـەوڵی تـەواوی خـۆی بخاتـە نـاو كرێكـاران و ڕەنجدەرانــەوە، بــە تایبــەتی لــە لادێ كــە لــە كوردســتان دا لــە

---

[8] تـا ئێـستا ژمارەكـانی ئـەم ڕۆژنامەیـە دەرنەكـەوتوون و نـازانرێ ژمـارەی تـیراژی چـاپكراوی چەندەو وبابەتـەكانی چین و كێ نووسـیونی. بـەچ جـۆرە چـاپێك چـاپ كـراوە و لـە كـوێ بـڵاو كراوەتەوە. هەندێ دەڵێن: سێ ژمارەی لێدەرچووەو بڵاوكراوەتەوە. شێخ شـەهابی شـێخ نـوری دەریكردووە و بابەتەكانی نوسیوە

بەرچەندین هۆ ئەهمییەتێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا تەرکیزی کردبووە سەر خوێندەواران و زانستەگاکان و کۆنە جەلالییەکان... لە بەر ئەوە نەی توانی بوو وەکو پێویست ڕەگ دابکوتێ لە دێهاتدا، وە نەی توانی ڕەگ دابکوتێ لە ناو کرێکاران و ڕەنجدەران دا و کۆمەڵە لە ڕووی پێك هاتنی ئەندامەکانیەوە لە پلەی یەکەم دا لە خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ پێك هاتبوو.

کارکردنی تەنزیمی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، لە چاو ئەوەدا کە دەیان هەزار کەس بەشدار بوون لە جولآنەوەی شۆڕشگێڕانەدا زۆر کەم بوو، بەڵام لە چاو هەلومەرجی ئەو سای کوردستان دا کە بیروباوەڕی یەمینی زاڵ بوو بە سەر مێشکی خەڵکا و داودەزگای پارتی و پاراستن دەستی گرتبوو بە سەر کوردستان دا، زۆر باش بوو.

هاوڕێ یانی کۆمەڵە لەم قۆنەغەدا بەو پەڕی ژیری و هوشیاری یەوە کاریان ئەکرد، بە جۆرێکی ئەو تۆ ناحەز و دوژمنەکانی کۆمەڵە نەیان توانی سەرەداوێکی ڕێکخستنەکەی بدۆزنەوە، هەرچەندە جارو بار لەم لاو لەو لاوە بوونی شتێکیان ئەکرد بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نە کەوتە دەست بیکەن بە هانە بۆ لێدانی.

لەم قۆناغەدا کۆمەڵە دەیان ئەندامی پەیدا کردو پێ گەیاند، ڕێکخستنی لە سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و بەغداو خانەقین و دهۆك دامەزراند، تەنانەت لەناو هەندێ لە ڕێکخراوە دیموکراتی یەکان دا وەها جێگەی خۆی کردبووەوە، کە لە هەڵبژاردنی ئازاد دا ئەندامەکانی کۆمەڵە دەرئەچون و ئیشیان ئەگرتە دەست بە تایبەتی

له یەكێتی قوتابیان دا له زانكۆی سلێمانی و له ناو یەكێتیی لاوان دا، ئەگەرچی كەسانی یەمینی ناو پارتی وجاسوسەكانی پاراستن بە توندی ئەچونەوە بەگژیان دا.

لەم ماوەیەدا ڕووداوێكی گەورە لە ژیانی تەنزیمی كۆمەڵەدا ڕووی نەداوە، جاوبار هەندێ ئاڵوگۆڕ لە سەركردایەتی كۆمەڵەو كۆمیتە سەركردایەتییەكانی شارەكاندا ڕووی داوە، كە پاشان هەندێك یان كاری خراپیان كردە سەر كۆمەڵە، لە ڕاستی دا هێنان و لابردنی هەندێك لەباتی ئەوەی بەپێی سەرەتاكانی ڕێكخستنی (م. ل) بێ زووتر به پێیی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی شەخسی بوون و هەندێك جار گیرووگرفتە تەنزیمی و فیكرییەكان بەپێی ئوصوڵ و سەرەتاكانی(م. ل) چارەسەر نەئەكران، هەر بۆیە جاروبار پشێوی و بەرەلایی ئەكەوتە ناو ڕیزەكانی ڕێكخستنەوەو ئەبوو بەهۆی ئاشكرا بوونی چەندین ئەندامی كۆمەڵە لەلای یەكتری، كەئەویش لە دوایی دا هەر بەخراپ ئەگەڕایەوە بۆ كۆمەڵە.

شەڕی 74 ــ 75 لە بەینی حكومەتی عێراق و شۆڕشی كوردستان دا، كەوتە سنوورێكی ئەوەندە فراوانەوە كەبوو بەشەڕی میللەتی كورد و حكومەتی عێراق، كۆمەڵەش نەی ئەتوانی خۆی لە ڕووداوەكانی كوردستان دابڕێت و هەندێ لە ئەندامەكانیشی بۆ ئەوەی نەبنە جێگەی پرسیار و چاو ڕاو ئەبوایە بچنە شاخ و بەشداری جولانەوەكەبن، بەلام لە بەرئەوەی كۆمەڵە هێشتا هەر لە قۆناغی بینا كردنا بوو، وەنەخۆی وەكو ڕێكخراوێك و

نەئەندامەکانیشی وەکو ئەفراد نەیان ئەتوانی دەوری گرنگ بگێڕن، لە بەرئەوە نە ئەبوایە شوێن لافاوی ڕووداوەکان بکەون، بەداخەوە سەرکردایەتی کۆمەڵە لەم ماوەیەدا حسابێکی ووردی بۆ ڕووداوەکانی کوردستان و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی نەکرد، هەر لە بەر ئەوە بێ حساب دەیان کادرو ئەندامی چوونە دەرەوەو شارەکانیان بە جێ هێشت، بێ ئەوەی لە شۆڕش و ناو پێشمەرگەدا قازانجێکی ئەوتۆیان بۆ شۆڕش یاخود بۆ کۆمەڵە هەبێ، وە بە ئیش و کاری بێ سوودەوە مەشغوڵ بوون و نەیان توانی کەڵك لەو فرسەتە وەربگرن بۆ پێکەوەنانی هەندێ ڕێکخراوی جوتیاری، یاخود بۆ دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی ئەوسای شۆڕش و ڕکێشانی خەڵکی نوێ بۆ ڕیزی کۆمەڵە.

لە گەڵ ئەوەش دا ئەو شەڕە سەختەی 74 ــ 75 نەی توانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە شارەکان دا تێك بدات، شەهیدی نەمر ھ. جعفر عبدالواحد بەو پەڕی لێوەشاوەییەوە ئەرکی ڕێکخستنەوەی ناو شارەکانی گرتە ئەستۆ و سەرکەوتوانە ئەنجامی دا، زۆری پێنەچوو، ئاشبەتاڵ بوو.

***

ئاشبەتاڵ ئیمتیحانێکی گەورە بوو بۆ هەموو هێزوو ئیتجاهە سیاسییەکان، بۆ هەموو حزب و ڕێکخراوەکان، بگرە بۆ تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردیش وەکو ئەفراد... بەداخەوە هەر بەوجۆرەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە شوێن لافاوی جولانەوەکە

کەوتبوون و دابوویانە شاخ بێ ئـەوەی بەرنامەیـەکی دیـاری کراویـان هەبێ، هەر بەوجۆرە لەگـەڵ لێـشاوی گەڕانـەوەی پێـشمەرگەو تـسلیم بوونەوەی بە کۆمەڵی خەڵك دا دیسانەوە ئەندامانی کۆمەڵە، لە وانـە ئەندامانی سەرکردایەتییەکەشی، بـەبێ ئـەوەی بەرنامەیـەکی دیـاری کراویان هەبێ بۆ ئەو قۆناغە لەگەڵ خەڵکەکـەدا ڕێگـەی هاتنـەوەیان گرتەوە.

بێ گومان چوون و بەتایبەتی گەڕانەوەی سـەرکردایەتی کۆمەڵـە بەوجۆرە هەڵەیەکی زۆر گەورە بـوو، ڕاسـتە جوڵانەوەکـەی ئەوسـاکە زۆر زوو پەرەی سەندبوو، قەوارەی زۆر زل بوو بوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا بەهێز و کاریگەر بوو، مەسـرەف و بـەڕێوەبردنی شۆڕشـێکی وەهـا لـەوزەی هێزێکـی بـچووکا نـەبوو، دەزگای پاراستن و تۆڕە جاسووسییەکانی بێگانە دەسـەڵاتدارو بـەهێز بـوون، بـەڵام هێزێکـی سیاسـی ڕێکخـراو، چـەندە بـچووك و کـەم ئیمکانییـەت بوایـە بەومەرجـەی خـاوەنی ڕێکخـستنێکی بـاش و سەرکردایەتییەکی لێوەشاوە بوایەو بەرنامەیەکی نوێی درێـژەدان بـە خـەبات و تێکۆشـانی لـە بـاتی ئاشـبەتاڵ تـەرح بکرایـە، بەشـێکی کۆمـەڵانی خـەڵك و پێـشمەرگەی لێ کۆئـەبووە وە، وە ئیحتیمـالی سەرکەوتن یا هیچ نەبێ لە قۆنـاغی یەکەمـدا مانـەوەو خـۆڕاگرتن و دوایی تریش گەشەکردن و بەهێز بوونی هەبوو، کۆمەڵە ئەبوایە لـە ئاشـــبەتاڵ دا دەسپێـــشکەری بکردایـــە، وە ئەگـــەر ئیحتیمـــالی سەرکەوتنیـشی زۆر زۆر کـەم بوایـە ئەبوایـە هـەر دەسپێـشکەری

مقاوەمــەتی بکردایــە، لــە حالــەتی ســەرکەوتنی وا بێگومــان ئــەبووە جێگــەی پــشتیوانی هــەموو نەتــەوەی کــورد و هێــزە شۆڕشــگێڕەکانی ناوچــەکە، وەلــە کــاتی شکانیــشا مەلحەمەیــەکی قارەمــانێتی بــۆ شۆڕشگێڕەکانی کوردستان تۆمار ئەکرد کەتا هەتایە لەبیر نەئەچووە وە و ئەبووە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە.

بەلاّم ئەوە ڕووی نــەداو ئاشبەتاڵ بــوو، ئاشــبەتاڵ مەینەتییــەکی گەورەی بە سەر میللەتەکەمان هێنا.

گــەورەیی ئــەو مەینەتییــە کۆمــەڵی کوردســتانی لــە هــەموو ڕوویەکەوە هەژاند، ئاشبەتاڵ لـە ڕاسـتی دا شکستی میللـەتی کـورد و هێزە شۆڕشخوازەکانی ناوی نەبوو، بەڵکو شکستی بنەماڵەی بـارزانی بـوو، شکستی سـەرکردایەتی عەشـائیری بـوو، شکستی سـەرکردایەتی بۆرجوازی بوو، ئاشبەتاڵ دەری خست کە جولاّنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی گــەلی کــورد، ڕیزەکــانی چــەند یــەکگرتوو بێــت، چــەند بــەهێز بێــت، ئیمکانییاتی مادی و بەشەری و چەند زۆر بێـت، بـۆ پـشتیوانی لـەناو خەڵکی وولاّت و هێزو دەوڵەتەکانی دەرەوەش دا چەنـدە فراوان و زۆر بێت... بە حزب و سـەرکردایەتی و ڕێبـازی عەشـایەری و بۆرجـوازی ڕابــەری ناکرێــت، وە ئەگــەر حــزب و ســەرکردایەتی و ڕێبــازی شۆڕشگێڕانە نەبێت سەرناکەوێت و ئەشکێت.

ئاشبەتاڵ بەزەقی ئەو ڕاستیانەی بـە خـەڵك سـەلماند و ئیـسپاتی کرد کە بەبێ حزبێکی پێشڕەو کە خاوەنی ستراتیجی ڕاست و ڕێبازی

شۆڕشگێڕانەو سەرکردایەتی لێوەشاوە بێت سەرکەوتنی جولآنەوەی کورد، لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و دنیادا، کارێکی دژوار و بگرە مەحاڵە.

لە ئەنجامی ئاشبەتاڵ دا هەروەکو سەرکردایەتی بەرزانی شکاو تربوو، هەروەها سەرکردایەتی بۆرجوازی و حزبەکەشی شکاو تربوو، سووکی وبێ نرخی و بێ دەسەلآتی ئەو حزبەو سەرکردایەتییەکەی لەلای خەڵك ئاشکرا بوو، بە پێچەوانەی ئەو ساڵآنەوە کە مەدێکی یەمینی و فیکری کۆنەپەرستانە بە سەر ئاسمانی کوردستان و جولآنەوە شۆڕشگێڕی یەکەیدا زاڵ بوو بوو، ئەم مەدە تەنانەت خەڵکی سادەشی گرتبووە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆر عەیب بوو بەڵکو تاوان بوو پیاو مارکسی بێت، یاخود پێشکەوتنخواز بێت، یاخود دژی ئەمریکاو ئێران و ئیسرائیل بێت، ئاشبەتاڵ ئەمەی بە جارێك هەڵتەکاندو هەڵگێڕایەوە، خەڵك بەچاکی و هوشیاری دەستیان بۆ هۆی شکستی شۆڕش بە سەرکردایەتی بوو سەرکردایەتییەکەی، بۆ هاوپەیمانەکانی سەرکردایەتی بارزانی و پارتی درێژ ئەکرد و لە بەرامبەر ئەوەدا مەدێکی چەپ بڵآو بووە وە... خەڵك بۆ تروسکەیەك ئەگەڕان دووی بکەون، خەڵك شکان و تسلیم بوونی قبوڵ نەبوو، خەڵك ئەیویست دیفاع لە خۆی بکات لە بەرامبەر هێرشی فاشستی یەکانی بەغدا، خەڵك ئەیویست ڕێگەیەکی دەرباز بوون وخەباتی پیشان بدەن.

★★★

ڕووداوه سیاسیەکانی کوردستان و عێراق هەروەکو کوردستانی هەژاند بوو، هەروەکو (پ.د.ك) بە جارێك دا تەپاند بوو، هەروەکو قیادە مەرکەزی بە تەواوی ڕوخاند بوو، هەروەکو کاژیکی وێران کرد بوو... کۆمەڵەشی هەژاند بوو، بەلاّم نەی توانی بوو بی ڕوخێنیّ بەڵکو تەنیا ڕێکخراوی بەسەلامەتی لەو گەردەلولە دەرباز بوو بوو هەر ئەو بوو. کۆمەڵە ئیتر ئەو ڕێکخراوە بچوکەی سالاّنی 70 ـــ 71 نەبوو، قۆناغی ئەوە هاتبووە پێشەوە دەس بکا بەکارو دەوری خۆی ببینێ لەو ئیمتیحانە قورسەدا، مشتوومڕێکی فیکری قوڵ لە ناو کۆمەڵەدا دروست بوو بوو، ئاخۆ کۆمەڵە کەی ئەکەوێتە وەرگرتنی مبادەرە، کۆمەڵە ئەگەر لەو قۆناغەدا ئیش نەکات ئەی کەی ئەیکات، ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە کوردستان دا دروست بووە بەچی پڕئەکرێتەوە، ئەبی چی بکرێت، جۆری ئیشکردن چی بیّ، سیاسی، چەکدار، ناکۆکی سەرەکی مان لەگەڵ چییە، فەرمانەکانی ئەو قۆناغەمان چییە...؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر لە ناو ئەندامان دا ووروژاند بوو.

ئەم مناقەشە و پرسیارانە هەرچەندە خۆی لە خۆیا دەلیلی هوشیاری ئەندامەکانی کۆمەڵە بوو، بەلاّم چونکە بە شێوەیەکی نا مبرمج و بەرەڵلاّییانە خرابوونە مەیدانەوەو باس ئەکران، وە سەرکردایەتی کۆمەڵەش لە ئاستی ئەو فرمانە قورسانەدا نەبوو، نەی توانی بە چاکی باری گفتووگۆ و مناقشەکان بۆ پێشەوە ببا بەقازانجی گەشەکردنی کۆمەڵەو وەرگرتنی مبادەرەی گەورەو هەنگاونان بەرەو وەرچەرخاندنی مێژووی گەلەکەمان.

کۆمەڵە لە ساوایەتی دەرچوو بوو، بۆیە هەر بەو سەرکردایەتی یەوە کە پێشتر هەی بوو نەی ئەتوانی درێژە بە خەباتی خۆی بدات، قۆناغەکان گۆڕا بوون، ئەکەکانی کۆمەڵەش گۆڕا بوون، هەر بۆیە پێویستی بە سەرکردایەتییەکی وەها بوو کە لە ئاستی ڕووداوەکانی ئەوسای کوردستان و پێویستییەکانی قۆناغەکە و گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵەدا بێت.

ئەو مناقشەو پرسیارانەی لەناو کۆمەڵەدا وورووژا بوون، لە باتی ئەوەی کۆمەڵە بۆ پێشەوە ببات و ببێتە هۆی تەرح کردنی بەرنامەی قۆناغی نوێ، لە ڕاستی دا بوو بە هۆی دروست کردنی ئاژاوەیەکی فیکری بەربلاو و تێکدانی شیرازەی ڕێکخستن و بلاوبوونەوەی بەرەڵلایی و پشێوی و دەرکردنی هەندێك و تجمید کردنی هەندێك و ئیهمال کردنی هەندێك و وازهێنانی هەندێکی تر.

***

هاوزەمان لەگەڵ ئەم کێشەو گیروگرفتانە لە دەرەوەی وولات بە دەسپێشکەری ه. مام جەلال و هاوکاری هەندێکی تر لە ئەندامانی کۆمەڵەو چەند کەسێکی نیشتیمانپەروەر و پاش پەیوەندی کردن لەگەڵ شەهیدی نەمر ه. شەهابی شێخ نووری، بیری دامەزراندنی یەکیەتییەکی نیشتیمانیی وەکو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی تیارو طبقە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی هەموو ڕۆڵە دڵسۆز و تێکۆشەرەکانی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی فراوان، کە ئەندامەکانی کۆمەڵە ببنە دینەمۆی بەگەڕ خستن و بەڕێوەبردنی گەلاڵە بوو بوو.

**بۆچوونەکانی ئەوانەی دەرەوەی وولآت لە سەر ئەم بنچینانە بنیات نرابوون:**

**یەکەم:** ڕێکخراوێکی فراوان بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری خەڵك دا دابمەزرێنرێ کە ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕ بکاتەوە، کە ڕووخانی پارتی و نەبوونی حزبێکی جەماهیری بە جێی هێشتووە.

**دووەم:** ئەو ڕێکخراوە حزب نەبێ بە مەعنای تەقلیدی بەڵکو چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی فراوان بێ بۆ جولآنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماهیر.

**سێیەم:** ئەم ڕێکخراوە جەبهەش نەبێ بە مەعنای تەقلیدی لەبەر نەبوونی حزبێکی پێشڕەو وە لەبەر نەبوونی حزبی تر.

**چوارەم:** لە ناو ئەم ڕێکخراوە فراوانەدا تیارو اتجاهە سیاسییە پێشکەوتنخوازە جیاجیاکان هەقی مباراتی فکری یان هەبێ.

**پێنجەم:** کۆمەڵە بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە وە بۆ ئەوە بتوانێ دەوری بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە ببینێ ئەندامەکانی بچنە ناوییەوە و ئیشی تیابکەن و ئیشی بۆ بکەن، وە هەوڵ بدەن هەم بەنرخ کردنی ڕێبازی سیاسی ڕاست و دروست و چارەسەری ڕاست بۆ گیروگرفتەکان ڕێبازی کۆمەڵە زاڵ بکەن، وەهەم بە خەبات و فیداکاری و ئیشکردن سەرکردایەتی مەسەلە کرنگەکان بگرنە دەست.

**زۆری نەخایاند تەجروبە دەری خست کە:**

**یەکەم:** خەڵکی کوردستان ئامادەن بۆ خەباتی سیاسی و خەباتی چەکدارانەو، ئەبێ کەڵك لەو ئامادەیی یە وەربگیرێ بۆ ئەوەی دوژمن

نەتوانێ کەڵك لە ئاشبەتاڵ وەربگرێ بۆ دامرکانەوەی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵك وە وەزعێکی وەکو کوردستانی تورکیای دوای شکانی شۆڕشی ئاگری داغ و وەزعێکی وەکو کوردستانی ئێرانی دوای شکانی جمهوریەتی مهاباد لە کوردستانی عێراقیشدا دروست ببێ کە تا دەیان ساڵ جوڵانەوەکە خەفە ببێ.

**دووەم:** مەیدانی سەرەکی خەبات سەرئەرزی کوردستانی عێراقە، نەك ئێران یا دەرەوەی وولات.

**سێیەم:** خەباتی سیاسی بەبێ پشتیوانی خەباتێکی چەکدار لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ووردووخاش ئەکرێ.

**چوارەم:** لە بەرئەوە شان بەشانی پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی (ی. ن. ك) کە پێویستە ڕێکخراوێکی تایبەتیش بۆ ڕێکخستنەوەو کۆکردنەوەی پێشمەرگە ئازاو دڵسۆز و خاوێنەکان دروست بکرێ و ئامادەبکرێن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

**پێنجەم:** دانانی چەندین وەکری نهێنی لە شارەکان و ئامادەکردنی بنکەی نهێنی لە قەندیل و بەمۆ.

**شەشەم:** دروستکردنی مەفرەزەی بچوك بەناوی فیرقەی دیعایەی مسلحەوە بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی و داڵدەی ئەوانەی ئاشکرا ئەبن.

***

بۆ زیاتر ئاڵوگۆڕکردنی بیرووڕا لە مانگی ئابی 75دا هـ. فەرەیدون[9] هاتە دەرەوەی وولات، هەروەکو پێشتر هـ. شازاد[10] هاتبوو بیرووڕاکانی ناوەوەی هێنا بوو، وە بیرووڕاکانی ئەوانەی دەرەوەی بردبووە وە.

هاورێ یانی سەرکردایەتی کۆمەڵەش لە ناوە وە خۆیان لە ئەنجامی گفتووگۆدا گەیشتبوونە زۆر ئەنجامی باش و ڕاست و زۆربەی ئەو بۆچوونانەی لە سەرەوە باس کران، قبووڵ کرابوو وە بڕیار درا بوو ئیشیان لە سەر بکرێت، پاش هاتنی هـ. فەرەیدونیش دیسان هەمان مەسەلەو بۆچوون و بڕیار دووپات کرامەوەو جیاوازیەك لە بیرووڕاكاندا نەبوو.

بەڵكو بڕیاردرا كە پەیوەندی ناوەوە و دەرەوە بە هێزبكرێ و زیاتر تەنسیق بكرێ لە ئیش وكارەكان دا.

★★★

ئەم بڕیارە گرنگانە كە چارەنوسی گەلەكەمان و كۆمەڵەی پێوەبەند بوون، جێ بەجێ كردنی بەشی زۆری كەوتبووە ئەستۆی سەركردایەتی كۆمەڵە لە ناوەوە، وە هەموو اعتمادی ئەوانەی دەرەوەش هەر لە سەر ناوە وە بوو.

لەوكاتەدا كە ئەبوو ئیتر كۆمەڵە بە هەموو تواناوە بكەوێتە گەڕ بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو پلانە سیاسی و ڕێكخراوەیی و

---

[9] مەبەست فەرەیدون عبدوالقادرە.

[10] مەبەست خوالێخۆش بوو شازاد صائیبە.

پێشمەرگەییە کە بۆ قۆناغێکی ژیانی گەلەکەمان دانراوە تووشی چەند کۆسپی نالەبار بوو:

1 ـ ئاژاوە فیکری و تەنزیمییەکانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە قوڵتر و فراوانتر بوو بوو، زۆربەی ئەندامان بە هاندانی چەند کەسێکی هەل پەرست کەوتبوونە دژایەتی سەرکردایەتی، وە دژایەتییەکە تا ئەهات زیادی ئەکرد و بەرەو تەقینەوە ئەچوو، بە تایبەتی دوای جیابوونەوەی تاقمێک و دروستکردنی ڕێکخراوێک بە ناوی ڕەنجدەرانەوە....

2 ـ هـ. ئەنوەر زۆراب کە لە کۆمیتەی بەغدا بوو، بەهۆی ئەندامێکی حرکەی اشتراکی عەرەبیەوە اعترافی لە سەر کرا بوو، لە بەر ئەوە مەسەلەکەیان بەجدی وەرنەگرتبوو پاش چەند ڕۆژێک خۆشاردنەوە چوو بووە وە بۆسەر ئیشەکەی و گیرا بوو، ئەمەش بوو بووە هۆی ناسینی زۆربەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن دوژمنەوە.

★★★

بەداخەوە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە باتی ئەوەی وەکو پێویست وەکری نهێنی شارو بنکەی نهێنی شاخ ئامادە بکات و نەخشەو پلانی دانراو جێ بەجێ بکات و بەڕێگەی ئوسوڵی گیروگرفت و ئاژاوەکانی ناو ڕێکخستن کۆتایی پێ بهێنێ، بڕیار ئەدەن بۆ پاراستنی نهێنی یەکانی ڕێکخستن، کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ کۆمەڵە دابنێین و خۆیان بچن بۆ دەرەوەی وڵات.

بەجێ هێشتنی ناوە وەی وولاّت لەلایەن ئەم هاوڕێ یانەوە لە کاتێکا کە هاوڕێکانی دەرەوەی وولاّت و ئەوانەی (ی. ن. ك) خەریکی گەڕانەوە بوون، وە لە کاتێکا هەموو نەخشەو پلانی دروستکردنی (ی. ن. ك) و پێکهێنانەوەی هێزی پێشمەرگەو هەلگیرسانەوەی شۆڕش، یان بە واتایەکی تر سەرکردایەتی جولاّنەوەی کوردستانی عێراق، بەم هاوڕێ یانە سپێردرا بوو، هەڵەیەکی یەکجار گەورە بوو کە هاوڕێ یانی نەمر شەهابی شێخ نووری و جەعفەری مام واحید[11] بەگیانی خۆیان و هاوڕێکانی تر بە خۆڕاگرتنی قارەمانانە لە بەردەمی ئازارو ئەشکەنجەی ساواکی ئێران و داوو دەزگای فاشستی یەکانی بەعس دا تۆڵەیان کردەوە.

ڕۆیشتنی ئەو هاوڕێ یانە، کۆتای بەو ئاژاوە تەنزیمی و فیکرییە نەهێنا کە لە ڕیزەکانی ڕێکخستن دا هەبوو، بەڵکو لە دوای ڕۆیشتنی ئەوان و گیرانی چەندین ئەندامی کۆمەڵەو خۆشاردنەوەی هەندێکی ترو ڕاکردنی هەندێکی کە بۆ سوریاو ئەوروپا ڕێکخستن زیاتر شڵەژا و ئەو کۆمیتەیەی دانرا بوو بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە نەی توانی وەزعەکە بگرێتەوە.

ڕیزەکانی ڕێکخستن پشێوییەکی زۆرتری تێکەوت، کۆمیتەکان لە یەك دابڕان و بەشێکی ئەندامان لە لە یەکتری بزر بوون، شالأوی دوژمن تینی سەند بۆ ئەوەی هەرچی زوتر ئەو ڕێکخراوە تازە

---

[11] لەگەڵ ناوی ئەم دووشەهیدە هەمیشە ناوی شەهید ئەنوەر زۆراب دێت، بەلاّم لەم ڕاپۆرتەدا ناوی نەهاتووە، جێگەی سەرنجە.

دۆزراوە یە، لەو کاتە ناسکەدا، ووردوو خاش بکەن و نەهێڵن خۆی ڕێك بخاتەوە.

لەم گێژەڵوکە سامناکەدا هاورێی نەمر شەهید "ئارام "کە ئەندامی سەرکردایەتی بوو، وەنە لەلایەن سەرکردایەتییەوە ڕاسپێردا بوو، هاتە مەیدانی خەباتەوەو دەس پێشکەرییەکی گرنگ و کاریگەری کرد، وە ئەوەی کە سەرکردایەتی کۆمەڵە بە ڕێکخراوێکی ڕێك و پێك ئەبوو ئەنجامی بدایە، ئەم بە ڕێکخراوێکی لێدراو لەت وپەت کەوتە جێ بەجێ کردنی.

ه. ئارام کەوتەوە پەیوەندی کردن بە کۆمیتەو ڕێکخراوو شانەکانی کۆمەڵەوە، وە ئەوەندەی بۆی دۆزرانەوە و بۆی بەیەکەوە گرێ درانەوە، کۆی کردنەوەو ڕێکی خست و ئەو سەردەمە کە هەر شارێکی گەورە لیژنەیەکی هەبوو بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەوە، لە هەر کۆمیتەیەك ئەندامێکی کۆبوە وە و لیژنەیەکیان لێ پێکهێنرا بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە.

لە ڕاستی دا کۆمیتەی هەرێمەکان، شانازییەکی مێژوویيان پێ ئەبرێ، چونکە ئەم کۆمیتەیە کەوتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەو سازدانی پێشمەرگەو ئامادەکردنی مەفرەزەی چەکدار.

بەلاَم کۆمیتەی هەرێمەکان سەرکردایەتییەکی کاتی و لاواز بوو، چونکە ئەندامەکانی جگە لە شەهید ئارام ئەوانی تریان هەم بەتەمەن زۆر گەنج بوون، هەم تەجروبەی سیاسی و عەسکەرییان نەبوو، وەهەم ئاستی نظریان لە ئاستی پێویستییەکانی جولاَنەوەی

گەلەکـەمان و گەشـە پێـدانی کۆمەڵـەو پێکهێنـانی داوو دەزگـای پێویستی شۆڕش دا نە بـوون.. بۆیـە تاماوەیـەکی درێـژ نـەیان تـوانی باوەڕ و متمانەی بەشی زۆری ئەندامەکانی کۆمەڵە بـەدەس بهێـنن و نەیان توانی باوەڕو متمانەی کۆمەڵانی خـەڵك وەربگـرن بـە تایبـەتی لە کاتێکا کە ئیتر کۆمەڵە کەوتە خـەباتی چەکدارو خـەباتی سیاسـی ئاشـکراو کەوتـە ململانێـی سیاسـی لەگـەڵ بزوتنـەوەی سۆسیالیـستی کوردستان.

هەوڵـدانی کۆمیتـەی هەرێمـەکان بـۆ گرتنـەوەی ڕێکخـستن، وە هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی دەسـتەی چـەکدار، وە هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی (ی. ن. ك) ئەمانـە لـە سـەروەرییە گـەورەکانی ئەوکۆمیتەیەن. هەر وەکو گرتنەبـەری ڕێبـازێکی چەپڕەوی تونـد و خۆبەزل زانین و کۆکردنەوەی کەسانی نـەگونجاو لەگـەڵ فەرمانـەکان و سروشتی دەستە چەکدارەکانی سەرەتای دەسپێکردنی شۆڕش دا، وە کارکردن بەگیانی دەستەگەری: لـە هەڵـە گـەورەکانی ئـەم کۆمیتەیـە بوون، کە ڕاسـت کردنـەوەیان مانـدووبوون و ڕەنجێکـی زۆری گـەرەك بوو.

یەکێك لـە هەڵـە تـەنزیمی و سیاسیەکانی کۆمیتـەی هەرێمـەکان ئـەو بڵاوکراوەیەیـە کـە بـە تـەقریری شـباط ناسـراوە و کـاتی خـۆی ئاژاوەیەکی زۆری نایەوە لەناو ڕێکخستن دا بـە تایبـەتی لـە بەرئـەوە کـە هێرشـێکی زۆر براوەتـە سـەر سـەرکردایەتی پێـشووی کۆمەڵـەو چەندین تاوانی گەورە یان بە پاڵ دراوە، لـە کاتێکدا ئـەم هاوڕێیانـە

ملیان لە بەر چەقۆی جەللادەکانی بەعس دا بوو، وە هەموو ڕۆژ بۆ لێکۆڵینەوە و لێ پرسینەوە ئەخرانە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە.

بێگومان هەڵسەنگاندنی ڕابردوو بە پێی سەنگ و ترازووی (م. ل) وە ڕەخنەگرتن لە لادان و هەڵەو کەموکوڕییەکان مەرجێکی ڕاست کردنەوەی هەڵەکان و دیاری کردنی ڕێبازی پاشە ڕۆژە، بەڵام ڕەخنە گرتنی عیلمی یا ڕەخنەگرتنی هاوڕێیانە شتێکە و هێرش بۆ بردن و پەلاماردان بە نیازی ڕیسواکردن و شکاندن شتێکی ترە.

ساڵی 76 ـ 77 شانەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە هێشتا بە تەواوی خۆیان نەگرتبووە و، بەڵکو چەند زەربەی تریان خوارد لە لایەن دوژمنەوە بە تایبەتی ڕێکخراوی هەولێر و ڕێکخراوی هەڵۆی سوور لە بەغدا... لەو ماوەیەدا هێرشی یەك لە سەر یەکی سوپای دوژمن بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و پەلاماری داوو دەزگا جاسوسیەکانی دوژمن بۆ سەر ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی شارەکان، کوشتن و ئیعدامی سەدان کەس و گرتنی خێزان و کەسوکاری پێشمەرگەکان، وە تەسلیم بوونەوە و بەزینی سەدان پێشمەرگە... جەوێکی ترسناکیان لە شارو دێهاتەکان دا دروست کردبوو کەم کەس ئەی وێرا خۆی بهاوێژێتە ناو ئەو تەنگ و چەڵەمەیەوە.

لەو ماوەیەدا هەرئەوە ئەکرا کە هەوڵی چەسپاندنی هێزی پێشمەرگەو پاراستنی کادرە سیاسی و عەسکەرییەکان بدرێ و ڕێکخراوەکانی شار بخرێنە گەڕو بپارێزرێن.

★★★

ساڵی 1977 کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) تێکەڵاو کردنی سەرکردایەتی وولاّت و دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وولاّت پێك هات، بۆ یەکەمین جار پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەو لاکانی تری ناو یەکێتیی، وە پەیوەندی نیوان یەکێتیی و کۆمەڵە دیاری کراو نوێنەرانی کۆمەڵە و باڵەکانی تر پێکەوە دانیشت بۆ ئەوەی باسی گیروگرفتە سیاسی و پێشمەرگەیی و تەنزیمی و مالی یەکانی شۆڕش و داو و دەزگاکانی بکرێ و ئیش وکار دابەش بکرێ بە سەر ئەندامانی و لێپرسراوی هەرێم و لقەکان دیاری کران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دانران... هەرچەندە ه. ئارام بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا بۆ ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی، بەلاّم بەهۆی چاو ڕاو و هەندێ مەعلوماتی ناڕاستەوە کە هەندێ کەس لە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی یەوە بۆیان نووسی بوو، نەهاتە بارەگاکانی سەرکردایەتی و بە خۆشاردنەوە لە بەری قەرەداغ مایەوە تا ئەوە بوو لە دوایدا بەو جۆە شەهید بوو.

لە ڕاستی دا ئەگەر شەهید ئارام گوێی لە قسەو قسەڵۆکی ئەوانە نەگرتاییەو بچوایەتە لای مەکتەبی سیاسی کە بەرزترین دەسەلاّتی یەکێتیی و شۆڕش بوو، بێ گومان ئەوا بەوجۆرە شەهید نە ئەبوو، ئەو چەند مانگەی کە هاوڕێ ئارام هەر لە قەرەداغ بوو مەکتەبی سیاسی هیچ نوێنەرێکی ئێمەی تێدا نەبوو، چونکە نوێنەرەکەی ترمان کە ه. سالار[12] بوو ئەویش ڕۆیشتبووە دەرەوەی وولاّت.

[12] مەبەست نجمەالدین حاجی عەزیز، سالار عەزیزە.

ها. ئارام ئەو ماوەیەیی لە قەرەداغ بوو جگە لەوەی ژمارەیەکی لە (ئاڵای شۆڕش)[13] ی دەرکرد، بە ئامۆژگاری یە بەنرخەکانی چ بۆ کۆمیتەی هەڵمەتی سلێمانی و چ بۆ کادیرو فەرماندەی مەفرەزەکانی دەووروبەری سلێمانی خزمەتێکی گەورەو لە بیرنەکراوی پێشکەش بە شۆڕش و کۆمەڵە کرد.

بە داخەوە ه. ئارام زوو شەهید بوو، وە بۆشاییەکی گەورەی بە جێ هێشت لە کۆمەڵەدا و زەرەرێکی زل بوو لە شۆڕش و پێشمەرگەو کۆمەڵە، بە تایبەتی ئەو کاتە هێشتا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە بە تەواوی خۆیان نەگرتبوو نە لە دەرەوە و نە لە ناو شارەکان سەرکردایەتییەکی ڕێکوپێك و یەکگرتووی نەبوو.

هەر کە هەواڵی شەهید بوونی ه. ئارام لە لایەن کۆمیتەی هەڵمەتەوە،[14] ڕاگەیەندرا، ئێمە ئەوکاتە کە چەند کادیرو ئەندامی کۆمەڵە لە ناوچەی شلێر بووین دەست بە جێ کۆبوونەوەیەکی بچوکمان کردو بڕیارمان دا بەزوترین کات هەوڵی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرو ئەندامانی کۆمەڵە بدرێ.

---

[13] ئەو ژمارەیە لەلایەن نووسەرەوە، ساخکرایەوە و لە کتێبی( ئارام..شەهیدێك لە بناری کەڵەوێ دا) ساڵی 2015 لە یادی 37 ساڵەی شەهید بوونی شاسوار جەللال" ئارام"دا بڵاوکرایەوە.

[14] کۆمیتەی هەڵمەت، ئەوکاتە لە شاری سلێمانی بوو، کە کاری سیاسی و ڕێکخراوەی لە شاری سلێمانی دا ئەنجام دەدا.

کەڵك لە کۆبوونەوەکانی" ك. س"(ی. ن. ك) وەرگیرا کە لە بەهاری 78 دا کران و زیاد لە 30 کادیری سیاسی و پێشمەرگەیی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك کۆبوونەوە.

کۆبوونەوەکانی نەورۆزی 78 ی کادیرانی کۆمەڵە لە ڕووداوێکی گرنگی سیاسی و تەنزیمی و فیکری بوو لە مێژووی کۆمەڵەدا، چونکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆمەڵەدا ئەوەندە کەسە کۆبوونەوە بۆباس کردنی ئەو مەسەلانە پەیوەندییان بە چارەنووسی کۆمەڵەو شۆڕش و یەکێتیی نیشتیمانیی یەوە هەبوو، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە ڕێکخراوە کانی شار بە دووروو درێژی بیروو ڕای خۆیان لە سەر مەسەلە گرنگەکان دەربڕی بوو.

لەو کۆبوونەوەدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ شیکردنەوەی کۆمەڵی کوردستان و قۆناغی گۆڕان و گەشەکردنی و ناکۆکییەکانی ناوی و تەبیعەتی حوکمی عێراق و مەرجەکانی درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕش... مەرجەکانی حزبی پێشڕەو و بەرەی نیشتیمانیی و لە شکری گەل...

هەروەها مەسەلە تەنزیمییەکانی کۆمەڵە باس کراو بەڕا بووردوو یا چوونەوە و بەرنامەی ڕێکخستنی دا هاتوو بە تایبەتی لە ناو پێشمەرگەو شوێنەکانی ژێر دەسەلاّتی پێشمەرگەدا دانرا، وە بۆ یەکەمین جار بە هەڵبژاردن کۆمیتەیەك هەڵبژێردرا بۆ ئامادەکردنی کۆنفرەنس، هەردوا بەدوای ئەم کۆبوونەوانە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆمەڵەدا لە هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکردنی هەڵبژێردراو ناوەندێك بۆ کۆمەڵە دروست کرا، کە ببێتە مەرکەزی

پێكەوە گرێ دانی ڕێكخراو و كۆمیتەو شانە جیاوازەكانی شارو شاخ و سەر پەرشتی كەری چالاكی سیاسی و تەنزیمی و فیكری كۆمەڵە، بۆ ئەوەی یەكێتیی ڕێكخستن و یەكێتیی بیروباوەڕ و یەكێتیی كار لە ڕیزەكانی كۆمەڵەدا بەدی بهێنێ.

كارەساتەكەی هەكاری تەگەرەی لە نەخشە سیاسی و تەنزیمی و فیكری یەكان دا و ئەو شكستە بە سەر هێزی پێشمەرگەدا هات، كۆمەڵەشی گرتەوە... كۆنفرەنسەكە كە بڕیاری گێڕانی درا بوو بە ناچاری لە بەر بێ جێگایی و دژواری هەلومەرجی ئەوسا دواخرا، ژمارەیەك لە ئەندام و كادیرەكانی كۆمەڵە شەهید بوون یان گیران لە وانە دوو ئەندامی سەركردایەتی كۆمەڵە كە یەكێكیان ﻫ. ئازاد[15] بوو كە ئەندامی ناوەند بوو.

لەگەڵ ئەوەدا، لەو ماوەیەدا هەوڵ درا كە هەندێك بڵاوكراوە دەربكرێ، هەوڵ درا ڕێكخستنی كۆمەڵە لە ناو پێشمەرگەدا لە سەر بنچینەی شانە دروست بكرێ و لە هەندێ شوێن شانەی سەرەكی دروست كرا، پەیوەندی كرایەوە بە هەموو ڕێكخراوەكانی شارەكان و تەنانەت بە هاوڕێ یانی زیندانی ئەبوغرێبەوە.

خەباتی سیاسی و فیكری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵە لەم قۆناغەدا، وە خەباتی پێشمەرگانەی كادر و پێشمەرگەكانی كۆمەڵە دەورێكی كاریگەر و پڕ شانازییان بینی لە هەڵساندنەوەی باری شۆڕشەكەدا و

---

[15] مەبەست شەهید ئازاد هەورامی یە، بەڵام تەنیا ناوی شەهید ئازاد براوە، دووەمیان ناوی نەهاتووە.

لــە ســارێژکردنی برینــەکانی کارەســاتی هەکارییــدا. لــەم ماوەیــەدا لەلایەکـەوە ڕەسـوڵ مامەنـد و تاقمەکـەی وە لەلایـەکی تـرەوە (ق.م) ئەیانویست ئاژاوە و پەشێویمان تێبخەن و یەکێتی ڕیزەکـانی کۆمەڵـە تێکبدەن و هەندێك کەس هان بدەن بۆ جیابوونەوە و ئینشیقاق.

بـۆ خۆشـبەختی هـیچ کـام لـەم هەوڵانـەی لـەدەرەوەی کۆمەڵـەوە ئەدرا بۆ تێکدانی سەری نەگرت.

ئەرگەر چی کارەساتەکەی هەکاری بە تێکڕا کاری لـە جوڵانـەوەی شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتانی عێـراق کردبـوو، بـەڵام زۆری نەخایانـد کۆمەڵــەش هەســـتایەوە و لـــە ڕووی سیاســـی و ئایـــدیۆلۆجی و تەنزیمیەوە پێشکەوت و یەکێتیەکی باشی تیا پەیدا بوو، بەری هەوڵ و کۆششی ئەو کاتە خۆی لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی کۆمەڵەدا ئەنوێنێت کە لە تشرینی دووەمی 78دا لە شێنێ کـرا و لـە ئـەنجامی موناقەشـەکانی ئـەو کۆبوونەوەیـەدا نەشـرەی (فەرمانـەکانی قۆنـاغی ئێـستای خـەبات)مـان دەرچـوو، هـەروەکو بڕیـاردرا ئۆرگـانی کۆمەڵـە بـەڕێکوپێکی دەربکرێـت وە زۆرتـر بایـەخ بـەکاری فیکـری و کـاری تەنزیمی بدرێت.. لە کۆبونـەوەکانی شـێنی بـەدواوە بەگشتی هەسـت بە گەشـەکردنی چـەندایەتی و چۆنایەتی ڕێکخستن دەکرێ، ئەگـەر چـی دەیـان کـادری تـەنزیمی لـە کـیس کۆمەڵـە چـوون و گـیران و لـە سـێدارە دراون، یـان لـە شـەڕی نـا بەرامبـەردا شـەهید بـوون.. بـەلام خۆڕاگرتنی هاوڕێیـانی کۆمەڵـە لـە زینـدانی فاشیـستەکانی عێـراق و پارێزگاریکردنی نهێنیەکانی تەنزیم بە گیانی خۆیان و هەڵسوکەوتی

باشی کادر و ئەنـدامانی کۆمەڵـە ڕێبـازە سیاسـیەکەی بـوون بـە هـۆی ئەوەی کە ڕێکخستنی کۆمەڵـە ببێـت بـەهێزێکی سیاسـی گـەورە، کـە ئێستا ڕەنگە قورسایی ڕێکخراوەیی لـە چـاو هـەموو حیـزب و تـاقم و لاکـانی تـری کوردسـتانی عێراقـدا سـەنگینتر بێـت و سـەدان و بگـرە هەزاران ئەندام و دۆست و لایەنگری لە ڕێکخراوەکانی شار و ئۆردوگا و دێهاتەکاندا کۆکردووەتەوە.

قورسایی کۆمەڵە بەتـەنیا بـە هێـزی پێـشمەرگە پێوانـە نـاکرێ، بەڵکو قورسایی گەورە و ڕاستەقینەی کۆمەڵە ئەو نفـوزو بنکەیـە یـە کـە لـەناو کۆمـەلانی خەڵکـدا، لـە نـاو کرێکـاران و جوتیـاران و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕا دروستی کردون و ئێـستا لـە هـەموو شـار و ئۆردوگاکـان و ناوچـە دێهـاتی یـەکانی کوردسـتان دا ڕێکخـراو یـاخود شانەی کۆمەڵەی لێیە، تەنیا نوقتەی زەعیفی ڕێکخستنی کۆمەڵـە لـە ناوچـەکانی بادینانـە کـە ئـەویش وردە ووردەو بـە شـێنەیی خەریکـە شـانەو ڕێکخـراوی تیـا دروسـت ئـەبێ و ئـەبێ ڕێگـەو شـوێنی بـاش دابنـرێ بـۆ گەشـەپێدان و جێگیرکـردن و بـەهێز کردنـی کۆمەڵـە لـە بادینان.

ئێستا لە پاڵ کۆمەڵەدا، بە دەس پێـشکەری هەنـدێ لـە ئەنـدام و دۆسـتەکانی کۆمەڵـە، یـەکێتیی خوێنـدکارانی کوردسـتان و یـەکێتیی مامۆسـتایانی کوردسـتان و ڕێکخـراوی شـەهید لـەیلا بـۆ ئافرەتـان دروست کراون، ئەم ڕێکخراوانە ئەهەمییەتێکی زۆر گـەورەیان هەیـە بۆ سازدان و کۆکردنەوەی بەشێکی کۆمەلانی خەڵك، وە هەر بە هۆی

ئەم ڕێك خراوانە ئـەتوانرێ هـەزاران كـەس ساز بـدرێن و بهێـنرێنـە كۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە.

ئـەم ڕێكخراوانــە هێـشتا ساوان و وەكـو پێويـست پـەرەيان نــە سـەندووە، پێويـستە پـشتيوانييەكی زۆر بكـرێن، لـە هـەمان كـات دا پێويستە ئامۆژگاری بكرێن كە دوور بكەونەوە لە چەپڕەوی و ئيـشی حيزبی سياسی تێكـەڵاو بـە ئيـشی ڕێكخراوێكـی ديمـوكراتی پيـشەيی نەكـەن، چـونكە بـەوە نـەك هـەر ڕێكخراوەكـەيان خزمـەت ناكـەن و خزمــەت بــە كۆمەڵــەو شــۆڕش ناكــەن، بــەڵكو ڕێكخراوەكــە لــە جەماوەرەكــەی دا ئــەبڕن و ئەبێتــە ڕێكخــراوی تــاقمێكی كــەم و فەرمانەكانی خۆی وون ئەكات.

★★★

لە ڕێكخراوێكی وەكو كۆمەڵەدا، كـە لـە ژێـر بـاری سـەخت تـرين زەبرو زەنگی فاشستی دايەو هەرچی بە سوسە دەربكـەوێ پەيوەنـدی لەگەڵ كۆمەڵەدا هەيە يا لە ژێر ئازارا ئەكوژرێ و لە سێدارە ئـەدرێ، وە لە هەلومـەرجێكی وادا كـە چـەندين جـۆرە دوژمنـی چـينايەتی و نيـشتيمانی لێـی چـۆتە سـەنگەرەوە دژايـەتی ئـەكات، مـەرجی هـەرە گرنگی سەركەوتن و پێشكەوتن و گەشەكردنی بريتی يە لە يەكێتيی ڕيزەكـانی كـە ئـەبێ لـە سـەر بنـچينەی چارەسـەركردنی ئوصـوڵيی گيرووگرفت وناكۆكی و هەڵەو كەموكوڕييەكانی دابمـەزرێ... كۆمەڵـە شان بەشانی ئەم سەركەوتنە سياسی و تەنزيمی و فيكريانـەی كـە لـە مەيـدانی جياجيـادا بــە دەسـتی هێنـاوە، هەنـدێ كـەم و كـوڕی و

گیرووگرفتیشی تیایە كە ئەبێ بە بە پێی سەرەتاكانی (م. ل) و بە گوێرەی قازانج و دەسكەوتی ڕێكخستن چارەسەر بكرێن، كۆمەڵە هێشتا پەیڕەوی ناوخۆی نی یە، لەناو ڕیزەكانی كۆمەڵەدا هێشتا دەستەگەری ماوە، هێشتا بەرەڵڵایی ماوە، هێشتا لە هەندێ شوێن ڕێكخستن لاوازە، هێشتا ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن وەكو چەكێكی كاریگەر بە كارنایەت هێشتا نا تەبایی لە ناو ڕیزەكانیا لە ئاستی جیا جیادا هەر لە سەركردایەتی یەوە تا كۆمیتەكانی خوارەوە هەر هەیە، هێشتا خۆ بەزل زانین و لوت بەرزی و لە خۆ ڕازی بوون و بە خۆوە نازین لە هەندێ كەسدا ماوە، هێشتا قسەكردنی لە پاش ملەو زەم و زەمكاری ماوە... ئەمانە هەن بەڵام بۆ خۆشبەختی كەم تەئسیرن و لە چاو دەسكەوت و سەركەوتنەكانی كۆمەڵەدا كەم و بێ بایەخن.

ئاستی فیكری و نەزەری و تێگەیشتنی سیاسی كادر و ئەندامەكان هێشتا لە ئاستی پێویستی دا نییە، بڵاوكراوەی ناوخۆ كە بیرووڕاو هەڵوێستی هەموو ڕێكخستن یەك بخات نیە، ئۆرگانی ڕێك و پێك نیە، دەورەی هوشیاركردنەوەی ئەندام وتێگەیاندنی كادر بەكەمی كراوەتەوە، بڵاوكراوەی تسقیفی نیە، وەرگێڕانی كوردی سەرچاوە كلاسیكییە گرنگەكانی ماركسیزم و تەجروبەی شۆڕشگێڕانەی گەلان لە مەیدانی تەنزیمی و كاری سیاسی و جەماوەری و جەنگی پێشمەرگانەدا نیە... سەرەڕای ئەمانەش بە هۆی سەختی هەلومەرجی ئیشكردنی ئێستاوە توانای بەكارهێنان و بە گەڕخستنی هەموو تواناو ئیمكانیاتی فیكری و سیاسی ئەندامانی

لێوەشـاوەی کۆمەڵـە نیـە.. ئـەبێ هـەوڵ بـدرێ ئـەم کەموکوڕیانـە ئەوەندەی ممکینە چارەسەربکرێ و ئاستی هوشیاری سیاسی ئەنـدام و دۆستەکانی کۆمەڵە بەرزبکرێتەوە.

ئەبێ هەوڵ بدرێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵـە سوود لـە هەڵـسانەوەی بزووتنەوەی جەماوەری گـەل وەربگـرن و ڕیزەکـانی خۆیـان فـراوانتر بکەن و پتەوتر بکەن، ئەبێ هـەوڵ بـدرێ ڕەنجدەرانی کوردسـتان لـە دەوری ئالأی کۆمەڵە کۆبکرێنەوەو باوەڕو متمانـەیان بـە ڕێبازەکـەی وەربگیرێ، ئەبێ هەوڵ بدرێ لە مەولا بایـەخێکی زۆر بەچـەندایەتی بدرێ بێ ئەوەی چۆنایەتی باشی کۆمەڵە بشێوێنرێت... ئـەبێ هـەوڵ بـدرێت تـەرکیز بکرێتـە سـەر کرێکـاران و ڕەنجـدەرانی کوردسـتان، بێگومان پێك هێنانی حیزبی چینی کرێکـار دوور لـە چینی کرێکـار کـارێکی خـەیاڵی و ناممکینـە، بۆیـە ئـەبێ هـەوڵێکی زۆر بـدرێ بـۆ فراوانکردنـی بنکـەی ڕێکخـستنی کۆمەڵـە لـە نـاو کرێکـاران دا، بـە تایبـەتی ئێـستا کـە دەیـان هـەزار کرێکـار لـە شـارو ئۆردووگاکـانی کوردسـتان دا هـەن و تـادێ هوشـیاری چـینایەتی یـان زیـاد ئـەکات و قورساییان لە ناو کۆمەڵەدا سەنگین تر ئەبێ کۆمەڵـەش هـەوڵ بـدات کە پێك هاتنی چینایەتی ڕێکخستنەکەی خـۆی لەگـەڵ بیراوەڕەکـەی وە گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستاندا بگونجێنێ.

ئیتر کاتی ئـەوەهاتووە کـە بەرنامەیـەکی تـەنزیمی دا بنرێـت بـۆ قۆنـاغی داهاتووی ئـیش کـردن، کـە پێویـستی یـەکانی گەشـەپێدانی چـۆنایەتی و چـەندایەتی ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵـە تـەئمین بکـات و

زەمینـەی دا مەزرانـدنی حیزبـی پێـشڕەوی کرێکـاران و ڕەنجـدەرانی کوردستان خۆش تر بکات.

★★★

گـەلێك جـار باسـی سـەربەخۆبوونی کۆمەڵـە ئـەکرێ و گوایـە کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی لـە دەسـت داوە، لـە ڕاسـتی دا ئـەم قـسەیە هـەروەکو ڕاسـت نیـە، هـەقی وایـە ناحـەزانی کۆمەڵـە ئـەم توهمـە ناڕەوایە بە پاڵ کۆمەڵە بدەن.

بێگومـان هـەرحیزب و تـاقمێکی سیاسـی سـەربەخۆ کـە ئەچـنە ناوصیغەیەکی جەبهەوی یا نیمچە جەبهەوی یەوە، یـا ئـەبێ هـەر لـە سەرەتاوە قبولّ نەکات و نەچێت یاخود کـە قبـوڵی کـرد و چووئەبێ خـۆی ببەسـتێتەوە بـە هەنـدێ مـەرج و ئیلتیزامـی موشـتەرەکەوە لەگەڵ ئەو تاقم و لایەنەی ترا کە پێکەوە ڕێکخراوە موشتەرەکەکەیان دروست کردووە.

ڕاستە کۆمەڵە لە ناو (ی. ن. ك) بووە، خـەباتی کـردووە بـۆ جـێ بەجێ کردنی بەرنامەکەی و خۆی بەستۆتەوە بە ڕێبـازی (ی. ن. ك) ەوە.

بەلاٌم ئاخر دەوری کاریگەرو سەرەکی کام لا گێڕاوێتـی لـە دیـاری کردنی بەرنامەو ڕێبازی گشتی(ی. ن. ك)دا، وە ئـاخۆ ڕێبـازی گشتی سیاسـی و پێـشمەرگانەی (ی. ن. ك) نواندنـەوەی هـەمان ڕێبـازی سیاسی و پێشمەرگەیی کۆمەڵـە نـەبووە لـە سەرئاسـتێکی فـراوانترو بەرین ترا.

هاوڕێ یانی.. بەڕێز! سەربەخۆیی هیچ حیزب و ڕێکخراوێك بەو مانایە نیە کە داخلی هیچ صیغەیەکی جەبهەوی نەبێ و خۆی نە بەستێتەوە بە هیچ ڕێبازێکی موشتەرەکەوە لەگەڵ لای ترا، بەڵکو سەربەخۆیی بە مەعنای تەنزیمی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە ڕێکخستنێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت، کە لەلایەن خۆیەوە ڕابەری و پەروەردە بکرێت، ئامۆژگاری و فەرمان لە سەرکردایەتییەکەی خۆیەوە وەربگرێت، وەك ڕێکخراوەکە سەرکردایەتی تایبەتی خۆی هەبێت و سەربەخۆیی لە دیاری کردنی بیرو ئتیجاه و ڕێباز و لە بڕیاردانی مەسەلە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و تەنزیمی یەکان دا، وە سەربەخۆ بێت لە بڕیاردانی بەرنامەی سیاسی و فیکری خۆی دا، سەربەخۆیی لە بڕیاردانی هەڵبژاردنی شێوەکانی خەبات دا، سەربەخۆیی لە دیاریکردنی دۆست و هاوپەیمان و دوژمن و ناحەزەکانیا، سەربەخۆی لە بڕیاردانی ستراتیج و تەکتیکی دا، لە دیاریکردنی ئامانجە دوورو نزیکەکان دا، لە دیاری کردنی پێك هاتنی چینایەتی و کۆمەلآیەتی دا.... جا ئاخۆ کۆمەڵە لە کامێك لە مانەدا سەربەخۆ نەبووە؟ ئاخۆ کۆمەڵە خاوەنی سەرکردایەتی خۆی نەبووە، بڕیارەکانی بە دەس ئەو سەرکردایەتی یەوە نەبووە؟ دیاری کردنی ئامانجە دوورو نزیکەکانی بە دەست خۆی نەبووە؟ ڕێکخراوەکانی لە باری ڕێکخستنی بە تەواوی نهێنی و سەربەخۆ نەبوون؟ دیاری کردنی ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی و تەنزیمی بە دەس خۆی نەبووە؟ دیاری کردنی بیروو باوەڕ و تیۆریەکەی بە دەس خۆی نەبووە؟.

ئەگەر ئەمانە بەدەس سەرکردایەتی و دەزگا دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵە خۆی نەبوون، ئەی بە دەس کێ بوون؟ بێگومان کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی پارستووە.

★★★

گوێزانەوە لە قۆناغی خەباتی نهێنی یەوە بۆ ئاشکراو لە قۆناغی خەباتی ناو شارەوە بۆ لادێ ولە خەباتی سیاسی یەوە بۆ چەکدار، هەروا کارێکی ئاسان نەبوو.

یەکەم: چونکە کۆمەڵە خۆی بۆ خەباتی چەکدار ئامادە نەکرد بوو، هەر وەکو پێشبینی ئەوەشی نە ئەکرد کە سەرکردایەتی بارزانی بەم جۆرە بەزوویی و کوتوپڕ ئاشبەتاڵ بکات.

دووەم: کۆمەڵە لە بەرئەوە تەرکیزی کردبووە سەر دروستکردنی ڕێکخستن و پەروەردەکردنی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ئەندامەکانی و پێ گەیاندنی کادری سیاسی و تەنزیمی، کادری پێشمەرگەیی پێ گەیاند بوو.

سێیەم: لە هەلومەرجی ئەوسادا ماوەی خۆدەرخستنی کۆمەڵە و کارکردنی ئاشکرا یاخود نیمچە ئاشکرا نەبوو، بەڵکو ئەبوایە بەو پەڕی نهێنی یەوە بجوڵێتەوە چونکە هەم لەلایەن دەزگاکانی شۆڕشەوە لێی ئەدرا، وەهەم لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە، هەروەکو حیزبی شیوعیش ئەچوو بە گژیا.

لە ساڵی 1976 کە بڕیاری دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدار درا، کۆمەڵەمان دەسپێشکەری کرد و چ لە بادینان و چ لە ناوچەکانی

سۆران لە هەردوو لاوە هاوڕێیانی کۆمەڵەو بە دەسپێشکەری ئەوان مەفرەزەکانی هەوەڵ جار چونە شاخ.

لە ڕاستی دا بەهۆی نا بەرامبەری تەرازووی هێزەکانی گەلەکەمان و دوژمنەوە، ستراتیجی جەنگەکە لە باتی ئەوە جەنگێکی فراوان و خێرا و بەربلاّو بێت کە لە ماوەیەکی کورت دا ئەنجامەکەی بەلایەکا بکەوێت، ستراتیجی جەنگی درێژخایان بۆ پساندنی دوژمن و ماندوو کردن و هەراسان کردنی گیرایە بەر، بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵێکا تەرازووی هێزەکان بە شێنەیی بگۆڕێت و بەلای شۆڕش دا بکەوێت.

هەر بۆیە ئەم سەرەتا پێشمەرگەیی یانە کرانە بنچینەی پێك هێنانی پێشمەرگە:

یەکەم: ستراتیجی شەڕەکەمان شەڕێکی درێژخایەن بێت.

دووەم: شێوە شەڕەکەمان جەنگی پارتیزانی بێت بە شێوەی مەفرەزەی بچوك وبلاّو.

سێیەم: مەیدانی شەڕەکەمان شاخ و دێهاتەکانی کوردستان بێت.

چوارەم: بایەخ بدرێت بە چۆنایەتی پێشمەرگەکان و ماوە نەدرێت لە ڕووی چەندایەتی یەوە ئەوەندە زۆر ببێ کە تەبیعەتی هێزەکەو شەڕەکە بگۆڕێ و زیادبێ لە پێویستیەکان.

پێنجەم: مەفرەزە بکەوێتە وەحدەی ئەساسی ڕێکخستنی عەسکەریمان.

شەشــەم: ئــەركی ســەرەكی مــەفرەزەكان هوشــیار كردنــەوە و ڕاپەڕانن و ساز دان وڕێكخستنی كۆمـەلآنی خـەڵك بێت نـەك لێدان وله ناو بردنی دوژمن، بۆیە ناونرا بوو فیرقەی دیعایەیی مسلح.

حەوتەم: ئـەو مەفرەزانـە بـە سەرانـسەری ناوچـە جیـا جیاكـانی كوردستان دا بلآو ببێتەوە.

ئەمانە بەگشتی ئەو سەرەتایانە بوون كە ئەبوو مەفرەزە یاخود دەستەی چەكداریان پـێ دروست بكرێـت، بـەلآم لـە ڕاسـتی دا دەست پێكردنەوەی خەباتی چەكدارو جۆری هێـزی چـەكدارو فەرمانـەكانی هێزە چەكدارەكە، بـە تـەواوی وەكـو ئەویـسترا، لـە چوارچێوەی ئـەو نەخـشەیەدا كـە بـۆی دانـرا بـوو جـێ بـەجێ نـەبوو لـە بـەر چـەند هۆیەك:

یەكـەم: ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵـە ئەوكاتـە تـازە بـە تـازە لێـدانی سەخت و كاریگەری خوارد بوو، هێشتا هـەمووی كۆنـە كرابوونـەوە و بە چاكی نەخرابوونە گەڕ.

دووەم: كۆمەڵە سەركردایەتییەكەی پێشووی هەمووی گیرا بـوون و هێشتا سەركردایەتییەكی نوێی خاوەن تەجروبەو بەهێزی ئەوتۆی نەبوو كە لە عۆدەی ئەم فەرمانە بێت.

سـێیەم: بـەهۆی هەلومـەرجی ئەوكاتـەوە هێـشتا ڕێكخراوەكـانی نـاوەوەی وولآت و دەرەوەی وولآت نـەیان تـوانی بـوو تەنـسیق بكـەن، یـاخود سـەركردایەتییەكی یـەكگرتوو پێـك بهێـنن، تـا نەخـشەكەش وەكو یەك جێ بەجێ بكـەن و موبادەرەكـان لـە هـەموو لاوە بـە پێـی نەخشەكە بكرێت.

**چوارەم:** کۆمەڵە لە مەیدانی پێکهێنانی هێزی چەکدارا، جگە لەوەی کادری کەم بوو، تەجروبەشی زۆر کەم بوو، وە خۆشی تەنیا هێزی مەیدان نەبوو، بەڵکو زۆری نەخایاند چەند تاقمێکی تریش هاتنە مەیدانەوە و کەوتنە منافەسەو بۆڕبۆڕێن.

**پێنجەم:** کەمی ئیمکانیاتی مادی و بە شەری.

لە گەڵ ئەمانەشدا هەموو، لە مەیدانی دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدارا، لە هەلومەرجی دژوار و سەختی ئەوسای کوردستانی عیراق دا، لە کاتێکا کە سەرکردایەتی بارزانیی و سەرکردایەتی بۆرجوازی و شۆڕشی کوردستانی عێراق بە زیاتر لە سەد هەزار پێشمەرگەوە خۆی لە کۆڕی شەڕا پێی ڕانەگیرا بوو، هاوڕێکانی کۆمەڵە بەوپەڕی قارەمانێتی یەوە ئەم دەسپێشکەرییە مێژوویییەیان گرتە ئەستۆو هەم لە بادینان و هەم لە هەندێ لە ناوچەکانی سۆران دا گڕی پیرۆزی شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە.

بێگومان دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەو زروفەی ئەوسای کوردستان دا، بە یەکێك لە گەورەترین سەروەرییەکانی کۆمەڵە ئەژمێردرێ، ڕاستە کۆمەڵە بەم هۆیەوە گەلێك قوربانی گەورەی داوە، سەدان ئەندامی لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا شەهید بوون، بەلاَم بەو گیانبازی و فیداکاری و خۆبەخت کردنە، هاوڕێکانی کۆمەڵە بورجێکی بڵندی سەروەری شۆڕشگێڕانەیان بنیات ناوە کە نەك هەر لە کوردستانی عێراق دا، وە نەك هەر لە پارچەکانی تری کوردستان دا، بە ڵکو لە هەموو ناوچەکەدا دیارەو بەدی ئەکرێت.

★★★

سـەرەتای دەسـپێکردنەوەی خـەباتی چـەکدار لـە ڕاسـتی دا زۆر زەحمەت بوو، چەك و ئیمکانیەت زۆر کەم بـوو، کـادری عەسـکەری و پێـشمەرگەی شـارەزاو لێوەشـاوە زۆر کـەم بـوو، ڕێکخراوەکـانی نـاو شارمان لـە پێـشمەرگەو سـەرکەوتنی جوڵانـەوە کـە زۆر کـز بـوو، لـە بەرامبـــەر ئەمانـــەدا حکومـــەتی عێـــراق لـــە ڕووی ئیمکانییـــاتی عەسـکەرییەوە زۆر بـەهێز بـوو، خـۆی چـەکدار کردبـوەوە، هـەموو شوێنە گرنگەکانی کوردستانی گرتبووە، معارەزەی عێراقـی تەصفیە کردبوو، وەزعی ئیقتصادی بە هـۆی زیـاد بـوونی دەرامـەتی نەوتـەوە زۆر باش بوو، پەیوەندی چـاکی لەگـەڵ دەوڵـەتانی دراوسـێ و زۆر لـە هێـزە پێـشکەوتنخوازەکانی دنیـا دامەزرانـد بـوو... لـە بەرئـەوە نـا بەرامبەرییـەکی یـەك جـار گـەورەی عەسـکەری، سیاسـی، بـۆ شـەری، ئیقتـصادی، ئیعلامـی هـەبوو.... جگـە لەمانـە هـەمووی هـاتنی بزوتنـەوەی سۆسیالیـستی کوردسـتان بـوو نـاو جوڵانەوەکـە و بـۆ نـاو یـەکێتیی، وە هـاتنی (ق.م) وەکـو هێزێکـی چـەکدارو سیاسـی بۆسـەر مەیدانی کوردستان لە باتی ئـەوەی تـین و تـەوژمێکی شۆڕشـگێڕانەی ڕاستەقینە بدەن بە جوڵانەوەکە، گەلێك گیروگرفتی دروست کردو لە زۆر ڕووەوە تەئسیری سەلبی کردە سەر ڕێبازی پێشمەرگانەمان.

هاتنەوەی (ق. م) وەکو هێزێکی کۆنەپەرست و گرێدراوی ئێـران و ئەمریکا لە ڕاستی دا بۆ تێکدانی جوڵانەوەکە بوو، وە بـۆ ئـەوە بـۆ ڕێ لەو ئیتجاهە سیاسی و عەسکەرییە نوێیە بگرێت کە خەریك بوو لە ناوجوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی عـیراق دا جـێگیر ئـەبوو، لـە بـەر ئـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە دەورێکـی تێکدەرانـە بگـرە

خائینانەنـەیان گێـڕا بۆئـەوەی جولاّنەوەکـە هـەر بـە ساوایی لـە نـاو بچێت، ئەوە بوو بە پلان و فێڵ هـەموو مـەفرەزەکانی بادینانیـان لـە ناو بردین کە هاوڕێی قارەمانمان ئیـبراهیم عـەزۆ فەرمانـدەیان بـوو، وە دەیـان ئەنـدام و دۆسـتی کۆمەڵـەیان تیـا بـوو... وە ئـەوە بـوو لـە ناوچەکانی سۆرانیش بە کۆکردنەوەی بەتۆپەڵی عەشایەر و کەسـانی گومانلێکراو و دزو جەردە و دەست کـردن بـە ڕاوو ڕووت و ئـازاردانی خەڵك و شـێواندنی نـاوی شـۆڕش و پێـشمەرگە و دوایـی تـر تەسـلیم بوونەوەی بە کۆمەڵ و پێکهێنانی تاقمی جاش لە شارەکان دا زەرەری گــەورەیان لــە شــۆڕش دا... هــاتنی برایــانی (ب. س. ك) بــۆ نــاو جولاّنەوەکـە و بـۆ نـاو (ی. ن. ك) ئەگەرچـی لـە سـەرێکەوە تـین و تـەوژمێکی بـە هێـزی دا بـە جولاّنەوەکـە، بـەلاّم لـە سـەرێکی تـرەوە تەئــسیری ســەلبی کــردە ســەر شــۆڕش یــەکێتیی و ئــەو پلانــە پێشمەرگەییەی دا نرا بوو، تـا ئەندازەیـەکی زۆر تێـك درا و چـی بـە چی کرا.

ڕێبازی پێشمەرگانەی (ب. س. ك) هەر لە سەرەتاوە جیـاواز بـوو لە هـی کۆمەڵـەو سـەرکردایەتی (ی. ن. ك) وە لـە ڕاستیـشدا ئەبوایـە جیاواز بێ چونکە لـە دوو ڕوانگـەی جیـاواز و لـە دوجیهـانبینی جیـا جیاوە سەیری مەسەلەکەیان ئەکرد.

هاتنی بزوتنەوە بۆ ناو شۆڕش، هەموو ئەو نەخشەیەیی کە دانـرا بوو بۆ دروست کردنی فیرقەی دیعایەی مسلح لـە مانگـەکانی هـەوەڵ دا، بـۆ ئـەوەی کـە بەشـێنەیی و بـە شـێوەیەکی ئاسـایی مـەفرەزەکان گەشە بکەن تێك چوو.

برایانی بزوتنەوە بە پەلە بوون بۆ کۆکردنـەوەی خـەڵك و قەبـە کردنی هێزی پێشمەرگە، هەر بۆیـە گوێیـان نـە ئەدایـە چۆنایەتی و سـەدان ئاغـاو کوێخـا و شـێخ و کەسـانی گومـانلێکراو پاشـەڵ پیـسیان کۆکردەوە، تەرکیبی هێزی پێشمەرگە خەریك بوو بـەرەو ئـەوە بـچێ ببێتە هێزێکی عەشایەری، مـەفرەزەو کـەرت و هەرێمـەکان نـەك بـە گـوێرەی پێویـستی عەسـکەری و سیاسـی ولێکدانـەوەی ئیعتبـاراتی عەسـکەری و جـوگرافی و ئیـداری دروسـت ئـەکران، بـەڵکو لـە سـەر بنچینەی هۆز و تـیرە و عەشـیرەت پێـك ئـەهێنران، بـەرەڵڵایی و بـێ ئیلتیزامی، ڕەفتارکردنی خـەراپ لەگـەڵ خـەڵك و پێـشمەرگەی سادە بـڵاو بوونـەوە.... برایـانی بزوتنـەوە هـەر وەکـو بـە پەلـە بـوون بـۆ کۆکردنـەوەی هێـزی چـەکدارو قەبـە کردنـی بـە پەلـەش بـوون بـۆ ئـەوەی قورسـاییەکی عەسـکەری دروسـت بکـەن و حکومـوت نـا چـار بکەن هەندێ لە داواکارییەکانیان جێ بەجێ بکات، هەر لە بەر ئـەوە لـە بـاتی ئـەوەی پێـشمەرگەکان بـە گیـانی نەبـەزین و کۆڵنـەدان و بەرگەگرتنی هەلومەرجی سـەخت و قـاڵ بـوون لـە بۆتـەی دژواری و ناڕەحەتیی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا پەروەردە بکرێن، هەمیشە گیـانی مساوەمەو سات و سەوداو سـەرکەوتنی خێـراو بە پەلـەیان تیا بـڵاو ئەکردنەوە، بۆیە هەمیشە بە هیوای مفاوظة و ڕێکەوتن بوو لەگـەڵ دەوڵەت، بـە هیـوای چاوپۆشـی ئێـران بـوون، بـە ئومێـدی برایـەتی و دۆستایەتی بوون لەگەڵ( ق.م) ... بێگومـان هێـزی لـەو بابەتـە خـۆی لە بەر پەلاماری توند و تیژا ناگرێت، هەر بۆیە کە هێرشە فـراوان و گەورەکانی حکومەت لە بەهاری 77دا دەستی پێ کـرد، زۆربـەی ئـەو هێزانـە لـە ماوەیـەکی کـەم دا ورەیـان بـەردا و تەسـلیم بوونـەوە، کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـا تەئـسیرێکی زۆر سـەلبی و خراپـی کـردە سـەر

شۆڕش چونکە 1ـ ژمارەیەکی زۆر چەکیان بردەوە 2 ـ دڵی خەڵکیان سارد کـردەوە 3 ـــ بـاوەڕ و متمانـــەی خـــەڵکیان بـــە پێـــشمەرگەو سەرکەوتنی جوڵانەوەکە کز کرد.

★★★

ڕێبازی پێشمەرگانەی کۆمەڵە، کە پێکهاتنی مـەفرەزەی بـچوك و لـە سـەر بنـچینەی لێوەشـاوەیی فـەردی و پـەروەردەکردنی سیاسـی و باوەڕهێنـان بـە عەدالـەتی مەسـەلەکەو خـۆ ئامـادەکردن بـۆ شـەڕ و خەباتی درێژخایەن و گەشـەکردنی بـە شـێنەیی،.. هەرئـەمـە یـان لـە مەیدانی تاقی کردنەوەدا دەرکەوت کە ڕاسـتترین ڕێبـازە، بۆیـە چاك تـر لـە پێـشوو جـێگیر بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە نـاو مـەفرەزەکانی کۆمەڵەشدا دەیان کەسی بێکەڵك و بـێ بیروبـاوەڕی تـێ کـەوتبوو کـە لەگەڵ ئەو سەرەتایانە نـە ئـەگونجان کـە کۆمەڵـە دیـاری کـرد بـوون، ئەمانـەش نـەك نـەیان تـوانی ئەرکـەکانی فیرقـەی دیعایـەیی مـسلح بەجێ بینن، وە نەك هەر نەیان توانی ڕووی پرشنگداری کۆمەڵە بـە خـــەڵکی بناســـێنن، وە نـــەك هـــەر نـــەیان تـــوانی ببنـــە تێکۆشـــەری شۆڕشگێڕ بە ڵکو لە ڕاستی دا، ئەمانەش بە شێوەیەکی تر زیـانی زۆر زلیان لە شۆڕش دا و سمعەی کۆمەڵـەو پێـشمەرگەو شۆڕشـیان لـە نـاو خـــەڵك زڕانـــد، ئەمانـــە هەنـــدێکیان خۆیـــان ڕۆیـــشتن و چـــونەپاڵ دوژمنەکانی وەکو(ق. م) هەندێکیان تەسلیم بوونەوە و بـاقی یەکـەی تریشیان تصفیە کران.

★★★

ساڵی 1977 لە ڕاسـتی دا لـە لایەکـەوە ململانێییـەکی سیاسـی و ئایـدیۆلۆجی بوولـە نێـوان ڕێبـازی پێـشمەرگانەی کۆمەڵـەو ڕێبـازی

پێشمەرگانەی بزوتنەوەدا لە ناو جوڵانەوەکەدا و لەلایەکی تریشەوە ململانێیەکی سەخت و خوێناوی بو لە بەینی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمن دا.

کۆمەڵە ئەیویست ڕێبازی پێشمەرگانەی خۆی بچەسپێنێت و گوتەو بۆ چوونە عەسکەری و سیاسیەکانی جێ بەجێ بکات، هەروەها بزوتنەوەش هەمان هەوڵی ئەدا، ئەگەر چی کۆمەڵە نەی توانی هەموو ڕێبازەکەی خۆی جێ بەجێ بکات، بەلاَم لە ڕاستی دا ئەتوانین بڵێین تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتنی بە دەست هێناو لە زۆر جێگە خۆی جێگیر کردو مفاهیمە عەسکەرییەکانی خۆی چەسپاند.

ساڵی 1977 هەروەکو لە ناو هێزی پێشمەرگە و یەکێتیی نیشتیمانی دا ساڵی ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆجی بوو.... هەروەها بە تێکڕا لە بەینی هێزی پێشمەرگەو دوژمنی دا ساڵی ململانێی مان و نەمان بوو... هێزەکانی پێشمەرگە خەباتیان کرد بۆ ئەوەی خۆیان جێگیر بکەن و ڕەگ و ڕیشە دابکوتن و دوژمن ئیتر نەتوانێت لە ناویان ببات. هەر بۆیە هێزەکانی حکومەت بە هێرش و پەلاماری عەسکەری، بە پارەو هەڵخەڵەتاندن، بە پلان و گفتووگۆ کردن ئەیویست هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو ببات، وە لە هەمان کات دا (ق. م) یش بە هەموو شێوە یەك هەوڵی ئەدا ئابلۆقەی بدات و هێزەکانی تەفروتونا بکات.. هێزەکانی پێشمەرگەش مقاوەمەتیان ئەکرد و ئەیان ویست بچەسپن. سەرئەنجام ئەم ململانێیەش سەرەڕای نا

بەرامبـــەری تـــەرازووی هێزەکـــانی شـــۆڕش و دوژمـــن، بـــە قـــازانجی پێشمەرگە تـەواو بـوو. هێزەکـانی پێـشمەرگە خۆیـان ڕاگـرت، جـێگیر بوون، دوژمن نەی تـوانی لـە ناویـان ببـات، بـە شـانازییەوە ئـەتوانین بڵـێین کـە هـاوڕێ کـانی کۆمەڵـە لـە مـەش دا پـشکی سـەرەکی ئـەو سەروەرییەیان پێ ئەبرێت.

پـایزی 1977و زسـتان و بـەهاری 1978 هێزەکـانی پێـشمەرگە بوژانەوە، لە شەڕی مان و نەمان دا لەگەڵ عێـراق بـە سـەر کـەوتویی هاتـە دەرەوە... لـە شـەڕی سیاسـی و عەسـکەری دا لەگـەڵ (ق.م) لـە هەموو محافظەکانی سۆران دا بە سـەربەرزی هاتنـە دەرەوە... هێـزی پێـشمەرگەی کوردسـتان، ئـیتر وەکـو هێزێکـی ڕێکخـراو و یـەکگرتوو کەوتە گەشەکردن و زیاد بوون، ڕیزەکـانی ووردە ووردە پـاك ئـەبووە وە لە کەسانی نا شۆڕشگێڕ و بە دناو و بەدڕەفتار، ئەو لاسەنگی یەی کە لە ساڵی یەکەمی شۆڕش دا لە بەینی نفوزی کۆمەڵەو بزوتنەوە دا دروسـت بـوو بـوو بـەرەو تێکچون ئەچـوو، نفـوزی بزوتنـەوە لـە نـاو پێـشمەرگەو خـەڵك دا تـا ئـەهات کەمتر ئـەبووەوە، بـە پێـچەوانەوە نفـوزی کۆمەڵـە زیـادی ئـەکرد، لاسـەنگییەکە بـە شـێنەیی بـەرەو هاوسەنگی ئەچوو، ئیتر کۆمەڵە بوو بووە خـاوەنی دەیـان فەرمانـدەو کـادری پێـشمەرگەیی چـاك و سـەدان پێـشمەرگەی ئـازاو دلێـر، جگـە لەوەی ڕێبازە عەسکەری یەکەشی تا ڕادەیەکی چاك چەسپی بوو.

هەر لەو ماوەیەدا، پێویـستی پێـك هێنـانی هێـزی پێـشمەرگە لـە بادینـان و کردنـەوەی ڕێگـای هێنـانی چـەك وتەقەمـەنی یـان بـە

واتایەکی تر شکاندنی تەوقی ئابلۆقەیەی لە دەوری جولانەوەکە بوو، بوو بووە ئەرکێکی پێویست و فرمانی سەرەکی قۆناغی ئەو کاتە... هەر بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی گەورەی تێکەڵاو لە پێشمەرگەی هەموو شوێنەکانی کوردستانی عێراق و تێکەڵاو لە ئیتجاهە سیاسیە جیا جیاکانی ناو یەکێتیی نیشتیمانی بەڕێ خرا بەرەو بادینان... بە داخەوە ئەم تەقەلایە نەك هەر سەری نەگرت، بەڵکو بەهۆی ڕێبازی سیاسی سەرکردایەتی هێزەکەوە، کە ئەویش تواندنەوەی ڕێبازی پێشمەرگانەی بزوتنەوە بوو، شکستێکی ئەوەندە گەورەی بەسەرا هات نزیك شۆڕشەکەو یەکێتیی نیشتیمانی و تا ئەندازەیەکی کاریگەریش کۆمەڵە بە تەواوی لە ناو بچێت.

شکستی هێزی پێشمەرگە لە هەکاری، ئەگەرچی زەربەیەکی کاریگەر بوولە تێکڕای جولانەوەکە، بەڵام لە ڕاستی دا شکستی ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی بزوتنەوە بوو لە جولانەوەی کورد دا، هەرچەندە هاوڕێیانی کۆمەڵەش بە شدار بن لە هەڵگرتنی باری مسئولیەتی ئەو شکستەدا، بەڵام لە ڕاستی دا سەرکردایەتی بزوتنەوە بە ڕادەی یەکەم تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە ئەکەن چونکە ئەوساکە بەشی زۆری مەسئولیەتی عەسکەری بەرزی ناو شۆڕش لە دەس ئەوان دا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەش شەریکی ئەو زەرەرو زیانە زلە بوو کە لە شۆڕش کەوت، وە لە ئەنجامی ئەمەدا دەیان ئەندامی شەهید بوون و برینداری بوون و گیران.

شایانی شانازییە کە هاوڕێکانی کۆمەڵەمان بە درێژایی ئەو ڕێگا دژوارە نمونەی پێشمەرگەی ئازا و خۆڕاگرو فیداکار بوون و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە فەرمانەکانی سەرکردایەتی هێزەکەیان جێ بەجێ ئەکرد و لەکاتی گیرانیشدا بە پێچەوانەی هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوە، کە لە بەر ترسنۆکی و تنازل کردنیان بوو بوونە مایەی گاڵتە پێ کردنی (ق. م) لەویش بە خۆڕاگری و جوامێری خۆیان دوژمنیان ناچار کرد بوو کە حورمەتیان بگیرێت و بە چاوێکی ترەوە جیاواز لەو چاوەی تەماشای هەندێ لەوانیان پێ ئەکرد سەیری ئەمان بکەن.

کۆمەڵەو ئەندامە تێکۆشەرەکانی چ ئەوانەی لە ڕیزی پێشمەرگەدا بوون و چ ئەوانەی لە شارو لادێ کان دا خەباتی سیاسی یان ئەکرد دەورێکی گەورەو کاریگەر و قارەمانانەیان بینی لە هەڵساندنەوەی شۆڕش و بژاردنی ئەو شکستە گەورەیەدا، وە لە پاراستنی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی جولانەوەکە لە لادان بەم لاو بەو لادا، وە لە خلیسکان بەرەو زەلکاوی مساوەمە لەگەڵ عێراق یاخود ئێرا ن وە یان (ق.م) لە کاتێکا کە پاشماوەی سەرکردایەتییەکەی بزوتنەوە دەورێکی نا شۆڕش گێڕانە بەڵکو نا شەریفانەیان بینی هەم لە تێکدانی ڕیزەکانی یەکێتیی و شۆڕشدا و ساردکردنەوەی پشتی خەڵك لە خەبات و تێکۆشان،وە هەم لە هاندانی سەرکردایەتی (ق. م) بۆ کوشتن و لە ناو بردنی شەهیدانی نەمر عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و شێخ حسێن[16] .

---

[16] بەس بە تەنیا بە شێخ حسێن، ناوی هاتووە، کە مەبەست شێخ حسێن بابە شێخی یەزیدی یە.

لە کاتێکا کۆمەڵەو کادرو ئەندام و دۆستەکانی هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆیان تەرخان کرد بوو بۆ بەهێز کردنی ڕیزەکانی پێشمەرگەو سارێژ کردنەوەی برینەکانی، باڵە یەمینی یە هەلپەرستەکەی ناو بزوتنەوە کەوتنە گێڕانی پیلان و نانەوەی ئاژاوەو دڵی دەیان کەسیان سارد کردەوە و ئالای مساوەمە کردنیان بەرز کردبووە وە لەگەڵ حکومەتی عێراق دا لە لایەك وە لەگەڵ(ق.م ) لەلایەکی ترەوە.. ئەمە جگە لەوەی بوو بوون بە بوئرەی کۆکردنەوەی بە زیو و گومانلێکراو وداخ لە دڵ و ئاژاوەچی و محاسەبە کراوەکانی ناو شۆڕش.

بەو جۆرە پشێوییەکی سیاسی و فیکری و تەنزیمی وە هەندێ کات پشێوی و بەرەڵلای و یاخی بوونیان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دروست ئەکرد، وە لەمەدا دکتۆر مەحموود و جەماعەتەکەشی درێغی یان نەکرد. ئەمانە هەرچەندە هەندێ جار بە ناوی سەربەخۆ بوونی باڵەکانی ناو یەکێتیی و هەندێ جار بە ناوی چەپڕەوی و تاکڕەوی کۆمەڵەو هەندێ جار بە ناوی دیکتاتۆریەتی ( مام جەلال ) و ئینتیازی بەلای کۆمەڵەدا.... ئەو کۆبەندەیان ئەگێڕا، بەڵام لە ڕاستی دا ئەو بەهانانە هەمووی درۆ بوون و مەبەستەکە ڕێگرتن بوو لە گەشەکردنی کۆمەڵەو ئەستوور بوونی باسکی لە ناو پێشمەرگەو یەکێتیی دا، ئەمانە بەدرۆ و پیلان هەندێك جار لە (مام جەلال) نزیك ئەبوونەوە دژی کۆمەڵە وە هەندێ جاری تر لە کۆمەڵە نزیك ئەبوونەوە دژی (مام جەلال) ... لەڕاستی دا هەوڵ و

تەقەلای ئەمانە بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە بوو  کە بەهۆی کارەساتی هەکاری یەوە بۆیان هەلکەوتبوو بۆ ئەوەی دژی کۆمەڵەو ڕێبازی سیاسی و عەسکەرییەکەی بە کاری بهێنن و بۆ ئەوەی نفوزو دەسەڵاتی بۆرجوازی ئابڕوو چووی کورد بگێڕینەوە، ئەمانە ترسیان لە بەهێز بوونی کۆمەڵە پەیدا کرد بوو کە ڕابەرایەتی جولآنەوەکەی بکەویتە دەست، یان بە واتایەکی تر ناکۆکی لە نێوان باڵە یەمینی یە هەلپەرستەکەی بزوتنەوە وە کۆمەڵەو یەکێتیی و نیشتیمانی دا، شێوەك بوو لە ململانێی چینایەتی و شەڕی سیاسی نێوان دوو ڕێبازی جیاواز... ئێمە لەلای خۆمانەوە هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ڕازی کردنی ئەمانە، تەنانەت هەندێ جار تا کەناری سات و سەودا معامەلەش چوین و زۆرکارو کردەوەی نا شۆڕشگێڕانە و ناپێشمەرگانەمان لێ قبوڵ کردن، هەر بۆ ئەوەی یەکێتیی ڕیزەکانی گەلەکەمان وە بە تایبەتی یەکێتیی ڕیزەکانی پێشمەرگەو یەکێتیی نیشتیمانی بپارێزین، بەلآم ئەمانە هەمیشە خەریکی کنە کردن و پیلان گێڕان و هەلگێڕانەوەی پێشمەرگە بوون، خەریکی سازکردنی پیلانی پارچە پارچە کردنی هێزی پێشمەرگەو یەکێتیی نیشتیمانی بوون، تەنانەت هەوڵیان لەگەڵ هەندێ کەسیش دا ئەدا بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی ساختە دروست بکەن و جیاببنەوە.

ئەو ئاژاوەیەی پاشماوەکەی بزوتنەوە بە هاندانی دکتۆر مەحموود و ڕابەری ڕەسوڵ مامەند و عەلی هەژار نایەوە، زیانێکی زۆری لێ داین، چونکە ئەو کاتە هێشتا لە قۆناغی هەستانەوە و

بیناکردنەوەی هێزەکانی شۆڕش دا بوین، هێشتا برینـەکانی هـەکاری سارێژ نەبوو بوون، سەرە ڕایی ئەمانەش ئەو کاتـە گـەلانی ئێـران لـە سەرەتای ڕاپەڕین دا بوون و جموجـۆڵێکی شۆڕشـگێڕانەش کـەوتبووە کوردستانی ئێرانەوە، وە هـەر بـەهۆی خـەریك بوونـەوە بـە ئـاژاوەی ئەم تاقمە هەلپەرستە گێرە شێوێنەوە، کۆمەڵەمان نەی پەرژایە سەر ئەوەی دەورێکـی کاریگـەر و گـرنگ بگێـڕێ لـە کوردسـتانی ئێـران دا، هـەموو هـەوڵ و تەقـەلای ئێمـەو هـەموو نـەرمی و مـساوەمەیەکی لەگەڵ ئەم تاقمە دا کردمان سوودی نەبوو، لە ئەنجام دا جیابوونـەوە و سـەدان پێـشمەرگەو دەیـان کـادری بزوتنـەوەیان هەڵخەڵەتانـد و ڕۆیـشتن، وە هێـزی پێـشمەرگەی کوردسـتانیان پارچـەکردو بـە جیـا کەوتنـە چالاکییەکی تخریبـی دژی کۆمەڵەو یـەکێتیی نیـشتیمانی و حملەیەکی پڕوپاگەندەیی زاڵمانەیان دەست پێ کرد.

بـەلاَم چـونکە ئەمانـە لـە قـسەکانیان دا ناڕاسـت بـوون، پڕووپـا گەنـدەکانیان لـە سـەر بناغـەی دوور و بووختـان دامـەزرا بـوو، وە ڕێبـازێکی ئیستـسلامی و بەزیوانـەیان گرتبـوو، وە فرِیـان بـە سـەر بیروباوەڕی سۆشیالیستی یەوە نەبوو، زۆری پێ نەچوو بـە چـاکی بـۆ کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان دەرکەوتن و ڕیسوا بوون.

ئەگـــەر لـــە ســـەرەتادا جیابوونـــەوەی باڵـــە یـــەمینی یـــە هەلپەرســـتەکەی بزوتنـــەوە تـــوانیبێتی هەنـــدێ زەرەری سیاســـی و عەسکەریمان لێ بـدات بـەوەی سـەدان پێشمەرگەیان هەڵگێڕاییـەوە و سـەدان پارچـە چـەکیان بـردو بـەزیاد کردنـی تـەڵزمێکی سیاسـی تـر

زیاتر دڵی خەڵکیان بەهۆی دووبەرەکییەوە سارد کردەوە، لە ئەنجام دا ئەوە بە شتی ئیجابی هەڵگەڕایەوە، چونکە ڕیزەکانی پێشمەرگەو یەکێتیی لە زۆر کەسی بەدناو و گومانلێکراو و شەڕنەکەر و دزو ڕەوشت نزم و پاك بووە وە، بۆ چوونەکانی کۆمەڵەش زیاتر جێگیر بوون و سەلمان... ئەگەر ئێستا وەزعی پێشمەرگەو هەرێمەکان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو کاتەدا چەندین قۆناغ بۆ پێشەوە چووین، ئەمە جگە لەوەی کە حورمەت و نفوزی پێشمەرگە لە ناو خەڵکی دا زۆر زیادی کردووە و ئێستا خەڵکی بە چاوی خۆیان ئەبینن کێ پێشمەرگەی ڕاستەقینەی خەڵکە و کێ بە ناوی پێشمەرگەوە زوڵم لە خەڵك ئەکات.

ئێستا هێزەکانی (ی. ن. ك) لە سەرانسەری محافظەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی دا چالاکی ئەنوێنن، وە لە ناو ئەم هێزانەشدا نفوزی دیارو دەسەلاتی ئاشکرای کۆمەڵەمانی تیایە... ئێستا کۆمەڵە خاوەنی دەیان فەرماندەو کادری لێوەشاوە و پێشمەرگەی دلێر و ئازایە کە لە کۆڕی خەباتی پێشمەرگانەدا قاڵ بوون و ئێستا نەواتی پێکهێنانی و بەڕێوەبردنی هێزێکی زۆر گەورە ترمان هەیە لەوەی ئێستاو باوەڕو خۆشەویستی و حورمەتیان لە ناو خەڵکا بە دەست هێناوە.

ئێستا لە ناو هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەدا دە یان شانەو ڕێکخراو و کۆمیتەی کۆمەڵەمانی تیایە کە بە بەردەوامی خەریکی پەروەردەکردنی پێشمەرگەن بە بیروو باوەڕو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە،

جێگـەی شـانازی یـە بـۆ ئێمـە کـەوا هـەر لـەو ناوچـانەدا چـالاکی شۆڕشـگێڕانە زۆرە کـە کۆمەڵـەمانی تیـا بـەهێزە، وە هێزەکـانی یەکێتیی نیشتیمانیش هەر لەو شوێنانە بە کار و کاریگەر و چالاکن کەنفوزی کۆمەڵەی تیا بەهێزە، وە هێزە سیاسی و چەکدارەکانی تری دەرەوەی یەکێتیی نیشنیمانی هەر ئەوێرن لەو شوێنانەدا هاتوو چۆ بکەن و چالاکی بنوێنن کە هێزەکانی یەکێتیی تیایە، وە ئێمەش پێویستە دان بەو ڕاستی یەدا بنێین هەروەکو ئێمە بەشدارییەکی کاریگەر و زۆرمان کردەوە لە پەل هاویشتنی (ی. ن. ك) بەم لاو بەولادا، لە هەمان کاتدا ئێمەش کەڵکێکی زۆرمان لە چەتری (ی. ن. ك) وەرگرتووە بۆ ئەوەی شانەو ڕێکخراوەکانی خۆمانی لە ژێردا دروست بکەین و گەشەی پێ بدەین.

لە ڕاستی دا (ی. ن. ك) تا ئێستا وەکو ئەو گۆماوە گەورەیە وابووە کە کۆمەڵە ڕاوە ماسیی تیا کردەوە بۆدۆزینەوە و هەڵبژاردن و ڕاکێشان و ڕێکخستنی دەیان کەسی شۆڕشگێڕو چاك.

## هاوڕێیانی بەڕێز !

ڕاستە ئێمە ئێستا هێزێکی پێشمەرگەمان نییە ناوی هێزی کۆمەڵە بێت، وە لە شکرێکی تایبەتیمان نییە بە ناوی خۆمانەوە، بەلاّم لە ڕاستی دا هێزی ئێستای یەکێتیی نیشتیمانی، هێزی کۆمەڵەشە چونکە:

یەکەم: ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا ئەندازەیەکی باش لـە خزمـەتی ئـەو ڕێبـازە سیاسـی و عەسـکەری و فیکرییەدایـە کـە کۆمەڵە ئەیەوێ.

دووەم: ژمارەیـەکی سـەرکردایەتییەکەی و کـادرە ناوەنجییـەکانی ئەندامی گوێ ڕایەڵ و مولتەزیمی کۆمەڵەن.

بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوە چاك بزانین کە ئێمە هەوڵ ئەدەین هێزی پێشمەرگە بۆ گەلی کوردستان دروست بکـەین نـەك حیزبێکی چەکدار، لە بەرئەوە شتێکی سەیرو نا ئاسایی و نا مارکسی نییـە کـە سـەدان پێـشمەرگە لـەو هێـزە کۆببنـەوە بـە بـێ ئـەوەی ئەنـدام یـان لایـەنگری کۆمەڵـە بـن... وە ئێـستا ئێمـە ئـیتر لـە قۆنـاغی ئـەوە دەرچووین کە هەر بایەخ بە چۆنایەتی بدەین، بەڵکو بۆ ڕاپەڕانـدنی فەرمانە سیاسی و عەسکەرییەکان، وە بۆ ئـەوەی تـەرازووی هێزەکـان بەلای نا حەزەکانماندا نەکەوێت، ئیتر لەمـەولا ئـەبێ بایـەخێکی زۆر بدەین بە چەندایەتی، واتە لە زیادکردنی ژمارەی هێـزی پێـشمەرگە، وەتا ئەو زەمانـەی هێـزی پێـشمەرگە لـە خزمـەتی ڕێبـازی سیاسـی و عەسـکەری کۆمەڵـە دا بێـت، وە سـەرکردایەتییەکەی لـە دەسـتێکی ئـەمین دا بێـت، زیـاد بـوونی ژمـارەی هـیچ مەترسـییەکی ئـەو تـۆ دروست ناکات کە هێزەکـەمان لـە دەست دەربهێنـێ، بـە تایبـەتی کـە ئێستا خاوەنی چەندین کادری پێشمەرگەیی لێوەشاوەین، بۆیـە ئـەبێ لەمەولا لە جاران کراوەتـربین و مـاوە بـدەین بـە سـەدان و بگـرە بـە هـەزاران کەسـی تـر کـە بێنـە ڕیـزی هێـزی پێـشمەرگەوە و خـەباتی

چــەکدار بکــەن، بــێ ئــەوەی بھــێڵین ھەســت بــەوە بکــەن کــە بەھۆی"کۆمەڵە نەبوونـەوە" حورمـەت نـا گیریـن، یـاخود ئـیش یـان نادرێتێ، یان مەسئولییەتیان پێ ناسپێردرێت.

پێویــستە ھــاوڕێ کــانی کۆمەڵــە فێــرببن ســەدان کەســی غــەیرە کۆمەڵە ساز بدەن و کۆیان بکەنەوەو بیان خەنە شەڕی نیـشتیمانی و چــینایەتی یــەوە، وە ئــەبێ بــاوەش بکەنــەوە بــۆ ئــەو پــەرۆش و ئامادەییــەی کــە ئێــستا خــەڵکی دەری ئــەبڕن، ئــەبێ لــە شــکر بــۆ کۆمــەڵانی خــەڵك و بــە کۆمــەڵانی خــەڵك دروســت بکــەین، وە ئەگــەر کۆمەڵــە توانــای لــە بــاوەش گــرتن و ئیــستیعاب کردنــی پــەرۆش و ئامادەیی کۆمەڵانی خەڵکی نەبێت، وا لەوانەیە لاکانی تر بیقۆزنـەوە و ئــەو خەڵکــەی کــە نــەتوانێ ببێتــە ھێــزی یارمــەتی دەری کۆمەڵــە، ببێتە ھێزی ڕێگر و بەرھەڵستی کـەری کۆمەڵـەو لاکـانی تـر بـەکاری بھێنن دژی کۆمەڵە.

داگیر کردنـی مەیـدانی پێـشمەرگایەتی ھـەر بەلولـەی تفـەنگ و ھێزی چەك نابێ بەڵکو بـە پیـشاندانی ڕێبـازی سیاسـی و عەسـکەری ڕاست و توانای لە باوەشگرتنی جولانەوەی خەڵك و توانای سـازدان و ڕێك خستن و بەگەڕ خستنیان ئەبێت، بەوە ئەبێت کە کۆمەڵـە تـا چ ئەندازەیــەك توانــای ڕکێــشانی ســەرنج و بــە دەســت ھێنــانی بــاوەڕو متمانەی ئەوانەی ھەیە.

لە ماوەی پێنج 5 ساڵ خەباتی چەکدارا، کۆمەڵە تەجروبەیـەکی زۆرو زەبەنـدی پێشمەرگانە فێر بووە، پێشمەرگە قارەمانـەکانی دەیـان

شەڕی گەورەو سەدان شەڕی بچوکیان کردووە، سەرکەوتنی گەورە گەورە یان بە دەست هێناوە، سەدان ئەندامی کۆمەڵە لە نەبەردی قارەمانانەی بێ وێنەدا شەهید بوون و بە خوێنی خۆیان داستانی سەروەرییان نووسیوەتەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆمەڵە، نەك هەر بە کردەوە سەلماندویانە کە پێشمەرگەی سەرانسەری کوردستانی عێراقن، بەڵکو سەلماندویانە کە پێشمەرگەی سەرانسەری کوردستانن و ئەتوانن لە هەموو جێگەیەکی پێویست دا لەگەڵ دوژمن بجەنگن، وە هەر بۆیە لە هەر کوێ یەك پێویست بێ بوبن، بێ دوو دڵی و سڵەمینەوە چوون و فەرمانەکانی خۆیان جێ بەجێ کردووە.

دوژمن حسابێکی گەورە بۆ چۆنایەتی هێزەکانمان ئەکات، وە نا هەقیشی نی یە بیکات، چونکە وا تازەو لە دوای شەڕی عێراق و ئێران دەرئەکەوێ کە توانای بە شەری و ئابووری و جەنگی حکومەتی عێراق چەند بووە و چۆن پێشمەرگە قارەمانەکانی (ی. ن. ك) و لە ڕیزی پێشەوەیان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، بە تواناو ئیمکاناتێکی یەکجار کەمەوە بەرەنگاری دوژمنێکی وا بەهێزو دڕ بوون.

حسابی پێنج ساڵەی خەباتی چەکدارمان بەگشتی باشەو سەرکەوتوانەیە، هەرچەندە زەرەری گیانی زۆرمان لێکەوتووە و زۆر هاوڕێی دلێرو قارەمانمان شەهید بوون، بەلاّم لە بەرانبەر ئەوەشدا ئێمەش زەرەری زۆرمان لە دوژمن داوەو لەوانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە هێزی پێشمەرگە بووە بەو تروسکەیەی کە کۆمەلانی خەڵك

بــە ئومێــدێکی زۆرەوە بــۆی ئــەڕوانێ، وە خــەباتی چــەکدار بۆتــە پشتیوانێکی پتەوی خەباتی سیاسی و بەو هۆیەوە هەزاران کـەس لـە دەوری ئالأی ئالأون.

بێگومــان خــەباتی چــەکدار لــە هەلومــەرجێکی ئــاڵۆزی وەکــو کوردستانی عێراق دا، کە جگە لە هێزەکانی سەر بە(ی. ن. ك) چەند جۆرە هێـزی چەکداری تـر پەیـدا بـوون، وە لـە هەلوومـەرجێکا کـە هێشتا بالاْ دەستی بەلای دوژمنەوەیە، وە لەهەلومـەرجێکا کـە هێـشتا هـەر لـە سـەرپێی خۆمـان و بـە توانـاو ئیمکانیـاتی خۆمـان مـاوین و ئەژین... بێگومان دور نابێت لە گیرووگرفت و کەموو کوڕی و هەڵەو ناتەواوی. لە کۆتایدا ئـەبێ ئـەوە تەئکیـد بکرێتـەوە کـەوا ئەگەرچـی کۆمەڵە لـە زۆربـەی نەبـەردەکان و ململانێـی سیاسـی و عەسـکەریدا لەگـەڵ ڕێبـازی چـەوتی نـاو یـەکێتیی و لەگـەڵ ڕێبـازی لاکـانی تـری دەرەوەی یـەکێتی دا ئەگەرچـی سـەرکەوتوانە هاتۆتـە دەرەوە، بـەلأم هێشتا سەرکەوتنی یەکجاری بە دەسـت نـەهێناوەو ئەوانـەی تـری بـە تــەواوی نــە بەزانــدووە و لــە مەیــدان دەری نــەکردوون... هێــشتا مستلزەماتی گۆڕانی ستراتیجی جەنگەکـەو تاکتیکـەکانی و شـێوەکانی و شوێنەکانی بە تەواوی ئامادە نەبوون.

هێشتا ستراتیجی شەڕەکەمان، هەر شـەڕی درێـژ خایـەنی شـۆڕش گێڕانەی جـەماوەری یـە بـۆ پـساندنی دوژمـن لـە ڕووی عەسـکەری و ئـابووری و سیاسـییەوە... هێـشتا شـێوەی شـەڕەکەمان، هـەر شـەڕی پارتیزانی یەو ئەبێ پەیڕەوی سەرەتاو تاکتیکەکانی جەنگی پاتیزانی

بکـەن... هێـشتا شـوێنی سـەرەکی شـەڕو چـالاکیمان، هـەر شـاخ و دێهاتەکانی کوردسـتانە... بـەلاّم لـە ڕاسـتی دا ئـەتوانرێت بـە هـەمان تواناو ئیمکانیـاتی بەشـەری و مـاددی کـە ئێـستا هەیـە، ئەگـەر باشـتر ڕێك بخرێ و بە گەڕبخرێ، هەنگاوی گـرنگ جولاّنەوەکـە بـۆ پێـشەوە ببرێ و سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنرێ، بۆیە ئەبێ یەکێك لـەو مەسـەلە گرنگانـەی بـیری لـێ بکرێتـەوە مەسـەلەی گەشـە پێـدانی شـێوەکانی خـەبات بێـت، لـە وانـە خـەباتی چـەکدارو گرێـدانی بـە شێوەکانی ترەوە.

1981/5/15

**تێبینـــی:** ئەمـــە ئـــەو ڕاپۆرتەیـــە کـــە پێـــشکەشی یەکـــەمین کۆنفرەنـسی کۆمەڵـە کـرا، پـاش لێـدوان و دەسـکاری بڕیـار درا بـلاّو بکرێتەوە.

**" کۆرەك ــ ناوەند"**

ئەم ڕاپۆرتە لە 26 لاپـەڕەی قـەبارە مـام ناوەنـدا بـەڕونیۆ چـاپ کــراوە و بەســەر ئەندامانــدا دابــەش کــراوە بــۆ خوێندنــە، وەك بلاّوکراوەیـەکی نـاوخۆ ئامـاژەی پێـدراوە، لـە کۆتـایی ئـەم پـەخش نامەیەدا، ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵەش چاپ کراوەتەوە.

# کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## ـــ ڕێکخراوی دەرەوە ـــ

عصبة شغيلة كردستان

ـ منظمة الخارج ـ

ژمارە:

ڕۆژ:

## بۆ / هەموو ڕیزەکانی ڕێکخستن

2 ـ 2 ـ بڵاوکراوەی ناوخۆ ـ

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هاوڕێ یانی تێکۆشەر وا لە خوارەوە، لە چەند شتێك ئاگادارتان ئەکەین بە هیواین پەیڕەوی بکەن و ئەوەی پێویستی بە ئەنجام دان هەیە بە زوویی ئەنجامیان بدەن:

(1) هەروەکو ئاگادارن کە لە ناوەوەی وولآت، باڵەکانی ناو (ی. ن. ك) کە بریتین لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەر لایەنێك ڕێکخستنی سەربە خۆی هەیە، وەئێستا ـ 4 ـ مەڵبەند هەیە کە هەریەکەیان لە نوێنەرانی هەردوو

باڵەکە پێک هاتووە، ئەندامێکی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لێی پرسراوە، ئەم مەڵبەندانە ئیشوکاری ڕاگەیاندن، سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتی لە سنووری خۆیدا ئەکات جگە لە مەسەلەی ڕێکخستن، دیارە ئەبێ جۆری ئیشکردن لە دەرەوەی وولاتیش ڕەنگدانەوەی ناوەوەی وولات بێ.. بۆیە وەرگرتنی ڕای سەرکردایەتی (کۆڕەك)و (ی. ن. ك) وا بەچاك زانرا کە شێوەی ئیشکردنی (ی. ن. ك) لە دەرەوەی وولاتیش وەك ناوەوەی لێ بێ.

ئەوە بوو نوێنەرانی (کۆڕەك) لە دەرەوە لەگەڵ پشك دانیشتن بە هەردوولا گەیشتنە ئەمانەی خوارەوە بە نیسبەت شێوەی کارکردن لە ئەوروپا:

1 ـ کۆمیتەی لقی ئەوروپای ( ی. ن. ك )وەکو جاران ئەمێنێت بەڵکو لە سەر بناغەی نوێنەرانی هەردوو ڕێکخستن بێت.

وا ئێستا کۆمیتەی سەرپەرشتی یان لقی ئەوروپای(ی. ن. ك ) لە( 6) شەش کەس پێکهاتووە(3) نوێنەری کۆڕەك + (3) نوێنەری پشك .. ئیشوکاری ئەم کۆمیتەیە هەمان ئیشوکاری کۆمیتەی لقی ئەوروپای پێشوو ئەبێ جگە لە مەسەلەی ڕێکخستن، کە هەر ڕێکخراوە خۆی بەرپرسیار ئەبێت لە کاروباری ڕێکخستن دا، کاری ڕاگەیاندن، پەیوەندی و سیاسی بەناوی(ی. ن. ك )وە ئەو کۆمیتەیە ئەنجامی ئەدات.

2 ـ لە هەموو وولاتەکان ـ ڕێکخراوی (ی. ن. ك) لە نوێنەرانی هەردوو باڵەکە وەك یەك پێك دێت واتە(2 + 2) یان(3 + 3) بە گوێرەی قەبارەی ئیشوکار لەو وولاتەدا.

3 ـ ئەگەر هاتوو لە وولاَتێك دا نوێنەری لا یەنێك لەو باڵانەی ناو (ی. ن. ك)تیا نەبوو.. ئەوا نوێنەرانی ئەو باڵەی (ی. ن. ك) کە لەوەی هەن ڕێکخراوی (ی. ن. ك) پێك ئەهێنن و ئیشوکارەکان بە ناوی (ی. ن. ك)ەوە ئەنجام ئەدەن.

4 ـ پەیوەندییەکانی دەرەوە بە ناوی (ی. ن. ك)ە کرێت دیارە ئەمە ئەو پەیوەندییانەی کۆمەڵە ناگرێتەوە کە بە ڕێکخراوە (م. ل) و بزوتنەوەی گەلانی شۆڕشگێڕەوە کۆمەڵە ئەیکات بە هەمان شێوەش ڕەنگە هەندێ پەیوەندی تایبەتی هەبێ کەبە(یشك)ە وە بەسترابێت.

5 ـ هاوڕێیانی تێکۆشەر دیارەی ئەم گۆڕانەی ناوی (ی. ن. ك) بە هەنگاوێکی بە نرخ و پڕ بایەخ لە قەڵەم ئەدرێت و بە پێشکەوتنێکی باش دائەنرێت. بە هەمان شێوەش لە ئەوروپا جیاکردنەوەی ڕێکخستنی هەردوو باڵەکە بەو مانایە نایەت کە (ی. ن. ك) لاواز بکرێت بەڵکو هۆی سەرەکی ئەم هەنگاوە بەم شێوەیە:

أ ـ بۆ زیاتر گەشەدان (ی.ن.ك) وەك نیمچە بەرەیەك نەك وەك ڕێکخستن، هەروەها بۆ زیاتر ڕاپەڕاندنی ئیشوکارو چالاکی یەکانی(ی. ن. ك) لە بەر ڕۆشنایی پرنسپی یەکێتی و گۆڕان لە هەموو مەیدانێك دا.

ب ـ بۆ ئەوەیە کە هەر ڕێکخراوە خۆی خەریکی ڕێکخستن و گەشەدان بە ڕێکخستنی خۆی بێت و.. هەر لایەنە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی ئەندام و پاڵێوراو لایەنگران وەرگرێت.. وە زیاتر هاوڕێ یان لە ئیزدیواجیەتی ڕێکخستن ڕزگار بکات.

6 ـ ئەوەی بکەوێتە سەر هاوڕێ یانی کۆمەڵە لە دەرەوە، ئەبێ زۆر بە وریایی و بە گیانێکی پڕ لەمەسئولیەتەوە ئەم هەوکاییانەی نێوان هەردوو باڵی یەکێتیی بپارێزین و گەشەی پێ بدەن ... چەند ئەو هاوکارییەی نێوان کۆمەڵەو هەڤالانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان هاوکارییەکی تاکتیکی نیە... بەڵگو لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە دا هاتۆتە کاییەوە وە بە ئارەزووی هەردوو لا (ی. ن. ك) پێك هاتووە و پێداویستی خەباتی ئەم سەردەمەی گەلی کوردستانی ئەزانیین.. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هاوکاری ئێمە لەگەڵ هەڤالانی یەکێتی شۆڕشگێڕانداو لە نێوان ئەو تەحالوفاتەی تر کە لەگەڵ (حشع ) یان (ق. م) یان (حسك) یان لایەنەکانی (جوقد) ئەکرێت.

بۆیە ئەبێ هاوڕێیانمان لە هەرشوێنێك بن وە لە هەر ئاستێك دا بن گرنگی ئەم قۆناغەی خەبات لە بەرچاو بگرن و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی گەشەدان بەو هاوکارییە بدەن و هەوڵی پتەوی و بەرەو پێشەوە بردنی (ی. ن. ك) بدەن.

هاورێیانی تێکۆشەر.. حەزئەکەین ئەوەتان زیاتر لا ڕوون بێت کە کۆمەڵە یەکێتیی بە غەریب دانانێ لە خۆی، بەڵکو بەموڵکی خۆی ئەزانێ، بە خوێنی دەیان سەرکردەو سەدان هاوڕێ و سەدان پێشمەرگەی کۆمەڵەو یەکێتی شۆڕشگێڕان، بە قوربانی و فیداکارییەکی بێ ئەندازەی کۆمەڵەو هەڤالانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان، یەکێتیی نیشتیمانیی گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا کە پلەو پایەو ناوبانگێکی پڕ شانازی هەیە لە مێژووی گەلی کورد و خەباتەکەیدا، بۆیە پێویستە لە سەر هاوڕێیانمان هەر چۆن هاوڕێیانی وولاتمان بە

خوێنی گەشی خۆیان یەكێتیی ڕیزەكانی (ی. ن. ك) و گەشەكردنیان پاراستووە، بە هەمان شێوەش ئێمە لە دەرەوەی وولاتیش ئەبێ هەموو كۆشش و هەوڵێكمان لەو پێناوەدا بێ بێگومان پتەوی گەشەكردنی (ی. ن. ك) لە بەرژەوەندی كۆمەڵەیەو بەهەمان شێوەش گەشەكردنی كۆمەڵەو بەرەوپێشەوە چوونی لە خزمەتی(ی. ن. ك) دایە چونكە پەیوەندی دیالێكتیكی هەیە لە نێوان دا وەدەبێ ڕێگە بەوە بدەن كە ناحەزان ڕەنگە جیابوونەوەی ڕێكخستن بەوە دابنێن كە كۆمەڵەو(ی. ن. ك) مان لێیان جیاكردۆتەوەو (ی. ن. ك)بەرەو تەفلیش بوون ئەچێ؟ كە ئەمە پڕووپاگەندەی دوژمنان و ناحەزان ئەبێ.. بۆیە ئەبێ باشترین پەیوەندی لە نێوان هاوڕێیانی ئێمەو هەڤالانی(یشك) دا دروست ببێت، وە لە هەر وولاتە هەوڵ بدەن دوو2 مانگ جارێ هاوڕێیانی ئێمەو هەڤالانی(یشك)دا بە یەكەوە كۆببنەوە بۆ لێدوان و لێكۆڵینەوەو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو پێشنیار كردن بۆ زیاتر چالاكی و چارەسەركردنی هەرگیرووگرفتێك كە هەبێ لە نێوانماندا.

7 ـ لە هەر وولاتێك ئەگەر هاتوو گیرووگرفتێك دروست بوو لە نێوان نوێنەری كۆمەڵە و(یشك) یان هاوڕێیەكی كۆمەڵەو هەڤاڵێكی(یشك) هەوڵ بدەن بە گیانێكی برایانەوە چارەسەری بكەن وە ئێمەی لێ ئاگاداربكەن خۆتان هیچ بڕیار وەرناگرن و گیرووگرفتەكە بۆ ئێمە ئەنووسن و چارەسەرەكەی بۆ ئێمە بەجێ ئەهێڵن لە گەڵ پێشنیاری خۆتان دا.

8 ــ هەروەكو لەگەڵ هەڤالانی (یشك) دا ڕێكەوتین هەر هاوڕێیەك یان لایەنگرێك یان هەڤاڵێكی ئەوان كە محاسەبە كرابێت

لای ئێمە یان لای ئەوان، لە سەر مسائیلی ڕێکخراوەیی وەرناگیرێت لای باڵەکەی تری ناو یەکێتیی، واتە ئەگەر هەڤاڵێکی یەکێتیی شۆڕشگێڕان هاتە لای کۆمەڵە، وتی: من دەمەوێ بێمە کۆمەڵەوە وە خیلافاتی فیکریم هەیە ئەبێ یەکسەر وەرنەگیرێت، لە نوێنەرەکەیان ئەپرسرێت و ڕێکخراوی لێ ئاگادار ئەکرێت پاش ئەوەی لێی ئەکۆڵرێتەوە ئەگەر دەرکەوت ئەو هەڤاڵە محاسەبە کراوەو ئێستا ئەیەوێت وا دەربخات کە لە سەر مەسائیلی فکری بووە، ئەوە ئێمە وەری ناگرین، بەلاَم ئەگەر دەرکەوت کە هیچ محاسەبە نەکراوەو مەسەلە بیروباوەڕە ئەوا پاش پرسکردن بەوان وەری ئەگرین، بەهەمان شێوەش ئێمە بەنیسبەت ئەوانەوە.

9 ـ هاوڕێیانی تێکۆشەر: ئاشکرایە داڕشتنی شیرازەی هەموو ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕ لە سەر بناغەی دیموکراتیەتی ناوەندییە، واتە دیموکراتیەت لە نێوان هاوڕێیان دا لە هەموو لیژنەو دەزگاکانی ڕێکخستن دا تا ئەگاتە شانەیەك بۆ دەربڕینی ڕایان و لێکۆڵینەوە و لێدوان لە سەر هەموو مەسەلەکان، وە ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرایەتی لە بڕیار وەرگرتن دا و ملکەچی دەزگاکانی خوارەوە بۆ سەرەوەو بە پێی ڕێچکەی ڕێکخستن، جێ بەجێ کردنی هەموو ئەرك و فەرمانێك لە لایەن دەزگاکانەوە بێ یان لەو هاوڕێیانەوە بێ کە لە دەزگایەکی بەرزترەوە پێی ئەگات یان لەلێ پرسراوەکەیەوە، بێ ئەوەی پێش جێ بەجێ کردنی فەرمانەکە لێی بدوێت، بەڵکو پاش جێ بەجێ کردنی بۆی هەیە کەڕای خۆی بگەیەنێتە دەزگاکانی

سەرووی خۆی و ڕەخنە بگرێت. بەلاٌم بە داخەوە ئەبینین لە دەرەوەی وولاٌت دا هەندێ شوێن دا لەلایەن هاوڕێیانی ئێمەوە ناوەندێتی فەرامۆش ئەکرێت و دیموکراتیەتەکەش لە شێوەی بەرەڵلاٌیی یا بەکار ئەهێنرێت، کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە دورن لە ڕەفتاری هاوێینی کۆمەڵەمانەوە و هەموو ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕەوە... لە کاتێکدا کە ئەبێ ناوەندێتی و دیموکراتییەت هاوشانی یەکتری بڕۆن و یەك تەواوکەری ئەوی تریان بێت... لە هەمانکاتیشدا ڕێگا نادرێت بە هیچ هاوڕێییەك و دەزگایەك کە شیرازەی ڕێکخستن و پرنسیپەکانی ڕێکخستن بشێوێنێت.

وە ئەبێ زۆر وورد بن لە وەرگرتنی خەڵك بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستن و نابێ ئەو بەرەڵلاٌییەی کە لە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ك) بوو بێتە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە.

لای کۆمەڵەمان چۆنایەتی گرنگ ترە لە چەندایەتی بۆیە هەر هاوڕێیەك و برادەرێك ئەو ئامادەگییە لە خۆیدا نا بینێ کەپرینسپەکانی ڕێکخستن جێ بەجێ بکات باشتر وایە کە وەك دۆستێك بمێنێتەوە و دوربێت لە ڕێکخستنەوە.

10 ـ هاوڕێیانی تێکۆشەر.. وا بەتەماین کە لە ماوەی چەند مانگێکی داهاتوودا کۆنفرانسی ڕێکخراوی دەرەوە بگرین بۆیە هیوادارین پێشنیارتان چییە لە ئێستاوە بۆمان بنووسن، وە لە بلاٌو کراوەیەکی تردا لە سەر مەسەلەی کۆنفرانس بە درێژی بۆتان ئەنووسین.

11 ــ أ ــ لە بەر ئەوەی(ی. ن. ك) وەكو ڕێكخستن نەماوە لە ئەوروپا، پێویستە لە سەر خەڵكەكان خۆیان ساغ بكەنەوە، بۆیە ئەبێ لە هەر وولاّتێك كۆبوونەوەیەكی گشتی (ی.ن.ك) بكەن و ئەوانەی كە تا ئێستا خۆیان ساغ نە كردۆتەوە، خۆیان ساغ بكەنەوە.

ب ـ ئاشكرایە ڕەنگە لەمەودوا خەڵكێكی زۆر بەلای (كۆرەك) دا بێت بۆیە پێویستە هاوڕێیان لە هەر وولاّتێك ڕێكخراوی لایەنگرانی (كۆرەك) دروست بكەن جگە لەوەی كە ئێستا لە ڕێكخستن دان، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە خەڵكەكانی (ی. ن. ك) كە بەلای ئێمەدا ساغ بوونەتەوە لەو شێوە ڕێكخستنەدا ڕێك بخرێن تا ماوەی پالێوراوی و ئەندامی ئەبن یان شایستەی ئەوە ئەبن ببنە پالێوراو و ئەندام.

ج ـ زۆر كەس هەن كە ئەندام بوون لە (ی. ن. ك) دا بەلاّم هەر لایەنگری ئێمە بوون، وە لە ساغ بوونەوەش دا دێتە لای ئێمە، بۆیە هاوڕێیانی لێپرسراو لەو وولاّتانە ئەتوانن نامە بنووسن لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خۆیان دا، وە داوای چ پلەیەكیان بۆ ئەكەن، چاكتر وایە ڕای دوو هاوڕێی لە سەر بێ، وە پاشان بنێردرێت بۆ ڕێكخراو بۆ ئەوەی ڕای خۆی لە سەر بدات.

12 ـ أ ـ مەسەلەی ئابوونە بە ڕێكوپێكی كۆبكرێتەوە وە هەوڵ بدرێ یارمەتی ڕێكخراو بدرێت.

ب ـ بلاّوكراوەی كۆمەڵە بفرۆشرێت و پارەكەی بنێردرێت بۆ ڕێكخراو.

ج ـ هەوڵ بدرێت لە بیرەوەرییەكانی كۆمەڵەدا ئاهەنگ بە ناوی كۆمەڵەوە بكرێت و سوودەكەی بنێردرێت بۆ ڕێكخراوی (كۆرەك).

13 ـ هەموو مانگێك جاری هەر پۆل و كەرتێك لە هەر وولاّتێك هەیە ڕاپۆرتێك بنووسێ لە بارەی كاروباری ڕێكخستنی كۆمەڵەوە،

گیرووگرفتیــان چــی یــە؟ ڕەخنــەو پێــشنیاریان چــی یــەوە بــەچ چالاکییەك هەستاوون.

14 ـــ ئـەو پەیوەندییـە تایبەتیانـەی کـە بـەناوی (کۆرەك) ە وە ئەیکەین ئەمانەن:

أ ـ هەوڵدان بۆ پەیوەندی کردن بە ناوی کۆمەڵەوە بە پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی جیهانەوە، ئاگادارکردنی ڕێکخراو لێی بە زوترین کات، بە ئیجابی بێ یا سەلبی.

ب ـــ پەیوەنــدی کــردن، بــە نــاوی کۆمەڵــە لەگــەڵ بزوتنــەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلانی ژێردەسـت بـە تایبـەتی ئەوانـەی بزوتنـەوەی چەکدارانەیان هەیە، لە ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتین..

ج ـــ پەیوەنــدی کــردن بــە نــاوی کۆمەڵــەوە لەگــەڵ ســەندیکای کرێکاران و ڕێکخراوە پیشەییەکان لە هەر وولاتێك وەك خوێنـدکاران و ئافرەتان و لاوان...

د ـ پەیوەندی کردن بە هەموو ڕێکخراوە کوردستانیەکانی بە شەکانی ترەوە وەك کۆمەڵە وە ناساندنی کۆمەڵە زیاتر پێ یان وەك لایەنێکی ئەساسی لە بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە عێراق دا، وە ڕۆڵی گرنگی لە شۆڕشدا. دیارە ئەم جۆرە پەیوەندیانـە لە لایەن لێپرسراوی ڕێکخستن و پلەی هاوڕێیانەوە ئەنجام ئەدرێت.

★★★

ئیتر بۆ پێشەوە

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ڕێکخراوی دەرەوە ـ

1983 /9/25

## (2) دەنگوباس:

1 ــ لـه ڕۆژی 1/9/ 1983 دا جـارێکی تـر تاقمەکـەی (ق. م) لەگـەڵ پاسـدارانی ئێـران دا، هێرشـێکی بـەر فراوانیـان کـردە سـەر هێزەکـانی(ی. ن. ك) لـە پـشت ئاشـان و قـەرناقاو .. لـە ئـەنجامی هێرشـەکەیان دا ئـەم جارەشـیان وەکـو جـارانی پێـشویان شـکان و ڕاونرانـەوە ئـەو دیـوی سـنوور، (50) لاشـەیان لـە مەیـدانی شـەڕدا بەجێ هێشت، کە لە ناویاندا (3) ئامرهێزی ئەوانی تێدا بوو:

1/ حسۆ میر خان، 2/ عبـدوالرحمان مـزوری، 3/ محمـد خالیـد، وە دوو برای حەسۆ میرخانیش.

چەك و تفاقێکی زۆر دەسکەوتی برادەرانـی خۆمـان بـوو.. وە لـە (ی. ن. ك)یـش بـە داخـەوە (10) پێـشمەرگەی قارەمانمـان شـەهید بووە، کە دوو سەر تیپی دلێری تیا بوو:

1/ ئەحمـەد مـەولود،2/ نـاظم محەمـەد سلێمان، هـەزاران سڵاو بۆگیانی پاکیان.

2 ـ لە ڕۆژی 28/8/ 1983 فڕۆکـەکانی ڕژێمـی فاشـتی بەغـدا بۆمبابـارانی گونـدی چـیمەنی گـەورە، چـیمەنی بـچوك و چـیمەنی کوێخا کاکل یـان کـرد ــ 10 کیلۆمـەتر لـە سـەروو شـاری کـەرکوك ــ چــونکە چــەند پێــشمەرگەیەکی( ی. ن. ك) پــێش ڕۆژێــك لــەو گوندانەوە بەرەنگاری هێرشی ڕژێمیان کرد کە کردبوویانە سەریان و هێرشـەکەی ڕژێمیـان شـکاند، وە ئـەنجامی شـکانەکەیان بۆمبابـاران کردنی ئەو گوندانە بوو، کە بووە هۆی شەهید بوونی (15)کـەس لـە

ژن و پیرو منداڵی بێ گوناهی گوندەکان، وە هەروەها برینداركردنی (11) ی تریش .

3 ــ لە ڕۆژی 8 ــ1983/9/12ڕژێمە فاشستەکەی بە غدا هێرشێکی بەر فراوانی کردە سەر سەرکردایەتی کە بریتی بوو لە جیش و زیاتر (2000)جاش، وە پێشمەرگە قارەمانەکان بەرەنگاریان بوونەتەوە، (2) هیلۆکۆپتەریان خستۆتە خوارەوە، لە بەلاغی عسکری دا بە درێژی باسی ئەم شەڕانەتان پێ ئەگات.

4 ــ پێشمەرگە قارەمانەکانمان توانیویانە محطةی ڕاداری کەرکوك بگرن و ئەوەی کە پێویست بووە بیبەن و ئەوەی تریشی هەمووە تێك بشكێنن، لە بەلاغی عسکەریدا بە درێژی ئەگاتە دەستان.

ئیتر بۆ پێشەوە

ڕێکخراوی دەرەوەی (کۆرەك)

★★★

# تەوەری سێیەم

- ▪ چەند بەیاننامەیەك بۆ یادی دامەزراندنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان""""
- • كۆمەڵـــەی ڕەنجـــدەرانی كوردســـتان لـــە دەیـــەمین ســـاڵەی دامەزراندنیدا
- • یادی 14 ساڵەی دامەزراندنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان
- ■ لە بیرەوەری 15ساڵەی دامەزرانـدنی كۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی كوردستان دا
- • لە یادی 17 ساڵەی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان دا

## ئەی کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی جیهان یەکگرن!

### کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دەیەمین ساڵەی دامەزراندنیدا
1980/6/10 ـ 1970/6/10

1 ـ 1

دە ساڵ لەمەو بەر لە بارو دۆخێکی ئاڵۆزدا، کۆمەڵەمان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (عێراق) لە دایك بوو، لە کاتێکدا باڵی ڕاستی سەرکردایەتی بۆرجوازی خێڵەکی لە کوردستاندا لە ئاهەنگی سەرکەوتنی ئازاردا بە پشتیوانی ئیمپریالیزم و ڕژێمی شای هەڵاتوو خۆی بە هێزتر دەکردوو باڵی سامناکی ڕاستڕەوی دەکێشا بە سەر کوردستاندا، وە باڵی بە ناو چەپی بۆرجوازی کوردستان لە باوەشی میری دا بەری تاقی کردنەوەی سات و سەودای خۆی بە شکست ئەچنیەوە، وە لە کۆتاییشدا گەڕایەوە ژێر سایەی باڵی ڕاست و لە قسەی پێشکەوتنخوازانەی کەوت.

خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەسرەوتی پڕ لە گیانبازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا بە درێژایی تاقیکردنەوەی خوێناوی پڕ لە گلان و هەڵسانەوە ئەو ڕاستییە ڕۆشنە بە مارکسیەت ـ لینینیەکانی کوردستان سەلماند کە لە مێژەوە ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان دەست

نیشانیان کرد بوو، ئەویش ئەوە بـوو کـە بـەبێ حیزبێکی پێشڕەوی شێوە نوێی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان هەمیشە سەرکردایەتی خێڵەکی و بۆرجوازی، نەك هەر بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی گـەلی کوردستان لە ڕێبازە بابەتی یە مێژوو کردەکەی خۆی لا ئـەدا، بـەڵکو شکـست بــەدوای شکــست دووچـاری کۆمــەڵانی خــەڵك و بزوتنــەوە ڕزگــاریخواز و دیموکراتیەکــەی دەکــا، وەك ئاشــبەتاڵ و هــەڵاتنی سـەرکردایەتی خێڵـەکی بنەماڵـەی بـارزانی ئـەو ڕاسـتیەیان دوو پـات کردەوە.

تـاقی کردنـەوەی گـەلانی دونیـا و وولاتەکـەمان ئـەو ڕاستیەشـی چەسپاندووە کە پارتی جەماوەریی فراوان، بـێ ناسـنامەی چینایەتی ئاشــکرا هەرچــەندە تێکۆشــەر و ڕزگــاریخوازی چــەند چــینێکی شوڕشگێڕی کومەڵی کۆکردبێتەوە و ڕابـەری جـەماوەری کردبێت لـە خــەباتی ڕزگــاری و دیموکراســیدا، تــەنها دارا و دەوڵەمەنــد و بــە تواناکانی چـینە چەوسێنەرەکان جڵـەوی سـەرکردایەتی ئـەو پارتیـە یان گرتۆتە دەست، بەو جۆرەش سـەرکردایەتی بۆرجـوازی نەشـیاو و لێ نــەهاتووی خێڵــەکی و بیرۆکراتــی خۆیــان بــە ســەر بزوتنــەوەی ڕزگاریخوازانەکەیــدا ســەپاندووە، کــە فرِیــان بــە ســەر نــاوەرۆکی پێشکەوتنخوازو دیموکراتیانەی بزوتنەوەکە نەبووە، ئەوساش شکست و ئاشــبەتاڵ ئــەنجامێکی ئاسـایی ئــەو هــەموو گیانبــازی و خەباتــە خوێناوییـە بـووە کـە ڕەنجـدەران و چەوسـاوەکانی کوردسـتان سـوتە مەنیەکەی بوون.

لــە بەرتیــشکی ئــەو ڕاســتیانەدا لــە ئــەنجامی یــەکگرتنی ئارەزومەندانەی دەستە( م. ل ) شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عێراقـدا، کۆمەڵــەمان هاتــە کایــەیی خــەباتی چــینایەتی و نەتەوایــەتی کوردستانەوە، تا لە ڕێگەی ڕاپەڕانـدن و هۆشیارکردنەوەو سازدان و ڕێکخستنی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، بە موتوربـەکردنی بزوتنـەوەی کرێکـاران و ڕەنجـدەران بـە تیـۆری شۆڕشـگێڕانەی (م. ل) لـە کـۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلدا، حیزبی پێشڕەوی کرێکـاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بهێننەدی، حیزبێ کە ناسنامەی چینایەتی ئاشکرای کرێکاران و ڕەنجدەران بەبێ ترس و سڵەمینەوە، بەبێ پـێچ و پـەنا بەرزیکاتــەوە و بــەبێ هەڵخەڵەتانــدن پـارێزی بەرژەوەنــدی چــینی کرێکــار و ڕەنجــدەران بــێ و ئــاڵای خــەباتی چــینایەتی و نەتەوایــەتی شــەکاوە بــەرز کاتــەوە کــە خــۆیی لــەمافی چارەنوسـی کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتاندا دەبینــێ، حیزبــێ کــە هــەڵگر و بڵاوکــەرەوەی ئــەو بــیرو باوەڕەبێــت، بــە شــێوەیەکی داهێنەرانــە مارکـسیزم ـ لینینیـزم کـار پـێ بکـات جەسـتەی ڕێکخـستنی یـەك و یـەکگرتوو بــە پێــی ئــەو تێگەیــشتنە دابمــەزرێنێ و خــاوەنی هێڵــی سیاســی ( ســتراتیج و تاکتیــك) ڕاســت و دروســت بێــت، خــۆی بــە ئینتەرناسـیۆنالیزمی پرۆلیتاریـاوە ببەسـتێتەوە، لـە کـاتی لـە بـارو بەکەڵکــدا دروشمــە ســەرەکیەکانی کرێکــاران و ڕەنجــدەران بــەرز بکاتــەوەو دروشمــە دیموکراتیــەکانی جــەماوەر لــە ڕێبــازی خۆیــدا بتوێنێتەوە.

حیزبێك كە پشت ئەستوور بەوزەی لەبن نە هاتووی جەماوەر ڕۆڵی سەروەری سەرکردایەتی کردنی کۆمەلأنی خەڵك بگرێتە دەست و یەکێتیی ڕیزەکانی گەل لە سەر بنچینەی هاوپەیمانیەتی کرێکاران و جوتیاران لە خەباتێکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانەدا بێنێتەدی، کە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی توندو تۆڵ پێکەوە گرێ بداتەوە، بەرەو هێنانەدی ئاواتە دووروو نزیکەکانی گەلی کوردستان بۆ ڕزگاری نیشتیمان و نەتەوەیی و لە ڕێگەی جەنگی گەلیی درێژ خایەنەوە، بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵی دیموکراتی نوێ کە دەستەبەری گوێزانەوەی گەلی کوردستان بێت بەرەو کۆمەڵێکی سۆشیالیسشتی.

لە نیوەی یەکەمی تەمەنی دە 10 ساڵەی کۆمەڵەدا، خەبات ڕوو لە چۆنایەتی ڕێکخستن و خەملآندن و گەشە پێدانی بوو، ڕوو لە گۆش کردنی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی بوو بە تیۆری شۆڕشگێڕانەی بێ گەرد و لە بیروڕای چەوتی دۆگماتیزم و ڕیڤیژنیزم و شۆڤێنیزم و لە گیانی ( تەجروبەگەری ) و (تیۆر گەری) سەردەمی خەباتی ئایدیۆلۆجی بۆ ڕیسوا کردنی هەلبازی ڕاست و هەلبازی چەپ و چەسپاندنی ڕێبازی ڕاستی (م. ل ).

بەو جۆرە توانرا هێڵی جیاکردنەوە بکێشرێت لە نێوان ڕێبازی مارکسیزم ـ لینینیزم و هەلبازی ڕاست ڕەودا، لە نێوان سیاسەتی سەربەخۆیی و پشت بەخۆو بە جەماوەر بەستن دژی ڕێبازی لاسایی کردنەوەی کوێرانە و خۆهەڵواسین بە سیاسەتی ئەم و ئەو و دەوڵەتانەوە، واتە لە نێوان ڕێبازی گونجاندن و کارپێ کردنی

داهێنارانەو زیندوی یاسا گشتییەکانی مارکسیزم ــ لینینیزم لە هەلومەرجی تایبەتی خەباتدا دژی ڕێبازی توتیانەو تواندنەوەی ڕێباز و سیاسەتی حیزب و دەوڵەتانی تر.

لەو ماوەیەدا خەباتی کۆمەڵە ئاڕاستەی موتوربەکردنی بزوتنەوەی جەماوەری کوردستان کرا بە تیۆری شوڕشگێڕانە، بەلاّم پاش ئاشبەتالّ و هەڵهاتنی ئابڕوچوانەی سەرکردایەتی خێڵەکی کۆنەپەرستی بنەماڵەی بارزانی و بەجێهێشتنی خەڵکی کوردستان لە هەڵدێری مەینەتی و شکستیی دا، کۆمەڵە ڕووبەڕووی دۆخێکی تازەترو ئەرك و فەرمانی نوێ تر بووە وە، دۆخی پیلانی بە عەرەب کردنی کوردستان و ئاوارەکردن و زەوت کردنی ماڵ و سامان و زەوی و زاری جوتیاران، ئەرك و بەشداری کردنی کاریگەر و بنچینەیی لە بەر پەرچدانەوەو بەرگری کردنی مەترسی لە ناو بردنی گەلی کورد لە عێراقدا ئەنجا ئەرکی ڕزگاری نیشتیمانی و سەرفرازی خەڵکی کوردستان لەدەست داگیرکەر و ئیمپریالیزم.

سەرەڕای بارگرانەکەی دۆخی تازە و کەمی توانای تۆمەڵە، بە تایبەتی پاش ئەو زەبرە کاریگەرەی کە بەربەشێکی زۆری ڕێکخراو کادیرە سەرەکیەکانی کەوت، گەرچی شەهیدانی مەزن" شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر" بەو پەڕی گیانبازی و جوامێری و دلێرییەوە وەك تیکۆشەری شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە نەبەزی و نەسرەوتی کۆمەڵەیان نیشاندا، بەلاّم بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵە خۆی تەواو جوت کردبوو لەگەڵ تەیاری مێژوو کردوو ئاقاری گەشەکردن و هێڵی

سیاسی گرتبووە بەر وە بەهۆی قارەمانێتی و ورەی بەرزی باقی هاوڕێ یانەیەوە توانی سەرکەوتوانە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پێك هێنانی دەستە چەکدارەکان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بکات و ببێتە هێزو بزوێنەرو کاریگەری یەکێتیی ڕیزەکانی گەل و ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێ لە گەشەکردن و پێشکەوتنی وزەی لەبن نە هاتووی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردستان و ئەو ڕێبازەشی بە خوێنی گەشی شەهیدی مەزن ونەمرو ئازاو دلێری وەك هاوڕێ **"ئیبراهیم عەزۆ"** ڕەنگ کرد.

لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کوردستاندا گەشەکردنی کۆمەڵە و"ی. ن. ك" پێکەوە گرێ دران، وە یەکێتیی نیشتیمانیی بۆ چاکترین فۆرمێلای خەباتی شۆڕشگێڕانە بەرەو هێنانەدی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە و بەرەی نیشتیمانیی و گەشەکردن و هێنانەدی ئەو دوو ئەرکەش بەستراوە بە گەشە پێدانی خەباتی جەماوەری چەکدار و پشت بەستن بە زەحمەتکێشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

تاقیکردنەوەی چوار4 ساڵەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە سەرکردایەتی کردن و گەشەپێدانی شۆڕشی کوردستاندا ئەو ڕاستییە دوو پات ئەکاتەوە کە چەندە گەشە پێدانی خەباتی چەکدارانەی جەماوەر کار لە گەشە پێدانی یەکێتیی نیشتیمانیی و کۆمەڵە دەکات و بەرەوهێنانەدی پێویستیەکانی سەرکەوتن نزیکیان دەکاتەوە

ئەمڕۆ کۆمەڵە بیناى ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ڕێکخستنی خۆی گەشە پێداوە و بەتیۆری (م. ل) بە جەماوەر ئاشنا کردووە و لە هەڵەبازی ڕاست جیای کردۆتەوە و ڕێبازی کوردستانیەتی کۆمەڵەو پارتی پێشڕەوی چەسپاندوە و تا ڕادەیەکی باش ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانەو سەرکەوتوی ئەو تۆی دامەزراندووە کە لە هەموو کاتێکی تر دڵنیاتر هەنگاوی هوشیارانە بنێ بەرەو تەواو کردنی ئەرکەکانی ڕزگاری و دیموکراتی. باری جیهانی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر شکستی و کشانەوەی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی سۆشیالیزم دەنوێنێ، وولاّتانی کۆڵۆنی و نیمچە کۆڵۆنی پاشکۆی ئیمپریالیزم یەك لە دوای یەك دەسەلاّت و نفوزی ئیمپریالیزم لە وولاّتەکانی خۆیاندا هەڵئەتەکێنن گەلانی ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتین توندوتیژ تر خەبات ئەکەن لە پێناوی ڕزگاری نیشتیمان و سەرفرازی نەتەوایەتیدا، شۆڕشی نیکاراگواو ڕوخاندنی حوکمی سۆمۆزا، ڕاپەڕینی کۆمەلاّنی خەڵکی ئێران و ڕوخاندنی حوکمی شای کۆنە پەرست، سەرکەوتنی گەلی زیمبابۆی و دەرپەڕاندنی حوکمی ڕەگەز پەرستی سپیەکان نمونەی ئەو ڕوخانەی دەسەلاّت و پاپەی ئیمپریالیزمن، تیشك دانەوەی ئەو خەباتەش لە هەناوی وولاّتە سەرمایەداریەکاندا لە گەشەکردنی خەباتی پرۆلیتاریاو شەپۆلی مانگرتنەکانی کرێکاراندا خۆی دەنوێنێ و ناکۆکی لە نێوان سۆشیالیزم و ڕژێمی سەرمایەداریدا توندو تیژتر ئەکەن بە ناکۆکیەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان ئەدات وەك لە کێشەی وزەو

نـــەوت و بـــازاڕە ئابوورییەکانـــدا دەرئەکـــەوێت... بیروبـــاوەڕی شۆڕشگێڕانەش زیاتر لە گەشە کردندایەو بیروباوەڕی ئایدیالیـستی و کۆنەپەرست لە شکان و کشانەوە دایە، ئاشکرا بوونی شکست خواردنی تاقیکردنەوەی ڕێگـەی نـا سـەرمایەداری و ڕیـسوا بـوونی تیـۆری سـێ جیهان پتر ڕێبازی شۆڕشی دیموکراتی نوێ دەسەلمێنن.

گەشە کردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرانـسەری کوردسـتاندا، تەقینـەوەی ناکۆکیـە ئـابووری و سیاسـیەکانی ڕژێمـی بەغـداو پەرەسـەندنی نـاڕەزایی و گەشـەکردنی بزوتنـەوەی ڕزگـاری خوازانـەی کۆمـەڵانی خـەڵکی لـە عێراقیـشدا ئاسـۆیەکی فراوانیـان خـستۆتە بـەردەم بزوتنـەوەی ڕزگـاری نیـشتیمان و نەتـەوەی گـەلی کوردستانەوە.

کۆمەڵەمان لەم دۆخە لە بارەی ناوچەکەو جیهانـدا ڕوو بـەڕووی فـەرمانێکی نـوێ دەبێتـەوە، کـە چەسـپاندنی مـافی چارەنوسـی گـەلی کوردستانە لەلای هەموو ڕێکخراو و تاقمێکی شۆڕشگێڕ و پێـشکەوتن خواز لە سەرانسەری ناوچەکەو جیهاندا.

بۆیە دەبێت خەباتی کۆمەڵانی خـەڵکی کوردسـتان پێکـەوە گـرێ بدرێتەوە.

کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد بـە گـوێرەی خواسـت و پیلانـەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دابـەش کـراوە، وە هـەر بەشـێکیان بـە زۆر لکانـدووە بـە یـەکێك لـە دەوڵەتـەکانی ناوچـەکەوە، لـە کاتێکدا ئـەو پیلانە پێچەوانەی ئارەزوو پاشە ڕۆژی گەلی کوردسـتان سـاز دراوە لـە

هەمان کاتدا دژی بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی گەلانی عەرەب و تورك و فارسیشەو دژی سەربەخۆیی و گەشەکردنی وولآت ونەتەوەکانیشیانە، پیلانێکی ئیمپریالیستی چەپەڵەو گەورەترین هۆی پاشکەوتن ومەینەتی گەلی کوردستانە.

ئەندامانی کۆمەڵەو تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردستان نەك دەبێت هەر دژی ئەو پیلانەی ئیمپریالیزم بن و بەس، بەڵکو دەبێت پشت ئەستوور بە هێزو توانای جەماوەرەوە بە هاوکاری گەلانی دراوسێمان خەبات بکەن بۆ پوچەڵ کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو بارە نارەوایە تا گەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئاسایی بە مافی چارەنوسی خۆی بگات، وە خۆی چارەنوس و پاشە ڕۆژی خۆی دیاری بکات دوور لە هەموو جۆرە ترس و تەفرەدان و هەڵ خەڵەتاندنی.

دابەش کردنی کوردستان و نەتەوەی کورد بەوجۆرە هەر بەشەی لەگەڵ گەلانی تری ئەو وولآتەی پێوەی لکێندراوە دووچاری یەك ڕژێمی ئابووری سیاسی و فەرهەنگی بوون.

بۆیە لە هەر یەکێك لەو دەوڵەتانەدا گەلی کورد لەگەڵ گەلانی ئەو وولآتەدا ئامانجی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە سەر نگون کردنی دەسەلآتی چینە کۆنە پەرستەکان و دەرپەڕاندنی نفوزی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی ڕژێمی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی وەها کە نەك هەر چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە سەر گەلی کورد لادات، بەڵکە یارمەتی دەری گەشەکردنی نەتەوایەتی و یەکگرتنی کوردستان بێ.

بۆیـە کۆمەڵـە لـەپاڵ بەسـتنەوەی خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی گـەلی کوردستاندا خەباتی گەلی کورد لەعێراقدا دەبەستێتەوە بـە خـەباتی گـــەلی عێراقـــەوە دژی فاشـــیزم و ئیمپریـــالیزم وە شۆڕشـــە پێـشکەوتنخوازەکەشی دەبەسـتێتەوە بــە خــەباتی شۆڕشـگێڕانەی گەلانی زۆرلێکراوی دونیاو بە بەشێکی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی دائەنێت.

کۆمەڵە ڕێبازی بە عێراقی کردنی شۆڕشی کوردستان، نـەك هـەر بـەڕێبازێکی دروسـت وبـەڕێبازی سـەرکەوتنی تێکـڕا گـەلی عێـراق ئـەزانێ، بەڵکـە لـە چـوار چێوەی یـەکێتی نیـشتیمانی کوردسـتاندا خـەباتێکی نەسـرەوت ئـەکات بـۆ هێنانـەدی بـەرەی نیـشتیمانی ودیموکراسی عێـراق لـە پێنـاوی ڕزگـاری عێـراق و سـەرفرازی گـەلی عێـراق لـە دەسـت ڕەگـەز پەرسـتە فاشـستەکان و ئیمپریـالیزم بـۆ دامەزرانــدنی حکومــەتێکی ئیئتلافــی دیموکراتیانــەی گــەل کــە دەستەبەری هێنانەدی مافی ڕەوای چارەنوسی گەلی کوردیشمان بێت.

کۆمەڵەمان لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا، لـە کـۆڕی خـەباتی شۆڕشـگێڕانەدا لـە پێنـاوی ڕزگـاری و سـەرفرازی کۆمەلانی خەڵکدا، سوورە لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجی و ڕێکخستنی خۆی بـەرەو هێنانـەدی حیزبـی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان.

لە کاتێکدا یادی دەهەمین10 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵە دەکەینەوە سەری ڕێزو وەفاداری بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە دائەنەوێنین کە بە خوێنی گەشیان ئەم ڕێبازەیان نەخشاند.

نەمری و سەروەری بۆ هەموو شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی عێراق. با هەر شەکاوە بێت ئالأی ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان.[17]

★★★

"ناوەندی"

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(عێراق)

1980 /6/10

---

[17] یادی دەهەمین ساڵەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەشێوەی نامیلکەی بەرباخەڵ، لە شێوەی پاکەتەجگەرەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## ئەی کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی دنیا یەکگرن!

### یادی 14ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

1363/3/20 ـ 1984/6/10

1ـ 2

بەر لە چواردە 14 ساڵ لە مەوبەر، لە گێژەنگی ڕوداوی گەورەو هەلومەرجێکی سەخت دا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وەك ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی کرێکارانی کوردستان لە دایك بوو وە تێکەڵ ڕوداوەکانی کوردستان بوو، بۆ کۆکردنەوەی فراوانترین بەشی ڕەنجدەران.

هێشتا مەرەکەبی ڕێکەوتننامەی ئازاری 1970 تەڕ بوو، زرنگەو زایەڵەی بەڵێنەکانیشی خۆش ئاواز و پڕلە هیوا بوون، گەرچی ئەنجام نادیار و پڕ لە پرسیار بوو... بۆرجوازی کوردستان باڵێکی خۆی بە دۆڕاو ئەزانی و سیاسەتی پشت بەستن بە میری دووچاری شکستی کرد بوو، باڵەکەی تریش خۆی بە سەرکەوتوو ئەزانی ولای وابوو سیاسەتی پشت بەستن بە بێگانە ئەنجامی دیاری بۆ وەدەست هێناوە، و خەریکی هەڵ لوشینی باڵەکەی تر بوو، بەلاّم تێکۆشەرە (م. ل)ەکانی کوردستان ئەو ڕاستیەیان لاساغ بوو بووە وە کەسیاسەتی پشت بەستن بە هێزی دەرەکی چ هی ئەو باڵەی خۆی بەچەپ لە قەڵەم ئەداو شکست خواردە بوو، چ هی ئەو باڵەی

سەرمەستی ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی کاتی خۆی بوو، وەکو یەك ئەنجامەکەی بە شکست و گەلانی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و مەینەتی کۆمەلانی خەلکی تەواو ئەبێ.

کۆمەلە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند دەستەیەکی (م. ل) و پێویستی گەشەکردن و بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەلکی کوردستان دا لە دایك بووە، وەرام دانەوەیەکی مێژوویی واقیعی جولانەوەی بابەتی و ڕەوتی گەشە کردنی کۆمەلی کوردستان بوو کە ئەبوو ئیتر، جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی خەلکی کوردستان لە سەرکردایەتی و بەرنامەی بۆرجوازی کورد دەرباز ببێ، و بکەوێتە سەر شاڕێی خەباتی پێشکەوتنخوازی دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، واتە جولانەوەکە بکەوێتە دەست کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کە دەورێکی کاریگەری تیا وازی ئەکەن، وە لە بری ئەوەی بە عەقل وبیر و بۆچوونی بۆرژوازی سەرکردایەتی بکرێ، بەعەقل و فەلسەفەو بیرو بۆچوونی چینی کرێکار، بە ئایدیۆلۆجی پرۆلیتاریا، ڕابەری بکرێ و ئاراستەی سەرجەم چالاکیەکانی بکرێ.

لە ماوەی ئەم چواردە سالەی تەمەنی کۆمەلەدا، گەلێ ڕوداوی گەورە و گرنگ بە سەر دنیاو ناوچەکەو کوردستان دا هاتووە کە هەم کاریان لە کۆمەلە کردووە هەم کۆمەلە، زۆر و کەم لە ڕوداوە کوردستانیەکان دا کاری خۆی کردووە.

لە سەر ئاستی جیهانی... خەباتی گەلانی ڕزگاریخواز، خەباتی پرۆلیتاریای وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، خەباتی سۆسیالیستی دژی ئیمپریالیستی، جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەو مەزنی پێك هێناوە.. لە قازانجی گەلان و چینی کرێکارو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەلێ هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە، ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکانیش لە چەند قوژبێکەوە، لە گەلێ شوێنی دنیادا، دوچاری شکست و پاشە کشێ هاتوون.. ئیرادەی گەلی ڤێتنام، هێزی شەڕ خوازی ئەمریکای شکاند، و گەلی ڤێتنام ڕێگەی گەشەکردن و دیاریکردنی چارەنوسی خۆی و دامەزراندنی سۆشیالیستی گرتە بەر... لە سەرجەمی ناوچەکانی هیندی چینی دەسەلاتی هێزە ئیمپریالیستەکان دووچاری پاشەکشێ هات... لە ئەمریکای لاتین ئیمپریالیزمی ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەستی خستە کاروباری شیلی و دژ بە ئیرادەی خەڵکی شیلی سلڤادۆر "ئەلیند"یان لابردو دیکتاتۆر "بینۆشیتیان"بەسەر خەڵکی شیلی دا داسەپاند.

ڕژێمی دیکتاتۆری سۆمۆزا داڕوخاو ئیرادەی خەڵکی نیکاراگوا سەرکەوت. هەروەها ڕژێمی دیکتاتۆری کۆنەپەرستی شای ئێران داتەپی و بەلام ئینجا هێڵی کۆنەپەرستی ئاخوندەکان بەری ڕەنجی کۆمەڵانی خەڵکیان دزی و چەوسانەوەی ترو گیروگرفتی زۆر تریان دا سەپاند بە سەر کۆمەلانی خەڵکدا، لە ئەفریقا گەلێ ڕژێم و دەسەلاتی کۆنەپەرستی لە بەردەمی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکانیاندا دوچاری ئالوگۆڕ یا داڕوخان هاتن وەکو ئەنگۆلاو مۆزەمبیق.

سەرانسەری جیهان کێشەو گێروگرفتی قوڵی تیا پەیدا بوو... شەپۆلی مانگرتنی کرێکاران گەلێ شوێنی دنیای گرتەوە و جولانەوەی چینی کرێکار سەنگی زیاتری پەیدا کردو لە گەلێ شوێنی وولاتانی ئەوروپادا دەورێکی کاریگەر لە ژیانی سیاسی وولاتانی خۆی دا وازی ئەکا... لە پۆلۆنیا گێروگرفتی قولێ و کاریگەر کۆمەڵی پۆلۆنیا و دەوروبەری هەژاند لە ئەفغانستان جەنگێکی ناوخۆی ئەوتۆ پەیدا بوو.. کە بە تەواوی ئارامی کۆمەڵی ئەفغانی تێك داو دەرفەتی دەستێوەردانی بۆ گەلێ لایەن ڕەخساند.

لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا خەڵکی لوبنان دووچاری شەڕێکی ناوخۆی سەخت و درێژخایەن کران، خەباتی شۆڕشگێڕانەی فەلەستین دوچاری گوشارو پیلانی هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانی دنیاو ناوچەکە بوو، وە زیانی گەورەیان پێ گەیاند، لە تورکیا بە کودەتایەکی سەربازی جەنرالە کۆنەپەرستەکان تیرۆر و ئاگر و ئاسنیان بە سەر خەڵکی تورکیا بەگشتی خەڵکی کوردستان دا بە تایبەتی سەپاند و جارێکی تر بە زەبرو زەنگ کەوتنە ویزەی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا و لە ئەنجامی ئەوەدا دەیان هەزار تێکۆشەر لە زیندانەکان خزێنران یان دەربەدەر کران. لە کوردستاندا... جولانەوەی خەڵکی کوردستان لە سەر دەستی باڵی ڕاست و خێڵەکی بۆرجوازی کوردستان دا دوچاری شکست و گلان بوو کۆمەلانی خەڵکیشی تووشی گەورەترین مەینەتی و نا ئومێدی کرد.

لە کوردستانی عێراق دا پاش ئەو ئاشبەتاڵە، بوونی نەتەوایەتی خەڵکی کەوتە مەترسی توانەوە و شاڵاوی سڕینەوەی واقیعی نەتەوەیی کوردستان و تەعریب کردنی بە ئەندازەیەکی توند و تیژو فراوان دەستی پێکرد.. کە لە خەباتی چەکدارانە زیاتر هیچ دەرفەتێکی تری بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتبووە وە، کۆمەڵە بۆ ئەو مەبەستە، دەورێکی کاریگەری لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و دامەزراندنی دەستە چەکدارە سەرەتاییەکان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا نواند، تا (ی. ن. ك) ببێتە ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی فراوانترین بەشی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای خەباتی چەکدارانەی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانیی کوردستان و ڕابەری کردنی خەباتیان... بە مەرجێ بتوانێ دینەمۆ و دڵە زیندوەکەی بێت.

ئەمڕۆ شۆڕش لە کوردستانی عێراق دا لە تەمەنی هەشتساڵەو، (ی.ن.ك) لە تەمەنی نۆ9 ساڵەی خەباتدان، گەلێ دەرس و پەندی بەنرخی لا کەڵەکە بووە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە تواندنەوە و لە ناوچوون پاراستووە، کۆمەڵەش دەوری گرنگ و کاریگەریانی تیا ئەبینێ و بەخوێنی زیاتر لە سەدان هاوڕێی، کادر و ئەندام و لایەنگیری ڕەنگی ڕێبازەکەی ڕشتووەو دەوری پڕ لە سەروەری خۆی سەلماندوە... لە کوردستانی ئێران دا، شان بە شانی خەڵکی کوردستانی عێراق، خەباتی چەکدارانە لە ڕووی زوڵم و چەوسانەوەدا خەریکی خورت بوون و ئەستوور بوونی باسکی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە.

ڕژێمی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی ئێران کە هەموو مافێکی مرۆیی و دیموکراتی خەڵکی ئێران پێ شێل ئەکات و ئەیەوێ بە زەبری ئاگرو ئاسن و تەفرەدان خەڵکی کوردستان لە مافی ڕەوای خۆیان تەوەلا بکا، بەلاّم تا دێ بەرگری تەندو تیژ ترو بەهێزتر ئەبێ و شۆڕش زیاتر کلّپە ئەستێنێ و تێگەیشتنی شۆڕش گێڕانەی زیاتر تیا قولّ ئەبێتەوە و ماهیەتی ئەو ڕژێمەش زیاتر بۆ خەڵکی ڕوون ئەبێتەوە. هەروەها لە ڕووی زەبروزەنگ و شالاّوی فاشستەکانی تورکیادا، جولاّنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان زیاتر خەریکی پەرەسەندنە، چەندین ڕێکخراوی سیاسی شۆڕشگێڕ لە شەوەزەنگی پڕ تیرۆری تورکیادا خەریکی گەشەکردن و پەرەسەندنە، لە پێناوی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان دا ... بەلاّم لە کوردستانی سوریادا، هێشتا جولاّنەوەکەی و بە خۆدا هاتنەوەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی لە سەرەتای ڕێ کردن و هەنگاوە سەرەتاییەکانی دایە.

لە کوردستانی عێراق دا، سەرەڕای نابەرانبەری هێزی دەوڵەت و هێزی خەڵکی کوردستان بەلاّم جولاّنەوەی شۆڕشگێڕانە خۆی جێگیر کردو بەشێکی فراوانی خەڵکی کوردستانی گرتە خۆی، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەو مەیدانە ئاڵۆز و پڕ لە ململانێ یەدا دەوری سەرکردایەتی خۆی چەسپاندو بووە ڕێکخراوێکی جەماهیری بەهێز، کۆمەڵەش زیاتر توانی متمانەی کۆمەلاّنی خەڵکی مسۆگەر بکا.

ڕێبازو بیرو بۆچوونی خۆی بباتە ناو کۆمەلانی خەڵك بەگشتی و کرێکاران و ڕەنجدەران بە تایبەتی هەروەها کۆمەڵەش ویست و پێداویستیەکانی ژیان و بۆ پێشەوە چونی کۆمەڵی کوردستان و واقیعی ئەم کۆمەڵەو ڕەوتی بابەتی گۆڕان و گەشەکردنی، بەرێتە هەناوی خۆی و بەرنامەو ڕێبازی سیاسیەوە... بۆیە شان بەشانی ساغ بونەوە و جێگیر بوونی کوردستانی بوونی خەبات، و کوردستانی بوونی ستراتیجی جولانەوەکەی، کوردستانی بوونی کۆمەڵەش زیاتر چەسپاوە، بە بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوە بدا توشی تاکڕەوی دەمارگیری نە تەوایەتی و دابڕان بێ لە یەکێتیی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان لەگەڵ کرێکاران و ڕەنجدەران و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق بە گشتی، واتە بێ ئەوەی بواری ئەوە بدا کە گیانی شۆڤێنی پەرەبسێنێ و مەسەلەی خەباتی هاوبەش لە ڕێبازی سیاسی و بیروبۆچونەکانیدا فەرامۆش بکا.

لە کوردستانی عێراق دا جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بە گەلێ سەردەم و قۆناغی جیا جیای سەخت دا تێ پەڕی کردووە، بەوپێیەش خەباتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش شێوەو ڕوخساری ئەو سەردەم و قۆناغە جیا جیایانەی بە خۆوە گرتووە... دەمی خەباتی ژێرزەمینی بووە، و لە هەلومەرجێکی زۆر نهێنی و دژواردا بووە، تا ئەندازەیەك ئاشکرا نە بوەو نەچۆتە ناو خەڵکەوە، کە مەترسی کەوتە سەر مانی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان و بواری هیچ جۆرە خەباتێکی هێمنانە نەما، وە بەرێگەی خەباتی سیاسی

هێمنانە نە ئـەکرا بـەر بـە شـالاْوی تـەعریب و تـەبعیس و ڕاگـوێزان بگـیرێ بـە ناچـاری پـەنا برایـە بەرخـەباتی چـەکدارانەو سـەردەمی خەباتی ئاشکرای شاخ درایەوە بە خەباتی نهێنی شارەکانەوە.

پاش حـەوت سـاڵ خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی چـەکدار کـە دەرفـەتی وتووێژ و خەباتی هێمنانـە پەیـدا بـوو بـۆ ئـەوەی لـەم قۆناغـەدا بـە ئاشتی داواکاریەکانی خـەڵکی کوردسـتان لـە عێـراق دا بهێـنرێتـە دی، ڕێگەی خەباتی هێمنانە پەسەندکرا، و کۆمەڵەش کەوتە سەردەمێکی تـری خەباتـەوە کـە خـەباتی سیاسـی هێمنانەیـە لـە پێنـاوی هەنـدێ داواکـاری دیمـوکراتی و پەیـدا بـوونی دەرفـەتێکی ئـازادی نیـسبی دا کەپەیوەندی بە جێ بەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی کوردستانەوە هەیە.

ئـەم شـێوە خەباتـە هێمنانەیـە، شـێوەی خـەباتی پەرلـەمانتاری ئاسایی نیـە، بەڵکـە شـێوە خـەباتێکی هێمنانـەی سیاسـیە کـە بـەری حەوت ساڵ خەباتی چەکدارانەو قوربانی دانـی خوێنـاوی یـە، ئەگـەر داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانی پێ جێ بـەجێ ببـێ ئـەوا لـە سـەر ڕۆیشتنی باشە تا ئەو کاتەی ئەکرێ و سوودی ئەبێ. دیارە وتووێـژ و دۆزینــەوەی چارەســەر لەگــەڵ حکومــەتێکی وەهــادا کــە تــا ئێــستا بەرنامەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، نـەك هـەر نکوڵی کـردن بـووە لـە مافـە ڕەواکـانی کـورد بەڵکـە هەوڵدان بـووە بـۆ تبعیـسی یـا تواندنەوەیی و تەعریب کردنی کارێکی سادەو ئاسان نیە.

چــونکە دوبــاری ســەرنجی جیــاواز، دوو ئامــانجی جیــاواز دوو لۆجیکی جیاواز و نـەیار بەرامبـەر یـەکتری ئەوەسـتن، مـیری لای وایـە

عێراق بە کوردستانیشەوە بە شێکە لە نیشتیمانیی عەرەب، کوردیش لە کوردستانی عێراق دا بەشێکە لە نەتـەوەی عـەرەب کەچـی ڕاسـتی ئەوەیە کە کورد بەشێکە لە نەتەوەی کـورد و کوردسـتانی عێـراقیش بـە شـێکە لـە کوردسـتانێکی پارچـە پارچـە کـراو هـەر وەك عـەرەبی عێراق بەشێکی نەتەوەی عەرەبە، وە مـیری خـۆی، بـە واتەیـەکی تـر عـەرەبی بەعـسی بەتـەنها پـارێزەری یـەکێتیی و پاشـە ڕۆژی عێـراق ئەزانێ و بۆ پاراستنی ئەمنی ستراتیژی عێـراق، ئـەو حەقـە بـەخۆی ئەدا کە بە ئارەزووی خۆی لـە خـاکی کوردسـتان ناوچـە دابـڕێ و لـە ئۆتۆنۆمی جیای بکاتەوە کە ئێمە لامان وایە ئەو هەقی کوێخایەتییە هـی کـەس نیـە، و خـەڵکی عێـراق بەگـشتی و یـەکێتیی خـەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی هـەموو عێـراق پـارێزەری یـەکێتیی و پاشـە ڕۆژی عێراق ئەبن لە سەر ئەساسی سەلماندنی تەواوی مافە مرۆیی و نەتەوایـەتی و دیموکراتیـەکان، لـە سـەر بناغـەی نەهێـشتنی چەوسـانەوە و بـەدیهاتنی مافـە ڕەواکـانی خـەڵکی کوردسـتان لـە دیـاریکردنی چارەنوسـی خۆیـان دا لـە سـەر ڕێبـازی پێـشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم.

ڕەنگدانەوەی ئەم بیروو بۆچونە میری، هەر وەك لە واقیعی کارو کرداریدا بە ئاشکرا دەرئەکەوێ لە قسەو گوتـاری کـار بەدەستانیـشدا خۆی حەشار نادات، بۆیە ئەبینین تا ئێستا، و سەرەڕای چـەند مـانگ درێژە کێشانی وتووێژو خاوکردنەوەی هەلومەرجی شەڕ، مـیری هـیچ هەنگاوێکی عەمەلی لە کوردسـتاندا نـەناوە بـەئیتجاهی دڵنیـا کردنـی خـەڵکی و بـۆ ئـەوەی خـەڵکی خـۆش بـین بکـا لـە ئـەنجامی ئـەو وتووێژە...

دیارە ئەبێ لەم بیرەوەریە پیرۆزەدا ئەو ڕاستیە دوپات بکەینـەوە کـە مـافی ڕەوای خـەڵکی کوردسـتان هـەر بەگـەرم کردنـی خـەباتی شۆڕشگێڕانە دێتە دی لە هەلومەرجە جیا جیاکانـدا، بـێ ئـەوە ڕێگـە بدرێ چەپڕەوی مندالأنە یان ڕاست ڕەوی و خاوکردنەوەی خـەبات و خۆسپاردن بە خەوی خۆش بینینەوە لە شاڕێی خەباتی نەسرەوت و ژیرانە لامان بدا.

خـەباتی ئـەم قۆناغـە تازەیـەش ئـەبێ بـە تـەواوی تعریـب و تـەبعیس و تـەرحیل لـە کوردسـتان دا نـەهێڵێ و شـوێنەواریان بسڕێتەوە، ئەبێ دەرفەتێکی ئازادی ئەو تۆ ساز بکا کە جولأندنـەوەی شۆڕش گێڕانەی گەلەکەمان بەهێز بکا نەك لاواز وکلۆر بکـرێ، ئـەبێ ڕێگـای گەشـەکردن بـە ڕێبـازی پێـشکەوتنی کۆمەلأیـەتی بـەرەو سۆشیالیزم خۆش بکات.

هاوڕێ یانی کۆمەڵە..

بـا خـەباتی هێمنانـە، ڕوو لـە پتـەوکردن و بـە هێزکردنـی جولأنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی خـەڵکی کوردسـتان بـێ، ڕوو لـە بـەهێز کردنـی یـەکێتیی خـەباتی ڕەنجـدەرانی کـورد و عـەرەب بـێ ڕوو لـە بـەهێز کردنـی یـەکێتیی نیـشتیمانی کوردسـتان بـێ.. هـەموو توانـاو دەرفەتێك بۆ پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو گـەرم کردنـی خـەباتی چینایەتی و جەماهیری بێت بە شێوەیەك کە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی زیاتر خۆیان بهاوێژنە مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی کرێکارانـەوەو هەست و تێگەیشتنی چینایەتیش قوڵ تـرو گەشاوە تـرن لـە هـەموو

ئاستەکان دا ڕەنگ بداتەوە، و تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم ـ لینینیزم هەمیشە ڕێ نیشاندەری خەباتی کۆمەڵە بێ و لە هەموو ئاستەکان دا زیاتر بایەخ بە پەروەردە کردنی فیکری و ئایدیۆلۆجی بدرێ.

با لەم یادە پیرۆزەدا، سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو قارەمانە شەهیدانە دابنەوێنین کە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم ڕێبازە پیرۆزەیان نەخشاند و بوون بە سەرمەشقی هەزاران تێکۆشەری کوردستان.

- هەر شەکاوە بێ ئاڵای مارکسیزم ـ لینینیزم !
- سەرکەوتوبێ خەباتی ڕزگاری نیشتیمانیی کوردستان[18]

" ناوەند "
1984/6/10

---

[18] یادی 14 ساڵەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە شێوەی نامیلکەی A5 چاپ و بلاّو کراوەتەو

# کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن !

**لە بیرەوەری 15 ساڵەی لە دایك بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان**

1970/6/10 ـــ 1985/6/10

1 ـــ 3

هاوڵاتیانی بەڕێز.. هاوڕێیانی تێکۆشەر !

15 ساڵ لە مەوبەر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دایك بوو...

ساڵی 1970 ساڵێکە شوێنێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی نوێی گەلەکەمان دا، چونکە چەندین ڕوداوی گرنگی تیا قەوماوە، کە لە هەموویان گرنگ تر لە دایك بوونی ڕێکخستنی کۆمەڵە تێکۆشەرە کەمانە، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

لەدایك بوونی کۆمەڵە، لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستانی عێراق دا، کە چوار حیزبی سیاسی بە چوار ئیتجاهی سیاسی جیا جیای تیا بوو، نوقتەی وەرچەرخانێکی گرنگە لە مێژووی گەلەکەمان دا، چونکە دامەزرانی کۆمەڵە ئەوە نەبوو کە حیزبێکی تر، یاخود ئیتجاهێکی تر بخاتە پاڵ ئیتیجاهەکانی ترو وەکو هێزێکی ئاسایی بێتە مەیدانی خەباتەوە، بەڵکو لەدایك بوونی کۆمەڵە، نواندنەوەی پێویستیەکی مێژوویی بوو، وە بەڵگەی ئەو گۆڕان و

گەشــە کردنــە قــوڵ و کاریگــەرە ئــابووری، کۆمەڵایــەتی، سیاســی و فەرهەنگی یانە بوو کە بە سەر کۆمەڵی کوردستان دا هاتبوو.

لە دایك بوونی کۆمەڵە، بەری ئارەزوو ویستی دەستەیەك نـەبوو، بـیری بـیر کردنـەوەی چـەند کەسـێك و خـۆ خـەریك کردنـی چـەند سیاسیەکی پیشەیی نەبوو، بەڵکو ئـەنجامی ئـەو پێـشکەوتنە بـوو کـە بە سەر کوردستان دا هاتبوو، وە ئەنجامی ئەو شکستە بووکە بە سـەر بەرنامەو سەرکردایەتی بۆرجوازی کوردی و تەحریفیـەتی عێـراق دا هــاتبوو... ســاڵی 1970 دوو حیــزب بــە نــاوی پــارتی دیمــوکراتی کوردسـتانەوە هـەبوون، کـە دەیـان هـەزار کەسـیان لـە دەوری خۆیـان کۆکردبووە، وە لە هەمان کات دا دووحیزبـی شـیوعیش هـەبوون، کـە ئەوانیش هەزاران کەسیان لە خۆیان کۆکرد بووەوە.

ســاڵی 1970 بــۆ یەکــەمین جــار لــە مێــژووی گەلەکەمانــدا دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان لە ئەنجامی لاواز بوونی خـۆی و لـە ژێـر زەبـری خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی خـەڵکی کوردسـتاندا، دانـی بـە هەندێ لە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان دا نابوو.

ساڵی 1970 جوڵانەوەیەکی سیاسی، فەرهەنگی، تەنانەت فیکری و ئەدەبی لە ناو کۆمەڵانی خەڵك دا بە تایبەتی لە نـاو خوێنـدەواران دا دروســت بــوو، ڕێکخــراوە دیموکراتیــەکانی لاوان و قوتابیــان و ئافرەتــان و مامۆســتایان و نەقابــەکانی کرێکــاران و کۆمەڵــەکانی جوتیاران بوژانەوە و کەوتنەگەڕ.

بەیاننامــەی 11 ی ئــازار کۆمــەڵی کوردســتانی هەژانــد بــوو، کۆمـەلأنی خـەڵکی هێنـا بـووە جۆش و خـرۆش و حکومـەتی عێـراق لافی ئەوەی لێ ئـەدا کـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی کـوردی بـە جۆرێکی وەهـا چارەسـەر کـردووە، کـە وولأتـانی فـرە نەتـەوە ئـەبێ چـاوی لێ بکەن.

سـەرەتای حـەفتاکان ئـاڵوگۆڕێکی قـوڵ لـە پێکهـاتنی چـینایەتی کۆمەڵی کوردستان دا هاتبووە دی و هەزاران کرێکار لـە کوردسـتان دا پەیـدا بـوو بـوون و پەیوەندییـەکانی بەرهـەم هێنـانی دەرەبـەگی تـا ئــەهات زیــاتر ئەتــەپی و جێــی تــەخت ئــەکرد بــۆ گەشــەکردنی پەیوەندییـەکانی بەرهـەم هێنـانی سـەرمایەداری... چـینی کرێکارلـە کوردستاندا هەم لە ڕووی چەندایەتیەوە زیـادی کردبـوو، وە هـەم لـە ڕووی چۆنایەتیەوە قورسایی سیاسی و کۆمەلأیـەتی و ئـابووری... لـە ڕووی لا سەنگین بوون بوو.. سەرەتای حەفتاکان کە کۆمەڵەی تیـا لـە دایـك بـوو، وەکـو درێژەکێـشانی تـەنگ وچـەڵەمەکانی شەسـتەکان، بزوتنــەوەی کۆمەنیــستی و بزوتنــەوەی مارکــسی ـــ لینینــی و جولأنـــەوەی کرێکـــاری لـــە سەرانـــسەری دنیـــادا تووشـــی تەنگوچـەڵەمەیەکی قـوڵ هاتبووکـە خـۆی ئەنوانـد لـە دەرکـەوتن و ئاشکرا بوونی توندوتیژی نـاکۆکی نێـوان ڕێبـاز وئاقـار و قوتابخانـەی فیکری و لێکدانەوەی جیا جیاو دەرکەوتنی ڕوونـی هەنـدێ دیـاردەی نا ڕاست وسەلبی و هەندێ دیاردەی ڕاست و ئیجابی تێیدا.

هەرچی (م. ل)ە کانی نـاو جولاْنـەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردسـتان هەبوون نا ئومێد بوون لەو حیزبە سیاسیانەی لـە مەیـدانی خـەباتی ئەو کاتەدا جولاْنەوەکەیان توشـی کێـشەو گیروگرفت ئـەکردو توانـای سەرخـستنی تـەواوی شۆڕشـەکەیان نـەبوو، لـە بەرئـەوە کەسـان و دەسـتەو تاقمـە (م. ل)ە کـانی کوردسـتان سـەودا سـەری هێنانـەدی حیزبێکی شێوە نوێیی مارکسی ـ لینینـی بـوون... بـە تایبـەتی کـاتێ لەو کاتەدا باڵی مەکتەبی سیاسی ـ پارتی دیموکراتی کوردستان داوای بلاْوکردنەوەی بەیاننامەی 11/ئازاری/1970 شکانی ڕێبازی سیاسی ئاشـکرا بـوو وە بـلاْوەی لێکـرد... بـاڵی بـارزانی (پ. د. ك)یـش بـە سەرمەسـتی هـەوای سـەرکەوتنی ڕێکـەوتنی 11 ی ئـازار بـوون و تـا ئەهات لێشاوی بیروو بۆچونی یەمینی لەگەڵ خۆی ڕای ئەماڵین.

هەڵـەکانی حیزبـی شـیوعی عێـراقیش بـە هـەردوو باڵەکەیـەوە (لوجنـەی مەرکـەزی و قیـادەی مەرکـەزی) لـە مەسـەلە گـرنگ و سەرەکییەکانی گەلی کوردستان و گـەلی عێـراق دا کـە خـەڵکی عێـراق نرخێکی یەکجار گرانـی لـە تۆڵـەیی دا، کارێکی وەهـای کـرد بـوو کـە دوژمنــە چــینایەتیەکانی کرێکــاران و ڕەنجــدەران، ئیمپریــالیزم و نۆکەرانی، کۆنەپەرستانی خۆماڵی بتوانن بە چاکترین شـێوە بـەکاری بهێنن بۆ زڕاندنی ناوی کۆمۆنیزم لە ناو خەڵك دا.

هـەر وەکـو هەڵـە کوشـندەکانی کـەس ودەسـتە مارکـسی و خـۆ بەمارکـسی زانـەکانی نـاو هـەر دوو باڵەکـەی (پ. د. ك) وە داڕشـتنی زۆر گوتـەو تێگەیـشتنی بۆرجـوازی نەتـەوەیی بۆرجـوازی بـچوك و

تەنانەت خێڵەکی و دەرەبەگی ڕاستڕەو و دواکەوتوو لە قاڵبی تیۆری و فەلسەفی دا بۆ قبوڵ کردنی سەرکردایەتی بۆرجوازی لە لایەکیان وخێڵەکی لەلاکەی تر وحەلاڵ کردنی دەست تێکەڵاو کردنی لەگەڵ دوژمنانی میللەتی کورد و لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێرانی شاهنشاهی و ئیسرائیل لە لاکەی تریان، تا ئەندازەیەکی زۆر بیروو باوەڕی پێشکەوتنخوازانەیان ئالۆزاند بوو، هەر مەرجێکی ئەوتۆ خولقابوو بیرووباوەڕی یەمینی و دواکەوتوو زاڵ و باو بوو... ئالەم وەزعەدا کۆمەڵی کوردستان، بە تەنگ وچەڵەمەیەکی ئایدیۆلۆجی و فیکری قوڵ دا تێ ئەپەڕێ، سەرکەوتنی وەختی 11 ی ئازاروغافڵ بوون لە سایەیی سەرکردایەتی بارزانی دا، جەوێکی ئالۆز و تەفرە دەری پێک هێنا بوو. خەڵك هەندێکی وای ئەزانی کە ئیتر کورد سەرکەوتنی تەواوی بە دەست هێناوەو بە مافەکانی خۆی گەیشتووە و شەڕی چەکدارانە لە کوردستاندا ئیتر هەڵ ناگیرسێتەوە... (م. ل) لە زۆر لاوە شێوێنرا بو، (م. ل) ی ساختەش لە زۆر مەیدانی فیکری، سیاسی، عملی دا لەلایەن بیرووباوەڕی بۆرجوازی و خێڵەکیەوە بەزێنرا بوو، هەر لە بەر ئەوە پێویستی کرد، لە ژێر زەبری پاڵە پەستۆی بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی هەناوی کۆمەڵی کوردستاندا کە ڕێکخراوێك لە دایك ببێ.

جەوهەری پاك وخاوێنی (م. ل) فەلسەفە زانستیەکەی، گیانە زیندووە گەشەکردووەکەی وەربگیرێ و لێی بکۆڵێتەوە، هەڵی بسەنگێنێ و تێی بگات، لە سەنگی مەحەکی واقیعی کوردستانی بدات

و بزانێت تا چ ئەندازەیەك لەگەڵ یاساكانی گۆڕان و گەشەكردنی ئەگونجێت و بەكەڵكی ئازادی ڕاستەقینەیی ڕەنجدەرانی كوردستان و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیان دێت، ئەكرێت ببێتە ڕێبەری كارو شیكردنەوەی ڕووداوەكانی كۆمەڵی كوردستان و عێراق و ناوچەكەو هەڵهێنانی ناكۆكیە جیا جیاكان و كلیلی دۆزینەوەی چارەی گیروگرفتە جیا جیاكان و چرای ڕۆشنكەرەوەی ڕێگەی سەركەوتن، بێ ئەوەی سەركەوتنی كاتی و ورشەو بریق و باقی بیروباوەڕی بۆرژوازی، شەپۆلی بیرورێبازە نا ڕاستەكانی بەری ڕزین و گەندەڵ بوونی كۆمەڵی سەرمایەداری ئەوروپا و پرشنگی تەنگوچەڵەمەی توند و تیژی گەردەلوول ئاسای ناو بزوتنەوەی (م. ل) لە جیهان بە هەڵەی ببات.

ڕێكخراوێكی وەها كە لە ناو ئەو ڕێبازە جیاجیایانەی دنیای ئەو سەردەمەدا، لە ناو هەلوومەرجە ئاڵۆزو پڕ گرێ و گۆڵەی كوردستانی ئەو چەرخەدا، لە ناو ئەو دۆخە نا لە بارە سیاسیە سەختەی كوردستان و عێراق و ناوچەكەی ئەو دەمەدا بتوانێ ڕێگەی ڕاست بدۆزێتەوە ودەست بكا بەكاركردن، كارێكی زۆر پێویست، بەلاّم هەتا بڵێی دژوارو زەحمەت بوو.

لەو هەلومەرجەدا بەو چەشنەو بەو بیرووبۆچوونە، كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان لە1970/6/10دا، وەكو پێداویستییەكی مێژوویی لە هەناوی كۆمەڵی كوردستان دا لە دایك بوو.. وە كەوتەكاركردن و بلاّوكردنەوەی تێگەیشتنی سۆسیالیستی و هەوڵدان

بۆ پەروەردە کردنی تێکۆشەرەکانی زەحمەتکێشانی گەلەکەمان بە تیۆری شۆڕشگێڕانەی (م. ل) و ناسینی واقیعی کوردستان و جولانەوەکەی.

کۆمەڵە لە 15 ساڵەی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دا، هەم خەباتی ژێر زەمینی و هەلومەرجە سەختەکانی بڕی، هەم بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە دامەزراندنی (ی.ن. ك) و هەڵگیرسانەوەی بڵێسەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی کرد، وە تا ئێستا 9 ساڵ لە کۆڕی خەباتی چەکدارانەدا ڕۆڵی بزوێنەر و کاریگەر وازی ئەکا.

لە کۆڕی ئەو خەباتە سەختە جۆراو جۆرەدا، لە ماوەی 15 ساڵی خەباتی بێوچان و پڕ لە قوربانی دان دا، بە خوێنی سەدان شەهیدی سەروەر و نەمر، چ ئەوانەی لە بەردەمی سێدارەدا مەرگ بەزێن بوون، چ ئەوانەی لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانی پاکیان بە خاکی نیشتیمان و مەسەلە پیرۆزەکەی سپارد و نهێنییەکانی ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردە ژێر گڵەوە، چ ئەو ڕۆڵە شێرانەی لە سەنگەرەکانی خەباتی چەکدارانەدا، لە سێبەری نا بەرانبەری هێزی پێشمەرگەو هێزی دوژمن دا داستانی قارەمانانەیان تۆمار کردو بە ڕەنج و ماندووبوونی هەزاران تێکۆشەر بە هەڵمەت و خۆڕاگری تری شارو شاخ، کۆمەڵە باسکی ئەستوور بوو، وەرچەرخانە ترسناکەکانی بڕی، ودەرس و ئەزموێنێکی زۆری خەباتی پەیدا کرد.. لە بەهێز کردنی شۆڕشی گەلەکەماندا، لە ڕاگرتنی شالاوی

تواندنەوەو لە ناو بردنی کورد وکوردستان.. تێکۆشەرەکانی کۆمەڵە لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا بوون بە سەر مەشقی خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ هەزاران تێکۆشەری تری گەلەکەمان و کۆکردنەوەی دەیان هەزار ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ژێر ئالای شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان کە ئەمڕۆ (ی. ن. ك) ڕێبەری دەکات.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دا دەورێکی دیار و گرنگی نواندوە بۆ ئەوەی، لە مەینەتی ئاش بەتاڵەوە لە مەترسیە گەورەکانی دوای ئاشبەتاڵەوە، کاروانی ڕاپەڕین و سەربەستی میللەتەکەمان بگاتە ئەمڕۆ، تا بێتە خاوەنی شۆڕش و لەشکرێکی گەورە بۆ ڕێبازێکی دروست و ڕۆشن وە جولانەوە ڕزگاری خوازەکەی سەر بەخۆی خۆی بپارێزێ و ڕەدوی ئەم لایەن و ئەو لایەن نەکەوێ و بە ستراتیجیەتی هیچ دەولەتێکەوە نەبەسترێتەوە:

- پشت ئەستوربێ بە هێزی لە بن نەهاتووی خەلکی کوردستان.

- لە ڕوانگەی ستراتیجی هاوبەشی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی پارتەکانی کوردستانەوە ئامانج و تاکتیکەکانی خۆی دابڕێژێ، بۆ هێنانەدی مافی چارەی خۆنووسینی خەلکی کوردستان خەبات بکا.

- بەعەقلێ و ئایدیۆلۆجی چینی کرێکار ڕێبەری بکرێ.

- لە سەرەی بنچینەی هاوپەیمانی کرێکاران و جوتیاران بەشی هەرەزۆری خەلکی کوردستان لە دەوری شۆڕشی گەلەکەمان کۆبکاتەوەو هاوپەیمانیەکی فراوانتر لە گەل بۆرژوازی بچوکی

شارەکان و توێژە نیشتیمان پەروەرەکانی بۆرژوازی نیشتیمانی پێك بهێنێ.

ــ هەوڵ بدات کە لەلایەك لە گەڵ ڕێکخراوە (م. ل) ە کان جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی پارچەکانی تری کوردستان و لە لایەکی تر لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری عێراق و جولانەوەی نیشتیمانی و دیموکراتی عێراق هاوپەیمانی ببەستێ.

ـ لە سەر ئاستی جیهانی دروستی ڕاستەقینەی خۆی بە وولاتانی سۆسیالیستی و بزوتنەوەی کرێکاری وولاتانی سەرمایەداری و جولانەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلان دابنێ.

ـ دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و کۆنەپەرستانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بجەنگێ.

ــ شێوەی سەرەکی خەباتی چەکدارانە بێ، و هەرکاتێکیش هەول ومەرجی لە بار شێوەکانی تری خەباتی ڕەخساند و ژیرانە بۆ سەرخستنی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان سودیان لێ وەربگیرێ.

لە سەر هێڵە گشتییەکانی ئەم ڕێبازە کۆمەڵە، بەردەوام تەقەلای بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەدا و بە هەموو تواناوە خەبات ئەکات ڕیزەکانی پتەوترو فراوانتر بکا.. لە چوار چێوەی (ی. ن. ك) هەوڵ ئەدات کە ئاشتی و پەیوەندی و ئاسایی لە نێوان (ی. ن. ك) و لایەنەکانی تردا دابین بکا، ئازادی کاری سیاسی بەجۆرێ بڕەخسێنێ کە دەیان هەزار تێکۆشەری تری گەلەکەمان

ڕابکێشرێن بۆ ڕیزی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان، بەمەرجێ کارێکی وابکرێ کە هاوکاری دۆستایەتی (ی. ن. ك)و لایەنەکانی تر ڕێگە لە فرە لەشکردنی و پارچە پارچەکردنی مەیدانی خەبات بگیرێ، وە هەوڵ بۆ ئەوەبدرێ یەك لەشکری یەکگرتووی (ھ. پ. ك) پارێزەری خاك و هێنەرەدی ئامانجە سیاسیەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بێ کە لە ژێر سایەیی یەك سەرکردایەتی هاوبەشی پێشمەرگەدا، بە یەك جۆر ئامۆژگاری و ئاڕاستە کردنی هەموو پێشمەرگەیەك سەربەستی بیروڕای خۆی بپارێزێ و(ھ. پ. ك)ش تەنها یەك لایەن نەبێ، بەڵکە هێزی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان بێ.

- ئیتر هەر شەکاوەبێ ئالای ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان.
- هەر نەمر بن شەهیدانی کۆمەڵەو هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کورد و کوردستان ![19]

"ناوەند"

1985/6/10

لە بڵاوکراوەکانی :

دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

---

[19] ئەم بابەتە، بەشێوەی نامیلکە 10 /6/ 1985 چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لە گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە 6 ی خولی 3 ی ساڵی 1985 وەك بەیاننامەیەك دوو بارە بڵاوکراوەتەوە.

## يادی 17 ساڵەی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

لە دایك بوونی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان 17 ساڵ لە مەوبەر، لە هەلومەرجی پڕ لە ڕووداو و وەرچەرخانی گرنگی ئەو دەمی كوردستان دا، ڕووداوێكی مێژووی گرنگ بوو لە ژیانی كۆمەڵی كوردستان دا.

كۆمەڵە: ڕێكخراوی سیاسی ڕەنجدەرانی كوردستان، بە هیمەت و بڕێوی بیری ماركسی ــ لینینی لە كوردستان دا بڵاو ئەكردەوەو بزوێنەری شۆڕشگێڕانەی جەماوەری پێ موتوربە ئەكرد، دەوری چینی كرێكارو جیهانبینی و لێكدانەوەی ئەم چینە شۆڕشگێڕەی كردە بنچینەی تێڕوانین و لێكدانەوە لە كۆمەڵ و ڕووداوەكانی و توانی خەباتی نەتەوایەتی خەڵكی كوردستان و خەباتی چینایەتیان پێكەوە گرێ بداتەوە، كە بە تاقیكردنەوەیەكی نوێ چەشن لە مەیدانی سەختی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی كوردستان و گەشەپێدانی كۆمەلأیەتی دا جێگەی خۆی بكاتەوە و بچەسپێ و ببێ بە داینەمۆی كاری سیاسی و ڕێكخراوەیی و پێشمەرگایەتی كوردستان.

كۆمەڵە پاش بە سەربردنی (5) ساڵ لە تەمەنی خەباتی ژێرزەمینی شارو شاخ توانی دەورێكی گرنگ و كاریگەر لە دامەزراندنی یەكێتی دا وازی بكاو ببێ بە دڵە بزوێنەرەكەی، لە ساڵی شەشەمینی(6) تەمەنیشی دا، بە هیمەت و زاتی شۆڕشگێڕانەوە هۆیەكی كاریگەر و گرنگ بوو لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و درێژەكێشانی شۆڕشی كوردستان دا.

کە دیارە هەڵگیرسانەوەی نـەوەی شـۆڕش بەڕێبـەری (ی. ن. ک) کەپاش شوێنەوارو مەینەتی قوڵ و گرانی هەرەسهێنانی جولاْنـەوەی چەکدارانەی گەلەکەمان کارێکی سادە و ئاسان نەبوو.

★★★

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە سەر خـاکی کوردسـتان و لـە نـــاو کۆمـــەلاْنی خـــەڵکی کوردســـتان دا، لـــە هەلومـــەرجی دژواری ناوچـەکەدا، لـە کـورەی گـەرمی خـەبات و لـە کـۆڕی بـەرەنگاری بوونەوەی نا بەرامبەر و لە پرۆسەی شۆڕش و خۆڕاگرتن و هەڵمـەت بردن و گیانبازی گەلەکەمان و جولاْنـەوە شۆڕشـگێڕانەکەی دا، بـالاْی هەڵچوو باسکی ئەستور بوو، مێشکی کرایەوە و بەرچاوی ڕۆشن بوو.

لەم حەڤدە ساڵەدا هەورازو نـشێوی زۆری بـڕی، کۆسـپ و قـۆرتی زۆری تەخت کرد، بە گێروگرفتی ئاڵۆزدا ڕەت بوو، هەزاران ئەنـدام و لایەنگری شەهید بوون، دەیان سـەرکردەو کـادری" کـەم ژیـان و کـەڵ ژیان". ئەوسا توانی ئاوا بیرگەش و جەستە تۆکمەو پێ قایم لە سـەر خـاکی کوردسـتان لـە ڕووی دوژمنانـدا بـچەقێ و جێگـەی ئومێـد و سەربەرزی ڕەنجدەرانی گەلەکەمان بێ.

**لەم حەڤدە ساڵەدا:**

ساڵانی ساوایی، کۆمەڵە لە سێبەری بەیانی ئازارو شەڕ بوونەوەدا ڕێی ئەکرد، سەرەتا کارگەو دامەزراوە پیـشەسازییەکان زیادیـان کـرد، بـازاڕو بازرگـانی بوژایـەوە، کـۆڕ و کۆمــەڵی سیاسـی و ڕا دەربـڕین پـــەرەیان ســـەند، نەقابـــەکانی کرێکـــاران و کۆمەڵـــەکانی جوتیـــاران

دامــەزران و بایــەخیان پەیــدا کــرد، زمــانی کــوردی ئــەبووە زمــانی خوێندن و خوێنـدکارانی کوردسـتان، دامـەزراو و کۆمەڵـە هونـەری و ئەدەبیـــەکان پـــەرەیان ســـەند و کەوتنـــە چـــالاکی، بـــە کـــورتی بوژانەوەیـــەك کەوتـــە ژیـــانی سیاســـی، ئـــابووری، فەرهـــەنگی کوردستانەوە... پاش ئەوەی تارمایی شومی پاشگەزبوونەوەی ڕژێـم و هەڕەشـەکردنی لـە کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان پـەرەی سـەند... جــەنگی کوردســـتان دەســـتی پێکــردەوە، شـــاڵاوی دوژمـــن بۆســـەر جوڵانەوەی کورد، وێران کردنی کوردستان و پاشان پـیلان گێـڕان لـە جوڵانەوەی کوردو، سازشی خیانەتکرانەی ڕژێمی بەغدا لـە جـەزایر دژی جوڵانــەوەی کــوردو نەخــشەی تــەفروتوونا کردنــی کــورد، لــە ئەنجامدا هەرەسهێنانی جوڵانەوەی چەکداری کوردستان.

لـــە قۆنـــاخی دووەمینـــدا، تەمـــەنی کۆمەڵـــە لـــە کـــۆڕی دامەزرانــدنی(ی. ن. ك) و بــەرپا بوونــەوەی شــۆڕش و ڕاگــوێزانی گونـدەکانی سـنوور، بـە کۆمـەڵ تەسلیم بوونـەوەی عەشایەر، پاشان کارەساتی هەکاری، جیابوونەوەو کێشەی ناوخۆی(ی. ن. ك) لەوانەش نــاخۆش تردرێژەکێــشان و گــەرم بــوونی پارچــە پارچــە بــوونی جوڵانەوەی گەلەکـەمان و شـەڕی نـاوخۆ، ئـەنجا پیلانـی دوژمنـان بـۆ کەرت کردنی کۆمەڵەو تەقەلادان بـۆ دەسـتەمۆ کـردن و لـە قاڵبـدانی بە هۆی دەستەکانی بان چەپ بۆ پێشەوە چوو.

گێــژەنگی ئــەو هــەموو کارەســاتەی بــە ســەر گەلەکــەمان و شۆڕشەکەیدا هاتن، نەیتوانی زەفەر بە کۆمەڵە بـەرێ و بـەلای ڕاسـت

یا بەلای چەپدا کێشی بکاو لە شاڕێی سەرەتاکانی خۆی لای بداو لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و بەرگری دژی فاشیزم و لە پێناوی ڕزگاری و ڕێکەوتن دا تەوەلای بکا، بەڵکە پاش هەموو ئەو کارەساتانە لە ناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و شۆڕش دا یەك ڕیز و سفت تر لە جەرگەی خەباتدا بۆ پێشەوە ئەچێ و بۆتە خۆشەویستی خەڵکی کوردستانیش.

★★★

کۆمەڵە پاش ئەم هەموو کارەسات و سەرکەوتنانە ڕێبازی خۆی گەش تر ئەخاتەوە بەر چاوی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە:

ـ ڕێکخراوێکی (م. ل) کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانە.

ـ دڵی بزوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەو پاراستن و گەشەپێدانی یەکێتیی بە ئەرکی خۆی ئەزانێ.

ـ لە جەنگی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی کۆمەڵی کوردستان دا سەنگەری پێشەوە بەرنادا، لادان بەلای چەپ یا بە لای ڕاست دا ڕەت ئەکاتەوە.

ـ جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان بە جولانەوەیەکی بابەتی هەناوی کۆمەڵی کوردستان، وەکوو یەك مەسەلە تەماشا ئەکا، و ئەڵقەیەك لە زنجیرەی شۆڕشی ڕزگاری گەلان لە قەڵەمی ئەدا کە ئەویش بە شێکی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان پێك ئەهێنێ.

ـ خەبات دژی داگیرکەرو ئیمپریالیزم بە ئەرکی بنەڕەتی خۆی ئەزانێ.

ـ جولاّنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق دا بە لایەنێکی جولاّنەوەی نیشتیمانی تەماشا ئەکا نەك بە بەشێکی.

ـ پێویستی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگاکانی شۆڕش بە هێنانەدی جەبهەی کوردستانی بە ئەرکێکی پەلەو گرنگ دائەنێ. بۆیە ئەبێ ئەندام و لایەنگرەکانی لە هەموو کەس دڵسۆزانە تر ڕەوتی ئاشت بوونەوەی گشتی بپارێزن و قوڵی بکەنەوە.

ـ یەکێتیی تێکۆشانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عێراق و هاوخەباتی لەگەڵ کرێکاران و ڕەنجدەرانی باقی ناوچەکانی عێراق ئەرکێکی گرنگە بۆ بەگژا چوونەوەی ڕژێمێکی فاشی و ڕووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری عێراق کە کۆمەڵە درێغی ناکات لە پێناوی هێنانەکایەی دا.

★★★

جەنگی کاول کەری گەورەی عێراق دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەك و دژی گەلی کورد لە لایەکی تر لەو ڕووداوە پڕ لە مەترسیانەیە کە تادێ توندو تیژتر و پڕ لە کارەسات تر ئەبێ، سەدان هەزار مرۆڤی ئێران و عێراق سووتەمەنیەکەی ئەبن، سەدان هەزار کوردی ئازادیخواز ئەکوژێ و ئەبڕێ و دەربەدەر ئەکاو سامانی گەل لە وێران کردن و پەکخستنی پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی دا بە فیڕۆ ئەبا، هەموو هێزو توانای سیاسی، ئابووری، عەسکەری، فیکری، عێراق دژی ئازادی و سەربەستی و ژیانی مرۆڤی ئەم وولاّتە بە خەرج ئەچێ.

ئـەمڕۆ لـە هـەموو کـات دڕندانـە تـر بـەر بۆتـە گیـانی خـەڵکی کوردستان، بە هێرشی سەربازی و بە زەبری بۆردومـان و تـۆپ بـاران ئەیـەوێ هـەموو کوردسـتان ڕابگـوێزێ و ڕوخـساری نەتەوایـەتی بسڕێتەوە، ئەیـەوێ کـورد نـەهێڵێ و بیتوێنێتـەوە... هەرچـی کـاری نامرۆڤانـەو زەبـروزەنگ هەیـە دژی مرۆڤـی کـورد و جوڵانەوەکـەی گرتوویەتە بەر... جەنگ و پەلاماردان ، گەماۆدانی ئـابووری، برسـی کردن و نان بڕین، نەهێشتن و کاول کردنی قوتابخانـەکان و خوێنـدن لە لادێکانی کوردستان دا، لابردن و نەهێشتنی خزمـەتی پزیـشکی تـا ئـەگا بـە بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاوی دژی خـەڵکی بـێ دیفـاعی گوندەکانی کوردستان.

ڕژێمی فاشی گەرچی ئـەمڕۆ لاوازەو گیروگرفتـی قـوڵ و گـەورەی زۆرە، بەڵام مەترسیەکی گەورەی خستۆتە سـەر بـوون و ژیـانی گـەلی کورد بە تایبەت و سەر هەموو کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بەگشتی.

دیـاردەی شـەڕخوازی و فراوانخـوازی ڕژێمـی عێـراق، و سیاسـەتی شۆڤێنی ڕەگەزپەرسـتانەی حـوکمی دیکتـاتۆری خوێنـاوی لـە هـەموو کات زیاتر پێویستی گەرم کردنـی خـەبات و یەکخستنی ڕیزەکان بـۆ ڕووخانـدنی ڕژێـم دووپـات ئەکاتـەوە، بۆیـە کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان لای وایـە کـە جوڵانـەوەی شۆڕشـگێڕانەی گەلەکـەمان بـە چاکی و ژیرانەو دەست وبرد سوودی لە دەرفەتی جـەنگ و سـەرقاڵی ڕژێمی عێراق و سەرانی حوکمی دیکتاتۆری بە جەنگی دژی ئێرانەوە نە قۆستۆتەوە، سوودی لەو هەلە لە بارو هەڵکەوتووە وەرنەگرتووە.

ئەبێ بە تەواوی سوود لەم فرسەتە وەربگیرێ کە بە دەگمەن هەڵئەکەوێ، لەم دەرفەتەدا ئەکرێ کارێ بۆ گەلەکەمان بکەین و لە وەیشومەی خۆسەپاندنی بۆرجوازی شۆڤێنی عەرەب دەربازی بکەین.

بەم بۆنەیەوە کۆمەڵە داوا لە جەماوەری خەڵك و هێزە سیاسیەکان و هێزی پێشمەرگە ئەکا کە:

- ڕیزەکانیان یەکخەن و بێ دوو دڵی و سستی بە هەموو توانا بجوڵێن و مانگرتنی شارەکان پەرە پێ بدەن.

- هێزی پێشمەرگەو دەزگاکانی شۆڕش یەکخەن. تاکە یەك شۆڕش و یەك هێزی پێشمەرگە لە کوردستاندا لە ژێر سێبەری جەبهەیەکی کوردستانی دا بەرقەرار ئەبێ.

- بەهێزی کۆ و خڕ پەلاماری خاڵە لاوازەکانی دوژمن بدەن، و دەرفەت بە ڕژێم نەدەن لە کوردستاندا بتوانێ خۆی قایم بکاتەوە.

- ئەوی تەفرەی خواردووە دڵسۆزانە ڕووی چەکەکەی بکاتە دوژمن و دەستی خۆی بوەشێنێ و بێتەوە سەنگەری گەل.

ئەمڕۆ سەردەمی سەرکەوتنی گەل و شکستی ڕژێمی فاشیە.

با بەیەك دەس و بە یەك دڵ سەنگەری بەرگری و ڕزگاری قایم و فراوان بکەین.

لەم بۆنەیەدا، کە کۆمەڵە شانازی بەو ئاستە ئەکا کە پێی گەیشتووە، شانازی بە تێکۆشەرە نەسرەوت و گیانبازەکانیەوە ئەکا، شانازی بە ڕێبازی سیاسی دروستی خۆیەوە ئەکا... سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو هەموو سەرکردەو کادر و تێکۆشەرانەی دا ئەنەوێنێ

كە بە خوێنی گەشیان ئەم ڕێبازەیان نەخشاندو پاراستیان و بەرزیان كردەوە.

هــەزاران ســلاّویش لــە هــەموو شــەهیدانی ڕێگــای ڕزگــاری و پێشكەوتنی كۆمەلاّیەتی.

هەر شەكاوەبێ ئالاّی ڕزگاری نیشتیمانی كوردستان.

بژی چینی كرێكار.

هەر زیندوبێ تیۆری شۆڕشگێڕانەی.[20]

★★★

كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

"ناوەند"

1987 /6/10

---

[20] ئەم یاد كردنەوەی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، لە شێوەی بەیاننامەدا بلاّوكراوەتەوە،

# پاشکۆ و دۆکیۆمێنتەکان

پاشکۆی یەکەم
پەیڕەوی ناوخۆی کومەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
ئابی ١٩٨٢

ئەی کرێکاران وگەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

# پێـیڕەوی ناوخـۆی

## کۆمەڵەی رەنجدەرانیکوردســتان

ئابی ١٩٨٢

١٩٨٢/٩ ــ ٣٠/٢/٢

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخۆی

## کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

لەلایەن
دووەمین کۆنفرەنسەوە
پەسند کراوە

کۆمەڵە ساڵی ۱۹۷۰ وەکو وەرچەرخانێکی پێویست و بابەتی بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و موتوربە کردنی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی بە بیر و باوەڕی مارکسیزم ـ لینینیزم لە ئەنجامی یەککرتنی چەند ئەلقە و کەسانێکی مارکسی لینینیدا دامەزراوە .

کۆمەڵە لە هەلومەرجێکی دژوار و لە بنوورێکی تەسکی و دیاریکراودا کەوتە کار بۆ بینا کردنی ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی خۆی چونکە ئەو کاتە باڵی فاشیی حیزبی بەعس دەسەڵاتدار بوو، بیروباوەڕی بۆرجوازی ڕاسڕەو و کۆنەپەرستانە بەسەر سەرکردایەتیی جوڵانەوەی کورددا زاڵ بوو. سەرەڕای ئەمانەش مارکسیزم - لینینیزم لە لایەن حیزبەیەکان و شیوعییەکانەوە شێوێنرابوو.

کۆمەڵە لە سەرەتای کارکردنی دا، گرنگیی تەواوی دا بە دۆزینەوە و ڕێکخستنی هەڵبژاردەی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و پەروەردە کردنی سیاسی و ئایدیۆلۆجییان. بە بێ ئەوەی خۆی لە ناو خەڵکدا ناجود لە لای حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەوسای کوردستان و عیراق ئاشکرا بکات

٦

کۆمەڵە بە سەرکەوتوویی توانای خۆبینا کردنی بڕی.

ڕێکەوتنەکەی جەزائیر کە کارەساتی ١٩٧٥ ی بە دوودا هات، هەرەسی ئایدیۆلۆجی شکانی ڕێبازی سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی بۆرجوازی کورد بوو، وە لە هەمان کاتدا دەبەستەیەکی گەورەشی بە سەرکەوتنەکەماندا هێنا. کۆمەڵە لە ناو ئەو هەرەسەدا هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێ و بێ پسانەوە توانایەکی نوێی چەباندەوە.

کۆمەڵە بەشدارییەکی کاریگەری کرد لە دامەزراندنی داو و دەزگا سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، کە دوا بە دوای کارەساتی ١٩٧٥ وەکو ڕێکخراوێکی سەنتەر پەردەی بۆ کۆ کردەوە و سازدان و ڕێکخستنی ئەبیار و جین و تانەند پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی

٧

کوردستان بەجێ هات ، وە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە دەست پێ کردنی خەباتی سیاسی چەکدار و هەڵگیرساندنی جەنگی پارتیزانی دا ، وە لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی خۆیشی پاراست و چاکتر چەسپاندی.

ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی کۆمەڵە کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان دا لە سەر تیشکی بیر و باوەڕی (م-ل) دا دیاری کرا وە جێگەی پەسند کردن و پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک بووە و هۆیەکی گرنگی گەشەکردنی چۆنایەتی و چەندایەتی کۆمەڵە و بۆ پێشەوە چوونی جوڵانەوەی گەلەکەمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە .

کۆمەڵە ئەگەرچی زەرەری گیانی زۆری لێکەوتووە، چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و دەیان کادری پێشکەوتووی



و سەدان ئەندام و لایەنگری لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە دا شەهید بوون ، بەڵام خۆڕاگری و ئازایەتی بێ وێنەی هاوڕێ کانی کۆمەڵە لە زیندانەکانی دوژمن دا ، لە ژێر ئەشکەنجە و لەبەر دەمی پەتی قەنارەدا ، وە قارەمانێتی و جەربەزەییان لە مەیدانەکانی شەڕوپێکادان دا ، وە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە ناو خەڵکدا بوونە سەرمەشقی سەدان و بگرە هەزاران تێکۆشەری نوێی کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە شار و گوند کانی کوردستان دا .

کۆمەڵە بۆ لێدوان و هەڵسەنگاندنی مەسەلە سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەییەکانی ، وە بۆ دانانی ڕێ وشوێنی نوێی تێکۆشان تا ئێستا چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگی ساز کردوە ، لەوانە کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی لە نەورۆزی

٩٧٨ ، وە لە تشرینی دووەمی ٩٧٨ دا . بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر بەستنی سەرکەوتووانەی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە بوو لە ئاياری ١٩٨١ دا بە ئامادە بوونی ١٨٥ ئەندام بە نوێنەرایەتی سەرانسەری ڕێکخستنەکەی ، کە گەورەترین ڕووداوی ڕێکخراوەیی ژیانی کۆمەڵە بوو . وە هەر لەوێشدا پەیڕەوی ناوخۆ بۆ کار پێکردنی لەمەولا دانرا و بڕیاری لە سەر درا ، و لە دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەشدا کە لە کۆتایی مانگی تەمووزی ١٩٨٢ دا ، بە ئامادە بوونی ٢٢٢ ئەندام لە نوێنەرانی سەرانسەری ڕێکخستن ، دەستکاری کرا و بەم شێوەیەی لە بەردەستدایە بڕیاری لە سەر درا .



٢/٢/٨ ـ شانەی سەرەکی لە ٢ ـ ٥ لێپرسراوی شانەی ئەندامان پێک دێت .

٨/٣ ـ پۆل:

١/٣/٨ ـ پۆل ئەرکی بە یەکەوە بەستنی چەند شانەیەکی سەرەکی و ئاراستەکردنیانی لە ئەستۆدایە

٢/٣/٨ ـ پۆل لە ٢ ـ ٥ لێپرسراوی شانە سەرەکییەکان پێکدێت

٨/٤ ـ کەرت :

١/٤/٨ ـ کەرت لە لێپرسراوەکانی پۆلەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو پێک دێت .

٢/٤/٨ ـ کەرت ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتی ڕێکخستنی لە

٢/١ ــ کۆمەڵە : ڕێکخراوێکی مارکسی ــ لینینییە ، بە پێی جیهانبینی مارکسیزم ــ لینینیزم دامەزراوە وکار ئەکات .

## ٢ ـ ئەندامەتی کۆمەڵە :ــ

هەموو هاو وڵاتییەکی کوردستان ــ ئافرەت و پیاو ــ ئەتوانێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵە ، پاش بەسەر بردنی ماوەی پاڵاوتنی دیاریکراو ، بە مەرجێک :

٢/١ ــ بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسەند بکات .

٢/٢ ــ لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەدا بە چالاکی خەبات بکات .

٢/٣ ــ لایەنی کەمی هۆشیاری جینایەتی و نیشتمانی هەبێت .



٢/٤ ــ بڕوای تەواوی بە کوردستانیتی کۆمەڵە هەبێت و خەبات بۆ بەدی هێنانی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان بکات .

٢/٥ ــ ناو و ناوبانگی باش و دەس و دەم وداوێن پاک بێت .

٢/٦ ــ بە پێی دەرامەتی خۆی ( بە مەرجێک لە مانگێکدا لە دەسکەوتی ٢ ڕۆژی کەمتر نەبێت . ) ئابونە بدات .

٢/٧ ــ تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت .

## ٣ ــ ئەرکەکانی ئەندامەتی کۆمەڵە :ــ

٣/١ ــ بەو پەڕی لەخۆ بووردن و دڵسۆزییەوە سیاسەت و بڕیارەکانی کۆمەڵە جێبەجێ بکات .

٣/٢ ــ بەرژەوەندی گەل بخاتە سەروو بەرژەوەندی کۆمەڵە و

- بەرژەوەندی کۆمەڵە بخاتە سەروو بەرژەوەندی خۆیەوە .

٢/٣ - هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی و تیۆری خۆی بدات .

٤/٣ - پێوەندی لەگەڵ جەماوەر بە هێز بکات ، لە جەماوەرەوە فێر بێت و جەماوەر فێر بکات ، بەشداری چارە سەر کردنی گیر و گرفتەکانیان بێت و هەوڵ بدات کاری جەماوەر بە هۆی جەماوەرەوە ئەنجام بدات .

٥/٣ - یەکێتی ریزەکانی کۆمەڵە بپارێزێت .

٦/٣ - نهێنییەکانی کۆمەڵە بپارێزێت .

٧/٣ - راستی لە کۆمەڵە نەشارێتەوە ، نەترس و مەوزوعی بێت لە رەخنەکانیدا ، دژی خۆپەرستی و مەڵنایەتی و خۆبەزل زانین بێت .



٨/٣ - بە بێ رەزامەندی کۆمەڵە هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ هیچ لایەنێکی تردا نەبەستێت .

## ٤ - مافەکانی ئەندامی کۆمەڵە :-

١/٤ - هەڵبژاردن و خۆ هەڵبژاردن بۆ هەموو رێکخراو و دەزگایەکی کۆمەڵە بە گوێرەی مەرجە پێویستەکانی ئەندامەتی ئەو دەزگایە .

٢/٤ - [illegible] ر و پرسیار و رەخنەگرتن لە هەموو مەسەلەیەکی سیاسی ، پێشمەرگەیی، رێکخراوەیی بە پێی سەرەتاکانی ناوەندێتی دیموکراتی .

٣/٤ - لە کاتی لێپرسینەوەدا مافی رووبەڕووبونەوەو بەرگری لە خۆکردنی هەیە .

٤/٤ - لە پێویستی و تەنگانەدا یارمەتی خۆی یا خێزانەکەی بدرێت .

## ٥ - وەرگرتن و پالاوتن لە کۆمەڵەدا :-

١/٥ - ئەو کەسانەی ئەیانەوێ بێنە ناو کۆمەڵەوە - بە پێی ئاستی هوشیاریان - لە ئەڵقەی رۆشنبیریدا رێک ئەخرێن

٢/٥ - پاش بەسەربردنی سەرکەوتووانەی ماوەی ئەڵقەی رۆشنبیری ، ماوەی پالاوتن دەس پێئەکا بە مەرجێک لە ٦ مانگ کەمتر نەبێت ، بەپێی بارەی جیاجیای ئەوکەسە .

٣/٥ - پاش بەسەربردنی ماوەی پالاوتن و بەدەستهێنانی مەرجەکانی ئەندامەتی ، ٢ ئەندامی کۆمەڵە شایەتی



پشتیوانی لە داواکەی بکەن بۆ ئەوەی کۆمیتەی رێکخراو شەرەفی ئەندامەتی بداتێ .

٤/٥ - هەر کەسێک ئەندامی رێکخراوێکی سیاسیتر بووبێ و وازی هێنابێ تەنیا بە رەزامەندی ناوەندی کۆمەڵە شەرەفی ئەندامەتی پێئەدرێ

## ٦ - سزادان لەکۆمەڵەدا :-

١/٦ - هەر ئەندامێک ئەرکەکانی ئەندامەتی بە جێنەهێنا ، یان مەرجی ئەندامەتی لەدەس دا ، یان رسوایی بە کۆمەڵە گەیاند لە کۆمەڵە دەر ئەکرێت .

٢/٦ - هەر ئەندامێک تەسلیم بووەوە بە دوژمن ، شەرەفی ئەندامەتی کۆمەڵە لەدەست ئەدا ، ئەگەر وبەستی

بگەڕێتەوە ڕیزی کۆمەڵە ، ئەبێ سەرلەنوێ لە ئەڵقەی
ڕۆشنبیرییەوە دەست پێبکاتەوە ، پاش تێپەڕبوونی ٢ ساڵ
بە ڕەزامەندی ناوەند وەرئەگیرێتەوە بە مەرجی زیانی
بە ڕیزەکانی کۆمەڵە نەگەیاندبێ .

٣/٦ – هەر ئەندامێک تەسلیم بە لایەنێکی سیاسی تر ببێ ،
سەرەڕای ئەندامەتی کۆمەڵە لە دەست ئەدا . ئەگەر
ویستی بگەڕێتەوە ڕیزی کۆمەڵە ، ئەبێ سەرلەنوێ لە
ئەڵقەی ڕۆشنبیرییەوە دەست پێبکاتەوە ، وەپاش تێپەڕ
بوونی ١٨ مانگ بە ڕەزامەندی ناوەند وەرئەگیرێتەوە
بە مەرجی زیانی بە ڕیزەکانی کۆمەڵە نەگەیاندبێ .

٤/٦ – ئەو کەسانەی لە ژێر ئەشکەنجەی گرتندا " اعتراف
لە سەر ڕێکخستن و هاوڕێکانی بدان بکەن و زیان



بە ڕیزەکانی ڕێکخستن بگەیەنن لە کۆمەڵە دەرئەکرێن.

٥/٦ – سەرنج ڕاکێشان ، دوورخستنەوە ، لێگیران ، جۆرەکانی
تری سزادان بۆ ئەو ئەندامانەی لە بەجێهێنانی
ئەرکەکاندا کەمتەرخەمی ئەکەن ، یا سەرپێچی ئەکەن
لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکاندا .

## ٧ – پرنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە .–

١/٧ – ناوەندێتی دیموکراتی پرنسیپی بنچینەیی داڕشتنی
ڕێکخستن و کارکردنی ناوەوەی کۆمەڵەیە .

٢/٧ – دەزگا سەرکردەییەکانی کۆمەڵە بە ڕێگەی ڕاوێژی
دیموکراتی و هەڵبژاردنی سەربەست و نهێنی پێک
ئەهێنرێن .

٣/٧ – دوای لە بڕیار و هەڵوێست و فەرمانەکانی کۆمەڵە ، بۆ دەربڕینی بیرو رای بڕیار و پێشنیار و رەخنە لە چوارچێوەی رێکخستندا ئازادە .

٤/٧ – بڕیارەکانی کۆمەڵە بە بێ مەرج و دوودڵی ئەبێ جێبەجێ بکرێن ، ئینجا رەخنەیان لێبگیرێ .

٥/٧ – دەرگاکانی خوارەوە ملکەچی دەرگاکانی سەرەوەن و سەراسەری رێکخستن ملکەچی سەرکردایەتی و کەمایەتی ملکەچی زۆرایەتییە .

٦/٧ – بڕیارەکان بە کۆمەڵ ئەدرێن و لێپرسراوێتی وجێبەجێکردنیان بە تاک ئەسپێردرێ .

٧/٧ – رێزەکانی کۆمەڵە لە سەر بنچینەی یەکێتی بیروکارو ئامانج ئەپارێزرێ .



## ٨ – بینای رێکخراوەیی کۆمەڵە :-

شێوەی سەرەکی بینای رێکخراوەیی کۆمەڵە هەرەمییە لە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ، بەم جۆرە :

### ٨/١– شانە :

٨/١/١ – یەکەیەکی بنچینەییە ، بنکەی حەساوەری و رەگی کۆمەڵەیە لە ناو کۆمەلانی خەلکیدا .

٨/١/٢ – شانە لە ٢ – ٥ ئەندام پێک دێت .

### ٨/٢– شانەی سەردکی:

٨/٢/١ – شانەی سەرەکی ، ئەرکی پێکەوە بەستنی چەند شانە یەکێ و ئاراستەکردنیانی لە ئەستۆدایە .

٢/٢/٨ - شانەی سەرەکی لە ٣-٥ لێپرسراوی شانەی ئەندامان پێک دێت .

## ٨/٣- پۆل:

١/٣/٨ - پۆل ئەرکی بە یەکەوە بەستنی چەند شانەیەکی سەرەکی و ئاراستەکردنیانی لە ئەستۆدایە .

٢/٣/٨ - پۆل لە ٣-٥ لێپرسراوی شانە سەرەکییەکان پێک دێت

## ٨/٤ - کەرت :

١/٤/٨ - کەرت لە لێپرسراوەکانی پۆلەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو پێک دێت .

٢/٤/٨ - کەرت ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتی ڕێکخستنی لە



ئەستۆدایە لەو سنوورەدا کە ڕێکخراو بۆی دیاری کردوە .

٣/٤/٨ - کەرت دەسەڵاتی وەرگرتنی پاڵێوراوی ئەندامەتی هەیە .

## ٨/٥ - ڕێکخراو :

١/٥/٨ - ڕێکخراو پێک دێت لە سەرجەم ڕێکخستنی کۆمەڵە و کەرت و پۆلەکان لە شارێک یان لە ناوچەیەکی دیاری کراو .

٢/٥/٨ - ڕێکخراو بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و هاندان و ئاراستە کردنی ڕێکخستنی کۆمەڵە و کەرتەکانی ولە سەرکردایەتی کردنی جەماوەری ئەوشارە و ناوچەیەی.

٣/٥/٨ - ڕێکخراو دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامە دەربارەی ڕووداوە ناوچەییەکانی سنووری چالاکی خۆی و

پەیوەستەری هاندانی هەیە .

## ٦/٨ ـ کۆمیتەی سەرکردایەتی :

١/٦/٨ ـ (ک.س) بەرزترین دەسەلاتە لە کۆمەڵەدا لە ماوەی نێوان دوو کۆنفرانسدا . وە بەرپرسیارە لەجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرانس و لە هەمو چالاکییە سیاسی ، ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەییەکانی کۆمەڵە و کەشە پێداسیان .

٢/٦/٨ ـ (ک.س) لە کۆنفرانسدا هەڵئەبژێردرێت . لە ٧ ئەندامی ئەسڵی پێکدێت و ٢ ئەندامی جێگری ئەبێت .

٢٤

٣/٦/٨ ـ (ک.س) بەلای کەمەوە سالی ٤ جار کۆبوونەوەی ئاسایی ئەکا ، بەڵام هەیە ئەندامانی جێگر بەشدار بکات بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت .

٤/٦/٨ ـ (ک.س) لە یەکەمین کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا سکرتێر و دوو ئەندام بۆ پێکهێنانی ناوەندی کۆمەڵە هەڵئەبژێرێ .

٥/٦/٨ ـ (ک.س) بۆی هەیە $\frac{1}{3}$ ی ئەندامەکانی خۆی هەڵپەسێرێ ئەگەر ئەرکەکانی ئەستۆیان جێبەجێ نەکرد یان لە بیر و پرۆگرامی کۆمەڵە لایان دا بە مەرجێک $\frac{2}{3}$ ی ئەندامانی (ک.س) بڕیار لەسەر ئەو هەڵپەساردنە بدەن .

٢٥

## ٧/٨- (ناوەند)ی کۆمەڵە :

هەموو دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەیە لە ماوەی نێوان دوو کۆبونەوەدا ، وە بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی (ک .س) و ڕاپەڕاندنی هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵە و ڕابەرایەتی خەباتی کۆمەڵە بە گشتی .

## ٨/٨ - سکرتێر :

١/٨/٨ - سکرتێر لێپرسراوی یەکەمی کۆمیتەی سەرکردایەتییە و بە هاوکاری (ک .س) بەرپرسیارە لە بەڕێوە بردنی کارو باری کۆمەڵە .

٢/٨/٨ - سکرتێر ئەبێ ئاگاداری هەمو کاروبارێکی سیاسی و



تیۆری و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و چالاکیەکانی تری کۆمەڵە بێت .

٣/٨/٨ - نامە نووسین و ئامۆژگاریەکانی ناوەند بەئیمزای ئەو یان هی یەکێک لە ئەندامانی ناوەند ئەبێت .

٤/٨/٨ - سکرتێر ئەبێ ڕاپۆرتی گشتی دەربارەی باری گشتی کۆمەڵە پێشکەش بە کۆنفرەنس بکات .

٥/٨/٨ - بۆی هەیە سەرنجی ئەندامانی (ک .س) ڕابکێشێت بۆ هەڵە و کەم و کوریەکانیان .

## ٩ - پلینۆمی کۆمەڵە : -

١/٩ - پلینۆم کۆبونەوەیەکی فراوانە بەگیرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئیش و کاری کۆمیتەی سەرکردایەتی ،

یا داڕشتنی ناکتیکی نوێ، و پڕکردنەوەی سێیەکی ⅓ ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ، یا دیاریکردنی کاتی بەستنی کۆنفرەنس .

۲/۹ – پلینۆم پێک دێت لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و جێگرەکانی و نوێنەرانی ڕێکخراوەکان و کادرە پێشکەوتوەکانی دەزگا سەرکردەییەکان .

۳/۹ – پلینۆم سالی جارێک یان لە کاتی پێویستدا لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یا داوای زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە ئەبەسترێت .

## ١٠– کۆنفرەنسی کۆمەڵە :

١/١٠– کۆنفرەنس بەرزترین دەسەلاتە لە کۆمەڵەدا ، بەرنامەی



کۆمەڵە و پێڕەوی ناوخۆ دەستکاری ئەکات و ئەیگۆڕێ، چارەنووسی کۆمەڵە دیاری ئەکات ، لە ئیش و کاری کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی تری کۆمەڵە ئەپێچێتەوە و بڕیاریان لەسەر ئەدات ، کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵئەبژێرێتەوە، شکات و سکالا و داوا و رەخنە و پێشنیاری ئەندامان ئەپرسێ .

١/٢– کۆنفرەنس پێک دێت لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و جێگرەکانی و کادرە پێشکەوتووەکانی و نوێنەرانی هەمو ئەندامان ، کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵئەبژێردرێن .

١/٣– کۆنفرەنس لە هەلومەرجی گونجاودا بە ٢ ساڵ جارێک و لە کاتی پێویستدا لەسەر بڕیاری پلینۆم ، یان لە

سەر داوای رۆژنەی ئەندامانی کۆمەڵە ئەبەسترێت .

## ١١- دارایی کۆمەڵە :-

پێکدێت لە ئابوونەی ئەندامان و یارمەتی دۆستان و پیتاکە و داهاتی جاپەمەنیەکان و ئەو دەسکەوتانەی لە دوژمن بە دەست ئەهێنرێن .

* * *



٣٠/٢/٢ — ١٩٨٢/٩

# پاشکۆی دووەم

## ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵە پاشکۆی دوو

### ڕەوشتی هاوڕێی کۆمەڵە

هاوڕێی وشەر!

هاوڕێی کۆمەڵە بەچی لە خەڵکی جیا ئەکرێتەوە؟ بەچیدا ئەناسرێتەوە؟ ئەبێ جیاوازی چی بێ لەگەڵ یەکێکی تر؟ ئاخۆ ی جیاوازە؟ جل و بەرگێکی تر لەبەر ئەنا؟ ساچ و بسالی هەیە ناڵای بەرزە؟ یا چی ...؟

هاوڕێی کۆمەڵە مرۆڤێکی نائاسایی نیە. هاوڕێی کۆمەڵە ئادەمیزادێکی ئاسایە وەکو هەموو خەڵکی تر، بەڵام ئەبێ بە کردار و ڕەفتار و ووتاری لە خەڵکی کە خۆی بکرێتەوە.

* * *

هاوڕێی کۆمەڵە پێویستە لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی دا نموونەی ئیلتزام و گوێڕایەڵی بێ بەرامبەر بە لێپرسراو یا فەرماندەکەی، وە لە جێبەجێ کردنی بێ قەید و شەرتی فرمان و بڕیار و ئاموژگاری دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سەروی خوی دا.

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لە ژیانی ڕۆژانەیدا نموونەی مرۆڤێکی نموونەیی بێ، لە قسە و گفتوگۆی دا، لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانیدا بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو کات و شوێنە نوێنەرەوەی بیروباوەڕی بەرزی کۆمەڵە و ریبازو سیاسەتەکەی بێ.

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لەئەرا نموونەی ئازایەتی و لەخۆبوردن و ئەخۆبوردن بێ، لە حەسانەوە و پشووداندا هاوڕێکانی لەبیر بێ و بەپێشیان بخا، لە خۆشیدا بە تەنگیانەوە بێ و مشووریان بخوا. لە راپەڕاندنی ئیش و کاردا ڕوح سووک و لەش سووک بێ، لە گفتوگۆدا هێمن و لەسەرخۆ و بەئەدەب بێ.

هاوڕێی کۆمەڵە لەکاتی دەزگیربووندا ئەبێ نموونەی خۆگری و ئیتمی بێ و لەژێر باری ئەشکەنجە و ئازاردا نموونەی دان بەخۆداگرتن بێ و زیان بە هاوڕێکانی نەگەیەنێ.

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ فێری ژیان بە کۆمەڵ و گونجان بێ. ئەبێ بزانێ چون لەگەڵ خەڵکی ترا ئەژی، کە لە مەفرەزەیەکدا یا لە کەرتێکدا لە ماڵێکدا یان لە بارەگایەکدا لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی ترا ئیش ئەکا و هەڵ ئەکا و ئەگونجێ و بناغەی دۆستایەتی و برایەتی و هاوسەنگەریان لەگەڵدا ئەمەزرێنێ.

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لە شکان و تێکەوتن و تەنگانەدا ورە بەرنەدات، لە ماندووبوون و سەختی و ناسۆرەیی و بێ دەرامەتی و بێ بارەیی دا خۆگر بێ، لە بێ هێزی و بێ دەسەلاتیدا بەزات بێ. لە سەرکەوتنا بایی نەبێ و لە کاتی دەسەلاتداریدا لەخۆی نەگۆڕێ و لە زاڵ بوونیدا زوڵم نەکات.

هاوڕێی کۆمەڵە لە هەر ناوچەیەکدا بو ئەبێ حورمەتی عورف و عادەتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە. حورمەتی خورەوشت و نەریتی دێرینەیان بگرێ. حورمەتی زنی بێ و بیاوماقولانی ناوچەکە بگرێ، حورمەتی دین و کەسانی دیندار بگرێ، حورمەتی مزگەوت و گۆرستان و شوێنە پیرۆزەکانیان بگرێ.

**ھاوڕێی کۆمەڵە** ئەبێ لەگەڵ خەڵکا ڕەفتاری باش بێ، بەچاوی سوکە تەماشایان نەکات، گوێ لە ڕەخنەکانیان بگرێ چەندە بێ کەڵکە و سادەش بن، گوێ شل بکا بۆ داوا و پێشنیارەکانیان، بە ینگیکی فراوانەوە ئامۆژگاریان لێ قبوڵ بکات، بەدەنگە داوا و گیروگرفتەکانیانەوە بچێ، بەو پەڕی زیری و ھێمنی و پشودرێژییەوە ھەوڵی چارەسەرکردنیان بدا.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لەبەرامبەر دوژمنانی گەلەکەیدا ئازا و نەترس بێ، دڵ ڕەق و بێ بەزەیی بێ، چاوپۆشییان لێ نەکات، کۆمەڵانی خەڵکی خۆش بوێ و لەگەڵ مەینەتی و ئێش و ئازارەکانیاندا بژی.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ دەس پاکە بێ، ھیچ بەزۆر لەکەس نەسێنێ، چاو نەبڕێتە ماڵی خەڵکە، ماڵی گەل و شۆڕش بەفیڕۆ نەدات.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ داوێن پاکە بێ، چاو نەبڕێتە نامووسی کەس و شەرەفی خەڵکە بەھی خۆی بزانێ، وەکو شەرەفی خۆی بیپارێزێ.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ دەم پاکە بێ، جنێو بەکەس نەدا، بوختان و قسەی ناڕاست نەداتە پاڵ کەس، لەپاش ملە بەخۆرایی زەمی کەس نەکات.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ فەرق و جیاوازی لەبەینی ھاوڕێکانیا بەھۆی خزمایەتی و ناسیاوی و برادەراتییەوە نەکات، مەگەر سەبارەت بە ئازایەتی زیاتر و گوێڕایەڵی و دڵسۆزی و لەخۆبردنی زیاترەوە.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ ڕاستگۆ و سەرڕاست بێ، ھێمن و ژیر بێ، ڕەوشت بەرز و [illegible] وەفا بێ، سادە و ڕوح سوکە بێ، ئەبێ دژی خۆپەرستی و خۆھەڵدبشان بێ، دژی [illegible]بادان و کەش و فش و خۆ بەزل زانین بێ، دژی [illegible]ربایی [illegible] [illegible] بەخۆدانازین بێ، دژی درۆ و فشە و فیشاڵ بێ دژی [illegible] ری بون و کەس بەھیچ نەزانین بێ،

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ ھەمیشە ئەوەی لەبیر بێ کە خەباتی کۆمەڵە لە ناوەڕۆکەدا خەباتێکی سیاسی چینایەتی و نیشتمانییە، ئەبێ بێ وەڕس بون و ماندوبون کاری سیاسی لەھیچ بوار و کاتێکدا پشتگوێ نەخات، بەکردار و ڕەفتار و وتاری چاکە نەکە بەزۆر و بە ترساندن جێی خۆی لەناو دەوروپشتەکەیدا بکاتەوە و حورمەتی خۆیلان بەسەرا بسەپێنێ و ھەوڵی دوا ئەوەی ناسیاو و دۆست و ھاوڕێی نوێ بدات.

ھاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ ئەخلاقی بەو جۆرە بێ، پەیڕەوی ئەم سەرەتایانە بکات. بەم گیانە خۆی و ھاوڕێکانی پەروەردە بکات، بەم شێوەیە بژی و کار بکات.

ئەوانەی وەھا نین ھاوڕێی ڕاستەقینەی کۆمەڵە نین

# ڕەوشتی

## هاوڕێی کۆمەڵە

هاوڕێی تێکۆشەر

هاوڕێی کۆمەڵە بەچی لە خەڵکی جیا ئەکرێتەوە ! بەچی دا ئەناسرێتەوە ! ئەبێ جیاوازی چی بێ لەگەڵ یەکێکی تر.. ! ئاخۆ ڕەنگوڕووی جیاوازە ؟ جل و بەرگێکی تر لەبەر ئەکا ؟ شاخ و باڵی هەیە ؟ باڵای بەرزترە ؟ یا چی ..؟

هاوڕێی کۆمەڵە مرۆڤێکی ئاسایی نیە .
هاوڕێی کۆمەڵە ئادەمیزادێکی ئاسایە وەکو هەمو خەڵکی تر بەڵام ئەبێ بە کردار و رەفتار و وتاری دا لە خەڵکی کە جوێ بکرێتەوە .

+ + +

هاوڕێی کۆمەڵە پێویستە لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی دا نمونەی ئیلتزام و گوێ ڕایەڵی بێ بەرامبەر بە لێپرسراو یا فەرماندەکەی ، وە لە جێ بەجێ کردنی بێ قەیدر شەرتی فەرمان و بڕیار و ئامۆژگاری دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سەرو خۆی دا .



هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لە ژیانی رۆژانەی دا نمونەی مرۆڤێکی نمونەیی بێ لە قسە و گفتوگۆی دا ، لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی دا بەگوێرەی هەلومەرج و ئەوکات و شوێنە نمونەی بیروباوەڕی بەرزی کۆمەڵە و رێباز و سیاسەتەکەی بێ .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لە شەڕدا نمونەی ئازایەتی و لەخۆبوردن و لەخۆبوران بێ ، لە حەسانەوە و پشوودان دا هاوڕێکانی لە بیر بێ و بە پێشیان بخا ، لە خۆشی دا بە تەنگیانەوە بێ و مشوریان بخوا ، لە راپەڕاندنی ئیشوکاردا رۆح سوك و

لەش سووك بێ، لە گفتوگۆدا هێمن و لەسەر خۆ و بە ئەدەب بێ.

هاوڕێی کۆمەڵە لەکاتی دەزگیر بوون دا ئەبێ نموونەی خۆگری و نەترسی بێ و لە ژێر باری ئەشکەنجە و ئازاردا نموونەی دان بەخۆداگرتن بێ و زیان بە هاوڕێ کانی نەگەیەنێ.

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ فێری ژیانی بەکۆمەڵ و گونجان بێ، ئەبێ بزانێ چۆن لەگەڵ خەڵکی ترا ئەژی، لە سەفەرێك یا لە کەرتێکا لە ماڵێکا یان لە بارەگایەك دا لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی ترا

6

ئیش ئەکاو هەڵ ئەکاو ئەگونجێ و بناغەی دۆستایەتی و هاوخەباتی وهاوسەنگەریمان لەگەڵ دا ئەمەزرێنێ.

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لە شکان وتێکەوتن و تەنگانەدا ورە بەر نەدات لەماندووبوون و برسێتی و تینوێتی و بێ دەرامەتی و بێ پارەیی دا خۆگربێ، لە بێ هێزی و بێ دەسەلاتی دا بەزاب بێ.. لە سەرکەوتنا بایی نەبێت و لە کاتی دەسەلاتداری دا لە خۆی نەگۆرێت و لە زاڵ بوون دا زوڵم نەکات.

هاوڕێی کۆمەڵە لە هەر ناوچەیەك دا بوو حورمەتی عورف و عادەتی دانیشتوانی

7

ناوچەکە ، حورمەتی خو و ڕەوشت و نەریتی دێرینەیان بگرێ ، حورمەتی ریش سپی و پیاو ماقوڵانی ناوچەکە بگرێ ، حورمەتی دین و کەسانی دیندار بگرێ ، حورمەتی مزگەوت و گۆڕستان و شوێنە پیرۆزەکانیان بگرێ .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لەگەڵ خەڵکا ڕەفتاری باش بێ ، بە چاوی سوك تەماشایان نەکا . گوێ لە ڕەخنەکانیان بگرێ چەندە بێ کەڵك و سادەش بن ، گوێ شل بکا بۆ داوا و پێشنیارەکانیان . بە سنگێکی فراوانەوە ئامۆژگاریان لێ قبوڵ بکات بەدەنگ داوا و گیروگرفتەکانیانەوە

8

بچێ ، بەوپەڕی ژیری و هێمنی وپشودرێژی یەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدا .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ لە بەرامبەر دوژمنانی گەلەکەمان دا ئازاو نەترس بێ ، دڵرەق و بێ بەزەیی بێ ، چاوپۆشیان لێ نەکات ، کۆمەڵانی خەڵکی خۆش بوێ ولەگەڵ مەینەتی و ئێش و ئازارەکانیان دا بژی .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ دەس پاك بێ ، هیچ بە زۆر لە کەس نەسێنێ ، چاو نەبڕێتە ماڵی خەڵك ، ماڵی گەل و شۆڕش بەفیرۆ نەدات .

9

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ داوێن پاک بێ، چاو نەبڕێتە ناموسی کەس و شەرەفی خەلک بە هی خۆی بزانێ، وەکو شەرەفی خۆی بیپارێزێ .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ دەم پاک بێ جنێو بە کەس نەدات، بوختان و قسەی ناراست نەداتە پاڵ کەس، لە پاش ملە بە خراپی زەمی کەس نەکات .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ فەرق و جیاوازی لە بەینی هاوڕێکانیا بە هۆی خزمایەتی و ناسیاوی و برادەرێتییەوە نەکات، مەگەر سەبارەت بە شارەزایەتی زیاتر و گوێ ڕایەڵی



و دڵسۆزی و لەخۆبڕانی زیاترەوە .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ ڕاستگۆ و سەرراست بێ، هێمن و ژیر بێ، ڕەوشت بەرز و بە وەفا بێ، سادە و ڕۆح سوک بێ، ئەبێ دژی خۆ پەرستی و خۆهەڵکێشان بێ، دژی خۆبادان وکەش و فش و خۆبەزل زانین بێ، دژی لەخۆ بایی بوون و لوت بەرزی و بەخۆوە نازین بێ، دژی درۆ و فشەوفیشاڵ بێ،دژی لە خۆرازی بوون و کەس بە هیچ نەزانین بێ .

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ هەمیشە ئەوەی لە بیر بێ کە خەباتی کۆمەڵە لە ناوەرۆک

دا خەباتێکی سیاسی چینایەتی ونیشتمانی بە، ئەبێ بێ وەڕس بوون و ماندوبوون کاری سیاسی لە هیچ بوار و کاتێك دا پشتگوێ نەخا، بە کردار و ڕەفتار و وتاری چاك نەك بە زۆر و بە ترساندن جێی خۆی لە ناو دەوروپشتەکەی دا بکاتەوە وحورمەتی خۆیان بە سەرا بسەپێنێ و هەوڵی دۆزینەوەی ناسیاو و دۆست و هاوڕێی نوێ بدات .

12

هاوڕێی کۆمەڵە ئەبێ ئەخلاقی بەو جۆرە بێ پەیڕەوی ئەم سەرەتایانە بکات . بەم گیانە خۆی و هاوڕێکانی پەروەردە بکات . بەم شێوەیە بژی و کاربکات .

ئەوانەی وەها نین هاوڕێی ڕاستەقینەی کۆمەڵە نین .

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ناوەند ـ

١٩٨١/ ٧ / ٢١

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
کەرتی ڕێکخستنی دوکان

## پاشکۆی سێیەم
## بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

# بەرنامەی
# چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی
# نەتەوەی کورد

لەلایەن دووەمین کۆنفرەنسەوە پەسندکراوە

ئابی ١٩٨٦

تێبینی :

داڕشتنی بەرنامەیەک ، بۆ ڕزگاری و گۆڕان و گەشە کردنی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم ، بە گوێرەی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان لە سەر بنچینەی قانون و سەرەتە گشتیەکانی مارکسیزم لینینیزم ، لە هەلومەرجی ئاڵۆزی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و دنیادا ..... مەسەلەیەکی گرنگ و کارێکی سەختە ، چونکە نە دەرفەتی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئاماری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێکوپێک لە کۆمەڵەکەماندا هەبووە ، نە لێکۆڵینەوە و نووسینی تێر و دەوڵەمەندیش لەو بارەیەوە هەیە .. وا بەرنامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد ، کە لە [illegible] پەسەند کراوە .. وەکو یەکەمین تاقیکردنەوە لەم مەیدانەدا پێشکەش بە کرێکاران و ڕەنجدەران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ئەکەین .

لەبەر ئەوە داوا لە هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان ئەکەین کە تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاری خۆیانمان دەربارەی کەموکوڕیەکانی ئەم بەرنامەیە بۆ بنێرن ، تا بتوانرێ کەلێنەکانی پڕبکرێتەوە .

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ناوەند -

بەرنامەی

## چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی

## نەتەوەی کورد

## بەشی یەکەم

کرێکارانی دنیا ، ئەگەرچی یەك ئامانجی کۆتایی و یەك دوژمنی سەرەکی هاوبەش ، لەسەر مەلستی شۆرشی سوسیالیستی جیهان یەکیان ئەخا . بەڵام هەموویان لە یەك قوناغی لەیەکچو و وەك یەك دا روبەروی هەمان ئەرکی راستەوخو نابنەوە ... لەگەڵ جیاوازی ئەو قوناغە جیاجیا و ئەرك و فرمانە راستەوخو و جوراو جورانەش دا ، دوا ئامانجی هەموویان و جولانەوەکەشیان رامالینی رژیمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سوسیالیزمە .

مارکسیە لینینیەکان لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایەدا بن هەڵگری بیروبوچون و باریزەری بەرژەوەندی سەربەخوی چینی کرێکارن و هەڵگری ئالای کوران و گەشەپێدانی کومەڵەکانیانن بو هێنانەدی ئەو ئامانجە گەورەیە کە دامەزراندنی سوسیالیزمە .

مارکسیە ـ لینینیەکانی کوردستانیش هەمان دەور و هەمان ئامانجی گەورەی کرێکارانیان هەیە ، کە بو پێشەوە بردنی کومەڵە تا دامەزراندنی سوسیالیزم .

چینی کەنکار لە کوردستان دا لە چوار پارچەی وولاتیکی داگیرکراو و دابەشکراودا ئەژی کە :

بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی کوردستان ، ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی چینایەتیان ، لەم قوناغەدا ، خوی لە رزگاری نیشتمانی و ئازادی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کومەڵایەتی دا ئەنوێنی

٢ لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا ، دەك رژیمی سیاسی خوی بەسەر بەشێکی نەتەوەی کورد لەگەڵ بەشێکی نەتەوەیەکیتر ، یان لەگەڵ چەند نەتەوەیەکیتر و چەندکە      نەوایەتەی تر

داسەپاندوە. ولەچوارچیوەی یەك سیستەمی ئابوری کومەلایەتی شیواو و ناهاوتاندا بەزوری حوکمی دیکتاتوری لەقالبی داون

بویە چینی کریکار لە هەر بەشیکی کوردستاندا، ئەرکی هاوخەباتی و یەکیتی تیکوشانی لەگەل کریکاران و چینە شورشگیرەکانی ئەو گەلانەی لەگەلیاندا ئەژی ئەکەویتە ئەستوی، ئەبی لە هەمو سەردەمیك دا هاوکاری و پشتیوانی خوی لە خەباتی برولیتاریای ئەو گەلانە و جولانەوەی شورشگیرانەیان، لەپیناوی رزگاری و دیموکراتی و سوشیالیزمدا جیبەجی بکا.

یەکخستنی هەمو کریکارانی سەرانسەری کوردستان لە چوار چیوەی یەك ستراتیجی هاوبەشدا، وە گریدانەوەی خەباتی هاوبەش و یەکیتی تیکوشانی کریکارانی کوردستان لەگەل کریکاران و کومەلانی خەلکی شورشگیری گەلانی ئەو دەولەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ئەبیتە هویەکی کاریگەر لە پیکهینانی جولانەوەیەکی شورشگیرانەی مەزن و کوردستانیش ئەکاتە قەلایەکی شورشگیرانەلە ناوچەکەدا.

هەلومەرجە بابەتی و خویی یەکان لە کوردستان وناوچەکەدا ئیتجاهی رودا وەکان و وەوتی گوران و گەشەکردنیان هەمو کریکارانی کوردستان لە بەرامبەر یەك ئەرکی میژویی و راستەوخودا یەك ئەخا، ئەویش چارەسەرکردنی تەواوی کیشەی نەتەوایەتی کوردە لە پیناوی تەواوکردنی ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانی و پیشکەوتنی کومەلایەتی و دریژەپیدان و بەستنەوەشی بە شورشی سوسیالیستیەوە.

٤ لە کوردستانی عیراقدا، کە لە ژیردەستی رژیمیکدایە

سەکەی سەرمایەداری دەولەتە، بورجوازی بیروکراتی تیایا دەسەلاتدارە، لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دا رەگەزپەرست ولەمەسەلەی ئازادییە دیموکراتیەکاندا رەفتا فاشیە.

بۆیە ڕامالینی دەسەلاتی ڕژیمی سەرمایەداری دەولەتی بورجوازی بیروکراتی لە کوردستانی عیراقداو دامەزراندنی دەسەلاتی دیموکراتی خەلك ئەرکیکی شورشی رزگاری نیشتمانیی کوردستانە ، دەربازبونی کوردستانی عیراق لەچەوسانەوەی نەتەوایەتی ، زەمینەیەکی لەبار بو سەرکەوتنی تەواوەتی شورشی رزگاری نیشتمانیی خوش ئەکا .

بە دریژایی ماوەی داگیرکردن و پارچەپارچەکردنی کوردستان و دیل کردن و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، کومەلانی خەلکی کوردستان خەباتیکی بیوچان و پر لە گیانبازییان دژی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بو مافی رەوای جویان کردوە ، بەلام هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان بە ئاگرو ئاسن روبەروی داواکانیان بونەتەوە، بە زەبری جەنگ و پەلاماردانی سەربازی سەرکوتیان کردون و پەلاماری کوردستانیان داوە ، کاولکردن و لەناوبردنیان خزانوەتە هەمو گوند و شار و شاروچکەیەوە، سامان و خیروبیری ولاتەکەیان تالان کردون، وەك هەمو داگیرکەریك دلیان بە ئازەدانی و سامان و مروڤەکانی کوردستان نەموتاوە

کومەلانی خەلکی کوردستان ، لە روی ئەو شیوە رەفتارەی داگیرکەراندا ، لە خوی هیرش و پەلاماردانی سەربازی ولە روی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و سرینەوەی شوینەواری نەتەوەیی کوردستاندا هیچ دەرفەتیکی خەباتی دیموکراتیان بو نەماوەتەوە ، ئەوسا ناچار بون کە پەنا ببەنە بەر خەباتی چەکدارانە،بویە خەباتی چەکدارانە بوتە شیوەی سەرەکی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان .

سەرەرای ئەوەی کە لە هەلومەرجی ئیستادا خەباتی چەکدار شیوەی سەرەکی تیکوشانە ، بەلام گورانی هەلومەرجی سیاسی ، ئابوری ، کومەلایەتی ، و تەرازوی هیزەکان لەهەر پلەیەکی

دیاریکراودا شیوەی سەرەکی و شیوەکانی تری خەبات بریار ئەدەن و ئەگورن ، وە لە هەمو حالەتیکدا ئەبی لە خزمەتی بەجیهینانی ئەرکی سەرەکی و ستراتیجی قوناغەکەدا بی کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان بە پیی جیهانبینی مارکسیزم ـ لینینیزم لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی بروتنەوەی بابەتی واقیعی ملموسی گەلی کوردستان و بەرژەوەندی جولانەوەی شورشگیرانەی گەلانی ناوچەکە دژی ئیمپریالیزم بەرنامەی خوی بو ئەم قوناغە دائەریژی ، بەبی ئەوەی ریگە بدا سیاسەتی کلکایەتی ئیتجاهە جوراوجورەکانی ناو بزوتنەوەی کومونیستی جیهان راستیەکانی لی ناوەژوو بکاتەوە و سەربەخویی سیاسی و ئایدیولوجی پی لەدەست بدا .

بویە خوبەستنەوە بە سەرەتا و راستیە گشتیەکانی مارکسیزم ـ لینینیزم و جیبەجی کردنی خولقینەرانەی لە هەلومەرجی دیاریکراوی کوردستان دا بەردی بناغەی سیاسەتی دروست و دژایەتی کردنی هەمو لادانیکی ریفۆرمیستی و دوگماتیستی و تەجروبەگەری ئەبی

# بەشی دووەم

١/١ كوردستان وولاتێكی داگیر و دابەشكراوە وكورد نەتەوەیەكی بارچەپارچەكراو و ژێردەستەیە ... لە ئەنجامی دابەش كردنەوەی دنیا لە نێوان دەولەتە ئیمپریالیستەكان دا ، پاش بەكەمین جەنگی جیهانی بەسەر چوار دەولەتی ناوچەكەدا تورکیا ، ئیران ، عیراق ، سوریا ) دابەشكراوە ، هەر پارچەیەشی بە زور لكیندراوە بە یەكیك لەو دەولەتانەوە .

٢/١ داگیركردن و دابەشكردنی كوردستان و زەوتكردنی هەمو مافە رەوا و دیموكراتیەكانی گەلەكەی و سەپاندنی سەخت ترین شیوەی چەوسانەوە و ئازاردانی چینایەتی ونەتەوایەتی . ەریدا گەورەترین هوی پاشكەوتنی ئابوری ، كومەلایەتی فەرهەنگی گەلی كوردستانە و ریگەی گەشەكردنی لە هێزی بەرهەمهینان و بەیوەندییەكانی بەرهەمهینان گرتوە ، بوبە مایەی شیواندنی ئەو گەشەكردنە نائاساییە لاوازەش كە بە دریژایی ئەو ماوەیە روی داوە .

٣/١ داگیركردن و دابەشكردنی كوردستان و پاشكەوتنی كۆمەلی كوردستان نەخشەیەكی ئیمپریالیزمە ، پێچەوانەی ویستی نەتەوەی كورد و بەرژەوەندی ئەو گەلانەشە لە چوارچێوەی ئەو دەولّەتانەدا كە بە زۆر پێوەیان لكێندراوە ، هەروەك هۆیەكی گرنگی شێواندنی زەمینەی گەشەكردن و پێشكەوتنی كۆمەلاّیەتیشیانە و هۆیەكی نائارامیی ناوچەكە و دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم لە كاروباری ئەو گەلانە و لە جولاّنەوەی رزگاریخوازانەی كوردستانیش دا .

١/٢ داگیركردن و دابەشكردنی كوردستان و كەرت و پەرت كردنی نەتەوەی كورد نەیتوانیوە بە تەواوەتی بەشەكانی كوردستان و كومەلەی لەیەك داببری . واقیعی سیاسی ، ئابوری ، كومەلایەتی تەواو جیاواز و لەیەكتر دابرا یەك بهێنی ،

بەڵکە ئەو سیاسەتە هاوبەش و لە یەکچووەی، داگیرکەران لە دژی نەتەوەی کورد پیرەوی دەکەن ، چەوسانەوە وپاشکەوتنی بەسەردا ئەسەپێنن ، نەک هەر توانای لە یەکتر برازانی پارچەکانی ــەبوە ، بەڵکە توانا نیکەڵ کردن و یەکخستنی ئەو بەشانەی کوردستا نیشیان نەبوە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزیەکان دا ٠

۲/۲ لە داگیرکردن و د بەشکردنی کوردستان چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی کورد و لە بەربەرەکانی و بەر هەڵستی خەڵکی کوردستان دژی ئەو چەوسانەوەیە، لەئەنجامی پیداویستیەکانی گۆران و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش جولانەوەیەکی رزگاریخوازانە لە هەناوی کۆمەڵی کوردستان دا پەیدا بوە ، چەندەها سەردەمی هەڵچون و نیشتکەوەی بە خوینەوە دبوە بە بی ئەوەی لە بزوتن بکەوی تا بوە بە جولانەوەی رزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی میژوکرد

۳/۲ جولانەوەی میژویی هەناوی کۆمەڵی کوردستان ، روو لە چارەسەرکردنی تەواو و بنەرەتی کیشەی نەتەوایەتی کوردستانە کە پارچەپارچە ناکری ، چارەسەرکردنی لە تەنها نارچەیەکیدا مانای چارەسەری بنەرەتی تەواو ناگەیەنی و تا مانجەکانیشی جیبەجی ناکات

٤/۲ چارەسەری بنەرەتی کیشەی نەتەوایەتی کوردستان ، بە سەربەستی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خویدا ئەکری کە ئەویش خوی لە رزگاری نیشتمانی کوردستان دا ئەنوینی و ئەبیتە هوی ئەوەی :

۱/٤/۲ زەمینەیەکی لەبار بو گەشەکردنی سیاسی و ئابوری و پیشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەوسوسیالیزم لە کوردستان دا کورد بکا

۲/٤/۲ کارنەسی چینایەتی بە شێوەیەکی لەبارتر بڕەخسێ بۆ خەملێنی خەباتی چینایەتی و بە ئاشکرا کەوتنە سەرشارێی

بەرەوپێشەوەبردنی جوڵانەوەی [illegible] چینی کرێکار و بەدیهاتنی دواڕۆژی [illegible] کارانی کوردستان

۳/٤/۲ دەسەڵات و دەستەمرۆی چەوسێنەری ئەو وڵاتانەدا کە نەتەوەی کوردیان بەسەرداد[illegible] بەش[illegible] کراوە لاوازتر ببێ، [illegible] ڕ وەها [illegible] و پایەگا و دەسەڵاتانەش بلەقێن [illegible] ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان لە [illegible] پێ بڵندویانە.

٤/٤/۲ هەر [illegible] کی [illegible] نی ئیمپریالیزم و لوت زە[illegible] کاروباری [illegible]

٥/٤/۲ گەڕ[illegible] لە [illegible] لەگەڵ کارانیسان لە هاوبەش[illegible] کردن لە [illegible] دان [illegible] نەتەوەی نەتەوەی کورد دە [illegible] هەلومەرج[illegible] بۆ سەرکەوتنی [illegible] بەدەشەکردنی کۆمەلایەتی ئەو [illegible] بکا

چارەسەرکر[illegible] ی [illegible] نەتەوایەتی کورد کلیلی گورانەکی گەورەیە لە ڕۆژهە[illegible] ستدا [illegible] ناری ناوچەکە بە قازانجی گەلان و شۆرشی [illegible] سیالیستی جیهان ئەبوری.

٥/۲ رزگاری نیشتمانی کور[illegible] ان و سەربەستی نەتەوەی کورد [illegible] کردنی مافی چارەنووسی خۆیدا، کە مانیـ[illegible] ڕ وا و [illegible] هەمو نەتەوەیەکی ژێر دەستە [illegible] هەر بیچەوانەی بەرژەوەندی و پاشە ڕۆژی گەلانی ناوچەکە بە [illegible]تی و کرێکاران بە تایبەتی نییە [illegible] ببێتە هۆی ناکۆکی و ناتەباییان، بەڵکە هۆیەکی [illegible] بی دە بەتین کردنی یەکیتی تێکۆشان و هاوخەباتی و پشتیوانی کردنی یەکتری لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و لە پێناوی رزگاری و [illegible] اتی و سوسیالیزمدا

٦/۲ جولانە[illegible] نیشتمانی [illegible] دستان لە [illegible] رزگاری [illegible] سەرکەوتنی [illegible] و [illegible] ئابسو[illegible]لیزم ئەلدەیە [illegible] رزگاری گەلانی

رزگاریخوازی دنیایە . کە بەشێکی گرنگی شۆرشی سوسیالیستی
جیهان پێك ئەهێنی بەشداری کرد کاریگەر و رابەرایەتی
کردنی ئەو جولانەوەیە لە لایەن کرێکارانەوە نوێنەرەوەی
گیانی راستەقینەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرولیتاریایە
لەسەر زەمینی کوردستانەوە

١/٢ قوناغی خەباتی ئێستای کوردستان ، قوناغی رزگاری
نیشتمانیی دیموکراتییە ، چونکە کورد وەکو نەتەوەیەکی
ژێردەست و پارچەپارچەکراو ، کوردستانیش وەکو
نیشتمانێکی داگیر و دابەشکراو ، جولانەوە مێژوییەکە ،
بەرەوپێشەوەچون و گوران و گەشەکردنی لە رزگاری
نیشتمانیی کوردستان و ئازادی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی
و دیموکراتیدا بەرەوسوسیالیزم ، خۆی ئەنوێنی

٢/٢ ئامانجی قوناغەکە ، رزگاری نیشتمانیی کوردستان و دا،
کردنی دیموکراتی و گەشەپێدانی کومەلایەتییە و بردنیەتی
بەرەوسوسیالیزم .

٣/٢ چینی کرێکار هێزی سەرکردە و جەماوەری رەنجدەرانی
کوردستان هێزی بنچینەیی جولانەوەکەن

٤/٢ هاوپەیمانیتی کرێکاران و جوتیاران بناغەیە و پەیمانی بەرەی
فراوانتری بەبنی ئەوان و بورجوازی بچوکی شار و
توێژی پێشکەوتنخوازی بورجوازی نیشتمانییە .

٥/٢ گورزی سەرەکی خەبات ئاراستەی داگیرکەران و ئیمپریالیزم
و نوکەرەکانیان ئەکری ، لە پێناوی هێنانەدی ئامانجی
گەورەی رزگاری نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتنەوە و
گەشەکردنی کومەلایەتی بەرەوسوسیالیزم .

١/٤ بەهێز کردنی پەیوەندیی هاوخەباتی و هاوکاری لەگەل هێزە
کوردستانییەکاندا بەگشتییەو لەگەل ریکخراوە ( م . ل )ە
کاندا بەتایبەتی لەچوارچێوەی ستراتیجیکی هاوبەشدا ،
و هەول دان بو گەشەپێدانی ئەو هاوخەباتییە [illegible]

مارکسیەلینینیەکانی سەرانسەری کوردستان بەرەو چەسپاندنی دەوری میژویی چینی کریکار لە سەرکردایەتی کردنی خەباتی شورشگیرانەی کومەلانی خەلکی کوردستان دا لەپیناوی رزگاری نیشتمانی کوردستان و گەشەکردنی کومەلایەتی و بردن و گەیاندنی بە سوسیالیزم ٠

٢/٤ بەهیز کردنی هاوکاری و یەکیتی تیکوشان لەگەل جولانەوەی چینی کریکار و هیزە پیشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی عەرەب و گەلانی تورکیا و ئیران بەگشتی و عیراق بە تایبەتی ٠ و برایەتی و هاوکاری لەگەل ئەو هیزانە وکەسە نەتەوایەتیەکان ، هەروەها بەهیز کردنی پەیوەندیەکان لەگەل هیزەکانی شورشی سوسیالیستی جیهاندا ٠ لە پیناوی رزگاری و دیموکراتی و سوسیالیزمدا ٠

# پاشکۆی چوارەم
# بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

- ئازادییە دیموکراتییەکان
- گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی
- ئاواکردنەوەی کوردستان

لەلایەن دووەمین کۆنفرانسەوە پەسەندکراوە    ئابی ١٩٨٢

تێبینی :

داڕشتنی بەرنامەکە بۆ دیاری و ئاشکرا و دەستە کردنی کۆمەڵ پەرەو سۆسیالیزم ، بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان لەسەر بنچینەی قانون و بنەڕەتە گشتییەکانی مارکسیزم - لینینیزم ، لە هەلومەرجی ئاڵۆزی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیادا .... مەسەلەیەکی گرنگ و کاریگەری هەیە . چونکە بە دەرفەتی کۆکردنەوە و شیتەڵکردنی ئاماری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەکان لە کۆمەڵەکەماندا دەبوو ، نەک لێکۆڵینەوە و نووسینی زۆر و دەوڵەمەندیش لەو بارەیەوە هەیە .... وا بەرنامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا کە لەلایەن دووەمین کۆنفرانسەوە پەسەند کراوە وەکو یەکەمین تاقیکردنەوە لەم مەیدانەدا پێشکەش بە کرێکاران و ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ئەکەین .

لەبەر ئەوە داوا لە هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە و دڵسۆزانی سۆسیالیزم و شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان ئەکەین کە تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاری خۆیانمان دەربارەی کەموکووڕییەکانی ئەم بەرنامەیە بۆ بنێرن تا بتوانرێ کەلێنەکانی پڕ بکرێنەوە .

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ناوەند -

# ئازادییە دیموکراتییەکان

١/١ هێنانەدی ستراتیجی ئەم قۆناغە و ئەرکەکانی ، بەبێ خستنەکاری وزەو توانای هەموو جەماوەری گەلەکەمان و ، بێ بێ دابین کردنی ئازادی بۆ کۆمەڵانی خەڵك و ، بەبێ بوونی هێزی پێشمەرگە کە پارێزەری قازانج و دەسکەوت و ئازادییەکانی گەل بێ ، کارێکی مەحاڵە .

٢/١ خۆشکردنی زەمینەی ژیانی دیموکراتی و ئازادی فیکر ئازادی ویژدان و دەربڕینی بیروباوەڕ ، ئازادی رۆژنامە نوسین ، ئازادی خۆڕێکخستنی سیاسی ، نەقابی ، کۆمەڵەی جوتیاران ، رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی خوێندکاران ، ئافرەتان ، مامۆستایان ، لاوان و ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵە و یانەی هونەرمەندان و ئەدیب و نوسەران و وەرزشکاران ...

٣/١ ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ کرێکاران و جوتیاران و کۆمەڵانی خەڵك .

١/٢ دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوایی لە هەموو لادێ و گوندێکدا ، وە ئەنجومەنی شار لە هەموو شارو شارۆچکەیەکدا ، بەرێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەربەست و نهێنی ، بەبەشداری هەموو ئافرەت و پیاوێکی بەرەوژووری ١٨ ساڵ ، بەبێ جیاوازی رەگەز و زمان و دین ، دوور لە دەستتێوەردانی دەسەڵاتی مەرکەزی .

٢/٢ ئەنجومەنەکانی ئاوایی و شارەکان ، کاروباری کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، کارگێڕی ... ، ئاوایی و شارەکانی خۆیان ئەگرنە ئەستۆ و سەرپەرشتی بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ناوچەکانی خۆیان ئەکەن لە چوارچێوەی پلانی گشتی وڵاتدا .

سەرۆکی [illegible] سیاسی
شارەکان بە ڕێگەی هەڵبژاردن دائەنرێن . وە لەکیسانی
سەربێچی و دورکەوتنەوەیان لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی
خەڵك و لە ڕێبازی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کوردستان بەرەو
سۆسیالیزم جەماوەری گەل بۆیان هەیە لێیان بخەن .

1/4 ئەنجومەنی گەلی کوردستان بەرزترین دەسەڵات ئەبێ لە
کوردستاندا ، بەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و سەربەست
و نهێنی ، بە بەشدار بونی هەمو ئافرەت و پیاوێکی
بەرەو ژووری ١٨ ساڵ ئەبێ جیاوازی ڕەگەز و زمان و دین
پێك ئەهێنری . ئەنجومەنی حکومەت کردن لە لایەن
ئەنجومەنی گەلی کوردستانەوە هەڵئەبژێردرێ و هەر
ئەوەشی پێ ئەسپێرێتەوە .

1/5 داوەری (قضاء) سەربەخۆ و دور لە دەستێوەردانی دەسەڵاتە
کانی تر ئەبێ .

1/6 دابین کردنی مافە دیموکراتی و ڕۆشنبیریەکانی کەمە
نەتەوایەتیەکانی کوردستان و خۆش کردنی زەمینەی
پاراستنی ماف و زمان و نەریتە نەتەوایەتیەکانیان .

٥

# گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

١/١ دابین کردنی خانوبەرە، بۆ هەمو خێزانێك ، بە کەمترین ڕادەی کرێ خانو بە گوێرەی دەسکەوتی مانگانەی هەر خێزانێك مەبێ ئەوەی ڕێگە بدرێ خاوەنێتی خانوبەرە بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بەکار بهێنرێ .

٢/١ دابین کردنی ئاو و کارەبا و تەلەفون و تەلگراف و زێراب و ڕێگا و بان و هۆکانی هاتوچۆ بۆ هەمو شار و شارۆچکە و ئاواییەك بە ڕادەی پێویست.

٣/١ دابین کردنی تیمارگە و نەخۆشخانە و دەرمانی پێویست بە نرخێکی هەرزان بۆ هەمو ئاوایی و شارێکی کوردستان و بۆ هەمو هاو وڵاتییەکی ، پەیدا کردنی پزیشك و پسپۆری شارەزای تەندروستی و پەروەردە کردنی پسپۆر و شارەزای کوردەواری بۆ خزمەتی هاو وڵاتیان و گەشەپێدانی باری تەندروستی .

١/٢ دابین کردنی کار بۆ بێکاران ، ڕامین کردنی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ، و دابین کردنی ژیان و گوزەران بۆ پێشمەرگە و پەك کەوتەکانیان و شۆڕخواردنی سەقەت و پەك کەوتەکانیان ، دابین کردنی ژیان و گوزەران بۆ خێزانی شەهیدان .

١/٣ دابین کردنی خوێندن بە خۆڕایی لە هەمو پلەیەکی خوێندنا بۆ هەمو خوێندکارێکی کوردستان.و دابین کردنی خوێندنی ئیلزامی بۆ هەمو کوڕ و کچێکی کوردستان تا کۆتایی پلەی سەرەتایی ، وە دابین کردنی مەڵبەندی خوێندەواری فێر کردن لە هەمو ناوچەیەکدا .

٢/٣ گرنگی دان بە بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردە ، بە

جۆرێکی وەها کە لەکاتی جێبەجێ کردندا گونجاو و جووت بێ و
لە واقیع و لە بواری عملی دا نەبڕێ ... هەروەها لایەنی
زانستی و قوڵ کردنەوەی ئیتوازی زانستی ئەکرێتە قوربانی
لایەنەکانی تری. سەرجەم بەرنامە و پراکتیکی لە خزمەتی
رزگاری نیشتمانی و دیموکراتی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا
بۆ بەرەو سۆسیالیزم.

٤ ئافرەت کەنیوەی کۆمەڵە وە دەورێکی بنچینەیی لەپەروەردە
کردنی رۆڵەکانی کوردستان دا ئەگێڕێ، تا ئێستا لە
بوارە جۆراوجۆرە ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا
جێگەی شایانی خۆی نەگرتووە. کۆمەڵە لەو روانگەیەوە
کە ئافرەت و پیاو، دەور و کار و خەباتیان بە یەکسان
تەماشا ئەکا:

١/٤ دابین کردنی ئازادی ئیش کردن لە هەمو کارێکی سودبەخش و
گونجاوردا، لە هەمو بوارێکی ژیانی کۆمەڵ دا بەبێ
جیاوازی، بەمەرجێ ئافرەت دوچاری کاری سەخت و گرانی
وەها نەکرێ کە توانای جەستەیی زۆری بوێ.

٢/٤ یەکسانی ژن و پیاو لە بەرامبەر هەمو مافێکی قانونیدا.

٣/٤ ئازادی پێکەوەنانی خێزان و هەڵبژاردنی هاوسەر پاش
تەمەنی ١٨ ساڵە.

٤/٤ هەوڵدان بۆ رێگە گرتن لە فرەهاوسەری.

٥/٤ یەکسانی ئافرەت و پیاو لە مەسەلەی تەڵاق و خەرجی
منداڵ دا.

٦/٤ چاودێری و یارمەتی دانی ئافرەتی دوگیان و دورخستنەوە
یان لە کاری قورس و دابین کردنی ١٦ هەفتە پشودان بە
موچەی تەواو و بژیان بەلای کەمەوە.

٧/٤ غەمخواردنی دایکی منداڵبەر، هەم لە پشو پێدان و
هەم لە کەم کردنەوەی یەک سەعات رۆژی کاردا.

١/٥ غەم خواردنی ساوایانی کوردستان و قەدەغە کردنی ئیش

کردن بەو هەرزەکارانەی کە تەمەنیان لە ١٦ ساڵ کەمترە٠

٢/٥ دابین کردنی مەڵبەندی ئاگاداری کردن و بەخێو کردنی ساوایان بە رادەی پێویست٠

٣/٥ ئاگاداری کردن و ـەور خواردنی منداڵانی کوردستان وبەرەپێدانی ئاستی زانستی و هونەرییان و دابین کردنی باغچەی ساوایان بۆ خوێندن و خوێندنی هەمو ساوایانی کوردستان بە بێ جیاوازی٠

١/٦ دابین کردنی یانەی زانستی و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوردستان٠

١/٧ گەشەپێدانی فەرهەنگی کۆمەڵی کوردستان بە شێوەیەك کە هەم تاوەدانەوەیەکی تەواوی ڕێبازی رزگاری ودیموکراتی و سۆسیالیزم بێ لە کوردستان دا، هەم زەمینە خۆشکەری هێنانە دی و دامەزراندنی بێ٠

٢/٧ گرنگی دان بە ئیسکە و تەلەفزیۆن و شانۆ و هونەرە جوانەکان و سینەما و رۆژنامەگەری، و پەرەپێدانیان٠

٣/٧ پاراستنی سامان و فەرهەنگی نەتەوایەتی و شوێنەوارە کۆنینەکان و پاشماوە کۆنەکان، و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی باقی پاشماوە و شوێنەوارە مێژووییەکان و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی مۆزەخانەی کوردستان٠

٤/٧ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی جۆراوجۆر و پاراستنیان لە فەوتان و لەناو چون٠

# ئاواکردنەوەی کوردستان

- ١ -

بۆ ئەوەی ژیانی دانیشتوانی دێهات بە جۆرێکی ریشەیی لە هەموو ڕوویەکەوە بگۆڕێ و بنچینەکانی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە هەڵتەکێ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی بۆ پێشەوە ببرێ و ژیانێکی نوێ لە دێهاتدا دابمەزرێنرێ پێویستە پلانێکی نوێ دابنرێ بۆ ئاواکردنەوە و گەشەپێدانی سەر لە نوێی گوندەکانی کوردستان بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەو گۆڕانە ریشەییە دابین بکا بەوەی :

١ لە ناوچە دێهاتییەکاندا پلان دابنرێ بۆ دروستکردنی ئاوایی نوێی گەورە لەو گوندە بچوکانەی لە نزیک یەکن .

٢ ئاواییەکان لە شوێنی لەبار و گونجاودا بە رەچاوکردنی باری جوگرافی ناوچەکە دروست بکرێن .

٢ هەر ئاواییەک پێک بێ لە ٣٠٠ _ ٥٠٠ ماڵ .

٤ لە هەر ئاواییەکیاندا ئەنجومەنێک بە هەڵبژاردنی ئازاد و نهێنی ئافرەت و پیاوی بەرەوژووری ١٨ ساڵ پێک بهێنرێ .

٥ ئەنجومەنی ئاوایی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ئاواییەکە ئەگرێتە ئەستۆ .

٦ هەر ئاواییەک قوتابخانە ، جێگەی عیبادەت ، تیمارگە ، هەڵبەندی بەیتەری ، هۆڵی کۆبوونەوە ، وەحدەیەکی میکانیکی (تراکتۆر ، دەڕاسە ، بەلدۆزەر ، شۆفل ......) ، پۆستە ، پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و ئاودێران ، پڕۆژەی کارەبا ، بازاڕ و هەندێ تاڕێی بۆ دابین بکرێ .

٧ هەموو ئاواییەک هەڵبەندێکی دیفاعی ڕانی لە خەڵکی

بەکدار دەکرێ زیاتر [illegible] بەرزی .

٨ ئەنجومەنی ئاوایی سەر لە نوێ زەوی و زار و بیر و بیراوان و حەوزگا و کاریاوەکانی ئاوایی دابەش ئەکاتەوە بەسەر جوتیارانی ئاواییەکەدا .

٩ ئەو کەسانەی لە بریتی زەوی‌وزار و رەز و باخی خۆیان پارەیان لە دەولەت وەرگرتوە ، ملکەکەیان ئەبێتە ملکی گشتی ئاواییەکە .

١٠ زەوی‌وزار و کانی و بیر و باوانی ئەو جوتیار و ملکدارانەی ئاواییەکان بەجێ ئەهێڵن و ئەچن لە شارەکان نیشتەجێ ئەبن ، ئەبێتە ملکی گشتی ئاواییەکە .

١١ گرنگی دان بە بڵاوکردنەوە و پەیڕەو کردنی ڕێگەی زانستی کشتوکاڵ لە تۆو وەشاندن و بەروەردەکردن و هەڵگرتن و گواستنەوەی بەروبوم دا ، وە بەکارهێنانی کودی کیمیاوی و چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران بۆ داهێنانی ڕێوشوێنی نوێ .

١٢ هەوڵدان بۆ ماکینەدار کردنی کاروبارە جیاجیاکانی کشت و کاڵ و دابین کردنی ماکینەی پێویست بە رادەی تەواو بۆ ئەو مەبەستە .

١٣ لە هەر ئاواییەک دا بە گوێرەی ئەو کەرەسە خاوانەی تێیدا یەتی هەوڵ ئەدرێ بۆ دامەزراندنی پیشەسازی کشتوکاڵی (دۆشاو ، کەلوپەلی لۆکە ، رۆن ، معلبات ، کاغەز ، عصیر ...) و پیشەسازی حەیوانی ( سابون ، کەلوپەلی چەرمین ، کەلوپەلی خوری ، کود ، ئالیک ، معلبات ... )

١٤ خۆشکردنی زەمینەی پێکهێنانی کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی جوتیاران و هاندانی جوتیاران بۆ پێکهێنانی کێڵگەی بە کۆمەڵ لەو ئاواییانە دا .

حکومەتی عیراق لە ڕوانگەیەکی ڕەگەز پەرستانەوە بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستانی ڕاگوێزاوە بە نیازی ئەوەی کوردستانی عیراق لە پارچەکانی تری کوردستان دابڕێ و یەکێتی نەتەوەیی کورد کەرت و پەرت بکا وە هەلومەرجێکی دژوار بۆ جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە ساز بکا ، وە سەدان هەزار جوتیاری لە زەویوزاری خۆیان و لە کار و بەرهەم هێنان دور خستۆتەوە و لە ئۆردوگای زۆرە ملێ و سەربازی دا کۆی کردونەتەوە · بۆیە ئەبێ خەبات بکەین :

بو گێڕانەوەی دانیشتوانی دێهاتە چۆڵکراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان ·

٢ لە سەرانسەری ناوچە ڕاگوێزراوەکان دا ئاوایی نوێی گەورە دابمەزرێ کە پێک بێ لە ٣٠٠ _ ٥٠٠ ماڵ بە بێ ئەو ڕێژەیەنانەی بۆ ئاواییەکانی تر دانراون ·

٣ بۆ پەرەپێدان و فراوان کردنی سەرچاوەکانی ئاو و جۆگا و سود وەرگرتنی زانستی و نوێ لەو سەرچاوانە ·

١/٣ دروستکردنی بەستی ئاو لە سەر ڕوبارە بچوک و گەورەکان کە هەم بۆ ئاوداشتنی کشتوکاڵ سودی لێ وەربگیرێ وە هەم بۆ دامەزراندنی ئیستگەی کارەئاوی ، بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ·

٢/٣ دروستکردنی تەنکێلی گەورە بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئاوی زستانە لەو شوێنانەدا کە ئاوی زۆری تیا کۆ ئەبێتەوە ·

٣/٣ گرنگی دان بە هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی ·

١/٤ گرنگیدان بە دامەزراندنی پیشەسازی کشتوکاڵی و کردنەوەی کا_گەی بچوک بۆ هاندان و گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی پیشەسازی حەیوانی بۆ هاندان و گەشەپێدانی سامانی ئاژەڵی و هاندانی خەڵکی دێهات بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ ·

١١

[illegible] هوشیار کردنەوە [illegible]
ری بەهاندانی جوتیاران لە بەکارهێنانی ڕێوشوێنی و
کەرەستەی نوێ و زانستی کشتوکاڵ دا .

٣/٤ گرنگی دان بە زیادکردن و پەرەسەندنی رەز و باخ و بیستان
وە بەرێوشوێنی زانستی پەروەردەکردن و پارێزگاری یان .

٤/٤ گرنگیدان بە بەخێوکردنی باڵندە و بەرزەی ( دواجن ) .

٥/٤ هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ڕێوشوێنی زانستی لە بەخێو
کردنی هەنگ و پەرەپێدانی دا .

٦/٤ پاراستن و سود وەرگرتنی زانستی لە جەنگەڵ .

- ٢ -

گەشەپێدانی پیشەسازی لە کوردستان دا ، لە نوانای مرۆیی
و سامانی سروشتی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و رادەی کەڵەکەبوونی
سەرمایەوە دەست پێ ئەکا ... لە پیشەسازی سوك و تایبەت
بە دابین کردنی پێویستیەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵك بەرەو
پیشەسازی ناوەنجی و ئەنجا قورس .

١/١ گرنگی دان بە پیشەسازی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئاژەڵ بە
هۆیەکی فراوان .

٢/١ گەشەپێدانی پیشەسازی کەرەسەی خاوبەرە (المواد الانشائیه)
کە هەم کەرەسە سەرەتاییەکانی لە کوردستان دا زۆرن ، هەم
ئاوەدان کردنەوەی وڵات و گەشەکردنی دارستانی پێویستی
بەو جۆرە کەرەسەیە زۆرە ، دابین کردنیشی باری خەرجی
وڵات سوکتر ئەکا .

٣/١ دامەزراندنی کارگەو پرۆژەی پیشەسازی کشتوکاڵی وەحەیوانی
و مەعدەنی لە نزیك مەڵبەندەکانی خۆیانەوە .

١/٢ کوردستان وڵاتێکە سامانێکی ژێرزەمینی زۆری لە پەترۆڵ
و گازی سروشتی ، خەڵوزی بەردین ، ئاسن ، مس ،
فۆسفات ، گۆگرد ، [illegible]یوم ، [illegible] هەیە ، بۆیە ئەبێ

گرنگیەکی تایبەتی بدرێ بە پیشەسازی دەرهێنانی ئەو کەرەسە ژێرزەمینیە ، بە مەرجێ بەرادەی پێویست و دەرهێنانی لە سنوری پێویستیەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵ تێپەڕ نەکا .

٢/٢ دابین کردنی تۆڕێکی ڕێگاوبانی هاتوچۆ، بۆ جێبەجێکردنی هێنان و بردنی پێویستیەکانی گەشەکردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازاڕ و بازرگانی .

٣/٢ گرنگی دان بە پیشەسازی ئاسن و مس و گۆگردو پیشەسازی پەترۆکیمیاوی و دابین کردنی پێویستیەکانی پرۆژەی گەورە و قورسی پیشەسازی لەو بوارانەدا ، وەکەڵک وەرگرتن بۆ مەبەستی سەرکەوتنی ئەو پرۆژە گەورانە لەباشترین جۆری تکنۆلۆجیا و شارەزای بێگانە .

١/٣ دانانی نەخشەیەکی ڕێکوپێکی مەرکەزی بۆ هاوئاکردنی پیشەسازی سوک و ناوەنجی و قورس هەبێ فەراموش کردنی بناغەیەکی پیشەسازی ئەوتۆ کەدامەزراندنی سوشیالیزم ئاسان بکا .

٢/٣ هاندان و بەگەڕخستنی هەمو وزە و سەرمایەیەکی نیشتمانی لەپێناوی گەشەپێدانی ئابوریدا .

٣/٣ پەروەردەکردنی کادری هونەریی شارەزا لە هەمو ئاستێکدا و سود وەرگرتنیش لە شارەزایی و تەکنۆلۆجیا و توانایی باشی و پێشکەوتوی بێگانەش .

١/٤ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بانکێکی مەرکەزی لە کوردستاندا، وە بەستنەوەی بانکەکانی کەرتە ناوچەییە جۆراوجۆرەکان پێوەی ، و جێبەجێ کردنی ئەرك و فرمانە مەسرەفیی و داراییەکان لە ڕێگەیانەوە ، هەروەها ڕێکخستنی ئەرکی ( تسلیف )ی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی بەهۆیەوە.

١/٥ پێڕەوکردنی نەخشەیەکی دارایی ئەوتۆ کە وڵات لە گیروگرفتی مالی و شکست و نەتوانایی دارایی بە دوور بگرێ ەو

[illegible] کە یەمداری دووبـــارە
[illegible]

[illegible] بازرانی ناوچە کـە گونجـــان و
[illegible] ئابووری نێوان هەردوو جۆرا وجۆرەکـــان زامن
بکـــان .

★ ★ ★

لەبڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان

## پاشکۆی پێنجەم
## ئاگاداری دەربارەی لێدوانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ

ئاگاداریەك
دەربارەی لێدوانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخوی ک

یەکەم ـ دەربارەی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێشکەوتنی کۆ
بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی

١ ـ مەسەلەی بەرنامەی هەر رێکخراوێك یەکێکە لەو مەسەل
کە ژیانی رێکخراوەکە و رەوتی بەرەو پێشەوە چونی خۆی و
شۆرشگێرانەی گەلەکەی و گۆرانی کۆمەڵەکەی پێوە بەندە
یەکی گرنگی پێناسی جیهانبەتی و جۆری جیهان بینی و بیر
رێکخراوەکەی بۆ سەرجەم مەسەلەکانی ژیانی مرۆڤ لەو کۆمەا
بەرنامە هەمیشە گرنگی یەکی ژیانی بریاردەری هەیە لە م
پێویستی مان و نەمانی هەر رێکخراو یا حیزبێك دا ٠
٢ ـ بۆ یەکەمین جار لە مێژوی خەباتی شۆرشگێرانەی گەل
لە ئەنجامی کەڵەکە بون و گەڵاڵە کردنی تاقیکردنەوەی دەی
خەباتی بێ وچان و پڕ لە قوربانی دانی کۆمەڵانی خەڵکی کو
لە پێناوی رزگاری نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا ،
رەنجدەرانی کوردستان لە دوەمین کۆنفرەنسی خۆی د
رۆشنایی یاسا گشتیەکانی م.ل و هەلومەرجی تایبەتی
دا بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوە
بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردستانی پێشکەش کرد

٣ - بیروڕا و هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی کۆمەڵە ، هەر لە یەکەمین کۆنفرەنسەوە خرایە بەردەمی ئەندامانی کۆمەڵە بۆ لێدوان و تاو و توێ کردن و دەوڵەمەند کردنی لێکدانەوە و بۆچوونەکان . کە لە سەر دەستی لیژنەیەکی تایبەتی دا خرایە قالبێکی ڕێکوپێکەوە ، گەڵاڵەی بەرنامەکە ، پاش لێکۆڵینەوە و لێدوانێکی زۆر ، لە لایەن ئەندامانی دوەمین کۆنفرەنسەوە پەسەند کرا ، ئەوسا بڵاوکرایەوە و خرایە بەردەمی ئەندامان و تێکۆشەرانی کۆمەڵ و گەلەکەمان بۆ تاقی کردنەوەی لە جێ بەجێ کردن دا . وە داوا لە هەمو ئەندامانی کۆمەڵە و ڕوناکبیرانی گەلەکەمان کرا کە بیروڕا و باری سەرنجی خۆیانی لەسەر دەرببڕن تا بتوانین لە دەرفەتێکی تردا کەلێنەکانی پڕ بکەینەوە ، چونکە جگە لەوەی هەندێ کەس لایان وابو بە پەلە داڕێژراوە. دەرفەتی تەواوی بەشداری کردنیان نەبوە لە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆیان دا لە سەری ، هەمیشە گۆڕانی هەلومەرجی وڵات و گەشەکردنی کۆمەڵ و لێدوان و گفتوگۆ کردن و ئاڵوگۆڕی بەند و بڕگە و بۆچونەکانیشی بە پێی گۆڕانە نوێیەکان هەمیشە دەوڵەمەن تری ئەکات و چاکتر ئەیگونجێنێ لەگەڵ پێویستیە بابەتیەکانی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵ دا .

٤ - تا ئێستا هەندێ تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاری باش لە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە هەم لە سەر بەرنامە و هەم لە سەر پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بە ناوەندی کۆمەڵە گەیشتون ، بەڵام لە چاو ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە و کەرت و ڕێکخراوەکانی دا کەم و ناتەواوە .

٥ - بۆ ئەوەی هەمو ئەندامانی کۆمەڵە بتوانن بەشداری بکەن لە پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکورتی بەرنامەکەی کۆمەڵەدا . داوامان وایە ئەم چەند مانگەی داهاتو تەرخان بکەن بۆ دراسەکردن و لێکۆڵینەوەی تیۆرتەسەلی بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد و بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی کوردستان . وە لە بەر ڕۆشنایی یاسا گشتیەکانی تیۆری شۆرشگێرانەی م.ل و واقیعی تایبەتی

کوردستان و تەجروبەی گەلانی دنیادا هەرچی بیرو بۆچون ، رەخنە و پێشنیار و زیاد کردن و لابردنیان لە سەری هەیە بە تاك تاك یان وەکو شانە و پۆل و کەرت بە راپۆرت و نامە تا ١٩٨٣/١٢/٣١ رەوانەی ناوەند ـ ی بکەن .

## دوەم ـ دەربارەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە

١ ـ پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە ، کە زیانی ناوخۆی کۆمەڵە رێك ئەخا ، پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانی ، پەیوەندی ئەندامان و ئۆرگانەکانی رێك ئەخا و ئەرك و مافەکانی ئەندامانی و شێوەی بون بە ئەندامی کۆمەڵە دیاری ئەکا ، دەستوری ژیانی رێکخراوەیی کۆمەڵەیە ، لە یەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەدا پەسەند کراوە ، وە لە لایەن دوەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەوە دەستکاری کراوە و خراوەتە بەر کاری جێ بەجێ کردن .

٢ ـ بێگومان تاقیکردنەوەی رێکخراوەیی خەباتی ژێرزەمینی شارەکان و تاقیکردنەوەی رێکخراوەیی کەرت و رێکخراوەکان لە ناوچە رزگار کراوەکاندا توانیویانە لە ماوەی سالی رابوردودا گەلێ لە کەم و کورتیەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و گونجاوی یا نەگونجاوی بەندەکانی لەگەڵ هەلومەرجی جیاجیای خەباتی شار و شاخ نیشان بدەن ، بۆیە داوامان وایە لە هەمو ئەندامانی کۆمەڵە ، تاك تاك یان وەکو شانە و پۆل و کەرت باری سەرنج و تاقیکردنەوە و رەخنە و پێشنیارەکانیان لەو بارەیەوە تا ١٩٨٣/١٢/٣١ رەوانەی ناوەند ـ ی بکەن .

## سێیەم ـ کۆکردنەوە و رێکخستنی ، لێکۆڵینەوە و نامەکان

ناوەند ـ ی کۆمەڵە لیژنەیەکی تایبەتی پێك ئەهێنێ بۆ دراسە کردن و لێکۆڵینەوە و پۆل پۆل کردنی هەمو ئەو بیرورا و رەخنەو پێشنیارانەی کە دەربارەی بەرنامە یا دەربارەی پەیڕەوی ناوخۆ بە ناوەند ئەگات تا لەبەر رۆشنایی ئەو بیرو بۆچونانە دا گەلاڵەیەکی تازەتر و رێك

و پێک تر لە تەک نامەکانی ئەندامان دا پێشکەش کۆنفرەنسی داهاتوی کۆمەڵە بکا .

هیوادارین هەمو ئەندامان و شانەوپۆل و کەرت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە ئاستی گرنگی ئەو مەسەلە گەورەیەدا بن و بە زانایی و ژیری ، بە هوشیاری و تێگەیشتنەوە ، بە پەرۆش و بەتەنگەوەهاتنێکی قوڵ و لێپرسراوانەوە بکەونە گفتوگۆی بەردار و لێدوانی بە سود و تاوتوێ کردنی زانستی هەمو بەند و بڕگە و بۆچونەکانی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ بە ڕێکوپێکی لە نامە و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی تایبەتی دا بیخەنە سەر کاغەز و تا کاتی دیاریکرا و بیگەیەنن بە ناوەند .

کۆتایی تەمموزی ١٩٨٣

کومیتەی سەرکردایەتی
کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

٤

## پاشکۆی شەشەم
## دەربارەی هەندێ لایەنی رێکخراوەیی و پێشمەرگەری

### ئەی کریکاران و گەلانی زورلیکراوی دنیا یەکگرن

بلاوکراوەی ناوخو
تەنیا بو ئەندامان
ژمارە - ٢

### دەربارەی هەندی لایەنی ریکخر،وەیی و پیشمەرگەیی خەباتی کومەلە

سالی
دامەزرانی کومەلە لە زروفی ئەوکاتەدا ، وە گەشەکــردن و پەرەسەندنی هەروا کاریکی ئاسان نەبو . کومەلە بە گویرەی ئارەزوی چەند کەسیکێ و بو بەسەر بردنی کات و خومەشغول کردن دانەمەزرابو . بەلکو کومەلە لە ئەنجامی هەلسەنگاندنی باروزروفی ئەوکاتە لەبەر تیشکی تیوری م.ل ، وە هەلسەنگاندنی جولانەوەی کورد و بەراوردکردنی تەجروبەکانی گەلەکەمان و دەرهینانی دەرس و پەندی شکان و ژیــر کەوتنەکانی بەپیی تیوری م.ل ....ە---نکێ هاتبو .

لەبەر ئەوە کومەلە ئەبوایە ریسخراویکێ بی ، بیناى سیاسی و ئایدیولوجی و ریکخراوەیی هاوئاهەنگێ و منسجم بیت واتە لەیەکێ بچیت و بەپیی سەرەتاکانی ریکخستنی م.ل ریکێ بخری .

کارکردنی کومەلە هەروا ئاسان نەبو . چونکە جگە لــــەوەی ئازادی دیموکراتی نەبو، کومەلە نەی ئەتوانی بە ئاشکرا ئیــــش بکات یا بوچون و بیروراو هەلویستی خوی لە روداوەکان دەربــری ، هەروەهــا ســنوری جـالاکی و ئیشکردنیشی زور تەسکێ بو، چـونکـە ئاشکرابونی ریکخراویکی وەها هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا ئەبو بە هوی وردوخاش کردنیەوە لەلایەن داودەزگاکانی شورشەوە، بەتا - یبەتی پاراستن لەلایەکێ ، وە لەلایەن داودەزگاکانی حکومەتی عیرا - تەوە لەلایەکی ترەوە، ئەمە جگە لەوەی حزبی شیوعیش ئەهات بەگژیا .

لەکوردستاندا پارلەمان و خەباتی پارلەمانی نیە، ئازادی کوبونەوە و کور بەستن و خوپیشاندان نیە ، ئازادی بلاوکردنــــەوەی گوفار و روژنامە و چاپەمەنی نیە، ... ریگەی قانونی و نیمچــە قانونی بو کەلکێ وەرگرتن لە چالاکی سیاسی ئاشکرا نیە ...
قوناغی دەسپیکردنی کومەلە زور دژوار بو.

کومەلە بەهیچ جوریکێ ماوەی خونواندنی نەبو، مـاوەی بــلاو کردنەوەی گوفار و روژنامە نەبو، ماوەی کوبونەوە و کوربەســتنـی نەبو، نەی ئەتوانی سوذ وەربگری لە رادیو و تەلەفزیون ... جـــا بلاوکردنەوەی بیروباوەر و دوزینەوەی لایەنگر و راکیشان و ریکخستن

-١-

و پەروەردەکردنیان لە هەلومەرجێکی وەهادا بەبێ گومان کارێکی زۆر زەحمەت و پشودرێژی ئەوێ .

لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا ، هەر ساڵی یەکەم کۆمەڵە توانی چەند شانە و کۆمیتە لە شارەکانی کوردستانی عیراق دا پێکبهێنی و بەرنامەی هوشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی سیاسیان بۆ دیاری بکات و دەیان ئەلقەی ڕوشنبیری لە دوست و لایەنگر پێکبهێنی...

بێ گومان کۆمەڵە ، وەکو ڕێکخراوێکی بچوک کە خۆی ئامادە ئەکرد بۆ خەباتێکی سیاسی و ئایدیولوجی و ڕێکخراوەیی درێژخایان نەئەبو سنوری ڕێکخستنەکەی فراوان بکات ، بەڵکو ئەبوایە زۆر بە ژیری و وریایی و هوشیاریەوە هەنگاو بنێت و دوست هەڵبژێری بو ئەوەی لەوەدا بە هەڵە نەچێت و "لەدەس دەرچونی" یەکێک لەوانە ببێتە هوی کارەساتێک بو کۆمەڵە کە هێشتا خوی نەگرتوە ، بۆیە گەشە کردنی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بەژمارە کەم بو ، وە بگرە زۆر کەمیش بو لەچاو ئەو دەیان هەزار کەسانەی کە لەدەورەی حزبەکانی وەکو پارتی و شیوعی کوببونەوە .

هاوڕێکانی کۆمەڵە هەم بو ئەوەی خویان لەچاو ورا و بپارێزن ، وە هەم بو ئەوەی کە تێکوشەری شورشگێری نوی بو کۆمەڵە بدوزنەوە ، وە هەم بو ئەوەی تەئسیری ئیجابی و پێشکەوتنخوازانەیان هەبێ چەندین کەسیان تێکەلاو بون بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی لاوان ، قوتابیان ، ماموستایان ، ئافرەتان ، کرێکاران وە تەنانەت هەندێکیان لەناو پارتیدا مانەوە .

بینای تەنزیمی کۆمەڵە هەر لە ساڵی یەکەمەوە بەپێی سەرەتا تەنزیمییەکانی ڕێکخستنی م.ل، واتە سەرەتای ناوەندیتی دیموکراتی ، ڕەخنە و ڕەخنەلە خو گرتن ، زورایەتی و کەمایەتی ، تدرجی تنزیمی دامەزرا بو ئەوەی یەکێتی ڕێکخستن ، یەکێتی بیرورا ، یەکێتی ویست و ئیرادە ، وە یەکێتی کردەوە بەدی بهێنی .

بێگومان لە هەلومەرجێکی وەکو ئەوساکەی کوردستاندا ، شتێکی ئاسایی بو کە چەندین گیرو گرفت بێتە پێشەوە ، وە لەوانە فکری و ئایدیولوجی ، هێشتا کۆمەڵە لەساڵی یەکەمی تەمەنیا بو کە لەناو سەرکردایەتییەکەیدا ناکوکییەکی توندوتیژ دروست بو لەسەر مەسەلەی تەبیعەتی کۆمەڵە و سنوری کارکردنی سیاسی ، کە ئاخو کۆمەڵە ئەبێ ڕێکخراوی چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی کوردستان بێ ، یاخود ئەبێ ڕێکخراوی چینی کرێکاری عیراق بێت ، وە لەمەدا قیادەی مەرکەزیش لە پەناوە هەندی لەوانەی هان ئەدا و دەستی ئەدا بە پشتیاندا بو ئەوەی کە یان هەمو ڕێبازی کۆمەڵە بگورن و لەئەنجامدا یەکی بخەن لەگەڵ قیادەمەرکەزی ، یاخود هیچ نەبێ بەشێکی لێ داببڕی ..لەپاش گفتوگویەکی درێژ لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا ، هەرئەوزەمانە بەپرس و ڕایەکی گشتی ئەو چەندکەسە لە سەرکردایەتی کۆمەڵە دورخرانەوە و ئەوانیش هەندێکیان پەردەیان لەروی خویان هەڵماڵی و ڕاستەوخو چونە قیادە مەرکەزییەوە ، وە هەندێکی تریشیان کەوتنە هەوڵدانی ڕێکخستنێکی عیراقی و تائێستاش هەر نەیەیان دی بێ ئەوەی هیچیان کردبێ بەهیچ

— ٢ ...

دەرچوی بەم دەستەیە لە کومەلە، نەکە هەر زیانی لەدومەلەنەدا و لاوازی نەکرد، بەلکو بەهیزتری کردچونکە پاکبوەوە لە ئاژاوەیەکی فیکری قول کە ئەمانە هەمو کومەلەیان پیوە مەشغول کردبو..

کومەلە لەو قوناغەدا ئورگانی نەبو، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبو کە نەی ئەتوانی بەلکو لەبەر پاراستنی نهینی ریکخراوەکە بو، جونکە کومەلە هەر لە سەرەتاوە بریاری دابو کە وەکو ریکخراویکی نهینی کار بکات و تا ئەو کاتەی خوی بە گەیشتوی ئەزانی خوی نە لەلای کومەلانی خەلکەوە نە لەلای حزب و تاقمەکانی تر ئاشکرا نەکات، بەلکو هەر وەکو تیا ریکی فیکری پیشان بدری.

لەماوەی ئەو چەند سالەدا جەند بلاوکراوەیەکی کەم کە بو ریکخستن پیویست بون ، بلاوکرانەوە لەوانە دەستوری کومەلە و چەند نامیلکەیەکی وەرگیرراوو چەند نەشرەیەکی تر کە ئەمانەش بەتەنیا بو ئەندامەکان و ئەلقەکان بون ، لە راستیدا لەم قوناغەدا بو پەروەردەکردنی ئەندامانی کومەلە زورتر لەوەی کە بایەخ بە سەر چاوە ئەصلییەکانی م.ل واتە کتیبەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین بدری ، زورتر تەرکیز ئەکرایە سەر نوسینەکانی ماو تسی تونگ و تەجروبەکانی چین ، وە تەنانەت ئەو بەلگە نوسراو و چاپکراوەکانی ئەوکاتە ئیستا کەلکی بلاوکردنەوەیان پیوە نەماوە. سالی ١٩٧٣ سی ٣ ژمارە لە بلاوکراوەی ئالای سور دەرچو، ئالای سور هەر زوو راوەستینرا چونکە ئەبو بەهوی ئاشکراکردنی پیش وەختی لەبار و لیدانی لەلایەن دوژمنەوە .

لەبلاوکراوەی ئالای سوریشدا ، چەپرەوییەکی زور توندوتیژ،وە طابعیکی ماویستی توخ هەستپی ئەکری کە ئەمانە خوی لە خویا بە لگەی ئەوەن عیشتا کومەلە وەکو پیویست گەشەی نەکردبو لە مەیدانی ئایدیولوجی دا ، وە تەجروبەی زوری پەیدا نەکردبو لەمەیدانی کار کردنی عەمەلیدا .

کومەلە ئەبوایە هەولی تەواوی خوی بخاتە نا و کریکاران و رەنجدەرانەوە، بەتایبەتی لەلادی کە لە کوردستاندا لەبەر چەندین هو ئەهمیەتیکی تایبەتییان هەیە، بەلام لە راستیدا ترکیزی کردبوە سەر خویندەواران و زانستگاکان و کونە جەلالییەکان ...لەبەر ئەوە نەی توانیبو وەکو پیویست رەگدابکوتی لە دیهاتدا ، وە نەی توانی رەگدابکوتی لەنا و کریکاران و رەنجدەران دا و کومەلە لە روی پیکهاتنی ئەندامەکانیەوە لە پلەی یەکەمدا لە خویندەوارانی شورشگیر پیکهاتبو.

کارکردنی تەنزیمی کومەلە لەم قوناغەدا ، لەچاو ئەوەدا کە دەیان هەزار کەس بەشدار بون لە جولانەوەی شورشگیرانەدا زور کەم بو، بەلام لەچاو هەلومەرجی ئەو سای کوردستاندا کە بیروبەاوەری یەمینی زال بو بەسەر میشکی خەلکا و داوودەزگای پارتی و پارا ستن دەستی گرتبو بەسەر کوردستاندا ، زورباش بو.

هاوریبانی کومەلە لەم قوناغەدا بەو پەری زیری و هوشیار یەوە کاریان کرد، بەجوریکی ئەوتو ناحەز و دوژمنەکانی کومەلە

نەیان توانی سەرەداویکی ریکخستنەکەی بدوزنەوە ، هەرچەندە جار و بار لەم لا و لەو لاوە بونی شتیکیان ئەکرد بەلام هیچ بەلگەیەکیان نەکەوتە دەست بیکەن بە بەهانە بو لیدانی .

لەم قوناغەدا کومەلە دەیان ئەندامی پەیداکرد و بی گەیاند، ریکخستنی لە سلیمانی و کەرکوک و هەولیر و بەغدا و خانەقین و دهوکدا مەزراند ، تەنانەت لەنا و هەندی لە ریکخراوە دیموکراتیکاندا وەها جیگەی خوی کردبووەوە ، کە لە هەلبزاردنی ئازاددا ئەندامەکانی کومەلە دەرئەچون و ئیشیان ئەگرتە دەست بە تایبەتی لە یەکیتیی قوتابیاندا لە زانکوی سلیمانی ولەناو یەکیتیی لاوان دا ، ئەگەرچی کەسانی یەمینی ناو پارتی وجاسوسەکانی پاراستن بەتوندی ئەچونەوە بە گژیاندا .

لەم ماوەیەدا روداویکی گەورە لە ژیانی تەنزیمی کومەلەدا روی نەداوە ، جاروبار هەندی ئالوگور لە سەرکردایەتی کومەلە و کومیتە سەرکردایەتییەکانی شارەکاندا روی داوە ، کە پاشان هەندیک یان کاری خراپیان کردە سەر کومەلە ، لەراستیدا هینان و لابردنی هەندیک لەباتی ئەوەی بەپیی سەرەتاکانی ریکخستنی م.ل بی زورتر بەپیی بوچون و هەلسەنگاندنی شەخسی بون و هەندیک جار گیروگرفتە تەنزیمی و فیکرییەکان بەپیی ئوصول و سەرەتاکانی م.ل چارەسەر نەئەکران ، هەر بویە جاروبار پشیوی و بەرەلایی ئەکەوتە ناو ریزەکانی ریکخستنەوە و ئەبو بەهوی ئاشکرابونی چەندین ئەندامی کومەلە لەلای یەکتری ، کە ئەویش لە دواییدا هەر بە خراپ گەرایەوە بو کومەلە .

شەری ٧٤ – ٧٥لە بەینی حوکمەتی عیراق و شورشی کوردستاندا کەوتە سنوریکی ئەوەندە فراوانەوە کە بوبە شەری میللەتی کورد و حوکمەتی عیراق ، کومەلەش نەی ئەتوانی خوی لە روداوەکانی کوردستان داببریت و هەندی لە ئەندامەکانیشی بو ئەوەی نەبنە جیگەی پرسیار و چاو و راو ئەبوایە بچنە شاخ و بەشداری جولانەوەکە بن . بەلام لەبەر ئەوەی کومەلە هیشتا هەر لە قوناغی بیناکردنا بو ، وەنە خوی وەکو ریکخراویک و نە ئەندامەکانیشی وەکوئەفراد نەیان ئەتوانی دەوری گرنگ بگیرن ، لەبەر ئەوە نە ئەبوایە شوین لافاوی روداوەکان بکەون. بەداخەوە سەرکردایەتی کومەلە لەم ماوەیەدا حسابیکی وردی بو روداوەکانی کوردستان و بەهیزکردنی ریکخراوەکانی نەکرد ، هەر لەبەر ئەوە بی حساب دەیان کادر و ئەندامی چونە دەرەوە و شارەکانیان بەجی هیشت ، بی ئەوەی لەشورش و ناو پیشمەرگەدا قازانجکی ئەوتویان بو شورش یاخود بو کومەلە هەبی ، وە بە ئیش و کاری بی سودەوە مەشغول بون و نەیان توانی کەلک لەو فرسەتە وەربگرن بو پیکەوە نانی هەندی ریکخراوی جوتیاری ، یاخود بو دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەل کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی ئەوسای شورش و راکیشانی خەلکی نوی بو ریزی کومەلە .

لەگەل ئەوەشدا ئەو شەرە سەختەی ٧٤ – ٧٥ نەی توانی ریکخراوەکانی کومەلە لە شارەکان دا تیک بدات ، شەهیدی نەمر د . جعفر عبدالواحد بەو پەری لیوەشاییەوە ئەرکی ریکخستنەوەی ناو

شارەکانی گرتە ئەستو و سەرکەوتوانە ئەنجامی دا.
زوری بی نەچو ئاشبەتال بو..

* * *

ئاشبەتال ئیمتحانیکی گەورەبو بو هەمو هیز و ئیتجاهە سیاسیەکان، بو هەمو حزب و ریکخراوەکان، بگرە بو تیکوشەرە شورشگیرەکانی کوردیش وەکو ئەفراد... بەداخەوە هەر بەو جورەی زمارەیەکی زور لە ئەندامەکانی کومەلە شوین لافاوی جولانەوەکە کەوتبون و دابویانە شاخ بی ئەوەی بەرنامەیەکی دیاری کراویان هەبی، هەر بەو جورە لەگەل لیشاوی گەرانەوەی پیشمەرگە و تەسلیم بونەوەی بە کومەلی خەلکدا دیسانەوە ئەندامەکانی کومەلە،لەوانە ئەندامانی سەرکردایەتییەکەشی، بەبی ئەوەی بەرنامەیەکی دیاری کراویان هەبی بو ئەو قوناغە لەگەل خەلکەکەدا ریگەی هاتنەوەیان گرتەوە.

بی گومان چون و بەتایبەتی گەرانەوەی سەرکردایەتی کومەلە بەو جورە هەلەیەکی زور گەورەبو، راستە جولانەوەکەی ئەوساکە زور زور پەرەی سەندبو، قەوارەی زور زل بوبو، پەیوەندییەکانی لەگەل ئیران و ئیسرائیل و ئەمەریکا بەهیز و کاریگەر بو، مەسرەف و بەریوەبردنی شورشیکی وەها لە وزەی هیزیکی بچوکا نەبو، دەزگای پاراستن و تورە جاسوسیەکانی بیگانە دەسەلاتدار و بەهیز بون، بەلام هیزیکی سیاسی ریکخراو، چەندە بچوک و کەم ئیمکانییەت بوایە بەو مەرجەی خاوەنی ریکخستنیکی با ؟ و سەرکردایەتییەکی لیوەشاوە بوایە و بەرنامەیەکی نویی دریژەدان بە خەبات و تیکوشانی لەباتی ئاشبەتال تەرح بکردایە، بەشیکی کومەلانی خەلک و پیشمەرگەی لی کو ئەبوەوە وە ئیحتمالی سەرکەوتن یا هیچ نەبی لەقوناغی یەکەمدا مانەوە و خوراگرتن و دوایی تریش گەشەکردن و بەهیز بونی هەبو. کومەلە ئەبوایە لەئاشبەتال دا دەسپیشکەری بکردایە، وە ئەگەر ئیحتمالی سەرکەوتنیشی زور زور کەم بوایە ئەبوایە هەر دەسپیشکەری مقاوەمەتی بکردایە، لە حالەتی سەرکەوتن وا بیگومان ئەبوە جیگەی پشتیوانی هەمو نەتەوەی کورد و هیزە شورشگیرەکانی ناوچەکە، وە لە کاتی شکانیشا مەلحەمەیەکی قارەمانیتی بو شورشگیرەکانی کوردستان تومار ئەکرد کە تا هەتایە لەبیر نەئەچوەوە و ئەبوە سەرمەشقی خەبات و تیکوشانی شورشگیرانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە.
بەلام ئەوە روی نەدا و ئاشبەتال بو.
ئاشبەتال مەینەتییەکی گەورەی بەسەر میللەتەکەمان هینا.

گەورەیی ئەو مەینەتییە کومەلی کوردستانی لەهەمو رویەکەوە هەژاند، ئاشبەتال لە راستیدا شکستی میللەتی کورد و هیزە شورشخوازەکانی ناوی نەبو، بەلکو شکستی بنەمالەی بەرزانی بو، شکستی سەرکردایەتی عەشائیری بو، شکستی سەرکردایەتی بورجوازی بو ئاشبەتال دەری خست کە جولانەوەی شورشگیرانەی گەلی کورد، ریزەکانی چەند یەکگرتو بیت، چەند بەهیز بیت، ئیمکانیاتی مادی و بەشەری چەندە زورست، بو پشتیوانی لەنا و خەلکی ولات و هیز و

دەولەتەکانی دەرەوەش دا چەندە فراوان و زور بیت ... بە حزب و سەرکردایەتی و ریبازی عەشایەری و بورجوازی رابەری ناکریت ، وە ئەگەر حزب و سەرکردایەتی و ریبازی شورشگیرانە نەبیت سەرناکەویت و ئەشکیت .

ئاشبەتال بەزەقی ئەو راستیيانەی بەخەلک سەلماند و ئیسباتی کرد کە بەبی حزبیکی پیشرەو کە خاوەنی ستراتیجی راست و ریبازی شورشگیرانە و سەرکردایەتی لیوەشاوە بیت سەرکەوتنی جولانەوەی کورد لە هەلومەرجی ئالوزی روژهەلاتی ناوەراست و دنیادا ، کاریکی دژوار و بگرە مەحالە .

لە ئەنجامی ئاشبەتال‌دا هەروەکو سەرکردایەتی بەرزانی شکا و ترو بو، هەروەها سەرکردایەتی بورجوازی و حزبەکەشی شکا و ترو بو، سوکی و بی نرخی و بی دەسەلاتی ئەو حزبە و سەرکردایەتییەکەی لەلای خەلک ئاشکرابو، بەپیچەوانەی ئەو سالانەوە کە مەدیکی یەمینی و فیکری کونەپەرستانە بەسەر ئاسمانی کوردستان و جولانەوە شورشگیرییەکەیدا زال بوبو، ئەم مەدە تەنانەت خەلکی سادەشی گرتبوەوە، بەجوریکی ئەوتو کەزور عەیب بو بەلکو تاوان بو پیاو مارکسی بیت ، یاخود پیشکەوتنخواز بیت ، یاخود دژی ئەمریکا و ئیران و ئیسرائیل بیت . ئاشبەتال ئەمەی بەجاریک هەلتەکاند و هەلگیرابەوە، خەلک بەچاکی و هوشیاری دەستیان بوهوی شکستی شورش بە سەرکردایەتییەکەی ، بو هاویەیمانەکانی سەرکردایەتی بەرزانی و پارتی دریژ ئەکرد و لەبەرامبەر ئەوەدا مەدیکی چەپ بلاو بوەوە.. خەلک بو تروسکەیەک ئەگەران دووی بکەون، خەلک شکان و تەسلیم‌بونی قبول نەبو، خەلک ئەیویست دیفاع لەخوی بکات لە بەرامبەر هیرشی فاشستییەکانی بەعسدا ، خەلک ئەیویست ریگەیەکی دەرباز بون و خەباتی پیشان بدەن .

* * *

روداوە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق هەروەکو کوردستانی هەژاندبو، هەروەکو پ د ک بەجاریک داتەپاندبو، هەروەکو قیادە مەرکەزی بەتەواوی روخاندبو، هەروەکو کاژیکی ویران کردبو...کومەلەشی هەژاندبو، بەلام نەی توانی بو بی روخینی بەلکو تەنیا ریکخراوی بەسەلامەتی لەو گەردەلولە دەرباز بوبو هەر ئەوبو.

کومەلە ئیتر ئەو ریکخراوە بچوکەی سالانی ٧٠ – ٧١ نەبو قوناغی ئەوە هاتبوە پیشەوە دەس بکا بەکار و دەوری خوی ببینی لەو ئیمتحانە قورسەدا . مشتومریکی فیکری قول لەناو کومەلەدا دروست بوبو. ئاخو کومەلە کەی ئەکەویتە وەرگرتنی مبادرە، کومەلە ئەگەر لەو قوناغەدا ئیش نەکات ئەی کەی ئەیکات ، ئەو بوشاییە سیاسییەی لە کوردستاندا دروست بوە بەچی پر ئەکریتەوە ، ئەبی چی بکریت ،جوری ئیشکردن چی بی ، سیاسی ، چەکدار ، ناکوکی سەرەکیمان لەگەل چییە ، فەرمانەکانی ئەو قوناغەمان چییە ....؟

ئەمانە و دەیان پرسیاری تر لەناو ئەندامانا دا وروژابو.

ئەم مناقشە و پرسیارانە هەرچەندە خوی لە خویا دەلیلی هوشیاری ئەندامەکانی کوم‌لە بو، بەلام چونکە بە شیوەیەکی نامبرمج

و بەرەڵلایانە خرابونە مەیدانەوە و باس ئەکران . وە سەرکردایەتی کومەلەش لەئاستی ئەو فرمانە قورسانەدا نەبو، نەی توانی بە چاکی باری گفتوگو و مناقەشەکان بو پیشەوە ببا بەقازانجی گەشەکـردنـی کومەلە و وەرگرتنی مبادرەی گەورە و هەنگاونان بەرەو وەرچەرخا ـ ندنی میژووی گەلەکەمان .

کومەلە لە ساوایەتی دەرچوبو ، بویە هەر بەو سەرکردایەتی یەوە کە پیشتر نەی بو نەی ئەتوانی دریژە بەخەباتی خوی بـداتـ ، قوناغەکان گورا بون ، ئەرکەکانی کومەلەش گورابون ، هەر بـویـە پیویستی بە سەرکردایەتییەکی وەها بو کە لە ئاستی رودا وەکـانـی ئەوسای کوردستان و پیویستییەکانی قوناغەکە و گوران و گەشەکردنی کومەلە دا بیت .

ئەو مناقشە و پرسیارانەی لەناو کومەلەدا وروژابون، لـە باتی ئەوەی کومەلە بو پیشەوە ببات و ببیتە هوی تەرح کردنی بەرـ نامەی قوناغی نوی ، لەراستیدا بوبە هوی دروستکردنی ئاژاوەیەکی فیکری بەربلاو و تیکدانی شیرازەی ریکخستن و بلاوبونەوەی بەرەڵلایی و پشیوی و دەرکردنی هەندیکە و تجمیدکردنی هەندیکە و اهمال کـردنی هەندیکە و ا: شینانی هەندیکی تر .

* * *

هاورەمان لەگەل ئەم کیشە و گیروگرفتانە لەدەرەوەی ولاتبە دەس پیشکەری ﻫ. مام جەلال و هاوکاری هەندیکی تر لە ئەنـدامـانـی کومەلە و چەند کەسیکی نیشتمانپەروەر و پاش پەیوەندی کردن لەگەل شەهیدی نەمر ﻫ. شەهابی شیخ نوری ، بیری دامەزراندنی یەکیەتییەـ کی نیشتمانی وەکو ریکخراویکی نیمچە بەرەیی تیار و طبقە پیشکەو- تنخوازەکانی کومەلی کوردستان ، بو کوکردنەوەی هەمو رولە دلسـوز و تیکوشەرەکانی کوردستان ، لەچوارچیوەیەکی فراوان ، کە ئەندا ـ مەکانی کومەلە ببنە دینەموی بەگەر خستن و بەریوەبردنی گەلالەبوبو .

بوچونەکانی ئەوانەی دەرەوەی ولاتلەسەر ئەم بنچینانە بنـیـات نرابون :

یەکەم: ریکخراویکی فراوان بو کوکردنەوەی جەماوەری خەلکە دابمەز- رینری کە ئەو بوشاییە سیاسییە پر بکاتەوە ، کە روخانی پار- تی و نەبونی حزبیکی جەماهیری بەجی ی هیشتوە

دوەم : ئەو ریکخراوە حزب نەبی بە مەعنای تەقلیدی بەلکـو چـوار چیوەیەکی ریکخراوەیی فراوان بی بو جولانەوەی شورشگیرانـەی بەماهیر

سییەم: ئەم ریکخراوە جەبهەش نەبی بە مەعنای تەقلیدی لەبەر نەبو- نی حزبیکی پیشرەو وەلەبەر نەبونی حزبی تر ،

چوارەم : لەناو ئەم ریکخراوە فراوانەدا تیار و اتجاهە سیاسیە پیش کەوتنخوازە جیاجیاکان هەقی مباراتی فکرییان هەبی

پینجەم: کومەلە بە سەربەخویی بمینیتەوە وە بو ئەوە بتوانی دەوری

بەریوەبەری ئەم ریكخراوە ببینی ئەندامەكانی مجنە تاویەوە و ئیشی تیا بكەن و ئیشی بو بكەن. وە هەول بدەن هەم بەرح كردنی ریبازی سیاسی راست و دروست و چارەسەری راست بو گیر و گرفتەكان ریبازی كومەلە زال بكەن ، وە هەم بە خەبات و فیداكاری و ئیشكردن سەركردایەتی مەسەلە گرنگەكان بگرنە دەست .

زوری نەخایاند تەجروبە دەری خستكە :

یەكەم: خەلكی كوردستان ئامادەن بو خەباتی سیاسی و خەباتی چەكدار . وە ئەبی كەلك لەو ئامادەییە وەربگیری بو ئەوەی دوژمن نەتوانی كەلك لە ئاشبەتال وەربگری بو دامركاندنەوەی جولانەوەی شورشگیرانەی خەلك وە وەزعیكی وەكو كوردستانی توركیای دوای شكانی شورشی ئاگری داغ و وەزعیكی وەكو كوردستانی ئیرانی دوای شكانی جمهوریەتی مهاباد لەكوردستانی عیراقیشدا دروست ببی كە تا دەیان سال حولانەوەكە خەفە ببی.

دوەم : مەیدانی سەرەكی خەبات سەرئەرزی كوردستانی عیراقە ، نەك ئیران یا دەرەوەی ولات .

سێیەم: خەباتی سیاسی بەبی پشتیوانی خەباتیكی چەكدار لەلایەن رژیمی عیراقەوە وردوخاش ئەكری .

چوارەم : لەبەر ئەوە شان بەشانی پیكهینانی ریكخراوەكانی ی ن ك ئەبی ویستە ریكخراویكی تایبەتیش بو ریكخستنەوە: و كوكردنەوەی پیشمەرگە ئازا و دلسوز و خاوینەكان دروست بكری و ئامادە بكرین بو دەسپیكردنەوەی خەباتی چەكدار .

پینجەم: دانانی چەندین وەكری نهینی لە شارەكان و ئامادەكردنی بنكەی نهینی لە قەندیل و بەمو.

شەشەم : دروستكردنی مەفرەزەی بچوك بچوك بەناوی فیرقەی دیعایەی مسلحەوە بو پروپاگەندەی سیاسی و دالدەی ئەوانەی ئاشكرا ئەبن .

* * *

بو زیاتر ئالوگوركردنی بیرورا لەمانگی ئابی ٧٥دا مخەرەیەن هاتە دەرەوەی ولات . هەروەكو پیشتریش م. شازاد هاتبو بیروراكانی ناوەوەی هینابو، وە بیروراكانی ئەوانەی دەرەوەی بردبوەوە .

هاوریانی سەركردایەتی كومەلەش لەناوەوە خویان لەئەنجامی گفتوگودا گەیشتبونە زور ئەنجامی باش و راست و زوربەی ئەو بوچونانەی لەسەرەوە باسكران ، قبول كرابو وە بریار درابو ئیشیان لەسەر بكریت . پاش هاتنی م. فەرەیدونیش دیسان هەمان مەسەلە و بوچون و بریار دووپاتەكرانەوە و جیاوازیەك لە بیروراكاندا نەبو ، بەلكو بریاردرا كە پەیوەندی ناوەوە و دەرەوە بەهیز بكری و زیاتر تنسیق بكری لە ئیش و كارەكاندا .

* * *

ئەم بریارە گرنگانە کە چارەنوسی گەلەکەمان و کومەلەی پیوە بەندبون ، جی بەجی کردنی بەشی زوری کەوتبوە ئەستوی سەرکردایەتی کومەلە لە ناوەوە، وە هەمو اعتمادی ئەوانەی دەرەوەش هەر لەسەر ناوەوە بو.

لەو کاتەدا کە ئەبو ئیتر کومەلە بەهەمو توانا وە بکەویتە گەر بو جی بەجی کردنی ئەو پلانە سیاسی و ریکخراوەیی و پیشمەرگەییە کە بو تونا غیکی ژیانی گەلەکەمان دانراوە توشی چەند کوسپی نالەبار بو :

١- ئاژاوە فیکری و تەنزیمییەکانی ناو ریزەکانی کومەلە قول تر و فراوان تر بوبو ، زوربەی ئەندامان بە هاندانی چەند کەسیکی هەل پەرست کەوتبونە دژایەتی سەرکردایەتی، وە دژایەتییەکە تائەهات زیادی ئەکرد و بەرەو تەقینەوە ئەچو، بە تایبەتی دوای جیابونەوەی تاقمیک و دروستکردنی ریکخراویک بەناوی رەنجدەرانەوە ... .

٢- ... ئەنوەر زوراب کە لە کومیتەی بەغدا بو، بەهوی ئەندامیکی حرکەی اشتراکی عەرەبیەوە اعترافی لەسەر کرابو، وەلەبەر ئەوە مەسەلەکەیان بەجدی وەرنەگرتبو پاش چەند روژیک خوشاردنەوە چو بوەوە بو سەر ئیشەکەی و گیرابو ، ئەمەش بوبەهوی ناسینی زوربەی سەرکردایەتی کومەلە لەلایەن دوژمنەوە.

* * *

بەداخەوە سەرکردایەتی کومەلە لەباتی ئەوەی وەکو پیویست وەکری نهینی شار و بنکەی نهینی شاخ ئامادە بکات و نەخشە و پلانی دانراو جی بەجی بکات و بەریگەی ئوسولی گیروگرفت و ئاژاوەکانی ناو ریکخستن کوتایی پی بهینی ، بریار ئەدەن بو پاراستنی نهینییەکانی ریکخستن ، کومیتەیەکی سەرکردایەتی بو کومەلە دابنین و خویان بچن بو دەرەوەی ولات .

بەجی هیشتنی ناوەوەی ولات لەلایەن ئەم هاوریانەوە لە کاتیکا کە هاوریکانی دەرەوەی ولات و ئەوانەی ی ن ک خەریکی گەرانەوە بون ، وە لەکاتیکا هەمو نەخشە و پلانی دروستکردنی ی ن ک و پیکهینانەوەی هیزی پیشمەرگە و هەلگیرساندنەوەی شورش ، یان بە واتایەکی تر سەرکردایەتی جولانەوەی کوردستانی عیراق ، بەم هاوریانە سپیردرابو ، هەلەیەکی یەکجار گەورە بو کە هاوریانی نەمر شەهابی شیخ نوری و جەعفەری مام واحید بەگیانی خویان و هاوریکانی تر بە خوراگرتنی قارەمانانە لەبەردەمی ئازار و ئەشکەنجەی ساواکی ئیران و داو ودەزگا فاشستییەکانی بەعسدا تولەیان کردەوە .

رویشتنی ئەو هاوریانە ، کوتایی بەو ئاژاوە تەنزیمی و فیکرییە نەهیناکە لە ریزەکانی ریکخستندا هەبو، بەلکو لە دوای رویشتنی ئەوان و گیرانی چەندین ئەندامی کومەلە و خوشاردنەوەی هەندیکی تر و راکردنی هەندیکی کە بو سوریا و ئەوروپا ریکخستن زیاتر شلەژا و ئەو کومیتەیەی دانرابو بو سەرکردایەتی کومەلە نەی توانی وەزعەکە بگریتەوە .

ریزەكانی ریكخستن پشیویەكی زورتری تیكەوت ، كومیتەكان لەیەكدابران و بەشیكی ئەندامان لە یەكتری بزر بون. شالاوی دوژمن تینی سەند بوئەوەی هەرچی زوتر ئەو ریكخراوە تازە دزراوەیە، لەو كاتە ناسكەدا ، ورد وخاش بكەن و نەهیلن خوی ریك بخاتەوە .

لەم گیژەلوكە سامناكەدا هاوریی نەمر شەهید ئارام كە نە ئەندامی سەركردایەتی بو، وە نە لەلایەن سەركردایەتییەوە راسپیر-درابو، هاتە مەیدانی خەباتەوە و دەس پیشكەرییەكی گرنگ و كاریگەری كرد وە ئەوەی كە سەركردایەتی كومەلە بە ریكخراویكی ریك و پیك ئەبو ئەنجامی بدایە، ئەم بە ریكخراویكی لیدراو و لەت و پەت كەوتە جی بەجی كردنی .

هـ. ئارام كەوتەوە پەیوەندی كردن بە كومیتە و ریكخراووشانەكانی كومەلەوە، وە ئەوەندەی بوی دوزرانەوە و بوی بەیەكەوە گری درانەوە، كوی كردنەوە و ریكی خست و ئەو سەردەمە كە هەر شاریكی گەورە لیژنەیەكی هەبو بە ناوی كومیتەی هەریمەوە، لە هەر كومیتەیەك ئەندامیكی كوبوەوە و لیژنەیەكیان لی پیكهینرا بەناوی كومیتەی هەریمەكانەوە .

لە راستیدا كومیتەی هەریمەكان ، شانازییەكی میژوییان بی ئەبری ، چونكە ئەم كومیتەیە كەوتە ریكخستنەوەی كومەلە و سازدانی پیشمەرگە و ئامادەكردنی مەفرەزەی چەكدار.

بەلام كومیتەی هەریمەكان سەركردایەتییەكی كاتی و لاواز بو، چونكە ئەندامەكانی جگە لە شەهید ئارام ئەوانی تریان هەم بەتەمەن زور سەبج بون، هەم تەجروبەی سیاسی و عەسكەرییان نەبو، وە هەم ئاستی نظرییان لە ئاستی پیویستییەكانی جولانەوەی گەلەكەمان وگەشە پیدانی كومەلە و پیكهینانی داو ودەزگای پیویستی شورشدا نەبون..

بویە تا ماوەیەكی دریژ نەیان توانی باوەر و متمانەی بەشی زوری ئەندامەكانی كومەلە بەدەس بهینن و نەیان توانی باوەر و متمانەی كومەلانی خەلك وەربگرن بەتایبەتی لەكاتیكا كەئیتر كومەلە كەوتە خەباتی چەكدار و خەباتی سیاسی ئاشكرا و كەوتە ململانیی سیاسی لەگەل بزوتنەوەی سوسیالیستی كوردستان .

هەولدانی كومیتەی هەریمەكان بو گرتنەوەی ریكخستن ، وە هەولدان بو دروستكردنی دەستەی چەكدار، وە هەولدان بو دروستكرد-نی ی ن ك ئەمانە لە سەروەرییە گەورەكانی ئەو كومیتەیەن. هەر وەكو گرتنەبەری ریبازیكی چەپرەوی توند و خوبەزل زانین و كو كردنەوەی كەسانی نەگونجاو و لەگەل فرمانەكان و سروشتی دەستە چەكدارەكانی سەرەتای دەست پیكردنی شورشدا، وە كاركردن بە گیانی دەستەگەری : لە هەلە گەورەكانی ئەم كومیتەیەبوون، كە راستكرد-نەوەیان ماندوبون و رەنجیكی زوری گەرەك بو.

یەكیك لە هەلە تەنزیمی و سیاسییەكانی كومیتەی هەریمەكان ئەو بلاوكراوەیەیە كە بە تقریری شباط ناسراوە و كاتی خوی ئاژا-وەیەكی زوری نایەوە لەناو ریكخستندا بەتایبەتی لەبەر ئەوە كە هیرشیكی زور براوەتە سەر سەركردایەتی پیشوی كومەلە و چەندین تاوانی گەورەیان بەپال دراوە، لەكاتیكا ئەم هاوریانە ملیان لە

بەر چەقوی جەللادەکانی بەعسدا بو، وەهەمو روژ بو لیکولینەوە ولی رسینەوە ئەخرانە ژیر ئەشکەنجە و ئازارەوە.

بیگومان هەلسەنگاندنی رابوردوو بەپیی سەنگ و تەرازوی م.ل، وە رەخنە گرتن لە لادان و هەلە و کەموکوریەکان مەرجیکی راست کردنەوەی هەلەکان و دیاری کردنی ریبازی پاشەروژە، بەلام رەخنە گرتنی عیلمی یا رەخنەگرتنی هاوریيانە شتیکە و هیرش بو بردن و پەلاماردان بە نیازی ریسواکردن و شکاندن شتیکی ترە.

سالی ٧٦ – ٧٧ شانە و ریکخراوەکانی کومەلە هیشتا بەتەواوی خویان نەگرتبوەوە، بەلکو چەند زەربەی تریان خواردلە لایەن دوژمنەوە بەتایبەتی ریکخراوی هەولیر و ریکخراوی هەلوی سور لە بەغدا ... لەو ماوەیەدا هیرشی یەکئ لەسەر یەکی سوپای دوژمن بوسەر هیزی پیشمەرگە و پەلاماری داو و دەزگا جاسوسییەکانی دوژمن بو سەر ریکخراوە تیکوشەرەکانی شارەکان، کوشتن و ئیعدامی سەدان کەس و گرتنی خیزان و کەسوکاری پیشمەرگەکان، وە تەسلیم بونەوە و بەزینی سەدان پیشمەرگە ... جەویکی ترسناکیان لە شار و دیهاتەکاندا دروستکردبو کەم کەس ئەوی ویرا خوی بهاویژیتە ناو ئەو تەنگ و چەلەمەیەوە.

لەو ماوەیەدا هەر ئەوە ئەکرا کە هەولی چەسپاندنی هیزی پیشمەرگە و پاراستنی کادرە سیاسی و عەسکەریەکان بدری و ریکخراوەکانی شار بخرینە گەر و بپاریزرین.

* * *

سالی ١٩٧٧ کومیتەی سەرکردایەتی ی ن ک لە تیکەلاو کردنی سەرکردایەتی ولات و دەستەی دامەزرینەری دەرەوەی ولات پیکئ هات، بویەکەمین جار پەیوەندیەکانی نیوان کومەلە و لاکانی تری ناو یەکیتی، وە پەیوەندی نیوان یەکیتی و کومەلە دیاری کرا و نوینەرانی کومەلە و بالەکانی تر پیکەوە دانیشتن بو ئەوەی باسی گیر و گرفتە سیاسی و پیشمەرگەیی و تەنزیمی و مالیەکانی شورش و داو و دەزگاکانی بکری و ئیش و کار دابەش بکری بەسەر ئەندامانی لاکاندا و لیپرسراوی هەریم و لقەکان دیاری کران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکیتی دانران ..

هەرچەندە د. ئارام بە نوینەرایەتی کومەلە هەلبژیردرا بو ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی، بەلام بەهوی چاو و راو و هەندی مەعلوماتی ناراستەوە کە هەندی کەس لە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکیتیەوە بویان نوسیبو، نەهاتە بارەگاکانی سەرکردایەتی و بەحو شاردنەوە لە بەری قەرەداغ مایەوە تا ئەوەبو لە دوایيدا بەو جورە شەهید بو.

لەراستیدا ئەگەر شەهید ئارام گوی لە قسە و قسەلوکی ئەوانە نەگرتایە و بچوایەتە لای مەکتەبی سیاسی کە بەرزترین دەسەلاتی یەکیتی و شورش بو، بی گومان ئەوا بەو جورە شەهید نەئەبو.ئەو چەند مانگەی کە هاوری ئارام هەر لە قەرەداغ بو مەکتەبی سیاسی هیچ نوینەریکی ئیمەی تیدا نەبو چونکە نوینەرەکەی ترمان کە

ه. سالار بو ئەویش رویشتبوە دەرەوەی ولات.

ه. ئارام ئەو ماوەیەی لەقەراغ بو جگە لەوەی ژمارەیەکی لە (ئالای شورش) ی دەرکرد، بە ئاموژگاریەیە بە نرخەکانی چ بو کومیتەی هەلمەتی سلیمانی و چ بو کادیر و فەرماندەی مەفرەزەکانی دەوروبەری سلیمانی خزمەتیکی گەورە و لەبیر نەکراوی پیشکەش بە شورش و کومەلە کرد.

بەداخەوە ه. ئارام زووشەهید بو. وە بوشاییەکی گەورەی بە جی هیشت لە کومەلەدا و زەرەریکی زل بو لە شورش و پیشمەرگە و کومەلە، بەتایبەتی ئەو کاتە هیشتا ریکخراوەکانی کومەلە بەتەواوی خویان نەگرتبووە نەلە دەرەوە و نەلەنا و شارەکان سەرکردایەتیە- کی ریکێ و پیکێ و یەکگرتوی نەبو.

هەر کە هەوالی شەهید بونی ه. ئارام لە لایەن کومیتەی هەلمەتەوە، راگەیەندرا، ئیمە ئەو کاتە کە چەند کادیر و ئەندامی کومەلە لە ناوچەی شلیر بوین دەست بەجی کوبونەوەیەکی بچوکمان کرد و بریارمان دا بەزوترین کات هەولی کوبونەوەیەکی فراوانی کادیر و ئەندامەکانی کومەلە بدری.

کەلکێ لە کوبونەوەکانی کێ س - ی ن کێ وەرگیرا کە لە بەهاری ٧٨ دا کران و زیاد لە ٣٠ کادیری سیاسی و پیشمەرگەیی بو ماوەی چەند روژیکێ کوبونەوە.

کوبونەوەکانی نەوروزی ٧٨ـی کادیرانی کومەلە روداویکی گرنگی سیاسی و تەنزیمی و فیکری بو لە میژوی کومەلەدا، چونکە بو یەکەمین جار لە میژوی کومەلەدا ئەوەندە کەسە کوبونەوە بو باس کردنی ئەو مەسەلانە پەیوەندیان بە چارەنوسی کومەلە و شورش و یەکیتی نیشتمانیەوە هەبو، ئەمە جگە لەوەی هەندی لە ریکخراوە- کانی شار بە دورودریژی بیرورای خویان لەسەر مەسەلە گرنگەکان دەربری بو.

لەو کوبونەوەدا بو ماوەی چەند روژ شی کردنەوەی کومەلی کوردستان و قوناغی گوران و گەشەکردنی و ناکوکیەکانی ناوی و تە- بیعەتی حوکمی عیراق و مەرجەکانی دریژەدان بە خەباتی شورشگیرانە و مەرجەکانی سەرکەوتنی شورش ... مەرجەکانی حزبی پیشرەو و بەرەی نیشتمانی و لەشکری گەل ...

هەروەها مەسەلە تەنزیمیەکانی کومەلە باس کرا و بەرابو- ردویا چونەوە و بەرنامەی ریکخستنی داهاتو بە تایبەتی لەنا و پیش مەرگە و شوینەکانی ژیر دەسەلاتی پیشمەرگەدا دانرا. وەبو یەکەمین جار بە هەلبژاردن کومیتەیەکێ هەلبژیردرا بو ئامادەکردنی کونفرەنس.

هەر دوا بە دوای ئەم کوبونەوانە بو یەکەمین جار لە میژوی کومەلەدا لە هەندی لە ئەندامانی کومیتەی ئامادەکردنی هەلبژیر- دراو ناوەندیکێ بو کومەلە دروست کرا، کە ببیتە مەرکەزی پیکەوە گری دانی ریکخراو و کومیتە و شانە جیاوازەکانی شار و شاخ و سەر پەرشتی کەری چالاکی سیاسی و تەنزیمی و فیکری کومەلە، بو ئەوەی یەکیتی ریکخستن و یەکیتی بیروباوەر و یەکیتی کار لە ریزەکانی کومەلەدا بەدی بهینی.

کارەساتەکەی هەکاری تەگەرەی لە نەخشە سیاسی و تەنزیمی و فیکرییەکاندا و ئەو شکستەی بەسەر هیزی پیشمەرگەدا هات، کومەلەشی گرتەوە ... کونفرەنسەکە کە بریاری گیرانی درابو بەناچاری لەبەر بی جیگایی و دژواری هەلومەرجی ئەوسا دوا خرا، ژمارەیەکی لە ئەندام و کادیرەکانی کومەلە شەهید بون یان گیران لەوانە دووئەندامی سەرکردایەتی کومەلە کە یەکیکیان ش. ئازاد بو کە ئەندامی ناوەند بو.

لەگەل ئەوەدا، لەو ماوەیەدا هەول درا کە هەندیک بلاوکراوە دەر بکری، هەول درا ریکخستنی کومەلە لەنا و پیشمەرگەدا لە سەر بنچینەی شانە دروست بکری و لە هەندی شوین شانەی سەرەکی دروست کرا، پەیوەندی کرایەوە بە هەمو ریکخراوەکانی شارەکان و تەنانەت بە شاوریانی زیندانی ئەبو غریبەوە.

خەباتی سیاسی و فیکری ریکخراوەکانی کومەلە لەم قوناغەدا، وە خەباتی پیشمەرگانەی کادر و پیشمەرگەکانی کومەلە دەوریکی کاریگەر و پر شانازییان بینی لە هەلساندنەوەی باری شورشەکەدا و لە ساریژ کردنی برینەکانی کارەساتی هەکاری دا . لەم ماوەیەدا لە لایەکەوە رەسول مامەند و تاقمەکەی وە لەلایەکی ترەوە ق.م ئەیان ویست ئاژاوە و پشیویمان تی بخەن و یەکیتی ریزەکانی کومەلە تیک بدەن و هەندیک کەسان بدەن بو جیابونەوە و ئینشقاق.
خوشبەختی هیچ کام لەم هەولانەی لە دەرەوەی کومەلەوە ئەدرا بو تیکنی سەری نەگرت.

ئەگەرچی کارەساتەکەی هەکاری بەتیکرا کاری لە جولانەوەی شورشگیرانەی کوردستانی عیراق کردبو، بەلام زوری نەخایاند کومەلەش هەستایەوە و لەروی سیاسی و ئایدیولوجی و تەنزیمییەوە پیشکەوت و یەکیتییەکی باشی تیا پەیدا بو، وە بەری هەول و کوششی ئەو کاتە خوی لە کوبونەوەی فراوانی کادیرانی کومەلەدا ئەنوینی کە لە تشرینی دوەمی ۷۸دا لە شینی کرا و لە ئەنجامی مناقەشەکانی ئەو کوبونەوانەدا نەشرەی ( فرمانەکانی قوناغی ئیستای خەبات) مان دەرچو، هەروەکو بیریار درا ئورگانی کومەلە بە ریک و پیکی دەربکری و زورتر بایەخ بە کاری فیکری و کاری تەنزیمی بدری ..

لە کوبونەوەکانی شیفی بەدواوە بە گشتی هەست بە گەشەکردنی چەندایەتی و چونایەتی ریکخستن ئەکری ، ئەگەر چی دەیان کادری تەنزیمی لە کیس کومەلە چون و گیران و لەسیدارە دراون، یان لە شەری نابەرابەردا شەهید بون .. بەلام خوراگرتنی هاوریانی کومەلە لە زیندانی ناشتەکانی عیراق و پاریزگاری کردنی نهینییەکانی تەنزیم بەگیانی خویان و هەلسوکەوتی باشی کادرو ئەندامەکانی کومەلە و ریبازە سیاسییەکەی بوون بەهوی ئەوەی کە ریکخستنی کومەلە ببیت بە هیزیکی سیاسی گەورە، کە ئیستا رەنگە قورسایی ریکخراوەیی لەچاو هەمو حزب و تاقم و لاکانی تری کوردستانی عیراقدا سەنگین تر بی و سەدان و بگرە هەزاران ئەندام و دوست و لایەنگری لە ریکخراوەکانی شار و ئوردوگا و دیهاتەکاندا کوکردوتەوە.

قورسایی کومەلە بە تەنیا بەهیزی پیشمەرگە پیوانە ناکری، بەلکو قورسایی گەورە و راستەقینەی کومەلە ئەو نفوز و بنکەیەیە کە لەناو کومەلانی خەلکدا، لەناو کریکاران و جوتیاران و خویندەوارانی شورشگیرا دروستی کردون و ئیستا لە هەمو شار و ئوردوگاکان و ناوچە دیهاتی‌یەکانی کوردستاندا ریکخراو یاخود شانەی کومەلەی لییە، تەنیا نوقتەی زەعیفی ریکخستنی کومەلە ناوچەکانی بادینانە کە ئەویش وردەوردە و بە شینەیی خەریکە شانە و ریکخراوی تیا دروست ئەبی و ئەبی ریگە و شوینی باش دابنری بو گەشەپیدان و جیگیرکردن و بەهیز کردنی کومەلە لە بادینان.

ئیستا لە پال کومەلەدا، بە دەس پیشکەری هەندی لە ئەندام و دوستەکانی کومەلە، یەکیتی‌ی خویندکارانی کوردستان و یەکیتی‌ی ماموستایانی کوردستان و ریکخراوی شەهید لەیلا بو ئافرەتان دروست کراون، ئەم ریکخراوانە ئەهمیەتیکی زور گەورەیان هەیە بو سازدان و کوکردنەوەی بەشیکی کومەلانی خەلک، وەهەر بەهوی ئەم ریکخراوانە ئەتوانری ئەزاران کەس ساز بدرین و بهینرینە کوری خەباتی شورشگیرانە.

ئەم ریکخراوانە هیشتا ساوان و وەکو پیویست پەرەیان نەسەندوە، پیویستە پشتیوانییەکی زور بکرین، لەهەمان کاتدا پیویستە ئاموژگاری بکرین کە دور بکەونەوە لە چەپرەوی و ئیشی حزبی سیاسی تیکەلاو بە ئیشی ریکخراویکی دیموکراتی پیشەیی نەکەن، چونکە بەوە نەک هەر ریکخراوەکەیان خزمەت ناکەن و خزمەت بە کومەلە و شورش ناکەن، بەلکو ریکخراوەکە لە جەماوەرەکەی دائەبرن و ئەبیتە ریکخراوی تاقمیکی کەم و فەرمانەکانی خوی ون ئەکات.

* * *

لە ریکخراویکی وەکو کومەلەدا، کە لەژیر باری سەخت‌ترین زەبروزەنگی فاشستی دایە و هەرچی بە سوسە دەربکەوی پەیوەندی لەگەل کومەلەدا هەیە یا لەژیر ئازارا ئەکوژری و یا لەسیدارە ئەدری، وە لە هەلومەرجیکی وادا کە چەندین جورە دوژمنی چینایەتی و نیشتمانی لی‌ی چوتە سەنگەرەوە و دژایەتی ئەکات، مەرجی هەرە گرنگی سەرکەوتن و پیشکەوتن و گەشەکردنی بریتی‌یە لە یەکیتی‌ی ریزەکانی کە ئەبی لەسەر بنچینەی چارەسەرکردنی ئوصولی‌ی گیر و گرفت و ناکوکی و هەلە و کەموکوری‌یەکانی دابمەزری...

کومەلە شان بە شانی ئەو سەرکەوتنە سیاسی و تەنزیمی و فیکری‌یانەی کە لە مەیدانی جیاجیادا بەدەستی هیناوە، هەندی کەم و کوری و گیروگرفتیشی تیایە کە ئەبی بە پی‌ی سەرەتاکانی م.ل وە گویرەی قازانج و دەسکەوتی ریکخستن چارەسەر بکرین. کومەلە هیشتا پەیرەوی ناوخوی نی‌یە، لەناو ریزەکانی کومەلەدا هیشتا دەستەگەری ماوە، هیشتا بەرەللایی ماوە، هیشتا لە هەندی شوین ریکخستن لاوازە، هیشتا رەخنە و رەخنە لەخو گرتن وەکو چەکیکی کاریگەر بەکارنایەت هیشتا ناتەبایی لەناو ریزەکانیا لە ئاستی جیاجیادا هەر لە سەرکردایەتی‌یەوە تا کومیتەکانی خوارەوە هەر هەیە، هیشتا خو بەزل

زانین و لوت بەرزی و لەخو رازی بون و بەخووە نازین لە هەندی کەسدا ماوە، هیشتا تسەکردنی لەپاش ملە و زەم و زەمکاری ماوە... ئەمانە هەن بەلام بو خوشبەختی کەم تەئسیرن و لەچاو دەسکەوت وسەر کەوتنەکانی کومەلەدا کەم و بی بایەخن .

ئاستی فیکری و نەزەری و تیگەیشتنی سیاسی کادرو ئەندامەکان هیشتا لە ئاستی پیویستیدا نییە، بلاوکراوەی ناوخو کە بیر و را و هەلویستی هەمو ریکخستن یەکخ بخات نیە، ئورگانی ریکخ و پیکخ نیە، دەورەی هوشیارکردنەوەی ئەندام و تیگەیاندنی کادر بە کەمی کراوەتەوە، بلاوکراوەی تەسقیفی نیە، وەرگیرانی کوردی سەرچاوە کلاسیکییە گرنگەکانی مارکسیزم و تەجروبەی شورشگیرانەی گەلان لە مەیدانی تەنزیمی و کاری سیاسی و جەماوەری و جەنگی پیشمەرگانەدا نیە ... سەرەرای ئەمانەش بەهوی سەختی هەلومەرجی ئیش کردنی ئیستاوە توانای بەکارهینان و بەگەرخستنی هەمو توانا و ئیمکانیاتی فیکری و سیاسی ئەندامانی لیوەشاوەی کومەلە نیە..

ئەبی هەول بدری ئەم کەموکوریانە ئەوەندەی ممکنە چارەسەر بکری و ئاستی هوشیاری سیاسی ئەندام و دوستەکانی کومەلە بەرز بکریتەوە،

ئەبی هەول بدری ریکخراوەکانی کومەلە سود لە هەلسانەوەی بزوتنەوەی جەماوەری گەل وەربگرن و ریزەکانی خویان فراوان تر بکەن و پتەوتر بکەن ، ئەبی هەول بدری رەنجدەرانی کوردستان لە دەوری ئالای کومەلە کو بکرینەوە و باوەر و متمانەیان بە ریبازەکەی وەربگیری ، ئەبی هەول بدری لەمەولا بایەخیکی زور بە چەندایەتی بدری بی ئەوەی چونایەتی باشی کومەلە بشیوینریت..

ئەبی هەول بدریت ترکیز بکریتە سەر کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان ، بیگومان پیکخ هینانی حزبی چینی کریکار دور لەچینی کریکار کاریکی خەیالی و ناممکنە، بویە ئەبی هەولیکی زور بدری بو فراوان کردنی بنکەی ریکخستنی کومەلە لەناو کریکاران دا، بە تایبەتی ئیستا کە دەیان هەزار کریکار لە شار و ئوردوگاکانی کوردستان دا هەن و تادی هوشیاری چینایەتیان زیاد ئەکات و قورسایان لەناو کومەل دا سەنگین تر ئەبی ئەبی کومەلەش هەول بدات کە پیکخ هاتنی چینایەتی ریکخستنەکەی خوی لەگەل بیروباوەرەکەی و گوران و گەشەکردنی کومەلی کوردستان دا بگونجینی .

ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە بەرنامەیەکی تەنزیمی دابنریت بو قوناغی داهاتوی ئیش کردن ، کە پیویستییەکانی گەشەپیدانی چونایەتی و چەندایەتی ریکخراوەکانی کومەلە تەئمین بکات و زەمینەی دامەزراندنی حزبی پیشرەوی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان خوش تر بکات .

* * *

گەلیکخ جار باسی سەربەخوبونی کومەلە ئەکری وگوایە کومەلە سەربەخویی خوی لەدەستداوە ، لەراستی دا ئەم قسەیە هەرروەکوراست نیە، هەقی وایە ناحەزانی کومەلە ئەم توهمە نارەوایە بە پال کومەلە بدەن .

بێگومان هەر حزب و تاقمێکی سیاسی سەربەخۆ کە ئەچێتە نا صیغەیەکی جەبهەوی یا نیمچە جەبهەوییەوە، یا ئەبێ هەر لە سەرە تاوە قبوڵ نەکات و نەچێت یاخود کە قبوڵی کرد و چو ئەبێ خۆی ببەستێتەوە بە هەندێ مەرج و ئیلتزامی موشتەرەکەوە لەگەڵ ئەو تاقم و لایانەی ترا کە پێکەوە ڕێکخراوە موشتەرەکەکەیان دروست کردوە.

ڕاستە کۆمەڵە لەناو ی ن کەدا بوە، وە خەباتی کردوە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی وخۆی بەستوتەوە بە ڕێبازی ی ن کەوە، بەڵام ئاخۆ دەوری کاریگەر و سەرەکی کام لا گیراویەتی لە دیاری کردنی بەرنامە و ڕێبازی گشتی ی ن کەدا، وە ئاخۆ ڕێبازی گشتی سیاسی و پێشمەرگانەی ی ن کە نواندنەوەی هەمان ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەی کۆمەڵە نەبوە لەسەر ئاستێکی فراوان تر و بەرین ترا.

هاوڕێیانی بەڕێز! سەربەخۆیی هیچ حزب و ڕێکخراوێک بەو مەعنایە نیە کە داخلی هیچ صیغەیەکی جەبهەوی نەبێ و خۆی نە بەستێتەوە بە هیچ ڕێبازێکی موشتەرەکەوە لەگەڵ لای ترا، بەڵکو سەربەخۆیی بە مەعنای تەنزیمی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە ڕێکخستنێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت، کە لە لایەن خۆیەوە ڕابەری و پەروەردە بکرێت، ئامۆژگاری و ئەرمان لە سەرکردایەتییەکەی خۆیەوە وەر بگرێت، وە ڕێکخراوەکە سەرکردایەتی تایبەتی خۆی هەبێت و سەربەخۆ بێ لە دیاری کردنی بیر و ئیتجاه و ڕێباز و لە بڕیاردانی مەسەلە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و تەنزیمییەکان دا، وە سەربەخۆ بێت لە بڕیاردانی بەرنامەی سیاسی و فیکری خۆی دا، سەربەخۆیی لە بڕیاردانی هەڵبژاردنی شێوەکانی خەبات دا، سەربەخۆیی لەدیاریکردنی دۆست و هاوپەیمان و دوژمن و ناحەزەکانیا، سەربەخۆیی لەبڕیاردانی ستراتیج و تاکتیکیدا، لە دیاریکردنی ئامانجە دوور و نزیکەکاندا، لە دیاریکردنی پێکهاتنی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا .......

جا ئاخۆ کۆمەڵە لەکامێک لەمانەدا سەربەخۆ نەبوە؟ ئاخۆ کۆمەڵە خاوەنی سەرکردایەتی خۆی نەبوە، بڕیارەکانی بەدەس ئەو سەرکردایەتییە نەبوە؟ دیاری کردنی ئامانجە دوور و نزیکەکانی بەدەست خۆی نەبوە؟ ڕێکخراوەکانی لەباری ڕێکخستنەوە بە تەواوی نهێنی و سەربەخۆ نەبون؟ دیاری کردنی ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی و تەنزیمی بەدەس خۆی نەبوە؟ دیاری کردنی بیروباوەڕ و تیۆرییەکەی بەدەس خۆی نەبوە؟.

ئەگەر ئەمانە بەدەس سەرکردایەتی و دەزگا دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵە خۆی نەبون، ئەی بەدەس کێ بون؟ بێگومان کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی پاراستوە.

*   *   *

گوێزانەوە لە قوناغی خەباتی نهێنییەوە بۆ ئاشکرا و لە قوناغی خەباتی ناو شارەوە بۆ لادێ و لە خەباتی سیاسییەوە بۆ چەکدار، هەروا کارێکی ئاسان نەبو.

یەکەم: چونکە کۆمەڵە خۆی بۆ خەباتی چەکدار ئامادە نەکردبو، هە وەکو پێشبینی ئەوەشی نەئەکرد کە سەرکردایەتی بەرزانی ب

جورە - بەزوویی و گتوپڕ ئاشبەتال بکات .

دووەم : کومەلە لەبەر ئەوە ترکیزی کردبوە سەر دروستکردنی ریکخستن و پەروەردەکردنی سیاسی و ئایدیولوجی ئەنداما نی و پی گەیاندنی کادری سیاسی و تەنزیمی ، کادری پیشمەرگەیی پی نەگەیاندبو.

سێیەم : لەهەلومەرجی ئەوساکەدا ماوەی خودەرخستنی کومەلە وکاژکردنی ئاشکرا یاخود نیمچە ئاشکرا نەبو،بەلکو ئەبوایە بەو پەری نهێنیی‌یەوە بحولیتەوە چونکە هەم لەلایەن دەزگاکانی شورشەوە لیی ئەدرا ، وەهەم لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە، هەروەکو حیزبی شیوعی‌یش ئەچو بەگژیا .

سالی ١٩٧٦ کەبریاری دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدار درا ، کومەلەمان دەسپیشکەری کرد و چ لەبادینان و چ لە ناوچەکانی سوران لە هەردوولاوە هاوریانی کومەلە و بە دەسپیشکەری ئەوان مەفرەزە-کانی هەوەلجار چونە شاخ .

لەراستی‌دا بەهوی نابەرامبەری تەرازوی هیزەکانی گەلەکە-مان و دوژمنەوە، ستراتیجی جەنگەکە لەباتی ئەوە جەنگیکی فراوان و خیرا و بەربلاوبیت‌کە لە ماوەیەکی کورت‌دا ئەنجامەکەی بەلایەکا بکەویت ، ستراتیجی جەنگی دریژخایان بو پساندنی دوژمن و ماندو کردن و هەراسان کردنی گیرایەبەر، بوئەوەی لە ماوەی چەند سالیکا تەرازوی هیزەکان بە شینەیی بگوریت و بەلای شورش‌دا بکەویت .

هەر بویە ئەم سەرەتا پیشمەرگەیی‌یانە کرانە بنچینەی پیک‌هینانی هیزی پیشمەرگە

یەکەم : ستراتیجی شەرەکەمان شەریکی دریژخایان بیت .

دووەم : شیوەشەرەکەمان جەنگی پارتیزانی بیت بەشیوەی مەفرەزەی بچوک و بلاو.

سێیەم : یدانی شەرەکەمان شاخ و دیهاتەکانی کوردستان بیت .

چوارەم: بایەخ بدریت بە چونایەتی پیشمەرگەکان و ماوەنەدریت لە روی چەندایەتی‌یەوە ئەوەندە زور ببی کە تەبیعەتی هیزەکەو شەرەکە بگوری و زیادبی لە پیویستەکان .

پینجەم: مەفرەزە بکریتە وەحدەی ئەساسی ریکخستنی عەسکەریمان .

شەشەم : ئەرکی سەرەکی مەفرەزەکان هشیارکردنەوە و راپەراندنوساز دان و ریکخستنی کومەلانی خەلک بیت نەک لیدان و لەناو بردنی دوژمن ، بویە ناونرابو فیرقەی دیعایەی مسلح.

حەوتەم: ئەو مەفرەزانە بەسەرانیسەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بلاو ببیتەوە .

ئەمانە بەگشتی ئەو سەرەتایانە بون کە ئەبو مەفرەزە یاخود دەستەی چەکداریان پی دروست بکریت . بەلام لە راستی‌دا دەستپیکرد-نەوەی خەباتی چەکدار و جوری هیزی چەکدار و فەرمانەکانی هیزە چەکدارەکە ، بەتەواوی وەکو ئەویسترا ، لەچوارچیوەی ئەو نەخشەیەدا

کە بوی دانرابو جی بەجی نەبو لەبەر چەند هویەکێ :

یەکەم: ریکخراوەکانی کومەلە ئەوکاتە تازە بە تازە لیدانی سەخت و کاریگەری خواردبو، هیشتا هەموی کونەکرابوەوە و بەچاکی نەخرابونە گەر

دووەم. کومەلە سەرکردایەتییەکەی پیشوی هەموی گیرابون و هیشتا هەرکردایەتیەکی نویی خاوەن تەجروبە و بەهیزی ئەوتوی نە بو کە لە عودەی ئەم فرمانە بیت.

سییەم: بەهوی هەلومەرجی ئەوکاتەوە هیشتا ریکخراوەکانی ناوەوەی ولات و دەرەوەی ولات نەیان توانیبو تەنسیق بکەن، یاخود سەرکردایەتییەکی یەکگرتو پیکێ بهینن، تا نەخشەکەش وەکو یەکێ جی بەجی بکەن و مبادەرەکان لەهەمو لاوە بەپیی نەخشەکە بکریت.

چوارەم: کومەلە لەمەیدانی پیکهینانی هیزی چەکدارا، جگە لەوەی کادری کەم بو، تەجروبەشی زور کەم بو، وەخوشی تەنیا هیزی مەیدان نەبو. بەلکو زوری نەخایاند چەند تاقمیکی تریش هاتنە مەیدانەوە و کەوتنە منافسە و بوربورین.

پینجەم: کەمی ئیمکانیاتی مادی و بەشەری.

لەگەل ئەمانەشدا هەمو، لەمەیدانی دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدارا، لە هەلومەرجی دژوار و سەختی ئەوسای کوردستانی عیراقدا لەکاتیکا کە سەرکردایەتی بەرزانی و سەرکردایەتی بورجوازی و شورشی کوردستانی عیراق بە زیاتر لەسەد هەزار پیشمەرگەوە خوی لە کوری شەرا پیی رانەگیرابو، هاوریکانی کومەلە بەوپەری قارەمانەتیەوەئەم دەسپیشکەرییە میژوییەیان گرتە ئەستو و هەم لە بادینان و هەم لە هەندی لە ناوچەکانی سوراندا گری پیروزی شورشیان هەل گیرساندەوە.

بیگومان دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدار لەو زروفەی ئەوسای کوردستاندا ،بە یەکیکێ لە گەورەترین سەروەرییەکانی کومەلە ئەژمێردری، راستە کومەلە بەم هویەوە گەلیکێ قوربانی گەورەی داوە، سەدان ئەندامی لە کوری خەباتی شورشگیرانەدا شەهیدبون، بەلام بەو گیان بازی و فیداکاری و خوبەختکردنە، هاوریکانی کومەلە بورجیکی بلندی سەروەری شورشگیرانەیان بنیاتناوە کە نەکێهەر لەکوردستانی عیراقدا، وە نەکێهەر لە پارچەکانی تری کوردستاندا، بەلکو لە هەمو ناوچەکەدا دیارە و بەدی ئەکریت.

* * *

سەرەتای دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدار لە راستیدا زور زەحمەتبو، چەکێ و ئیمکانیەت زور کەم بو، کادری عەسکەری و پیش مەرگەیی شارەزا و لیوەشاوە زور کەم بو، ریکخراوەکانی ناو شارمان لە هەندی شوین نەمابو وە لە هەندی شوینی تر زور زەعیفبون، ئومیدی خەلکێ بەخوراگرتنی پیشمەرگە و سەرکەوتنی جولانەوەکە زور کز بو، لە بەرامبەر ئەمانەدا حکومەتی عیراق لەروی ئیمکانیاتی عەسکەرییەوە زور بەهیز بو، خوی چەکدار کردبوەوە، هەمو شوینە

گرنگەکانی کوردستانی گرتبووەوە ، مخا رەزەی عیراقی تەصفیە کردبوو ، وەزعی ئیقتصادی بەهۆی زیادبونی دەرامەتی نەوتەوە زور باش بوو ، پەیوەندی چاکی لەگەل دەولەتانی دراوسی و زور لە هێزە پێشکەوتن خوازەکانی دنیا دامەزراندبو... لەبەر ئەوە نابەرامبەرییەکی یەک جار گەورەی عەسکەری ، سیاسی ، بەشەری ، ئیقتصادی ، ئیعلامی ئەبو.... جگە لەمانە هەموی هاتنی بزوتنەوەی سوشیالیستی کوردستان بو ناو جولانەوەکە و بو ناو یەکیتی ، وە هاتنی ق.م وەکو هێزیکی چەکدار و سیاسی بوسەر مەیدانی کوردستان لەباتی ئەوەی تین و تەوژمیکی شورشگیرانەی راستەقینە بدەن بە جولانەوەکە ، گەلیک گیروگرفتی دروستکرد و لەزور رووەوە تەئسیری سەلبی کردە سەر ریبازی پیشمەرگانەمان .

هاتنەوەی ق.م وەکو هیزیکی کونەپەرست و گویدراوی ئیران و ئەمەریکا لەراستیدا بو تیکدانی جولانەوەکە بو ، وەبو ئەوەبو ری لەو ئیتحادە سیاسی و عەسکەرییە نوییە بگریت کە خەریک بو لە ناو جولانەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستانی عیراقدا جیگیر ئەبو ، لە بەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە دەوریکی تیکدەرانە بگرە خائینانەیان گیرا بو ئەوەی جولانەوەکە هەر بە ساوایی لەناو بچیت ، ئەوەبو بە پلان و فیل هەمو مەفرەزەکانی یادینانیان لەناو بردین کە هاوریی قارەمانمان ئیبراهیم عەزو فەرماندەیان بو ، وە دەیان ئەندام و دوستی کومەلەیان تیابو.. وە ئەوەبو لە ناوچەکانی سورانیش بە کو کردنەوەی بە تویەلی عەشایەر و کەسانی گومانلیکراو و دز و جەردە و دەستکردن بە راووروت و ئازاردانی خەلک و شیواندنی ناوی شورش و پیشمەرگە و دوایی‌تر تەسلیم بونەوەی بەکومەل و پیکهینانی تاقمی جاش لە شارەکاندا زەرەری گەورەیان لە شورشدا ...

هاتنی برایانی ب س ک بوناو جولانەوەکە و بوناوی ی ن ک ئەگەرچی لەسەریکەوە تین و تەوژمیکی بەهیزی دا بەجولانەوەکە ، بەلام لە سەریکی ترەوە تەئسیری سەلبی کردە سەر شورش و یەکیتی و ئەو پلانە پیشمەرگەییەی دانرابو ، تائەندازەیەکی زور تیکدرا و جی بەجی بەکرا .

ریبازی پیشمەرگانەی ب س ک هەر لە سەرەتاوە جیاواز بو لە هی کومەلە و سەرکردایەتی ی ن ک ، وە لە راستیشدا ئەبوایە جیاواز بی چونکە لە دوو روانگەی جیاواز و لە دوو جیهانبینی جیاجیاوە سەیری مەسەلەکەیان ئەکرد .

هاتنی بزوتنەوە بو ناو شورش ، هەمو ئەو نەخشەیەی کە دانرابو بو دروستکردنی فیرقەی دیعایەی مسلح لە مانگەکانی هەوەل دا ، بو ئەوەی کە بەشینەیی و بە شیوەیەکی ئاسایی مەفرەزەکان گەشە بکەن تیکچو .

برایانی بزوتنەوە بەپەلە بون بو کوکردنەوەی خەلک و قەبە کردنی هیزی پیشمەرگە ، هەر بویە گوییان نەئەدایە چونایەتی‌وسەدان ئاغا و کویخا و شیخ و کەسانی گومانلیکراو و پاشەل پیسیان کو کردەوە ، تەرکیبی هیزی پیشمەرگە خەریک بو بەرەو ئەوە بچی ببیتە هیزیکی عەشایەری . مەفرەزە و کەرت و هەریمەکان تەک بە گویرەی

پیویستی عەسکەری و سیاسی و لیکدانەوەی ئیعتبا راتی غەسکەری وجوگرافی و ئیداری دروست ئەکران ، بەلکو لەسەر بنچینەی هوز و تیرە و عەشیرەت پیکئ ئەهینران . بەرەللایی و بی ئیلتزامی ، رەفتارکردنی خەراپ لەگەل خەلکئ و پیشمەرگەی سادە بلاو بونەوە... برایانی بزوتنەوە هەر وەکو بەپەلەبون بو کوکردنەوەی هیزی چەکدار و قەبەکردنی بەپەلەش بون بو ئەوەی قورسایی‌یەکی غەسکەری دروست بکەن و حوکمەت ناچار بکەن هەندی لە داواکانیان جی بەجی بکات ، هەر لەبەر ئەوە لەباتی ئەوەی پیشمەرگەکان بەگیانی نەبەزین و کوانەدان و بەرگەگرتنی هەلومەرجی سەخت و قال بون لە بوتەی دژواری و ناڕەحەتیی خەباتی شورشگیرانەدا پەروەردە بکرین ، هەمیشە گیانی مساومە و سات و سەودا و سەرکەوتنی خیرا و بەپەلەیان تیا بلاو ئەکردنەوە ، بویە هەمیشە بەهیوای مفاوضە و ریکەوتن بو لەگەل دەولەت ، بەهیوای چاوپوشی ئیران بون ، بە ئومیدی برایەتی و دوستایەتی بون لەگەل ق.م ...

بیگومان هیزی لەو بابەتە خوی لەبەر پەلاماری توند و تیژا ناگریت ، هەر بویە کە هیرشە فراوان و گەورەکانی حکومەت لە هاری ٧٧دا دەستی پی کرد ، زوربەی ئەو هیزانە لە ماوەیەکی کەمدا ورەیان بەردا و تەسلیم بونەوە ، کە ئەمە خوی لەخویا تەئسیریکی زور سەلبی و خراپی کردە سەر شورش چونکە ١- ژمارەیەکی زور چەکیان بردەوە ٢- دلی خەلکیان سارد کردەوە ٣- باوەر و متمانەی خەلکیان بە پیشمەرگە و سەرکەوتنی جولانەوەکە کز کرد .

* * *

ریبازی پیشمەرگانەی کومەلە ، کە پیکئ هینانی مەفرەزەی بچوکئ و لەسەر بنچینەی لیوەشاوەیی فەردی و پەروەردەکردنی سیاسی و باوەرهینانیان بە عەدالەتی مەسەلەکە و خوئامادەکردن بو شەر و خەباتی دریژخایان و گەشەکردنی بە شینەیی ، ... هەر ئەمەیان لە مەیدانی تاقی کردنەوەدا دەرکەوت کە راسترین ریبازە ، بویە چاکئ تر لەپیشو جیگیر بو. لەگەل ئەوەشدا لەنا و مەفرەزەکانی کومەلەشدا دەیان کەسی بی کەلکئ و بی بیروباوەری تی کەوتبو کە لەگەل ئەو سەرەتایانە نەئەگونجان کە کومەلە دیاری کردبون . ئەمانەش نەکئ نەیان توانی ئەرکەکانی فیرقەی دیعایەی مسلح بەجی بینن ، وە نەکئ هەر نەیان توانی روی پرشنگداری کومەلە بە خەلکی بناسینن ،وەنەکئ هەر نەیان توانی ببنە تیکوشەری شورشگیر بەلکو لە راستیدا ،ئەمانەش بە شیوەیەکی تر زیانی زور زلیان لە شورشدا و سمعەی کومەلە و پیشمەرگە و شورشیان لەنا و خەلکئ زراند ، ئەمانە هەندیکیان خویان رویشتن و چونە پال لادوژمنەکانی وەکو ق.م و هەندیکیان تەسلیم بونەوە و باقی‌یەکەی تریشیان تەصفیە کران .

* * *

سالی ١٩٧٧ لە راستیدا لەلایەکەوە ململانی‌یەکی سیاسی و ئایدیولوجی بو لە نیوان ریبازی پیشمەرگانەی کومەلە و ریبازی پیشمەرگانەی بزوتنەوەدا لەنا و جولانەوەکەوەدا و، لەلایەکی تریشەوە ململانی‌یەکی سەخت و خویناوی بو لەبەینی هیزی پیشمەرگە و هیزەکانی دوژمندا .

کومەلە ئەیویست ریبازی پیشمەرگانەی خوی بچەسپینیت وگوتە

و بوچونە عەسکەری و سیاسیەکانی جی بەجی بکات ، هەروەها بــــزو-
تنەوەش هەمان هەولی ئەدا ، ئەگەرچی کومەلە نەی توانی هەمو ریبا-
زەکەی خوی جی بەجی بکات ، بەلام لە راستیدا ئەتوانین بلیین تــا
ئەندازەیەکی زور سەرکەوتنی بەدەست هینا و لەزور جیگە خوی جیگیــر
کرد و مفاهیمە عەسکەرییەکانی خوی چەسپاند .

سالی ١٩٧٧ هەروەکو لەنا و هیزی پیشمەرگە و یەکیتیی نیشتمانی
دا سالی ململانیی سیاسی و ئایدیولوجی بو... هەروەها بە تیکرا لە
بەینی هیزی پیشمەرگە و دوژمن دا سالی ململانیی مان و نەمان بو..

هیزەکانی پیشمەرگە خەباتیان کرد بو ئەوەی خویان جیگیــر
بکەن و رەگ و ریشە دابکوتن و دوژمن ئیتر نەتوانیت لەنا ویـــان
ببات . هەر بویە هیزەکانی حکومەت بە هیرش و پەلاماری عەسکەری،بە
پارە و هەلخەلەتاندن ، بە پیلان و گفتوگوکردن ئەیویست هیزەکـانی
پیشمەرگە لەنا و ببات ، وە لە هەمان کاتدا ق.م یش بە هەمو شیوە-
یەک هەولی ئەدا ئابلوقەی بدات و هیزەکانی تەفروتونا بکات ..

هیزەکانی پیشمەرگەش مقاوەمەتیان ئەکرد و ئەیان ویـــست
بچەسپن . سەرەنجامی ئەم ململانییەش سەرەرای نابەرامبەری تەرازوی
هیزەکانی شورش و دوژمن ، بە قازانجی پیشمەرگە تەوا و بو. هیزە-
کانی پیشمەرگە خویان راگرت ، جیگیر بون ، دوژمن نەی توانی لــە
ناویان ببات ، بەشانازییەوە ئەتوانین بلیین کە هاوریکانی کومەلە
لەمەشدا پشکی سەرەکی ئەو سەروەرییەیان پی ئەبریت .

پاییزی ١٩٧٧ و زستان و بەهاری ١٩٧٨ هیزەکانی پیشـمەرگـە
بوژانەوە ، لە شەری مان و نەماندا لەگەل رژیمی عیراق بە ســـەر
کەوتویی هاتنە دەرەوە ... لە شەری سیاسی و عەسکەریدا لەگـەل ق.م
لە هەمو محافظەکانی سوراندا بەسەربەرزی هاتنە دەرەوە ...

هیزی پیشمەرگەی کوردستان ، ئیتر وەکو هیزیکی ریکخرا و و
یەکگرتو کەوتە گەشەکردن و زیادبون ، ریزەکانی وردەوردە پـــاک
ئەبوەوە لە کەسانی ناشورشگیر و بەدنا و و بەدرەفتار ، ئەو لاسەنگی
یەی کە لە سالی یەکەمی شورشدا لە بەینی نفوزیکومەلە و بزوتنەوە
دا دروست بوبو بەرەو تیکچون ئەچو ، نفوزی بزوتنەوە لەنا و پیشمە-
رگە و خەلکدا تا ئەهات کەمتر ئەبوەوە ، بە پیچەوانەوە نـفـــوزی
کومەلە زیادی ئەکرد ، لاسەنگییەکە بە شینەیی بەرەو هاوسەنگی ئەچو ،
ئیتر کومەلە بوبوە خاوەنی دەیان فەرماندە و کادری پیشمەرگەیـی
چاک و سەدان پیشمەرگەی ئازا و دلیر ، جگە لەوەی ریبازە عەسکەری-
یەکەشی تا رادەیەکی چاک چەسپی بو..

هەر لەو ماوەیەدا ، پیویستی پیک هینانی هیزی پیشمەرگە لە
بادینان و کردنەوەی ریگای هینانی چەک و تەفەمەنی یان بەواتەیەکی
تر شکاندنی تەوقی ئابلوقەیەی لەدەوری جولانەوەکە بو، بوبوە ئەر-
کیکی پیویست و فرمانی سەرەکی قوناغی ئەو کاتە.. هەر بو ئـــەو
مەبەستە هیزیکی گەورەی تیکەلاو لە پیشمەرگەی هەمو شوینەکـــانی
کوردستانی عیراق و تیکەلاو لە ئیتجاهە سیاسیە جیاجیاکانی نـــا و
یەکیتیی نیشتمانی بەری خرا بەرەو بادینان ...

بەداخەوە ئەم تەقەلایە نەک هەر سەری نەگرت ، بەلکو بەهوی
ریبازی سیاسی سەرکردایەتی هیزەکەوە ، کە ئەویش نواندنەوەی ریبازی
پیشمەرگانەی بزوتنەوە بو، شکستیکی ئەوەندە گەورەی بەسەرا هــات
نزیک شورشەکە و یەکیتی نیشتمانی و تا ئەندازەیەکی گا ریگە ریـــش

کومەلە بە تەواوی لەنا و بچیت .

شکستی هیزی پیشمەرگە لە هەکاری ، ئەگەر چی زەربەیەکی کاریگەر بو لە تیکرای جولانەوەکە ، بەلام لە راستیدا شکستی ریبازی سیاسی و پیشمەرگانەی بزوتنەوە بو لە جولانەوەی کوردا ، هەرچەندە هاوریانی کومەلەش بەشدار بن لە هەلگرتنی باری مەسئولیەتی ئەو شکستەدا ، بەلام لەراستیدا سەرکردایەتی بزوتنەوە بە رادەی یەکەم تەحەملی ئەو مەسئولیەتە ئەکەن چونکە ئەوساکە بەشی زوری مەسئولیەتی عەسکەری بەرزی نا و شورش لەدەست ئەوان دا بو لەگەل ئەوەشدا کومەلەش شەریکی ئەو زەرەر و زیانە زلەبو کە لە شورش کەوت ، وە لە ئەنجامی ئەمەدا دەیان ئەندامی شەهید بون و بریندار بون و گیران .

شایانی شانازیە کە هاوریکانی کومەلەمان بەدریژایی ئەو ریگا دژوارە نمونەی پیشمەرگەی ئازا و خوراگر و فیداکار بون و بەوپەری دلسوزییەوە فرمانەکانی سەرکردایەتی هیزەکەیان جی بە جی کرد و لەکاتی گیرانیشدا بە پیچەوانەی هەندی لەسەرکردەکانی بزوتنەوە ، کە لەبەر ترسنوکی و تخاذل کردنیان بوبونە مایەی گالتەپی کردنی ق.م ، لەویش بەخوراگری و جوامیری خویان دوژمنیان ناچار کردبو کە حورمەتیان بگریت و بە چاویکی ترەوە جیاواز لەو چاوەی تەماشای هەندی لەوانیان پی ئەکرد سەیری ئەمان بکەن.

کومەلە و ئەندامە تیکوشەرەکانی چ ئەوانەی لەریزی پیشمەرگەدا بون و چ ئەوانەی لە شار و لادیکاندا خەباتی سیاسییان ئەکرد دەوریکی گەورە و کاریگەر و قارەمانانەیان بینی لە هەلساندنەوەی شورش و بژاردنی ئەو شکستە گەورەیەدا ، وە لە پاراستنی ریبازی شورشگیرانەی جولانەوەکە لە لادان بەم لاو بەو لادا ، وە لە خلیسکان بەرەو زەلکاوی مساومە لەگەل عیراق یاخود ئیران وە یان ق.م ، لە کاتیکا کە پاشماوەی سەرکردایەتییەکەی بزوتنەوە دەوریکی ناشورشگیرانە بەلکو ناشەریفانەیان بینی هەم لە تیکدانی ریزەکانی یەکیتیی و شورشدا وسارد کردنەوەی پشتی خەلک لە خەبات و تیکوشان، وە هەم لە هاندانی سەرکردایەتی ق.م بو کوشتن و لەناو بردنی شەهیدانی نەمر عەلی عەسکەری و د. خالید و شیخ حسین .

لەکاتیکا کومەلە و کادرو ئەندام و دوستەکانی هەمو هەول و تەقەلای خویان تەرخان کردبو بو بەهیز کردنی ریزەکانی پیشمەرگە و ساریژ کردنەوەی برینەکانی ، بالە یەمینییە هەلپەرستەکەی ناو بزوتنەوە کەوتنە گیرانی پیلان و نانەوەی ئاژاوە و دلی دەیان کەسیان سارد کردەوە و ئالای مساومە کردنیان بەرز کردبوەوە لەگەل حکومەتی عیراقدا لەلایەکەوە لەگەل ق.م لەلایەکی ترەوە . .ئەمە جگە لەوەی بوبون بە بوئرەی کوکردنەوەی بەزیو و گومانلیکراو و داخ لە دل و ئاژاوەچی و محاسەبەکراوەکانی ناو شورش .

بەو جورە پشیوییەکی سیاسی و فکری و تەنزیمی وە هەندی کات پشیوی و بەرەللایی و یاخی بونیان لە ریزەکانی پیشمەرگەدا دروست ئەکرد ، وە لەمەدا د. محمود و جەماعەتەکەشی دریغییان نەکرد .

ئەمانە هەر چەندە هەندی جار بەناوی سەربەخوبونی بالەکانی ناو یەکیتی و هەندی جار بەناوی چەپرەوی و تاکرەوی کومەلە و هەندی جار بەناوی دیکتاتوریەتی مام جەلال و ئینحیازی بەلای کومەلەدا ... ئەو کوبەندەیان ئەگیرا ، بەلام لەراستیدا ئەو بەهانانە

هەموی درو بون و مەبەستەکە ریگەگرتن بو لە گەشەکردنی کومەلەو ئەستور بونی باسکی لەنا و پیشمەرگە و یەکیتیدا ، ئەمانە بە درو و پیلان هەندیک جار لەمام جەلال نزیک ئەبونەوە دژی کومەلە وەهەندی جاری تر لە کومەلە نزیک ئەبونەوە دژی مام جەلال ..لەراستیدا هەول و تەقەلای ئەمانە بو قوستنەوەی ئەو هەلە بو کە بەهوی کارەساتی هەکاریەوە بویان هەلکەوتبو بوئەوەی دژی کومەلە و ریبازی سیاسی و عەسکەریەکەی بەکاری بهینن و بوئەوەی نفوز و دەسەلاتی بورجوازی ئابروچوی کورد بگیرنەوە، ئەمانە ترسیان لە بەهیز بونی کومەلە پەیداکردبو کە رابەرایەتی جولانەوەکەی بکەویتە دەست ، یان بە واتایەکی تر ناکوکی لەنیوان بالە یەمینیەیە هەلپەرستەکەی بزوتنەوە وە کومەلە و یەکیتیی نیشتمانیدا ، شیوەیەک و لە ململانیی چینایەتی و شەری سیاسی نیوان دوو ریبازی جیاواز....

ئیمە لەلای خومانەوە هەولیکی زورمان دا بورازی کردنی ئەمانە ، تەنانەت هەندی جار تا کەناری سات و سەودا معامەلەش چوین و زور کار و کردەوەی ناشورشگیرانە و ناپیشمەرگانەمان لی قبول کردن ، هەر بوئەوەی یەکیتیی ریزەکانی گەلەکەمان وەبەتایبەتی یەکیتیی ریزەکانی پیشمەرگە و یەکیتیی نیشتمانی بپاریزین.بەلام ئەمانە هەمیشە خەریکی کنەکردن و پیلان گیران و هەلگیرانەوەی پیشمەرگە بون ، خەریکی سازکردنی پیلانی پارچەپارچەکردنی هیزی پیمەرگە و یەکیتیی نیشتمانی بون ، تەنانەت هەولیان لەگەل هەندی کەسیشدا ئەدا بو ئەوەی کومەلەیەکی ساختە دروست بکەن و جیاببنەوە.

ئەو ئازاوەیەی پاشماوەکەی بزوتنەوە بە هاندانی د.محمود و رابەری رەسول مامەند و عەلی هەژار نایەوە، زیانیکی زوری لی داین ، چونکە ئەو کاتە هیشتا لە قوناغی هەستانەوە و بیناکردنەوەی هیزەکانی شورشدا بوین، هیشتا برینەکانی هەکاری ساریژ نەبوبون ، سەرەرای ئەمانەش ئەو کاتە گەلانی ئیران لەسەرەتای راپەرین دابون و جموجولیکی شورشگیرانەش کەوتبوە کوردستانی ئیرانەوە، وە هەر بەهوی خەریک بونەوە بە ئاژاوەی ئەم تاقمە هەلپەرستە گیرە شیوینەوە، کومەلەمان نەی پەرژایە سەر ئەوەی دەوریکی کاریگەر و گرنگ بگیری لەکوردستانی ئیراندا ،

هەمو هەول و تەقەلای ئیمە و هەمو نەرمی و مساوەمەیەکی لەگەل ئەم تاقمەدا کردمان سودی نەبو، لە ئەنجامدا جیابونەوە و سەدان پیشمەرگە و دەیان کادری بزوتنەوەیان هەلخەلەتاند و رویشتن . وە هیزی پیشمەرگەی کوردستانیان پارچەکرد و بەجیا کەوتنە چالاکیەکی تخریبی دژی کومەلە و یەکیتیی نیشتمانی و حملەیەکی پروپاگەندەی زالمانەیان دەست پی کرد.

بەلام چونکە ئەمانە لە قسەکانیاندا ناراست بون ، پروپاگەندەکانیان لەسەر بناغەی درو و بوختان دامەزرابو،وە ریبازیکی ئیستسلامی و بەزیوانەیان گرتبو، وە فریان بەسەر بیروباوەری سوشیالیستیەوە نەبو ، زوری پی نەچو بەچاکی بو کومەلانی خەلکی کوردستان دەرکەوتن و ریسوا بون .

ئەگەر لە سەرەتادا جیابونەوەی بالە یەمینیەیە هەلپەرستەکەی بزوتنەوە توانی بیتی هەندی زەرەری سیاسی و عەسکەریمان لی بدات بەوەی سەدان پیشمەرگەیان هەلگیرایەوە و سەدان پارچەچەکیان برد و بەزیادکردنی تەلەزمیکی سیاسی تر زیاتر دلی

خەلکیان بەهوی دوو بەرەکی سارد کردەوە، لەئەنجامدا ئەوە بەشتی ئیجابی هەلگەرایەو . چونکە ریزەکانی پیشمەرگە و یەکبتی لە زور کەسی بەدناو و گومانلیکراو و شەرنەکەر و دز و رەوشت نزم پاک بووەوە، وە بوچونەکانی کومەلەش زیاتر جیگیربون و سەلمان ..

ئەگەر ئیستا وەزعی پیشمەرگە و هەریمەکان بەراورد بکەین لەگەل ئەو کاتەدا چەندین قوناغ بوپیشەوە چوین، ئەمە جگە لەوەی کە حورمەت و نفوزی پیشمەرگە لەناو خەلکیدا زور زیادی کردوە و ئیستا خەلکی بەچاوی خویان ئەبینن کی پیشمەرگەی راستەقینەی خەلکە و کی بەناوی پیشمەرگەوە زولم لە خەلک ئەکات .

ئیستا هیزەکانی ی ن ک لە سەرانسەری محافظەکانی هەولیر و کەرکوک و سلیمانیدا چالاکی ئەنوینن ، وەلەناو ئەم هیزانەشدا نفوزی دیار و دەسەلاتی ئاشکرای کومەلەمانی تیایە ..ئیستا کومەلە خاوەنی دەیان فەرماندە و کادری لیوەشاوە و پیشمەرگەی دلیر و ئازایە کە لە کوری خەباتی پیشمەرگانەدا قال بون و ئیستا تەواتی پیکهینان و بەریوە بردنی هیزیکی زور گەورەترمان هەیە لەوەی ئیستا و باوەر و خوشەویستی و حورمەتیان لەناو خەلکا بەدەست هیناوە .

ئیستا لەناو هەریمەکانی تری پیشمەرگەدا دەیان شانە و ریکخراو و کومیتەی کومەلەمانی تیایە کە بە بەردەوامی خەریکی پەروەردەکردنی پیشمەرگەن بە بیروباوەر و رەوشتی شورشگیرانە،جیگەی شانازییە بو ئیمە کەوا هەر لەو ناوچانەدا چالاکی شورشگیرانە زورە کە کومەلەمانی تیا بەهیزە، وە هیزەکانی یەکیتیی نیشتمانیش هەر لەو شوینانە بەکار و کاریگەر و چالاکن کە نفوزی کومەلەی تیا بەهیزە، وە هیزە سیاسی و چەکدارەکانی تری دەرەوەی یەکیتیی نیشتمانی هەر ئەویرن لەو شوینانەدا هاتوچو بکەن و چالاکی بنوینن کە هیزەکانی یەکیتی تیایە، وە ئیمەش پیویستە دان بەو راستییەدا بنیین هەروەکو ئیمە بەشدارییەکی کاریگەر و زورمان کردوە لەپەل هاویشتنی ی ن ک بەم لا و بەو لادا ، لەهەمان کاتدا ئیمەش کەلکیکی زورمان لە چەتری ی ن وەرگرتوە بو ئەوەی شانە و ریکخراوەکانی خومانی لەژیردا دروست بکەین و گەشەی پی بدەین .

لەراستیدا ی ن ک تا ئیستا وەکو ئەو گوماوە گەورەیە وابوە کە کومەلە راوەماسیی تیا کردوە بو دوزینەوە و هەلبژاردن و راکیشان و ریکخستنی دەیان کەسی شورشگیر و چاک .

هاوریبانی بەریز !

راستە ئیمە ئیستا هیزیکی پیشمەرگەمان نییە ناوی هیزی کومەلە بیت ، وە لەشکریکی تایبەتیمان نییە بەناوی خومانەوە ، بەلام لە راستیدا هیزی ئیستای یەکیتیی نیشتمانی ، هیزی کومەلەشە چونکە :

یەکەم : ئیستا هیزی پیشمەرگەی کوردستان تا ئەندازەیەکی باش لە خزمەتی ئەو ریبازە سیاسی و عەسکەری و فیکرییەدایە کە کومەلە ئەیەوی.

دووەم : ژمارەیەکی سەرکردایەتییەکەی و کادرە ناوەنجییەکانی ئەندامی گوی رایەل و ملتزمی کومەلەن .

بەم بونەیەوە پیویستە ئەوە چاک بزانین کە ئیمە هەول ئەدەین هیزی پیشمەرگە بو گەلی کوردستان دروست بکەین نەک حزبیکی چەکدار، لەبەر ئەوە شتیکی سەیر و نائاسایی و نامارکسی نییە کە

سەدان پیشمەرگە لەو هیزە کوببنەوە بەبی ئەوەی ئەندام یا لایەن گری کومەلە بن .. وە ئیستا ئیمە ئیتر لە قوناغی ئەوە دەرچوین کە هەر بایەخ بە چونایەتی بدەین، بەلکو بو راپەراندنی فەرمانە سیاسی و عەسکەرییەکان ، وەبوپەوەی تەرازوی هیزەکان بەلای ناحەزەکانماندا نەکەویت ، ئیتر لەمەولا ئەبی بایەخیکی زور بدەین بە چەندایەتی ، واتە لە زیادکردنی ژمارەی هیزی پیشمەرگە . وەتا ئەو زەمانەی هیزی پیشمەرگە لە خزمەتی ریبازی سیاسی و عەسکەری کومەلە دابیت ، وە سەرکردایەتییەکەی لە دەستیکی ئەمین دابیت ، زیاد بونی ژمارەی هیچ مەترسییەکی ئەوتو دروست ناکات کە هیزەکەمان لە دەست دەربهینی ، بەتایبەتی کە ئیستا خاوەنی چەندین کادری پیشمەرگەیی لیوەشاوەین ، بویە ئەبی لەمەولا لەجاران کراوەتر بین و ماوە بدەین بەسەدان و بگرە بەهەزاران کەسی تر کە بینە ریزی هیزی پیشمەرگەوە و خەباتی چەکدار بکەن ، بی ئەوەی بهیلین هەست بەوە بکەن کە بەهوی « کومەلە نەبونەوە» حورمەت ناگیرین ، یا خود ئیش یان نادریتی ، یان مەسئولییەتیان پی ناسپیردریت .

پیویستە هاوریکانی کومەلە فیربین سەدان کەسی غەیرە کومەلە سازبدەن و کویان بکەنەوە و بیان خەنە شەری نیشتمانی و چینایەتییەوە ، وە ئەبی باوەش بکەنەوە بو ئەو پەروش و ئامادەییەی کە ئیستا خەلکی دەری ئەبرن ، ئەبی لەشکر بو کومەلانی خەلک و بە کومەلانی خەلک دروست بکەین ، ە ئەگەر کومەلە توانای لەباوەش گرتن و ئیستیعاب کردنی پەروش و ئامادەیی کومەلانی خەلکی نەبیت ، وا لەوانەیە لاکانی تر بیقوزنەوە و ئەو خەلکەی کە ئەتوانی ببیتە هیزی یارمەتی دەری کومەلە، ببیتە هیزی ریگر و بە عەلستی کەری کومەلە و لاکانی تر بەکاری بهینن دژی کومەلە .

داگیرکردنی مەیدانی پیشمەرگایەتی هەر بە لولەی تفەنگ و هیزی چەک نابی بەلکو بە پیشاندانی ریبازی سیاسی و عەسکەری راست و توانای لەباوەش گرتنی جولانەوەی خەلک و توانای سازدان و ریکخستن و بەگەر خستنیان ئەبیت . بەوە ئەبیت کە کومەلە تا چ ئەندازەیەک توانای راکیشانی سەرنج و بەدەست هینانی باوەر و متمانەی ئەوانەی هەیە .

لەماوەی پینج سال خەباتی چەکدارا ، کومەلە تەجروبەیەکی زور و زەبەندی پیشمەرگانە فیر بوە، پیشمەرگە قارەمانەکانی دەیان شەری گەورە و سەدان شەری بچوکیان کردوە ، سەرکەوتنی گەورەگەورەیان بەدەست هیناوە ، سەدان ئەندامی کومەلە لە نەبەردی قارەمانانەی بی وینەدا شەهیدبون و بەخوینی خویان داستانی سەروەریان نوسیوەتەوە ، پیشمەرگە قارەمانەکانی کومەلە ، نەک هەر بە کردەوە سەلماندویانە کە پیشمەرگەی سەرانسەری کوردستانی عیراقن ، بەلکو سەلماندویانە کە پیشمەرگەی سەرانسەری کوردستانن و ئەتوانن لە هەمو جیگەیەکی پیویستدا لەگەل دوژمن بجەنگن ، وەهەر بویە لە هەر کوییەک پیویست بی بوبن ، بی دودلی و سلەمینەوە چون و فرمانەکانی خویان جی بەجی کردوە ..

دوژمن حسابیکی گەورە بو چونایەتی هیزەکانمان ئەکات ، وە ناهەقیشی نییە بیکات ، چونکە وا تازە و لەدوای شەری عیراق و ئیران دەر ئەکەوی کە توانای بەشەری و ئابوری و جەنگی حکومەتی عیراق چەند بوە و چون پیشمەرگە قارەمانەکانی ی ن ک و لەریزی پیشەوەیان

پیشمەرگەکانی کومەلە، بەتوانا و ئیمکانیاتیکی یەکجار کەمەوە بەرەنگاری دوژمنیکی وا بەهیز و در بون .

حسابی پینج سالەی خەباتی چەکدارمان بەگشتی باشە و سەرکەوتوانەیە، هەرچەندە زەرەری گیانی زورمان لی کەوتوە و زور هاوریی دلیر و قارەمانمان شەهید بون، بەلام لە بەرامبەر ئەوەشدا ئیمەش زەرەری زورمان لە دوژمن داوە و لەوانەش هەموی گرنگتر ئەوەیە هیزی پیشمەرگە بوە بەو تروسکەیەی کومەلانی خەلک بە ئومیدیکی زورەوە بوی ئەروانی، وە خەباتی چەکدار بوتە پشتیوانیک پتەوی خەباتی سیاسی و بەو هویەوە هەزاران کەس لە دەوری ئالای ئالاون .

بیگومان خەباتی چەکدار لە هەلومەرجیکی ئالوزی وەکو کوردستانی عیراق دا، کە جگە لە هیزەکانی سەربە ی ن ک چەند جورە هیزی چەکداری تر پەیدا بون، وە لە هەلومەرجیکا کە هیشتا، بالادەستی ،، بەلای دوژمنەوەیە، وە لە هەلومەرجیکا کە هیشتا هەر لەسەر پیی خومان و بە توانا و ئیمکانیاتی خومان ماوین و ئەژین .. بیگومان دور نابیت لە گیروگرفت و کەموکوری و هەلە و ناتەواوی.

لە کوتاییدا ئەبی ئەوە تەئکید بکریتەوە کەوا ئەگەرچی کومەلە لە زوربەی نەبەردەکان و ململانیی سیاسی و عەسکەریدا لەگەل ریبازی چەوتی ناو یەکیتیی و لەگەل ریبازی لاکانی تری دەرەوەی یەکیتیدا ئەگەرچی سەرکەوتوانە هاتوتە دەرەوە، بەلام هیشتا سەرکەوتنی یەکجاری بەدەست نەهیناوە و ئەوانەی تری بە تەواوی سەبەزاندوە و لە مەیدان دەری نەکردون ... هیشتا مستلزماتی گورانی ستراتیجی جەنگەکە و تاکتیکەکانی و شیوەکانی و شوینەکانی بە تەواوی ئامادە نەبون .

هیشتا ستراتیجی شەرەکەمان، هەر شەری دریژخایانی شورشگیرانەی جەماوەرییە بو پساندنی دوژمن لەروی عەسکەری وئابوری و سیاسییەوە ...

هیشتا شیوەی شەرەکەمان، هەر شەری پارتیزانییە و ئەبی پەیرەوی سەرەتا و تاکتیکەکانی جەنگی پارتیزانی بکەن...

هیشتا شوینی سەرەکی شەر و چالاکیمان، هەر شاخ و دیهاتەکانی کوردستانە ...

بەلام لە راستیدا ئەتوانریت بەهەمان توانا و ئیمکانیاتی بەشەری و مادی کە ئیستا هەیە، ئەگەر باشتر ریکەبخری و بەگەر بخری، هەنگاوی گرنگ جولانەوەکە بو پیشەوە ببری و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهینری، بویە ئەبی یەکیک لەو مەسەلە گرنگانەی بیری لی بکریتەوە مەسەلەی گەشەپیدانی شیوەکانی خەبات بیت، لەوانە خەباتی چەکدار و گری دانی بە شیوەکانی ترەوە.

١٩٨١/٥/١٥

---

تی بینی: ئەمە ئەو راپورتەیە کە پیشکەشی یەکەمین کونفرەنسی کومەلە کرا، پاش لیدوان و دەسکاری بریار درا بلاوبکریتەوە.

کورەک ـ ن

# پاشکۆی حەوتەم
## بڵاوکراوەی ناوخۆ

Komela Renckderan ê Kurdistan
— RÊKXRAWA —
Kurdistan Toilers League
— ORGANISATION —

کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
— ریکخراوی دەرەوە —
عُصبَة شغيلة كردستان
— مُنظمة الخارج —

ژمارە

بو / هەموو ریزەکانی ریکخستن
— بلاوکراوەی ناوخو —

سلاوێکی شورشگیرانە

هاورێیانی تیکوشەر وا لە خوارەوە، لە چەند شتێك ئاگادارتان ئەکەین بە هیوایین کە پەیرەوی بکەن و ئەوەی پێویستی بە ئەنجام دان هەیە بە زووی ئەنجامیان بدەن:

(١) هەروەکو ئاگادارن کە لە ناوەوەی ولات، باڵەکانی ناو ی٠ن٠ك کە بریتین لە کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکیتی شورشگیرانی کوردستان، هەر لایەنێك ریکخستنی سەربەخوی خوی هەیە، وەئیستا ٤ - مەڵبەند هەیە کە هەر یەکێکیان لە نوێنەرانی هەردوو باڵەکە پێك هاتووە، ئەندامێکی سەرکردایەتی ی٠ن٠ك لێی بەرپرسراوە، ئەم مەڵبەندانە ئیشوکاری راگەیاندن، سیاسی، سەربازی و کومەڵایەتی لە سنووری خویدا ئەکات، جگە لە مەسەلەی ریکخستن. دیارە ئەبێ جوری ئیشکردن لە دەرەوەی ولاتیش رەنگ دانەوەی ناوەوەی ولات بێ.. بویە پاش وەرگرتنی رای سەرکردایەتی کومەڵە و ی٠ن٠ك وا بە چاك زانرا کە شێوەی ئیشکردنی ی٠ن٠ك لە دەرەوەی ولاتیش وە ناوەوەی لێ بێ.

ئەوە بوو نوێنەرانی کومەڵە لە دەرەوە لەگەڵ پشك دانیشتن پاسە هەروەها گەیشتنە ئەمانەی خوارەوە بەنیسبەت شێوەی کارکردن لە ئەوروپا:

١ - کومیتەی لقی ئەوروپای ی٠ن٠ك وەکو جاران نامێنیت بەڵکو لە سەر بناغەی نوێنەرانی هەردوو ریکخستن بێت.

وا ئیستا کومیتەی سەرپەرشتی یان لقی ئەوروپای ی٠ن٠ك لە (٦) کەس پێکهاتووە (٣) نوێنەری کومەڵە + (٣) نوێنەری پشك.

-- ئیشوکاری ئەم کومیتەیە هەمان ئیشوکاری کومیتەی لقی ئەوروپای پێشوو ئەبێ جگە لە مەسەلەی ریکخستن، کە هەر ریکخراوە خوی

- ٢ -

بەر پرسیار ئەبیت لە کارویاری ڕێکخستن دا ٠کاری راگەیاندن ، پەیوەندی و سیاسی بە ناوی ی٠ن٠ك وە ئەو کومیتەیە ئەنجامی ئەدات٠

٢- لە هەموو ولاتەکان - ڕێکخراوی ی٠ن٠ك لە نوینەرانی هەردو بالەکە وەك یەك پێك دێت واتە (٢+٢) یان (٣+٣) بە گوێرەی قەبارەی ئیشوکار لەو ولاتە دا٠

٣- ئەگەر هاتوو لە ولاتێك دا نوینەری لایەنێك لەو بالانەی ناو ی٠ن٠ك تیا نەبوو٠٠ ئەوا نوینەرانی ئەو بالەی ی٠ن٠ك کە لەوی هەن و ڕێکخراوی ی٠ن٠ك پێك ئەهێنن و ئیشوکارەکان بە ناوی ی٠ن٠ك وە ئەنجام ئەدەن٠

٤- پەیوەندی یەکانی دەرەوە بە ناوی ی٠ن٠ك ئەکرێت دیارە ئەمە ئەو پەیوندیانەی کومەڵە ناگرێتەوە کە بە ڕێکخراوە (م٠ل)و بزوتنەوەی گەلانی شورشگێرە وە کومەڵە ئەیکات بەسەرەمسان شێوەش ڕەنگە هەندی پەیوەندی تایبەتی هەبی کە بە پشك ەوە بە سەترا بیت ٠

٥- هاوریانی تێکوشەر دیارە ئەم گورانەی ناو ی٠ن٠ك بەستە هەنگاوێکی بە نرخ و پر بایەخ لە قەلەم ئەدرێت و بە پێشکەوتنێکی باش دائەنرێت ٠ بە هەمان شێوەش لە ئەوروپا جیاکردنەوەی ڕێکخستنی هەردوو بالەکە بەو مانایە نایەت کە ی٠ن٠ك لاواز بکرێت بەلکو هوی سەرەکی ئەم هەنگاوە بەم شێوەیە :

أ- بو زیاتر گەشەدان بە ی٠ن٠ك وەك نیمچە بەرەیەك نەك وەك ڕێکخستن ، هەروەها بو زیاتر راپەراندنی ئیشوکار و چالاکی یەکانی ی٠ن٠ك لەبەر روشنایی پرینسیپی یەکیتی و زوران لە هەموو مەیدانێك دا ٠

ب- بو ئەوە یە کە هەر ڕێکخراوە خوی خەریکی ڕێکخستن و گەشەدان بە ڕێکخستنی خوی بیت و٠٠ هەر لایەنە بە گوێرەی پەیرەوی ناوخوی خوی ئەندام و پالەوراو و لایەنگران وەرگرێت٠٠ وە زیاتر هاوری یان لە ئەرز د واجیبەتی ڕێکخستن رزگار بکات٠

٦- ئەوەی یەکەمیتە سەر هاوریانی کومەڵە لە دەرەوە ، ئەبی زور ... بە گیانێکی لە مەسئولیەتەوە ئەم هاکاری بەسەر

نێوان هەردوو باڵی یەکێتی ی بپارێزن و گەشەی پێ بدەن.. چونکە ئەو هاوکارییەی نێوان کومەڵە و هەڤاڵانی یەکێتی شۆڕشگێران هاوکارییەکی تاکتیکی نییە.. بەڵکو لە کوری خەباتی شۆڕشگێڕانە دا هاتوتە کایەوە وە بە ئارەزوی هەردوو لا ی.ن.ك پێك هاتووە و بە پێداویستی خەباتی ئەم سەردەمەی گەلی کوردستانی ئەزانین .. جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان هاوکاری ئێمە لەگەڵ هەڤاڵانی یەکێتی شۆڕشگێران دا و لە نێوان ئەو تەحالوفاتەی تر کە لەگەڵ حشع یان ق.م یان حسك یان لایەنەکانی جوقد ئەکرێت. بۆیە ئەبێ هاورێیانمان لە هەر شوێنێك بن وە لە هەر ئاستێك دا بن گرنگی ئەم قوناغەی خەبات لەبەر چاو بگرن و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی گەشەدان بەو هاوکاری یە بدەن و هەوڵی پتەوی و بەرەو پێشەوە بردنی ی.ن.ك بدەن.

هاورێیانی تێکۆشەر حەز ئەکەین ئەوەتان زیاتر لا ڕوون بێت کە کومەڵە یەکێتی ی نیشتمانی ی بە غەریب دانانی لە خوی، بەڵکو بە موڵکی خوی ئەزانێ، بە خوێنی دەیان سەرکردەو سەدان هاوڕێ و سەدان پێشمەرگەی کومەڵە و یەکێتی شۆڕشگێران، بە قوربانی و فیداکاریەکی بێ ئەندازەی کومەڵە و هەڤاڵانی یەکێتی شۆڕشگێران. یەکێتی ی نیشتمانی گەیشتوتە ئەم قوناغەی ئێستا کە پلە و پایە و ناوبانگێکی پڕ شانازی هەیە لە مێژووی گەلی کورد و خەباتەکەی دا، بۆیە پێویستە لەسەر هاورێیانمان هەر چون هاورێیانی ولاتمان بە خوێنی گەشی خۆیان یەکێتی ڕیزەکانی ی.ن.ك و گەشەکردنیان پاراستووە، بە هەمان شێوەش ئێمە لە دەرەوەی ولاتیش ئەبێ هەموو کوشش و هەوڵێکمان لەو پێناوەدا بێ بێگومان پتەوی گەشەکردنی ی.ن.ك لە بەرژەوەندی کومەڵە یە و بە هەمان شێوەش گەشە کردنی کومەڵە و بەرەو پێشەوە چوونی لە خزمەتی ی.ن.ك دایە چوونکە پەیوەندی ی دیالێکتیکی هەیە لە نێوانیان دا وەلێ ڕێگە بەوە بدەن کە ناحەزان ڕەنگە جیا بوونەوەی ڕێکخستن بەوە دابنێن کە کومەڵە و ی.ن.ك ماڵیان جیا کردۆتەوە و ی.ن.ك بەرەو "تعظیش" بون ئەچێ؟ کە ئەمە پروپاگەندەی دوژمنان و ناحەزان ئەبێ.. بۆیە ئەبێ

باشترین پەیوەندی لە نێوان هاوڕێیانی ئێمە و هەڤاڵانی پشک دا دروست ببێت، وە لە هەر وڵاتە هەوڵ بدەن دوو مانگ جارێ هاوڕێیانی ئێمە و هەڤاڵانی پشک دا بە یەکەوە کۆببنەوە بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پێشنیار کردن بۆ زیاتر چالاکی و چارەسەر کردنی هەر گیر و گرفتێك کە هەمی لە نێواندا .

٧- لە هەر وڵاتێك ئەگەر هاتوو گیرو گرفتێك دروست بوو لە نێوان نوێنەری کۆمەڵە و پشک یان هاوڕێیەکی کۆمەڵەو هەڤاڵێکی پشك هەوڵ بدەن بە گیانێکی برایانەوە چارەسەری بکەن و وەزیفەی لێ ئاگادار بکەن خۆتان هیچ بڕیار وەرناگرن و گیروگرفتەکە بۆ ئێمە ئەنووسن و چارەسەرەکەی بۆ ئێمە بەجێ ئەهێڵن لەگەڵ پێشنیاری خۆتان دا .

٨- هەر وەکو لەگەڵ هەڤاڵانی پشك دا ڕێکەوتین هەر هاوڕێیەك یان لایەنگرێك یان هەڤاڵێکی ئەوان کە محاسەبە کرابێت لای ئێمە یان لای ئەوان ، لەسەر مەسائلی ڕێکخراوەیی وەرناگیرێت لای بان لەکەی تری ناو یەکێتی ی ، واتە ئەگەر هەڤاڵێکی یەکێتی شۆڕشگێڕا هاتە لای کۆمەڵە ، وتی من دەمەوێ بێمە کۆمەڵەوە وەخیلافاتی فکریم هەیە ئەمی یەکسەر وەرنەگیرێت ، لە نوێنەرەکەیان ئەپرسرێت و ڕێکخراوی لێ ئاگادار ئەکرێت پاشنەوەی لێ ی ئەکۆڵدرێتەوە ئەگەر دەرکەوت ئەو هەڤاڵە محاسەبە کراوە و ئێستا ئەیەوێت وا دەریخات کە لەسەر مەسائلی فکری بووە ، ئەوە ئێمە وەری ناگرین، بەڵام ئەگەر دەرکەوت کە هیچ محاسەبە نەکراوە و مەسەلە بیروباوەڕە ئەوا پاش پرس کردن بەوان وەری ئەگرین . بەهەمان شێوەش ئێمە بە نیسبەت ئەوانەوە .

٩- هاوڕێیانی تێکۆشەر: ئاشکرایە دارشتنی شێرازەی هەموو ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕ لەسەر بناغەی دیموکراتیەتی ناوەندیە ، واتە دیموکراتیەت لە نێوان هاوڕێیان دا لە هەموو لیژنە و دەزگاکانی ڕێکخستن دا تا ئەو کاتە شانێك بۆ دەربڕینی ڕایان و لێکۆڵینەوە و لێدوان لەسەر هەموو مەسەلەکان، وە ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرایەتی لە بڕیار وەرگرتن دا و ملکەچی

دەزگاکانی خوارەوە بۆ سەرەوە و بە پێی ڕێچکەی ڕێکخستن . جێ بەجێ کردنی هەموو ئەرك و فەرمانێك لەلایەن دەزگاکانەوە بـــێ یان لە هاوڕێیا نەوە بێ کە لە دەزگایەکی بەرز ترەوە پـــێی ئەگات یان لە لێ پرســراوەکەیەوە . بێ ئەوەی پێش جێ بەجـــێ کردنی فەرمانەکە لێی بدوێت ، بەڵکو پاش جێ بــە جـــێ کردنی بۆی هەیە کە ڕای خۆی بگەیێنێتە دەزگاکانی ســـەرووی خۆی و ڕەخنە بگرێت . بەڵام بە داخەوە ئەبینین لەدەرەوەی وولات دا لە هەندێ شوێن دا لەلایەن هاوڕێیانی ئێمەوە ناوەندێتی فەراموش ئەکرێت و دیموکراتی یەتەکەش لە شـــێوەی بەرەڵلایی یـــا بەکار ئەهێنرێت ،کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە دورن لە ڕەفتاری هاوڕێیانی کۆمەڵەمانەوە و هەموو ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕەوە .. لە کاتێـــك دا کە ئەمی ناوەندێتی و دیموکراتیەت هاو شانی یەکتر بڕۆن و یەك تەواو کەری ئەوی تریان بێت .. لە هەمان کاتیـــشدا ڕێگا نادرێت بە هیچ هاوڕێیەك و دەزگایەك کە شـــیرازەی ڕێکخـــستن و پرینسیپەکانی ڕێکخستن بشـــێوێنێت .

وەئەبێ زۆر ورد بن لە وەرگرتنی خەڵك بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستن و نابێ ئەو بەرەڵلاییەی کە لەناو ڕیزەکانی ی.ن.ك بـــوو بێتە ناو ڕیزەکانی ڕێکخـــستنەوە .

لای کۆمەڵەمان چۆنایەتی گرنگ ترە لە چەندایەتی بـــۆیـــە هەر هاوڕێیەك و برادەرێك ئەو ئامادەگی یە لە خۆیدا نابینێ کە پرینسیپەکانی ڕێکخستن جێ بەجێ بکات باشـــتر وایە کـــە وەك دۆســـتێك بمێنێتەوە و دوربێت لە ڕێکخستنەوە .

١٠ - هاوڕێیانی تێکۆشـــەر وا بە تەمایین کە لەماوەی چەنـــد مانگێکی داهاتوو دا کۆنفرانـــسی ڕێکخراوی دەرەوە بگرین بۆیـــە هیواداریـن پێشـــنیارتان چیە لە ئێســـتاوە بۆمان بنوسن بۆ ئەوە بڵاوکراوەیەکی تر دا لەسەر مەسەلەی کۆنفرانس بە درێژی بۆتـــان ئەنووســـین .

١١ - أ - لە بەر ئەوەی ی.ن.ك وەکو ڕێکخستن نەماوە لـــە ئەوروپا، پێویـــستە لەسەر خەڵکەکان خۆیان ساغ بکەنەوە، بۆیە

- ٦ -

ئەمی لە هەر وڵاتێك کۆبونەوەیەکی گشتی ی٠ن٠ك بکەن و ئەوانەی کە تا ئێستا خۆیان ساغ نەکردوەتەوە، خۆیان ساغ بکەنەوە٠

ب- ئاشکرایە ڕەنگە لەمەودوا خەڵکێکی زۆر بە لای کۆمەڵەدا بێت بۆیە پێویستە هاوڕێیان لە هەر وڵاتێك ڕێکخراوی لایەنگرانی کۆمەڵە دروست بکەن جگە لەوەی کە ئێستا لە ڕێکخستن دان، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خەڵکەکانی ی٠ن٠ك کە بەلای ئێمەدا ساغ بوونەتەوە لەو شێوە ڕێکخستنەدا ڕێکبخرێن تا ماوەی پاڵێوراوی و ئەندامی ئەبڕن یان شلیستەی ئەوە ئەبن ببنە پاڵێوراو و ئەندام٠

ج- زۆر کەس هەن کە ئەندام بوون لە ی٠ن٠ك دا بەڵام هەر لایەنگری ئێمە بوون، وە لە ساغ بوونەوەش دا دێتە لای ئێمە، بۆیە هاوڕێیانی لێپرسراو لەو وڵاتانە ئەتوانن نامە بنوسن لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خۆیان دا، وە داوای چ پلەیەکیان بۆ ئەکەن٠ چاکتر وایە ڕای دووهاوڕێی لەسەربێ٠ وە پاشان بنێرد ڕێت بۆ ڕێکخراو بۆ ئەوەی ڕای خۆی لەسەر بدات٠

١٢- أ- مەسەلەی ئابونە بەڕێکوپێکی کۆبکرێتەوە وە هەوڵ بدری پارەکەی ڕێکخراو بدرێت٠

ب- بڵاوکراوەی کۆمەڵە بفرۆشرێت و پارەکەی بنێرد ڕێت بۆ ڕێکخراو٠

ج- هەوڵ بدرێت لە بیرەوەرییەکانی کۆمەڵەدا ئاهەنگ بەناوی کۆمەڵەوە بکرێت و سودەکەی بنێرد ڕێت بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵە٠

١٣- هەموو مانگێك جارێ هەر پۆل وکەرت یەك لە هەر وڵاتێك هەیە ڕاپۆرتێك بنوسی لە بارەی کاروباری ڕێکخستنی کۆمەڵەوە، گیروگرفتیان چی یە؟ ڕەخنە و پێشنیار یان چی یە وە بە چ چالاکییەك هەستاوون٠

١٤- ئەو پەیوەندیە تایبەتیانەی کە بەناوی کۆمەڵەوە ئەیکەن ئەمانەن:

أ- هەوڵ دان بۆ پەیوەندی کردن بەناوی کۆمەڵەوە بە پارتو

ڕێکخراوە کومونیستەکانی جیهانەوە، ئاگادار کردنی ڕێکخراو لوی بە زۆرترین کات، بە ئیجابی بێ یا سەلبی •

ب- پەیوەندی کردن، بە ناوی کومەڵەوە لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلانی ژێردەست بەتایبەتی ئەوانەی بزوتنەوەی چەکدا- رانەیان هەیە، لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ••

ج- پەیوەندی کردن بەناوی کومەڵەوە لەگەڵ سەندیکای کرێکا- ران و ڕێکخراوە پیشەییەکان لە هەر وڵاتێك وەك خوێندکاران و ئافرەتان و لاوان ••

د- پەیوەندی کردن بە هەموو ڕێکخراوە کوردستانیەکانی بەشەکانی ترەوە وەك کومەڵە وە ناساندنی کومەڵە زیاتر پێیان وەك لایەنێکی ئەساسی لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان لە عیراق دا، وە ڕولی گرنگی لە شورشدا • دیارە ئەم جورە پەیوەندیانە لەلایەن لێپرسراوی ڕێکخستن و پلەی هاوڕێیانەوە ئەنجام ئەدرێت •

ئێتر بو پێشەوە

کومەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ڕێکخراوی دەرەوە -
١٩٨٣ / ٩ / ٢٥

- ٨ -

(٢) دەنگ و باس :

١- لە رۆژی ١٩٨٣/٩/١ دا جارێکی تر تاقمەکەی ق٠م لەگەڵ پاسدارانی ئێران دا ، هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر هێزەکانی ی٠ن٠ك لە پشت ئاشان و قرناقاو٠٠ لە ئەنجامی هێرشەکەیان دا ئەم جارەشیان وەکو جارانی پێشویان شکاون و راونرانەوە ئەو دیووی سنور،وە (٥٠) لاشەیان لە مەیدانی شەردا بەجێ هێشت ، کە لەناویاندا (٣) ئامرهێزی ئەولەفی تیا بوو ١- حسو میرخان٠ ٢- عبدالرحمن مزووری ٣- محمد خالد ٠ وە دوو برای حسو میرخانیش ٠

چەك وتەقاقێکی زۆر دەستکەوتی برادەرانی خومان بوو٠٠ وە لە ی٠ن٠ك یش بە داخەوە (١٠) پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بووە کە دوو سەرتیپی دلێری تیا بوو ١- ئەحمەد مولود ، ٢- ناظم محمد سلێمان ٠ هەزاران سڵاو بو گیانی پاکیان ٠

٢- لە رۆژی ٨٣/٨/٢٨ فروکەکانی رژێمی فاشستی بەغدا بومبابارانی گوندی چیمەنی گەورە ، چیمەنی بچوك و چیمەنی کوێخا کاکل یان کرد ١٠ کم لە سەرووی شاری کەرکوك چونکە چەند پێشمەرگەیەکی ی٠ن٠ك پێش رۆژێك لەو گوندانەوە بەرەنگاری هێرشی رژێم یان کرد کە کرد بوویە سەریان و هێرشەکەی رژێم یان شکاند ، وە ئەنجامی شکانەکەیان بو مباباران کردنی ئەو گوندانە بوو ، کە بوە هوی شەهید بوونی (١٥) کەس لە ژن و پیر و منالی بێ گوناهی گوندەکان ، وە هەروەها برینداركردنی (١١)ی تریش٠

٣- لە رۆژی ٨-٨٣/٩/١٢ رژێمە فاشستەکەی بەغدا هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر سەرکردایەتی کە بریتی بوو لە جیش و زیاتر لە (٢٠٠٠) جاش ، وە پێشمەرگە قارەمانەکان بەرەنگاریان بونەتەوە و (٢) هێلکوپتەریان خستوتەخوارەوە ٠ لەبەلاغی عەسکەری دا بە درێژی باسی ئەم شەرانەتان بۆ ئەکات ٠

٤- پێشمەرگە قارەمانەکانمان توانیویانە محطەی رادارى کەرکوك بگرن و ئەوەی کە پێویست بوە بی بەن و ئەوەی تریشی هەمووی تێك بشکێنن ، لەبەلاغی عەسکەریدا بە درێژی ئەگاتە دەستتان ٠

ئیتر بو پێشەوە

رێکخراوی دەرەوەی کورەك

پاشکۆی هەشتەم

لە دەیەمین ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەراندا

ئەی کریکاران وگەلانی زورلیکراوی جیهان

یەکگرن



لەبلاوکراوەکانی کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان

لە چاپخانەی
شەهید ئیبراهیم عەزو
چاپکراوە

دەساڵ لەمەو بەر لەبار و دۆخێکی ئاڵۆزدا، کۆمەڵەمان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ( عیراق ) لەدایک بو ، لەکاتێکدا باڵی راستی سەرکردایەتی بۆرجوازی خێڵەکی لەکوردستاندا لەئاهەنگی سەرکەوتنی ئازاردا بەپیشتوانی ئیمپریالیزم و رژێمی شای هەڵاتو خۆی بەهێزتر دەکرد و باڵی سامناکی راسترەوی دەکێشا بەسەر کوردستاندا، وەباڵی بەناو چەپی بۆرجوازی کوردستان لەباوەشی میری دا بەری تاقی کردنەوەی سات و سەودای خۆی بەشکست ئەچنیەوە ، وەلەکوتاییشدا گەرایەوە ژێر سایەی باڵی راست و لەقسەی پێشکەوتنخوازانە کەوت .

-١-

خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەسرەوتی پڕ لە گیانبازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پیناوی رزگاری نیشتمانی و نەتەوایەتیدا بەدرێژایی تاقی کردنەوەی خوێناوی پڕلە گلان و هەڵسانەوە ئەو راستیە روشنەی بە مارکسیە ـ لینینیەکانی کوردستان سەلماند کە لە مێژەوە رەنجدەران و رۆشنبیرە شوڕشگێڕەکانی گەلەکەمان دەستنیشانیان کردبو ، ئەویش ئەوەبو کە بەبێ حیزبنکی پێشرەوی شێوەنوێی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان هەمیشە سەرکردایەتی خێڵەکی و بۆرجوازی ، نەکێ هەر بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلی کوردستان لە رێبازە بابەتی یە مێژو کردەکەی خۆی لائەدا ، بەڵکو شکست بەدوای شکست دوچاری کۆمەڵانی خەڵکێ و بزوتنەوە رزگاریخواز و دیموکراتیەکەی دەکا ، وەکێ ئاشەناڵ و هەڵاتنی سەرکردایەتی خێڵەکی بنەماڵەی بارزانی ئەو راستیەیان دوپاتکردەوە .

تاقی کردنەوەی گەلانی دونیا و وڵاتە ـ

کەمان ئەو راستیەشی چەسپاندوە کە پارتی جەماوەریی فراوان، سێ باسنامەی چینا ـ یەتی ئاشکرا هەرچەندە تێکوشەر و رزگاری خوازی چەند چینێکی شۆرشگێری کۆمەڵی کۆکردبێتەوە و رابەری جەماوەری کردبێت لەخەباتی رزگاری و دیموکراسیدا، تەنها دارا و دەولەمەند و بەتوانا کانی چینە چەوسەرەکان جلەوی سەرکردایەتی ئەو پارتیەیان گرتۆتە دەست ، بەو جۆرەش سەرکردایەتی بۆرجوازی سەشیاو و لێ نەهاتوی خێڵەکی و بیروکراتی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازانەکەیدا سەپاندوە، کەفریان بەسەر ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازو دیموکراتیانەی بزوتنەوەکە نەبوە، ئدوساش شکست و شاش بەتال ئەنجامێکی ئاسایی ئەو هەمو کیاسیازی و خەباتە خوێناویە بوەکە رەنجدەران و چەوساوەکانی کوردستان سوتە مەنیەکەی بون .

لەبەر تیشکی ئەو استیانەدا لە ئەنجامی بەکگرتنی ئارەزومەنددانەی

دەستە م.ل شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عیراقدا. کۆمەڵەمان هاتەکایەی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی کوردستانەوە، تا لە ڕێگەی راپەراندن و هۆشیارکردنەوەو سازدان و ڕێکخستنی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، بەموتوربە کردنی بزوتنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران بەتیوری شۆڕشگێڕانەی م.ل لەکوڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلدا. حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بهێننەدی، حیزبێ کەناسنامەی چینایەتی ئاشکرای کرێکاران و ڕەنجدەران بەبێ ترس و سلەمینەوە، بەبێ پێچ و پەنا بەرزبکاتەوە و بەبێ هەڵخەڵەتاندن پارێزەری بەرژەوەندی چینی کرێکار و ڕەنجدەران بێ و ئاڵای خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیشەکاوە بەرز بکاتەوە کەخۆی لەمافی چارەنوسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دەبینێ، حیزبێ کەهەڵگر و بڵاوکەرەوەی ئەو بیروباوەڕەبێت وەبەشێوەیەکی داهێنەرانە

مارکسیزم ـ لینینیزم کار پێ بکات . جەستەی رێکخستنی یەکێ ویەکگرتو بەپێی ئەو تێگەیشتنە دابمەزرینێ و خاوەنی هێلی سیاسی (ستراتیج و تاکتیکێ) راست ودروست بێت، خۆی بەئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتا ـ رباوە ببەستیتەوە ، لەکاتی لەبار و بەکەڵکدا دروشمە سەرەکیەکانی کرێکاران و رەنجدەران بەرز بکاتەوە و دروشمە دیموکراتیەکانی جەماوەرلەرێبازی خۆیدا بنوێنێتەوە .

حیزبێکێ کەپشت ئەستور بەوزەی لە بن نەهاتوی جەماوەر رۆلی سەروەری سەرکر ـ دایەتی کردنی کۆمەلانی خەلکێ بگرێتەدەست و یەکێتی رێزەکانی گەل لەسەر بنچینەی هاوپەیمانیەتی کرێکاران وجوتیاران لە خەباتێکی چەکداڕانەی شۆڕشگێڕانەدا بێنێتەدی ، کەخەباتی چینایەتی و نەتەوا ـ یەتی توندوتوڵ پێکەوە گرێ بداتەوە ، بەرەو هێنانەدی ئاواتە دوورونزیکەکانی گەلی کوردستان بۆ رزگاری نیشتمان و

نەتەوەیی لە ڕێگەی جەنگی گەلیی درێژ خایەنەوە ، بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵی دیموکراتی نوێ کە دەستەبەری گوێزانەوەی گەلی کوردستان بێت بەرەو کۆمەڵێکی سۆشیالیستی .

لەنیوەی یەکەمی تەمەنی دەساڵەی کۆمەڵەدا . خەبات رولە چۆنایەتی ریکخستن و خەملاندن و گەشەپێدانی و، رولەگۆش کردنی تەندامان و رێکخراوەکانی بو بە تیوری شۆڕشگێڕانەی بێ گەرد و لەبیروڕای چەوتی دۆگماتیزم و رفیژنیزم و شۆڤینیزم و لەگیانی (تەجروبەگەری ) و ( تیوری گەری )

دەمی خەباتی ئایدیۆلۆجی بو بۆریسوا کردنی هەلبازی راست و هەلبازی چەپ و چەسپاندنی رێبازی راستی م.ل .

بەو چۆرە توانرا هێلی جیاکردنەوە بکێشرێت لەنێوان رێبازی مارکسیزم ـ لینینیزم و هەڵبازی راستڕەودا ، لەنێوان سیاسەتی سەربەخۆیی و پشت بەخۆ و بە جە... ...بەستن دژی ڕێبازی لاسایی کرد ـ

-٦-

نەوەی کوێرانە و خۆهەڵواسین بەسیاسەتی ئەم وئەو و دەولەتانەوە، واتە لەنێوان ڕێبازی کوێجاندن وکارپێ کردنی داهێنەرانە و زیندوی یاسا گشتیەکانی مارکسیزم - لینینیزم لەهەل و مەرجی تایبەتی خەباتدا دژی ڕێبازی نوتیانە و نواندنەوەی ڕێبازو سیاسەتی حیزب ودەولەتانی تر.

لەو ماوەیەدا خەباتی کۆمەڵە ئاراستەی موتوربەکردنی بزوتنەوەی جەماوەری کوردستان کرا بە تیوری شۆڕشگێڕانە ، بەلام پاش ئاشبەتاڵ و هەلاتنی ئابڕۆچوانەی سەرکردایەتی خیلەکی کۆنەپەرستی بنەماڵەی بارزانی و بەجێ هێشتنی خەلکی کوردستان لەهەلدێری مەینەتی وشکستیدا ، کۆمەڵە ڕوبەڕوی دۆخێکی تازەتر و ئەرکێ و فرمانی نوێتر بووەوە،دوخی پیلانی بەعەرەب کردنی کوردستان وئاوارەکردن و ڕەوت کردنی ماڵ وسامان وزەوی و زاری جوتیاران، ئەرکێ وفرمانی بەشداری کردنی کاریگەر و بنچینەیی لەبەر پەرچدانەوە و بەرگری

کردنی مەترسی لەناوبردنی گەلی کورد لە عیراقدا ئەنجا ئەرکی رزگاری نیشتمان و سەرفرازی خەڵکی کوردستان لەدەست داگیر کەر و ئیمپریالیزم .

سەرەڕای بارەکرانەکەی دۆخی تازە و کەمی تواسای کۆمەڵە ، بەتایبەتی پاش ئەو زەبرە کاریگەرەی کەبەربەشێکی زۆری رێکخراو وکادیرە سەرەکیەکانی کەوت ، گەرچی شەهیدانی مەزن شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر بەو پەڕی گیانبازی وجوامێری و دلێریەوە وەک تێکۆشەری شۆڕشگێڕی راستەقینەنەبەزی و نەسرەوتی کۆمەڵەیان نیشاندا ، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵە خۆی تەواو جوت کردبو لەگەڵ تەیاری مێژوکرد و ئاقاری گەشەکردن و هێڵی سیاسی گرتبوە بەر وەبەهۆی قارەمانیەتی وورەی بەرزی باقی هاوڕیانەیەوە توانی سەرکەوتوانە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێکهێنانی دەستە چەکدارە ـ

کان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بکات و ببێتە هێزی بزوێنەر و کاریگەری یەکێتیی ریزە-کانی گەل و رۆڵێکی سەرەکی ببینی لە گەشەکردن و پێشکەوتنی وزەی لەبن بەهاتوی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردستان و ئەو رێبازەی بەخوێنی گەشی شەهیدی مەزن و هێژا هاوڕێ ئارام و دەیان شەهیدی نەمری و ئازا و دلێری وەک هاوڕێ شیرا هیم عەزو رەنگ کرد .

لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتما-نیی کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کوردستاندا گەشەکردنی کۆمەڵە و ی.ن.ک پێکەوە گرێ دران،وە یەکێتیی نیشتمانیی بۆ بەچاکترین فۆرمیلای خەباتی شۆڕشگێڕا-نە بەرەو هێنانەدی پارتی پێشڕەوی راستەقینە و بەرەی نیشتمانی و گەشەکردن و هێنانەدی ئەو دوو ئەرکەش بەستراوە بە گەشەپێدانی خەباتی جەماوەری چەکدار و پشت بەستن بە زەحمەتکێشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .

تاقی کردنەوەی چوار ساڵەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرکردایەتی کردن و گەشەپێدانی شۆڕشی کوردستاندا ئەو ڕاستە دووپات ئەکاتەوە کەچەندە گەشە پێدانی خەباتی چەکدارانەی جەماوەر کار لەگەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی و کۆمەڵە دەکات و بەرەوهێنانەدی پێو- یستەکانی سەرکەوتن نزیکیان دەکاتەوە

ئەمڕۆ کۆمەڵە بینای ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ڕێکخستنی خۆی گەشە پێداوە و تیوری م.ل بەجەماوەر ئاشنا کردوە و لە هەڵبازی ڕاستجیای کردۆتەوە، وڕێبازی کوردستانیەتی کۆمەڵە و پارتی پێشڕەوی چەسپاندوە، و تارادەیەکی باش ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانە و سەرکەوتوی ئەوتۆی دامەز- راندوە کەلەهەمو کاتێکی تر دڵنیاتر هەنگاوی هۆشیارانە بنێ بەرەو تەواو کردنی ئەرکەکانی ڕزگاری و دیموکراتی.

ـ ری جیهانی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر شکستی وکشانەوەی ئیمپریالیزم و

سەرکەوتنی سۆسیالیزم دەنوێنێ وولایەتی کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنی باشکۆی ئیمپریا - لیزم یەک لەدوای یەک دەسەڵات و نفوزی ئیمپریالیزم لە وولاتەکانی خۆیاندا هەڵتە - تدکێنن گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین توندوتیژتر خەبات دەکەن لەبێناوی رزگاری نیشتمانو سەربەرزی نەتەوایە - تیدا . شۆڕشی نیکاراگوا و روخاندنی حوکمی سوموزا ، راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و روخاندنی حوکمی شای کۆنەپەرست ، سەرکەوتنی گەلی زیمبابوی و دەرپەڕاندنی حوکمی رەگەزپەرستی سپیە - کان نمونەی ئەو داروخانەی دەسەڵات و پایەی ئیمپریالیزمن، تیشکێ دانەوەی ئەو خەباتەش لە هەناوی وولاتە سەرمایە - داریەکاندا لە گەشەکردنی خەباتی پرۆلیتاریا و شەپۆلی مانگرتنەکانی کرێکاراندا خۆی دەنوێنێ و ناکۆکی لە نێوان سۆشیالیزمو رژێمی سەرمایەداریدا توندو تیژ تر تەکان بە ناکۆکیەکانی

دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان ئەمەدات وەک لە کێشەی وزەو نەوتو بازاڕەئابو ـ ریەکاندا دەر ئەکەویت .. بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەش زیاتر لە گەشەگردندایە و بیروباوەڕی ئایدیالیستی وکۆنەپەرست لە شکانو کاسەوەدایە ، ئاشکرابونی شکست خواردنی تاقی کردنەوەی ڕێگەی نا سەرمایەداری و ڕیسوا بونی تیوری سێ جیهان پتر ڕێبازی شۆڕشی دیموکراتی نوێ دەسەلمێنن .

گەشە کردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرانسەری کوردوستاندا، تەقینەوەی ناکۆکیە ئابوری وسیاسیەکانی رژێمی بەغداو پەرەسەندنی ناڕەزایی و گەشەکردنی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی کۆمەلانی خەڵکی لە عیراقیشدا ئاسۆیەکی فراوانیان خستۆتە بەردەم بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانو نەتەوەیی گەلی کوردوستانەوە .

کۆمەڵەمان لەم دۆخە لەبارەی ناوچە

کەو جیهاندا روو بەڕووی فەرمانێکی نوی دەبیتەوە ، کە چەسپاندنی مافی چارەنوسی گەلی کوردوستانە لەلای هەموو رێکخراو و تاقمێکی شۆڕشگێڕو پێشکەوتن خواز لە سەرانسەری ناوچەکەو جیهاندا . بۆیە دەبێت خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان پێکەوە گرێ بدرێتەوە .

کوردوستان و نەتەوەی کورد بە گوێرەی خواست و پیلانەکانی دەوڵەتە ئیمپریالستەکان دابەش کراوە ، وە هەر بەشێکیان بەزۆر لکاندوە بە یەکێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە . لە کاتێکدا ئەو پیلانە پێچەوانەی ئارەزوو و پاشە ڕۆژی گەلی کوردستان ساز دراوە لە هەمان کاتدا دژی بەرژەوەندی و پاشە رۆژی گەلانی عەرەب و تورک و فارسیشەو دژی سەربەخۆیی و گەشەکردنی وولات و نەتەو کانیشیانە ، پیلانێکی ئیمپریالیستی چەپەڵەو گەورەترین هۆی پاشکەوتن و مەینەتی گەلی کوردوستانە .

ئەندامانی کۆمەڵەو تێکۆشەرە سۆڕ ـ
شگێڕەکانی گەلی کوردوستان ئەک دەبێت
هەر دژی ئەو پیلانەی ئیمپریالیزم بن و
بەس ، بەڵکو دەبێت بێت ئەستور بە
هێزو توانای جەماوەر وە بەهاوکاری
گەلانی دراوسێمان خەبات بکەن بۆ
پوچەڵ کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو
شارە نارەوایە تا گەلی کورد ستان بە
شێوەیەکی ئاسایی بە مافی چارەنوسی
خۆی بگات ، وە خۆی چارەنوس و پاشە
ڕۆژی خۆی دیاری بکات دور لە هەمو جۆرە
ترس وتەفرەدانو هەڵخەڵەتاندنێ .

دابەش کردنی کوردوستان و نەتەوەی کورد
بەو جۆرە هەر بەشەی لەگەڵ گەلانی تری
ئەو وولاتەی پێوەی لکێندراوە دووچاری ـ
یەک رژێمی ئاسوریو سیاسی و فەرهەنگی
بون .

بۆیە لە هەر یەکێک لەو دەوڵەتانەدا
گەلی کورد لەگەڵ گەلانی ئەو وولاتەدا
ئامانجی هاوبەشیان هەیە ، کە بریتیە

لە سەر نکون کردنی دە سەڵاتی چیـــــــ
کۆنە پەرستەکا ن و دەرپەڕاندنی نفو ز ی
ئیمپریا لیزم و دا مەزرا ندنی رژێمـــــی
دیموکرا سی و پێشکەوتنخوا زی وەهـــــا
کە نەک هەر چەوسا ندنەوەی نەتەوا یەتی
لەسەر گەلی کورد لادا ت، بەلکە یا رمەتـی
دەری گەشەکردنی نەتەوا یەتی و یەکگرتنی
کوردستا ن بێ .

بۆیە کۆمەلە لە پا ڵ بەستنەوەی خە-
با تی شۆڕشگێڕا نەی گەلی کوردوستا نـــدا
خەبا تی گەلی کورد لە عیرا قدا دەبـــە-
ستێتەوە بە خەبا تی گەلی عیرا قـــە وە
دژی فا سیزمو ئیمپریا لیزم .وە شۆڕشـــد
پێشکەوتنخوا زەکەشی دەبەستێتەوە بـــە
خەبا تی شۆڕشگێڕا نەی گەلانی زۆرلێکرا وی
دونیا و بەبەشێکی شۆڕشی سۆشیا لیستـــی
جیها نی دا ئەنێ .

کۆمەڵە ڕێبا زی بە عیرا قی کردنـــی
شۆڕشی کورد ستا ن ، نەک هەر بە ڕێبا زێکی
دروست و بە ڕێبا زی سەرکەوتنی تێکـــرا

گەلی عیراق ئەزانێ ، بەڵکە لە چوار -
چیوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا
خەباتێکی نەسرەوت ئەکات بۆ هێنانەدی
بەرەی نیشتمانیودیموکراتی عیراق لە
پێناوی رزگاری عیراق و سەرفرازی گەلی
عیراق لە دەست رەگەز پەرستە فاشستەکان
و ئیمپریالیزم بۆ دامەزراندنی
حکومەتێکی ئیئتلافی دیموکراتیانەی
گەل کە دەسەبەری هێنانەدی مافی
رەوای چارەنوسی گەلی کوردیشمان بێتە
کۆمەڵەمان لە چوارچێوەی یەکێتی
نیشتمانی کوردوستاندا ، لە کۆڕی خەباتی
شۆڕشگێڕانەدا لەپێناوی رزگاری
وسەرفرازی کۆمەڵانی خەڵکدا ، سورە
لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجیو
ڕێکخستنی خۆی بەرەو هێنانەدی حیزبی
پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کورد -
ستان .
لە کاتێکدا یادی دەهەمین ساڵەی
دامەزراندنی کۆمەڵە دەکەینەوە سەری

رێزو وەفاداری بۆ گیانی پاکی ئـەو شەهیدانە دائەنەوێنین کە بە خوێنـی گەشیان ئەم رێبازەیان نەخشاند.

نەمری وسەروەری بۆ هەموو شەهیدانـی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی عیراق.

با هەر شەکاوە بێت ئالای رزگاری نیشتمانو نەتەوەیی گەلی کورد ستان.

ناوەنـدی
کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان
( عـیراق )

## پاشکۆی نۆیەم
## یادی چواردە ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

# یادی ١٤ ساڵەی دامەزراندنی
# کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

١٠ / ٦ / ١٩٨٤
٢٠ / ٣ / ١٣٦٣

یوسف محەمەد بەرزنجی

بەر لە چواردە ساڵ لەمەوبەر ، لە گێژەنگی رووداوی گەورەو هەلومەرجێکی سەختدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەك رێکخراوێکی مارکسی لینینی کرێکارانی کوردستان لە دایك بو وە تێکەڵی رووداوەکانی کوردستان بو ، بۆ کۆکردنەوەی فراوان ترین بەشی رەنجدەران ٠

هێشتا مەرەکەبی رێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ تەڕ بو ، زرنگەو زایەڵەی بەڵێنەکانیشی خۆش ئاوازو پڕ لەهیوا بون ەگەرچی ئەنجام نادیار و پڕ لەپرسیار بو ... بورجوازی کوردستان باڵێکی خۆی بە دۆڕاو ئەزانی و سیاسەتی پشت بەستن بە میری دوچاری شکستی کردبو ، باڵەکەی تریش خۆی بەسەرکەوتو ئەزانی و لای وابو سیاسەتی پشت بەستن بەبێگانە ئەنجامی دیاری بۆ وەدەست هێناوە ، و خەریکی هەڵلوشینی باڵەکەی تر بو ٠ بەڵام تێکۆشەرە(م ٠ ل ) ەکانی کوردستان ئەو راستیەیان لاساغ بوبوەوە کەسیاسەتی پشت بەستن بە هێزی دەرەکی چ هی ئەو باڵەی خۆی بەچەپ لەقەڵەم ئەداو شکست خواردە بو ، چ هی ئەو باڵەی سەرمەستی ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی کاتی خۆی بو ، وەکو یەك ئەنجامەکەی بەشکست و گلانی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و مەینەتی کۆمەڵانی خەڵکی تەواو ئەبێ ٠

کۆمەڵە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند دەستەیەکی ( م ٠ ل ) و بەهۆبەستنی گەشەکردن و بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی

١

خەلکی کوردستاندا لە دایك بوە ، وەرام دانەوەیەکی مێژویی واقیعی جولانەوەی بابەتی و رەوتی گەشەکردنی کۆمەلی کوردستان بو کەئەبو ئیتر ، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی خەلکی کوردستان لەسەرکردایەتی و بەرنامەی بورجوازی کورد دەرباز ببێ ، و بکەوێتە سەر شارێی خەباتی پێشکەوتنخوازی دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ، واتە جولانەوەکە بکەوێتە دەست کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان.کە دەورێکی کاریگەری تیا وازی ئەکەن ، وە لەبری ئەوەی بە عەقلّ و بیر و بۆچونی بورژوازی سەرکردایەتی بکرێ ، بە عەقلّ و فەلسەفەو بیر و بۆچونی چینی کرێکار ، بە ئایدیولوجی پرۆلیتاریا ، رابەری بکرێ و ئاراستەی سەرجەم چالاکیەکانی بکرێ .

لەماوەی ئەم چواردە سالەی تەمەنی کۆمەلەدا ، گەلێ روداوی گەورە و گرنگ بەسەر دنیا و ناوچەکەو کوردستان دا هاتوە کە هەم کاریان لەکۆمەلە کردوە هەم کۆمەلە ، زور و کەم لە روداوە کوردستانیەکاندا کاری خۆی کردوە .

لەسەر ئاستی جیهانی .. خەباتی گەلانی رزگاریخواز ، خەباتی پرۆلیتاریای ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ، خەباتی سوسیالیستی دژی ئیمپریالیستی ، جولانەوەیەکی شۆرشگێرانەو مەزنی پێك هێناوە .. لە قازانجی گەلان و چینی کرێکار و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی گەلێ هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە ، ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکانیش لەچەند قۆلێکەوە ، لەگەلێ شوێنی دنیادا ، دوچاری شکست و پاشەکشێ هاتون ..

ئیرادەی گەلی ڤیتنام ، هێزی شەرخوازی ئەمریکای شکاند ، و گەلی ڤیتنام رێگەی گەشەکردن و دیاریکردنی چارەنوسی خۆی و دامەزراندنی سوسیالیستی گرتە بەر ... لەسەرجەمی ناوچەکانی هیندی چینی دەسەلاتی هێزە ئیمپریالیستەکان دوچاری پاشەکشێ هات ... لە ئەمریکای لاتین ئیمپریالیزمی ئەمریکا راستەوخۆ دەستی خستە کاروباری شیلی و دژ بە ئیرادەی خەلکی

شیلی سلڤادۆر ئەلیەندیان لابردو دیکتاتۆر پینۆشیتیان بەسەر خەڵکی شیلی‌دا داسەپاند .

ڕژیمی دیکتاتۆری سۆمۆزا داڕوخاو ئیرادەی خەڵکی نیکاراگوا سەرکەوت .

هەروەها ڕژیمی دیکتاتۆری کۆنەپەرستی شای ئێران داتەپی و بەڵام ئینجا هێڵی کۆنەپەرستی ئاخوندەکان بەری ڕەنجی کۆمەڵانی خەڵکیان دزی و چەوسانەوەی ترو گیروگرفتی زۆرتریان داسەپاند بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا . لە ئەفریقا گەلێ ڕژیم و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی لەبەردەمی ئیرادەی شۆڕشگێرانەی گەلەکانیاندا دوچاری ئاڵوگۆڕ یا داڕوخان هاتن وەکو ئەنگولا و موزەمبیق .

سەرانسەری جیهان کێشەو گیروگرفتی قوڵی تیا پەیدا بو .. شەپۆلی مانگرتنی کرێکاران گەلێ شوێنی دنیای گرتەوەو جوڵانەوەی چینی کرێکار سەنگی زیاتری پەیداکردو لەگەلێ شوێنی وڵاتانی ئەوروپادا دەورێکی کاریگەر لەژیانی سیاسی وڵاتانی خۆیدا وازی ئەکا ... لە پۆڵۆنیا گیروگرفتی قوڵ و کاریگەر کۆمەڵی پۆڵۆنیا و دەوروبەری هەژاند لە ئەفغانستان جەنگێکی ناوخۆی ئەوتۆ پەیدابو .. کە بەتەواوی ئارامی کۆمەڵی ئەفغانی تێك‌دا و دەرفەتی دەستێوەردانی بۆ گەلێ لایەن ڕەخساند .

لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەڵکی لوبنان دوچاری شەڕێکی ناوخۆی سەخت و درێژخایەن کران ، خەباتی شۆڕشگێرانەی فەلەستین دوچاری گوشارو پیلانی هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانی دنیاو ناوچەکە بو ، وە زیانی گەورەیان پێ گەیاند.

لە تورکیا بە کودەتایەکی سەربازی جەنراڵە کۆنەپەرستەکان تیرۆر و ئاگرو ئاسنیان بەسەر خەڵکی تورکیا بەگشتی خەڵکی کوردستان‌دا بەتایبەتی سەپاندو جارێکی تر بە زەبرو زەنگ کەوتنە وێزەی جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا و لە ئەنجامی ئەوەدا دەیان هەزار تێکۆشەر لە زیندانەکان

خزێنران یان دەربەدەر کران .

لە کوردستاندا ... جوڵانەوەی خەڵکی کوردستان لەسەر دەستی باڵی ڕاست و خێڵەکی بورجوازی کوردستاندا دوچاری شکست و گلان بو کۆمەڵانی خەڵکیشی توشی گەورەترین مەینەتی و نائومێدی کرد .

لە کوردستانی عیراقدا پاش ئەو ئاشبەتاڵە ، بوونی نەتەوایەتی خەڵکی کەوتە مەترسی توانەوەو شالاوی سڕینەوەی واقیعی نەتەوەیی کوردستان و تەعریب کردنی بە ئەندازەیەکی توندو تیژو فراوان دەستی پێ کرد .. کە لەخەباتی چەکدارانە زیاتر هیچ دەرفەتێکی تری بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتبووەوە .

کۆمەڵە بۆ ئەو مەبەستە ، دەورێکی کاریگەری لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دامەزراندنی دەستە چەکدارە سەرەتاییەکان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا نواند ، تا ی.ن.ك ببێتە ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی فراوانترین بەشی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای خەباتی چەکدارانەی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان و ڕابەری کردنی خەباتیان ... بەمەرجێ بتوانێ دینەمۆ و دڵە زیندووەکەی بێت .

ئەمڕۆ شۆڕش لە کوردستانی عیراق دا لەتەمەنی هەشت ساڵەو . ی.ن.ك لەتەمەنی ۹ ساڵەی خەباتدان ، گەلێ دەرس و پەندی بەنرخی لا کەڵەکە بوە ، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە تواندنەوەو لەناوچون پاراستوە ، کۆمەڵەش دەوری گرنگ و کاریگەریانی تیا ئەبینێ و بەخوێنی زیاتر لە سەدان هاوڕێی ، کادرو ئەندام و لایەنگیر ڕەنگی ڕیبازەکەی ڕشتوەو دەوری پڕ لەسەروەری خۆی سەلماندوە ...

لە کوردستانی ئێران دا ، شان بەشانی خەڵکی کوردستانی عیراق ، خەباتی چەکدارانە لەڕوی زوڵم و چەوسانەوەدا خەریکی خورت بون و ئەستور بونی باسکی خەباتی شۆڕشگێرانەیە .

رژیمی كۆنەپەرستی جەمهوری ئیسلامی ئێران كە هەمو مافێكی
مرۆیی و دیموكراتی خەلكی ئێران پێ شێل ئەكات و ئەیەوێ
بەزەبری ئاگرو ئاسن و تەفرەدان خەلكی كوردستان لەمافی رەوای
خۆیان تەوەلا بكا ، بەلام تادێ بەرگری توند وتیژ ترو بەهێز
تر ئەبێ و شۆرش زیاتر كڵپە ئەسێنێ و تێگەیشتنی شۆرش
گێرانەی زیاتر تیا قوڵ ئەبێتەوە و ماهیەتی ئەو رژیمەش
زیاتر بۆ خەلكی رون ئەبێتەوە .
هەروەها لەروی زەبروزەنگو شالاوی فاشستەكانی توركیادا .
جولانەوەی شۆرشگێرانەی خەلكی كوردستان زیاتر خەریكی بەرە
سەندنە ، چەندین رێكخراوی سیاسی شۆرشگێر لە شەوەزەنگی
پر لەتیروری توركیادا خەریكی گەشەكردن و پەرەسەندنە ، لە
پێناوی رزگاری نیشتمانی كوردستاندا ... بەلام لەكوردستانی
سوریادا ، هێشتا جولانەوەكەی و بە خۆدا هاتنەوەی رێكخراوە
سیاسیەكانی لەسەرەتای رێ كردن و هەنگاوە سەرەتاییە
كانیدایە .
لە كوردستانی عیراقدا ، سەرەرای نابەرابەری هێزی دەولەت
و هێزی خەلكی كوردستان بەلام جولانەوەی شۆرشگێرانە خۆی
جێگیر كردو بەشێكی فراوانی خەلكی كوردستانی گرتە خۆی ،
یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەو مەیدانە ئالۆز و پر لە
ململانێیەدا دەوری سەركردایەتی خۆی چەسپاندو بوە رێكخراوێكی
جەماهیری بەهێز ، كۆمەلەش زیاتر توانی متمانەی كۆمەلانی
خەلكی مسۆگەر بكا . رێباز و بیرو بۆچونی خۆی بباتە ناو
كۆمەلانی خەلك بەگشتی و كرێكاران و رەنجدەران بە تایبەتی
هەروەها كۆمەلەش ویست و پێداویستیەكانی ژیان و بۆ پێشەوە
چونی كۆمەلی كوردستان و واقیعی ئەم كۆمەلەو رەوتی بابەتی
گۆران و گەشەكردنی ، بەرێتە هەناوی خۆی و بەرنامەو رێبازی
سیاسیەوە ... بۆیە شانبەشانی ساغ بونەوەو جێگیر بونی
كوردستانی بونی خەبات ، و كوردستانی بونی ستراتیجی

جولانەوەکەی ، کوردستانی بونی کۆمەڵەش زیاتر چەسپاوە ، بە
بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوە بدا توشی ئاکرەوی دەمارگیری
نەتەوایەتی و دابڕان بێ لە یەکێتی خەباتی کرێکاران و
رەنجدەرانی کوردستان لەگەڵ کرێکاران و رەنجدەران و هێزە
پێشکەوتنخوازەکانی عیراق بەگشتی ، واتە بێ ئەوەی بواری
ئەوە بدا کە گیانی شۆڤێنی پەرەبسێنێ و مەسەلەی خەباتی
هاوبەش لە رێبازی سیاسی و بیرو بۆچونەکانیدا فەراموش بکا ·
لە کوردستانی عیراق دا جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان
بە گەلێ سەردەم و قۆناغی جیاجیای سەختدا تێپەری کردوە ،
بەو پێیەش خەباتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیش شێوەو
روخساری ئەو سەردەم و قۆناغە جیاجیایانەی بە خۆوە گرتوە ···
دەمی خەباتی ژێر زەمینی بوە ، و لە هەلومەرجێکی زۆر
نهێنی و دژواردا بوە ، تا ئەندازەیەك ئاشکرا نەبوەو نەچۆتە
ناو خەلکەوە ، کەمەترسی کەوتە سەر مانی نەتەوایەتی خەلکی
کوردستان و بواری هیچ جۆرە خەباتێکی هێمنانە نەما ، وە بە
رێگەی خەباتی سیاسی هێمنانە نەئەکرا بەر بەشالاوی تەعریب
و تەبعیس و راگوێزان بگیرێ بەناچاری پەنا برایە بەر خەباتی
چەکدارانەو سەردەمی خەباتی ئاشکرای شاخ گرێ درایەوە بە
خەباتی نهێنی شارەکانەوە ·
پاش حەوت ساڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدار کەدەرفەتی
وتووێژو خەباتی هێمنانە پەیدا بو بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا بە
ئاشتی داواکاریەکانی خەلکی کوردستان لە عیراق دا بهێنرێتە
دی ، رێگەی خەباتی هێمنانە پەسەند کرا · و کۆمەلەش کەوتە
سەردەمێکی تری خەباتەوە کە خەباتی سیاسی هێمنانەیە لە
پێناوی هەندێ داواکاری دیموکراتی و پەیدابونی دەرفەتێکی
ئازادی نیسبی دا کە پەیوەندی بە جێ بەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی
کوردستانەوە هەیە ·
ئەم شێوە خەباتە هێمنانەیە ، شێوەی خەباتی

پەرلەمانتاری ئاسایی نیە ، بەڵکە شێوە خەباتێکی هێمنانەی سیاسیە کەبەری حەوت ساڵ خەباتی چەکدارانەو قوربانی دانی خوێناویە • ئەگەر داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانی پسێ جێ بەجێ ببێ ئەوا لەسەر ڕۆیشتنی باشە تا ئەو کاتەی ئەکرێ و سودی ئەبێ •

دیارە وتوویژو دۆزینەوەی چارەسەر لەگەڵ حکومەتێکی وەهادا کە تا ئێستا بەرنامەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ، نەك هەر نکوڵی کردن بوە لە مافە ڕەواکانی کورد بەڵکە هەوڵدان بوە بۆ تەبعیسی یا تواندنەوەیی و تەعریب کردنی کارێکی سادە و ئاسان نیە •

چونکە دوباری سەرنجی جیاواز ، دو ئامانجی جیاواز دوو لوجیکی جیاواز و نەیار بەرامبەر یەکتر ئەوەستن • میری لای وایە عیراق بە کوردستانیشەوە بەشێکە لەنیشتمانی عەرەب ، کوردیش لە کوردستانی عیراق دا بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب کەچی ڕاستی ئەوەیە کەکورد بەشێکە لەنەتەوەی کوردو کوردستانی عیراقیش بەشێکە لەکوردستانێکی پارچە پارچەکراو هەر وەك عەرەبی عیراق بەشێکی نەتەوەی عەرەبە ، وە میری خۆی ، بەواتەیەکی تر عەرەبی بەعسی بەتەنها پارێزەری یەکێتی و پاشە ڕۆژی عیراق ئەزانێ و بۆ پاراستنی ئەمنی ستراتیژی عیراق ، ئەو حەقە بە خۆی ئەدا کە بە ئارەزوی خۆی لەخاکی کوردستان ناوچە داببرێ و لە ئۆتۆنۆمی جیای بکاتەوە کە ئێمە لامان وایە ئەو هەقی کوێخایەتیە هی کەس نیە ، وخەڵکی عیراق بەگشتی و یەکێتی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی هەمو عیراق پارێزەری یەکێتی و پاشە ڕۆژی عیراق ئەبن لەسەر ئەساسی سەلماندنی تەواوی مافە مرۆیی و نەتەوایەتی و دیموکراتیەکان ، لەسەر بناغەی نەهێشتنی چەوسانەوەو بەدیهاتنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا لەسەر ڕێبازی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو سوسیالیزم •

٧

رەنگدانەوەی ئەم بیروبۆچونەی میری ، هەر وەك لە واقیعی کاروکرداریدا بە ئاشکرا دەرئەکەوێ لەقسەو گوتاری کار بەدەستانیشدا خۆی حەشار نادات . بۆیە ئەبینین تائێستا ، وسەرەڕای چەند مانگ درێژە کێشانی وتوێژو خاوکردنەوەی هەلومەرجی شەڕ ، میری هیچ هەنگاوێکی عەمەلی لەکوردستاندا نەناوە بە ئیتجاهی دڵنیا کردنی خەڵکی و بۆ ئەوەی خەڵکی خۆش بین بکا لە ئەنجامی ئەو وتووێژە...

دیارە ئەبێ لەم بیرەوەریە پیروزەدا ئەو راستیە دوپات بکەینەوە کە مافی رەوای خەڵکی کوردستان هەر بەگەرم کردنی خەباتی شۆڕشگێرانە دێتە دی لە هەلومەرجە جیاجیاکاندا ، بێ ئەوە رێگە بدرێ چەپرەوی مندالانە یا راستڕەوی و خاوکردنەوەی خەبات وخۆ سپاردن بەخەوی خۆش بهێنینەوە لە شارێی خەباتی نەسرەوت و ژیرانە لامان بدا .

خەباتی ئەم قۆناغە تازەیەش ئەبێ بەتەواوی تعریب و تەبعیس و تەرحیل لە کوردستاندا نەهێڵێ و شوێنەواریان بسڕێتەوە ، ئەبێ دەرفەتێکی ئازادی ئەوتۆ ساز بکا کە جولاندنەوەی شۆڕش گێرانەی گەلەکەمان بەهێز بکا نەك لاواز و کلۆر بکرێ ، ئەبێ رێگای گەشەکردن بە رێبازی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بەرەو سوسیالیزم خۆش بکات .

هاورێیانی کۆمەڵە

با خەباتی هێمنانە ، روو لە پتەو کردن و بەهێز کردنی جولانەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان بێ ، روو لەبەهێز کردنی یەکێتی خەباتی رەنجدەرانی کوردو عەرەب بێ روو لەبەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێ .. هەمو توانا و دەرفەتێك بۆ پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو گەرم کردنی خەباتی چینایەتی و جەماهیری بێت بە شێوەیەك کە کۆمەڵە و رێکخراوەکانی زیاتر خۆیان بهاوێژنە مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی

کرێکارانەوە و هەست و تێگەیشتنی چینایەتیش قوڵتر و گەشاوەتر لەهەمو ئاستەکاندا ڕەنگ بداتەوە • و تیوری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم لینینیزم هەمیشە ڕێ نیشاندەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە بێ و لەهەمو ئاستەکاندا زیاتر بایەخ بە پەروەردەکردنی فیکری و ئایدیۆلۆجی بدرێ •

با لەم یادە پیرۆزەدا ، سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو قارەمانە شەهیدانە دابنەوێنین کە بەخوێنی گەشی خۆیان ئەم ڕێبازە پیرۆزەیان نەخشاند و بون بەسەرمەشقی هەزاران تێکۆشەری کوردستان •

• هەر شەکاوە . ئاڵای مارکسیزم ـ لینینیزم !
• سەرکەوتوبێ خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان !

ـ ناوەند ـ

١٠ / ٦ / ١٩٨٤

پاشکۆی دەیەم

بیرەوەری پانزە ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن !

لە بیرەوەری

١٥ ساڵەی لەدایك بوونی

# کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

١٩٧٠/[illegible]/١٠ ١٩٨٥/٦/١٠

## هاوولاتیانی بەڕێز .. هاوڕێیانی تێکۆشەرا

١٥ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەدایک بو ...

ساڵی ١٩٧٠ ساڵێکە شوێنێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی نوێی گەلەکەمان دا ، چونکە چەندین ڕوداوی گرنگی تیا قەوماوە ، کە لە هەموان گرنگتر لەدایک بونی ڕێکخستنی کۆمەڵە تێکۆشەرەکانە ، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان .

لە دایک بونی کۆمەڵە ، لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستانی عیراق دا ، کە چوار حیزبی سیاسی بە چوار ئیتیجاهی سیاسی جیاجیارە تیا بو ، نوقتەی وەرچەرخانێکی گرنگە لە مێژووی گەلەکەمان دا ، چونکە دامەزرانی کۆمەڵە ئەوە نەبو کە حیزبێکی تر ، یا خود ئیتجاهێکی تر بخاتە پاڵ

ئیتجاهەکانی تر و رەکو هێزێکی ئاسایی
بێتە مەیدانی خەباتەوە ، بەلکو لەدایك
بونی کۆمەلە ، نواندنەوەی پەیوەستیەکی
مێژوویی بو ، وە بەلگەی ئەو گۆڕان و گەشە
کردنە قوڵ و کاریگەرە ئابوریە کۆمەلایەتی ،
سیاسی و فەرهەنگیانە بو کە بە سەر
کۆمەڵی کوردستان دا هاتبو .

لەدایك بونی کۆمەلە ، بەری ئارەزو و
ویستی دەستەیەك نەبو ، بەری بیر
کردنەوەی چەند کەسێك و خۆ خەریك
کردنی چەند سیاسی یەکی پیشەیی نەبو ،
بەلکو ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە بو کە بە-
سەر کوردستان دا هاتبو ، وە ئەنجامی
ئەو شکستە بو کە بە سەر بەرنامە و
سەرکردایەتی بورجوازی کوردی وتەحریفیەتی
عیراقی دا هاتبو ...

سالی ١٩٧٠ دوو حیزب بەناوی پارتی
دیموکراتی کوردستانەوە هەبون ، کە
دەیان هەزار کەسیان لە دەوری خۆیان
کۆ کردبوەوە ، وە لە هەمان کات دا دوو

حیزبی شیوعی یش هەبون کە ئەوانیش هەزاران کەسیان لە خۆیان کۆکردبوەوە.

ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار لە مێژوی گەلەکەمان دا دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان لە ئەنجامی لاوازبونی خۆی و لە ژێر زەبری خەباتی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردستان دا ، دانی بە هەندێ لە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان دا نابو.

ساڵی ١٩٧٠ جوڵانەوەیەکی سیاسی ، فەرهەنگی ، تەنانەت فیکری و ئەدەبی لە ناو کۆمەلانی خەلک دا بە تایبەتی لە ناو خوێندواران دا دروست بو ، رێکخراوە دیموکراتیەکانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان و مامۆستایان و نەقابەکانی کرێکاران و کۆمەڵەکانی جوتیاران بوژانەوە و کەوتنە گەڕ.

بەپێی بەیاننامەی ١١ ی ئازار کۆمەڵی کوردستانی هەژاندبو ، کۆمەلانی خەلکی هێنابوە جۆش و خرۆش و حکومەتی عیراق لافی ئەوەی لێ ئەدا کە مەسەلەی نەتەوایەتی

کوردی بە جۆرێکی وەها چارەسەر کردوە ، کە ولاتانی فرە نەتەوە ئەبێ چاوی لێ بکەن .

سەرەتای حەفتاکان ئاڵوگۆڕێکی قوڵ لە پێکهاتنی چینایەتی کۆمەڵی کوردستان دا هاتبوەدی و هەزاران کرێکار لە کوردستان دا پەیدا بوبون و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگی تا ئەهات زیاتر ئەتەپی و جێی تەخت ئەکرد بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ... چینی کرێکار لە کوردستان دا هەم لەروی چەندایەتیەوە زیادی کردبو ، وەهەم لە روی چۆنایەتیەوە قورسایی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری .. روی لە سەنگین بون بو ...

سەرەتای حەفتاکان کە کۆمەڵەی تیا لەدایک بو ، وەکو درێژەکێشانی تەنگە و چەڵەمەکانی شەستەکان ، بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و بزوتنەوەی مارکسی - لینینی، و جولانەوەی کرێکاران لە سەراسەری دنیا

دا تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵ هاتبو
کە خۆی ئەتواند لە دەرکەوتن و ئاشکرا
بون و زیاد بونی توندوتیژی ناکۆکی
نێوان رێباز و ئاقار و قوتابخانەی فیکری
و لێکدانەوەی جیاجیا و دەرکەوتنی روونی
هەندێ دیاردەی ناراست و سەلبی و هەندێ
دیاردەی راست وئیجابی تێیدا .

هەرچی (م.ل) ەکانی ناو جولانەوەی
شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەبون نائومێد
بون لەو حیزبە سیاسیانەی لە مەیدانی
خەباتی ئەو کاتەدا جولانەوەکەیان توشی
کێشە و گیروگرفت ئەکرد و توانای
سەرخستنی تەواوی شۆڕشەکەیان نەبو ،
لەبەر ئەوە کەسان و دەستە و تاقمە
(م . ل) ەکانی کوردستان سەوداسەری
هێنانەدی حیزبێکی شێوەنوێی مارکسی -
لینینی بون .. بەتایبەتی لەو کاتەدا
باڵی مەکتەبی سیاسی - پارتی دیموکراتی
کوردستان دوای بلاوکردنەوەی بەیاننامەی
١١/ئازاری /١٩٧٠ شکانی رێبازی سیاسی

ئاشکرا بو وە بڵاوەی لێکرد ... باڵی بارزانی پ.د.ك بۆ سەرمەستی هەوای سەرکەوتنی ڕێکەوتنی ١١ی ئازار بون و تا ئەمات لێشاوی بیروبوچونی یەمینی لەگەڵ خۆی ڕای ئەماڵین .

هەڵەکانی حیزبی شیوعی عیراقیش بە هەردوو باڵەکەیەوە ( لوجنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی ) لە مەسەلە گرنگ و سەرەکیەکانی گەلی کوردستان و گەلی عیراق دا کە خەڵکی عیراق نرخێکی یەکجار گرانی لە تۆڵەی دا دا ، کارێکی وەهای کردبو کە دوژمنە چینایەتیەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران ، ئیمپریالیزم و نۆکەرانی ، کۆنەپەرستانی خۆماڵی بتوانن بە چاك ترین شێوە بەکاری بهێنن بو زڕاندنی ناوی کۆمۆنیزم لە ناو خەڵك دا .

هەر وەکو هەڵە کوشندەکانی کەسودستە مارکسی و خۆ بەمارکسی زانەکانی ناو هەر دوو باڵەکەی پ.د.ك وە داڕشتنی زۆر گوتە و تێگەیشتنی بورجوازی نەتەوەیی و

بورجوازی بچوك و تەنانەت خێـــڵەکی و
دەرەبەگی ڕاستڕەو و دواکەوتو لە قالبی
تیۆری و فەلسەفی دا بۆ قبوڵ کردنی سەر
کردایەتی بورجوازی لە لایەکیان و خێڵەکی
لە لاکەی تر و حەلاڵ کردنی دەست تێکەڵاو
کردنی لەگەڵ دوژمنانی میللەتی کورد
و لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێرانی
شاهنشاهی و ئیسرائیل لە لاکەی تریان ،
تا ئەندازەیەکی زۆر بیرو بـــــــاوەری
پێشکەوتنخوازانەیان ئالۆزاندبو ، هەل و
مەرجێکی ئەوتۆ خولقابو بیروباوەڕی یەمینی
و دواکەوتو زاڵ و باو بو ...

ئالەم وەزعەدا کۆمەڵی کوردستان ،
بە تەنگ و چەڵەمەیەکی ئایدیۆلۆجی و
فیکری قوڵ دا تێ ئەپەری . سەرکەوتنی
وەختی ١١ی ئازار و غافڵ بون لە
سایەی سەرکردایەتی بارزانی دا ، جەوێکی
ئالۆز و تەفرەدەری پێك هێنابو .

خەڵك هەندێکی وای ئەزانی کە ئیتر
کورد سەرکەوتنی تەواوی بەدەس هێناوە و

بەمافەکانی خۆی گەیشتوە و هەری چەکدارانە لە کوردستاندا ئیتر هەڵ ناگیرسێتەوە ..

م.ل لە زۆر لاوە شێوێنرابو ، (م.ل) ی ساختەش لە زۆر مەیدانی فیکری ، سیاسی ، عملی دا لە لایەن بیروباوەڕی بورجوازی و خێڵەکیەوە بەزێنرابو ، هەر لەبەر ئەوە پێویستی ئەکرد ، لە ژێر زەبری پاڵپەستۆی بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی هەناوی کۆمەڵی کوردستان دا کە ڕێکخراوێك لە دایك ببێ .

جەوهەری پاك وخاوێنی م . ل ، فەلسەفە زانستیەکەی ، گیانە زیندوە گەشەکردوەکەی وەربگرێ ولێی بکوڵێتەوە ، هەڵی بسەنگێنێ وپێی بگات ، لەسەنگی محەکی واقیعی کوردستانی بدات وبزانێت تا چ ئەندازەیەك لەگەڵ باساکانی گۆڕان و گەشەکردنی ئەگونجێت و بەکەلکی ئازادی راستەقینەی رەنجدەرانی کوردستان و خەباتی چینایەتی و

نەتەوایەتیان دێت، ئەکرێت ببێتە رێبەری کارو شیکردنەوەی رووداوەکانی کۆمەڵی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و هەڵێنانی. ناکۆکییە جیاجیاکان و کلیلی دۆزینەوەی چارەی گیروگرفتە جیاجیاکان و چرای رۆشنکەرەوەی رێگەی سەرکەوتنە، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی کاتی و ورشەو بریق و باقی بیروباوەری بورژوازی، شەپۆلی بیرورێبازە ناراستەکانی بەری رزیو و گەندەڵ بوونی کۆمەڵی سەرمایەداری ئەوروپا و پەرشنگی تەنگوچەڵەمەی توندو تیژی گەردەلول ئاسای ناوبزوتنەوەی م ـ ل جیهان بەهەڵەی ببات.

رێکخراوێکی وەها کەلەناو ئەورێبازە جیاجیایانەی دنیای ئەو سەردەمەدا، لەناو ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزو پڕ گرێ و گۆڵەی کوردستانی ئەو چەرخەدا، لەناو ئەو دۆخەنالەبارە سیاسەتەی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی ئەو دەمەدا بتوانێ رێگەی راست بدۆزێتەوەو

دەست بکا بەکارکردن ، کارێکی زۆر پێویست بەڵام هەتا بڵێی دژوار و زەحمەت بو .

لەو هەلومەرجەدا ، بەو چەمەنەو بەو بیروبۆچونە ، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ١٩٧٠/٦/١٠دا ، وەکو پێداویستیەکی مێژویی لە هەناوی کۆمەڵی کوردستان دا لەدایك بوو..وە کەوتە کارکردن و بڵاوکردنەوەی تێگەیشتنی سوسیالیستی و هەوڵدان بۆ پەروەردە کردنی تێکۆشەرەکانی زەحمەتکێشانی گەلەکەمان بەتیۆری شۆڕشگێڕانەی م ـ ل ر ناسینی واقیعی کوردستان و جولانەوەکەی .

کۆمەڵە لە ١٥ ساڵی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەیدا ، هەم خەباتی ژێر زەمینی و هەلومەرجە سەختەکانی بڕی ، هەم بەشێوەیەکی کارێگەر بەشداری لە دامەزراندنی ی.ن.ك و هەڵگیرسانەوەی بڵێسەی شۆڕشی نوێی

گەلەکەمان کرد ، و تا ئێستا ٩ ساڵە لە کۆڕی خەباتی چەکدارانەدا ڕۆڵی بزوێنەرو کاریگەر وازی ئەکا .

لە کۆڕی ئەوخەباتە سەختەجۆراوجۆرەدا ، لەماوەی پانزەساڵی خەباتی بێ وچان و پڕ لە قوربانی داندا ، بەخوێنی سەدان شەهیدی سەروەر ونەمرە چ ئەوانەی لەبەردەمی سێدارەدا مەرگ بەزێن بون ، چ ئەوانەی لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانی پاکیان بەخاکی نیشتمان و مەسەلە پیرۆزەکەی سپاردو نهێنیەکانی ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردە ژێر گڵەوە ، چ ئەو ڕۆڵە شێرانەی لە سەنگەرەکانی خەباتی چەکدارانەدا ، لە سێبەری نابەرابەری هێزی پێشمەرگەو هێزی دوژمن دا داستانی قارەمانانەیان تۆمار کردە و بەرەنج و ماندوبونی هەزاران تێکۆشەری بەهەڵمەت و خۆڕاگری تری شارو شاخ ، کۆمەڵە باسکی ئەستور بو ، وەرچەرخانە ترسناکەکانی بڕی ،

و دەرس و ئەزمونێکی زۆری خەباتی پەیداکرد.. وبەشداریەکی گەورەوگرنگی کرد لە بەهێزکردنی شۆڕشی گەلەکەمانداء لە راگرتنی شالاوی تواندنەوەو لەناو بردنی کوردو کوردستان..

تێکۆشەرەکانی کۆمەڵە لەهەمو مەیدانەکانی خەباتدا بون بەسەر مەشقی خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ هەزاران تێکۆشەری تری گەلەکەمان و کۆکردنەوەی دەیان هەزار رۆڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان لەژێر ئالای شۆڕشی رزگاری نیشتمانی کوردستان کە ئەمڕۆ ی ن ک رێبەری دەکات .

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەورێکی دیارو گرنگی نواندوە بۆنموەی ، لەمەینەتی ئاش بەتاڵەوە، لەمەترسیە گەورەکانی دوای ئاش بەتاڵەوە، کاروانی راپەرین و سەربەستی میللەتەکەمان بگاتە ئەمڕۆ ەتا بێتەوە خاوەنی شۆڕش

و لە دەرکی گەی ... ڕێبازێکی دروست و ڕوشن ... ڕزگاری خوازەکەی سەربەخۆی خۆی بپارێزی و ڕەدوی ئەم لایەن و ئەولایەن نەکەوێ و بە ستراتیجیەتی هیچ دەوڵەتێکەوە نەبەسترێتەوە :

- پشت ئەستوربێ بە هێزی لەبن نەهاتوی خەلکی کوردستان .

لە ڕوانگەی ستراتیجی هاوبەشی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی پارتەکانی کوردستانەوە ئامانج و تاکتیکەکانی خۆی دابڕێژێ ، بۆ هێنانەدی مافی چارەی خۆنوسینی خەلکی کوردستان خەبات بکا .

- بە عەقل و ئایدۆلۆجی چینی کرێکار ڕێبەری بکرێ .

- لەسەر بنچینەی ئاویەمانی کرێکاران و جوتیاران بەشی هەرەزۆری خەلکی کوردستان لەدەوری شۆڕشی گەلەکەمان کۆبکاتەوە و هاوپەیمانێکی فراوانتر

لەگەڵ بورژوازی بچوکی عارەکان و توێژە نیشتمانپەروەرەکانی بورژوازی نیشتمانی پێک بهێنێ .

- هەوڵ بدات کە لەلایەک لەگەڵ رێکخراوە ( م . ل ) ەکان جولانەوەی شۆڕشگێرانەی پارچەکانی تری کوردستان ولەلایەکی تر لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری عیراقی و جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراق هاوپەیمانی ببەستێ .
- لەسەر ئاستی جیهانی دروستی راستەقینەی خۆی بەولاتانی سوسیالیتی و بزوتنەوەی کرێکاری ولاتانی سەرمایەداری و جولانەوە رزگاریخوازەکانی گەلان دابنێ .
- دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و کۆنەپەرستانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە بجەنگێ .
- شێوەی سەرەکی خەبات بەخەباتی چەکدارانە دابنێ ، و هەرکاتیش هەل و مەرجی لەبار شێوەکانی تری خەباتی

رەخساندو ژیرانە بۆ سەرخستنی
جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان
سودیان لێ وەربگیرێ ٠
لەسەر هێڵە گشتیەکانی ئەم
رێبازە کۆمەڵە ، بەردەوام تەقەلای
بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی
کوردستان ئەدا و بەهەمو توانا وە
خەبات ئەکات رێزەکانی یەتەوتروفرا وانتر
بکا ٠٠ لە جوارچێوەی ی.ن.ك دا ٠ هەوڵ
ئەدات کە ئاشتی و پەیوەندی ئاسایی
لە نێوان ی.ن.ك و لایەنەکانی تردا دابین
بکا ، ئازادی کاری سیاسی بەجۆرێ
برەخسێنێ کە دەیان هەزار تێکۆشەری
تری گەلەکەمان رابکێشرێن بۆ ریزی
خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی
کوردستان ٠ بەمەرجێ کارێکی وابکرێ کە
هاوکاری دۆستایەتی ی.ن.ك و لایەنەکانی
تر رێگە لە فرە لەشکری و پارچە
پارچەکردنی مەیدانی خەبات بگیرێ ٠ وە
هەوڵ بۆ ئەوە بدرێ یەك لەشکری

یەکگرتوی هـ.پ.ك. پارێزەری خاك و
هێنەرەدی ئامانجە سیاسیەکانی
جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی
کوردستان بێ کە لە ژێر سایەی یەك
سەرکردایەتی هاوبەشی پێشمەرگەدا،
بەیەك جۆر ئامۆژگاری و ئاراستە کردنی
هەمو پێشمەرگەیەك سەربەستی بیروڕای
خۆی بپارێزێ و هـ.پ.ك.ش تەنها
یەك لایەن نەبێ . بەڵکە هێزی رزگاری
نیشتمانی کوردستان بێ .

• ئیتر هەی شەڕکەرانی ئاڵای رزگاری
نیشتمانی کوردستان!

هەرنەمر بێ شەهیدانی کۆمەڵە،
هەموشەهیدانی رێگەی رزگاری
کوردە کوردستان!

- ناوەند -    ١٩٨٥/٦/١٠

لە بڵاوکراوەکانی:
دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری
کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

پاشکۆی یازدەهەم

بیرەوەری حەڤدە ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

## یادی ١٧ ساڵەی
## کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

لەدایکبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ١٧ ساڵ لەمەوبەر، لەهەلومەرجی پڕ لە ڕووداو و وەرچەرخانی گرنگی ئەو دەمی کوردستان دا، ڕووداوێک، مێژوویی گرنگ بوو لە ژیانی کۆمەڵی کوردستان دا.

کۆمەڵە: ڕێکخراوی سیاسی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەهیمەت و بزێوی بیری مارکسی - لینینی لەکوردستان دا بڵاوئەکردەوەو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بێ مێوریسە ئەکرد، دەوری چینی کرێکارو جیهانبینیی لێکدانەوەی ئەم چینە شۆڕشگێڕەی کردە بنچینەی تێڕوانین و لێکدانەوە لەکۆمەڵ و ڕووداوەکانیو تواني خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و خەباتی چینایەتیان پێکەوە گرێ بداتەوە، کە بەتاقیکردنەوەیەکی نوێ چەشن لە مەیدانی سەختی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا جێگەی خۆی بکاتەوەو بچەسپێ و ببێ بەداینەمۆی کاری سیاسیو ڕێکخراوەییو پێشمەرگایەتیی کوردستان.

کۆمەڵە پاش بەسەربردنی (٥) ساڵ لەنهێنیی خەباتی ژێرزەمینیی تارو تاخ تواني دەورێکی گرنگ و کاریگەر لەدامەزراندنی یەکێتیدا وازی بکاو ببێ بەدڵە بزوێنەرەکەی، لەساڵی شەشەمینی تەمەنیشیدا، بەهیمەت و زانی شۆڕشگێڕانەوە هۆیەکی کاریگەرو گرنگ بوو لەهەڵگیرسانەوەی ش.ن. و درێژەکێشانی شۆڕشی کوردستاندا. کەدیارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بەرێبەری ی.ن.ک پاش شوێنەوارو مەینەتی مۆڵ و گرانی هەرەسهێنانی جوڵانەوەی چەکدارانەی گەلەکەمان کارێکی سادەو ئاسان نەبوو.

* * *

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەسەر خاکی کوردستان و لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا، لەهەلومەرجی دژواری ناوچەکەدا، لەکورەی گەرمی خەبات و لەکۆڕی بەرەنگاربوونەوەی نابەرامبەرو لەپرۆسەی شۆڕش و خۆڕاگرتن و هەڵمەت بردن و گیانبازی گەلەکەمان و جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەکەی دا، باڵای هەڵچوو باسکی ئەستور بوو، مێشکی کرایەوەو بەرچاوی ڕۆشن بوو.

لەم حەڤدە ساڵەدا هەورازو نشێوی زۆری بڕی، کۆسپ و قۆرتی زۆری تەخت کرد، بەگیروگرفتی ئاڵۆزدا ڕەت بوو، هەزاران ئەندامو لایەنگری شەهید بوون، دەیان سەرکردەو کادری "کەم ژیان و گەڵ ژیان". ئەوسا تواني ئاوا بیرکەش و جەستە تۆکمەو پێ قایم لەسەر خاکی کوردستان لەرووی دوژمناندا بچەقێ و جێگەی شوێنەو سەربەرزی ڕەنجدەرانی گەلەکەمان بێ.

لەم حەڤدە ساڵەدا:

ساڵانی ساوایی،کۆمەڵە لەسێبەری بەیانی ئازارو ئەربوونەوەدا ڕێی ئەکرد. سەرەتا کارگەو دامەزراوە پیشەسازییەکان زیادیان کرد، بازارو بازرگانی بوژایەوە، کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو را دەربڕین پەرەیان سەند. نەقابەکانی کرێکاران و کۆمەڵەکانی جوتیاران دائەمەزران و بایەخیان پەیدا ئەکرد، زمانی کوردی ئەبووە زمانی خوێندن و خوێندکارانی کوردستان، دامەزراوو کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکان پەرەیان سەندو کەوتنە چالاکی. بەکورتی بوژانەوەیەکە کەوتە ژیانی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی کوردستانەوە ..... پاش ئەوەی ئارمابی شوومی پاشگەزبوونەوەی ڕژێمو هەرەشە کردنی لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پەرەی سەندەوە،.. جەنگی کوردستان دەستی پێکردەوە، ئالاوی دوژمن بۆ سەر جوڵانەوەی کورد،

(٢)

وێران کردنی کوردستان و پاشان پیلان گێڕان لە جوولانەوەی کورد و . ماریس حیا نەکا راستەی رژێمی بەغدا لەجەزایر دژی جوڵانەوەی کورد و بەجێدی بەدەرەوەبونا کردنی کورد لەو ئەنجامەدا دەرسپێکانی جوڵانەوەی چەکداری کوردستان .

لە ئۆباخی دووەمین دا ، ئەمەنی کۆمەڵە لە کۆڕی دامەزراندنی ی . ن . ک و بەرپرسیار بوونەوەی شۆڕش و راکوێزانی گوندەکانی سنوور ، بە کۆمەڵ ئەسلیم بوونەوەی عەشایەر ، پاشان کارەساتی هەکاری ، جیا بوونەوەو کێشەی ناوخۆی ی . ن . ک لەوانەی ناخۆش تەسیر دریژدکێشان و کەرم بوونی پارچە پارچە بوونی جوڵانەوەی کەلەکەمان و شەری ناوخۆ . ئەنجا پیلانی دوژمنان بۆ کەرت کردنی کۆمەڵەو بەهەلادان بۆ دەستەمۆ کردن و ئەفاتبدانی مۆی دەستەکانی پان چەپ بۆ پێشەوە چوو .

گشت ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کەلەکەمان و شۆڕشەکەیدا هات ، بەسواسی زەعەر بە کۆمەڵە بدرێ و بەلای راستیا بەلای چەپدا کێشی بکا و لەمنا رێی سەرەتاکانی خۆی لای بدا و لەسەنگەری سێمەوەی خەبات و بەرگری دژی فاشیزم و لە پێناوی رزگاری و رنگەوس دا بەوەلای بکا . بەڵگە پاش هەموو ئەو کارەساتانە لەناو بەکێتی نیشتمانی کوردستان و شۆڕش دا بەکاریزو هەستی لەجەرگەی خەباتدا بۆ پێشەوە تەجێ و بۆنە خۆشەویستی خەڵکی کوردستانیش .

*     *     *

کۆمەڵە پاش ئەم هەموو کارەسات و سەرکەوتنانە رێبازی خۆی کورت ئەکاتەوە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە :

- رێکخراوێکی (م . ل) کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستانە .
- دڵی بزووتنەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو پاراستنی و کەمتەرخەمی یەکێتی بە سەرکەوتنی خۆی ئەزانێ .
- لەجەنگی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتی کۆمەڵی کوردستان دا سەنگەری پێشەوە بەر پادا ، لادان بەلای چەپ یا بەلای راستدا رەت ئەکاتەوە .
- جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان بە جوڵانەوەیەکی بابەتی هەناوی کۆمەڵی کوردستان ، وەکوو یەکێ مەسەلە تەماشا ئەکا . و بە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی شۆڕشی رزگاری گەلان لە ئەڵقەی ئەودا کە ئەویش بەشێکی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان پێکدەهێنێ .
- خەبات دژی داگیرکەرو شیعیزمالیزم بەشەرکی بنەرەتی خۆی ئەزانێ .
- جوڵانەوەی کورد لەکوردستانی عیراق دا بەلایەنێکی جوڵانەوەی نیشتمانی تەماشا ئەکا نەک بەتەنیکی .
- پێویستی بەکەمێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگاکانی شۆڕش بەهێنانەدی جەبهەی کوردستانی بەشەرکێکی بەلەو کرنگە دائەنێ . بۆیە ئەبێ ئەندام و لایەنگرەکانی لەهەموو گەڵەکۆمزرانەسر رەوتی ئاشت بوونەوەی گشتی بیارێزن و تولێی بکەنەوە .
- یەکێتی تێکۆشانی هێزە خۆرسکێرەکانی سەرانسەری عیراق و هاوخەباتی ئەکەوێ کرێکاران و رەنجدەرانی پان ناوچەکانی عیراق ئەرکێکی گرنگە بۆ لەکراچوونەوەی رژێمی فاشیی و رووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری عیراق کە کۆمەڵە دڵنیای ئاکا لە پێناوی هەنگاوکاییەی دا .

*     *     *

جەنگی کاول کەری گەورەی عیراق دژی کۆماری ئیسلامی ئیران لەلایەک و دژی کەلی کورد لەلایەکی تر لەو رووداوە پیر لەمەترسیانەیە کە سا دێ سوتەو مەردو و پیر لەکارەسات تر ئەبێ ، سەدان هەزار مرۆڤی ئیران و عیراق سوتەمەنیەکەی ئەبن . سەدان هەزار کوردی ئازادیخواز ئەکوژێ و ئەبرێ و دەربەدەر ئەکا و سامانی کەل لەوێران کردن و یەکەجێتی سکەوتنی کۆمەلایەتیدا بەفیرۆ ئەدا . هەموو هێزی نواندنی سیاسی ، ئابوری ، عەسکەری ، عیراق دژی ئازادی و سەربەستی و ژیانی مرۆڤی ئەم وڵاتە بەخەرج ئەچێ .

(٢)

ئەمڕۆ لەهەموو کاتێ زیاتر نەهامەتی و بەڵا و کارەساتەکان بەر گەلی کوردستان کەوتوون، بەهێرشی سەربازی و بەزەبری بۆردومان و تۆپبارانی بەرەی هەموو کوردستان رابگوێزن و ڕوخساری نەتەوایەتی بسڕنەوە، ئەیەوێ کورد نەهێڵێ و بیسوێنێتەوە... هەرچی کاری نامرۆڤانەو زەبروزەنگە هەیە دژی مرۆڤی کوردو جوڵانەوەکەی گرتوویەتە بەر... جەنگ و پەلاماردان، کەمارۆدانی ئابووری، برسی کردن و نان برین، نەهێشتن و کاول کردنی قوتابخانەکان و خوێندن لە لادێکانی کوردستان دا، لابردن و نەهێشتنی خزمەتی پزیشکی تا ئەگاتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی بێ دیفاعی گوندەکانی کوردستان.

رژێمی فاشی گەرچی ئەمڕۆ لاوازەو گیروگرفتی قوڵ و گەورەی زۆرە، بەڵام مەترسییەکی گەورەی خستۆتە سەر بوون و ژیانی گەلی کورد بەتایبەت و سەر هەموو کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بەگشتی.

دیاردەی سەرخوازی و فراوانخوازی رژێمی عێراق، و سیاسەتی شۆڤینی رەگەزپەرستانەی حوکمی دیکتاتۆری خوێناوی لەهەموو کاتێ زیاتر پێویستی گەرم کردنی خەبات و یەکخستنی ریزەکان بۆ رووخاندنی رژێم دووپات ئەکاتەوە، بۆیە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لای وایە کەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بەچاکی و زیرانەو دەست و برد سوودی لە دەرفەتی جەنگ و سەرقاڵی رژێمی عێراق و سەرانی حوکمی دیکتاتۆری بەجەنگێکی دژی ئێرانەوە وەربگرێتەوە، سوودی لەو هەلە لەبارو هەڵکەوتووە وەرنەگرتووە، ئەبێ بەتەواوی سوود لەم فرسەتە وەربگیرێ کە بەدەگمەن هەڵئەکەوێ، لەم دەرفەتەدا ئەکرێ شاری بۆ گەلەکەمان بکەین و لەوەبەدوا خۆسەپاندنی بۆرجوازی شۆڤینی عەرەب دەرباری بکەین.

بەم بۆنەیەوە کۆمەڵە داوا لەجەماوەری خەڵک و هێزە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگە ئەکا کە:

- ریزەکانیان یەکخەن و بێ دوودڵی و سستی بەهەموو توانا بجوڵێن و ئابڵوقەی شارەکان بەرە پێ بدەن.
- هێزی پێشمەرگەو دەرگاکانی شۆڕش بکەنەوە، تاکە یەک شۆڕش و یەک هێزی پێشمەرگە لە کوردستاندا لەژێر سێبەری جەبهەیەکی کوردستانیدا بەرقەرار بێ.
- بەهێزی کۆ و خێرا پەلاماری حاڵە لاوازەکانی دوژمن بدەن، و دەرفەت بەرژێم نەدەن لە کوردستاندا پێگەی خۆی قایم بکاتەوە.
- ئەوانەی بەهەڵە خواردوون دڵسۆزانە رووی چەکەکەی بکاتە دوژمن و دەستی خۆی بووەشێنێ و بێتەوە سەنگەری گەل.

ئەمڕۆ سەردەمی سەرکەوتنی گەل و شکستی رژێمی فاشییە.

با بەیەکەوە دەس و دڵ سەنگەری بەرگری و رزگاری قایم و فراوان بکەین.

لەم بۆنەیەدا، کە کۆمەڵە شانازی بەو ئاستە ئەکا کەپێی گەیشتووە، شانازی بە تێکۆشەرە نەسرەوت و گیانبازەکانیەوە ئەکا، شانازی بەرێبازی سیاسی دروستی خۆیەوە ئەکا.. سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو هەموو سەرکردەو کادرو تێکۆشەرانەی دائەنەوێنێ کە بە خوێنی گەشیان ئەم ڕێبازەیان نەخشاندو پاراستیان و سەرزیان کردەوە.

هەزاران سڵاوی لەهەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.
هەر ئەکاوە بێ تاڵی رزگاری نیشتمانی کوردستان.
بژی چینی کرێکار.
هەر زیندوو بێ شۆڕشی شۆڕشگێرانەی

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ناوەند
١٩٨٧/٦/١٠

## لەبارەی نووسەرەوە:



*(یوسف حاجی محەمەد مەلا ڕەسوڵی ـ شوکێ)، ناسراو بە ( یوسف محەمەد بەرزنجی ) لە ١٩٦٦ /٩/٣٠ لە دەڤەری بەرزنجەی شارباژێڕ، دایکبووم.
* قۆناغەکانی خوێندنم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە.
* لە ساڵی ١٩٨١ / ١٩٨٢ تێکەڵاوی بزوتنەوەی( ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان) بووم، چومەتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ( ( ڕەنجدەرانی کوردستانەوە)، لە ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە، کاری نهێنی و سیاسیم کردووە، بە ناوی نهێنی، (جوامێر) ، (شیاو) ،( ڕەهێڵ)... تا، لە کەرتەکانی شەهید شەهاب، شەهید ئارام، شەهید وەستا ئەنوەر، شەهید شوان، شەهید جەمال تاهیر.. تا، زۆر لێپرسراوێتی و کاری جۆرا وجۆرم لەنێو کۆمەڵەدا هەبووە تا هەڵوەشاندنەوەو لە باربردنی کۆمەڵە. زۆر جاربە شێوەی جواروجۆروسوتفەو سەر سوڕمانەوە لە دەستی ڕژێم و بەعسییەکان ڕزگارم بووە.
* زیاتر لە پێنج ساڵ تەتەری ڕێکخراوی سلێمانی بووم، لە شارەوە بۆ شاخ.
* سەرچاوەی سەرەکی کتێب و بڵاوکراوەکانی شاخ بووم، و هێنانیان بۆ شار و بڵاوکردنەوەیان.
* پەیوەندی بەتینم لەگەڵ هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان، کەسایەتی و توێژی ڕووناکبیران بەگشتی هەبووە.
* هاوکارێکی گرنگی یەکێتی نووسەرانی کوردستان بووم لە شاخ و شار.
* لە ساڵی ١٩٩١وە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردم.

* پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی٢٠٠٠ لە مەڵبەندی سلێمانی کارم کردووە. لەنێوەندی ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن دا خزمەتم پێشکەش کردووە، خاوەنی بەرنامەی ڕووناکبیری بووم لە ڕادیۆی سلێمانی و یەکێك بووم لە دامەزراندنی ڕاگەیاندن و ئەو ڕادیۆیە لە  ساڵی ١٩٩٢ کە بۆ بانگەشەی یەکەم هەڵبژاردن دامەزرا لەگردی عەلی ناجی لە شاری سلێمانی.
* لە ساڵی ١٩٩٨ وە تا ئێستا لەیەکەم پاڵاوگەی پترۆڵ و بەشی بەرهەمە نەوتیەکانی سلێمانی فەرمانبەرم.
ـ لەم گۆڤارو ڕۆژنامانەدا بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وتاری سیاسی و فکریم بڵاو کردۆتەوە:
ڕۆژنامەی هاوکاری , ڕۆژنامەی ئاسۆ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی ئاسۆی کتێبخانە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی، ڕۆژنامەی زانکۆ، ڕۆژنامەی ژیانەوە،ڕۆژنامەی هاووڵاتی.. تا گۆڤاری مەدەنیەت، گۆڤاری پەیڤین، گۆڤاری هەواڵنامە، گۆڤاری جگەرگۆشەکان، گۆڤاری چیا، گۆڤاری بانە ڕۆژ، گۆڤاری سلێمانی، گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی، گۆڤاری ئاری، گۆڤاری ڕۆڤار، گۆڤاری ماڵ...تا.

**بەرهەمە چاپکراوەکانم:**

١/ سەدام ودادگای نێودەوڵەتی، لێکۆڵینەوە، ساڵی چاپ ١٩٩٤.

٢/ چارەنووسی کورد، پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی، لێکۆڵینەوە، ساڵی چاپ ٢٠١٣، دەزگای جەمال عیرفان

٣/ تەعریبکردنی کەرکوك، بەڵگەنامە، ساڵی چاپ ٢٠١٣، ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادران.

٤/ زێوەرەکانی نێوئاوێکی ڕوون، ووتاری ئەدەبی، ساڵی چاپ ٢٠١٤، یەکێتی نووسەرانی کورد.

٥/ ئارام شەهیدێك لە بناری کەڵەوێدا، بەڵگەنامە، ساڵی چاپ ٢٠١٥.

٦/ لە شنروێ وە بۆ ستۆکهۆڵم، بیرەوەری، حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی، ساڵی چاپ ٢٠١٥ئامادەکردن.

٧/ لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کتێبی یەکەم، بەڵگەنامە، ساڵی چاپ ٢٠١٦

بەرهەمەکانی ئایندە، ئامادە بۆچاپ:

١/ نووسەری کوردستان ـ شاخ هەموو ژمارەکانی ٣ سێبەرگ زیاتر لە ٢٥٠٠ هەزار لاپەڕەیە. ساخ کردنەوەو ئامادەکردن.

٢/ لەم دیوو ئەودیوی سنوورەکاندا، بەرهەمەکانی عەبدوالقادری دەبباغی.

٣/ لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کتێبی دووەم.

٤/ کۆمەڵێك ووتاری ئەدەبی بەڵگەنامەیی.

٥/ کۆمەڵێك ووتاری سیاسی بڵاوکراوە.

٦/ بەرهەمەکانی شەهید شێخ حەمەئەمین شێخ عەلی، ناسراو بە شەهید شەماڵ، ئەمین پۆڵا.